# ڕامان

RAMAN

164

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی پازدە/ کانوونی دووەمی ٢٠١١



**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسی هەولێر

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662

(دەرەوە)/ 4494662 - 003248

تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان


● **سەروتار**

– لە رۆژنامەوانیدا «سەرنووسەر» مایسترۆی کارەکەیە/
سەرنووسەر/ 3

● **دەق**

– پاییزی ڤینۆڤ/ کەریم دەشتی/ 6
– دووره ولآت/ هیوا شەمس بورهان/ 9
– من وێنەکان بە دەزووی خەیاڵی خۆم دەدوورم/غەمگین بۆڵی/11
– کلیپا مارێن برچی/ فەرید خان/ 14
– قەرەقۆز/ لە ئینگلیزییەوە: ئەسکەندەر جەلال/ 16
– گرێ پووچکە/ تاهیر حامیدی/ 18
– شەقام/ فوئاد قامووسی/ 23
– وڵاتی رۆح و جوانی/ قادر عەلیخا/ 26
– ماحوێی زارۆک و بەختێ فلە/ باقێ خەجێ/ 29
– پیاوە قەڵەوەکە/ لە دانیمارکییەوە: ئازاد مەولوود/ 32
– عەبدی لات/ ئا: سەباح عەبدولڕەحمان/ 39

● **هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ ڕێزدار (ئەحمەدی قازی)ی
نووسەر و وەرگێر/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 46
– گفتوگۆیەک لەگەڵ (جەمال ئەحمەدی ئایین)ی نووسەر
ئا: ڕێناس جاف/ 59

● **رەخنە و لێکۆڵینەوە**

– دەربارەی مەلا مەحموودی بایەزیدی و ئەفسانە و پۆست
مۆدێرنە/ حوسێن شێربەگی/ 64
– کاریگەریی شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر یەکتریدا/
د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود/ 71
– رەنگدانەوەی دیاردەی چینایەتی لە پەندی کوردیدا/
د. عادل گەرمیانی/ 79

● **دەق و رەخنە**

– منداڵی خەڵکی/ لە فارسییەوە: یاسین ئەمین پوور/ 89

● **هزر و فەلسەفە**

– فەلسەفەی بزووتنەوەی رۆشنگەری لە ئەورووپا/
د. حەمید عەزیز/ 94
– چۆن لە جەستە تێبگەین؟/ پێشرەو عەبدوڵڵا/ 104

● **رۆژنامەنووسی**

– گەرانی رۆژنامەنووسی/ لە عەرەبییەوە: محەمەد
عەبدوڵڵا کەلاری/ 114

● **زمانناسی**

– پێویستە ئەکادیمیای زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان
کارا بکرێت/ د. ئازاد عوسمان/ 120

● **وتار**

– «شێرکۆ بێکەس» لە حەفتا پەنجەرەی گەرۆکدا/
فەرامەرز (وریا) ئاغابەیگی/ 123
– وره بەرزی لە تێشکاندا.. رووداوێکی مێژوویی/
ناسری عەلیپیار/ 129
– ناساندنی هەردوو زانستی واتاسازی و پراگماتیک/ لە
عەرەبییەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو/ 134

● **هونەر**

– مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/
وریا ئەحمەد/ 137

● **خوێندنەوەی کتێب**

– مووسا شازادەی میسر/ هاشم سەراج/ 140
– مۆزەخانەی پاکیزەیی/ جەبار سابیر/ 148
– تاوانبار و پەروەردەی تاوان لە رۆمانی خوێنەردا/
باهۆز مستەفا/ 152

● **زاراوەسازی**

– شانۆی نوێ/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 156

● **نرخاندن**

– گۆڤاری رامان لە دیدی نووسەر و هونەرمەندە
هۆرامییەکانەوە/ دارا محەمەد عوسمان هۆرامانی/ 158

● **نامە**

– نامەیەکی هونەرمەند خالید دلێر بۆ هونەرمەند وریا
ئەحمەد/ 159

● **سووکە لەنگەر**

– فەرهەنگ نووسین/ عەزیزی مەلای رەش/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# لە ڕۆژنامەوانیدا «سەرنووسەر» مایسترۆی کارەکەیە

**سەرنووسەر**

**(٢ – ٢)**

* بەرزیی ئاستی ڕۆژنامەنووس و شارەزایی بوونی پیشەیی و ئەزموون و خۆماندووکردنەکەی کە بە درێژایی ساڵانێکی دوورودرێژ و دوای بەجێ هێشتنی مێژوویەک بەدەست دێت، بە تەنیا ئەکادیمی بوون و بەدەستهێنانی بڕوانامە لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا ئەو کەسە ناکەنە ڕۆژنامەنووسێکی دیار و بەرچاو. کورد دەڵێ: (هەموو سمێڵ سوورێک هەمزاغا نییە)، هەموو خاوەن بڕوانامەکیش لەگەڵ ڕێزمان بۆیان، مەرج نییە ڕۆشنبیر و شارەزا و لێزان و بە سەلیقە بن. هەروەک چۆن هەموو بێ بڕوانامەیەکیش بێ کەڵک و بێ کاریگەری و قرپۆک نین، بە تایبەتیش ئێمە کە لە نزیکەوە و زۆر چاک ئاگامان لە ئاست و سیستمی خوێندنی خۆمان و شێوەی وەرگرتنی باوەڕنامەی لای خۆمان هەیە. بەدرخانییەکان، شوکری فەزڵی، پیرەمێرد، حوسێن نازم، عەلائەدین سەجادی، گیوی موکریانی و کێ و کێ و کێ کە دەستیان داوەتە کاری ڕۆژنامەنووسی کەی بڕوانامەی ڕۆژنامەوانییان هەبووە؟ چاکەی ئەو نووسەر و سیاسەتمەدار و شاعیر و ئەدیبانە چۆن لەبەرچاو ناگیرێ کە ئەوان بەردی بناغەیان بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی دانا و تا بە ئەمڕۆکەش دەگات، زۆر لەو ڕێ و شوێن و داوونەریتەی ئەوان ڕەنگیان بۆ ڕشتووە، لەناو کارەکانی ئێمەدا ڕەنگیان داوەتەوە و ماون، ئەوانە کە لە هەوڵی پێشخستن و پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بوون و لە هەموو تەنگوچەڵەمە و نارەحەتی و هەوراز و نشێوێکدا کۆڵیان نەدا و بەو کەرستە و ئیمکانیاتە کەمەی بەردەستیان توانیویانە جێ دەستیان بەسەر بزاڤی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بەجێ بهێڵن، لەو باوەڕەشدا نیم بەم نزیکانە بتوانین دەسبەرداری کار و هیمەت و نەخشەڕێگای ئەو جوامێر و شۆڕەسوارانە بین و دەوریان نادیدە بگرین و بە بیانووی نا ئەکادیمی بوونیانەوە، یان بەهۆی پێگەیشتنی کەسانی خاوەن بڕوانامەوە، ئەوان پشتگوێ بخەین.

* ئەگەر دەستوبردێک بکەین لە سنووردانان بۆ ئەو زۆری و بۆرییەی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا هەیە، ئەوە لەو باوەڕەدام هەیبەت و ئیعتیبار و ڕاستگۆیی بۆ پیشەکە بگەڕێتەوە، چونکە ئەمڕۆکە گۆڤار و ڕۆژنامەی چاک کەوتوونەتە ژێرەوە و زۆربەشیان لەژێر دەست و پێی خراپەکان شاردراونەتەوە، ئەمەش لەلایەک بەهۆی نەبوونی پرەنسیپ و پێوەرێکەوەیە کە نەیتوانیوە کاری ڕۆژنامەنووسی ڕێک بخات، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی کەمیی خوێندەواری ئاگا و هۆشیارەوەیە کە نەیتوانیوە ئەو جۆرە گۆڤار و ڕۆژنامانە بدۆزێتەوە و بیانناسێ، بۆیە بنەمای باو بووە بەو ئاژاوەگێڕی و ناوزڕاندن و پەلاماردانەی ئەمڕۆکە دیمەنەکەی بە ئاشکرا زەق بووەتەوە، ئەمەش بووەتە جێی سەرنجی خوێنەران و بەسەر بیروڕاو دید و تێڕوانینیاندا

زاڵ بووە، بۆیە خەریکە لە کارە جددییەکانیش دەتەکنەوە. بوونی دوو فاقی و نەمانی ڕاستگۆییش، ڕەخنەی مەوزوعیانە و ورد و ڕاستگۆیانەی لەناو بردووە، چونکە پێوەرێک بۆ جودا کردنەوەی ڕۆژنامەنووسیی جۆرەکی (نەوعی)، لەگەڵ ڕۆژنامەنووسیی دەمشڕ و بوختانچی و ئاشووبگێڕ ناکرێ، بگرە لەبەر حەز کردن لە ڕۆژنامەنووسیی ورووژێنەر و فەزائیحی، خوێنەران ڕوو دەکەنە کڕینی ئەو جۆرە ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی و بڵاڤۆکانە و ڕەواج و ڕەوایەتییان پێ دەدەن، لە کاتێکدا پێویستە بەهۆی نەکڕینیان و دوورکەوتنەوە لە خوێندنەوەیان و ناڕەزایەتی نواندن لە بەرانبەر لادانیان لە ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، (سنوورێک)یان بۆ دابنرێ و موقاتەعە بکرێن.

* حزبەکان و سیاسەتوانە پایەبەرز و سێبەرەکانیان بە گەورە و بچووکیانەوە هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن هەریەکەیان بۆ خۆی داوودەزگای تایبەت بەخۆی هەبێ، هەندێ جار ئەو داوودەزگایانە سێبەری دەزگا هەواڵگەرییەکانی خۆیانن، ئەوەش لەلایەک ڕیکلام کردنە بۆ خۆیان و سیاسەتەکانیان، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ناوزڕاندن و کەمکردنەوەی هەیبەت و ناوبانگی ناحەزەکان و تەختکردنی نەیارەکانی ناوەخۆ و دەرەوەی حزبەکانی خۆیانە. ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسییەش ئەوەندە زەق و ئاشکرایە کە بە هیچ کەسێک ناشاردرێتەوە و پینە ناکرێ، تەنانەت هیچ پینەوپەڕۆ و بانگەشەیەک ئەو تۆمەتەیان لەسەر لانابات. هەندێ جار بۆ ئەم مەبەستە کەسانی جنێوفرۆش ئامادە دەکرێن، ئەمەش بۆ زیاتر پەیداکردنی متمانەی تەواوە پێیان لەلایەن بەرانبەرەکانیانەوە، بۆیە دەڵێم ئامادە دەکرێن، چونکە هەندێکیان وا ئاراستە و ئامۆژگاری دەکرێن کە جنێو بە خۆشیان بدەن، بەڵام جنێوەکان زۆر کوشندە و مەترسیدار نەبن، ئەم جنێو بە خۆدانەش لەلایەک بۆ ئەوەیە بەشێک لەو بیروڕا و بوختانانە لەسەر خۆیان بسڕنەوە و نەبنە ماڵ بەسەریانەوە، تا ئەگەر قسەی ڕاستیش کرا، کەس باوەڕ بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نەکات و بە درۆ و بوختان بۆیان لە قەڵەم بدرێ، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەیە ئەو باوەڕ و متمانەیە لەلای خوێنەران و لایەنەکانی بەرانبەر بە دەست بهێنرێت، یان ئەو زانیاری و هەواڵە چەوت و پڕ لە هەڵانەش کە سەبارەت بەخۆیان بڵاویان دەکەنەوە، بۆ ئەوەیە بڕوامەندێتی لە گەیاندنی هەواڵە ڕاستەکاندا نەمێنێ و لای خوێنەر لاواز بێت، لەبەر ئەوەیە لە وڵاتی ئێمەدا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، زۆر قسەی ڕاست و چەوت تێکەڵی یەکتری دەکرێن و خەڵکیش پێیان وایە هەموو ئەوەی دەنووسرێن و دەگوترێن، جێگەی گومانن و ڕاست نین و لەلایان دەخرێنە ژێر پرسیارەوە.

* لەبەر ئەوە نەمان و ون بوونی کەسایەتی (سەرنووسەر) لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا و وابەستەبوونی ئەو سەرنووسەرە بەم لاو ئەولاوە، ئەو وەک داردەست و قورمیشکراوێک لێ دەکات کە بڕیاری پێ نابێت و ناتوانێ لە کاتی پێویستدا و لە شوێنی خۆیدا بڕیاری خۆی هەبێت، ئەو جۆرە کەسایەتییە لاساییکار و لاواز و ڕفۆکەش هەرگیز ناتوانێ (کەسایەتی) و (تایبەتمەندی) بۆ بڵاڤۆکەکەی لێی بەرپرسە دروست بکات، بۆیە بڵاڤۆکەکەشی نابێتە خاوەنی دید و تێڕوانینێکی نوێ و جیاواز، یان ڕێبازێکی ڕوون و دیاری کراوی نابێت و هەر جارەی وەک پووشی دەم با بە یەلایەکدا دێت و دەڕوات، هەر لەم بەستێنەشدا دەبێ بڵێین لە وڵاتی ئێمەدا بەندوباوی کاری دامودەزگایی و دامەزراوەیی بوون لە گۆڕێدا نین، بۆیەش کارەکان بە خوڕی و ڕەوانی بەڕێوە ناچن و بیروکراسییەتیان تێدەکەوێت.

* لە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیدا هاتووە کە ڕۆژنامەنووس، بە تایبەتی ئەگەر لە سەندیکادا ئەندامی کاراش بێ، دەبێ ئەو ڕۆژنامەنووسە کارایە بە تەواوەتی خۆی بۆ کاروپیشەکەی تەرخان کردبێ و بەکاری دیکەوە سەرقاڵ نەبێ، واتە هەموو کاتەکانی لووتکە، یان کاتە زێڕینەکانی بە پیشەکەی خۆی ببەخشێ، ئەگەر ئەو (خۆ تەرخان کردنە)ش کە بۆ ڕۆژنامەنووسێکی کارا کرابێتە مەرجێک بۆ ڕۆژنامەنووسی خەمخۆر و پەرۆشی کاری ڕۆژنامەوانی، ئەوە بۆ کەسانێ کە ناوونیشانی (سەرنووسەر)یان هەڵگرتووە ئێجگار زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی بە خوێندنەوەی بابەتەکانی بۆ ڕۆژنامە، یان گۆڤارەکەی دێن ڕابگات و بە وردی ئاگای لە بڵاڤۆکەکەی بێت، تا بزانێ لە کوێدا لاوازە هەوڵ بدات ئەو کەلەبەر و کەموکوڕی و لاوازیانە پڕ بکاتەوە، هەروەها بەهۆی خۆ تەرخان کردنەکەیەوە بۆ پیشەکەی کە بەشێکی زۆری کاتی خۆی بۆی دادەنێ، دەتوانێ بەردەوام لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووسان لە پێوەندی و تەماسدا بێ و بەرنامەکانی بڵاڤۆکەکەی جێبەجێ بکات، هەروەها لە ئۆفیسەکەی خۆیدا لە پێشوازی ئەو کەسانەدا بێت کە بۆی دەنووسن، یان دەیانەوێت مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و پێوەندی لەگەڵ بڵاڤۆکەکەیدا بگرن، چونکە دروست کردن

و ڕاگــــرتـنی تۆڕی ئەو پێـــــوەندیـــــانەش ئـەرکی (سەرنووسەر)ـە بیگرێتە ئەستۆی خۆیەوە.

* سـەرنووسـەر تەلەفـۆنەکەی، مـۆبایلەکەی هەر هیچ نەبێ لە کاتی دەوامی ڕەسمیـدا مـوڵکی کەسـیی خـۆی نییە، زیاتر هی ئەو داوودەزگایەیە کە کاری تێدا دەکات، هی ئەو گـۆڤار و ڕۆژنامـەیەیە کـە ئەو سەرنووسـەریەتی، بۆیە سـەرنووسـەری ئێـمـە، چونکە ناوونیـشـانەکـەی بۆ پیـاومـاقـووڵیـیـە و زۆرجـار ئەو ناوونیـشـانەی وەک ئیکسـسـوار دەدرێتێ بۆ باشـتـر کـردنی مـووچەکـەی و زیادکردنی ئیـمـتـیـازەکـانی و بۆی دەکـرێتە وەزیفـەیەکی تەشریفاتی و پتر بۆ بژێوی ژیانە، بۆیە هەر زوو دەکەوێتە هەوای بیروکراسیەت و لووت بەرزی و تڕ زلی و خەرێک دەبێ چۆن دەست و پەنجەی لەگەڵ هەوور نەرم بکات، بۆیە یان تـەلەفـۆنەکـەی داخـراوە، یان نایەوێ هەڵـی بگرێ و وەڵامی کـەس بداتەوە، لە کـاتێکدا دەبێ بەردەوام لەگـەڵ بەرپرسە مەیدانییـەکانی کاری ڕاگەیاندن، نووسەرەکان، هەواڵـساز و پەیامنێرەکـان و ئەوانی دیکەدا لە پێوەندی ڕاستـەوخۆ و بەردەوامدا بێت. ناکرێ کەسێک لە پەنای ڕۆژنامەگەرییەوە خۆی ناساندبێ و پێگەیاندبێ، یان کە ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندنی کردبێتە پەیژەی سەرکەوتن و خـۆ ناسـاندن، کـاتێ گـەیشـتـە پلەوپایەیەک ئـیـدی دەسەڵاتەکانی بەدەستیان دەهێنێ، خۆی پێ لەبیر ببەنەوە و وای لێ بکەن لەســەری لووتی خـۆی زیاتر نەبینێ، چونکە (ڕۆژنامەنووس) بە هەر پلەوپایەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەیشتبێ، ئەوە لە سایەی ئەو کارەیەوە بووە و ناکرێ خۆی لێ بگۆڕێ.

* سـەرنووسـەر بۆ جـوانتـر کـردنی بڵاڤـۆکـەکـەی لێی بەرپرسە، بۆ دانانی هەیبەت و ئیعتیبار بۆ کەسێکی دیار و بەرچاو کـــە لـە بوارێکی ژیاندا کـــاری کـــردبێ و خزمـەتگوزاری پێـشکەش کـردبێ، خـۆی دەبێ بچـێـتـە حزووری ئەو کـەسە و گفـتوگـۆی ڕۆژنامەوانیی لەگەڵدا ساز بدات و نابێ بۆ ئەو کـەسـە شـایسـتـە و بەرچاوانە کەسێکی هاکەزایی و ناکامڵ و کەم ئەزمـوون بنێرێتـە لایان و هەر زوو گفتوگۆکردنەکە وەک وەزیفـەیەک لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. زۆربەی سەرنووسەرانی لای خۆمان بێزیان نایەت لە پۆزلێدان و غرووری خۆیان بێنە خوارێ و بچنە خزمەتی کەسێک کە ڕاکێشانی ئەو کەسە بۆ لای گۆڤار و ڕۆژنامەکـەی ڕەونەق و جوانییـەکی دەداتێ، ئیـدی کە سەرنووسەرەکانی لای ئێمە ئاگایان لەوە نەبێت گۆڤار و ڕۆژنامـەکـەیان چۆن دەردەچن، دواتر چۆن لە خەمی ئەوەدا دەبن دڵـی کەسانی گرنگ و کارەکتـەری کاریگەر ڕابگرن و بیـــانـدۆزنەوە؟ لە کـــاتێکدا بەشـــێـکی زۆری ئەو سەرنووسەرانەمان تەنیا خۆیان لەو شوێن و کەسانە نزیک دەکەنەوە کە پێوەندییەکە بە ڕێکلام بۆ ئەو کەسە تێدەگەن و بـۆ خــۆشــیــان دەسکەوت و داهاتێکی تێــدایە. ئـەم میـکاڤـیللییـەتە بۆ سیـاسەتمەدارێکیش ڕەوابێ، ئەوە بۆ نووسـەر و ڕۆژنامـەنووس مـایەی قـەبووڵ کـردن نـیــیـە و لەلای خوێنەران زوو دەبیزرێ و قێزەونە.

* هەیە و هەبووە ناوی (سـەرنووسـەر) بووە، نەک بە تەنـیـا (سـەرنووسـەری) بڵاڤـۆکـێـک، بگرە کـۆمـەڵێک بڵاڤـۆک، بەڵام قـەت ڕۆژێ لە ڕۆژان لە دوور و نزیکەوە ئاگـای لە چۆنیـەتی دەرچوون و ناوەڕۆکی ئەو بڵاڤـۆکـانە نەبووە. ئەو نەیزانیوە ڕێباز و نەهجی ئەو بڵاڤۆکانە چییە و چۆنە و چـۆن بابەتیـان بۆ کـۆ دەکـرێتـەوە و چۆن و بە چ دەردەسـەرییـەک کـارەکـان ڕایی دەکـرێن و دەردەچن، بە کوردییەکەی بە هیچ جۆرێک سەرنووسەریی نەکردووە، بگرە بە ڕۆبی شـەوانەوە لە ماڵەکەی خۆی چوار مەشقی پاڵی لێ داوەتەوە و بەناوی موبارەکی ئەویشەوە گۆڤار و ڕۆژنامـــە دەرچوونە و ناووناوبانگی بۆ دروست بووە و سفـەری بۆ ڕازاوەتەوە و چووەتە سەر سفـرەی حـازر، لە شوێنە حەساسـەکانیشدا وا خـۆی نیشانداوە کە ئەوە خۆیەتی ئەو بلیـمـەت و خاوەن تواناییە ئەفسـووناوی و نائاساییە کە دەتوانێ ئەو هەمـوو بڵاڤۆکراوانە دەربکات، ئەو نەبێ هەرگـیـز کاری وانەکـراوە و ناشکرێ، ئـەمـەش زیاتر سـەپاندن و زیندووکـردنەوەی یاسـایەکی کـۆنی سـەردەمی پێش ڕاپەڕینە، کـە بەسـەر ئەو بڵاوکـراوە کوردییـانەدا سەپێنرابوو، بۆیە دەبینی عـەرەبی نەزانیـوە سەرنووسـەری گـۆڤـاری عـەرەبی بووە، لاتینی نەزانیـوە سەرنووسـەری گۆڤـاری لاتینی بووە، شارەزای کـاروباری ئەدەبی و ڕەخنەیی و داهێنان نەبووە و سـەرنووســەری گـۆڤـاری ئەدەبی بووە و تاد.. ئەگـەر گـۆڤـار و ڕۆژنامـەی تورکـمـانیش دەربچوایە، ئەوە دەبووە سـەرنووسـەری ئەو بڵاوکـراوەیەش. سـەیرەکـەش لەوەدایە هەر ئەو دێت و نازناوی ڕۆژنامەنووسیی بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکات و کاتێ ئەزمـوون و بیرەوەری خۆشی دەنووسێتەوە، ڕادەی بەشـدار بوون و قـەبارەی بۆ کـەسـانی دیکە دەسـتـنیـشـان کردووە و بچـووک نیشانی داون، بەمـەش لەگەڵ خۆی و پاشـەڕۆژ و ویژدانی مـردووی خـۆیدا درۆی کـردووە و ڕێڕەوی ڕووداوەکـــانی لە بەرژەوەندی خــۆی گــۆڕیـوە و مێژووی بە چەواشەیی نووسیوەتەوە.

# پاییزی ڤینۆڤ

کەریم دەشتی

(١)
**پراگ**

لە سێنترۆمی پراگدا کچێک گۆرانی دەچڕی
لە ماناکەی نەگەیشتم
بەڵام دەمزانی کە باسی ئەوین دەکات
لە سێنترۆمی پراگدا کوڕێک دەگریا
لە ماناکەی نەگەیشتم
بەڵام دەمزانی کە باسی فیراق دەکا

(٢)
**لەژێر پەیکەرەکەی مارتن لۆتەردا(١)**

من بە ڕەگەز دەچمەوە سەر گڵەسوورێکی سلۆڤاکی
بەشێکی خوێنم شارییە
بەشێکیشی هی دەشتاییەکانی باکوور
دەمێک لەبەر قاپی خودا
دەمێک لەناو ماڵی شەیتان
دەمێک ئاژەڵێکی کێویم
دەمێکیش دیلی دەست ئینسان

(٣)
**قەڵاکانی نۆرنبێرگ**

لە نۆرنبێرگ گەڕامەوە بۆ ناو قەڵا دێرینەکانی تزاران
کە چواردەوریان بە ئاوی چیا ئابلۆقە دراوە
کچەکانی قەڵا و ئاو تێکەڵ بووبوون
بەرلەوەی لەشکر هێرش کات
لەتاو جوانی ئەو کچانە
هەر هەموویان چۆکیان دادا و گەڕانەوە بۆ مەیخانە

(٤)
**کۆشکەکانی پۆتسدام**

لە کۆشکە جوانەکانی قەیسەرەکانی پۆتسدام
چوومەوە ناو کتێبە کەونارەکانی مێژوو
لاپەڕەکانی هێندە زەرد هەڵگەڕابوون
هاواریان دەکرد
بەچاوی خۆم یەک یەک پاشاکانم بینی
لە دەرگای کتێب دەهاتنە دەرەوە و حەپەسابوون
کە ئاوڕم دایەوە ئەسپی پەیتونوانەکان
لە کوڕژنیان دەدا و
هەموو چوار ناڵە وەستابوون



(٥)

**بەسەر ڕووباری ڕاینەوە**

کە لەسەر ڕووباری ڕاینڎا وەستام
کچێ تازە لە سەمای ناو بارەکان دەهاتەوە
کوڕێ تازە لە مەیخانەکان هەڵسابوو
نەوڕەسێ تازە گەیشتبووە کەناری ئاو
پاپۆڕێ تازە هەڵم لە هەڵمدانی هەستابوو
لە دوورەوە دەمبینی بە هەموو هەستەکانم دەمزانی
هەرچی جوانی بوو لە ڕۆخانەی کوێلندا وەستابوو

(٦)

**دەریاچەی ڤانزێ**

لە دەریاچەی ڤانزێدا دوو مراوی و دوو نەوڕەس و
دوو کچی قەرغیزیم بینی
وەک دوو مانگ لەناو باراندا هەڵێن
یان وەک دوو پەری لە کۆڕنیشەوە دەرکەون
جوانیان دەبەخشی بە ئاو
تاقەتی مانەوەیان دەدا بە کەون

(٧)

**بەرامبەر ڕایشتاگ**

کە ئاوڕم دایەوە هیتلەرم بینی
بە بزاوتێکی دەستی
یەک ملیۆن سەرباز ڕاچڵەکین
تەزوێ بەگیانم داهات
هەناسەیەکم هەڵکێشا هێندە سارد بوو
یەک ڕەوە نەوڕەس ڕاتەکین

(٨)

**کەڵێسای ژنان(٢)**

لە کڵێسای ژناندا
پیاوەکان لە بەرامبەر پەیکەری مەسیح
لە خودا دەپاڕانەوە
ژنەکانیش مەمکیان لە دیوار هەڵدەسوی
تا شیریان لەناو بگەڕێ و وەچەی تازە بنێنەوە

(٩)

**ئەسپەکەی فریدریش(٣)**

ئەسپەکەی فریدریش ئێستاکەش دەحیلێنێ
فریدریش هێشتاکەش بەسەر زینەوە
خۆی و پاڵتۆکەی هەر ماوە
شمشێری حوکمڕانێتی لە دەستە
بەڵام نازانێ شکاوە..

(١٠)

**ئێوارەیەک لای بتهۆڤن(٤)**

ئەو ئێوارەیە خۆم بینیم کەمانچەکەی بە دیواری ڕۆح
هەڵواسیبوو
هزری لە مۆزیکای - بۆن - ڕاگرتبوو
کە چوومە ماڵەکەی نۆتەکان هەمووی ڕژابوون
ئاوازەکان کاڵ بووبوونەوە
هێندە بە ڕووی زەمەن و زمان ڕژابوون

(١١)

**ڕووباری شپرزیێ(٥)**

بەرلین گەڕایەوە ناوخاک لەگەڵ بەرد و دار یەکسان بوو
بەڵام گەڕایەوە ئاسمان
لەسەر ڕووباری شپرییێدا وەستام
گوێم گرت لە هاواری ئینسان
هێندێکیان کز
هێندێکیشیان وەکو ڕیتمی کپی گریان

(١٢)

**ئێزبدییەکانی بیلەفێلد**

لالش هەموویان ڕادەکێشێتەوە ناو زێد
بیلەفێلدیش هەموویان دەگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی
چی بکەن لە میانی زێد و جوانی؟
دەبێ بۆ ئەبەد لە هاتوچوون دابن

(١٣)

**فڕۆکەخانەی بۆخارست**

ئاسمانێک لە باوبۆران، ئاسمانێک لە جوانی
ئاسمانێک لە هەور نەخۆشێک لەناو فڕۆکە
مەلێک بەسەر درەختەوە
یەکێک بەسەر کتێبەوە
ئاخ مرۆڤایەتی وەک نەخۆشی ناو فڕۆکە دەناڵێنێ
چی بکات؟
پەنجەرە بکرێتەوە خۆی دەکوژێ
نەکرێتەوە دەمرێ

(١٤)

**بیرەی فریش**

پۆتسدام پلاتز شووشە و ئاسنە
لە شووشەکاندا جوانیم دەبینی
لە ئاسنەکاندا بەندیخانە
لە شووشەکاندا کچەکان وەک گەوهەر دیاربوون
لە میلی ئاسنەکاندا مرۆڤ وەک بەندی
دانیشتم بیرەی فریشم خواردەوە

(١٥)

**تاوەری بەرلین**

لە بڵندترین بورجی بەرلین دا
سەیری هەولێرم کرد
بەڵام هێند بەرز و جوان بوو
زانیم من لە شوێنێکی چەند نزمم

(١٦)

**باد فراین ڤالد**

وەکو چەقۆ جگەری ئێستێتیک لەت لەت دەکا
کچە جوانەکان پەرتی ئەوبەر و ئەوبەری خۆی دەکا

بۆیە هەرچی عاشقە و لە دوورەوە
سەیری مەعشووقی خۆی دەکا

**(١٧)**
**پاییزی ڤینۆف(٦)**
لە ڤینۆڤدا پاییز دەگاتە دوا ناڵەی تراژیدی خۆی
لە ڤینۆڤدا هەرچی زەردی دنیا هەیە هەڵیدەمژێ
لە ڤینۆڤدا پاییز پاییزی خۆی دەکا

**(١٨)**
**رووباری ئۆدر(٧)**
لەسەر سنووری پۆڵەندا چەکوشێک دوا هەناسەی دەدا
دەمی لە ئاوی رووباری ئۆدر چەقیبوو
داسێک وەها توور درابوو
کەوانە و قەفتەی لە گلی - ئۆدر - تەقیبوو
جوانی ئیمپراتۆریەتی خۆی دادەمەزراند

**(١٩)**
**گۆرەپانی بورگەر تور(٨)**
کە ناپلیۆن هەردوو ئەسپە جوانەکانی
سەردەرگای شاری بەرلینی دزی و
بردییەوە نیشتمانی خۆی
بەرلین بێ ئەسپ مایەوە
هیتلەر بەرلینی وێران کرد
بەڵام هەردوو ئەسپەکەی سیمبۆلی هێنایەوە

**(٢٠)**
**کۆنفرانسی کێشکەکان**
لەلای پەیکەرەکەی تەلاری دۆما
بەستەیەک قەسەر رژابوو
چی کێشکەی شاری بەرلین بوو
هەمووی لەوێ دەیاخڕیواند
بۆنی نیشتمانی یەکەمیان
بەسەر سیمایان پژابوو

**(٢١)**
**رۆتە راتهاوس(٩)**
کەس نازانێ پاییز درەختی چەند خۆش دەوێ
کە دەمی لە دەمیا دەنێ
شارەوانی سوور بە هەموو خەمباری خۆی
لەبەردەمیا چۆک دەدا و پێدەکەنێ

**(٢٢)**
**چێشتخانەی ڤینۆف**
لە چێشتخانەکەی خودادا لەزەت وەرەسی دەپاچێ
مرۆڤ و فریشتە بەیەکەوە شەرابی پاک دەخۆنەوە
بە یەکەوە داری گەنم دەرنن
لە چێشتخانەکەی خودادا شیعر و هەنگوین تێکەڵ
بووینە
کەس سەری لەو جوانییە دەرناچێ

**(٢٣)**
**کالیگۆلا**
بۆ سەعاتێ چوومە شەری کالیگۆلا
جوانی هێندەی کۆت و زنجیری خستە ملم
هێندەی جەستە هەڵمژیم
لە خودا پارامەوە کە دنیا پر کالیگۆلا بێت

**(٢٤)**
**بانهۆف(١٠)**
لە بانهۆفدا ژێرخاک گۆرستان نییە
لە بانهۆفدا ژێر خاک هەزار ناوی هەیە
هەزار هەزار دەرگە و پەنجەرە و چاوی هەیە
مرۆڤ وردە وردە بەرەو ژێرخاک دەچێتەوە
دەگەرێتەوە نیشتمانی ئەسڵی خۆی

**(٢٥)**
**ئوبان**
لە شۆستەکەی ئوباندا
کوێرێکم بینی کتێبی دەخوێندەوە
لە کتێبخانەی گشتیدا کوردێکم بینی
جگەرەی دەکێشا
کچ و کورێ دەمیان لە دەمی یەک نابوو
ئەو دەمە بۆ ئەوان زەوی کەسی تیا نەمابوو

**(٢٦)**
**ڤارتا**
ئەو شەوە منی ئەبەنووس
کەوتمە ناو کاسەی شیری تۆ
دڵۆپ دڵۆپ وجوودی رۆژهەڵاتیی من
لە ئاوێنەی سینەی تۆدا دەتوایەوە
من بەیەک بریقەی چاوت تەواوی ئۆکرانیا گەرام
من بەیەک بریقەی جەستەت کۆتاییم هات
ڤارتا ئێستا من بێ دڵ دەسوورێمەوە
دڵم لای تۆ بەجێماوە

**بەرلین - پاییزی ٢٠١٠**

**(١) یەکێ لە گەورە ریفۆرمیستەکانی کریستیانەکانە.**
**(٢) کەڵێسایەکی گەورەیە لە دریزدن.**
**(٣) رزگارکەری ناوچەی دریسدنی ئەڵمانە و پەیکەرەکەی لە شاری دریسدنە.**
**(٤) پەیکەرەکەی لە شاری بۆن -ی ئەڵمانیایە و ماڵەکەشی لەوێ بۆتە گەلەری.**
**(٥) رووبارێکە بەناو هەموو بەرلیندا رەت دەبێ.**
**(٦) گوندێکی نێوان سنووری پۆڵەند و ئەڵمانە.**
**(٧) رووبارێکی نێوان پۆڵەند و ئەڵمانە.**
**(٨) مەیدانێکی گەورەی ناو بەرلینە ئەو پەیکەرەی لێیە کە ناپلیۆن بۆ فەرەنسای بردەوە و پاشان هیتلەر هێنایەوە.**
**(٩) شارەوانی سوور.**
**(١٠) وێستگەی شەمەندەفەر.**

# دووره وڵات

**هیوا شەمس بورهان**
**(فەرەنسا)**

ئەو ڕەزە چەندە خۆشەویستە!
چ ئەو دەمەی
دەلاوێنێ چاوەکانی دووره وڵاتێ
لە نێو قەتاری تەنیاییدا
چ ئەو دەمەی
شەراب دەباتە بەردەمی
لەسەر تێڕاسی کافەیەک.
ئەو خۆرپەڕە چەندە لەسەر دڵانە!
چ ئەو دەمەی دووره وڵاتێک
لەناو قەتار دەیبینێت و
چ ئەو دەمەی بڕیار دەدا سبەینێ زوو
تیشکی ماچی بەرێتە وڵات
بۆ بەر دەرگەی هەر خانەیەک.

**ڕۆیان ٢٠٠٤/٦/١٥**

*** تێڕاس: هەیوان بە فەرەنسی، زۆرتر بۆ باڕ و قاوەخانە دەکار دێنرێ.**



## نم

ئەورۆ هەوا هەناسەکانی شێداره
پرچی کچانی ئەوروپایی،
دەنگی خۆشی چۆلەکەکان
کە دێنە ژوور لە پەنجەره،
سینگی سەوزی چیمەنەکەی بەرانبەرم،
وەک چاوەکانم بۆ وڵات
هەموو تۆزێک نمیان باره.

**ڕۆیان ٢٠٠٤/٨/١**

## کەناڵ

ڕۆژێکی ساردی مانگی ئاڤریلە*
لە پارکێکدا لەسەر کورسی
چاوەکانم قووچاندووه و
ڕووم کردۆتە تاوێکی کز.

پەنجەکانم، بەری دوو پێم
قاچەکانم، ڕانم، سمتم
هەموو لێکرا سەرمایانە
گوێچکەکانم کەسیرە بوون.
هەر لە ڕێگای دوو پێڵووی چاو
لەززەتێکی گەرم و خۆش
دەڕژێتە ناو لەش و دەروون.

**لیل ٢٠٠٨/٤/٢٢**

*** مانگی چوار**

**ڕێگا**

ڕێگایەکە
هەتا ئاستێک قیرەتاو کراو
ئەوی دواتر بە خیز خۆشکراو.
ئەم بەر ئەوبەر داری بڵێند
دیواریان بۆ کێشاوە
پەلک و گەڵای تێک ئاڵاو
تاقی سەوزیان بۆ داناوە.
لە کەنداوی تەنیشتیدا
وێنەی چرای هێندێک ماڵ و دارتێلەکان
زینەتی پێ دەبەخشن
قیژەی مراوی و قاژوو
مۆسیقای بۆ دادەنێن.
ڕەنگە هەموو خۆشی ژیان
ڕێگایەکی ئاوها بێ
هێندێک ژن و هێندێک پیاو
بە ڕاکردن وەکو وەرزش
هێندێکیان دەست لەناو دەست
بە ئەسپایی، بە دڵداری
هێندێک کەسیش وەکو من
هەر بۆ پیاسەی دەمەو خۆرپەڕ
پێیدا دەڕۆن، لەم سەر بۆو سەر

**لیل ٢٠١٠/٨/٢٢**

# من وێنەکان بە دەزووی خەیاڵی خۆم دەدوورم

غەمگین بۆڵی



**تەنیاییش تەنیا دەبێ**

گەر چرکەکانی کاتژمێر و
ترپەکانی دڵم نەبان
ئێمشـەو...
تەنیاییشـم تەنیا دەبوو.

**ئەو ژووره پڕه لە وێنەی تەنیایی**

دوو ڕۆژ و شـەوێکە
تۆ لـەماڵ نیـت
تەنیایی ژوورەکەمانی پڕ لە وێنەی خۆی کردووە
شـەوان لـەگەڵ مـن دەنوێت
مـنی دەسـتەمۆی خۆی کردووە
تۆ کەی دەگەڕێیتەوە
تا تەنیـایی بە تەنیـایی بسـپێرین.

**دوای حەوت ساڵ و نیو**

زەمـەنێکی بەدفـەڕ بوو
ڕۆژگاریش دوو ڕوو
خـەتات کرد
مـنـت بە زنجیری دڵـت هـەڵواسـی
خـەتام کرد
تۆم لـە دڵـما تەقـەت کرد.

**دوو خاڵی ڕەش**

لـەنێوان مـن و تۆدا
خاڵێکی ڕەش ڕەش هـەیە
وەک خاڵی نێو مـەمکت.
لـەنێوان هـەردوو مـەمکتدا
دڵێ بوونی هـەیە
دڵی مـن نا
دڵی خۆم.

**پێکی خەیاڵ**

کە شـەوان بێ تۆیی بەنێو خۆیدا دەمـتوێنێتـەوە

پێکی خەیاڵم
پڕ دەبێ لە قومە ماچ.

### وێنەیەکی سپی
لە تەختە ڕەشەکەی قوتابخانەیا
نوقتەیەکم کرد
«ئەمە وێنەی پیاوێکە لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا
جگەرەی چاوەڕوانی دەکێشێت».

### هەموو کلیلەکانی دڵم لەلای تۆیە
هەموو ئەوانەی خۆشم ویستن
یەک یەک کۆچیان کرد و
لە ئارامگای دڵما تەرمی عەشقیان ناشت
ئەوە تۆ بووی
ئەو دەرگایەت داخست و
دەرگایەکی ترت لە دڵما کردەوە.

### بەرد
کە دڵت
بە دڵی بەرد گۆڕییەوە
دەستم لە کانیاوی عەشقت شووشت.

### بەردیش دڵی هەیە
کە سێبەرەکانیان تێکەڵ دەبێ
بەردەکانیش عاشق دەبن

### دوو هەرمێی زەرد
حەزی ناخم
منداڵێکی چەتوونە
کە دەستیشی نەگاتە دارهەرمێی باڵات
بەردیان تێدەگرێت.

### چاوەڕێی چاوەڕوانی
کە ڕۆژ نووست
شەو بەخەبەر هات
من هەر چاوەڕێم
بە جانتایەک پڕ لە شیعری گلەیی
بە باوەشێک سێوی بێ تۆیی
لەبن هەمان دەرەشەوزەکەی پارک
چاوەڕێتم شەکرە کچ
جا گرینگ نییە تۆ بێی، یانا!

### تاسەی مەرگ
کەس نازانێ لە پشتی شەو و
لە تەک ڕۆژدا
چی ڕوودەدا
مەرگ تاسەیەکە ماشێنی ژیان هەر لێی دەدا.

### کەمان
زوڵفت تەلی کەمانی شیعرم بوو
خەتای تۆ نەبوو
من نەمزانی بیژەنم.

### دەزانم کەی دێیەوە
کە لەنێو گریانمدا
پێکەنین چرۆی دەرکرد
لە بری باران گوڵ باری
ئەوە سەرەتای گەڕانەوەتە.

### یادەوەری
ئەم دەرگایەم لێ بکەوە
بە قەد مووی سەرم یادەوەریم لە ژوورەکەت
تەقەت کردووە.

### کچێک منی بیرکەوتۆتەوە
بەم نیوەشەوە ناوەختە
پەیڤێک لە دەرگای بیرەوەریم دەدا
دیارە کچێ دەیەوێ کراسە تەڕەکانی بەتەنافی
ڕوحم هەڵبواسێتەوە.

### شێتایەتی شاعیر
شەکرە کچ
ڕاستت گوت
شاعیر شێتە
ئەوەتا تۆ لە عەشقی مندا دۆڕای و
منیش هەر چاوم لێتە.

### دنکە گەنمێک
لەسەر دنکە گەنمێک
دووکەڵەشێر شەڕیان بوو
چووم لێکیان بکەمەوە، پێڵاوە نوێیەکانم بە قوڕ بوون
ئەو قوڕەی کە بەسەرمانەوەیە.

### داغیلە

هەنووکە سەرم بۆتە داغیلە
داغیلەی پارە نا
داغیلەی وشە.

### گۆڕێکی نامۆ

گۆڕێک لە ئارامگای دڵما
بە تەنیا ماوەتەوە
بە گوڵەنێرگزی گریاو دەوردراوە
کەس سەردانی ناکا
ئەریٚ کەس نازانیٚ ئەم کۆڕە هی کێیە؟

### منداڵیم

بە پێکەنینەوە پارەی ڕۆژانەی وەرگرتو
چووە کۆڵان
بە گریانەوە گەڕایەوە.

### من

لە گەڵایەکی زەردی ژێردەستی خەزان زیاتر هیچی تر
نەبووم
من..
لە بوونێکی پڕ گومان و پرسیاری بیٚ وەڵام زیاتر هیچی تر
نەبووم.

### بەختەوەریم

یاریزانێکی زۆر بێزارم
چەندین یارییە بەدوای تۆپی بەختەوەرییەوە ڕادەکەم
دەزانم کەبشی گەمیٚ..
شەقێکی تێهەڵدەدەم.

### ئەگەر ویستت بمدۆزییەوە

ناوونشانم ئاسانە
تۆ بوونت بە بوونمەوە بەندە
وڵاتم شیعرە
شارم وشەیە، ماڵم خەیاڵە
زەنگ لێمەدە
دەرگای دڵم لەسەر پشتە
مەڵیٚ کیٚ لەماڵە
هەر خۆم و خەیاڵەکانتین.

# کلیپا مارێن برچی

**فەرید خان**
**(هاگەن – ئەلمانیا)**

**دیک. ١.**
دەر / رۆژ/ مووزیک
(دەنگ تێن
هارمۆنی، حسا تەنێبوونێ و ڤالاهیێ چێدکە
دەنگ دچن.)
د هەوا و زەمانێ پێش دەری دە
تو کەس تونە
ڤالاهی د هەمبێزا بێدەنگیێ دە رازایە
ژ دوو ڤە دیوارەکی شینێ بێبان
کو شباکە و دەریەکە زەر تێ دە یە
خویا دکە
ل ڤی ئالی
(ل پێشیا دەریێ زەر و دەریێ شین)
رۆژ هەیە
و ژ خەینی ڤالاهیێ
تشتەک رانەزایە.

**دیک. ٢.**
دەر / ئێڤار / مووزیک
د هەوا و زەمانێ پاش دەری دە
خۆفەکە بێتەبات هەیە
زلامەکی پۆڕ درێژ د وێ خۆفا بێتەبات دە گریایە
ل ژۆر هەیڤ زیڤێن خوە دفرۆشە
ل ژێر با تێ
ئێڤارێ مست ددە
دەستەک، هێدی هێدی ژ ناڤا پۆڕێ کەچەکێ دکشە
دەری، گران گران ل سەر روویێ کەچکێ تێ گرتن
مارەکی رەش تێ و بەر لنگێ زلێم دسەکنە
و ژ خەینی مار
هەر تشت تێرە.

**دیک. ٣.**
دەر / شەڤ / مووزیک
کامەرا بەر ب تەنێبوونا سۆلیستەکە هشبوویی ڤە دچە
سۆلیست نە ل جەم خوە یە



د هەوا و زەمانێ پێشیا دەری دە
تو کەس ل جەم خوە نینە
بزنەکە رەشا بقلۆچ
ئەردێ پیکۆل دکە
و ژ نشکا ڤە
ژ حەوشا چاڤێن مە دڕەڤە
مار ژ ناڤا پۆرێ زلێم خوە بەردده خوارێ
با ژ ناڤا دەڤێ مار دبەرزە دارێ
د دەری رە کارەک تێ و دگری
و دەما کار دگری،
کامەرامان د تەنیبوونێ دە
سۆلیست ژ خوە دوور
بزن د زەڤیێ دە
مار ل پاش لنگێ زلامێ پۆر درێژ
و با ژی د ناڤا پەلێن دارێ دە
ژ خوە ڤە دچن.

**دیک. ٤.**
دەر / سەرێ سبەهێ / مووزیک
تشتێن کو ژ خوە ڤە چوویی، سەرێ سبەهێ ب خوە ڤە تێن
کامەرامان چاڤێن خوە ڤەدکە تێنەبوون ژێ دڕەڤە
بزن چاڤێن خوە ڤەدکە کار ژێ دڕەڤە
سۆلیست دەڤێ خوە ڤەدکە ستران ژێ دڕەڤە
مار دەڤێ خوە ڤەدکە با ژێ دڕەڤە
و دار پەلا خوە ڤەدکە ئاڤ ژێ دڕەڤە.

**دیک. ٥.**
دەر / نیڤرۆژ / مووزیک
ئاڤا ژ دارێ رەڤی، ئاڤا هەر کەسی بوو
نها د هەوا و زەمانێ پێش دیوارێ شین دە
ئاڤ د کەسی دە نەمایە
تین و تاهن ژ رۆژێ،
فەر ژ چاڤان
و قدووم ژ هەموو چۆنگان ڤەکشیایە
هەر کەس سەرپیس و نەشووشتی
مایە د جنابەتیا خوە دە
دەستنمێژا دل شکیایە،
مزگەفت مایە ڤالا
و نمێژ ل هەر کەسی دەرباس بوویە.

**دیک. ٦.**
دەر / دەما شیڤێ / مووزیک
کەس ب خوە رە نابینە کو دەستێ خوە بشۆ
کەس ب خوە رە نابینە کو سەرێ خوە بشۆ
نها ل حزوورا خوەدێ
هەر کەس بێحزوور سەکنیە
هەر کەس ژ کونەحکرنێ رە ئامادە
هەر کەس برچی، دەڤشل و دلبژی
بێ حەمدێ خوە ژ شەیتێن رە دکەنە.
چمکی ل جهێ کو خوەدێ تماکاری کریە
شەیتێن سفرەیا خوە ب مەردی راخستیە
نها ل پێشیا دیوارێ شین و دەریێ زەر
زکێ هەر کەسی ل سفرەیا شەیتێن دنهێرە
کەس رانابە ناچە سەر
لێ هەر کەس مارێ هندورێ خوە دشینە
ب دزی

(دەنگ تێن.
مرۆڤ هەڤوودن دخن
دەنگ دەچن).

**ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا (کلیپا مارێن برچی) رووپەلێن (٦٣- ٦٨) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٦)ێ و ل چاپخانەیا کایهان ماتباعاسی ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپکرن و، ژ بەلاڤکرێن (وەشانخانەیا بەلکی)یە.**

# قەرەقۆز(*)

**لە ئینگلیزییەوە: ئەسکەندەر جەلال**
**(سوید)**

ئەگەر بۆ ساتێک خواوەند لەبیری کا من لەتێکی
ڕەشبووەوەم و
لەتە ژینێکم پێ ببەخشێ، ئیمکانە هەموو شتێک نەڵێم
کە بیری لێ دەکەمەوە
وەلێ بێ گومان بیر لەوانە بکەمەوە کە دەیانڵێم
شتەکان هەڵدەسەنگێنم، نا لەبەر ئەوەی لە بەهایان بگەم
چەندە
بەڵکو بۆ ئەوەی بزانم یەقینەن مانایان چییە

دەمەوێ کەم بخەوم، خەونی زیاتر ببینم
من ئەوە دەزانم لە هەر خولەکێک کە چاومان لێکدەنێین،
شەست چرکە ڕووناکی لە دەست دەدەین

دەمەوێ بڕۆم لەو کاتەی ئەوانەی تر پیاسە دەکەن
دەمەوێ بێدار بم لەو کاتانەی ئەوانەی تر خەتوون
دەمەوێ گوێ بگرم کە ئەوانەی تر دەدوێن، هەروەک چۆن
چێژ لە ئایسکرێمێکی بە شوکلاتی باس دەکەم



ئەگەر خواوەند لەتێکم لە ژین پێ ببەخشێ
دەمەوێ سادەپۆش بم... خۆ بخەمە بەر ڕۆژ
تا ڕووت ببێتەوە نەک هەر جەستەم، بەڵکو ڕوحیشم

خواوەندم ئەگەر دڵێکم دەبوو
ڕقی خۆم لەسەر بەفر دەنووسییەوە و چاوەڕێی ڕۆژم
دەکرد هەڵبێ
لەگەڵ خەونی (ڤان کۆخ)دا، شیعری (بێنی دیتی)**م
لەسەر ئەستێرەکان دەنەخشاند و گۆرانییەکی
(سیرات)م دەکردە ئەویندارى من بۆ مانگ
بە فرمێسکەکانم گوڵەکانم ئاو دەدا
بۆ ئەوەی هەست بە ئازاری دڕکەکان بکەم و ماچی
موتوربە بکەم

خوایە گەر تەنیا لەتە ژینێکی ترت پێ بەخشیبام
نەمدەویست تاکە ڕۆژێک ڕۆیشتبا بێ ئەوەی بە خەڵک
بڵێم خۆشم دەوێن

دەمەویست باوەڕ بە هەر یەک لە ژنان، یان پیاوان بهێنم
کە ئەوان ئارەزووی منن و من دەمەوێ بژیم
بۆ ئەوەی عاشقانە عاشقی عەشق بم..
دەمەوێ بیسەلمێنم بۆ پیاوان چۆن بەهەڵەداچوون
ئەوانەی وا بیردەکەنەوە کە چیتر عاشق نابنەوە کاتێک تەمەنیان هەڵدەکشێ
نازانن پیر بوونی ئەوان لەو کاتەیە کە لە عەشق دەوەستن
بۆ منداڵەکە دەمەوێ باڵی بدەمێ، بەڵام دەمەوێ فێریشی بکەم چۆن خۆی دەفڕێ
بۆ پیرەکە دەمەوێ فێری ئەوەی بکەم مەرگ لەگەڵ پیربوون نایەت،
بەڵکو لەگەڵ لە یادچوونەوە دێت

پیاوینە من زۆر لە ئێوە فێربووم
ئەوە فێربووم کە هەموو کەسێک دەیەوێ لە ترۆپکی چیاکان بژیت
بەبێ واقیعییەتی ئەوەی کە خۆشبەختی ڕاستەقینە وا لەنشێوی ڕاکشاوە
من ئەوە فێربووم کاتێک منداڵی ساوا بۆ یەکەم جار بە مشتی چکۆلەی دەستی باوکی دەگوشێ
ئەو تا ئەبەد پێیەوە دەلکێ
من ئەوە فێر بووم پیاو تەنیا مافی ئەوەی هەیە چاو ببڕێتە خوارەوەی ئەو پیاوەی وا یارمەتی دەدات هەڵیسێنێتە سەر پێ
من زۆر شت لە ئێوە فێر بووم
بەڵام لە دواجاردا زۆربەیان بە هەدەر دەچن، چونکە کاتێک لەناو جانتام دەنێن
بەداخەوە دەمرم

**وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی:**

**Matthew taylor**
**Rosa arelis taylor**

*** ناوونیشانی قەرەقۆز کە بۆ ئەو شیعرە دانراوە ناوونیشانێکی نزیکە بۆ مەبەستی ناوونیشانەکەی شاعیر کە مەبەستی نزیکە لەو بووکەڵە دروستکراوانەی بە داوێک دەجووڵێنرێن..**

**** بێنی دیتی، یەکێکی ترە لەو شاعیرە گەورانەی کە بە زمانی ئیسپانی شیعر دەنووسێ، لە ڕیزی گەورە نووسەرانی لاتینی نووسە، بەڵام کەمیی وەرگێڕانی شیعرەکانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی لەو ناوبانگییەی بێ بەشی کردووە.**

**ئەو دەقە شیعرییەی مارکیز بۆ یەکەم جار لە ٢٩ی مایسی سالّی ٢٠٠٠دا بە ئیمزای خۆی بڵاوکرایەوە، کە لە ڕێگەیەوە نەخۆشییەکەشی ئاشکرا بوو.. هەر لە هەمان دەمان، وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی و ڕۆژی ١ی حوزەیرانی ٢٠٠٠ لە ڕۆژنامەی (لۆس ئەنجلس تایمس)ی ئەمەریکی بڵاوکرایەوە.. هەر لە هەمان ساڵدا لە چەندین ڕادیۆ و کەناڵی تەلەڤزیۆنی دەخوێنرایەوە لە ڕۆژی ٣٠ مایسی ڕۆژنامەی (مەکسیکۆ سیتی دەیلی) لەلاپەڕەی یەکەمیدا وێنەیەکی گەورەی مارکیزی بڵاوکردەوە و شیعرەکەشی دانابوو، ناوی لێنابوو (گۆرانی گابریل گارسیا مارکیز گۆرانی بۆ ژیان)..**

**ئەو دەقە لە ئینگلیزی وەرگێڕدراوە و لە وێبسایتی ئینتەرنێتی:**
**www.museumofhoaxes.com/ marquez.html**



# گڕێ پووچکە

**تاهیر حامیدی**
**(مهاباد)**

ئەم تێزە بەردەیشی پێوە دەلکێنم، نووسا، نووسا! نەنووسا دیارە تۆیش لەگەڵم نیت و وەک هەموو ئەو کەسانەی دیکە بێ ئەوەی گوێ بۆ پاساودانەوەکانم ڕادێری یەک لایەنە من تۆمەتبار دەکەیت و تاک و تەنیاتر لە هەمیشە دەمکەیتە هەڵگری بەیداخی تاوانبارییەکی خۆکرد! باشە بۆ هەتا دەستم دەگات بەردەکە حەوا نەدەم و چی دیکە ترس و خەفەتی ناتەبایی تۆیش نەخەمە سەر دڵەڕاوکێ و لەرزی پاش وڕێنە و داچڵەکانی نیوەشەوانم؟ هەروەها دەکەم و سوورسوور لێم ئایەنە ئاورێکی نیانت بەو چاوە نماوییە خەماڵوانەتەوە وا ئەوانیش سەریان لێ شێواوە، دەبێتە پاڵپشتی هیوای ڕزگار بوونم و بە پێچەوانەی خەڵکی دیکە وا تف و نەعلەتیان لێ کردم و منیش سەدهێندە ڕق ئەستوورتر لە جاران پشتم تێیان هەڵکرد، شەرمەزارت دەبم و پەژیوان لە خۆم، بەڵام بیکە بەخاتری ئەو شاڵ و شاقەلی کەوایەت، ئەگەر منیش بە تاوانباری ڕووداوەکە دادەنێی بۆم بپارێیتەوە و تکام بۆ بکە. هەروەهایشە و دەزانم دڵنەرمییەکەت لەوەدا نییە بەبیری منیشدا بێت و ئەگەر وا نەبوایە هەر بە نێوە بەهارییەکەی خۆت بۆی نەرم نەدەبووم و بێجگە لە تۆ نێوی هەر شتێکی پیرۆزی دیکەی لەلام بهێنایە، ئاورێکی ساردیشم لێ نەدەدایەوە. چاکت وەبیر دێت وا ئەم سەراوسەری دەرگاو بانەکەمانی دەکرد و تێی دەچریکاند:

**پیری خەزایی جێگاکەی لێژە**
**حەزمان لێناکەی دەپێمان بێژە**

من بە بۆنەی نێوە جوانەکەی تۆوە دڵم بۆی نەرم بوو و تۆیش بیکە بە خاتری ئەو خزن و بارەگات لەوێ بۆم بپارێوە و پشتم تێ هەڵمەکە.

هەڵبەت درۆی ناوێت هەروەک چۆن هەڵوەداییم بۆ «سەما» بە شوێن پێی لینجی لەبارچووی سێ منداڵی نامراد،

له دڵدا چێ بوو، بزەی ڕەزام تەنیا بە شوێن هێنانی ناوی تۆ نەهاویشتە باوەشی نیگا بەتەماکانی باوکی سەما. هەر لە منداڵییەوە ناوی ئەو و بنەماڵە بەپێزەکەی لەسەر زمانی خاوخێزانی ماڵمان ببووە بنێشتە خۆشە و جار لەگەڵ جار بنجی پەلدارتری کوتایە قاری دڵە بێ بنەکەی منی سەر لێشێواوی ڕەبەن و کە خۆیشی ناوە بەهارییەکەی تۆی لێ کردمە تکاکار، ئیدی وردەخاڵێکی لاوازیشی بۆ ناتەباییم نەهێشتەوە!

هێندە لە هەوەڵێن تێک هالآنەکانمان ڕانەبردبوو نەبات داغێک بوو بە پێشەنگی ئەو هەموو خوێنەی وا ترپەی دڵە لاوەکییەکەی نێو هەندرخانەی بە شوێن دڵۆپەکانیدا تێکەلآوی مەواله توونییەکان کرد. خۆ بە دیواردا کوتان و ژان و پێچ ئۆقرەی لێ بریم و ساڵێک پاش ئەوە، خۆ بۆخۆت شاهێدی! نا؟ ڕاست ساڵێک بە شوێن ئەو ڕووداوەدا تەنانەت نوشتەی لە شالی بارەگا خاوێنەکەیشت لایەکی لێم نەکردەوە و دەبێت بێبەختییەکەی خۆم بووبێتە کۆسپی سەرڕێی هەناسە نیانەکانی ئەو ئاولەمە بێ ئەنوایەی وا ئەمجار گەورەتر لەجاری پێشتر، لە خوێن و لەتکە گۆشتی بێ دەست و پا لای دابوو و هەمدیسان بە پزدانێکی بێ هێزوپێزدا خلۆر بۆوە و وردەوردە تێی گەیاندم ڕەگەز چییە و خۆشەویستی بۆ دەسکەوتە کەم ئەژمارەکان چۆن تێکەڵی تاقەتاقەی خشتە وردیلەکانی ئازای ئەندامم دەبوون.

بەسەر سێیەمینیانەوە کە خۆشم نەڕۆیشتم، بەلای هەموومانەوە کارتێکردنی ئاوڕە بزاوییە بەتینەکەی تۆ بوو و بە شوێنیدا سەما بووە جێگری هەموو ئەو بیرەوەرییە ڕەشانەی وا شەوانە وەک شەوە و مۆتەکە لەسەر سینگی لێفەی دووکەسیمان هەڵدەنیشتن و هەر چاوەڕوانی بوو وا ببووە چاوگەی دڵخۆش کردن بە داهاتووم و بێ چاوی لەو ژەهرە چاکتر بوو.

قومێک لینجاوی ترشاو دەبێت لە چەند کەلێن و کولێنەوە دەرفرتێت، سنووری کام برپڕەپشت ببەزێنێت، لە چەند ڕهۆڵەی تاریکەوە بە کۆمەکۆم تێپەڕێت هەتا شوێن پێیەک بۆ خۆی خۆش بکات. چەنای چەند دەستی لەرزۆک بەهیوای گرسانی ڕاستەقینەی ئەم جارە، بۆی بپارێنەوە، نەزرونیازی بۆ بکەن و دەبێ چاک بزانی گەرمای هەوەڵێن زیقە و گریانەکانی چەند خەفەتبەر و هومێدهێنەرە!

گروگاڵەکانی چ شەوچەرەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و بەتام بوو بۆ شەوە ساردو سڕەکانی ڕابردوو! کام پلە لە هەڵکشان و پێگەیشتنی سەما لە کامیان شیرینتر و جوانتر بوو لامان؟ دیان دەرهێنانە ئێشاوییەکەی؟ گاوڵکێ کردنە عەزیەتاویەکەی یان ئەو هەوەڵێن هەنگاوە بە لەنجەولارانەی وا بەسەر پایەنازی گیانماندا هەڵی دێنا؟ قەت ناتوانی قامک لەسەر یەکیان دانێیت و بیدەی بەسەر ئەوی دیکەدا. زبان هەڵپچڕێنی، بوو بە قوتوویەکی سیحراوی و خۆمی بە خۆم و ناومی پێم دەناساندەوە. چ سەرکەوتنێکی سەیر و سەمەرە بوو! خۆم بووم و خۆیشم نەبووم. شەڕە کەم خایەنەکانمان زوو تێکەڵ بە ئاشتی و شیرینییە چاوبەسەکەی دەبوو و هەمدیسان لەسەر ئەو بڕوایە ساغی دەکردینەوە وا لە سەدان ساڵ و وەرز لەمە پێشترەوە ببووە کاکڵی ئەو شریتە نەپسێنانەی نێوان دوو دڵی هەڵوەدا بۆ یەک، بێ هیچ هۆیەک، هیچ چاوەدێرییەک و هیچ تەمایەک بۆ قەرەبووکردنەوە!

لەش چییە گیانی داوا بکردایێ لەسەر دەست دامان نابوو و تەمایار بووین چنگی تێ وەرداو هەڵی گولۆفێ بەشکم دڵی سوکنایی بێت و ئێمەیش لەت و کوتەکانمان تێکەڵی ئەو ببێت و پێکەوە بتوانین بە شەریکی لە قومێک هەناسە هەلآوێینە نێو سییەکانمانەوە.

سەما کام وشەی بەسەر زاردا نەدەهات و بە دروست و بە لار و وێری لێمان نەدەبووە ئایەتێکی زێرکفت و زیاتر وشە خوار و خێچەکانیمان لەسەر تەختەی دڵمان هەڵدەواسی، شەوانە لەبەر بانیجەیەکی بەتریفەی مانگ تەزیو، هەڵە زبانییەکانیمان دووپاتە و چەندپاتە دەکردەوە و خۆمان بە ڕستە بێ نەستەقەکانیدا هەڵدەواسی هەتا بەدەم وەنەوزێکی شیرینەوە دەمانی هاویشتە نێو گۆمی چڕی خەوە ئەفسووناوییەکانەوە.

تەنیا جگەرگۆشەم نەبوو، بیرەوەری هەموو ئەو ئێش و برک و ژانە تێپەڕ کراوانەبوو وا بە شەوگاری درێژی پاییزدا بە ئاوا بوونی خۆر دەکەوتە جوولآنەوە لە نێو لەشمدا، شەو لە کۆڵم نەدەبووەوە، هەناسەکانی سواردەکرد، گەرووی لەبەر وشکی دەقڵەشاند و هیچ ساردی و تەڕاییەک لۆچی درز و برینە نەبینراوەکانی وێک نەدەهێناوە.

پێش گرسان و هەست بە هەبوون و دڵەکوتێی لە نێو لەشمدا، چ چاوەڕوانییەکی کپ و مات و خەفەتاویم لە نێو تاق و ڕەفحە و قوژبنەکانی دیوە تەریکەکەم بۆ دیاری پاشەڕۆژ و بیرەوەری بە دیوارەکانەوە هەڵنەسپارد! خۆت لە هەموو کەس باشتر ئاگاداری چەنای چەند جار هاتمە بەر دەرک و خزنەکەت و خۆم بە داروديوارەکانتدا هەڵسپارد، فرمێسکی پاڕانەوەم هەڵڕژاند، لە حەیبەتی بێ ئاگایی لە خۆم کەفم چەلاند، بە شنەی بای گریانی سەما کوڵم نیشتەوە و لێم ئاگادار بە! تکات لێدەکەم بە گوێی دڵ ڕجام لێ بیستە وا دامرکانی کەفوکوڵی خۆشەویستی دڵی کێ نامرێنی؟ دڵی کێ ناسمێ و کام شازادەی بە ویقاری شێنەیی و لە سەرەخۆ ناخاتە پەلە و

هەڵەداوان؟

بۆ کەس باس ناکرێت، چونکە هەتا یەکێک ئەم ڕێگایەی منی، هەروەکو من، بە شوێن جێ پێی مندا تێنەپەڕاندبێ هەستیشی پێ ناکات، تێی ناگات و بە فشەی دەزانێ، بەڵام تۆ وا هەر لە هەوەڵ ڕۆژەوە ئاگاداری بەش بە بەشی بازنەی تێک هاڵاوی ڕووداوەکان بووی تێم دەگەیت و لێم حاڵیت.

بە پێ گرتنی سەما، باوکیشی ملی گرت. هەر بەسیلەی نیگاو بریقەی سووچی چاوەکانیدا زۆر پێچ و پەنای شاراوەی قاری دڵیم لێ دەردەکەوت. وردە وردە بە کەلێن و کوڵانە تەنگ و فەریعی گەلاڵە ڕازاوییەکانی ڕوحیدا دەگەڕام و گلۆپی ئارخەیانی لە فرتوفێڵەکانیم لە ئەنگوستەچاوە دزێنییەکانیدا بۆ خۆم دادەگیرساند. لە بیرتە هاتم و هەوەڵ کەس لای تۆ درکاندم و کوتم با کەس پێنەزانێ و خۆیشی تێنەگات؟ ئاخر هەرکەس بیزانیبایێ بۆی هەبوو خۆشمی پێ سووک ببم و خۆیشی بە زانیارییەکانی منی بزانیبایێ ترسم بوو ئەمجار دزێنی بکاتە ئاشکرا و لە منیش سڵ نەکات و تەنیا ئەو کەمە ترس و لەرزەی پێ زانینی منیش حەواداتە ئەولاوە.

سەما هەتا پێدەگەیشت، من بێ تینتر لە جاران پێی ڕادەگەیشتم. جاران وا وەک بەچکە کەروێشکێکی خرپن بۆ هەموو شوێنێک بە شوێنمدا زیتەی هەموو ئەو شتە بێ گیان و نەفامانەی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا کە چاویان لە هیچ بوونەوەرێکی دیکە هەڵنەدەهێنا، وردە وردە چاویان لەسەریەک ناو بێ خەیاڵی تەماشا کردنمان بوون. نازداری و تاقانەییەکەی وا هەر هەموو نۆ مانگی هەڵگرتنەکەی پێوەی بە هێلنج و حێق و بۆقەوە بووم، لە تۆسقاڵە بۆنێکی ماڵی خۆمان و تەنانەت بۆنە تایبەتییەکەی نێوان دوو گوڵمە سینگی باوکیشی سڵم دەکرد، هێور و بە نەرمی لام کۆچی کرد. ئەمەم پێ دروستە ماوەی چەند ساڵی خایاند، بەڵام ئەوەندە لە سەرەخۆ بۆی ئەو میوانە تاقانە و خرپنە لە ژووری دوو کەسیمان جل و سیپاڵی حەوانەوەی پێچایەوە کە لە دەلاندنی ئاو لە شوورەی بەڕواڵەت بێ کەل و کونی گۆزە نیانتر و بێ چرپەتر بوو.

هەموو ئەو کەسانەیش وا زیاتر لە خۆم چاوەڕوانی چاو هەڵبڕین و تریقانەوەی سەما بە گزنگی ورشەی چەپکە نیگایەکی کۆمەڵە شەونشینییەکی شەوانی درێژخایەنی پاییزان بوون، بەلامەوە کێشکی پڕ لە وەنەوزیان داشت، کەلەکە پڕ لە پێچ و ئێشەکانمیان بەگەرمی داپێچا و فرمێسکی حەسرەت، تامەزرۆیی و دڵنیایی لە داهاتوویەکی شیرینی بێ خەفەتیان بۆم هەڵوەراند، دڵیان لێم ساردەوە بوو و بە جێیان دەهێشتم. لە دایکمەوە بگرە هەتاکو خوشک و پوور و ئامۆزا و بنەئامۆزاکانم. پێیان سەیروسەمەرە بوو چۆن باوکی سەما لەو پێوە ترازایە ئەم پێ؟ چۆن لە ئاشقێکی بەپێز و تام و تینەوە وا کوڵان بە کوڵان و لێژاولێژ بە شوێنمەوە بوو و پێیدا هەڵدەکوتم و تکاکار لەپشت تکاکار خۆی و ڕاسپاردەکانی دەکردە تنۆکە ئاوێک لەبەر پێی خۆم و بنەماڵەی باوکیم، بووە ئەو دەعەجانییە غەوارەیەی تۆی پێخەفە قەت بەخۆدا نەدراو و دەق نەشکاوەکەی ڕوحم!!

تۆیش حەق بدە بە هەموو ئەو نزیکانەی وا بەرەبەرە لێم دەکشانەوە و سەرکۆنەیان دەکردم کە بۆ ئەو سووکایەتی و پێدا هاتنە بە هەڕەشە و گوڕەشانەی باوکی سەمام بە کۆڵ و باوەش هەڵدەگرت و پشتی کۆم دەکردم و ڕام دەکێشان و شوکرانە بژێریم تەواو نەدەکرد و سازام و سازام و حێقی کردەوە، دەمی داپچڕی، قەڵەشاو لافاوەکەی بردمی و دەمباو ناگیرسێمەوە!

میوانداری و شەونشینییەکانی پاییزەشەوانی ئەو ساتم قەت لەبیر ناچێتەوە وا سەمای تاقانەمان تازە گوێی بە دەنگی کەسانی ناهاوماڵ و غەوارە زاخاو دەدرا. بەسەر ئەو هەموو شەڕەچەنە و ململانێی وا باوکی سەما بۆ بڕان و دابڕانی خزم و کەس و نزیکەکانی من لە گەڵم کردی، دوای منداڵدار بوونمان ڕێی بۆ هاموشۆی هەموو ئەو کەسانەی کردەوە وا بەرزی دەنگیان لە نەرمانییەکەی دوو کەسی خۆم و جگەرگۆشەکەم سەرتر کەوت، دامانی دەچڵەکاند و لە ئەنگوستەچاوەکانی شەوانی درێژی پاییزدا دوانیوەشەو لە خەو هەڵمانی دەپەڕاند و سەر بە سینگەوە و سینگ پێدەشتی سەر، گریانی تەریکیمان بۆ ناوەوە قووت دەدایەوە. چۆناو چۆن بوو ئەو هەموو کەسانەی لە ئێمە خۆشتر دەویست و ڕق و دڵپڕییە پیش خواردووەکەی ئێمەی نەدەدیت؟!

کام شەو بوو وا لە نێوان کۆڕ و مەجلیسێکی وەها چڕوپڕدا هاواری لێم کرد و داوای شەوچەرە کەمێک زوو جێبەجێ نەبوو، جامێکی پڕ لە هەناری مێ خۆش چۆناوچۆن لە نێوان ئەو هەموو میوانەدا لێژ بووەوە بەرەو کۆش و داوێنم بووە پێدەشتی ئەو هەنارە خلۆرەوە بووانە!

نەڕەنەڕ و بێ ئۆقرەییەکانی لە لایەن تکاو ڕیش گرتنی ئەو پیاوانەوە سارد دەبۆوە وا سەرەتی تازە بووکێنیم چوارچاوی ئاگاداریان بوو نیگایەکی سووک و باشتر وایە بڵێم ژەهراویم بە نەزەرەوە تێ هەڵنەماڵن! پشت تێهەڵکردنی ئەوم دوای کۆتایی پێهاتنی کۆڕەکەو تەمایاریم بۆ ئاشتی کردنەوە پێ لەو سووکایەتیانە گرانتر بوو. پشتاوپشت خەوتنەکانی چەنای چەند شەو درێژەی دەبوو هەتا من هەمدیسان دەبوومە ئاوپژێنکەری بلێسەی ئەو ڕقە وا زۆریان لە نزیکان لە ئاوەها هەلومەرجێکدا بە

پیرۆزترین دەسکەوتیان دەزانی و تینی دەدایە ژیان و جەرگی لەپاش دەنووک ئاژن دەبوو و سەریان دەسوڕما بۆ ئەو جەرگ و دڵەی من وا چۆن بەرگەی ئەو هەموو ئێش و خەفەت و فێڵ وتەڵەکەیەی دەگرت و من لەوان سەیرتر دەمێنم وا نەیاندەدیت ئێمە چۆن بە بۆنەی سەماوە ڕیخۆڵەمان تێک هاڵا بوو و لە یەکمان دەمژی، لە بەربینگی یەک جاڕەهەناسە پشووی سەرخۆشی بۆ ژیانمان هەڵدەهاوی، لە تاریکە سەلاتەکاندا لێک تووڕە دەبووین، ئاشت دەبووینەوە، زۆرجار و زیاتری جاران لەیەک شاد نەدەبووینەوە، بەڵام هەوانەی خۆشەویستییەکی خۆڵەمێشینی نێرەمووکمان بۆ یەکتری هەڵبەستبوو هەتا جاروبار بە کارمان بێت و ڕەنگامەکانی ژیانمان دابشارێت.

ئەو هەموو داوو لەمپەرەم قەت لە بیر ناچێت وا لە نێوان خۆم و خۆشەویستەکانی ڕابردووم ڕایدەخست و هەڵی دەبەست. تاوانی نەگبەتی منیش ڕاست هەر ئەو خۆشەویستی و دڵنەرمییە شێتانە بوو وا بێ هۆی بۆ دەکردمە هۆ، نەفرەتی لێ دەکردمە پەژیوانی و لێبوردن، سەرمای سەرماوەزی دەکردە گەرمێنی چاوەکانی سەما. دووچاوی زیت و نماوی سەما وا شەوانە لە ژێر پێخەفەکەوە تەنانەت بەدزی منیشەوە لە ئاسۆیەکی نادیار و دووریان دەڕوانی، بەربەست و پەرژینی ڕق ئەستوورانەی ئەو هاوارە توندوتیژەی من بوو وا ببووە زەریایەکی مەند و بێ شەپۆل و قەڵبەز. هەر دەبوایە لەمپەرەکەی لە ئانوساتێکدا بقەڵەشیبایێ و لرفەی خوڕڕەمایییەکەی ئەو هەموو قین و ڕقەمی بدایەتە پێش خۆی وا لە باوکی سەما و ئاکارەکانی هەڵم گرتبوو و خۆم و نهێنییە پێچاوپێچەکانی دەروونمی لەگەڵ خۆی هەڵبگرتبایێ، بمیکردبایەتە تەختەی سەر ئەو لافاوە مەزنە و شوێن و جێگەی حەسانەوە و ئۆقرە گرتنی بۆم نەکێشایێ.

قەت ناتوانم ڕەنگی ئەو خاڵە سووورباوەی سەرسینگە بێ خەوشەکەی سەما لە پێش چاوی حەسرەتاوی خۆم بتارێنم وا ڕاست چووبووە سەر ڕەنگی ئەو هەنارە مێخۆشەی وا بێزووم پێکرد و کەمتەرخەمییەکەی باوکی بۆ سەندن و پەیدا کردنی، وەک مۆرکێکی سروشتی کوتایە سەر ئەو سینگە ساکار و بەفرینە.

دە بە مۆنەوە خێسەم لێ مەکە! تۆ لە باتی من بوای چۆناوچۆن و بە ئاوی کامە دڵی فەریع ئاگری ئەو ڕقە بڵێسەسێنەت دەکوژاندەوە وا بە هۆی ئاکارە تازەکانییەوە لە دەروونم دادەگیرسا و پەرەی دەسەند و هەتا دەبوو گڕی خۆش دەبوو و نەدەکوژایەوە. بێزوو بە ترشایی بکەی، دڵت ئاور تێبەردات و فێنکی نەکەنەوە! بێ هێزی لە چاوانی جگەرگۆشەکەتدا ببینی و تێر بەزگی خۆت نەخۆی! لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا هەڵمەتی ڕق و تۆمەتت بۆ بێنن. بەدڵی خۆت لە ژێر میچێکی سەربەخۆدا لاقی ڕووت و پرچی پەرێشان بە ڕاکشاوی ئاوێتەی یەک نەکەی. قەت قەت بە بێ ترس لە تاقەچاوێکی زیت و چەتوون و دەسکیس وا لە کونی دەرکە سرپۆشەکانەوە پێتدا هەڵدەڕوانن، ماچی پڕ لە خۆزگە و بیرەوەری بە وێنە خۆشەویستەکانی ڕابردووتەوە نەنووسێنی. دایمە و دەرهەمە گوێت چاوەڕوانی هەواڵێکی پڕ لە دەنگ و هاوار و زاق و زرووق بێت. فامە پیرەکانی پشتێک لەوەو پێش ئەو چاوە بێ سرتە و خورتانەی پشت دەرکە و نێوان کونی کلیلە ناحەلاڵەکانی ژووری تاک و تەریکی خۆت و سەما و بڕێک لە گیان و لەشی هاوسەرەکەت بێت.

چۆن لەو جەهەندەمە سامناکە ڕزگاریم دەبوو؟ چۆن دەبوایە هەڵێم و پشت سەری خۆم تەماشا نەکەم؟ بەرەو کام حەشارگە دەربازبم و نەگەڕێمەوە؟ هەمووی ئەو پرسیارە ساویلکانەی بوون وا شەوانی دڵتەنگی خۆمم پێیانەوە گرێ دەدا بە ڕۆژە بێ بڕانەوەکانی ڕۆجیاری پڕ لە تەمم. بۆ مەگەر ئەو جارەت وە بیر نایێت وا کەوتمە سەر ڕقی کەللە ڕەقی و بەڵێنی تۆران و ئاشت نەبوونەوەی هەمیشەییم؟ پرسوڕا و پشک خستنەکەم هەر لە پێش ئەم خزن و بارەگای خۆتدا بوو، بەڵام دووری لە جەرگ بە زمان خۆشە وا دابڕانەکەت ئەگەر بۆ تۆسقاڵە نەختێکیش هیوای پێکەوە نووسانی تێدا بێت، دووچاوی زیت و نماوی چاوەڕوانیت بکات، گەڕانەوەت بەدەستی خۆت بێت، گووخواردم پێ دەدرێت و بە سەرێکی شۆڕەوە دەگەڕێیتەوە! دەگەڕامەوە بەڵام قەرارم هەبوو خۆم بۆ هەتا هەتایی ڕزگار بکەم و چاوی منیش بە بریقەدانەوەی فرتوفێڵ داهاتبوو و شەوو ڕۆژ هێزم بۆ مێشکم دێنا و ڕاوتەگبیرم لەگەڵ دەکرد. ڕزگاربوون لەو داوەم لێ ببووە گولۆڵە بەنێکی کوت و پچڕبووی هەزارسەرەوە وا هەر سەرێکیان نەرمە بۆنێکی ڕەشبینی پێوە هەڵواسرابێت و نەوێری توخنی بکەویت. لە هەموویان سەیرتر و پێچاوپووچتر تۆمەتبارکردنی بە ناحەقی ئەو جەماوەرەی دەوروپشتمان تووشی سەرەگێژەیی دەکردم وا لە خۆم زیاتر دەبوونە دڵسۆزی سەمای بچکۆلانە و تف و نەعلەتیان ئاوقەی سێبەری دزێنی تۆرانەکانی جاربەجارم دەکرد. پێیان وا بوو لەخۆبوردن و زاڵ بوون بەسەر ژەهرە دەستکردەکانی ژیان و گرێ پووچکە کوێرەکانی سروشت، تەنیا لە تەلسمی ڕوحی قووڵ و بێ سەروبنی ژن دەوەشێتەوە. منیش بەڵێنم دابوو ڕۆژگار درێژییەکەی ئەو ساڵە تێنەپەڕێنین،

من بەسەر ئەو چاڵە ڕەش و بێ بنەدا تێپەڕیم و ئەو گولۆڵە هەڵوەشێنمەوە.

گەرمای مانگە ناوەنجییەکەی وەرزی هاوین دژ بەوەی هەموو شتێک مەیلەونەرم دەکاتەوە و ئەگەر دەستی بڕوات دەیانتاوێنێتەوە، عەقڵ و بیرباری لە مێشکی مرۆڤدا دەگرسێنێت. بە پێچەوانەی شەوە فێنک و ساردەکانی باقی وەرزەکان وا خۆم لە لێفە و پەتووەوە دەئاڵاند و بێ ئاگا لە دەوروپشتی خۆم زیاتر بیرم نەک لای بیرەوەرییەکانم، بەڵکو لای خۆم و لەشی خۆم بوو، ئەمجار بێ بەرگ و پێخەف، ڕووت و پەتی و لەش و گیان ئاواڵە پشتەوقەفار لە عاسمانم دەڕوانی و وردەوردە لە سەر لەتە بیرەوەرییەکان ساغ دەبوومەوە و وەک نووسەری ڕووداوێکی تاوانکارانە بۆ وردیلە هێمایەک، تۆسقاڵە شەوق و جەمسەرێک دەخولامەوە و چەواشە، تفی توونیەتیم قووت دەدا. لە نێو هەناسە بڕکێ و کەلێن و کولێن گەڕانەکانی ئەو شەوە پڕووکاوانەدا بۆ هۆیەک، بنەمایەک، سەرچاوەیەک وێڵ بووم وا ببووە ئەو وەیشوومە نگریسەی سەرشانم و بڕستی هەڵاتن، دەربازبوون و ڕزگاری لێم چەپەرتەن کردبوو. بەهەموو کۆڵانەکانی ئەو شارە بێ جموجووڵەدا وەرسووڕام و گەیشتمە دوایین شەقامەکانی. بە کۆڵانە بن بەستراوەکانیدا پشتاوپشت گەڕامەوە و ئاوڕی بە پەلە و زۆرجار بەکاوەخۆم لە پشت سەرم داوە و تاڵە شەوقە بێ سۆما و چاوە کزەکانم پێکەوە گرێ دەدا هەتا وێنەی ئەو سڕە لاک و مۆر کراوەم بۆ دەرخەن و ئاوی ئارخەیانی بکەن بە سەر دەستە تاوانبارە ڕزگاری کوژەکانی خۆمدا و لە هەناسەسواری بیرەڕەشەکانی نیوەشەو ڕزگارم کەن!

ئەم دۆزەخە چەنای چەند شەوی خایاند، بەسەر جەستە عاقڵەکەی شەوانی گەرموگوڕی هاویندا تێپەڕیم و هەستە بێ هەوسارەکان لە قووڵایی گیانمدا لەگەڵ ئەو هەورە دوورە دڵپڕە قەڵەشاوەی وا پڕمەی گریانێکی زۆر تەماوی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو هەتا بەدەم باوە بیهێنێتە سەر شارە سەربەتەمەکەی من، هاوڕێییم بکات بە دۆڵی گوپە بە قووڵدا چووەکانمدا بەسەر ئەو وێنە خۆڵەمێشییەدا بیبارێنن وا لە حەیس وبەیسی شەوانی تێفکریندا لەتە لەتە وەک کایەیەکی منداڵانە هەر شەوو لەتێکیم لە پەنای یەک دانابوو و بە ئەوپەڕی متمانە و بێ دڵەڕاوکێ هەر هەموو چەپکە تیشکەکەم بەسەریدا باراندبوو و کردبوومە جەمسەری گولۆڵە بەنە پچڕپچڕ بووەکەی تەلسمی ون بوونم و بێ ڕەنگ و بۆ لە پێشمدا تاق و تەنیا پێم پێدەکەنی و ئێستاش مچۆڕکی ساردوسڕ بە گشت گیانمدا دێت، سەمای تاقانەی دایک و بابی.

یاپیری خەزایی تۆ ئاگادار بە، هەر بە ڕوون بوونەوەی وێنەکە لە پێشمدا بە هەردوو دەست پێش چاوی خۆمم گرت و پڕ بە گەروو هاوارم لێت کرد. تۆش دەزانم قەت قەت ئەو شەوە ساردوسڕەت لە بیر ناچێت وا هەر هەردووکمان لە ماڵ بووین و سەمای نەرمونیانم کردە چەشتەی ڕزگار بوونی خۆم و بێ بەزەییانە زەڕنیخم تێکەڵاوی شێوە مەیلە و گەرمەکەی کرد. لە ئاویلکەدانیشدا نەرمە بڕێیانە پەلەکوتێی جودانەبوونەوەی بۆم دەکرد. دەیەویست وەک مارماسییەک خۆیم تێوە هاڵێنێ و تێکەڵاوم بێتەوە، بەڵام بڕیارەکەی من لەوە پتەوتر بوو، تەنانەت بیری پاشگەز بوونەوەشم بە دڵدا بێنێ. زیاتر بەشەکانی چاوی بوون بە سپێنە و ڕەشایی گلێنەکانی چوونە تۆی ئەو مۆریەوە وا تێمان هاڵاند، کاسییەکەی منیان بە شێتی و واق وڕماوی دایکانە لێک دایەوە و کەس بە دڵیشیدا نەهات دایکێک بتوانێ لەتکێک لە لەشە دەرپەڕیوەکەی خۆی ئاوەها لە ملی خۆی بکاتەوە و بڕوات و ئیدی وەک جاران ئاوڕی تامەزرۆیی و چاوەڕوانی لە گەڕانەوە بۆ دۆزەخی خۆڕستی خۆی و باوکی سەما نەداتەوە. هەڵبەت ئەوە بزانە ئەگەر خۆم دانم بە تاوانەکەی خۆمدا نەنایە، کەس شکیشی بۆ ڕووداوەکە نەدەچوو. کێ بوو بتوانێ سەر لە پێچوپەنای کۆچە ناوادەکەی سەما دەربێنێت؟ کێ بوو بێجگە لە خۆم، هەتا بەڕە لەسەر ئەو ڕازە دڵڕەقە لادا؟ کێ بوو بە هیوای کەمتر بوونەوەی باری تاوانەکە و سووک بوونی ئەو کۆڵە ڕەشباوەی سەرشانم نەرمەنەرمە خۆی بداتە بەر سەرەڕمبی تف و نەعلەت و جەزرەبەی تەریکی و جنێو؟ بەڵام بیکە بە خاتری ئەم بارەگا و خزن و قسنە هەمیشە سەوزەت بۆم بپارێوە و تاوانەکەم لەوێ بخە بریەتی ئەم نامەتییەی ژیانم وا بە دوای ئەویشدا لە پێکهێنانی بنەماڵەیەکی دیکەیش نەحەسامەوە و هەمدیسان تێکەڵاوی جەزرەبەی دیلی و کۆت و پاوانێکی دیکە بوومەوە و بە شوێنی خۆمدا ڕامکێشاوە و هاتووم هەتا لێزمەی گلەیی لە دەست ئەم بەخت و بێ بەختییەم بێنمە بەر دیوانی دڵ فەریعییەکەت.



# شەقام

**فوئاد قامووسی**
**(سەقز)**

ڕێبوار کە بە تەواوی تووڕە بووە و خەموخەفەت لەناو چاوی دەبارێ، زرم دەرکەی حەوشەکەیان دەدا بەیەکا و هەرکە دوو هەنگاو لە دەرکەکە دوور دەکەوێتەوە، جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و زەڕەیەک چاوی دەقوجێنێ، ئاخر تیشکی دوانیوەڕۆی بەهاران کە لەسەربانیماڵەکان هەڵدەخزێ و خۆ دەدا بە گلێنەی مرۆڤدا، زۆر تیژە.

لەبەر خۆیەوە دەڵێ: قوڕ بەسەرم بۆ خۆم و ژنم، نالەباری لووت قەیسی لێو قرتاو. ناکاو گەردەلوولێک لە سارای مێشکی ساز دەبێ و بۆنی بیرەوەری کۆن بڵاودەکاتەوە و وای لێ دەکا تەنانەت وا هەست بکا کە بای دێ و هەر لەبەر ئەوە جگەرەکەی لەناو مشتی حەشار دەدا کە بە باکە گڕی جگەرەکەی کز نەبێ.

– ڕۆڵەگیان بەفریش جوانە، سەگ پیسی دەکا.

– نازانم دەترسم وانەبێ.

هەر وتووێژە کۆنەکان و بیرەوەرییەکان دێن و دەڕۆن تا لەسەر شەقام بە دەنگێک بەخۆیا دێتەوە.

– ئەم کاتەت باش کاک ڕێبوار!

– سڵاو کاک حەمە ماندوو نەبی، هەموو کاتێکت باش.

ڕێبوار لە دڵەوە زۆر شاد دەبێ کە حەمەی دیوە و دەتوانێ چەند کاتژمێر کاتەکان بکوژێ و بیر لە خەفەتەکانی نەکاتەوە، بەڵام هەرچییەک دەکات، ناتوانێ ئەم شادبوونە لە ئاکاریشدا نیشان بدا.

دوو هاوڕێ دەکەونە یەک و دووریی شەقامەکان بە قسە خۆشەکان کورت دەکەنەوە و تاو تاو پێدەکەنن و تاوتاویش

بێ دەنگ بیری بەدبەختییەکانی خۆیان دەکەنەوە.
– بەو خوا ڕێبوار پێم وابێ برێک ماتی، کاکە ئەگەر ماتی بۆ هاتی؟!
– وەڵا چیت عەرز کەم، نا مات نیم!
– کوڕە برا چی مات نیت! ئەوەندە ماتی لەوانەیە ئەم سەرخۆشییەش لەسەر من بپەڕێنی.
– ئێ ئێ کەواتە خواردووتەوە!
حەمە بە ئەسپایی چاو هەڵدێنێ و دەڵێ: ئا ئا بێ تۆ ناخۆش.
– کاکە خۆشت بێ، هەر لە ئەوەڵەوە بۆنی دەهات، بەڵام ڕووم نەبوو دەنگ بکەم.
ماوەیەکی تر دیسان قسە دەکەن و حەمە هەر قسەی خۆش دەکا و قاقا پێدەکەنێ و ڕێبوار هەرچی دەکا بەو قسانە زەردەخەنەش نایگرێ چ بگا بە قاقا کێشان، بەڵام لە زۆر کۆمەڵگادا هەندێ جار مرۆڤ مەجبوورە لەبەر جەماوەر پێ بکەنێ، یان خۆی خەمۆک نیشان نەدا و ڕێبواریش هەر بەپێی ئەم دیسیپلینە سەرەکییەوە بە زۆر بە شێوەیەک کە دیارە زەردەخەنەکەی لەبەر دڵی حەمەیە! خۆی شاد نیشان دەدا.
یەک دوو شەقامی تر و دیسان حەمە بەشێوەیەک کە وانیشان دەدا کە وەڕەس بووە دەڵێ: بەخوا کاکە ئیتر دەبێ پێم بڵێی چ بووە، ئەرێ برا بۆ وا دەکەی؟!
– کوڕە کاکە چ بڵێم، بۆ کونێک هەزار کونم کردە خۆم.
– ئەی خوا هاوار هەی، جا باشە بۆ؟
– کوڕە کاکە گیان خۆ تۆ هاوڕێمی غەریبە نیت، وەڵڵاهی ئەسپێ هەموو کات لە گیرفانمدا پیاسە دەکات و هەندێ جاریش سەرمەقولات لێ دەدەن و ئەو ژنەش ئیتر بە تەواوی شێتی کردووم.
– حائێ، جا ئەوانە خەم خواردنی بۆ چییە؟ بیانکوژە؟!
ئەم جار ئیتر هەردووکیان بەیەکەوە قاقا پێدەکەنن.
ئێستا نزیکی شەقامە سەرەکییەکانی شار بوونەتەوە و خەڵک وەک مێرووولە دێن و دەڕۆن و ئەگەر مرۆڤ لەسەرەوە تەماشایان بکا وا تێدەگا هیچیان ئارامی هزریان نییە و شێواون و ئەمانیش خۆ دەخەنە ناو ڕێچکەی شێواو و شەپۆلی ئاپۆرەی مرۆڤەکانەوە.
ئێستا ئیتر زۆر کەمتر بەیەکەوە قسە دەکەن، ئاخر هەم کچی جوان و ژنی بە لارولەنجە سەر لە قسەکانیان دەشێوێنێ و هەم تاوێ حەمە دەکەوێتە بەرەوە و تاوێ ڕێبوار و ناتوانن بەیەکەوە پیاسە بکەن.
ڕێبوار کە دەستی لە پشتی ناوە و زۆر هێواش و ماقوولانە یاری بە تەسبێحەکەی دەکا، لە پڕێکدا تەسبێحەکەی توندتر دەخولێنێتەوە و دەست لە پشتی بەردەدا و هەنگاوی گەورەتر دەنێ! لەوە دەچێ شتێکی سەیر، یان خۆشی دیتبێ.
لەبەر خۆیەوە دەڵێ: گیان ئەشا ئەو ناو قەد باریکە هەر لە شمشاڵ دەچێ!
بۆ چەند خولەک هەر بەدوای دوو ژنەوە دەڕوا و باش سەیریان دەکا و هەر لە بیریشی نەمابوو کە حەمەشی لەگەڵ بوو تا حەمە پێی دەگاتەوە:
– ئەرێ کاکە بۆ ئەوەندە بە پەلەی؟
– ئا ببوورە کاکە، هەر ئاگاشم لێ نەبوو، تۆ تەماشای ئەو جووتە کە، هەر لە شیعری مەست دەچن کە هاتوونەتە سەما!
– ئەی گیان، بەخوا هەستیان جووڵاندوویەتەوە.
ماوەیەکی باش ڕۆیشتن و خۆیشیان نەیاندەزانی کە دەبێ بۆ کوێوە بڕۆن، ئاخر ڕێوشوێن ئەو جووتە سەماکەرە هەڵیان دەبژارد و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ڕێبوار بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر ئەوە ژنی ئەم بووایە چ دەبوو؟ خۆ دیواری کەعبە لار نەدەبوو و مانگ نەدەکەوتە خوارەوە؟! تازە ئەگەر وابووایە هیچ خەموخەفەتێکیش نەیدەوێرا قەرەی بکەوێ و هەموو کێشەکانی بنەبڕ دەکران.
بەناو قەی قەرەباڵغییەکە گەیشتن و هەر ملی ڕێبوار و دەیان ڕێبوار بوو کە ئەم لاو ئەولای دەکرد و کتوپڕ چاوی بەیەکێ لە ژنەکان کەوت لەوبەر شەقامەکەوە، لەوە دەچوو لەیەک جیا بووبێتنەوە و ئەمەیان کە مابووەوە هەر ئەو پەڕەسێلکە نەرمونۆڵ و باڵ ڕەنگینە بوو کە دڵی ڕێبواری بردبوو.
حەمەش لەم ماوەدا بێکار نەبوو و زوو زوو سەرخۆشییەکەی بە دیتنی لار و لەنجە و نەرمونۆڵی و مەمکی قوت و گەردنی بەرز و چاوی جوان دەتەقاندەوە!
ڕێبوار چووە تەنیشت حەمە و بە گوێیدا چرپاند:
– ئێستا دەڕۆم و داوای بوونە هاوڕێ لەو ژنە دەکەم.
– کوڕە مەحزی ڕەزای خوا، ئەمە چ دەڵێی؟! من مەستم و تۆ سەرت لێ شێواوە؟!

- جا بۆ ڕۆژی دەیان شتی وا دەبێ.
- جا باشە ئەو ژنە و تۆش خۆت ژنت هەیە!
ڕێبوار پێکەنی و بەدەم پێکەنینەوە بەدەنگێکی بەرزتر وتی:
- خۆشییەکەی هەر لەوەدایە.
- حائێ... حائێ... بەخوا جوانە!
پاش چەند خولەک گەیشتبوونە شەقامێکی بێ دەنگ کە دەبووا سەرەو ژوور بڕۆن و جار بە جارێک ماشینێک هۆڕنی لێدەدا و وەک فیشەک دەردەچوو و جەماوەر ئیتر لەم شەقامەدا زۆر کەمتر بوون. لەوە دەچوو دەرفەتێکی چاک بێ.
ڕێبوار بە خۆشییەکەوە بە حەمەی گوت:
- ئێستا پێی دەڵێم.
حەمە وەک مامۆستایەک کە تێ دەگا قسەکانی ئیتر هیچ بایەخێکیان نییە، دەڵێ:
- خۆت دەزانی، بەڵام من لەگەڵت نایەم.
ژنەکە سەری داخست بوو و بە قەراخ شەقامەکەدا خەریک بوو دەچووە ئەو بەرەوە کە ڕێبوار دوو سێ هەنگاو هەڵات و بێ ئەوەی ئاگای لێ بێ کە خەریکە چ دەکا، هاواری کرد:
- خانم ببوورە!
ژنەکەش کە ناز و لار و لەنجەکەی وەهای کردبوو کە زەویش شانازی بەوە دەکرد کە هەنگاوی بەسەر ئەوا دەنا، بە ئەسپایی سەری هەڵچەرخان و لەبەر خۆیەوە لەو چرکەیەدا بیری لەوە کردەوە کە ئەوە دەنگی ڕێبواری شووم بوو، یان نا؟!
کتوپڕ لە جیاتی وەڵام، ئاوس بوونی زەوی بە پێڵاوەکانی ڕێبوار و پەڕەسێلکە باڵ ڕەنگینەکە و نرکەی هۆڕنی ماشینێکی قورس و زریکەی ستۆپ و زرم!!!



# ولاتی ڕوح و جوانی

قادر عەلیخا
(بۆکان)

لەگەڵ باڵ لێدان و بەرزبوونەوەی کۆترەکانیدا چاوە زیت و وریاکانیشی بەرەو ئاسمان بەڕێ دەکات، وێڕای تەقڵە لێدانی ئەوان چاوەکانی ئەمیش تەقڵە لێ دەدەن و بەرز و نەوی دەبنەوە. کۆترەکان دەفڕن و چاوەکانی ئەمیش دەفڕن، کۆترەکان بەرز دەبنەوە و چاوەکانی ئەمیش بەرزدەبنەوە، بە دەم چەپڵە لێدان و فیتوو کێشانەوە ئەوەندە سەر هەڵدێنێ لەوانەیە بە پشتەوەدا بکەوێ. زۆرجار لەگەڵ هەڵفڕین و باڵ لێدانی کۆترەکاندا ئەمیش باڵی گرتووە و خۆی لەنێو ڕاستی حەوشەکەدا دیتۆتەوە، لە جارێک لەم فڕینانەدا دەستێکی دەشکێ و دەبێتە گوڵێنگ بە ملییەوە، بەڵام هەر دەستبەرداری ئەم کۆترانە نابێ، خۆشی دەوێن و ئازیزن لای، ئەوەندەی کۆترەکانی خۆش دەوێ سەد ئەوەندە ڕقی لە گورپە پشیلەکانی گەڕەکە و چاوی دیتنیانی نییە. بە دیتنی هەر کامێکیان خڕکە بەردێکیان ڕێ دەهاڵێنێ و تاریان دەکا. کۆترەکانی لا ئازیزە، بەڵام حەز لە هەموو باڵندەیەکیش ناکات، بەتایبەت سەقر و واشە و داڵ و شتی وا. ئەگەر بەو بێ، تۆرەمەیان دەچنێتەوە.

چاوی بەدوای کۆترەکانیدا بەڕێ کرد. ئاسمان شین و ساماڵە، جارجارەش چاو لە سەقر و واشەش دەگێڕێ، نەکا بە ئاسمانەوە بن، واشە لە کۆترێکی بدا وەک ئەوە وایە گوللەیەک لە دڵی ئەم درێ. قەڵپنگێک بچێت بە چاویدا، تێکەڵ بە فڕین و تەقڵە لێدانی کۆترەکانی دەبێ، ئاگای لەبەر پێی خۆی نامێنێ، لاقی لە کولاوکەیەک ڕۆدەچێ، نرکە لە زگییەوە هەڵدەستێ. بێ سەرنجدان بە ئێش و ئازاری بن ڕەفیسکە و لاقی هەڵدەستێتەوە و دەست دەکا بە فیتوو لێدان و باڵ ڕاوەشاندن. کۆترەکان مەستی فڕین و ئەمیش مەست و نوقمی تەماشایانە. ولات بێدەنگە و چەپڵە و فیکەی ئەم مەودایان بۆ فڕین بەرینە، لە بێدەنگیدا دەتەقێتەوە و دەگەنە گوێی کۆترەکان و لە فڕین و تەقڵە لێدان

سەرخۆشیان دەکەن. گەورەترین ئارەزووی ژیانی هەبوونی دوو باڵە، دوو باڵی پان و گەورە، کە ئەمیش بیتوانیبایە لەگەڵ کۆترەکانیدا بەرەو ئامێزی بۆشایی ئاسمان هەڵفڕیایە، فڕین لەگەڵ کۆترەکانیدا ئۆقرە و ئارامیان پێ دەبەخشێ، دڵنیای دەکردەوە، لەگەڵ فڕین و بەرزبوونەوەی کۆترەکانیدا ڕوحی ئەویش هەڵدەفڕێ. ڕوحی دەبوو بە پاسەوانی کۆترەکان. هەتا ئەو کاتەی ئەوان لەسەر عەرزی بوون لە دەست گوربەی دەپاراستن. بۆ پشیلە دەیوێرا وەقەرەی ئەو گەڕەکە کەوتبان؟ چ بگا بە سەربان و دەوری کۆترخانەکەی ئەم! بەڵام ئاسمان چی؟ بەرز و دوورە دەست، چارەی نەبوو، هەر دەبوو بە ڕوح لەگەڵیان بایە و ئاگاداری و پاسەوانی بکردایەن، کۆترەکان بەشێکی گرنگ لە ڕوح و جەستەی ئەم بوون، تەقلە لێدانیان، فڕینیان، گمەگم کردنیان. ئەو کاتانەی جووت بەس دەبوون و بە دەم یەکتردا دەڕشانەوە، ئەو سەروبەندانەی پووشیان دەکێشا و شوێنی هێلکە و بەچکەیان خۆش دەکرد، هێلکەیان دەکرد و بەچکەیان هەڵدێنا. هەموو ئەوانە بۆ ڕوح و جەستەی ئەو مایەی حەسانەوە و خۆشی بوون، ئەو کۆترەکانی بە گەورەترین ئامرازی خۆشی لە دنیادا دەزانی، بۆیە تا لە عەرز بوون بە جەستە و کە دەشفڕین بە ڕوح بە دوویانەوە بوو.

ئەوڕۆش وەک هەموو ڕۆژێک ڕوحی دابووە دەست باڵە خەیاڵییەکانی و لەگەڵ کۆترەکانیدا فڕیبوو، ئەو ڕۆژە لە هەموو ڕۆژەکانی بەرێ زیاتر بەرەو بەرزایی ئاسمان هەڵچووبوون، وەک خاڵێکی سپی بە کەلۆنجە و سپییەکەی ئاسمانەوە نوسابوون. لەو بەرزاییەی ئاسمانداندا لەگەڵ کۆترەکاندا پیاسەی دەکرد، دەستی بەسەر باڵ و کاکۆڵیاندا دەهێنا، گەمە و یاری لەگەڵ دەکردن، نووکی شاباڵەکانیان لە باڵی یەکتر دەساوی و بەرز و نەوی دەبوونەوە. کێبڕکێی تەقلەلێدانیان دەکرد، زایەڵەی قاقا و پێکەنینیان تێکەڵ بە شینایی و بێدەنگی ئاسمان دەبوو. چرژی دەخستە ئارامی ئاسمان، لە گەرمە و قووڵایی یاریدا بوون هاشەی باڵی دوو داڵ دڕی خستە ئارامی و بێدەنگی ئاسمان، کایەکەیانی شڵەقاند، قەمچی ترس و خۆف کۆی کردنەوە سەر یەک، یارییەکەی لە گرێژنە بردن، داڵەکان زۆر لە خوار ئەوانەوە دەفڕین، دوو داڵی ڕەش و بەسام، ئەوانیش لەژێر ئەمانەوە بەسەر ئاوەدانیدا دەفڕین و بە نۆبە جیقنەیان بەسەر دێدا دەڕژاند. لەگەڵ کەوتنە عەرزی هەر تۆپەڵە جیقنەیەکدا

ئاور و تۆز و دووکەڵ لە جێگاکەی هەڵدەستا و بەرەو ئاسمان کفارەی دەکرد. هەموو تایە گیایەکانی سەر سەربانەکان ئاوریان لێ هەڵدەستا، گڕە مشقەڵان وڵاتی داگرتبوو. لێفەیەک لە گڕ و دووکەڵ بەسەر دێدا دەکشێ، داڵە ڕەشەکان ماندوو نابن و گۆرانی مردن دەڵێن و تۆوی فەوتان دەچێنن، بۆکرووز و دووکەڵ دەگاتە لووت و هەناوی کۆترەکان و گەروویان دەگرێ، بۆکرووزی باڵ و پەری بەچکەکانیان دەناسنەوە، لەپڕ پۆل پۆل ڕوحی ترساو هەڵپرووکاو لە کفارەی ئاور و دووکەڵەکانەوە دێنە دەرێ. ڕوحی مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە بەرەو لای ئەمان دەفڕن، ڕوحی هەموویان بزرکاو و چرژاون. هەموو کۆڵێک ترس و دڵەکوتێیان بە کۆڵەوەیە، بۆکرووز لە ڕوحیان هەڵدەستێ، تەشقی ئاسمان پڕ دەکەن لە زریکە و ناڵە و هاوار. ژاوە ژاویان دەنگی باڵی کۆترە سپییەکان دادەپۆشێ. ئاسمان پڕ دەبێ لە ڕوحی تۆقیو و زەندەق چوو، باڵی هەموویان سوورە، خوێنی گەرمیان لێ دەچۆڕێ، ئەمان بە پێشوازییانەوە دەچن، دانە دانە دەیانناسنەوە، ڕوحی ئاژەڵەکان و ڕوحی مرۆڤەکان، ڕوحی بەچکەکانیان، ڕوحی سووتاو، ڕوحی خنکاو، ڕوحی بریندار، هەر ڕوحە و چیرۆکێکی لە شێوەیەک لە مردن لە جانتادایە، جۆرێک لە فەوتان و نەمان دەگێڕێتەوە. باسی قاچ و قولی و ملی پەڕیو و چیرۆکی جەستەی سووتاو و گڕگرتوو، لەشی هەپروون هەپروون، موو بۆ جەستەکانیان دەگرین، داخدارن، ئەو جەستە نازدارانەی سووتان و دابێژ دابێژ کران، ئەو دڵە پڕ لە حەز و ئاواتانەی لە خوێنی خۆیاندا خنکان. ئەو چاوە گەشانەی بە فرمێسکی خۆیان لێڵ داگیرسان، ئەو زمانە ئاورینانەی بە لیکاوی خۆیان سارد کرانەوە، هەموو کۆڵێکیان گازندە و گلەیی پێ بوو، دەردەدڵ و سکاڵایان لە بن باخەڵ نابوو، بەرەو بەرزایی دەفڕین، نازانم، نازانم، گەلێک شتیان پێ بوو، ئەوان فڕین و کۆترەکان بە دوویاندا، هێندە بەرزبوونەوە هەتا دووکەڵ و ئاورەکە بە حاڵ هەر بە قەد خاڵێکی ڕەش دیار بوو، لەوێ لەو بەرزاییە، لەو حەوێقی ئاسمانە، لەو تەشقە ساماڵە، گەیشتنە بەر درگایەکی گەورە و مەزن، بەشکۆ و خاوەن ڕێز، نە لە درگای مزگەوت و نە لە هی کلێسە دەچوو، نە لەدرگای شا و ئیمپراتۆرەکان، وەک هیچیان نەبوو، ئەو درگایە هیچ کەرەسەیەکی کانزایی تێدا بەکارنەهاتبوو، دەتکوت لە خەون و خەیاڵ و ئارەزوو دروست کراوە، ئەو

درگـــایە پەرژینێک بوو لە ڕوح، ســەدان پاســەوانی لە تیشک و پڕشنگ لەبەر درگاکەی ڕاوەستـابوون. هەمـوو بەپێشـوازی ڕوحـەکانـەوە هـاتن و بەرێزەوە وەریان گـرتن. کـۆرێکی گــەورە بە کــۆرس و ســروودی بەرەو پیــرەوە هاتنیـان بۆ دەچڕین، خۆیان و مۆسیقـاکانیـان هەمـوو لە تیشک و پڕشنگ بوون. لەودیو درگاکەوە وڵاتی پڕشنگ دەسـتی پێ دەکـرد، تا چاو هەتەری دەکرد هەر ئەوە بوو، تیـشک و پڕشنگ و جـوانـی. ئێـمـەیان ڕێ نەدا بچـینە ژووری، ئەوێ وڵاتی ڕوح و جوانی بوو و هەرێمی پاقژی و قاڵ بوونەوە. کۆترەکان ماندوو دەبن. باتەکـانیـان توانا و برسـتی فـڕینیــان نامـێنێ و ناچار بەرەو نشـێـو لوول دەبنەوە. دادەکـــشـــێن و وردە وردە ئاوایـیــەکـــەیان لێ دەردەکـەوێت. بەرەو کــۆشی خـاک شــۆڕ دەبنەوە، چەن دەورێک بەسـەر گـوندەکـەدا دەفـڕن، هیـچ شـتـێک لەسـەر جێگای خۆیدا نەماوە. هەمـوو شـتـێک بزر بووە، ژیانی تێـدا کـوژراوە و بۆتە مـەڵبــەندی مــردن. بەپۆل لەسـەر کەلاوەی کۆتر خانەکەیان دەنیـشنەوە، باڵ و دەندووک و قاچ و قـوولی بەچکە کـوژراوەکـانیـان دەناسنەوە، هەمـوو لەگــەڵ خــۆڵ و چرپی و خــوێن تێکەڵ بوون. گــەرووی گـوندەکە ئاخنراوە، نووزەی لێـوە نایەت. بێـدەنگـیـیـە و بێدەنگییە و کپی، لە پڕ یەکێک لەکۆترەکان پێ دەنێتە سەر پەنجەی یەکـێک لە دەسـتـە قـرتاوەکـانی پێـشـەوا. هەردوو باسکەکـــەی لە پەنای یەک کــــەوتوون. لە پڕ پەنجەکان بە یەکدا دەدرێن و شەقڵی بێدەنگی دەشکێ، کـوولەکـەی ڕوحی دێوی کـپی لە بەرد دەدرێ. کـۆترەکـان قوشقی دەبن و ڕادەچڵەکێن. پەنجەکان لە یەک دەدرێن و کـۆترەکــان باڵ دەگــرن. فـڕین دەزێتــەوە، شـەقـقـە باڵی کۆترەکان کرژی بێدەنگی خاو دەکاتەوە، پەنجە و دەستە قرتاوەکان چەپڵەکان بۆ یەکتر دەستێننەوە، هەموو باسکە قـرتاوەکـانی نێـو ئاوایی بە کـۆرس چەپڵــە لێ دەدەن. مـۆتەی بێـدەنگی لەسـەر سنگی دێ لادەچێ. شـریخـەی چەپڵـە هەتا حەوێقی ئاسـمـان دەفـڕێ. کـۆترەکـان هان دەدرێن و دەکەونە تەقڵەلێدان. شەققەی باڵی کۆترەکان و چەپڵــەی باسکە قـرتاوەکـان سـروودی مـان و نەتوانەوە دەچڕن. ئەشکەوتەکـانی ئەوبەر دێ، پڕ بە گـەروو بۆیان دەستێننەوە.

**٢٠٠٨ز**



# ماحویێ زارۆک و بەختێ فلە

**باڤێ خەجێ**
**(ستەنبۆل)**

مینا ئمی جاران ئامۆژنا وی، بەریا ژ خەورابوونا وی، گامێش ژ تەولێ بەردان. گامێشان رێیا خوە ناس دکرن، ب سەرێ خوە دچوون دەڤێ شکەفتەکێ ل گەلیێ زاگزاگێ د چیمەنان دە دچەریان. هەیام هەیاما فلە هەبوون. فلە هەموو گشیابوونە چیان و خوە دفەشارتن. د وێ شکەفتێ دە ژی تیپەک چەکدارێن فلان هەبوو. ماحۆ کو ژ خەو رابوو، هەڤانا خوە تژی نان و تۆراق کر، دا سەر شۆپا گامێشان چوو دەڤێ شکەفتێ. دیت گامێشێن وی ل ورا دچەرن. خوە را پالا خوە دا کەڤرەکی، ل نێزیکی دەڤێ شکەفتێ روونشت و کەتە کوورانیا خەیالان. ماحۆ و ب برێ خوەیی مەزن زاحۆ ئێتیم بوون. دا و باڤێ وان مربوون. ئەو ل جەم ئاپێ خوە قاسۆ دمان. ژ وان رە رێنجبەری و خولامی دکرن. ئاپ و ئامۆژنا وان دەولەمەند بوون، حال و وەختێ وان ل جی بوو. ل هەردو ئێتیمان، ئانەگۆری وی وەختی باش دنهێرین.

ماحۆ وی چاخی دەهـ- دوانزدەهـ سالی هەبوو. ئەو د ناڤ فلان دە مەزن ببوو، ئاپێ وی ئەو ب خولامتی ددان فلان، ژ وان رە ئیش دکر. د زەڤیێن وان دە باغ و باخچێن وان دە دخەبتی.. لێ د وان سالان دە ئێدی ل جەم فلان ئیش نەمابوو، تارا وان شەوتیبوو. حکوومەتێ فەرمانا سەرێ وان دەرخستبوو. دناڤ فلان و لەشکەرێ ئوسمانیان دە شەڕەکی دژوار دەستپێ کربوو. ژن و زارێ وان رەڤیبوون، مێرێ وان ژی چەک و سلاحێ خوە هلدابوون، کشیابوونە سەرێ چیان و ب مسلمانان رە شەڕ دکرن. ناڤبەرا وان و کوردان ژی ئێدی مینا بەرێ خوەش نەبوو. چما کو کورد مسلمان، ئەو ژی فلە بوون. فلان کو کورد بدیتانا ئەو دکوشتن، کوردان ژی کو ئەو بدیتانا وان ژی ئەو دکوشتن، یان ژی جیێ وان ژ لەشکەران رە دگۆتن. ژ لەورا، ترسا قاچاغێ فلان د دلێ ماحۆ دە هەبوو. دترسیا کو رۆژەکێ

دشکەفتەکێ سەر وان دە وەرە و لێخن، وی بکوژن. ئەو د ڤان خەیالان دە بوو، نشکاڤە ژ شکەفتێ دەنگێ مەرڤان بهیست، کو زڤڕی ل ور نهێڕی، دیت کو تیپەک چەکدار ل بەر دەرێ وێ خویا کرن. ناڤا ملێ وان رەختێ فیشەنگان، ل دەستێ وان ماویزەر هەبوو، ل سەرێ وان پاپاخێ رەش، د لەنگێن وان دە گیزمێ ئوورسی هەبوون، ل چاڤێ وان ئاگر دئاڤێت. مینا تەیرێ ئاتماجە نەوال و دەشت، گوند و خەبەردان پێ نەبوو. سەرەکێ وان زلامان ژێ رە گۆت:

– کوڕۆ تو کی یی؟

– کریڤۆ، ئەز ماحۆ مە، ئێتیمێ بەر دەستێ قاسمێ مستۆ مە، ئەو ئاپێ منە، ئەڤانا ژی گامێشێن وی نە.

سەرەکی فلان، لێ نهێڕی گونی وی پێ هات. ژخوە ژ ترسا دلەرزی، زێدە حێرسا خوە لێ نەئانی. هەما ب کورتی ژێ رە گۆت:

– رابە، زوو گامێشێ خوە ژ ڤرا ببە، هەڕە. جارەکێ دن ژی نەیێ ڤرا. تو جیێ مە ژ کەسی رە بێژی، ئەمێ وە هەموویان بکوژن و گوندێ وە بشەوتینن. تە سەح کر!

– بەلێ کریڤۆ!

ماحۆ، بێدەرەنگی بەرێ گامێشان دا گەلیکی دن. رۆژا خوە بۆراند. ئێڤارێ چوو مالێ و ژ ئامۆژنا خوە رە گۆتی کو سبێ بەریا گامێشبەردانێ وی شیارکە. گۆت: «من چیمەنەک خوەش دیتیە، ئەزێ گامێشان ببم ل ورا بچەرینم.» ئامۆژنا وی ژی وسان کر.

ماحۆ موغدارەکێ گامێشێ خوە نەبرە دەڤێ وێ شکەفتێ و بەحسا وان فلان ژ کەسی رە نەکر.

چەند رۆژ بۆری بوون، کو ماحۆ سبێ ژ خەوێ رابوو، دیت کو ئامۆژنا وی گامێشی بێ وی دیسا بەردانە وی گەلیێ، دەڤێ شکەفتێ. تەلاشەکێ ماحۆ گرت. نزانیبوو دێ چاوا بکە. نە ئەوێ هەڕە، نە ئەوێ نەچە. کو هەڕە یێ بکوژن، کو نەچە لازمە ژ ئامۆژنا خوە رە سەبەبێ نەچوویینا خوە بێژە. وێ چاخێ هەر کەسێ پێ بهیسە کو دگەلی دە فلە هەنە. ئەو خەبەرێ بکەڤە گوهێ لەشکەران، وێ د سەر گەلی دە بگرن. ئەو فلە یێ هەڤ بدنە بەر گولان. فلەیان دێ بمرن، یان ژی دێ خلاس بن. کو خلاس بن، دێ وەرن وان هەموویان بکوژن. عاقلێ وی تشتەک نەبڕی. رابوو ترسە ترس چوو کیلە رێ، ژ نان و خوارنێ چ دیت تژی هەڤانا خوە کر و بەرێ خوە دا گەلیێ زاگزاگێ، پەی شۆپا گامێشێ خوە.

چوو ل بەر دەڤێ شکەفتێ سەکنی، دیت کو ئەو چەکدارێ فلان هێ ل ورن. سەرەکێ وانا ب هێرس ژێ پرسی:

– کوڕۆ، مە ژ تە رە نەگۆت، جارەکێ دن نەیێ ڤرا؟ تو چما هاتی؟

– کریڤۆ، من ژ وەرە نان و پێخوارن ئانییە. کا کەرەم کن بخون.

کو فلان، ئەڤ گۆتنا بهیستن، هەموو ب هەڤ رە راهێلانە هەڤانا ماحۆ. مینا گوران خوارن. زەحف برچی بوون. چما کو ل وان نێزیکانا گوندێ فلەیان تنەبوو. نەوێربوون بچوونا دەرێ مالێ کوردان ژی... ژ لەورا سەرێ چیێ تەیر و تەبا، هەر چ بگرتانا ئەو دخوارن، یان ژی گیا، چێرە دخوارن.

ماحۆ کوورەکوور ل وان دنهێڕی. سەرەکێ وان گاڤا کو تێر نانێ خوە خوار، سەرێ خوە بلند کر، ل ماحۆ نهێڕی و ژێ رە گۆت:

– تو دکاری هەر رۆژ گامێشێن خوە بینی ڤرا. لێ جیێ مە ژ کەسی رە نەبێژە. ماحۆ سۆز دا، ب ناڤێ خوەدێ و ب قورئانێ سۆند خوار کو ژ کەسی رە نەبێژە. گاڤا کو مسلمانەکی، ب خوەدێ و قورئانی سۆند بخوارا فلان ژێ باوەڕ دکر.

موغدارەک وسان دەرباس بوو. د سەر رە چار- پێنج سال بۆری. فلە ژ وێ گەلیێ چوو بوون. ماحۆ ژی ببوو خورت. رۆژەکێ ئاپێ وی ترپانەک دا وی، یەک ژی دا برێ وی یێ مەزن زاهۆ، ب تەڤێ چەند گوندیان ڤە شاندنە سووتا خەلاتێ، گیهاندوروونێ، پالەتیێ.

وانا ترپانێ خوە دانە سەر ملێ خوە، گەلی ب گەلی بەرێ خوە دانە سووتا خەلاتێ، پالەتیا گیهادوروونێ. ل نەپەنیکێ تیپەک چەکدارێ فلان راستی وان هاتن. ئەو هەموو گرتن و دەستێ وان گرێدان و رەخ هەڤ رێزکرن کو وان بکوژن. سەرەکێ وان ئالیکی تەڤدیرا کوشتنا وان ددیت، ئالیکی ژی ژ وان رە ددا دژوون و چێران. دگۆت: «هوون باوەڕیێ ب محەمەد تینن. دە بلا وەرە وە خەلاس کە. ڤێ گاڤێ خلاسبوونا وە تنە. نە خوەدایێ وە، نە ژی محەمەد پێغەمبەرێ وە نکارە وە خلاس کە.» دگۆت و تۆلاز دکر. دەستێ وی دە قامچیک هەبوو، هەی جارا ب وی قامچی ژی ل گیزمێ خوە ددا شیقین ژێ دچوو.

ماحۆ، ب گوندیان ڤە، دلێ خوە دە گازی خوەدێ دکرن: «یارەبی تو مە ژ ڤی کافرێ دینبەتال خلاس کی.»

هێ خەبەردانا خوە خلاس نەکربوو، ژ دوور ڤە، تۆز و دوومانەک خویا کر. فلان گوتن: «ئەڤانە ژی هەڤالێ مەنن، بسەکنن، بلا ئەو ژی وەرن دەستێ خوە ب خوونا محەمەدیان بشۆن. ئەوانێ دهاتن چەند سیاربوون، چەکدارێن فلان بوون. بوو هەکە هەکە ئەوێ ئەولی، ژ سەرەکێ سیاران رە گۆت: «ئەڤانە محەمەدینن. مە هشتن کو، هوون ژی وەرن. ئەم تەڤ ب خوینا وان دەستێ خوە سۆر کن.» سەرەکێ سیاران هاتە جەم ماحۆ و گوندیان، ل ناڤا چاڤێ وان، لوبک لوبک نهێڕی، داویێ دەهات بەر ماحۆ سەکنی. لێ نهێڕی و بەر لێڤان دە بشری، گۆت: «تو من ناس دکی؟»

ماحۆ گۆت: «نا کریڤۆ.»

– چما کوڕۆ، ما تۆ کۆری؟

ماحۆ دەنگێ خوە نەکر.

– ئەز قازۆ مە. نایێ بیرا تە ل گەلیێ زاگزاگێ، تە ژ مەرە نان و پێخوارن د ئانی؟

پاشی ل وانێ دن زڤڕی: «من هوون هەمی دانە خاترێ ڤی خۆرتێ ببەخت.»

* * *

سۆفی ماحۆ، هەفتێ– هەشتێ سالی بوو. هنە جاران چاڤێ وی رێکە دوور دکشاندن. پاشێ کو سەر خوە دە دهات دگۆت:

– هەیلا قەدا بێ ل دنێ. بەخت دبە بەختێ فلان بە.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (ئانتۆلۆژیا چیرۆکێن نوو بهارێ) رووپەلێن (٥٩– ٦٢) هاتیە وەرگرتن، کو ژ ئامادەکرنا (ئایهان گەڤەڕی)یە و، چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (٢٠٠٨)ێ ل ستەنبۆل هاتیە چاپکرن و ژ وەشانێن (نووبهار)ێ بخوەیە. هەژی یە بێتە گۆتن کو چیرۆکنڤیس (باڤێ خەجێ) ل سالا (١٩٦١)ێ ل شارێ (وان)ێ ژ دایکبوویە. ل ئەردیشێ خوەندنا ناڤین بدوماهی ئینایە و، دووڤرا بڕوانامەیا مەلاتیێ ل «موش ئیمام هاتپ لیسەس)یێ وەرگرتیە و سێ سالان ل وانێ مەلاتی کریە. ل سالا (١٩٨١)ێ ل ئەرزەروومێ خوەندنا زانینگەهێ ل بەشا زمان و ئەدەبیاتێن عەرەبی – فارسی دەستپێ کریە و ل سالا (١٩٨٥)ێ بدوماهی ئینایە. و ژ وێ رۆژە ڤر دە ل ستەنبۆلێ کارێ وەرگەڕڤانیێ دکە. ب کوردی و تورکی نڤیسینێن خوە بەلاڤ دکە.**



# پیاوە قەڵەوەکە

**کارین بلیکسن***
**لە دانیمارکییەوە: ئازاد مەولوود**
**(دانیشمارک)**

ئێوارەیەکی مانگی نۆڤەمبەر تاوانێکی زۆر گەورە لە ئۆسلۆ ڕووی دا. کچۆڵەیەک لە خانوویەکی چۆڵ لە قەراخەکانی شاردا دەکوژرێ.

ڕۆژنامەکان وردەکارییەکانی تاوانەکەیان بە دوورودرێژی بڵاوکردەوە.

لە ڕۆژانی کورت و ساردی مانگی نۆڤەمبەر خەڵک لەسەر جادە لەبەردەم خانووەکە دەوەستان و سەیریان دەکرد.

کوژراوەکە کچی کرێکارێکی ڕقئەستوور بەرانبەر چەند ناهەقییەکی کۆن بوو.

بۆ بەدواداچوونی تاوانەکە پۆلیس تەنیا یەک تاقە شوێنپەنجەی شک دەبرد. دوکاندارێک ڕایگەیاندبوو کە ئێوارەی تاوانەکە، کاتێ خەریک بووە دوکانەکەی پێوە بدات، بینیویەتی منداڵەکە دەستی لە ناودەستی پیاوێکی قەڵەو بووە و بەوێدا تێپەڕیوە.

پۆلیس هەندێ کەسی سەرجادە و بێ ماڵ و حاڵ و بێ جێ و ڕێ و گومانلێکراوی گرتبوو، بەڵام ئاشکرایە ئەم جۆرە کەسانە قەڵەو نین، بۆیە ناچار سەرنجەکان بە لایەکی تردا ڕۆیشتن، بۆ لای فەرمانبەر و بازرگان و دوکاندارەکانی گەڕەک. پیاوە قەڵەوەکان بوونە مایەی سەرنج و تێڕوانین، بەڵام بکوژی منداڵەکە نەدۆزرایەوە.

لە هەمان مانگی نۆڤەمبەر قوتابییەکی زانکۆ بە ناوی کریستۆفەر لۆڤوندن خەریکی خوێندن بوو و خۆی بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادە دەکرد. ئەم قوتابییە خەڵکی باکووری نەرویج بوو، ئەو شوێنەی لە هەر ساڵێکدا شەش مانگی ڕۆژە و شەش مانگیش شەوە و خەڵکی دەڤەرەکەش لەگەڵ نەرویجییەکانی تر جیاوازن.

غەریبی و پەرۆشیی ناوچە شاخاوییەکان و دەریا سوێرەکانی دەڤەرەکەی خۆیان وای لە کریستۆفەر کردبوو کە لە نێو ئەو دنیای خشت و چیمەنتۆیەدا، نەخۆش بکەوێت.

کـەسـوکـاری لە هەرێمی باکـوور هەژار بوون و نەیاندەزانی ژیان لە ئۆسلۆ چەند گرانە. ئەویش حەزی نەدەکرد داوای یارمەتی و پارەیان لێ بکات. لە پێناوی دابینکردنی گوزەرانی خۆی وەکو قوتابییەک، کارێکی لە بارەکـەی " گـراند هوتێل " پەیدا کـردبوو و هەمـوو ئێوارەیەک لەو بارە لە هەشتی ئێوارە تا نیوەشەو ئیشی دەکرد. بە ڕوخسار گەنجێکی ڕێکوپێک و بە ئەدەب و بەڕێز بوو. ئەرک و ئیشی خۆی وەکو بارمان زۆر بە چاکی و بێ فرتوفێڵ جێبەجێ دەکرد. ئەم بۆ خۆی نەیدەخواردەوە، بەڵام جۆرە حەزێکی زانستییانەی لە پێکهێنان و ئامادەکرنی چەند چەشنە خواردنەوەیەک بۆ کەسانی تر، لا دروست ببوو.

بەم شێوەیە توانی ژیانی خۆی مسۆگەر بکات و لە هەمان کاتیشدا خوێندنەکەی خۆی بکات، بەڵام لەبەر بێ کاتی تێر نەدەنووست و زۆر هاموشۆی لەگەڵ خەڵکدا نەبوو.

بێجگە لە خوێندنەکەی خۆی هیچ کتێبێک و تەنانەت ڕۆژنامەیەکیشی نەدەخوێندەوە، بۆیە هیچ ئاگای لە دنیای دەوروبەری خۆی نەبوو. خۆیشی دەیزانی ئەم ڕەوشەی تێیدا دەژی ڕاست نییە، بەڵام بە ناچاری خەمی دەخوارد، بۆیەش بەردەوام سەختتر کاری دەکرد تا زووتر تەواوی بکات.

کە لەبارەکە دەوەستا هەمیشە هیلاک و ماندوو بوو، بەڕادەیەک جاری وا بووە بە پێوە و بە چاوی زەقەوە خەوی لێدەکەوت. شەوق و تیشکی چراکان و دەنگەدەنگ و غەڵبەغەڵبی ناو بارەکە سەری تەپ دەکرد، بەڵام کە لە دوای نیوەشەوان لە "گراند هوتێل"ەوە بەرەو ماڵ دەبۆوە، بای ساردی شەوان وریای دەکردەوە، بەڕادەیەک کە دەگەیشتەوە ماڵ و پێی دەنایە ژوورەکەی خۆی مەیلی خەو تەواو چاوەکانی بەردابوو.

دەیزانی ئەم ساتەوەختە بۆ ئەو ترسناکە، چونکە ئەگەر سەرنجی بۆ لای شتێک بچووبایە، ئەوە بە شێوەیەکی نائاسایی شتەکەی لێ دەبوو بە زیندوو و خەوی لە چاوانی دەزڕاند و ڕۆژی پاشتر خوێندنی پێنەدەکرا.

بڕیاری دابوو لەم ساتانە نەخوێنێ، کە جلەکانی دەگۆڕی تا بچێتە ناو جێ و بخەوێ، چاوەکانی لێکدەنا.

لەگەڵ ئەمەشدا شەوێکیان نیگای کەوتە سەر پارچە ڕۆژنامەیەک، کە لەو خواردنە پێچرابوو کە لەدەرەوە لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە. هەواڵێکی لەبارەی ڕووداوی کوشتنەکە لە ڕۆژنامەکە خوێندەوە. ڕۆژنامەکە هی دوو ڕۆژ پێشتر بوو. دوور نییە خەڵکی ئەم دەوروبەرە بەردەوام ئەم باسەیان لەسەر زاران بووبێ، بەڵام ئەو هیچ لەو قسانەی بەر گوێ نەکەوتبوون. ڕۆژنامەکە لایەکی دڕابوو، بۆیە کۆتایی دێڕەکانی پێوە نەمابوو. ناچار ئەو لە مێشکی خۆی کۆتایی دێڕەکانی تەواو کرد.

پاشتر هەرچەندی کردی نەیتوانی مەسەلەکە لە مێشکی خۆی بباتە دەرەوە.

وشەکانی "پیاوە قەڵەوەکە" وای لێکردبوو، وێنەی هەموو ئەو پیاوە قەڵەوانەی کە ناسیونی بەسەر پەردەی دیدە و خەیاڵیدا تێپەڕن، تا لە کۆتایی لەسەر یەکێکیان گیرسایەوە.

پیاوێکی زۆر پۆشتە و تێکسمڕاو هەبوو، کە زوو زوو دەهاتە بارەکە. کریستۆفەر دەیزانی کە ئەو کەسە نووسەرە، شیعر دەنووسێ و سەر بە ڕێبازێکی تەمومژاوی بوو و یەکێک بوو لە پیاوەکانی چینی سەرەوە و باڵاکانی کۆمەڵگە. کریستۆفەر خۆیشی کەمێکی لە شیعرەکانی خوێندبۆوە و هەڵبژاردنی وشە و زاراوە نائاسایی و جیاواز و هێماێامێزەکانی یەکجار کەوتبووە بەردڵ، کە ڕەنگەکانیان وەک وێنە کۆن و سەیرەکانی سەر شووشە وابوون.

لەم زستانەشدا شانۆگەرییەک لە نووسینی ئەم بە ناوونیشانی "گورگ" پێشکەش دەکرا. ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە تا ڕادەیەک ترسناک و تۆقێنەر بوو و پڕ بە باڵای بابەتەکە بوو، بەڵام لەبەر ئەو جوانکاری و شیرینییە سەیر و نائاسایی و ترسناکەی، شانۆگەرییەکە ببوو بە مایەی سەرنج، هەروەها ڕوخساری پیاوەکەش شتێکی زۆر تایبەت بوو. پیاوێکی قەڵەو بوو، قژێکی لوول و ڕەشی هەبوو، ڕوخسارێکی سپی و دەمێکی سووری بچووک و جووتە چاوێکی سەیر و زەردهەڵگەڕاوی هەبوو.

کریستۆفەر بیستبووی کە ئەم پیاوە لە دەرەوەی وڵات زۆر شتی کردووە.

ئەم پیاوە کردبووی بە خوو، هەموو جارێک کە دادەنیشت پشتی لە بارەکە دەکرد و تیۆربیە سەیر و سەمەرەکانی لەبەردەم کۆمەڵێک گەنجدا باس دەکرد. گەنجەکان بە چاوی ڕێز و ستایشەوە سەیریان دەکرد. ئەو پیاوە ناوی ئۆزواڵد سانیەن بوو.

کریستۆفەر هەرچەندی دەکرد وێنەی ئەم شاعیرەی لە

مێشکدا دەرنەدەچوو. بە درێژایی شەو ڕوخسارە سپی و پان و بەرینەکەی بە شێوە دەربڕینی جیاجیاوە لەبەرچاو بوو.

یەک دنیا ئاوی ساردی دەخواردەوە، کەچی هەستی دەکرد تەواو گیانی گەرم داهاتووە.

بیری لەوە دەکردەوە: ئەو پیاوە قەڵەوەی " گراند هوتێل"، هەمان ئەو پیاوە قەڵەوەی نێو ڕۆژنامەکەیە.

بەیانییەکەی ڕۆژی دواتر بە هیچ جۆرێک بە خەیاڵیدا نەدەهات بێ بە یەکێک لە پیاوە نهێنییەکانی پۆلیس.

ئەگەر بچێتە لای پۆلیس هەر دەربشی دەکەن، چونکە نە هیچ ڕاستییەکی لایە و نە بەڵگە و ئیسپاتێک و نە بنەمایەکی ئەوتۆ کە پشتی پێ ببەسترێ.

بێ گومان پیاوە قەڵەوەکە بەڵگەی خۆی بەدەستەوەیە، کە لە کاتی تاوانەکەدا لە شوێنێکی تر بووە. خۆی و هاوڕێکانی پێی پێدەکەنن و بە شێتی دادەنێن. دووریش نییە زۆر تووڕە بن و لە لای بەڕێوەبەری هوتێلەکە شکات بکەن و کریستۆفەر لەکارەکەی دەربکرێ.

ئەو دراما سەیرە بۆ ماوەی سێ هەفتە لە نێوان ئەو دوو ئەکتەرە گینگڵی دەخوارد و دەسووڕایەوە:

بارمانە گەنجەکە بە ڕوخسارێکی جدییەوە لەو دیوی بارەکە و شاعیرە دەم بە خەندەکە لە بەرانبەری. یەکێکیان هەموو هەوڵێکی دەدا تا لەم درامایە دەربازی بێ و ئەوی تریان هیچ ئاگای لە مەسەلەکە نەبوو. تەنیا یەک جار ئەو دوو کەسە ڕووبەڕوو، کەوتنە بەرانبەر یەک.

چەند ئێوارەیەکی کەم دوای ئەوەی کریستۆفەر ڕۆژنامەکەی بەرچاو کەوتبوو، ئۆزواڵد سانیەن لەگەڵ برادەرێکی هاتنە بارەکە. کریستۆفەر بە هیچ جۆرێک ئارەزووی نەکرد چاودێرییان بکات و خۆی بەسەریانەوە بکا بە جاسووس، بەڵام بەبێ ویستی خۆی، بۆ ئەو لایەی بارەکە دەچوو کە ئەوانی لێ دانیشتبوون.

ئەوان خەریکی باسی شیعر و واقیع بوون. برادەرەکە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئەو دوو شتە لای شاعیر یەکن، بۆیە ئەو لە ژیانی خۆیدا بەختەوەرە، کەچی شاعیرەکە لە دژی ئەو ڕایە بوو. دەیگوت ئەرکی شاعیر لە ژیاندا ئەوەیە خەڵک وا لێبکات کە شیعر بە واقیع بزانن و واقیعیش بە شیعر و ساتەوەختێکیان پێ ببەخشێ کە تێیدا بە شێوەیەکی تەماوی و ئاڵۆز بەختەوەر بن، بەڵام دەبێ شاعیر خۆی زۆر لە خەڵکی ئاسایی زیتر بە وردی هەوڵ بدات کە ئەم دوو شتە لەیەک جودا ڕابگرێ.

لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو: نەک بە پەیوەست بەوەی خۆشییان لێ دەبینیت. من خۆشی لە شیعر نووسین دەبینم. لە هەمان کاتیشدا خۆشی لە واقیع دەبینم، بەڵام من بەختەوەرم چونکە من غەریزەیەکی نائاساییم هەیە لە لێککردنەوە و جوداکردنەوەی ئەم دوو شتە.

کە هەڵبەست دەبینم، دەزانم ئەمە هەڵبەستراوە، کە واقیعیش دەبینم دەزانم ئەمە واقیعە.

ئەم کورتەیەی گفتوگۆکە هەر لە مێشکی کریستۆفەر مایەوە و چەندین جار لە زەینی خۆیدا هەڵگێڕ و وەرگێڕی دەکرد. بۆ خۆی پێشتر بیری لە زاراوەی "بەختەوەری" کردبۆوە و هەوڵی دابوو تێبگات ئاخۆ شتێکی لەو بابەتە لە ڕاستیدا هەیە. ئەو پرسیارەی لەخۆی کردبوو، ئایا کەسانێک هەن بەختەوەر بن. ئەگەر هەبن ئەوانە کێن؟

ئەم وشەیە زیتر لە جارێک بەسەر زاری دوو پیاوەکەی ناو بارەکەدا هات. وادیارە ئەوان بەختەوەرن. قەڵەوەکە کە واقیعناس بوو، دەیگوت من بەختەوەرم.

کریستۆفەر ئیفادەی دوکاندارەکەی بەبیردا هاتەوە. گوتبووی لەو کاتەی کچە بچکۆلەکە لەژێر باراندا و بە شەقامەکەدا بەلایدا ڕەت بووە، بەختەوەری بە سیمایەوە دیار بووە، وەکو ئەوەی یەکێک گفتێکی خۆشی پێدابێ، یان وەک ئەوەی بەرەو شتێکی خۆش هەنگاو بنێت، بۆیە بە هەڵبەزین و سەماکردنەوە ڕێگای گرتبووە بەر. کریستۆفەر بیری کردەوە:

ئەی ئەو پیاوەی بە تەکییەوە بوو؟ ئایا ئەویش بەختەوەری و شادمانی بە ڕوخسارەوە دیاربووە؟ ئایا ئەویش دڵی بەو شتە خۆش بووە کە هەنگاوی بۆ دەنا؟ دوکاندارەکە فریا نەکەوتبوو ڕوخساری پیاوەکە ببینێ، بەڵکو هەر لەدواوە بینیبووی.

ئێوارە دوای ئێوارە کریستۆفەر چاودێری پیاوە قەڵەوەکەی دەکرد تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی هەست بکات ڕۆژگار خەریکە لێی دەکات بە سوعبەتێکی ناخۆش و بۆ هەر کوێیەک دەچێ ئەو پیاوەی لەگەڵدایە، لە کاتێکدا پیاوەکە هەر هەستیشی بە بوونی ئەو نەدەکرد. ئیتر وردە وردە هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە چاودێری کردنەکەی خەریکە کاریگەری بەسەر کابراوە دەبێ و بە جۆرێک لە جۆرەکان گۆڕانکاری لێ بەدیار دەکەوێ. تا دەهات

قەڵەوتر و سپیتر دەبوو، چاوەکانی زێتر زەرد هەڵدەگەڕان. هەندێ جار ئەویش وەکو کریستۆفەر هیچ گیانی تێدا نەدەما. قسە خۆش و نەپچڕانەوەکانی گران دەبوون و لەسەرخۆتر لەدەمی جۆگەیان دەبەست. جارجارەش لە قسەکردندا هەڵوەستەیەکی دەکرد بێ ئەوەی هیچ هۆیەکی هەبێ، وەکو ئەوەی قسەی بۆ نەیە و بەدوای وشەکاندا بگەڕێ.

ئەو کاتانەی ئۆزواڵد سانیەن تا درەنگ دەمایەوە و لە کاتی داخستنی بارەکە لە ژوورەکەی لای دەرگە خەریکی لەبەرکردنی پاڵتۆ تووکنەکەی بوو، کریستۆفەر خۆی دەدزییەوە و لە دەرەوە چاوەڕێی دەکرد. زۆربەی کات ئۆتۆمبێلە گەورەکەی سانیەن لەوێ وەستابوو، ئیتر هەر کە لە بارەکە دەهاتە دەرەوە سواری دەبوو و ئەوێی بەجێ دەهێشت، بەڵام دوو جاران وابوو بە شێنەیی بەسەر شەقامێکدا بڕوا و کریستۆفەر دوای کەوت. لەم ڕەفتارەیدا خۆی وەکو مرۆڤێکی بەدکاری ئەوتۆ دەهاتە بەرچاو کە لە شەوانی کۆڵان و شەقامەکانی شاردا پێشبینی بە کردارەکانی نەکرێ. ئەوەتا بەدزییەوە دوای کابرایەک کەوتووە، کە هیچ پێوەندی بەوەوە نییە و هیچی لەو نەکردووە، هیچیشی لەبارەوە نازانێ، هەر لە خۆڕا ڕقی لێی دەبێتەوە.

لە جاری یەکەمدا وای بۆ چوو کە پیاوە قەڵەوەکە ئاوڕێکی ئەولای دایەوە، ئنجا ئاوڕێکی لایەکەی تری دایەوە، وەکو ئەوەی خۆی دڵنیا کاتەوە کە کەسی بەدواوە نییە، کەچی جاری دووەم بێ ئاوڕدانەوە ڕێک ڕۆیشت. کریستۆفەر کەوتە ئەوەی پرسیار لەخۆی بکات، ئاخۆ ئەو ئاوڕانەی جاری یەکەم ڕاست بوون، یان هەر ئەو لە خەیاڵەوە دەیبینین.

ئێوارەیەکیان شاعیرەکە، کە لە بارەکە لەسەر کورسییەکی نەرمونیان دانیشتبوو، خۆی بۆ لای بارمانەکە وەرگێڕا و سەیرێکی کرد.

کات بەرەو دوادوایی مانگی نۆڤەمبەر دەچوو، لە پڕێکدا کریستۆفەر هەستی کرد تەنیا یەک هەفتەی ماوە بۆ تاقیکردنەوە. ترسێکی گەورە دایگرت و تووشی هەستێکی یەکجار ناخۆش بوو بەوەی ئەرکەکانی خۆی فەرامۆش کردووە. بیری لە دوارۆژی خۆی و لە کەسوکاری لە هەرێمەکانی باکوور کردەوە. ئەو ترسەی سەرتاپای هەناوی داگیر کردبوو، تا دەهات توندتر دەبوو. ناچار دەبووایە ئەم داگیرکردنە لەخۆی دامالێ و ئەو ترسە لەخۆی دەرکات، ئەگینا تێکی دەشکێنێ.

لەم ئانەدا شتێک ڕووی دا لە چاوەڕوانی بەدەر. ئێوارەیەکیان ئۆزواڵد سانیەن ویستی زوو هەڵسێ و بڕواتەوە. هاوڕێکانی مەجلیس داوایان لێکرد زێتر لایان بمێنێتەوە، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو.

"نەخێر، پێویستم بە حەسانەوە هەیە" وەڵامی دانەوە. "دەبێ بحەسێمەوە"

کە ڕۆیشت یەکێک لە هاوڕێکانی گوتی: " ئەم ئێوارەیە وێنەدەچوو وەزعی باش بێ. زۆر گۆڕاوە. بێ گومان شتێک هەیە ناڕەحەتی بکات". یەکێکی تر وەڵامی دایەوە: " هەر مەسەلە کۆنەکەیە، ئەوەی ئەوسا کە لە وڵاتی چین بوو، بەڵام پاشتر دەبووایە ئاگای لەخۆی بێ. ئەم ئێوارەیە مرۆڤ بیری ئەوەی بۆ دێ کە ئەم ساڵەی تاسەر پێ تەواو ناکرێ".

کە کریستۆفەر گوێی لەم قسانە بوو لە جیهانی ڕاستەقینە و دەرەوەی ناخی ئەوەوە دەهاتن، لە پڕ هەستی کرد وەک ئەوەی بارێکی قورسی لەسەرشان هەڵستا بێ. ئەوەی بەلای کەم لەم جیهانەدایە ئەوەیە کە بوونی ئەو پیاوە ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە، ئەوە نییە خەڵکی وا باسی دەکەن.

" لەوانەیە شتێکی چاک بێ" لە بیری خۆیدا گوتی " لەوانەیە ڕێگایەک بێ بۆ دەربازبوون، ئەگەر بتوانم ئەم باسە لەگەڵ یەکێک بکەمەوە".

پێی باش نەبوو ئەم نهێنییە لای هیچ یەکێک لە هاوڕێ قوتابییەکانی بدرکێنێ، دەیهێنایە بەرچاوی خۆی کە گفتوگۆیەکی ئاوا بەرەو کوێی دەبا.

بۆ یارمەتی ڕووی لە کوڕێکی زۆر سادە و ساکار کرد کە لە بارەکە قاپی دەشووشت، ناوی یالمار بوو.

یالمار بە تەمەن دوو – سێ ساڵ لەو بچووکتر بوو. ئەم کوڕە لەدایکبووی شاری ئۆسلۆ بوو و هەر لەوێش گەورەبووە. لەمەڕ شارەکە هەرچی پێویست بوو، ئەو کوڕە دەیزانی، کەچی لەمە بەولاوە زانیارییەکانی زۆر کەم بوون. یالمار هەمیشە پێوەندی لەگەڵ کریستۆفەر پێوەندییەکی دۆستانە بوو. زۆری حەز دەکرد دوای تەاوبوونی کارەکەیان کەمێک لەگەڵ کریستۆفەر لە ژووری قاپ شتن قسە بکات، چونکە دەیزانی کریستۆفەر هەرگیز قسەکانی پێنابڕێ. یالمار گیانێکی شۆڕشگێڕانەی هەبوو و بەردەوام دەکەوتە باسی میوانەکانی بارەکە، ئەو دەوڵەمەندە تەوەزەلانەی لەگەڵ

کچە جوان و لێو بە سووراو و نینۆک سوورەکان بە ئۆتۆمبێلە زلەکانیان بەرەو ماڵەوە دەخشین، لە کاتێکدا دەریاوانە مووچەکەمەکان گوریسە بە قیر و زفتەکانیان ڕادەکێشا و جووتیارە ماندووەکان سەری ئەسپە شەکەتەکانی جووتکردنیان بەرەو تەویلەکان ڕادەکێشا. کریستۆفەر حەزی دەکرد ئەو کوڕە واز لەو قسانە بێنێ، چونکە لەو ساتەوەختانەدا غەریبییەکی ئەوەندە بە سوێی بۆ گەمی و بەلەم و کەشتی و قیر و زفت و بۆنی ئەسپی لە ئارەقە شەتەکدراو هەڵدەستا، بەڕادەیەک لێی دەبوو بە ئازاری جەستە. کە بیری لە مەسەلەی بردنەوەی ئەو ئافرەتانە دەکردەوە بۆ ماڵ، کە یالمار باسی لێوەدەکردن، هەستی بە فەزاعەتێکی ترسناک دەکرد.

ئەم جۆرە هەستکردنە بەلای ئەوەوە نیشانەیەک بوو بۆ ئەوەی کۆئەندامی مێشکی تەواو نییە.

هەر کە کریستۆفەر باسی کوشتنەکەی بۆ یالمار کرد، یەکسەر پێی لەسەر ئەوە داگرت کە کابرایەک وەزیفەی یاریدەرەی هەیە لە موبەقی هوتێلەکە، هەموو شتێک لەمەڕ ئەم مەسەلەیە دەزانێ.

گیرفانەکانی یالمار پڕبوون لە پارچە ڕۆژنامە، کە پڕبوون لە باسوخواسی تاوانەکە و ئەو کەسانەی لەسەری دەسگیر کرابوون و نامەی تووڕەی خەڵک لەمەڕ خاو و خلیسکی پۆلیس و زۆر شتی دیکە.

کریستۆفەر هەرچەندی دەکرد نەیدەزانی چۆن تیۆرییەکەی خۆی بۆ یالمار ڕوون بکاتەوە.

لە دواییدا گوتی: "دەزانی چی یالمار... من لەو باوەڕەدام ئەو پیاوە قەڵەوەی لێرە لەو بارەیە، بکوژەکەیە".

یالمار چاوی تێبڕی و دەمی بەش بۆوە. یەک چاوتروکان پاشتر هاتە سەر هەمان باوەڕ، بریقەیەک بەچاوانییەوە بە دیار کەوت.

هێندەی نەبرد یالمار پێشنیاری کرد کە پۆلیس ئاگادار بکەنەوە.

کریستۆفەر هەوڵێکی زۆری دا و بە زەحمەت توانی هاوڕێکەی بێنێتە سەر ئەو قەناعەتەی خۆی کە مەسەلەکە لەبەر دەستیان ئەوەندە بێ هێزە، تەنانەت دوور نییە بە شێتیشیان بزانن، کەچی یالمار لە جاران ڕشتتر بوو و زێتر پێی داگرت، کە دەبێ خۆیان دەوری پۆلیس بگێڕن تا دەگەنە ڕاستییەکە.

ئەمە بۆ کۆیستۆفەر ئەزموونێکی سەیر بوو تا ئەو خەونە ناخۆشەی سەرقاڵی کردبوو وا لەبەر ڕووناکی گەش و سپی ژووری قاپشتن دەخرێتەڕوو و لەلایەن کەسێکی دیکەی زیندوو وەکو خۆی گفتوگۆی لەسەر دەکرێ.

ئەمە لە لایەک جۆرێک هێمنی پێدەبەخشی و لە لایەکی دیکەشەوە ناڕەحەتی دەکرد.

هەستی دەکرد چۆن خنکاوێک خۆی بە مەلەوانێک شوڕ بکاتەوە، ئاوا توند دەستی بەو هاوڕێیەوەی گرتووە. ترسی ئەوەی لێنیشتبوو بەیەک چاوتروکان مەلەوانەکە لەگەڵ خۆی نقومی ژێر دەریای تاریک و بێ بنی بکات.

ئێوارەی دواتر یالمار بە کریستۆفەری گوت کە پێویستیان بە جۆرە پلانێکە تا بتوانن بکوژەکە کتوپڕ و لەهیکرا وا لێ بکەن خۆی ئاشکرا بکات.

ماوەیەک کریستۆفەر گوێی بۆ چەندین پێشنیاری جیاجیای هاوڕێکەی شل کرد، ئنجا خەندەیەکی کرد و گوتی:

"یالمار، تۆ پیاوێکی ئەوتۆی....." قسەکەی تەواو نەکرد، ئنجا پاشان گوتی "نا، نەخێر"

" یالمار، تۆ زانیاریت لەسەر ئەم شانۆنامەیە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێم بدە با هەندێکی تریشت بۆ باس بکەم".

......من بیستوومە وا ڕوودەدا هەندێ جار تاوانکاران کە دانیشتوون و شانۆگەرییەک دەبینن و هونەری دیمەنەکە ئەوەندە قووڵایی ناخیان دەتەنێتەوە یەکسەر دان بە تاوانەکانیاندا دەنێن، چونکە کوشتن، هەرچەندە زمانیشی نییە، بە شێوەی ئاڵۆز دەدوێت....."

" من زۆر بە باشی تێدەگەم" یالمار وەڵامی دایەوە.

" تۆ بەڕاستتە" کریستۆفەر پرسی " کەواتە با شتێکی تریشت پێ بڵێم:

من ویژدانی پاشام مەبەستە، ئەم شانۆگەرییە دەبێتە تەڵەی گرتنی"

" ئەمە لە کوێوە فێر بوویت؟" یالمار پرسیاری کرد.

"لە شانۆنامەیەک بەناوونیشانی هاملێت" کریستۆفەر وەڵامی دایەوە.

" جا چۆن دەتەوێ کاری لەتەکدا بکەیت؟" یالمار دووبارە پرسییەوە. کریستۆفەر ماوەیەک بێ دەنگ بوو، ئنجا هاتە قسە و گوتی:

"گوێ بگرە، یالمار، تۆ پێت گوتم خوشکێکت هەیە"

"بەڵێ" یالمار وەڵامی دایەوە " پێنج خوشکم هەیە"

" بەڵام خوشکێکت لەوانە نۆ ساڵە" کریستۆفەر گوتی " ڕێک لە تەمەنی (ماتیا)"

"ڕاستە" یالمار وەڵامی دایەوە.

"ئەویش" کریستۆفەر لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، " مشەمایەکی بارانی هەیە کە کڵاوی پێوەیە، وەک ئەوەی (ماتیا) ئێوارەی ڕووداوەکە لەبەری بوو"

"وایە" یالمار گوتی.

کریستۆفەر کەوتە لەرزین. ئەو کۆمیدیایەی لە مێشکیان بوو پێشکەشی بکەن هەندێک پێشێلکاری تێدا بوو. نەیدەتوانی لەسەری بەردەوام بێت، ئەگەر بە تەواوی هەست نەکات کە هزر و مێشکی پێ بەندە.

"گوێ بگرە، یالمار" گوتی "ئێوارەیەک دادەنێین کە ئەو پیاوە لێرە لە بارەکە بێت. تۆش وابکە خوشکە بچووکەکەت مشەماکەی بارانی بکاتە بەر و لەگەڵ یەکێک لە خوشکە گەورەکانت بێت بۆ ئێرە. پێی بڵێ هەر کە لە دەرگە هاتە ژوورەوە، بەناو خەڵکەکەدا یەکسەر بێتە لای بارەکە و شتێک بداتە من... نامەیەک یان هەر شتێکی تر، منیش لەبەرانبەر ئەمەدا پارەیەکی دەدەمێ. هەر کە نامەکەی لەسەر مێزەکە دانا، یەکسەر پارەکە هەڵدەگرێ و دووبارە بەناو خەڵکەکەدا بگەڕێتەوە".

"باشە" یالمار لە وەڵامدا گوتی.

" ئەگەر بەڕێوەبەرەکە پرسی ئەمە چی بوو، بۆی ڕوون دەکەینەوە کە هیچ نییە تەنیا هەڵەیەک بوو".

"باشە" یالمار گوتی.

"من خۆم" کریستۆفەر گوتی "من خۆم دەبێ لە پشت بارەکە ڕاوەستم. ناتوانم دەموچاوی ببینم، چونکە ئاشکرایە ئەو کە دادەنیشێ و لەگەڵ خەڵک دەکەوێتە قسە، پشتی لە بارەکە دەکات، بەڵام تۆ لەو دەمەدا واز لە قاپ شتن بێنە و برۆ لای دەرگەکە بوەستە. لەوێوە سەیری دەموچاوی بکە".

"وابزانم پێویست ناکات سەیری دەموچاوی بکەیت" یالمار گوتی "یان ئەوەتا دەقیژێنێ، یان دەبوورێتەوە، یان لە خۆی هەڵدەدا و ڕادەکات".

" بەڵام نابێ هەرگیز بە خوشکەکەت بڵێی" کریستۆفەر گوتی "بۆچی بانگی ئێرەمان کردووە".

"نەخێر، هەرگیز پێی ناڵێم" یالمار وەڵامی دایەوە.

یالمار ئەو ئێوارەیەی بۆ تاقیکردنەوەکە تەرخان کرا، بێ دەنگ و مکوڕ بوو، بەڵام کریستۆفەر زۆر دوودڵ بوو. گەیشتە ئەو ڕادەیەی یەک دوو جاران خەریک بوو دەست لە مەسەلەکە هەڵگرێت، بەڵام باشە ئەگەر دەست هەڵگرێت - لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە بتوانێ یالماریش تێبگەیەنێ و لەم بڕیارەی لێی ببورێ - خۆی لەپاشان چی لێ دێت؟

ئۆزواڵد سانیەن بە هەمان شێوەی جارانی خۆی لەسەر کورسییەک، پشت لە بارەکە، دانیشتبوو. کریستۆفەر لە پشت بارەکە وەستابوو. یالمار لەلای دەرگەی دەرەوە وەستابوو و چاوەڕێی خوشکەکەی بوو.

کریستۆفەر لە جامی دەرگەکەوە بینی وا منداڵەکە لەگەڵ خوشکێکی لە خۆی گەورەتر دێتە ژوورەوە. خوشکە گەورەکە شەپقەیەکی لەسەر بوو پەڕەمووچەیەکی پێوەبوو. لەم مانگانەی زستاندا خەڵکی نەیاندەهێشت منداڵەکانیان ئێواران بە تەنیا بچنە دەرەوە.

یەکسەر بیری بۆ لای مەسەلەیەک ڕۆیشت، کە هەرگیز پێشتر بیری بۆی نەچووبوو.

"بەر لەم ئێوارەیە" خۆی بە خۆی دەگوت " هەرگیز لەم شوێنەدا ئەوەندە بێدار نەبوومە، ئەگینا جارێک سەرنجم هەر بۆی دەچوو".

لەم بەر و ئەو بەری دەرگەی دەرەوە دوو ئاوێنەی گەورە هەڵواسرابوون، تێیاندا دەیتوانی دەموچاوی ئەو کەسانە ببینێ کە پشتیان دەکەوتە ئەو. وا ئێستا لە ئاوێنەکان ڕوخساری ئۆزواڵد سانیەن دەبینێ.

کچە بچکۆلەکە بە مشەمای بەری و کڵاوی سەریەوە، دەرگەکەی بە زەحمەت بۆ دەکرایەوە، بۆیە ناچار براکەی دەستی یارمەتی بۆ درێژ کرد. یەکسەر ڕووەو بارەکە هات، بە ڕۆیشتنێک نە خێرا و نە لەسەرخۆ، نامەکەی خستە سەر مێزەکە و پارەکەی خۆی هەڵگرت. لەم ئانەدا دەموچاوە ڕەنگ زەرد و بچووکەکەی لە ژێر کڵاوەکەیدا یەک تۆز بەرەو ژوور لار کردەوە و بۆ خواحافیزی کردن نەرمە خەندەیەکی سوحبەتئامێزی ئاراستەی کریستۆفەر کرد، وەک بڵێی ئەو مامرەتەی لە نێوانمان بوو، تەواومان کردبێ. دواتر ڕووی وەرگێڕا و نە خێرا و نە لەسەرخۆ بەڕێی خۆیدا گەڕایەوە و لە دەرگەکە چووە دەرەوە.

"باش بوو؟" ئەم پرسیارەی لە براکەی کرد کە لە لای دەرگەکە وەستابوو و چاوەڕوانی دەکرد. یالمار سەرێکی بۆ لەقاند، بەڵام کچۆڵەکە دەربڕینی دەموچاوی براکەی بەلاوە سەیر بوو، بۆیە سەیرێکی خۆشکە گەورەکەی کرد تا بۆی ڕوون بکاتەوە. یالمار لەناو دەرگەکە وەستا تا

هەردوو خوشکەکانی لە سووچی شەقامە تەڕەکە لە چاو بزر بوون. کە دەرگەوانی هوتێلەکە لێی پرسی بە چ کارێک لەوێ وەستاوە، یەکسەر ڕای کردە دەرگەکەی پشتەوە و گەڕایەوە شوێنی قاپ و پەرداخ شووشتنەکەی خۆی.

کابرایەک لە پێش بارەکە وەستابوو و داوای خواردنەوەیەکی کردبوو، سەیرێکی بارمانەکەی کرد و پێی گوت: "گوێت لێبێ، ئەوە چیتە، ناساغی؟" بارمانەکە ورتەی لە دەمەوە نەهات. ورتەشی لە دەمەوە نەهات کە سەعاتێک دوای ئەمە چووە لای هاوڕێکەی لە ژووری قاپشتن.

یالمار گوتی: "ها، کریستۆفەر...نە بووراپەوە و نە هاواریشی لێ هەڵسا، وا نییە؟"

کریستۆفەر گوتی: " ڕاست دەکەی"

یالمار کەمێک وەستا ئنجا گوتی: " ئەگەر ئەو بێ، مانای وایە کابرایەکی زۆر قایمە"

کریستۆفەر ماوەیەکی دوور و درێژ وەستا و سەیری پەرداخەکانی دەکرد. دواجار گوتی: "تۆ دەزانی بۆچی نەبووراپەوە و هاواریشی لێ هەڵنەستا"؟

"نەخێر" یالمار وەڵامی دایەوە "بۆ"؟

کریستۆفەر گوتی: چونکە ئەوەی بە بەرچاوی ئەودا هات، تاکە شتێکە کە بە بەرچاوی ئەوەوە سەیر نەبێ، شتێکە لای ئەو چاوەڕوانکراوە. ئەو ئێستا تەنیا ئەوە دەبینێ. هەموو پیاوەکانی تری ناو بارەکە، بە بینینی کچە بچکۆلەکە تووشی سەرسوڕمان هاتن بە مشەمای بەریەوە بەنێو ئێرەدا گوزەر بکات، من لە ئاوێنەکەوە سەرنجم دایە دەموچاوی پیاوە قەڵەوەکە و بینیم لەو کاتەی کچۆڵەکە پێی نایە ژوورەوە چۆن نیگای کەوتە سەری و چۆن چاوی هەر لەسەری بوو تا چووە دەرەوە، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێک بەسەر دەموچاویدا بێت".

"چۆن"؟ یالمار پرسیاری کرد. دوای ماوەیەکی کورت هەمان پرسیاری دووبارە کردەوە "چۆن"؟

" وەکو پێم گوتی، ئاوایە" کریستۆفەر گوتی "وێنەی کچێکی بچکۆلە بە کڵاوی بارانەوە. ئەم پیاوە بۆ هەر کام لا چاوی وەرگێڕێ هەر ئەو وێنەیەی لەبەر دیدەیە. ئەوە سێ هەفتەیە ئەو کچۆڵەیە لێرە لەو بارە، لە شەقام، لە ماڵی خۆی، لە هەموو شوێنێکدا لەگەڵیدایە".

دوای ئەم قسانە هەردووکیان بۆ ماوەیەکی درێژ بێ دەنگ بوون.

یالمار پرسی: "باشە، بچین ئێستا ئاگاداری پۆلیس بکەینەوە؟"

"نا، پێویست ناکات" کریستۆفەر وەڵامی دایەوە. "پێویست ناکات من و تۆ هیچ بکەین. من و تۆ دەست نادەین بۆ ئەوەی لەم مەسەلەیە بکۆڵینەوە. (ماتیا) خۆی بە پێی پێویست ئەو کارە دەکات. هەنگاوە سووک و بچووکەکانی ئەو هەمیشە بەدوای هەنگاوەکانی ئەوەوەن. شێوەی تێڕوانینی بەرانبەر بەو، وەکو شێوەی تێڕوانینی سەعاتێک لەمەوبەری خوشکەکەی تۆیە بەرانبەر بەمن.

ئەو پیاوە پێویستی بە حەسانەوە هەیە، گوتی. تەنیا (ماتیا) دەتوانێ ئەم حەسانەوەی بۆ دابین بکات بەر لەوەی ساڵ تەواو بێت.

***کارین بلیکسن ١٨٨٥ /٤/١٧ - ١٩٦٢/٩/٧ خانمە نووسەرێکی دانمارکییە، ناوی تەواوی (کارین کریستێنتسە دینەسن)ە، لە جیهان بەناوبانگە و بەرهەمەکانی وەرگێڕاونەتە سەر چەندین زمان.**

**لە ساڵی ١٩١٣ کێڵگەیەکی قاوە لە وڵاتی کینیا بەڕێوە دەبا.**

**لە ساڵی ١٩١٤ شوو بە بارۆنێکی سویدی دەکا کە زڕئامۆزای خۆیەتی بە ناوی (برۆر ڤۆن بلیکسن فینیکە).**

**لە ساڵی ١٩٢٢ لەگەڵ مێردەکەی جودا دەبنەوە و لە ١٩٢٥ ژن و مێردایەتییەکەیان بە تەڵاق کۆتایی پێدێت.**

**لە ١٩٣١ کێڵگەی قاوەکەی مایەپووچ دەردەچێ و دەگەڕێتەوە دانمارک.**

**لە ١٩٣٤ دوای ئەوەی "حەوت حیکایەتی سەرسوڕهێنەر" بڵاو دەکاتەوە، وەکو نووسەر دەناسرێ.**

**زۆر لە بەرهەمەکانی کراونەتە فیلمی سینەما، دیارترینیان فیلمی (Out of Africa)یە کە لە ساڵی ١٩٨٥ لە هۆلی ود بەرهەم هێنراوە، کە لە کتێبی (کێڵگەکەی ئەفریقیا) وەرگیراوە و تا ڕادەیەکی زۆر باسی ژیانی خۆی دەکات. ئەم فیلمە لە نواندنی (میریل ستریپ) و (ڕوبەرت ڕێدفۆرد)ە و لە دەرهێنانی دەرهێنەری بەناوبانگ (سیدنی پۆلاک)ە.**

**چیرۆکی (پیاوە قەڵەوەکە) یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٣ لە گۆڤارێک بە ناوی "ماڵەوە" بڵاو کراوەتەوە، دواتر لە کتێبی "چەند حیکایەتێکی بەجێماو" چاپکراوە.**

**سەرچاوە:**

**Karneval og andre fortællinger, Karen Blixen,Chap: 4, 2008, Gyldendal, København- Danmark, P. 470**

# عەبدی لات

الیاس المقدسی
وەرگێرانی: سابیر ڕەشید

**لە دەقی سیمفۆنیای یاخیبوون**
**داڕشتن و ئامادەکردنی: سەباح عەبدولڕەحمان**

**شوێن:** پەرستگایەک
**کات:** سەردەمی سۆمەری
**دیمەن:** بەگشتی نەگۆڕاوە.. بەردێک لە شێوەی پایەیەکی درێژ لەبەردەم میحرابی (ئێل یۆ)ی ڕاکشاوە خواوەند کە بەرزاییەکەی سێ جای باڵای مرۆڤە، یەکپارچە سپی پۆشە و پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگی لێ ئاڵاوە. میحرابەکە لە شێوەی دەروازەیەکی ڕەش و تاریک لەناو سکی پەیکەرەکەدا دیارە. دوو ستاندی بەردین بە بەرزایی مەترێک لە ڕاست و چەپی پەیکەرەکەدا دامەزراون، یەکێکیان قەڕابی شەراب و جامێکی لەسەرە، ئەوەی تریان مەشخەڵێکی ئاگر، دوو سەکۆی بەردین لە ڕاست و چەپی پێشەوەی شانۆدا هەر یەکە و ئاگردانێکی دووکەڵاوی لەپێشە. سەرتاپای پانتایی پەرستگەکە بە سایکی ڕەش داپۆشراوە.



**کارەکتەر**
**عەبدی لات:** کۆیلەیەکی پەرستگە بەردەست و خزمەتکاری ئێل یۆ، تەمەنی سی ساڵە.
**نارام سین:** پەیکەرتاش تەمەنی پەنجا ساڵە.
**ئۆرۆب:** پاکیزەیەکی پەرستگە- خۆشەویستی عەبدی لاتە، تەمەنی بیست و پێنج ساڵە.
**گۆلیانا:** گەورەی پیاوە ئایینییەکانی پەرستگەیە، تەمەنی شەست ساڵە.

* * *

**تابلۆی (١)**
لەنێو تاریکی شانۆدا- دەنگی موزیک- ڕووناکی- جووڵەی تارایەکی سوور لەسەر عەرز لە شێوەی بەیەک گەیشتنەوەی دوو عاشق هێڵێکی ڕووناکی سوور لە ناوەڕاستی شانۆدا دابەش دەکات موزیک بەرز دەبێتەوە، ڕووناکی زیاد دەکات، دەنگی کچ و کوڕێک تێکەڵ بە

موزیک دەبێت- هێڵە سوورەکە بۆ سەرەوە هەڵدەکشێ- تارا سوورەکە بە دوو بەش لە شێوەی سەمایەکی سرووت ئامێز لەگەڵ بەرزبوونەوەی تاراکە ڕووە و ئاسمان- دەنگی زەنگی پەرستگە کۆتایی بە سەماکە دێنێ، عەبدی لات و ئۆرۆب وەک لە خەوێک ڕابچەڵەکێن و نەیانەوێت دەستبەرداری یەک بن. (دەنگی دووەمی زەنگ- عەبدی لات لە پایەکە دێتە خوارەوە و بەرەو لای ڕاستی پێشەوەی شانۆ هەست ڕادەگرێ (پەیکەری خواوەند) لە عەرزەوە بەرز دەبێتەوە (دەنگی سێیەمی زەنگ) ئۆرۆب سەیری پەیکەرەکە دەکات و لەناو سکی خواوەند بزر دەبێ. عەبدی لات بۆ لای چەپ ڕادەکات و هەست ڕادەگرێ. نارام سێ لای قەڕابەی شەرابەکە دەردەکەوێ. عەبدی لات بە ئاراستەی میحرابەکە ڕادەکات و هەست بە بوونی نارام سێ دەکات لە مەشخەڵە ئاگرێک وەردەگرێ و دەیەوێت ڕووبکاتە ئاگردانەکانی پێشەوە، نارام بە جامی شەرابەکە پێشی لێدەگرێت.

**عەبدی لات:** تۆ لێرەیت؟

**نارام:** (دەستی درێژ کردووە) ها بیخۆرەوە..

**عەبدی لات:** نا کۆیلە ناتوانێت لەم شەرابە پیرۆزە بخواتەوە.

**نارام:** ئەوە فەتوای زۆردار و نگریسەکانە.. خۆشی و مەستبوونیان تەنیا بۆ شەوانی سووری خۆیان دەوێت، (شەرابەکە هەڵدەدا) منیش کە لەم شەرابە دەخۆمەوە گرێی کەمبینی بەخۆمەوە نابینم، خۆم بە حورمەت و پایەی ڕاستەقینەمەوە دەبینم.

**عەبدی لات:** (بەسەرسوڕمانەوە) باشە بۆ ئەم خۆشییە لە ئێمە قەدەغە دەکەن؟

**نارام:** ئەو شیر حیزانە دەیانەوێ هەمیشە ئێمە لە پلەی خوارەوەی ئەواندا بین، (پێدەکەنێ) ئەو کاتانەی بۆم دەلوێ و چەند پێکێک لەم شەرابە نۆش دەکەم، وا هەست دەکەم من لە گۆلیانای گەورە پیاوانی پەرستگە باشترم و زیرەکترم (شەرابەکە هەڵدەدا).

**عەبدی لات:** (بە سەرسوڕمانەوە) ئەو شەرابە کاریگەرییەکی سیحراوی ئاوای هەیە؟

**نارام:** بەڵێ لە جادووی گۆلیانە باشترە.. زمانی کەڕولاڵان دێنێتە قسە، گێل و نەزانان بە ئاگا دەهێنێ و هەستنەست و ویژدان ڕادەچڵەکێنێ و ئازایەتی بە ترسنۆکان دەبەخشێ (لە عەبدی لات نزیک دەبێتەوە)، عەبدی لات من نهێنییەکانی تۆ دەزانم و پاراستومە. تۆ نهێنیت پێدەپارێزرێ؟

**عەبدی لات:** لێم دڵنیابە... من هاوڕێی دڵسۆزتم و نهێنییەکانت نادرکێنم.

**نارام:** کەواتە قومێک لەم شەرابە بخۆرەوە (عەبدی لات بە دوودڵییەوە شەرابەکە وەردەگرێ و هەڵیدەدات).

**عەبدی لات:** (تیشکی ڕووناکی ڕەنگاوڕەنگ دەکەوێتە سەر عەبدی لات و بە ڕەنگی شین کۆتایی دێت) قسە بکە.

**نارام:** گوێ بگرە، گەلێک جار ئەم شەرابە ئارامی گیانم پێدەبەخشێ و دەمگەیەنێتە حاڵەتێکی مێشک سافیی بێ وێنە، ئەوسا خەیاڵ هەڵمدەگرێ و وا هەست دەکەم کە من لە گۆلیانا و خاوەن شکۆ باشترم.

**عەبدی لات:** چۆن..؟ تا ئەم ڕادەیە ئەم شەرابە (قاپی شەرابەکە لە دەست نارام دەردێنێ و هەڵی دەدات) مەستت دەکات؟

**نارام:** نەخێر.. مەستم ناکات.. بەڵکو ڕاستییە شاراوەکانم بۆ دەردەخات.. لەمەش گرنگتر، هەندێ جار وا هەست دەکەم من ویژدان و دەنگی خواوەندم.

**عەبدی لات:** (وەک گوێی لە جوێنێک بووبێت، دەکشێتەوە دواوە) چی؟ تۆ دەنگ و ویژدانی خواوەندی؟

**نارام:** بۆ نا؟ (لە عەبدی لات نزیک دەکەوێتەوە) ئەوەش بزانە کە گۆلیانە و خواوەند لەم پەرستگەیە هەردووکیان درۆیەکی گەورەن.. فشەن، ڕاستییەکە من و تۆ و ئەم خەڵکە بێ دەسەڵاتەن، ئێمە لەسەر هەقین.

**عەبدی لات:** (لێی دوور دەکەوێتەوە).. وسبە هەی دەبەنگ، تۆ ناترسی پیاوانی پەرستگە بەم ئاژاوەیە بزانن؟ دەڵێی خواوەند فشەیە و ئێمە لەسەر هەقین؟

**نارام:** (لە شوێنی خۆی) تووڕە مەبە.. (کەمێکی تر نزیک دەبێتەوە) سەرت سوڕنەمێنێ (زیاتر نزیک دەکەوێتەوە) بڕوا بکە.. هزر و بیرکردنەوەی من بۆ نەخۆشییە سەختەکانمان وەک دەرمان و شیفایە (نزیک دەبێتەوە) ترسەکانمان دەڕەوێنێتەوە.

**عەبدی لات:** (بەگومانەوە) هزر و بیرکردنەوەی تۆ؟

**نارام:** بەڵێ.. بۆ نموونە من دەزانم تۆ گیروگرفتت چییە.. هیوا و ئاواتەکانت چین.. حەز و پێویستییەکانت ڕاز و نیازەکانت چین، من کاکڵە و جەوهەری بەسەرهاتەکان دەزانم و تێیاندا قاڵ بوومە. ئازار و مەینەتی و کۆیلەتیم دیوە، بەڵام گۆلیانا و خواوەند (بەرەو ڕووی خواوەند دەوەستێ) هەست بەم شتانە ناکەن، چونکە ئەوان بێ چاو و بێ گوێ و بێ هەستن

(وەک نەیەوێت گـوێی لە قـسـەکـان بێت) بڕوا بکە ئەوکاتانەی لەم پەرستگەیە بۆ خواوەند خەڵوەت دەگرم و دەست دەکەم بە گفتوگۆکردنی..

**عەبدی لات:** (قسەی پێ دەبڕێ) تۆ.. گفتوگۆ لەگەڵ خواوەند دەکەی؟

**نارام:** بگرە زیاتریش.. دەمەتەقێشی لەگەڵدا دەکەم و پرسیاری گەورە گەورەشی ئاراستە دەکەم بۆ ئەوەی بە پرسیارەکان گەمارۆی بدەم و ئیحراجی بکەم.. (بۆ لای خواوەند دەڕوات) تەحەدای دەکەم.. ئەویش ورتەیەکی لێوە نایەت و وەڵامێکی نییە.. گیانێکی سارد و بێ هوودە و بێ ڕوح، تەنیا سێبەرێکە و گۆلیانا لە پەنایدا حوکمڕانی دەکات، بۆیە گۆلیانای مشەخۆر بووەتە کەڵەگا و گێل و نەفامانیش بەردەست و کۆیلە.. (تاریکی، مۆسیقایەک بۆ بیرکردنەوەی عەبدی لات).

## تابلۆی (٢)

(پاشماوەی قسەکانی نارام لە تاریکیدا وەک دەنگدانەوە.. گیانێکی ساردی بێ هوودە و بێ ڕوح، سێبەرێکە و گۆلیانا لە پەنایدا حوکمڕانی دەکات).

**عەبدی لات:** (تیشکی ڕووناکی دێتە سەر و لەگەڵ هەڵسانەوەی) ئۆ... ئێستا نهێنییەکەم پێ زانی.

**نارام:** (لەپشت عەبدی لات)ەوە کامە نهێنی؟

**عەبدی لات:** ئەو نهێنییەی کە لە ئێل یۆی خواوەند دەتترسێنێ.

**نارام:** بەڵام کۆنە مەی قەڕابەکانی شەرابی گۆلیانا نوقمی دنیایەکی دیکەت دەکات.. ترست دەشکێنێ (جرمی شەرابەکە دەباتە بەردەم عەبدی لات) بیرتە ئەو ڕۆژەی گۆلیانەش لە ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوونی ئێل یۆ دواجار مەست بوو؟

**عەبدی لات:** بەڵێ لەبیرمە.. وەک مەیموون هەڵدەپەڕی و گۆرانی دەوت، ئەو نێرەموکە دەیویست وەک زرتە بۆزێک خۆی ڕوح سووک نیشان بدات.. بینیت چۆن سەمای دەکرد و دەرپێکەی هاتبووە سەر ئەژنۆی و هەموو عەیب و عاری دەرکەوتبوو؟ (ڕوو دەکاتە نارام) بەڵام تۆ بەردەوام لە پەرستگەیت. بۆ گلەییەکانت دەرهەق بە گۆلیانا ناگەیەنیتە ئێل یۆی خواوەند..

**نارام:** هەی نەزان (بەتەوسەوە) من لای خواوەند شکاتی توندوتیژییەکانی گۆلیانا بکەم؟ بۆ خواوەند دەتوانێ یارمەتی خۆی بدات، یان کۆرپەیەک بە وجاغ کوێرێک ببەخشێ تا بتوانێ یارمەتی من بدات؟

**عەبدی لات:** بیبڕەوە هەی شەڕخوازی بێ دین، تۆ وەک شەیتانێکی بەدفەڕ قسە دەکەیت.

**نارام:** (بە نەشئەوە پێدەکەنێ) هاوڕێکەم.. لەسەرخۆبە.. زۆرجار کە لەتەک خواوەند دادەنیشم (دەچێتە تەک عەبدی لات ئەویش لێی دوور دەکەوێتەوە) دەمەتەقێی لەگەڵدا دەکەم.

**عەبدی لات:** (قسەی پێدەبڕێ) لەگەڵ خواوەند دادەنیشێ؟

**نارام:** بەڵێ... ئەوەش بزانە کە من کڕنووشی بۆ نابەم، چونکە من خۆم لە کرداری دروستکردنیدا بەشداریم کردووە.. لە مەراسیمی دۆزینەوەی حزوورم هەبووە.

**عەبدی لات:** (وەک گومانی هەبێت) تۆ؟

**نارام:** بەڵێ من بە بڕیاری فاشۆکانی سۆمەری خواوەند شکۆمان گۆلیانا داوای لێکردم یەکێک بم لە یاوەرانی شارۆکینی پەیکەرتاش، تا بچینە کانە بەردی هورمز لەکێوی توور، لە ڕۆژئاوای دەریاچەی وان.

**عەبدی لات:** بۆ چ کارێک؟

**نارام:** لەو شوێنە ئەم بەردانەمان هەڵبژارد کە پەیکەری ئێل یۆی خواوەندی لێ دروستکرا (عەبدی لات بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکات) من نزیکترین کەس بووم لە شارۆکینی پەیکەرتاش.. بە عیشقەوە گوێم لە قسەکانی شارۆکینی دەگرت و هەستم بۆ هزرە سەرسوڕهێنەرەکانی ڕادەگرت تا وای لێهات بوومە بەردەستی ڕاستی ئەو پیاوە مەزنە. لە هەموو کارێک پشتی پێدەبەستم و بەردەوام پێی دەوتم.. تەنیا عەقڵ مایەی ڕێز و حورمەتە، نەک پلەوپایەی چینایەتی و سەروەت و سامان.

## تابلۆی (٣)

(تاریکی.. دەنگی نارام سێ بەردەوامە، چەند ساتێک بە تەنیا تیشک دەکەوێتە سەر نارام) دەیگوت.. نارام.. کڕنووش بۆ کەس مەبە.. هەست بە هیچ ترسێک نەکەیت، من پێویستم بە ڕاستگۆیی تۆ هەیە لە تاشینی ئەم پەیکەرە نارام ئاوا بە چەکوشەکەت، زۆر باشە، نارام لێرەش بدە.. ئەم بەشەیانم ناوێت.. ئەم پارچە زیادانەش فڕێدە.. خواوەند دەبێ بەژنوباڵای ڕێک بێت.. جوانە من هەستێکی هونەریی گەورەت تێدا دەبینم.. پەنجەکانت بۆ کاری داهێنەرانە خوڵقاون، منیش بەو هاندانەی شارۆکینی مامۆستام بەهێزتر چەکوشم دەوەشاند.. تا وردە وردە پەیکەرەکە شێوەی خۆی

وەردەگرت.

ڕووکارەکانی خواوەند ڕوونتر و جوانتر دەهاتنە بەرچاو.. شارۆکینی بە خەونەکانی ئاسۆیەکی نوێ دادەڕێژێ، لە تاشینی بەرد ژیانێکی تازەی بۆ چەمکی مرۆڤایەتی وێنا دەکرد. لە کۆتاییدا شارۆکینی بڕیاری دا ناوی ئێل یۆ بە باڵای پەیکەرەکەدا ببڕێت و بیکات بە خواوەندی ئاو و ڕووبار و باران، ئینجا لە بارەی ئێل یۆ دەستی بە چنینی هەواڵ کرد.. هەر شارۆکینیش خواوەندەکانی وڵاتی سۆمەری دروستکردووە (تاریکی).

**تابلۆی (٤)**

(دەنگی نارام بەردەوامە و ڕووناکی دەکەوێتە سەر عەبدی لات) هەر شارۆکینیش خواوەندەکانی وڵاتی سۆمەری دروستکردووە لە عەسقەلانەوە تا لالا.. لەئیبیدەوە تا وڵاتی دەلەموون. لە ڕەها و حەڕانەوە تا نووسەیبین و ئامەد.

**عەبدی لات:** شارۆکینی هەموو خواوەندەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای گەورەی دروست کردووە؟

**نارام:** بەڵکو زیاتریش.. ئەو ناوی بۆ ڕۆژانی هەفتە داناوە و ژمارەش بۆ مانگ و ساڵ.. بۆ ئەوەی مرۆڤ هەست بە بێزاری و وەڕسبوون نەکات، بۆ ئەوەی وێستگەی حەسانەوە و پشووەکانی دیاربێت.

**عەبدی لات:** نارام.. بە ڕاشکاوی دەتەوێ چی بڵێیت؟ مەبەستم ڕات بەرانبەر خواوەند چییە؟

**نارام:** مەبەستم ئەوەیە خواوەند نە هێزە و نە توانا.. کۆمیدیایەکە بۆ دوورخستنەوەی بێزاری لە ژیانی خەڵکیدا.

**عەبدی لات:** کۆمیدیای چی، هەی بێ دین؟

**نارام:** بەڵێ.. نەزانەکان ئەم ناوە دەلاوێننەوە، چونکە ڕاستییەکان نازانن، چونکە ئەوان لە هەڵبژاردنی ناوەکەی و دروستکردنی ئامادە نەبوون.. کاتی ئەوە هاتووە مرۆڤ لە کۆیلایەتی و ژێردەستی ئەم وەهمە نەخۆشەی خواوەند و گۆلیانا و خاوەنشکۆ ڕزگار بکەین، پێویستە بگۆڕێین و ئازادبین بۆ ئەوەی دوژمنانی سەربەخۆبوونمان لە وڵاتەکەمان دووربخەینەوە، ئەوسا دەتوانین پارچە داگیرکراوەکانمان ڕزگار بکەین.. (تاریکی.. دەنگی نارام بەردەوامە) با بەزانینی ڕاستییەکان نەوەستین، پێویستە هەوڵیشی بۆ بدەین.. (عەبدی لات هەڵدەستێتە سەرپێ).

**عەبدی لات:** بیرولێکدانەوەکانت تەنیا بوێرانە نین بگرە ترسناکیشن.. (دەنگی نارام سین لە تاریکی)دا.

**نارام:** هیچ کەسێک لەو مرۆڤە بەختەوەرتر نییە کە ڕاستییەکان دەزانێت و هەوڵیشی بۆ دەدات.. (ڕووناکی دەکەوێتە سەر).

**عەبدی لات:** خەریکە لە ماناکانی پەرستگەی گەورە بگەم... خەریکە خاوەن شکۆ و گۆلیانا و پاکیزەکانی پەرستگەش بناسم.

**نارام:** (دەنگی زەنگ.. پەیکەری ئێل یۆ ڕووناکی دەبەخشێ و دەکەوێتە لەرزین) شتێک ڕوویداوە باخۆمان حەشار دەین.

**عەبدی لات:** دەترسم ئاشکرابین..

**نارام:** گەوجەی ترسنۆک بچۆرە پەنای قەڕابەی شەرابەکان، ڕاکە.. (هەریەکە و بە لایەکدا ڕادەکەن، خۆیان حەشار دەدەن).

**ئۆرۆب:** (لەناو سکی خواوەندەوە دەردەکەوێ، وەک خۆی لە دەست پەلامارێک ڕزگار بکات.. بە قیژە و هاوار) بۆ وازم لێ ناهێنی.

ئەوەی داوای دەکەیت بۆت نابێ. مەگەر لەسەر بەردی قوربانیی لاشەکەم لەت لەت بکەیت...

**گۆلیانا:** (کراسێکی سوور، عەبایەکی ڕەش، بریسکەدار بە مۆر و یاقووت، قژ و ڕیشێکی شەیتانی دەموچاوی پۆشیوە، دارعەسایەکی بەدەستەوەیە) ئۆرۆب.. من هەموو شتێک لە بارەی پاکیزەکانی پەرستگە دەزانم.

**ئۆرۆب:** چی لە بارەی منەوە دەزانی بیڵێ و منەتت نەبێ...

**گۆلیانا:** هەموو پیاوە ئایینییەکانی پەرستگە دەڵێن تۆ شەوانە بۆ ژوانی عەبدی لاتی کۆیلە دێیتە پەرستگە..

**ئۆرۆب:** دەبا منیش پێت بڵێم.. هەموو پاکیزەکانی پەرستگە دەڵێن گۆلیانا و پیاوە ئایینییەکان بەردەوام پەلاماری پاکیزەکان و منداڵە جوانەکانیش دەدەن..

**گۆلیانا:** دەمت داخە هەی بێ شەرم و حەیا... لەبەردەم خواوەند قسەی ناشیرین هەڵمەبەستە..

**ئۆرۆب:** ئەی ئێوە بۆ شەرم داتانناگرێ، هەی هەمبانە پیاوینە. پاکیزەکانی پەرستگە لەکەدار دەکەن و لە تۆڵە و تووڕەیی خواوەندیش ناترسن..

**گۆلیانا:** (بە پێکەنینەوە) خواوەند پێوەندی من و تۆ بە پیرۆز دەزانێ.. نەک بە ڕەفتارێکی ئابڕووبەر.

**ئۆرۆب:** دەبا منیش ڕاستییەکت بۆ بدرکێنم. من عەبدی لاتی خزمەتکارم خۆشدەوێت، چونکە ئەو بێ

غـەلوغــەش دەژیت و ڕاســتگۆیانە ئارامی و ســۆزم پێدەبەخشێ، ئەو لە زۆر شتی ئەم پەرستگەیە پیرۆزترە.

**گـۆلیـانا:** هەی بێ شـەرم ناتوانیت لەناو پەرسـتگە لەگەڵ عەبدێکی لات ئەم کارە ئەنجام بدەیت.

**ئۆرۆب:** بەڵکو لەناو هەیکەلی خواوەندی پیرۆز ماچی دەکەم، چونکە لە هەموو شوێنێک ئارامتر و لەبارترە ئەی ناڵێن خــواوەند لە پاراســتنی گـیــان و ئارامی هەر هەموومان بەرپرسە؟

**گۆلیانا:** تەنیا بۆ ئەوانەی کە گوناهبار نین..

**ئۆرۆب:** گـۆلیــانا تۆ ناتوانی بەم قـســانە من فــریو بدەیت.. ناشتـوانی نیـازە گـڵاوەکانت لەگەڵ مندا بەدی بێنیت. لەسـەر ڕێگام دوورکـەرەوە ئەگـینا.. (دەیەوێت بڕوات)

**گـۆلیانا:** ئەگینا چی.. پەرستگە لە من و تۆ بەولاوە کەسی لێ نییە.. (ڕێگای لێدەگرێت و هەوڵدەدات لێی نزیک بێتەوە).

**ئۆرۆب:** ئەی خــواوەند؟ ئەوە نیــــە چاوی بڕیوەتە هەردووکمان..

**گـۆلیـانا:** (پێکەنی) خواوەند چاوی نییە.. خواوەند دەستوورێکە من پێڕەوی دەکەم.. (هەوڵدەدات پەلاماری بدات) وەرە باوەشم.. (ئۆرۆب هەوڵدەدات خـۆی دەرباز کات و هاوار دەکات.. عەبدی لات و نارام دەردەکەون و پەلاماری گۆلیانا دەدەن، ئۆرۆب بۆ ناو میحرابی خواوەند ڕادەکات، لە یەخانگیریدا عەباکەی گۆلیانا بۆ دوو لەت دەدڕێت و دەکەوێتە دەست عـەبدی لات و نارام. گۆلیـانا بە ڕووتی ڕادەکــات و بزر دەبێ.. (ئۆرۆب جـارێکی تر لەبەردەم مـــیــحــرابەکــە بە هەنیــسک و گــریانەوە دەردەکەوێت) ئەمـە چ زوڵم و زۆری و بەدڕەوشـتییـەکـە لەناو حەرەمی هەیکەلی پیرۆزدا دەکرێت، مرۆڤی ئێمەش وەک هەمبانەیەکی مۆمیاکراو دەژیت (بۆ لای هەیکەلەکە دەڕوات، بە هەردوو دەست دەیهەژێنێ).

**ئۆرۆب:** بۆ نایەیتە قسـە.. بۆ؟ (عـەبدی لات و نارام لەمـبـەر و ئەوبەری شـانۆ لە پەنای هەردوو لەتی عـەبا ڕەشـەکـە بۆ یەک دێن، تا لە ناوەڕاست بەیەک دەگـەن.. ئۆرۆب بزر دەبێت.. هەردوو سـەری عـەبدی لات و نارام ڕووبەڕووی بینەران بەیەک دەنگ)

**هەردووکیان:** بەچاوی خۆتان بینیتان؟

**نارام:** (بەلایەکەوە بەرەو بینەران) ئەی ئێوە بۆ نایەنە قسە؟

**عەبدی لات:** (بەلایەکەی ترەوە بەرەو بینەران) تاکەی بێ دەنگ دەبن (لە سـووچێکی سـەکـۆکـە دادەنیـشێ) ئەوەی من و ئۆرۆب بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە هەموو ئەو سرووتانە پیـرۆزترە کە کاهینە گەورەکان لەناو هەیکەلی خواوەندا خەریکین.

**نارام:** (لە ســووچەکـــەی بەرانبـــەر عـــەبدی لات دادەنیـشێ) تۆ مـاچت کردووە؟ (لە پەنای پەڕۆ ڕەشەکە ون دەبێت).

**عەبدی لات:** (هەڵدەستێتەوە سەرپێ) ئەوەی لەنێوان ئێمەدا هەیە زۆر لە ڕاموسان پیرۆزترە، بەڵکو لە خودی عیشقیش زیاتر و گەورەترە.. من نەک هەر ئۆرۆبم خۆش دەوێت (لەو کاتەدا پەڕۆیە ڕەشەکەی کردووەتەوە و تەنیا سەری دیارە) بەڵکو لە پێناویدا گیانی خۆم دەبەخشم. (ئۆرۆب دەکـەوێتـە ڕووناکی و عـەبدی لات و نارام ون دەبن).

**ئۆرۆب:** لە ئەشق و پێـوەندی ئێـمـەدا خـراپەکـاری جێگەی نابێـتەوە.. ڕووناکـیـیـەکی ئاسـمـانی لەسـەر بەرمـاڵێکی پیـرۆز بەدەم مـۆسـیـقـا و گـۆرانی چڕینەوە هەڵمـاندەفـڕێنێ، بەڵام پەڵەهەورێکی ڕەش دەیەوێت ئەم پیرۆزییە و خەونە جوانەکانمان بپۆشێت (نەڕەی گۆلیانا و زەنگێکی بەهێــز تێکەڵ دەبن) ئۆرۆب... (ئۆرۆب لە تاریکیــدا ون دەبێت.. گـۆلینا لە بەرگـێکی ســووری خوێناوی قـامـچییـەکی بەدەسـتەوەیە و دەردەکـەوێ و بە ئاراستەی عەبدی لات و نارام دەیوەشێنێ).

**گۆلیانا:** هەی بەراز و شیـر حیزینە.. ئێوە بۆ کێڵانی زەوی باشن.. پێـویسـتـە لە شوێن ئاژەڵەکـان بخرێنە بەر جووت. نەک خزمەتی خواوەندتان پێ بسپێرن. (بە لێدان وەک لێخوڕێتە ئاژەڵی جووت) دەها بیخۆن هەی نامـەک حەرامینە (وەک هەست بە مـاندووبوون بکات) ئێمـە چ زەمــانێکە ئێـمــەی تێکەوتووین.. گـەورەکـان ناتوانن ساتێک لە کۆیلەکانیـان غـافڵ بن (دەست دەکـاتەوە بە لێدانیـان) کلک دەبزێون هەی دایک حیـزینە.. دەی بێ پشوودان لێرەوە تا ڕووباری گەورە (نارام و عەبدی لات بە ئازارەوە لەگـەڵ لێـدانی قـامـچی و دەنگی نـاسـازی گۆلیانا بە ڕیتمی مۆسیقایەکی گونجاو هەوڵدەدەن نەکەون و ورگی زەوی هەڵدەدڕن. گـۆلیــانا هیـلاک دەبێت و بۆ پشـوودان ڕادەکـشێ. نارام دەچێـتـە ژێر باڵی عـەبدی لات).

**نارام:** (بەپێکەنینەوە) گـوێی مـەدەرێ.. هیچ نییـە.. قامچی و توندوتیژی ئەم بێ شەرەفانە نەتترسێنێ، وەک من بە.

**عەبدی لات:** چۆن؟

**نارام:** ئەو کـاتانەی دارکــاری دەکــرێی و ناتوانی وەڵامیان بدەیتەوە لە ناخی خۆتدا جوێن بارانیان بکە.. بە قەدەر قەوارەی تێکشکان و تووڕەییت جوێن بدە.

**عەبدی لات:** جوێن بدەم؟

**نارام:** بەڵێ جوێن.. هیچ شتێک وەک جوێن لە دڵی، مرۆڤدا نادرەوشێتەوە. ئەم جوێنانە تیماری خەفەت و نسکۆیەکانت دەکاتەوە، لەو کاتانەی هیچ دەسەڵاتێکت بەردەست نەبێ (تاریکی شـانۆ دادەگـرێت) هاوڕێم.. نهێنییەکەی من کە تا ئێستا مێشک و دەروونم بە کارامەیی ماوەتەوە ئەوەیە کە من بەزین و نسکۆکانم بە جـوێن دەڕەوێنمـەوە. جـوێن بەم نارەسـەنانە پیـری و کـەنەفـتیـشم بەلاوە دەنێ.. (حیلەی ئەسپ و دەنگی قامچییەکەی گۆلیانا) ئاگاداربە مەیەڵە بەزین و ڕووخان زەفەرت پێ ببـەن، مـەهێڵـە ترس لە ناختـدا کـەڵەکـە بکات.. ڕێگا مـەدە یادگـارییـە تاڵەکـان ڕوح و ئاسۆی گـەشـبـینیت ژەهراوی بکەن (دووبارە دەست بە کـێـلان دەکەنەوە)

**عەبدی لات:** باشە..

**نارام:** هەوڵبـدە لە ناختـەوە بە جـوێنێک ئەم ئازارە لەناوبەریت..

**عەبدی لات:** بڵێم چی؟؟ فێرم بکە؟

**نارام:** جـوێنی داهێنراوی وا بدۆزەوە یەکـسـان بێت لەگـەڵ هەسـتت بە بەزین و نەیەڵێت بێ ئومـێـدی یەخـانگیـرت بێ... بەردەوام بڵێ نەفـرەت لەتاریکی و زۆرداری..

**نارام:** (بە دەنگێکی خەفە کراو) نەفرەت لە تاریکی و زۆرداری (بە دەنگدانەوە دەبێت بە دوو دەنگ و سێیان و چوار و تاد..).

**دەنگی شـارۆکـینی:** (لەناو هۆڵەکە) من شـارۆکـینی سـۆمـەری-م، دەنگی خـۆم دەخـەمـە پاڵ دەنگتـان، هەر هەمـوتان لەگـەڵ من بیـڵـێنەوە.. نەفـرەت لە تـاریکی و زۆرداری..

**دەنگی ناو هۆڵەکە:** نەفرەت لە تاریکی و زۆرداری..

**ئۆرۆب:** (لە شـێـوەی پەری بە سـەمـایەکی نەرم دەردەکـەوێ) خۆشەویستەکەم.. خۆڕاگربە.. لەپێناوی سـوێندی خـۆشـەویستـی و پیـرۆزی عـیـشـقـمـان چۆک دانەنوێنی.. ڕۆژێک دێت لەم کـۆیلایەتـیـە پڕ هەژمـوونە ڕزگارمان دەبێت.. (ون دەبێت)

**عـەبدی لات:** (هەناسـەیەک هەڵدەکـێـشێ) نارام خەریکە لە نهێنیـیـەکـانی پەرسـتگە تێبگەم.. ئارەزووە کـپکراوەکـان لە ناخـمـدا خـەریکە گـڕ دەگـرن... دەمـەوێ شتێک بکەم.. بەڵام..

**نارام:** بەڵام چی؟ بۆ نایکەیت؟

**عەبدی لات:** ترس... ترس ڕێگام نادات..

**نارام:** کەواتە چ سوودێکی هەیە شتی گەورە بڵێیت و بیـر لە بابەتی مـەزن بکەیتـەوە، ترس وادەکـات هەر ئەو عەبدی لاتە بمێنیتەوە..

**عـــەبدی لات:** (دەست بە گـــریان دەکـــات) ئای لە بەدبەختیم، چەندین ساڵە ترس و تۆقاندن هاوڕێی گیان و جەستەمە، من کۆیلەم.. من ناوم عەبدی لاتە.

**نارام:** گـــرنگ ئەوەیە ڕوحت ئازاد بێت... نەیەڵی کۆیلایەتی بخزێتە نێو ڕوحت.. هەوڵیش بدەی خۆت لەو ناوە ڕزگـار بکەیت.. ناو کـاریگەرییـەکی قـووڵی لەسـەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ هەیە.

**عەبدی لات:** تاوانم چییە کە بەم ناوە ناونرابم؟

**نارام:** هاوڕێی ئازیزم ئەگـەر نیـازت هەیە بگۆڕێیت با لەمرۆوە ناوت سـەردار، یان هۆشیـار، یان ئازاد بێت، بۆ ئەوەی لە ناخـــــدا هەست بە ئازادبوون بکەیت نەک کۆیلایەتی..

ئۆرۆب (بە پەلە دێتـــە پێـــشـــەوە) ئازاد... خۆشەویستەکەم پێویستە شتێک بکەیت بۆ ئەوەی هەتا هەتایە ڕزگـارمـان بێت.. تا ئێـمـەش بگەینە ئاسـتی یەکـسـانی لەگـەڵ مـانا جـوانەکـانی ژیان و مـرۆڤی بەختـەوەردا (دەنگی حیلەی ئەسپ و قـامـچـیـیـەکەی گـۆلیـانا دێت. ئۆرۆب بە ترسەوە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە) ئاگـاداربن گـۆلیـانای بەدڕەوشت بەرەو ئێرە بە ڕێگاوەیە نیازی هەیە لە ناوتان ببات تاکو حەزە گڵاوەکانی خۆی جێبەجێ بکات (بزر دەبێت).

**عەبدی لات:** (نارام خەریکی بیرکردنەوەیە.. عەبدی لات بـۆ لای ئەو ڕادەکـــــات) نـارام سێن... ئـارەزووی یاخیبوون لە ناخمدا ختووکەم دەدا.. دەمـەوێ وەک تۆ شتی گەورە بڵێم..

**نارام:** یاخیـبـوون تەنیـا ئیـدیعـا نیـیـە.. دەبێ بوێریت بەکاری بێنی..

**عەبدی لات:** دەمەوێ لە بڕیار و ڕەفتارم ئازاد بم...

**نارام:** تۆ ئەو کـاتە سـەربەسـتی کـە بتـوانی بە کـردار ئازادییـەکـەت بەرجـەسـتـە بکەیت.. دەبێ لەپێناو سـەرخـسـتنی بیـر و لێکدانەوە و هزرنامـەی خـۆتدا بجەنگیت و قوربانی بدەیت.

**عـــەبدی لات:** نارام.. من ئۆرۆبم خـــۆش دەوێت.. خەونی بەدیهاتنی خۆشەویستییەکەشم لە ڕزگاربوون و ئازادی خۆمدا دەبینم..

**نارام:** ئافەرین هاوڕێم، خەریکە لە دۆزینەوەی ئازادی نزیک دەبیتەوە. مرۆڤ کە ئامانجێکی پیرۆزی هەبێت، پێویستە هەموو قوربانییەکی بۆ بدات.

**گـۆلیـانا:** (لەگەڵ دەنگی وەشاندنی قامچی) هەی بەرازینە.. هەی دایک قەحپەینە.. خەریکن پیلان دادەڕێژن. دەی دەست بە کارکردن بکەن.. دەی هەی ئاژەڵینە عەرزەکە بکێڵن (قامچییەکە بۆ عەبدی لات دەوەشێنێ.. ئەویش بەرەو ڕووی دێت بێ ئەوەی هەست بە ئازار بکات) دەی هەی دایک قەحپەی ناپەسند.. (عـەبدی لات قـامـچـیـیـەکـە لە دەست گـۆلیـانا ڕادەتەکێنێ).

**دەنگی شـارۆکـینی:** بۆ ناوت سەردار نەبێت؟ بۆ سەروەر نەبێت؟ یان ئازاد نەبییت (ئۆروب لەناو سکی خواوەندەوە دەردەکەوێ)..

**ئۆرۆب:** ئازاد.. خۆشەویستەکەم پێویستە شتێک بکەیت بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێت..

**عەبدی لات:** (قامچییەکە دەوەشێنێ و لەملی گۆلیانا لوول دەخوات. نارام هاوکاری دەکات بە توندکردنی لوولی قامچییەکە و هاندانی..)

**نارام:** هاوڕێم.. بەردەوام بە، دەست خاو نەکەیتەوە با بەو دەستە ئازادانە کۆتایی بەو گاڵتەجارییە بێنین (پەیکەری خواوەند دەکەوێتە هەژان و وەک بوومەلەرزەیەک ڕووی دابێت.. گۆلیانا جوولەی نامێنێت و دەکەوێتە سەر عەرزەکە. نارام کلیلێکی گەورە لەملی گـۆلیـانا دەپچـڕێنێ) ها ئەم کلیلە بگرە کە هەموو نهێنییەکانی ئەم پەرستگەیەت دەخاتە بەردەست، ئەی هاوڕێی ئازادم..

**عەبدی لات:** نەخێر تەنیا خۆت شایەنی ئەوەیت کلیلی نهێنییەکانت بەدەستەوە بێت بۆ ئەوەی هەموو عەقڵە داخراوەکانی شارۆکینی بەم نهێنییانە ئاشنا بکەیت.. جارێ با بە پەلە لەم لاشە پیسەی گـۆلیـانا ڕزگـاربین (دەیکێشێ بەلای خۆیدا) واچاکە فڕێی بدەینە نێو مەیتەری ولاغ و بارگیرەکان...

**نارام:** (بەلای خۆی دەیکێشێ) نەخێر فڕێی دەدەینە نێو چاڵەکانی ئاوەڕۆ و پیسابییەوە...

**ئۆرۆب:** (لەسەر هەمان بەرزایی پێش پەیکەرەکەوە).. ئازادی خـۆشـەویستم.. نارام سێن.. ئەی هەردوو پیرۆزییەکەی یاخیبوون گۆلیانا تەواو.. لاشەیەکی مردووە.. خۆتانی پێوە خەریک مەکەن، با بچین جارێ ئەو ئازادییە بەو خەڵکە ڕابگەیەنین.. مۆم و قەندیلۆکەکانی تاریکستانی پەرستگە داگیرسێنین، ئەم شەو بەیەکەوە لەگەڵ خەڵکی چەوساوەی شارۆکینی شەرابی پیرۆز دەنۆشین و ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕین.

**نارام:** کەواتە با هیمەت بکەین و بڕۆین (هەرسێکیان بە ئاراستەی پەیکەر.. عەبدی لات لەبەردەم پەیکەرەکە دەوەستێ) نارام منیش وەک تۆ دەمەوێ گفتوگۆ لەگەڵ خواوەند بکەم دەمەوێ پرسیاری لێبکەم ئەگەر بینیم بێ وەڵامە و شەرمەزارە، ئەوە منیش بە توندی بەرەنگاری دەبمەوە...

**نارام:** (دەگەڕێتەوە لای) هاوڕێم تازە تۆ ئازادی، وەک پێشم گوتی خواوەند وەهمێکە و هیچ وەڵامێکی نییە، بابڕۆین مۆمی دەست منداڵەکان و وەچەی داهاتوو داگیرسێنین (ڕوودەکەنە بینەران).

**ئۆرۆب:** ئێوەش کە لەناو ئەم هۆڵە تاریکەدان فریای ئایندەی خۆتان بکەون، مۆمەکان داگیرسێن و کۆتایی بەم تاریکییە بێنن. (ڕووناکی هۆڵ دادەگیرسێ، ڕوخساری شانۆ شێوەیەکی جیاواز پیشان دەدات، لەگەڵ سرووتی چەمانەوەی ئەکتەرەکان بە ئاماژەی کۆتایی نمایشەکە.

**دارشتن و ئامادەکردنی ئەم تێکستە لە مێژووی ڕووداوەکانی (فاشۆکینی) کە پایتەختی میتانییەکان و سۆمەری و حیتییەکان بووە سەرچاوەی گرتووە.. مێژووی ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی عەرەب و ناوچە کشتوکاڵییەکانی کوردەکانە لەسەردەمی سۆمەرییەکان کە بۆ سێ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. ئەم ڕووداوەی عەبدی لات تۆماری مێژووی کۆیلایەتی و هەوڵی دەربازبوون و هۆشیاری و خەباتی ڕزگاری و ئازادییە.. تۆماری هەموو مرۆڤێکی ئەم دنیا جەنجاڵەیە کە بە درێژایی مێژوو بە دەست کێشمەکێشی دەسەڵات و بێ دەسەڵاتی و زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوە ناڵاندوویەتی.. لە هەموو ڕۆژگارێکیشدا ئەقڵ و هۆشیاری و بیرکردنەوە زادە و کلیلی سەرکەوتنەکان بوونە.. (نارام سێن) تۆماری هەوڵە بوێرەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەینێیە.. عەبدی لات و ئۆرۆب هەموو ئەوانەن کە لەناو پانتاییەکی تاریکدان.. گۆلیانەش هێمای زۆردارییەکی نەفرەت لێکراوە.. ئەم تۆمارە تێکهەڵکێشکراوە بە فانتازیای خۆم وەک ئامادەکار و دەرهێنەر پێشکەشە بەو کەسانەی خوازیاری ڕووناکین.**



## ئەحمەد قازی:

## شیعر دنیایەکی بەرتەسکە و وەڵامی نیازەکانمان ناداتەوە..

## وەرگێڕانیش دەبێ ڕاستەوخۆ لە زمانی سەرەکییەوە بێت

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(١ - ٢)**

سەیدا ئەحمەدی قازی کە سەر بە بنەماڵەی سەربەرز و تێکۆشەری قازییەکانە، ئامۆزای پێشەوا قازی محەمەدە، وەک نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووسێک ناوەکەی بە خوێنەرانی کورد و فارس ئاشنایە.

ماوەی بیست و دوو ساڵی ڕەبەق سەرنووسەری گۆڤاری (سروە) بووە کە یادگاری مامۆستا هێمن-ە و لە پاش ئەو کارەکەی گرتووەتە دەست، کە بۆ کوردستانی ئێران ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری هەبووە و بە دەیان قەڵەمی بە خوێنەرانی خۆی ناساند و خزمەتێکی بەرچاوی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردووە، بەمەش بووە بە قوتابخانەیەک بۆ پێگەیاندن و ناساندنی دەیان بەهرەداری بواری نووسینی کوردی.

لەبەر شارەزایی لە زمانی ئینگلیزی و فارسیدا، زۆر شاکاری جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و کوردی، بەو کارانەی وەک وەرگێڕێکی بە سەلیقە و دەسەڵات توانیویەتی چەندین شاکاری ئەدەبی جیهانی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەربگێڕێتە سەر زمانی فارسی، هەروەها لە زمانی ئینگلیزی و فارسییەوە چەندین شاکاری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، وێڕای ئەوەی خۆشی وەک نووسەرێکی بەتوانا بە دەیان وتاری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و زمانەوانی نووسیوە.

مامۆستا ئەحمەدی قازی یەکێکە لە هاوکار و پشتیوانەکانی گۆڤاری ڕامان و هەر لە سەرەتاوە بە وتارەکانی بەشداری لە دەوڵەمەندکردنیدا کردووە، ئەو کە چەند جارێک بە سەردان تەشریفی هێناوەتە هەولێر، ڕێک نەکەوتووە گفتوگۆیەکی بە دڵی خۆمی لەگەڵدا ساز بدرێ، تا ئەوە بوو خۆم سەردانی شاری مەهابادی ئازیزم کرد و لەوێ بە خزمەتی (مستەفا قازی) برا گەورەی و خۆی گەیشتم و ئەو دەرفەتەم قۆستەوە بۆ ئەو گفتوگۆیە تا بە تێروتەسەلی کۆمەڵێک باسوخواسی دوێنێ و ئەمڕۆی لەگەڵدا بورووژێنین.

**ڕامان:** خۆشحاڵ بووم بەوەی دواجار ئەو گفتوگۆیەتان لەگەڵدا ساز دەکەم.

**ئەحمەد قازی:** جەنابت زۆر بەخێربێی، هیوادارم لەو سەفەرەیدا کە هاتوویە مەهاباد، خۆش بگوزەرێ و لە خزمەتتدام ئەگەر پرسیارێک هەیە، تا وەڵام بدەمەوە.

**ڕامان:** پێش ئەوەی بچینە ناو تەوەرەکانی چاوپێکەوتنەکەمان، پێم باشە سەرەتای دەست پێکردنی نووسین، یان بڵێین چۆن خۆت لە دنیای نووسیندا دۆزییەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە.

**ئەحمەد قازی:** من کە خوێندەواریم لە تاران تەواو کرد، ساڵی ١٩٦٨ با بڵێین ٤٢ ساڵ لەوەپێش لە تاران لیسانسم لە زمانی ئینگلیزی وەرگرت، پێش ئەوەی لیسانس وەرگرم، لە بنەماڵەکەماندا هەمیشە باسی نووسین و فەرهەنگ و باسوخواسی سیاسی و مێژووی کوردستان لە گۆڕێدا بوو، لە بنەماڵەی قازیدا، باوکم زۆر حەزی لەو باسانە دەکرد، دیارە ئێمە لە کۆماری کوردستانیشدا قوتابی قوتابخانەیەکی کوردی بووین، چاو و گوێمان بەوە کرابۆوە، پێش ئەوەی دەست بە نووسین بکەم، دەتوانم بڵێم مایەیەکم هەبوو، شتانێک فێر ببووم، شتانێک لە زەینمدا هەبوو، باسی کوردایەتی و شیعر و ئەدەب و ئەم جۆرە شتانە.

کاتێک لیسانسەکەم لە زانکۆ وەرگرت، ئیتر ئەوەم هێنایە سەر کاغەز، زەمانی شا بوو، نووسین بە کوردی قەدەغە بوو، بەڵام بە دزی شیعری کوردیمان دەگوت و لەناو دۆستان و ئاشنایاندا بڵاومان دەکردەوە، یان بەخۆم شیعرم دەگوت، یان شیعری شاعیرانێکی وەک مامۆستا هەژار و هێمن و سەیف، یان شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانم لەبەر دەکرد و لە کۆڕ و کۆمەڵدا دەمانخوێندەوە و پەرەمان بە هەستی کوردایەتی خۆمان دەدا، ئەو بەستێنە لەمندا هەبوو. من ئەوەدەم کە کۆتاییم بە خوێندن هێنا، لە دوو بەستێندا ئیشتیای نووسین و شت بە چاپ گەیاندنم هەبوو، یەکیان بە فارسی بوو، یەکیان بە کوردی، کوردییەکە باری نهێنی هەبوو، فارسییەکە دەکرا ئاشکرابێ. ئەوەی زۆرتر منی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا ئەدەبیاتی کوردی بوو، چونکە لە کۆمار وەک گوتم بە منداڵی ئەزموونێکم هەبوو، بە دە، دوازدە ساڵی، ئەو ئەشقە، ئەو خۆشەویستییە بەرانبەر بە زمانی کوردی و شیعری کوردی و فۆلکلۆری کوردی لە مندا هەردەم لە جۆش و خرۆشدا بوو، تا گەیشتمە ئەوەی



ئەحمەدی قازی – ئازاد عەبدولواحید

بتوانم قەڵەمێک بگێڕم، شیعرێک دابنێم، شتێک بنووسم، ئیدی وردە وردە بەشێوەیەکی ڕەسمی دەستم بە نووسین کرد، دیارە پێش ئەوەش لە دواناوەندی، شیعرم بە کوردی دادەنا و جاروبار، زەمانێک دەهات هێندێک لە ئێران ئازادی و دیموکراسی دەبوو، دەکرا بە کوردی بنووسی وەک سەردەمی حکومەتی (دکتۆر محەمەد موسەدەق). ئەوەدەم شیعر و میعرم دەگوت، حزبایەتی تاڕادەیەک هەبوو، لە لاوان و ئەمانەدا بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە بانگیان دەکردین و من هێندێک قسەم دەکرد، یان شیعرم دەخوێندەوە، بەم جۆرە دەتوانم بڵێم هەر لە لاویەتیدا، بە تایبەتی پاش زانکۆ، ئیتر من هۆگری خوێندن و نووسین بووم.

**ڕامان:** یەکەم جار کە دەستت بە نووسین و بڵاوکردنەوە کرد کەی بوو؟

**ئەحمەد قازی:** نووسین و بڵاوکردنەوە بە کوردی؟

**ڕامان:** بەڵێ بە زمانی کوردی.

**ئەحمەد قازی:** یەکەم جار.

**ڕامان:** بۆ پێشتر بێجگە لە کوردی هەبوو؟

**ئەحمەد قازی:** بەڵێ، بەڵێ، پێشتر ساڵی ١٩٦٢، یانی ٤٨ ساڵ لەوەوپێش، پاش ئەوەی لە زانکۆ تەواو بووم، یەک دوو ساڵ کارم کرد، پاشان بە تاوانی ئەوەی ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانم، ئەوەدەم گیرام و کەوتمە زیندان، یەکەم کاری ڕەسمیی وەرگێڕانم لە ئینگلیزی ڕا بۆ فارسی، کتێبێک بوو بەناوی (شەوێکی بێ پایان) ئەوە هی نووسەرێکی زۆر بەناوبانگی ئەمریکییە، ئەوەم لە زینداندا کردە فارسی. ناردم لە دەرێ زۆریان پەسند کرد، بە هیمەتی جەنابی محەمەد قازی خوالێخۆشبوو چاپ و بڵاوبۆوە. ئەوە یەکەم کاری

منه به فارسی کە بەشێوەیەکی ڕەسمی و بەربڵاو لە ئێراندا بڵاوبۆوە و بۆ من نێوبانگێکی دروست کرد.

**ڕامان:** ئەی بایەخدانت بە نووسین و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی؟

**ئەحمەد قازی:** کوردییەکە، هەتا ئینقلاب (شۆڕش) لە ئێرانێ نەکرا، من شتێکم بەشێوەیەکی ڕەسمی بەچاپ نەگەیاندبوو، کە ئینقلابی ئێران لە ١٩٧٩ کرا، یەکەم کارم ئەوەبوو دیوانی شاعیری بەناوبانگی کورد کە خزمی خۆشمانە (سیف القضاة) چاپ بکەم، ئەوە پەڕ پەڕ بوو، نوسخە بوو، ئەوانەم کۆکردەوە و ڕێکوپێکم کرد و بەشێوەیەکی زۆر جوان بەناوی (دیوانی سیف القضاة) چاپم کرد، ئەمە یەکەم کارم بوو، دووەم کارم تەنزێکی کۆنی ئەدەبیاتی فارسی هەیە بەناوی (موش و گربە) بەناوی (کتک و مشک) ئەوەم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی دیتی، گوتی دەبێ حەتمەن ئەوە چاپ بکرێ و بەهاندانی ئەو چاپم کرد و پاشان ڕۆمانێکم بەناوی (باقەبێن) نووسی. دەزانن باقەبێن چییە؟ باقەبێن وەختێک گەنم دەدروورێتەوە بە بڕێک گەنم دەیبەستن، بەوە دەڵێن باقەبێن. ڕۆمانێکی زۆر باشم نووسی و ئەوەش زۆر چاک بڵاوبۆوە. ئیدی وردە وردە عەشقم پەڕییە سەر زمانی کوردی و وردە وردە شتی دیکەشم بڵاوکردەوە.

**ڕامان:** ئەدی وەک وتار یەکەم جار چیت بڵاوکردەوە؟

**ئەحمەد قازی:** پێش ئەوەی بچمە گۆڤاری سروە هەر زەمانی شا ڕۆژنامەیەک لە تاران بەسەرپەرشتی دکتۆر محەمەد سەدیق مفتی زادە بەناوی (کوردستان) دەردەچوو، ڕۆژنامەیەکی زۆر باش و ڕێکوپێک بوو، شا لەژێر گوشاری بیروڕای جیهانیی دەلاقەیەکی کردبۆوە و بە ڕواڵەت یارمەتیشی بە بارزانی و ئەمانە دەدا، دەیەویست بڵێ من کوردم خۆش دەوێ، ڕۆژنامەیەکی کوردی لێرە بە ناوی (کوردستان) هەبوو، بەڵام نەیاندەدا بە میللەتی کورد، دەیانناردن لە دەرەوە بڵاودەبۆوە، لە عیراق، لە ئەمریکا بۆ ئەوەی بڵێن کورد لە ئێران ڕۆژنامەی هەیە، بەڵام زۆرکەم بە دەست خوێنەری کورد دەگەیشت، یان بە قاچاخی دەگەیشت، لەوێدا دوو سێ وتارم بڵاوکردەوە، پاش ئەوە ئیدی نەما، تا حوکمی شا تێک چوو، وردە وردە لە ئێران ڕۆژنامە و گۆڤار و ئەمانە پەیدابوون. من یەکەم وتار نا، یەکەم تەنزی کۆمەڵایەتیم نووسی و بۆ گۆڤاری سروە ناردم بۆ مام هێمن چاپی کرد، پاش ئەوە لەسەر ڕێزمان و دروست نووسینی زمانی کوردی وتارم بۆ سروە دەنارد و ئیدی وردە وردە وتاری دیکەشی بەدواداهات.

**ڕامان:** ئێستا دەتوانین بڵێین تۆ لەناو کەشوهەوای سیاسەتدا بووی بە نووسەر، یان زیاتر کاریگەریی نووسینی مامۆستایان هەژار و هێمن و ئەوانە لەسەر نووسینەکانتدا هەبوو؟

**ئەحمەد قازی:** دەتوانم بڵێم تێکەڵاوێک لە هەردوو لایان بوو، چونکە مەهاباد شارێکی زۆر سیاسییە، پاش کۆمار ئیدی ئەو جۆشوخرۆشە نەمرد، منداڵ و لاو، بەتایبەتی لاوەکان هەمیشە بەرەو سیاسەت دەڕۆیشتن، شیعرەکانی مام هێمن و مام هەژاریش ئەوانەی لەنێو خەڵکدا برەویان هەبوو، ئەوانە بوون کە باسی کوردایەتی تێدابوو، نەک شیعری غەرامی و عاشقانە و دڵداری و ئەمانە. تەنیا ئەو شیعرانە دەخوێندرانەوە و خەڵک لەبەریان دەکردن، شیعرە سیاسییەکان بوون، منیش بەرەو ئەو شیعرە سیاسییانە کشام، کەوابوو دەتوانم بڵێم لەسەر بنەمای فیکری سیاسی و کوردایەتی چوومە نێو دنیای ئەدەبیات و نووسینەوە.

**ڕامان:** زۆربەی ئەوانەی دەستیان داوەتە نووسین، سەرەتای نووسینیان بە شیعر دەست پێکردووە، تۆ ئەوکات لەگەڵ شیعر چۆن بووی؟

**ئەحمەد قازی:** ئەوە ڕاستە و شتێکە لە منیش ڕوویداوە و منیش بە ڕێبازی شیعردا هاتمە نێو دنیای نووسین و ئەدەبیات و وەرگێڕانەوە، زۆریشم شیعر هەیە، یانی ئەگەر سەرجەمی شیعرەکانم کۆ بکەمەوە، دیوانی شاعیرێکیان لێ ساز دەبێ.

**ڕامان:** وەک کار و بەرهەمی قۆناغێکی نووسینی خۆت لە داهاتوودا کۆیان بکەرەوە.

**ئەحمەد قازی:** بەڵام با من ڕوون کردنەوەیەک بە جەنابت بدەم، من وردە وردە کە شیعرم دەگوت، تێگەیشتم شیعر ناتوانێ ئەو زەروورەت و پێداویستییە لەو چاخەدا دابین بکات کە ئێمە تێیدا دەژین. ئەمە منی بۆ لای وەرگێڕان و پەخشان کێشا. یانی من شیعرم پێ دنیایەکی سنوورداری بەرتەسک بوو، کە نەماندەتوانی ئەو ویستانەی هەمانە، پێی بەیان بکەین، یان ئەو پەیامەی هەمانە بۆ خەڵک، بە شیعر بیاندەینێ، شیعر بە لای منەوە هی کۆمەڵگەیەکی داخراوە، ئێستاش هەر بیروڕام وایە. یانی ئێمە بە شیعر ناتوانین ئەو نیازانەی

ئینسانی ئەمڕۆ هەیەتی پێی بڵێین، یان لێی وەرگرین. کەوابوو دەبوو بۆ دنیای پەخشان بڕۆین. ئەوەبوو وردە وردە ئەو بایەخەی دەبووایە بە شیعری بدەم، پێم نەدا و بەرەو پەخشان و وەرگێڕان ڕۆیشتم.

**ڕامان:** هۆیەکەی ئەوە بووە دنیای شیعر بۆ تۆ بچووک بووە، یان شیعرەکانت لەناو خەڵکی دەنگدانەوەی باشی نەبوو؟ یانی لەچاو شاعیرانی گەورە و شیعری ئەو زەمانە، خۆت لە خوار ئەوان دەبینییەوە؟

**ئەحمەد قازی:** دیارە من پێم وانەبوو دەگەمە ئاستی ئەوان، پێم وانەبوو دەگەمە ئاستی سەیف، یان پێش ئەو مەحوی و نالی و ئەوانە، ئەوە لەلایەک، یان دەمە شێرکۆ بێکەس، یان عەبدوڵڵا پەشێو، یان گۆران، بەڵام پێم وایە تەنانەت هەژار و هێمنیش ئاخری بەو ئاکامە گەیشتن کە شیعر ئیدی بۆ دەربڕینی مەبەستەکانیان کەرەستەیەکی تەواو و ئامرازێکی تەواو لێهاتوو نییە، ئەوەبوو هەژاریش لەو ئاخری عومرەیدا هەر شیعری فڕێدا، جگە لە شیعری بۆنەیی کە جاروبار دەیگوت، بۆ نموونە بۆ سەر گۆڕی شەهیدی بارزانی، دەنا شیعری نەدەگوت، مامۆستا هێمنیش لەو ئاخرییەدا هەر ئەوەی کرد، شیعریان دانا و ڕوویان لە پەخشان کرد، ڕوویان لە وەرگێڕان کرد. خۆت دەزانی زۆرینەی کاری مامۆستا هەژار وەرگێڕانەکانیەتی. ئەوەبوو کە من پێم وایە دروستی بۆ چووبووم، شیعر بە تەواوی وەڵامی پێداویستی ئەوڕۆی کوردەواری نەدەداوە.

**ڕامان:** زبان و ئەدەبی ئینگلیزیت خوێندووە، کاریگەریی ئەو زمانە زیندووەی دنیا لەسەر ئاراستەکردنی تۆ بۆ دنیای ڕۆشنبیری، ئێوەی بەچ ئاقار و ئاراستەیەکدا بردووە و کاریگەرییەکەی چۆن بووە لەسەرتان؟

**ئەحمەد قازی:** ئەوە پرسیارێکی بەجێیە، من کە لەگەڵ ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا ئاشنا بووم، زۆربەی ئاوەڵەکان و دۆستەکانم کە ئەوانیش زمانی ئینگلیزییان خوێندبوو، تەنیا خۆیان بە دەرس گوتنەوە خەریک دەکرد و قەت نەدەچوون کارێکی ئەدەبی بخوێننەوە، ڕۆمانێک بخوێننەوە، یان دەست بۆ وەرگێڕان بەرن، من هەر لە سەرەتاوە زۆر ئیشتیام لە دەرس گوتنەوە نەبوو! دەمویست بۆ لای وەرگێڕان بڕۆم. کەوابوو ئەو زمانەی ئەدەبیاتەکەم پێی دەخوێندەوە، تێگەیشتم ئەو زمانە ئەوەندە دەوڵەمەندە، ئەوەندە بەرهەمی کلاسیک و نوێی جوانی لە هەموو بەستێنێکدا ڕۆمان، فەلسەفە، مێژوو، شیعر، شانۆنامە،.. تاد تێدایە، بۆیە من عاشقی ئەو ئەدەبیاتە بووم، ئەوەبوو ڕووم لە وەرگێڕان کرد، لە پێشدا چەند بەرهەمێکی زۆر گەورەم کردە فارسی، ئەگەر لێرەدا ناویان بەرم، دەبێ بڵێم لە مارک توین کە نووسەرێکی گەورەی ئەمریکایە (دووانەی سەیر و سەمەرە)م وەرگێڕا، لە بیرلباک کە خەڵاتی نۆبڵی بردۆتەوە کتێبی (تۆرەمەی ئەژدیها)م وەرگێڕا کە تا ئێستا چەند جار لە ئێراندا چاپ بووەتەوە، پاشان لە داڤنە دۆمۆریە، پاشان لە زۆر نووسەری دی وەکو ویندلمار وەک کێ و کێ و کێ، لە ئینگلیزی ڕا وەرمگێڕاون بۆ فارسی، ئەوانە هەموویان ڕۆمانن، بێجگە لەوە کتێبی دیکە لە بەستێنی سیاسەت و زانستی ئەوڕۆدا وەک (سەدام و قەیرانی کەنداو) کە کتێبێکی باشە، ئەوە لە ئێراندا هەر فڕاندیان، زۆر چاک فرۆشرا، یان (کوردستان پاش جەنگی کەنداو) ئەوەم بۆ فارسی وەرگێڕاوە و جارێ چاپ نەبووە، پاشان کەوتە لای دەزگای ئاراس ئێستاش نازانم چییان لێ کرد، بڕیار بوو لەوێ چاپ بێ، چونکە لە ئێران بۆیان چاپ نەکردم. دەیان شتم بۆ فارسی وەرگێڕاوە، دوایی هێندێکیانم کردە کوردی وەک (دووانەی سەیروسەمەرە) و یەک دوو شتی دیکەشم کردە کوردی، بێجگە لەوە، با من ئەوەش بڵێم لەگەڵ خوالێخۆشبوو محەمەد قازی بیرۆکەیەکمان بۆ ساز بوو کە ئەو فارسانە، ئەو جێگەیەی کە ئێمە پێی دەڵێین ئێران، هیچ کورد ناناسن، هاتین گوتمان بەدنەدان و هاندانی دکتورێکی خۆشەویستی دۆستمان کە ئێستا لە ئەڵمانیایە بەناوی دکتۆر عەزیزی فەیزنژاد (ژانی گەل)ی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدمان کردە فارسی، کە لەنێو ئەو بازنە ڕووناکبیریانەی ئێراندا دەنگی دایەوە و گوتیان چۆن کوردیش ڕۆماننووسی هەیە، پێیان سەیر بوو، تەنانەت کارێکیشمان لە مامۆستا حوسێن عارف (ئەندێشەی مرۆڤێک) وەرگێڕا کە تا ئێستا چاپ نەبووە. ئیتر من کەوتمە ژێر کارتێکردنی ئەدەبی بەهێزی ئینگلیزی و دەستمدایە وەرگێڕان بۆ فارسی و بۆ کوردی.

**ئێمە دەبێ ئەدەبیاتی دراوسێکانمان باش بناسین، بە تایبەتی ئەدەبیاتی فارسەکان، چونکە بەشی شیعریان ئێجگار زۆر بەهێزە**

**ڕامان:** بەڵام لێرەدا حەقی ئەوە هەیە گلەییەکیشت لێ بکەین، تۆ هەر لە سەرەتای دەست پێکردنت بە وەرگێڕان، وەرگێڕانت بۆ زمانی فارسی کردووە، لە کاتێکدا کاری وەرگێڕان یەکێکە لەو هۆکارە گرینگانەی زمان دەوڵەمەند دەکات، زمانی تۆش زمانێکی دەوڵەمەند و شیرین و ڕەوانە، نەدەکرا کارەکانت یەکسەر بۆ زمانی کوردی وەربگێڕی؟

**ئەحمەد قازی:** بەڵێ ڕاست و ڕەوان دەبێ بڵێم نەدەکرا، چونکە ئەو دەم حکومەتی هەرێمێک نەبوو، ئەوەدەم کوردی چاپ کردن لە ئارادانەبوو، لە هیچ کوێی دنیادا تا شۆڕش لە ئێراندا نەکرا، من ئەو کارانەم پێش شۆڕش کردووە، ئەوکاتە هیچ کتێبێک لە ئێرانێ چاپ نەدەبوو، لە عیراقی سەدامیشدا هیچ هیوامان نەبوو چاپ بکرێن، دەنا من پێم خۆش بوو هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە هەموو هێز و توانای خۆم بۆ خزمەت بە زمانی کوردی بەکاربێنم، کە نەبوو ناچار بووم و ڕۆیشتم بۆ لای فارسی، چون پێم وابوو ئەگەر بە کوردیش نەبێ، ئەم وەرگێڕانە تروسکاییەک دەخاتە نێو دنیای ڕووناکبیری، ئنجا بە هەر زمانێک بێ، ئەوەبوو نەدەکرا و دەرفەت نەبوو کە بە کوردی بنووسین و بخوێنینەوە، بۆیە نەمتوانی، با لەسەرەتاش ڕا بڵێم ئەوەندە کوردییەکەم وەک فارسییەکەم بەهێز نەبوو. من فارسیم لە ئێران خوێندووە و زۆر چاکم خوێندووە و ئینگلیزیم زۆر چاک خوێندووە، بەڵام کوردییەکی وام نەدەزانی. بۆ نموونە کارێکی (بیرل باک) بکەمە کوردی، ئەگەر بشم کردبا، دەبوایە بەژێر زاراوەی موکریانی، یان زاراوەیەکی زۆر سەقەت و خراپ بیکەم، کوردییەکەم بەو ڕادەیە پوختە نەبیوو وەک ئێستاکە پێم وایە دەتوانم هەموو شتێک بۆ کوردی وەرگێرم، بەڵام هەر ئەو ڕۆژەی کە ئەو فەزایە پەیدابوو، من پێم وابوو کە کوردی باش دەزانم و ماوەیەک لە سروە سەرنووسەر بووم و کوردییەکەم باش بوو، یەکسەر کەوتمە بیری ئەوەی کە دەبێ ئەو شتانەم بکەمە کوردی. هاتم هەر ئەو (دووانەی سەیر و سەمەرە)ی کە کردبوومە فارسی و پێم تەنزێکی بەهێز بوو، کردمە کوردیش.

پاشان هاتم دۆنکیشۆت ئەو کتێبە بەرزەی کە بە فارسی و بە هەموو زمانانی دنیا بە میلیارد نوسخە هەیە، ئەوەم کردە کوردی. هاتم (ئوستوورە و ئەفسانەی گلگامێش) کە هی باشووری عیراقە ئەوەم کردە کوردی. زۆر کاری دیکەشم کردە کوردی. ڕێزمانم بۆ کوردی نووسی. دیوانە شیعرم زیندوو کردەوە، یانی هەموو هێز و توانای خۆم لە خزمەت کورددا بەکارهێنا و لەو بارەیەوە بەڕاستی لەخۆم ڕازیم.

**ڕامان:** دوایی زیاتر دێینە سەر تەوەری وەرگێڕان و کارەکانت، بەڵام ئێستا دەپرسم کە بە شیعر دەستت پێ کردووە، سەرەتا عیشقێکت بۆ شیعر و شاعیرایەتی هەبووە و بەرهەمت بە دەستەوە داوە، دوایی کە کەوتوویە سەر کاری وەرگێڕان، کارەکانت هەمووی داستان و کتێبی سیاسین، بۆچی وەرگێڕانی شیعرت بەلاوە ناوە و کەمە، یان هەر نییە؟

**ئەحمەد قازی:** عەرزم کردی لە شیعر دوورکەوتمەوە.

**ڕامان:** لە وەرگێڕانیشدا هەر نەتویستووە شیعر وەربگێڕی؟

**ئەحمەد قازی:** لە وەرگێڕانیشدا بەڵێ، هێندێک شیعرم وەرگێڕاوە، بەڵام با جارێ ئەوە بڵێم وەک سەرەتا وەختێک من پێم وابوو شیعر دنیایەکی بەرتەسکە و وەڵامی نیازەکانمان ناداتەوە و زمانی هونەرکارییە نەک زمانی ڕاستەقینەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆزە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکرییەکان. ئیتر شیعرم وەک شتێکی پلە دوو بۆ هونەرکاری و بۆ خۆشحاڵی و بۆ وەختی ماندوویەتی و ئەوانە دانا. ئەڵبەتە ئەوە بەو مانایە نییە شیعر کاری نەکردبێ، لەکۆندا هەموو شت لەم وڵاتەدا شیعر بوو. فەلسەفە، دین، ئیمان، قورئان، هەمووی هەر بە شیعر بوو، لەبەر ئەوە من وەرگێڕانی شیعریم لە فارسییەوە بۆ کوردی هەیە، ئەویش لە نیمایوشیجەوە کە گەورەترین شاعیری ئێرانە و ئاڵوگۆڕ پێدەری ستایلی شیعرە.

لە ئێران شیعری کۆنمان هەیە و شیعری (نیمایی)، پاش نیمایی دیارە شاعیری دیکە پەیدا بوون شیعری سپیان داهێنا، شیعری ئازادیان داهێنا، بەڵام سەرەتا کە وەک لە کوردستانی عیراق بە گۆران و پێش ئەویش بە شێخ نووری شێخ ساڵح و بەوانە دەستی پێکرد، لە ئێران بە نیما دەستی پێکرد. سەرنجڕاکێش ئەوەشە شێخ نووری شێخ ساڵح پێش گۆران ئەوەی کردووە، یانی نوێخوازی لە شیعردا لە پێشدا هاتۆتە ناو کوردی، دوایە هاتۆتە ناو فارسی. بە هەرحاڵ ئەوە من هێندێک شیعری نیمام وەرگێڕاوە، هیوادارم ڕۆژێک بێت بڵاویان کەمەوە.

**ڕامان:** وەک کەسێک کە شوێن پێی ئەو وەرگێڕانانەی

لای خۆمان کەوتووی، هەست ناکەی وەرگێڕانی شیعر زۆر زۆرتره له بایەخدان به جسناتەکانی دی، یان زۆر کەس خۆ لە قەرەی وەرگێڕانی شیعر دەدەن، بەڵام هەندێ ناو زۆر زۆر دووباره دەبنەوه، بۆ وێنە سەردەمێک تەنیا به فروغی فەروخزادیان گرتبوو، ئێستاش لەو دواییە شاملوو، جار بەجارێک سپێهری تێدەکەوێ؛ هەرچەندە من فارسیزان نیم، بەڵام پرسیارم کرد دەڵێن شاعیری زۆر گرینگ لەناو مێژووی شیعر و شیعری هاوچەرخی فارسیدا هەیە، لەوانە یەدوڵڵای ڕۆیایی و هاورێکانی، که لێم کۆڵییەوه بۆچی کەمتر شیعری ئەو جۆره شاعیرانه وەرناگێڕن، دەڵێن ئەمانە سەبک و شێوازیان قووڵ و ئاڵۆزه، بۆیە هەموو کەس زەفەریان پێنابا. ئەرێ کاتی ئەوه نەهاتووه ئەو دیمەنە، واته دیمەنی وەرگێڕانی شیعر له فارسییەوه کە نەقوستانی زۆری تێدایە، تۆزێک هەوڵ بدەین کاملتر و ڕوونتر پێشکەشی خوێنەری کوردی بکەین؟

**کاری وەرگێڕان جۆرێک لە ئەفراندن و خوڵقاندن و زەوقی تێدایە**

**ئەحمەد قازی:** بەڵێ هیچ گومانی تێدا نییە، ئەوە زەروورەتێکە ئێمە دەبێ ئەدەبی دراوسێکانمان باش بناسین، بەتایبەتی فارسەکان، چونکە بەشی شیعریان ئێجگار زۆر بەهێزه، چ شیعری کۆن و کلاسیک له حافز و سەعدی و فیردەوسی و نیزامی ڕا بگره تا دەگەینە ئەمڕۆ، پاشان بەشی شیعری نوێ وەک نیما و فروغ و موشیری و زۆر کەسی دیکەیان، کە جەنابیشت ناوی هەندێکتان برد، پێویستە ئەمانە باشتر و بە قووڵتر بناسرێن، بەڵام هەروەک فەرمووت زمانی هەندێکیان زۆر ئیستعاری و سەخت و دژواره و ئەوانەی که ئەو کارەش دەکەن زۆر بەسەر زمانی کوردیدا زاڵ نین و ئەوەیە زۆرتر ڕوو دەکەنە ئەو شیعرانەی هێندێک سادەتر و ئاسانترن. به ڕای من دروستە بۆ وەرگێڕانی ئەو بەشە قووڵە له شیعری فارسی بۆ سەر ئەدەبی کوردی فیکرێک بکەینەوه، بەڵام پێش ئەوەی ئەوە بکەین جارێ بۆ ئەوڕۆی کورد بابەتی مەعریفی، ڕەخنەیی، فەلسەفی و مەسائیلی سیاسی و زانستی بەسەرەکیتر دەزانم و بۆ وەرگێڕان پێشیان دەخەم، چونکه بە ڕاستی ئێمە پێویستیمان بەوانە هەیە.

**ڕامان:** پێتان وایە کەسانێک هەبن ئەو توانایانەیان تێدا هەبێ، بەسەر هەردوو زمان و وەرگێڕاندا زاڵ بن بۆ ئەوەی ئێوه ڕێنماییان بکەن و پێیان بڵێن هەندێک لەو کارانە وەربگێڕن؟

**ئەحمەد قازی:** بەڵێ هەمانە، لە ئێران من زۆر کەس دەناسم، ئینگلیزی باش دەزانن، فارسی باش دەزانن، کوردیش باش دەزانن. دەتوانم نێوی چەند کەسیش بڵێم. له کوردستانی باشوور من ئەوەم به وەزیرەکان گوتووه، ئەگەر ئێوه له ئێران ئیمکاناتێک به ئێمە بدەن، ئەوه دەتوانین خەڵکێک کۆبکەینەوه ئەو ئیشانەمان بۆ بکەن، جا وەرگێڕان له هەر بەستێنێکدا بێت. بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین وەربگێڕین، چەند شت پێویستە؟ یەکیان زمانی خۆمان باش بزانین، زمانە بیانییەکەی لێی وەردەگێڕین باش بزانین، ئەو بابەتەی وەریدەگێڕین لەگەڵی ئاشنابین و بیزانین. بۆ نموونە من ئینگلیزی زۆر باش دەزانم، خوێندوومە و زۆریشم کاری ئەدەبی کردووه. فارسیش زۆر باش دەزانم، بەڵام ناتوانم بۆ شتی تەکنیکی و فەنی وەرگێڕێکی باش بم، یان بۆ فیزیا، چونکه فیزیا نازانم. زمانەکە دەزانم، بەڵام زانستی فیزیا نازانم. ئێمە ئینگلیزیزانی وامان هەیە کە بۆ زانست باشە، هی وامان هەیە بۆ ئەدەبیات و بۆ شیعر باشە، ئەگەر ئیمکانێک به ئێمە بدرێ، ئەوه دەتوانین کارێکی ئاوا بەرێوە بەرین و پێداویستییەکانی خۆمان لە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا تارادەیەک وەربگێڕین و کەلەبەرەکان لابەین و ناتەواوییەکان قەرەبووکەینەوه.

**ڕامان:** تۆ وەرگێڕانت هەیه و وەک وەرگێڕیش ناسراویت، هەروەها لە بارەی زمانی کوردییەوه نووسینت هەیه، ڕۆژنامەنووس بوویت، ماوەیەکی دوورودرێژ له گۆڤاری سروەدا کارت کردووه، لە کۆمەڵێک بواری جیاجیادا خۆت تاقی کردۆتەوه، پێت خۆشە وەک وەرگێڕ بناسرێی، یان ڕۆژنامەوان بیت، یان لە کام بوار حەزدەکەی زیاتر کار بکەی و پێی بناسرێیت؟

**ئەحمەد قازی:** دیاره ئێستا پیر بووم و تاقەتی کاری جارانم نەماوه، بەڵام پێش ئێستا، بابڵێین سێ- چوار ساڵ لەوەوپێش، لە تافی لاوێتی ڕا تا ئێستا، زۆر حەز بە دوو شت دەکەم، یەکیان وەرگێڕان، ئەویش هۆیەکەی ئەوه بوو بە ڕاستی ئەدەبیاتی ئینگلیزی ئەوەندە دەوڵەمەندە، ئەوەندە شتی بایەخدار و شیرینی تێدایە کە پێت حەیفە کورد لێی بێ ئاگا بێ، عیشقم زۆر بوو لەسەر وەرگێڕان و نووسین، یانی وەرگێر دیاره، وەرگێڕانیش جۆرێک ئەفراندن و خوڵقاندن و زەوقی تێدایە، بەڵام بە

هەرحاڵ هەمووی هی خۆت نییە، تۆ کە شکسپیر، یان بابەتێک وەردەگێڕی، یان کە لە نووسەرێکی ئینگلیزی وەردەگریت بتەوێ و نەتەوێ شتەکە هی تۆ نییە، ڕەنگە جوانی دروست بکەی، جوانی وەرگێڕی، بەڵام بە هەرحاڵ ئەو شتە تۆ نەتخوڵقاندووە، تۆ لێرەدا ئاڵوگۆڕ پێدەرێکی، جا لەوانەیە ئاڵوگۆڕ پێدەرێکی باش بیت، یان خراپ، لەبەر ئەوە من پێم خۆشە بە خۆشم بنووسم. بە خۆشم بەرهەمهێنانی فەرهەنگیم هەبێ، بۆیە وتار نووسین، کورتە چیرۆک، ڕۆمان و ئەو کارانەشم کردووە. جەنابت ئەگەر چاو لە گۆڤاری سروە بکەی کە من بیست و دوو ساڵ بەرپرسی بووم، لێرە پێی دەڵێن (سەردەبیر)، باوەڕ دەکەی زیاتر لە سەد تەنزی کۆمەڵایەتی و کورتە تەنز، چەندان لاپەڕەم لە بەستێنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، یان زمانەوانی، یان دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئەم جۆرە شتانەدا هەیە، زیاتر لە سەد وتارم بە قەڵەمی خۆم تێدا نووسیوە. زۆرم حەز لەو دوو بەستێنە کردووە، وەرگێڕان و نووسین. وەرگێڕان و بەرهەم هێنان لە خۆمەوە، یانی شتەکە پەروەردەی زەین و شعووری خۆم بێ، نەک وەرگێڕان. هەروەک گوتم وەرگێڕان هی خۆم نییە، ڕەنگە تۆ وەرگێڕێکی باشتر بی لە من، بەڵام بە هەرحاڵ شتەکە هی خۆت نییە، کەوابوو لە حەزم وەرگێڕان و نووسینە.

**ڕامان:** وەرگێڕان وەک پێویستییەک خۆی دەسەپێنێ، ئەگەرچی هەرچۆنێکی وەربگێڕین و هەرچەندە وەرگێڕ لە وەرگێڕانەکەیدا سەرکەوتووبێ، دیسان بەشێکی زۆر لە ڕەونەق و جوانی ئەو دەق و ئەفراندنە دەڕوا، بۆیە قسەیەکی زۆر بە ناوبانگ لە ناو ئیتاڵییەکاندا هەیە، ئەوان دەڵێن وەرگێڕ تاوانبارە، تۆ تەعلیق و قسەت لەسەر ئەو ڕایە چییە؟

**ئەحمەد قازی:** ڕاستە، هیچ وەرگێڕانێک، لەسەدا سەد لەگەڵ ئەسڵەکەی، لەگەڵ سەرچاوە و زمانە سەرەکییەکە بەرانبەر نییە، هۆیەکەشی ئەوە نییە کە وەرگێڕ کۆتایی کردووە، یان نەیزانیوە، هۆیەکەی ئەوەیە ئەگەر ئێمە ئەوەمان قبووڵ بێ کە هەر چەشنە نووسینێک چ شیعر، چ وتارنووسی، چ ڕۆماننووسی، چ وەرگێڕان، هەر چەشنە نووسینێک گەمەیەکی زمانەوانییە، کاتێک گەمە و خوڵقاندنێکی زمانەوانییە، چون هیچ دوو زمانێک، زمانی ئینگلیزی و کوردی، یان عەرەبی و کوردی، لەسەدا سەد وەک یەکتر نین، کار لێهاتووییان وەک یەکتر نییە، زمانێک هەیە پوختە، پێشکەوتووە، زۆری کار لەسەر کراوە، شتێکی جوانە، زمانێک هەیە سەرەتاییە، پوختە نییە، ڕێزمانی نییە، دەی تۆ کاتێک بەرهەمێکی جوان لە زمانێکی دەوڵەمەند دێنییە سەر زمانێکی هەژار و سەرەتایی، کوا دەتوانی ئەو هەموو جوانییەی لە زمانە پوختە و دەوڵەمەندەکەدا هەیە بیهێنییە ناو زمانە هەژارەکەوە، نابێ، ئەوەیە کە هیچ شکت لەوەدا نەبێ وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر هێندێک خەساری تێدایە، هێندێک دابەزین و هێندێک کەموکوڕی تێدا هەر دەبێ، لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین تۆ کە دەبییە وەرگێڕ، یەکەم ئەرکت ئەوەیە زۆر باش بەسەر زمانی خۆتدا، پێش زمانە بیانییەکە زاڵ بیت. دەبێ لە پێشدا زمانەکەی خۆت باش بزانی. لە شیعری ئاگاداربی، من پێم وایە ئەگەر وەرگێڕ شاعیر نەبێ زۆریش سەرکەوتوو نابێ.

**ڕامان:** ئەوە لە شیعردا، یان لە هەموو بوارەکانی دیکەشدا؟

**ئەحمەد قازی:** لە هەموو شتێکدا، بە تایبەتی ڕۆمان و ئەدەب و ئەمانە. زەوقی شیعری یارمەتی تۆ دەدا بۆ ئەو بەرهەمەی تۆ وەری دەگێڕییە سەر زمانی کوردی، قاڵبی جوانتر داڕێژی.

**ڕامان:** وەک دەزانن دۆنکیشۆت بە ئیسپانی نووسراوە، دواتر بۆ زمانانی دنیا وەرگێڕدراوە، تۆ ڕاستەوخۆ ئەم شاکارەت لە زمانی ئیسپانییەوە وەرنەگێڕاوە، بۆ شیعر من بیروڕام وایە کە هەر دەبێ لە زمانی یەکەمەوە بێ، لەبەر ئەوەی شیعر حەساسترە، زمانێکی چڕوپڕە، زمانی ئیماژ و هێمایە، بۆیە زۆرتر ئەفسوون و ڕەونەقی دەڕوا، بەڵام ئەگەر بێینە سەر داستان وەرگێڕان، یان کایەکانی تری مەعریفەت لە ئابووری دەڵێی تا زانست و فەلسەفە تا شتی تر، ڕەنگە تۆزێک باشتر بێ لە شیعر، ئێوە بۆ وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوە، یان زمانی دووەم و سێیەم و ئەوانە دەڵێین چی؟

**ئەحمەد قازی:** بێ گومان هەر وەرگێڕانێک لە زمانی سەرەکییەوە بێ نەک لە زمانی دووەم و سێیەم زۆر سەرکەوتووتر دەبێ، یانی ئەگەر من بمەوێ لە (سۆمەرست مۆم)ی نووسەری بەناوبانگی ئینگلیز، یان وادانێ لە (لۆرد بایرۆن)، یان نووسەرە ئەمریکییەکانی وەک (جاک لەندەن) و (مارک توین) و ئەمانە بمەوێ شتێک لەو زمانە ڕاستەوخۆ بێنمە سەر زمانی کوردی، زۆر ڕەسەنتر

دەبێ تا ئەوەی لە فارسی، یان لەعەرەبیڕا بیکەمە کوردی. چون هەروەک گوتم وەرگێڕان لە ڕاگواستندا هێندێک زیانی وێ دەکەوێ، هێندێک دادەبەزێنرێ، هێندێک کەموکوڕی تێدەکەوێ. خۆ ئەگەر لە زمانی دووەمڕا بیهێنیتە سەر زمانی سێیەم، ئەوە ئەو خەسارەتە هێندەی دیکە زیاد دەکات، من ئەوەم لە دۆنکیشۆتدا دیت.

لە ئێراندا هیچ وەرگێڕێک باشتر لە محەمەدی قازیمان نەبوو، بەڵام من کە دۆنکیشۆتم لە فارسیڕا دەکردە کوردی، لە ڕووی وەرگێڕانەکەی محەمەدی قازییەوە، ئینگلیزیەکەشم بەلاوە بوو، لە زۆر جێ کە شتەکە شاراوە و تەمومژاوی دەبوو، دەچوومە لای ئینگلیزییەکە، لە زۆر جێ بۆم دەرکەوت کە ئەو وەرگێڕەی لە ئیسپانیۆلیڕا کردوویەتە فەڕەنسی، بۆ وێنە دەقە شیعرێکی کردۆتە پەخشان خراپی کردووە و بۆی نەکراوەتە شیعر، بە پەخشان وەریگێڕاوە، بەڵام لە ئینگلیزییەکەدا بە شیعر بوو، من کوردییەکەم بردەوە سەر شیعر، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەوە ڕاستە وەرگێڕان دەبێ ڕاستەوخۆ لە زمانی سەرەکیڕا بێ.

**ڕامان:** ئەو دەقەی دۆنکیشۆت کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، وەرگێڕێکی عەرەبی گەورەی وەک دکتۆر عەبدولڕەحمان بەدەوی کردوویەتی و ڕاستەوخۆ لە زمانی ئیسپانییەوە وەریگێڕاوە، باشیشی وەرگێڕاوە و زۆر پەراوێزی بۆ نووسیوە و غەفڵەتی تێدا بووە ئاماژەیانی بۆ کردووە، واتە لە هەندێ جێ چەند قسەیەکی کردووە، پاش چەند لاپەڕەیەک هەست دەکەی دژی قسەکانی پێشووی خۆی ڕادەوەستێتەوە و تێکناکاتەوە.

**ئەحمەد قازی:** مەبەست لە نووسەری سەرەکی (سێرڤانتس)ـە؟

**ڕامان:** بەڵێ، ئەوە لە کاری چیرۆکنووسیدا پێی دەگوترێ (غەفڵەت)، چیرۆکنووس بیری چووە کە لە شوێنێک چۆن کەسایەتییەکی ڕەسم کردووە، لە شوێنێکی تر بەجۆرێکی دیکە باسی دەکات، جا وەرگێڕەکە ئەو غەفڵەتانەی دەستنیشان کردووە. دەڵێ لەلاپەڕە ئەوەندە بەو شێوەیە ئەو ڕووداوەی باس کردووە، لێرەدا گۆڕاوە، ئێوە چۆن چارەسەری ئەو لایەنی غەفڵەتەتان کردووە؟

**ئەحمەد قازی:** ئەوە لە فارسییەکەشدا هەیە، لە کوردییەکەشدا هەیە. ئەو جۆرەی بەمە گەیشتووە، هەر بەو شتانەی فەرمووت (سێرڤانتس) بەخۆی ئاماژەی بەوە کردووە، پێم وانییە وەرگێڕی عەرەب ئەوەی کردبێ، چونکە لە خودی دەقە ئەسڵییەکەشدا ئەو (وەبیرهێنانەوەیە) هەیە. کە لە فلان جێ وای گوتووە، بەڵام وانییە و وایە، ئەوە لە فارسییەکەشدا هەیە. لەسەرەوەشڕا ئەگەرچی ئەو دوو سێ هەڵەیە ڕوویداوە، بەڵام ڕۆمانی (دۆنکیشۆت) سەرکەوتووترین ڕۆمانە، یانی دایکی هەموو ڕۆمانی دنیایە. زۆرێک لە ڕۆماننووسە گەورەکان گوتوویانە تۆ تا دۆنکیشۆت نەخوێنیتەوە، حەقی ڕۆمان نووسینت نییە.

**ڕامان:** ئەوە یەکێک لەو پرسیارانەیە کە مەبەستم بوو ڕووبەڕووتانی بکەمەوە و بڵێم: تۆ بۆ ئەو کارەت هەڵبژارد، لە کاتێکدا بێجگە لە دۆنکیشۆت، لە دنیا ڕۆمانی گەورەتریش هەیە؟

**ئەحمەد قازی:** ڕۆمانی بە قەبارە گەورە هەیە.

**ڕامان:** نەک بە قەبارە، مەبەستم لە گرینگییەکەیەتی، واتە بیرت لەوە کردۆتەوە لە داهاتوودا ئەوانیش بکەیتە کوردی؟

**ئەحمەد قازی:** ئەگەر توانام هەبێ بەڵێ، مەسەلە توانینە. من هەست دەکەم ئێستا ئێمە دەبێ زۆر شت هەیە بیکەینە کوردی، هەر لە بەستێنی ڕۆمانیشدا نا، لە مێژوودا، لە فەلسەفەدا، لە زانستدا، ئەوانە دەبێ بێنینە سەر زمانی کوردی، نازانم بە کوردی هەن، یان نا، جەنابت شارەزاتری بۆ وێنە (ئیلیاد و ئۆدیسە)ی هۆمێر تەواوەکەی بە کوردی هەیە؟

**ڕامان:** تەواوەکەی نییە، بازرگانی و کورتکراوەکەی هەیە.

**ئەحمەد قازی:** ئەوە بەکاری ئێمە نایە، بۆ دەبێ لەو حەفتا، هەشتاساڵەی کە کورد بواری وەرگێڕانی هەبووە، ئەوانە وەرنەگێڕدرا بن، من سەرم سوڕماوە. بۆ دەبێ (شەڕ و ئاشتی) تۆلستۆی، بێ نەوایانی ڤیکتۆر هۆگۆ تا ئێستا وەرنەگێڕدرابن؟

**ڕامان:** بێ نەوایان-یش کورت کراوەکەی وەرگێڕدراوە، نەک پێنج بەرگییەکەی!

**ئەحمەد قازی:** دە ئەوە نابێ، باوەڕ دەفەرمووی ئێمە ئەگەر ئەوانە نەکەینە کوردی، ئەوە غەدرێکی گەورەمان لە خوێنەری کورد کردووە. ئەوانەش بەخۆڕایی ناکرێن، دەبێ کەسانێکی بۆ پەیدا بکەی، خەرجیی بۆ بکەی. من پێم شک دێ، تەنانەت بە زۆر لە دۆستانی خۆم گوتووە کە لە من جحێڵترن، لە زماندا لەمن بە تواناتریشن،

گوتوومە وەرە ئەوە بکە، گوتوویە من دەبێ نان پەیدا بکەم، دەرس بڵێم و پووڵ بۆ منداڵەکانم وەرگرم. من تکام لە حکومەتی هەرێم هەیە کە پارەیەک بۆ ئەو جۆرە کارانە تەرخان بکات، لە هەموو ڕەهەندێکدا پارە بەفیڕۆ خەرج دەکرێ. من دەتوانم گەرەنتی ئەوەش بدەم کە گەندەڵی تێدا نەکرێ، تا کار پێشکەش نەکەین پارەمان نەدەنێ، من گەرەنتی هەموو ئەوانە دەکەم. با ئەو شتانە وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، چونکە زۆر درەنگە، ئەو بەرهەمانە خەریکە دنیا فڕێیان دەدا، ئێمە هێشتا نیمانە. ئەمڕۆ شتی تازەتر هاتۆتە گۆڕێ.

**ڕامان:** تۆ کە تا ئێستا کۆمەڵێک وەرگێڕانت هەیە، لە کاتی وەرگێڕاندا زمانی کوردی چەندە بۆ وەرگێڕانی ئەو جۆرە ڕۆمانانە لە بارە؟

**ئەحمەد قازی:** پرسیارێکی باشە، زۆرێک لە خوێندەوارانی ئەمڕۆی کورد ترسیان لەوە هەیە کە زمانی کوردی، ئێستا نەتوانێ دەرەقەتی ئەو وەرگێڕانانە بێ کە چاوەڕوانین بیکەین، بە بیانووی ئەوەی زمانەکە کزە، پەرەی نەسەندووە، گەشەی نەکردووە، نەخەملیوە، تۆ ناتوانی پێی وەرگێڕیتە سەر کوردی. بەرهەمێکی وەک (شەڕ و ئاشتی)ی تۆلستۆی پێ بکەی بە کوردی، بەڵام من بە پێچەوانەی ئەوە بیردەکەمەوە. زمانی کوردی بەخۆشییەوە گەشەیەکی زۆری کردووە، بە ژۆرنالیزم و بە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و بە سەتەلایت، بە کتێب و بڵاڤۆکی زۆر و بەو شتانە زمانەکەمان ئەو تاقەتەی هەیە، من خۆم لە خۆم ڕا دەبینم هەر ڕۆمانێک، کێهەی تۆ پێت لە هەمووان دژوارترە، بەلامەوە هیچیان لە دۆنکیشۆت قورستر نین، بەڵام بچۆ بیخوێنەوە بزانە، پاشان لەگەڵ عەرەبییەکە، لەگەڵ فارسییەکەش هەڵیسەنگێنە، زۆر کەس ئەو کارەیان کردووە، هیچ کەموکورییەکی تێدا نییە. دەی من وەختێک دەتوانم دۆنکیشۆت بەو بارستاییە گەورەیە کە دوو هەزار لاپەڕەیە، هەمووی بکەمە کوردی و لە هیچ کوێ هیچ کەس لە تێگەیشتنی گرفتی نەبێ، ئەی ئەوە مانای ئەوە نییە ئەو زمانە گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە کە دەتوانێ ڕۆمان و ئەو شتە گەورانە وەربگێڕێ؟ باوەڕ بفەرموو ئەگەر تەنبەڵی نەکەین، ئەگەر بڕێک زەحمەت بە خۆمان بدەین، دیارە کاری هەموو کەس نییە، ئێمەش نامانەوێ هەر منداڵێک دەست بداتە دۆنکیشۆت، یان کتێبی گەورە، بەڵام هەمانە لەنێو کورداندا چ لێرە، چ لەودیو کەسانێک ئەگەر خۆ زەحمەت بدەن ئەو شتانە دەکەنە کوردی. یانی ئەو نیگەرانییە لەلای من لەسەر زمانەکەمان نییە، کە کوردی ناتوانێ ئەو شتانەی پێ وەربگێردرێت.

**ڕامان:** ئەو گرفتانەی لە کاتی وەرگێڕاندا هاتوونەتە بەردەمت زیاتر چ بوون؟

**ئەحمەد قازی:** گرفتی سەرەکی وەرگێڕ نەخوێندەوارییە، یانی باش ئاگادار نەبوون لەو دوو زمانەیە کە کاری پێدەکات. کە یەکیان وەردەگێڕێتە سەر ئەوی دیکە، ئەڵبەت هێندێک دەستەواژە هەیە، هێندێک زاراوە هەیە، بە فارسی هەیە، بە کوردی نیتە. بە ئینگلیزی هەیە بە کوردی نیتە. ئیستعارەیە (خوازەیە) بە کوردی نموونەت نییە. ئەوە هەر تایبەت بە کوردی نییە. من لە وەرگێڕانی ئینگلیزی بۆ فارسیشدا تووشی زۆر کەموکوڕی بووم، یان دیومە بە فارسی قاڵبێکی زاراوەیی جوان و ڕێکوپێک هەیە، بە ئینگلیزییەکەی نییە، ئەوە زۆر گرفت دروست ناکات. خەڵک بە گرفتی دەزانێ و دەڵێ من بۆ ئەوە بەرانبەری کوردیم نییە. بڕیار نییە هەر چۆنێک ئینگلیزی زمانێک دەربڕین لە بوون و نەبوون و سروشت و خودا و ئەوانە دەکاتەوە، منیش وای دەردەبڕم.

**ڕامان:** تۆ بەپێی تایبەتمەندییەکانی زمانی خۆت، دەتوانی ئەوە بکەی.

**ئەحمەد قازی:** من قاڵبی خۆم هەیە، ئەویش قاڵبی خۆی هەیە. تۆ ئەو شتە لەو قاڵبە دەخەیتە ناو ئەو قاڵبە. مەبەستم ئەوەیە تۆ دەتوانی قاڵبێکی باش بدۆزیتەوە، بەو مەرجەی خۆت زەحمەت بدەی، پێویست ناکات شتەکە هەر وەک زمانی سەرەکی بێ، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوە کارێکی زۆر گرفت نییە. قەیدی ناکا ئەو ڕستەیەی تۆ دەیبینی، دەتوانی بە وشەیەک دەریببڕی. ئەو گرفتانە زۆر نین.

**ڕامان:** لەم ساڵانەی دواییدا عەرەبەکان کتێبێکیان، بۆ دەستنیشان کردنی ئەو دەربڕینانە دانا کە لە زمانی ئینگلیزییەوە، یان لە ڕێگەی زمانی بێگانەوە هاتووەتە نێو زمانی عەرەبییەوە.. باشە بۆچی ئێمە نەهێڵین هەندێک دەربڕین لە زمانانی زیندووی دنیاوە بێنە نێو زمانی کوردییەوە؟

**ئەحمەد قازی:** من لەگەڵ ئەو فیکرەیەم، لێرە مشتومڕێک لەنێو ڕووناکبیران و قەڵەم بەدەستاندا هەیە، ئەوان دەڵێن ئەگەر ئێمە ڕێگە بەوانە بدەین زمانەکەمان لەناو دەچێ، ئەمە دروست نییە. من لەسەر ئەمە دەمەوێ

ڕوونکردنەوەیەک بدەم. زمانی کوردی ڕێزمانێکی هەیە، بنەمایەکی هەیە، قاڵب و پێکهاتەی خۆی هەیە. ئەگەر تۆ ئەو قاڵب و پێکهاتەیە بپارێزی، قەیناکە هەرچەندی واژە و تەعبیرات لە دەرەوە بێنی، بەو مەرجەی لەسەر یاسای زمانی کوردی بیخەیتە ناو زمانی کوردییەوە، زمانەکەت لێ خراپ نابێ. من با بە جەنابت بڵێم، سەدی حەفتا و پێنجی وشە و زاراوەکانی زمانی فارسی لە عەرەبی وەرگیراون، بەڵام هیچ عەرەبێک لە فارسێک تێناگات، چونکە یاسا و ڕێزمانی زمانی فارسی تێک نەچووە، وشە عەرەبییەکە کە هاتۆتە نێو زمانی فارسییەوە، چون ملکەچی یاسای زمانە فارسییەکە بووە، وشەکە بۆتە هی فارس. باوەڕ دەکەی ئێستا دوو ڕستەی فارسیت پێ بڵێم هەر وشەیەکی فارسی تێدا نییە، بەڵام عەرەب تێناگات یانی چی. ئەوە قەیناکە ئێمەش بەو مەرجەی ڕێزمانەکەمان بپارێزین و بیزانین، هیچ زەرەرێکمان لێ ناکەوێ، ئەگەر هێندێک زۆریش نا ئەوە بکەین.

**ڕامان:** مەبەستت وشە بێنین، یان دەستەواژە؟

**ئەحمەد قازی:** وشە، دەستەواژە، سەنایعی زمانی، شتی جوان بێنین قەیناکە.

**ڕامان:** لەکاتی وەرگێڕاندا کێشەیەکی تریش هەیە، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی بابەتی فیکری و فەلسەفی و کۆمەڵناسی و دەروونزانی و ئەو جۆرە بابەتانە کێشەی زاراوەمان تووش دەبێ، چونکە ئەو زاراوانە وەک خۆت دەزانی وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی کوردی زۆر زەحمەت و گرینگە، بەڕای تۆ ئەو کێشانە چۆن چارەسەر بکەین؟ یەکێک لەو هۆیانەی وەرگێڕی کوردی لە وەرگێڕانی ئەو بابەتانە دوورخستووەتەوە ئەوەیە، بۆیە پەنا دەباتە بەر وەرگێڕانی شیعر و داستان و لەبەر کێشەی زاراوە خۆی لە قەرەی ئەو وەرگێڕانانە نادات.

**ئەحمەد قازی:** من با ئەوەت پێ بڵێم، تۆ کە وەردەگێڕی، بەپێی بابەتەکە وەری دەگێڕی، ئەو گیروگرفتانە ئاستیان، یان بەرز دەبێتەوە، یان نزم دەبێتەوە. ئەگەر بۆ وێنە مێژوو وەربگێڕی کار زۆر ئاسانە، بەڵام تۆ کە دەگەیتە ئاستی فەلسەفە، یان پزیشکی، یان فیزیا، یان کۆمەڵناسی، بتەوێ و نەتەوێ ئەم زانستانە بابەتی لای ئێمە نین، لە دەرەوە ڕا بۆمان هاتوون. چ تەکنیک چ سەنعەت، تەنانەت کۆمەڵناسی و ئەوانەش، ئەوانە بتەوێ و نەتەوێ هێندێک وشە و واژە و پەرەگراف لەگەڵ خۆیان دێننە ناو زمانەکەوە، چونکە بۆت ناکرێنە کوردی، بۆ وێنە سەختانە دەکەی، بۆ وێنە (کوبیزم) کوبیزم یانی مکعب و شتی وا، عەرەب زۆر ئاسان ئەو کارە دەکەن.

**ڕامان:** عەرەب کردوویانە بە تەکعیبییەت.

**ئەحمەد قازی:** شتێکی زۆر سەخت و گرانە. ئێمە لە فارسیدا هەموو ئەوانەمان وەرگرتووە. لەو ساڵانەی دواییدا لە فەرهەنگستان و لە (دائیرە المعارف) نووسیندا هێندێک بەرانبەریان داناوە، ئەو بەرانبەرانە توانیویانە هێندێک جێی خۆیان بکەنەوە، بۆ وێنە (سۆسیۆلۆجی) بۆتە (جامعەشناسی)، ئێمەش دەڵێین کۆمەڵناسی، یان فەرز بفەرموو (سایکۆلۆجی) بۆتە (ڕوانشناسی) یانی دەروونناسی. ئەوەندەی دەکرێ وردە وردە قەیناکە هێندێک ئاڵوگۆڕ بکرێ، بەو مەرجەی بزانین بەردەنگەکانی ئێمە یانی مخاطبەکانی ئێمە تێی دەگەن، دەتوانین ئەوانە بکەینە کوردی، بەڵام تۆ چ لە تەلەڤزیۆن دەکەی؟ چی بۆ دادەنێی؟ چ لە تەلەفۆن دەکەی؟ تەلە، یانی دوور، فۆن، یانی دەنگ، یانی دەنگێک کە لە دوورەوە بۆ تۆ دێ. تەلەڤزیۆن، یانی ڤزیۆنێکی دوور، یانی دیمەنێکی دوور کە بۆ تۆ دێتە ژوورێ. تەلەگراف و فلان و ئەمانە، تێلسکۆب ئەو شتەیە کە دوور نیشان دەدات. دەی ئێمە ئەوانەمان هەموو وەکو خۆی لە فارسیدا وەرگرتووە و هیچیش نەقەوماوە، ئێمەش لە کوردیدا نابێ لەوە بترسین کە ئەو زاراوانە بێنینە نێو کوردی، بەو مەرجەی بیانخەینە ناو قاڵب و ڕستەی کوردییەوە.

**ڕامان:** هەندێک زاراوەی وەک تەلەڤزیۆن و تەلەفۆن هەن کە لە هەموو دنیادا هەر بەو ناوانەی خۆیانەوە ماونەتەوە، بەڵام هەندێک شتی تر هەن کە هەموو دنیا هەوڵی داوە بیخاتە ناو زمانی خۆی لای عەرەبەکان، فەڕەنسییەکان، ئینگلیزەکان کراوە، بۆ نموونە خاڵی لەسەر پیتەکان دانا.. ئێمە ئەگەر بمانەوێ هەندێک لەو دەربڕینانە بکەینە کوردی، جەنابت پێشنیاری چ دەکەن؟

**ئەحمەد قازی:** پێشنیار دەکەم تاکەکەس ئەوە نەکات، من بە تەنێ هەرچەندی متمانەشم بە خۆم هەبێ، ئەو کارە نەکەم. دەبێ لە فەرهەنگستانێک، سەنتەرێک زانایانی کورد کۆببنەوە، بۆ نموونە لە جێیەکی وەک کۆڕی زانیاری کورد (ئەکادیمیا)، ئەوە هەندێک کاری لە ئەستۆیە، ئەوەی لە ئێران هەیە حەتمەن لەنێو عەرەبیشدا هەیە.

لەنێو کورد نییە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە کۆڕێکی تایبەت لە زانایان، نەک هەر لە کوردی عیراق، بەڵکو لە کوردی هەموو کوردستان، لەو کوردانەش کە لە دەرەوەی کوردستانن و پسپۆڕیان تێدایە، لە هەموو ئەوانە بگێڕنەوە و بانگیان بکەن و بۆ ئەو کارە بودجەیان بۆ دانێن. یانی کۆڕێک ئەو کارە بەڕێوەبەرێ، دەنگ بدا کە ئەم وشەیە باشە، یان باش نییە، ئەو دەم خەڵک بەکاری بێنێ.

**ڕامان:** ئێستا ئیشی تاکەکەسی جۆرێک لە پاشاگەردانی دروست کردووە. جاری وایە یەک زاراوە پێنج- شەش جۆر وەرگێڕدراوە، کە لەگەڵ یەکتر تێک ناکاتەوە.

**ئەحمەد قازی:** ئەوە هەر هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەو کۆڕە وجوودی نییە.

**ڕامان:** بەڵێ کە زاراوەیەک وەردەگێردرێ، دەبێ کۆدەنگییەک لەسەر کوردییەکەی هەبێ، واتە هەموو لایەک لەسەری کۆک بن کە وەرگێڕانەکە باشە. تۆ چەند لە وەرگێڕانەکانی خۆت ڕازیت، چ لە ڕووی هەڵبژاردنی بابەتەوە بێ، یان لە ڕووی ئەوەی چەند زەفەرت پێ بردووە و بەسەریدا زاڵ بوویت، یان دەرەقەتی نەهاتووی؟

**ئەحمەد قازی:** با من بە ئاسوودەیی و بە ویژدانێکی ئاسوودەوە بڵێم، هەتا نەمزانیبێ بەسەر دەقێکدا زاڵم و دەرەقەتی دێم، نەمکردۆتە کوردی، چ لە ئینگلیزی بۆ فارسی، چ لە فارسی بۆ کوردی، چ لە ئینگلیزی بۆ کوردی، هەمیشە عادەتم وایە بابەتەکە دەخوێنمەوە و لە دوو گۆشەنیگاوە هەڵیدەسەنگێنم، یەکیان ئایا من دەرەقەتی دێم؟ دووەم ئایا من پێم خۆشە؟ گرینگتریش لەوانە ئایا بە دەردی کۆمەڵگا و گەلەکەم و بە دەردی ڕووناکبیران و خەڵک دەخوا، یان نا؟ یان شتێکی بێ تامە، یان شتێکی بەزەرەرە بۆ خەڵک. من ئەوانە لەبەر چاو دەگرم، یەکیان پێ ویرانە، یەکیان خۆش بێ لە زەوقی من، هەروەها ئەوەی کە بە دەردی خەڵکیش بخوات. لەبەر ئەوە پێم وایە ئەو وەرگێڕانانەی کردوومن بەسەر هەموویاندا زاڵ بووم و دەرەقەتیان هاتووم و زۆر تێیاندا تووشی گیروگرفتێکی وا نەبووم.

**ڕامان:** ئێستا خەڵکانێکی زۆر و لە هەموو لایەکەوە دەستیان داوەتە وەرگێڕان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە زۆر کەس پێی وایە وەرگێڕان کارێکی ئاسانە، بۆیە بە چاوێکی کەم بایەخی ئاسان تەماشای دەکا، ئەوانە چ لە عەرەبی، چ لە فارسی، چ لە زمانی ئینگلیزی و زمانانی تر پەلاماری وەرگێڕان دەدەن، ئەوە زۆر بە ناهەمواری بۆ ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردی شکاوەتەوە، تەنانەت بارودۆخێکی وای دروست کردووە خوێنەران متمانەیان بە وەرگێڕان نەماوە. بەناوی وەرگێڕان نانێکی ژەهراوی دەرخواردی خوێنەران دەدەن، زۆر جار چەمکەکانی بواری فیکر و ڕەخنە و زانستەکان بە چەواشەیی و بە لینگەوقووچی دەدەنەوە خوێنەران، تۆ سەبارەت بەو هەموو وەرگێڕانە بۆچوونت چییە؟ ئایا وەرگێڕانی بەبێ بەرنامە زەرەر و زیانیان لە قازانجیان زیاتر نییە؟

**ئەحمەد قازی:** من بڕوام بە ئینزیبات و دیسیپلین هەیە، بڕوام بە بەرنامە و بەرنامەدارشتن هەیە، ئەوەی کە دەیفەرمووی پاشاگەردانییە، هێندێکی دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵات، ئێمە بۆچی سەنتەرێکمان بۆ وەرگێڕان نییە، وەرگێڕەکان بانگ بکەین و پێیان بڵێین ئەم هەرێمە پێویستی بەو کتێبانە هەیە بکرێنە کوردی، بۆ دەبێ من ئەو بڕیارە بدەم کە ئەو شتە بۆ کورد پێویستە، ئەو دۆنکیشۆتە بۆ کورد پێویستە، بۆ دەبێ وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم نەزانێ کە هەرێم بۆ وێنە دۆنکیشۆتی نییە، ئیلیاد و ئۆدیسەی نییە، شەڕ و ئاشتی نییە. ئەمانە دایکانی ڕۆمانی دنیان، بۆ دەبێ ئەو هەستە لەسەرێ ڕا نەبێ، خەتای خەڵک نییە، خەڵک تینووە، تینووی ئەوەیە، پێی خۆشە ئەدەبیاتی نەتەوەکەی دەوڵەمەند بێ، خەڵک بە ناپاکی ئەو کارە ناکات. بۆ دوو هۆ دەیکات: یەکیان پارەیەکی وەدەست کەوێ، یەکیشیان خزمەتێکی کردبێ، یان چونکە ئیدارەیەکی لەسەر نییە، دەخالەتێکی دەوڵەتی و دەخالەتێکی بە ئینزیبات و دیسیپلینی لەسەر نییە، ئەو پاشاگەردانییە پەیدا دەبێ. بەهەرحاڵ من نیگەران نیم، من ئەوەم لە فارسیشدا دیوە، چل ساڵ لەوەپێش کە من بیست ساڵە بووم ئەو پاشاگەردانییە لە ئێرانیشدا هەبوو، هەر شتێکت دەدی زۆر بێ تام و لە ئاستێکی خوارێ، زۆر خراپ وەردەگێردرا، بەڵام زمان خۆی خۆی لەو قەیرانە دەردێنێ. زمان شتێکە گەشەی خۆی دەکات، دروستە ئەو پاشاگەردانییە زەرەی لێدەدا، بەڵام هێندێکیش یارمەتی دەدا بڕواتە پێش، لەبەر ئەوە من زۆر ڕەشبین نیم، قەیناکە ئەو کارانە دەبێ بکرێن، بەڵام خۆزگە بەڕێوەبەرایەتییەکی دروستی لە پشتەوە بێ و کەسێک پەیدابێ نەهێڵێ ئەوە ڕووبدات.

**ڕامان:** منیش بیروڕام وایە کە پارەیەکی زۆرمان بە فیڕۆ دەڕواو وەختێکی زۆریشمان لە کیس دەچێ، دوایی ئێمە میللەتێکین جاڕێ لە سەرەتاداین، پێویستە کارەکانمان بە پلان و دیراسەت کراوبن، بۆ ئەوەی بتوانین هەندێک لە پارەوپوول و وەختەکانمان بگرینەوە و پێ ڕابگەین ئەو شتانە بکەین کە پێویستن و هێشتا وەختیان بەسەرنەچووە.

**ئەحمەد قازی:** ڕاستە ئەوە پێویستە، ئەگەر دەوڵەتیش ئەوە نەکات، من لە گۆڤارەکان چاوەڕوانیم ئەوەیە، بۆ نموونە جەنابت، سەرنووسەری ڕامانی، هەموو شتێک وەرمەگرە و چاپی مەکە.

**ڕامان:** ئەگەر سەرنجت دابێ ئێمە ئەوەمان کردووە، چونکە لەناو دەیان و سەدان وەرگێڕان کەمێکیان کە باشەکانن هەڵدەبژێرین.

**ئەحمەد قازی:** دەی زۆر باشە، دەبا گۆڤارەکانی دیکەش چاو لە ئێوە بکەن و ئەوە بکەن.

**ڕامان:** لە گۆڤاری ڕاماندا ئەو شوێنەی کە بابەتەکەی لێ وەرگیراوە، ئەسڵی زمانەکە کە لێی وەرگێڕدراوە دەهێنین دیدەینە پسپۆڕێک بۆ ئەوەی بەراوردی بکات، پاشان بە کوردییەکەشیدا دێینەوە، ئینجا لە ڕووی هەڵبژاردنی بابەتیشەوە، ئێمە زۆرمان بەلاوە مەبەستە بزانین ئەو بابەتەی وەرگێڕدراوە چەندە سوودی بۆ میللەتی ئێمە هەیە و چەندە دەتوانێ کەلێنێک پڕ بکاتەوە.

**ئەحمەد قازی:** ئەوە کارێکی زۆر جوانە. پرسیارێکم هەیە ئایا گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دیکەش ئەو هەستی بەرپرسیارەتییەیان هەیە کە ئێوە باسی دەکەن؟

**ڕامان:** لەبەر ئەوەی لەلای ئێمە گۆڤار و ڕۆژنامە زۆر بووە، زۆربەشیان پێویستیان بەوەیە لاپەڕەکانیان ڕەش بکەنەوە و لە کاتی خۆیدا دەربچن، بۆیە زۆر گوێ نادەنە ئەو وردەکارییەی لەلای ئێمەدا هەیە، جاری وا هەیە ئێمە لەناو سەد بابەتی وەرگێڕدراو ڕەنگە پێنجی پەسند بکەین. نەوەد و پێنجی بەلاوە دەنێین، چونکە ئەو هەلومەرجەی تێدا نییە کە پێویستە تێیدا بێ، ئەوە یەکێک لە هۆکارەکانە کە کاری کردۆتە سەر بزاڤی وەرگێڕان و کردوویەتی بە خومخانە.

**ئەحمەد قازی:** بەهەرحاڵ ئەوە زۆر درێژەی نابێ، سەردەمێک لە ئێرانیش هەمانبوو، بەڵام نەبێ باشترە، هەر لە ئێستاوە ئەو گۆڤار و کتێب و شتانەی دەردەچن، بدرێنە دەست کۆڕێک، هەر پسپۆڕێکیش نا، لە ئێران زۆر بە وردی سەرنج دەدرێتە ئەو شتە، یانی من کە کتێبێک دەبەم بۆم چاپ بکەن، کۆڕێک دەیخوێنێتەوە و پێکەوە ڕای لەسەر دەدەن کە باشە، یان خراپە، یان مام ناوەندییە. دەبێ وردە وردە لە کوردستانی عێراقیش ئەوە پەیدا ببێ، پێشم وایە هەر پەیدا دەبێ، چونکە ئەگەر ئەوەش پەیدا نەبێ خوێنەران وردە وردە خوێندەوارییان دەچێتە سەرێ و وای لێدێ هەموو شتێک ناخوێننەوە. ئەو شتە بەخۆی خۆی خاوێن دەکاتەوە.

**ڕامان:** لە هەموو دنیادا شتێک لە کاتی بڵاوکردنەوەی وەرگێڕاندا پەیڕەو دەکرێ کە دەزگایەک کتێبێکی وەرگێڕدراو چاپ دەکات، دەیداتە یەک دوو کەس پێیدا بێنەوە، یانی بە زمانەکەی دابێنەوە و پێکیان بەراورد بکەن، بزانن چەند دەستپاکی و ئەمانەتی تێدا پارێزراوە، بۆ ئەو کارە لەلای ئێمە پەیڕەو ناکرێ؟ بە ڕاستی ئەوە جێی پرسیارە و دەبێ کەسانێک هەبن کە بە وەرگێڕانەکاندا بچنەوە، جگە لە کەسانێکی وەک جەنابت کە ئەزموونێکتان هەیە و شارەزاییتان لە زمانەکەدا هەیە و وەرگێڕان دەکەن، خەڵکانی دیکە هەن کە لە سەرەتادان، ئەوانە پەلاماری کتێبی گرنگ دەدەن، بۆیە پێویستە وەرگێڕانەکانیان لەلایەن کەسانی شارەزاوەپێداچوونەوەی بۆ بکرێ.

**ئەحمەد قازی:** بەڵێ ڕاستە، عەرزم کردی ئەوە بە دەوڵەت دەکرێ، بە ئیدارات و بەو سەنتەر و ناوەندانە دەکرێ کە ڕەسمیەتیان هەیە، ئێستا ئێمە لە کوردستانی ئێران کتێبێک بکەینە کوردی، بۆ ئەوەی من نێوێک دەربکەم، دەمەوێ چاپی بکەم، یان پارەیەک پەیدا بکەم. کەس نییە ئەو کارە بکات، یانی کورد کەسی نییە ئەو کارەی بۆ بکات، بەڵام لە فارسیدا هەیە، لە عەرەبیدا هەیە، ئەگەر مەبەستی تۆ لای خۆتانە، ئەوە کەمتەرخەمی و خەتاکەی دەچێتەوە سەر ئەو ئیدارەیەی کە لەوێ هەیە، دەگەڕێتەوە سەر حکومەتی هەرێم، دەگەڕێتەوە سەر کۆڕی زانیاری، دەگەڕێتەوە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئەو شوێنانە، ئەو گلەییە دەبێ بەرینە لای ئەوان و بڵێین بابە ئەو پاشاگەردانییە هەیە، ئەو شتانە بە هەڵە وەردەگێڕدرێن، بە هەڵە چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، ئێوە ئەو شتانە کۆنترۆڵ بکەن و پێشی پێبگرن، کارێکی زۆریش ئاسانە.

**ڕامان:** باسی ئەوەمان کرد کێشەمان لە وەرگێڕانی

زاراوەدا هەیە، ئێستە کێشەمان لە وەرگێڕانی ناویشدا هەیە، بۆ نموونە جاری وا هەیە ناوی (چێخەف) بە سێ چوار جۆر بە ئێمە دەگات، یەک دەڵێ (چیخۆف) یەک دەڵێ (چیخەف)، یەک دەنووسێ (تشیخۆف)، ئەوانەی ڕووسیزانن بۆ ئەوەمان بۆ ساغ ناکەنەوە، فەڕەنسی زانەکان بۆ ناوگەلێکی وەکو (فۆکۆ) کە یەکێک دەڵێ (فوکو)ـە و یەکێک دەڵێ (فووکۆ)یە، ئەو ناوانە ناوی هزرمەند و فەیلەسووفن، کە ناویان دێتەوە بەردەممان، هەر کەسەو بە جۆرێکی دەنووسێ، ئێوە بۆ ئەوانە دەڵێن چی؟

**ئەحمەد قازی:** من پێم وایە ئەو نێوانە لە ئەورووپا، یان لە هەر شوێنێک کە بێنە نێو زمانی ئێمەوە، هێندێک ئاڵوگۆڕیان بەسەردادێ، ئەوە دەبەستریتەوە بەوەی کە لە کوێ ڕا بەمە بگات. بۆ نموونە دۆنکیشۆت، ئەسڵەکەی دۆنکیخۆتە، یانی ئیسپانیۆلی (دۆنکیخۆت)، بەڵام لە فەڕەنسە دۆنکیشۆت، ئەسڵەکەی دۆنکیخۆتە، بەڵام لە فەڕەنسە پێی دەڵێن (دۆنکیشۆت)، ئێمە کە یەکەم جار لە فەڕەنسی ڕا ئەو نێوەمان هێناوەتە نێو زمانی فارسی هەر بە دۆنکیشۆت ناوی دەرکردووە و ڕۆیشتووە. زۆر لەو نێوانە کە هاتوون هەر میللەتێک سەلیقەی خۆی بەسەر ناودا دەسەپێنێ، بۆ نموونە کورد ناتوانێ بڵێ (عیزالدین) دەڵێ (ئیزەدین)، بە (محمدامین) دەڵێ (حەمەدەمین)، ئەوە حەقی منە، من ناتوانم بڵێم (اسماعیل) دەڵێم (سمایل)، کەوابوو هێندێک لەو ئاڵوگۆڕەی کە بەسەر نێو دادێ چیخۆف بێ ئەلکساندەر دۆما بێ، لۆرد بایرۆن بێ کامو بێ، هەر کەس بێ، هێندێکی دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندییەکانی زمان کە نێو دەگۆڕی و ناتوانێ ئەو نێوە وەک خۆی وەربگێڕێت، بۆ نموونە پێم وانییە هیچ عەرەبێک بڵێ (ئەلکساندر)، دەڵێ (ئەسکەندەر) بە (فلیپ) دەڵێ (فەیلەقووس)، بە (کۆنتستانتی پول) دەڵێ (قوسطنتەنیە) ئەوە ئیدی خەتای عەرەب نییە، عەرەب ناتوانێ لەوە چاکتری بڵێ، بە فیلم دەڵێ (فلیم).

**ڕامان:** کوردیش هەر وای دەڵێ.

**ئەحمەد قازی:** ئەوە زۆر عەیب نییە. خەتای کەس نییە، ئەو ناوانە ئەگەر لاتینییەکەی هەر چۆنێک هەیە، وەختێک کوردییەکەی دەنووسین (چیخۆف) من دەڵێم (چخۆف)، یەکی دی دەڵێ (کێخۆف). ئەگەر ئێمە لاتینییەکەشی لەگەڵ بنووسین، ئەوە بۆ ئەهلی قەڵەم و بۆ ئەوانەی کە شارەزان، دەزانن ئەو نێوە چۆنە. ئەوە بۆ میللەتەکان زۆر جێی گلەیی و ناڕەحەتی نییە کە دەیگۆڕن. بۆ نموونە ئەو نێوانەی کە لە زمانی ئێمەوە دەچنە نێو ئینگلیزییەوە، هیچ ئینگلیزێک ناتوانێ بڵێ (ئەحمەد) هەر دەڵێ (ئەهمەد)، حێیەکەم لێ دەکاتە (هـ)، ڕووسیش دەڵێ (ئەخمەد)، چونکە هەر حێیان نییە. ئەمە زۆر گرینگ نییە.

**ڕامان:** لەسەر ئاستی میللیدا ئەگەر ئەو ناوانە زەبتیش نەکرێن زۆر گرفت نین، بەڵام لەسەر ئاستی گۆڤار و ڕۆژنامە و نووسین ناوەکان دەبێ زەبت بکرێن.

**ئەحمەد قازی:** عەرزم کردی، ئەگەر لاتینییەکەی لەنێو کەوانێکدا بنووسین، ئیتر گرفتەکە چارەسەر دەبێ.

**ڕامان:** نەک هەر لە ناوەکان تەنانەت لە ڕووی دەستووری زمانی کوردیش، من لەبیرمە ئەوە سی، چل ساڵە خەریکی خوێندنەوەم، پەنجا کەڕەت نووسراوە، (هەڵدەستێ بە کردنەوەی پێشانگا) و دەڵێن ئەوە لە (قام، یقوم)ی عەرەبییەوە هاتووە، کەچی نووسەری کورد بە ئامان و زەمان دەستبەرداری ئەو هەڵەیە نابێ، ئینجا شتەکانی دیکەش هەر ئاوان!

**ئەحمەد قازی:** بەڵێ، دروستە. ئەمە هەر لە کوردیشدا وانییە، با من ئەوەت عەرز بکەم. زۆر زاراوەی ئینگلیزی هەیە، هەروەک چۆن ئینگلیزەکە دایڕشتووە، فرمان لە کوێیە، بکەر لە کوێیە، قەد و ناو و ئاوەڵناو لە کوێیە، هەر بەو شکڵە کراوەتە فارسی و فارسیش پەسندی کردووە. بۆ وێنە من دەڵێم: (دەمەوێ وتووێژێکت لەگەڵ بکەم). ئەوە کوردییەکی دروستە ئینگلیز دەڵێ:

I want to have dialog with you.

بۆ وێنە، دەمەوێ دیالۆگێکم لەگەڵ تۆ هەبێ، وتووێژێکم لەگەڵ تۆ هەبێ. فارسەکان وەک خۆی هێناویانە و دەڵێن: (من می خوام با تو گفتگودا شتە باشم) ئەسڵەن ئەو ڕستەیە فارسی نییە، بەڵام ئێستا سەرۆک کۆماری وڵاتەکەشمان سوود لەو ڕستەیە دەبینێ، نازانم، باشترین نووسەریش سوودی لێ دەبینێ، شاعیرەکەش هەروا، لەکاتێکدا ئەو ڕستەیە ئینگلیزییە. من دەمەوێ دیدارێکم لەگەڵ تۆ هەبێ. نە کوردییە نە فارسییە. من دەمەوێ تۆ ببینم، من دەمەوێ دیدارت بکەم.

جەمال ئەحمەدی ئایین هەروەکو خۆی دەڵێ: پاش زیاتر لە دە ساڵ گەڕان و خوێندنەوە و بەدواداچوون، ئینجا توانیویەتی ژیانی مەستوورەی ئەردەڵانی شاعیر و ئەدیب و مێژوونووس لەڕۆمانێکی مێژوویی- ئەدەبیدا ساغ بکاتەوە، ناوبراو پێی وایە ئەو مشتومڕ و دەنگۆیەی لەنێوان نالی و مەستوورەدا هەبووە، هۆکارەکەی ئەوە بووە کە لەوانەیە نالی خوازبێنی ئەو خانمەی کردبێت و ئەو شووی پێنەکردبێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەحمەدی ئایین لەو ڕۆمانەیدا بەهیچ شێوەیەک باسی لەم بابەتە نەکردووە و هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە جگە لەوەی مەستوورە هەرگیز ئەم شیعرەی نەبیستووە و ئەو کە ڕووداوەکانی کاتی ژیانی مەستوورەی ڕوون کردووەتەوە نابێ باس لەوە بکات. دوایی نالی لە شیعرەکانیدا پەلاماری ناشیرینی مەستوورەی داوە، هەربۆیە ئامادە نەبووە ئەم باسە لەنێو ڕۆمانەکەدا بکاتەوە.

بۆ نووسین لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی مەستوورە و مێژووی ئەردەڵانییەکان لە سنەدا، گۆڤاری (ڕامان) ئەم دیدارەی لەگەڵ نووسەری ڕۆمانی (مەستوورە)دا سازکردووە.



**جەمال ئەحمەدی ئایین:**
**بەهۆی میرانی ئەردەڵانەوە پیاوی بەناوبانگی زۆر لە سنەدا هەڵکەوتن، مەستوورەش لە غەزەلە عاشقانەکان و لە شیوەنەکانیدا زۆر ژنانە شیعری وتووە.**

**ئا: ڕێناس جاف**

* ئێـوە چۆن بـوو لە نـووسین و لێکۆڵینەوەکـانتـانـدا ڕووتان لە مـێـژووی سـیـاسـی و ئەدەبی و فـەرهەنگی بنەمـاڵەی ئەردەڵانیـان ناو لەکـایەکـەی خـۆتاندا ئەو بوارەتان هەڵبژارد؟

– لە ڕاستیدا پێوەندی من بە بنەماڵەی ئەردەڵانیانەوە پێـوەندییـەکی ئەدەبی بوو، ئەمـەش وای لەمن کـرد لەو بوارەدا ئیش بکەم، ئەویش بە حـوکـمی ئەوەی وادەزانم شاعیرم، لە ڕێگای خوێندنەوەی شیعرەکانی مەستوورە خانی ئەردەڵانییەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ مێژووی ئەواندا پەیداکردووە، چونکە زۆر بایەخم بە شیعرەکـانی ناوبراو داوە و حــەزم بەشــارەزایی لە مــێــژووی ســیــاسی ئەردەڵانییەکان هەبووە، لەناو مێژووی ئەوانیشدا حەزم لە ژیانی مەستوورە خانم دەکرد، سەرباری ئەوەش هەر لە زانکۆوە خۆم پێوەندیم لەگەڵ بابەتی مێژووییدا هەبووە، بەڵام بە نیسبەت مەستوورەوە هەستم کرد ژیانێکی تەم داگرتووی هەیە و کـەمـترین زانیـاری لەسەر ژیانی ئەو خانمە شاعیرە هەیە، ئەوەبوو کەوتمە گەڕان و پەیداکردنی نووسراو و بەڵگەنامـە و سەرچاوەکـانی ڕۆژگاری ژیانی مەستوورە و دوای خوێندنەوەیەکی زۆر لەسەر کەسایەتی ناوبراو، دەســتم بە نووسین و لێکۆڵینەوەی مـێـژوویی لەسەر ژیانی تایبەتی ئەو خانمە کرد.

* بۆچی بەژیانی مەستوورە دەڵێی تەم داگرتوو؟

– بۆیە ئەوە دەڵێم کاتێ من دەستم بە نووسینی ژیانی مەستوورە کرد، تەنیا ئەوەندە لەسەر ژیانی هەبوو کە لە (١٢٢٠)ی کۆچی لەدایک بووە و کـچی (ئەولەسەنە) و فـلان سـاڵ کـۆچی دوایی کـردووە و لە بنەمـاڵەی قـادری بووە و هاوسەری خوسرەوخانی ئەردەڵانی بووە. ئەوەی کە هەبوو تەنیا ئەوەندە بوو لەسەر ژیانی مەستوورە، بەڵام من بۆ مـاوەی دە سـاڵ لە خـوێندنەوە و شـەونخـوونی و ماندووبوون، ئینجا توانیم ژیانی مەستوورە بدۆزمەوە و شارەزایی زۆرتری لە بارەوە پەیدا بکەم.

* بۆ ئەم باسـە زانیـارییـەکـانت زیاتر لەکوێوە دەست کەوتووە؟

– زۆر دەگەڕام تاوەکو ئەو شـتـانەی لە بارەیەوە هەیە کۆیان بکەمەوە، کتێبی (شەرعیات)ەکەی لەهیچ کوێ نەبوو، مـن گـــەڕام و پەیدام کـــرد، دواتر زۆربەی ئەو شـیـعـرانەی کە نەبوون ئەوانیـشم پەیدا کـردووە، دواتر بیرەوەرییەکانی بنەماڵەی ئەردەڵان و مەستوورەم لەم لاو ئەولا دۆزییـەوە و لەگـەڵ یەکـتـری پێکەوەم نان، ئیـدی توانیم لەو زانیـارییـانەوە مـێـژووی ژیانی مـەسـتـوورە بنووسمەوە.

* لە کوێی شیعرەکانی مەستوورە چیژت بینیوە تاوەکو وای لێکردبێت کـەمـەندکـێشت بکات بۆ نـووسـینەوەی ژیاننامەکەی بەشێوەی ڕۆمانێکی مێژوویی؟

– چێژی شیعر لە شیعرەکانی مەستوورەدا بریتی بوو لە شـیـعـرە فـارسی و کـوردییـەکـانی کـە بریتی بوون لە شـیـعـرەکـانی کـە بە شـێـوەزاری گـۆرانی (هەورامی) نووسـراون، ئەڵبـەت دەگـوترێ شـیـعـری بە شـێـوەزاری خـوارووش هەیە، بەڵام وا نیـیــە و ئەوانە شـیــعـری مەستوورە نین، بەهەرحاڵ ناسکی شیعرەکانی مەستوورە، بەتایبەتی لە غەزەلە ئاشقانەکانی و هەم شیوەنەکانیدا کە بۆ خوسرەوخـانی هاوسـەری نووسیـووە، دەردەکەوێت کە چەند ژنانە بوون و هەستی ناسکی تێدایە، چونکە کاتێ شیـوەن دەست پێدەکـات لەبەرەو دوایی چوون و نەمـان و تەواوبوونی بنەمـــاڵەکـــەیان لەپاش (٧٠٠) ســـاڵ حوکمڕانی، هەستە جوانەکانی خۆی دەردەبڕێ.

* پێت وایە بنەمـاڵەی ئەردەڵانیـیـەکـان توانیـبێـتـیـان سـەرمـایەیەکی ڕۆشنبـیـریی بۆ کـورد بەجێ بێـڵن کـە مەستوورە خانم نموونەی ژنە نووسەر و شاعیرەکەیانە؟

– بەڵێ، پشـتـگـیـری مـیـرانی ئەردەڵان لە عـالیـمـان و زانایانی وڵاتی کورد بوو بەهۆی ئەوەی سنە و دەوروبەری ببێت بە (دارولعیلمی وڵاتانی ئیسلامی). پیاوی چاک و بەناوبانگی زۆر لە سنەدا هەڵکەوتن و وەک ئەستیرەی گەش درەوشانەوە و دنیـایان ڕووناک کـردەوە، ئەمـانە بە بۆنەی مــیــرانی ئەردەڵانەوە بووە. لەنێــو ئەو هەمــوو پیاوانەدا دەبێ ئافرەتێکی وەکو مەستوورە هەڵکەوێ.

* کـتـێب و لێکۆڵینەوە و باسی تر هەیە کـە لەسـەر بنەماڵەی ئەردەڵانیان و مەستوورە نووسراون، تا چەند تۆ لەو نووسینانە ڕازیت؟

– بەداخـەوە ئەو نووسـینانە کـەمـوکـورتی زۆریان تێـدا هەیە، چونکە ئەو مێژووانەی هەمانن، بەشێوەی ستوونی کـە مـیـر لەدوای مـیـر بەشـوێن یەکـدا هاتوون و لەسـەر تایبەتمەندییـەکـانی ئەو میـرانە باس دەکەن و قـەت ناوی خەڵکی تێدا نییە کە چییان بەسەر هاتووە، داهاتوویان چی بووە؟

زۆرشت لە مـێژووی سیـاسی ئەو بنەمـاڵەیە و خـەڵکی کــورد نـادیارە و نیـیـــە، مـن دەمــەوێت ئەو نـادیارانە بدۆزمـەوە و بیـانـنووسـمـەوە، کە بیـاندۆزمـەوە، دەمـەوێت

ڕوونیان بکەمەوە و دەریان بخەم.

* تۆ نووسەری ڕۆمانی (مەستوورە)یت، ئەم ڕۆمانە لە داڕشتن و گێڕانەوەدا بریتییە لە تێکەڵەیەکی مێژوویی و ئەدەبی، چۆن ئەم کارەت تێکەڵ کرد؟

– ژیانی مەستوورە سەرلەبەری خەم بووە، هەست بووە، ڕەنج بووە، ئیحساس بووە، ئەگەر وەک بابەتێکی زانکۆیی ژیاننامەکەیم بنووسیایە، ئەوە ئەو هەموو ڕەنج و هەست و سۆز و واقیعەی کە لە ژیانی مەستوورەدا بووە، نەدەتوانرا بە چێژ و شێوازێکی باشەوە بخرێتە سەر کاغەز.

لەم نووسینەدا چۆن لایەنە مێژووییەکەیم ڕەچاو کردووە، بەهەمان شێوە هەست و نەست و ناڕەحەتییەکانی مەستوورەم بەشێوازێکی ئەدەبیش دەربڕیوە.

* چۆن توانیت لەم ڕۆمانەدا ئەو زانیاری و وردەکارییانە بەدوای یەکدا بنووسی؟

– ئەم ڕێکخستنەم لەم کتێب و لەو کتێب وەرگرتووە، لەم ماڵ و لەو ماڵ پرسم کردووە و بەگەڕان دەستم کەوتووە، ئەم دێهات و ئەو دێهاتم کردووە، پرسیارم لە هەموو کەسێ کردووە، هەبووە شیعری مەستوورەی لەبەر بووە، نووسیومەتەوە، ئەو کتێبی (شەرعیات)ە لەماڵێک دەستم کەوت کە نزیکەی (٥٠) ساڵ دەبوو هەیانبوو! کاتی خۆی باپیریان کڕیبووی و پیشانی کەسیان نەدابوو، ئەوەبوو دایان بەمن و چاپم کرد کە تەواوی خەڵکی سنەم بەچاپکردنی ئەم کتێبە دڵخۆش کرد، یان کتێبی (تأریخ الاکراد)ەکەی لەزانکۆی (britsh)ی لەندەن پەیدام کردووە و کارم لەسەری کردووە.

ئەدەبیاتیش بەشێکە لە هونەرەکانی بەلاغە و بەیان و بەدیع.. تاد، من لە هەموو ئەمانە سوودم وەرگرتووە، تاوەکو بەباشترین شێوە بتوانم ژیانی ئەو ژنە هەڵکەوتووە بنووسمەوە، ئەگەر لەمە باشتریشم بتوانیایە دریغیم نەدەکرد.

* لەمێژووی ئەردەڵانییەکاندا کاتێ باس لە مەستوورە خانم دەکرێ و کاتێ ناکۆکییەکانی نێوان میرنشینی بابان و ئەردەڵان دەخرێنە ڕوو، ڕاستەوخۆ (نالی) شاعیر ئامادە دەبێت و باسی دێتە ناوەوە و قسە لە چیرۆکی نێوان (نالی و مەستوورە) دەکرێ، هەروەکو خودی نالی لەنێو شیعرەکانیدا بە (٤٩) بەیت، شیعری بەسەر مەستوورەدا هەڵداوە، ئەم مەسەلە بەناوبانگە هەیە و ئێوەش لە ڕۆمانەکەی مەستوورەدا بەهیچ شێوەیەک باسی نالی ناکەن، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– بەلای منەوە حەزرەتی نالی شاعیرێکی زۆر گەورەیە و مافی فرەی بەسەر هەموومانەوە هەس کە هەموو کورد قەرزاری ئەوین، بەڵام نالی لەو شیعرەدا پەلاماری ناشیرینی مەستوورەی داوە، مەستوورەش وەڵامی شیعرەکانی نالی نەداوەتەوە، چونکە ئەو شیعرەی نالی بەگوێی مەستوورە نەگەیشتووە. لای من وایە ئەگەر بە مەستوورەش بگەیشتایە، دیسان ئەو هیچ ڕووی لێ نەدەکرد و وەڵامی نەدەدایەوە، چونکە ئەو نەجیبتر و گەورەتر لەوە بوو کە گوێی لێ بگرێ.

نالی لە حوجرەی مزگەوتی (دار الأحسان)ی سنە دەرسی خوێندووە و مەستوورەش هەروەکو لە شەرعیاتەکەیدا دیارە لە خزمەتی هەمان مامۆستایانی ئەو مزگەوتەدا دەرسی مەلایەتی خوێندووە، ئەو فەقێیانەی کە لەو مزگەوتەدا بوون، بەهۆی زەریفی و جوانییەکەیەوە زۆر حەزیان لێ کردووە کە یەکێک لەوانە ڕەنگە (نالی) بووبێ، نالی زۆر مەستوورەی خۆش گەرەک بووە، بەڵام نازانین خوازبێنی مەستوورەی کردووە، یان نا، گریمان داواشی کردووە، بەڵام ئەو کچی ماڵە گەورە و ئەعیانێکی سنە بووە، شووی پێ نەکردووە، چونکە ئێمە ئێستا نالی دەناسین کە چ شاعیرێکی



مـەزنە، ئەوکـاتە نالی پیـاوێکی وا بەناوبانگ نەبووە هەروەکو فەقێیەکی هەژار دەرکەوتووە و کەس نەیناسیوە تاوەکو مەستوورەش عاشقی ئەو ببێت. هەرچەند بڕێ لە زانیاران و ڕۆشنبیران دەڵێن کە نالی ناشیرین بووە.

* تۆ کە ئەم قسانە دەکەیت، هیچ زانیارییەکی وردت لەکـاتی گـەڕانەکـانتـدا لەسـەر پێـوەندییـەکانی نالی و مەستوورە دەست نەکەوتووە؟

– نەخێـر هیچ زانیـارییـەک لەم بارەیەوە نییـە، بەڵام تەنیا شتێک کە هەبێت بریتییە لە شیـعرەکانی نالی، بڕوای من وایە نالی لەوە نـاڕەحەت بووبێ کە کـاتی خۆی لە سنەدا شـاعیـرانی سنە شـیـعـریان تەنیـا بە فـارسی گـوتووە، مەسـتـوورەش شیـعرەکـانی بە زمـانی فـارسێ. لەوانەیە نالی زۆر نـاڕەحـەت بووبێ، بابەتێکی تر ئەوەیە مەستوورە کە شووی بە خوسرەوخانی بنەماڵەی ئەردەڵان کـردووە. خوسرەوخـان پێشـتـر زۆر نـاشیـرین پەلامـاری تایەفـەی جـاف دەدات، یانی خـوسـرەوخـان مـێـردی مەستوورە چووە ناوچەی جوانڕۆ و ڕەوانسەر و جافەکانی زۆر بە نـاشـیـرینی دەرکـرد و هەندێکـیـشـیـانی بەدیلی هاورد، نالی-ش کـە لەخـێـڵـی جـاف بـووە، زۆر لەمـە نـاڕەحـــەت بـووە، هەرچەنـدە لێـــرەدا پرســیـــارێـک سەرهەڵدەدات: کە بۆچی بەم شـێـوە ناشیـرینە پەلامـاری مـەسـتـوورە دەدات و پەلامـاری خـوسـرەوخـان نادات؟ هەروەک دەزانین هەمـوو خـەڵکی ئەوکـاتە دەیانزانی کـە مەستوورە و خوسرەوخان زۆر دڵیان بە یەکەوە بووە. زۆر لەم بارەیەوە ناویان دەرکردبوو، بەڵام بۆچوونی بەهێـزیش هەر ئەوەیە کە نالی-ش لای خۆیەوە دڵی لای مەستوورە بووە، بەڵام ئەو شـووی پێنەکـردووە، نالی ناچار بووە هاتووە لە خـەودا کـردوویەتی بە ژنی خـۆی، لەبەر ئەوە شیـعرەکە لە نەزەر گەورەیی شیـعرەوە زۆر لەسـەرەوەیە، کەواتە زۆر دڵی بە مەسـتوورەوە بووە، مەستوورە لەلای ئەو زۆر پایەبەرز بووە، بۆیە ئەوەی بەوچاکی و باشییە لە نەزەر ڕێسای شیعرییەوە بۆی نووسیوە، دۆستێکی زانا دەڵێ: نالی شەش مـانگ نەخەوتووە تاوەکو ئەو شیعرەی نووسـیـــوە، چونکە زۆر کـاریگەری لە سـەری هەبووە، هەندێکیش دەڵێن: ئەم شـیـــعـــرانەی نالی لەکـــاتی سەردەمی کچێنی مەسـتوورەدا نووسراوە، هەندێکی تر دەڵێن هی کـاتێکە کە ژنی خوسرەوخان بووە، بەڵام نالی لەوکاتەدا لەبەر دەسەڵاتی ئەردەڵانییەکان نەیتوانیوە ئەو شیـعـرە ئاشکرا بکات کـە هەمـوو نـاوچەی کـوردسـتـانی

ئەردەڵان و شـارەزوور لەژێر چەپۆکە و دەسـەڵاتی ئەواندا بوو. دوای ئەوەی مـەسـتـوورە مـردووە و ئەردەڵانییـەکـان دەسەڵاتیـان نەبووە، ئینجا ئەم شیـعرە دەرکـەوتووە، لەبەر ئەوەیە کـە هیچ شـاعـیـر و نووسـەرێ لەو سـەردەمـەدا سەبارەت بەم شیعرە هیچ ناڵێن. چۆن نەیاندیبوو.

* مـەبەسـتـەکـەی ئێـمـە ئەوەیە بۆچی تۆ لەو ڕۆمـانەدا باسی ئەمەت نەکردووە؟

– **یەکەم:** ئەوەیە کـە مـەسـتـوورە هەرگـیـز ئەم شیـعـرەی نەبیستووە و من کە ڕووداوەکانی کاتی ژیانی مەستوورەم ڕوون کردووەتەوە، نابێ باس لەوە بکەم.

– **دووەم:** ئێمە لە سنەدا ئەو پەلامـارەمان پێ ناخۆشە، کارێکی ناخۆش وەکو ئەم کارە لە پیاوێکی گەورەی وەکو حەزرەتی نالی لەسەر گەورە ئافرەتێکی وەکو مـەسـتـوورە کە یەکەم مێـژوونووسی ژنی جیـهان و شاعیـر و شەرع نووسی گـەورەی نـاو ژنانی جیـهـان و پاک و مـەعـسـووم ژیاوە، ڕووی داوە، بۆیە لەنـاو ڕۆمـــانەکـــەدا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕەچاوی ئەدەبی زۆرم کردووە کە حورمەتی ئەو دوو گــەورەیەم نەشکاندبێ، هەروەها سـەبارەت بەم مەسەلەیەش پرسیاری زۆرم کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە ئەنجـام نەگـەیشـتـووم و هیـچم بۆ دەرنەکـەوتووە، ئیـدی خۆپارێزیم کردووە و هیچم نەوتووە.

* هەندێک دەڵێن مـەسـتـوورە ئاگـای لە شیـعـرەکـانی نالی بووە، بەڵام بەناوی شـاعـیـــری ترەوە جـوابی نـالی داوەتەوە، تۆ لەم بارەیەوە دەڵێی چی؟

– سەبارەت بە شیعرە فارسییەکە ئەوە قسەی مامۆستا حەسەن جاف-ە، دوور نییە. شیعرە هەورامییەکەش کە سدیق سـەفی زادە لە جیـاتی مـەسـتـوورە هاوردوویە، هەمـووی بێ بنچینەیە. بەداخەوە سدیق سـەفی زادە لەم کـارە ناشـیـرینانەی زۆر ئەنجـام داوە. بریا لـەم کـارانە نەکـــات. نالی ئەم شـیـــعـــرەی بڵاو نەکـــردووەتەوە و بەکـەسـیـشـی نیـشـــان نەداوە، بەڵام ئەگـــەر لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەوە بە نووسینی ئەو شیعرەی نالی بزانرایە، لەبەر ئەوەی مـەسـتـوورە بۆ ئەردەڵانییـەکـان زۆر ئازیز بووە، نالی تووشی ئازار و ناڕەحەتی زۆر دەکرا، لام وایە ئەم شـیـعـرە بە گـوێی مـەسـتـوورە نەگـەیشـتـووە تا وەڵامی بداتەوە.

* بەڵام کۆمەڵێک بۆچوونی تر سەبارەت بەم هێرشانەی نالی بۆ سـەر مـەسـتـوورە هەیە، بۆ نموونە هەندێک دەڵێن بەهۆی ناکۆکی نێـوان بابانییـەکـان و ئەردەڵانییـەکـانەوە

بووە، یان بەهۆی حەسادەتەوە بووە کە مەستوورە شاعیرێکی ناودار بووە و نالی نەیتوانیوە بگاتە ئاستی باڵای شیعرەکانی، دوایی بەناچاری ویستوویەتی لەم ڕێگایەوە قسە لەسەر کەسایەتی و ژیانی تایبەتی بگات؟

– لای من تەنیا ئەو بۆچوونە پەسەندە کە نالی داوای مەستوورەی کردووە و ئەویش شووی پێ نەکردووە، ئەمانەش کە تۆ دەیڵێیت تەواوکەری ئەوەی پێشوون.

* ئەوەی نالی نووسیویەتی بۆ ئەو قۆناغە نەریتێکی شاعیران بووە کە زۆر لە شاعیرەکان لەم جۆرە شیعرانەیان هەیە، یان ئەمە بەزاندنی سنووری ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵایەتی بووە؟

– هەموو شاعیرەکانی کورد و عەجەم و عەرەب شیعری لەم جۆرەیان هەیە، بەڵام ئەم شیعرانە زوو لە ناودەچن، بەڵام لەبەر ئەوەی مەستوورە ژنێکی بەناوبانگ بووە، هەر بۆیە ئەم شیعرەی نالی بە گەورەیی مەستوورە، تا ئێستا ماوەتەوە.

* لەگەڵ ئەمەشدا نالی شیعری بۆ (حەبیبە)ش نووسیوە؟

– ئەی حەبیبە کێیە؟ هەندێ دەڵێن خەیاڵە، هەندێکی تر دەڵێن نەخێر کچێک بووە لە قەرەداغ و نالی بینیویەتی، بەڵام دوایی کە لە قەرەداغ دەرچووە، ئیتر نەیبینیوەتەوە، دوای ئەوە دەست دەکات بە شیعری عیرفانی و شیعر بۆ خاک و ئاو و بای کوردستان دەنووسێ، بەڵام بەنیسبەت مەستورەوە نالی بەهی خۆی زانیوە، چونکە لەکۆندا هەر کەسێ عاشقی کەسێ بووبێ، وتوویەتی ئیتر ئەوە هی منە و هی خۆمە و کەس نابێ باسی بکات و ناوی لێ بێرێ. ئەوەیە نالی بێ دەسەڵات و ئارەزوومەند، مەستوورەی لەخەودا کردووەتە موڵکی خۆی و دەڵێ:

**هات و وتی عوقدەم هەیە قەد مومکینە وابێ**
**هی تۆم، ئەگەر ئەم مەسئەلە حەل کەی بە جەوابێ**

* دوای ئەوەی ئەردەڵانییەکان خۆریان بەرەو ئاوابوون چوو، ئیدی مەستوورە ڕوو لە شاری سلێمانی دەکات و ئاوارە دەبێ، تۆ زانیاریت لەبارەی هاتنی مەستوورە تا چەندە؟

– لەبەر ناکۆکی نێوان ڕەزاقولی خان و غولام شاخان- کوڕەکانی خوسرەوخان- ئەردەڵانییەکان زۆر بێ دەسەڵات بوون. ڕەزاقولی خان لەگەڵ پاشای قاجار مشت و مڕی زۆری بوو کە بوو بەهۆی ئەوەی قاجارەکان ڕژانە سنە و ئەردەڵانییەکان لە شار ڕایان کرد. مەستوورە زیاتر لە ترسی سەردەستەی سوپای قاجارەکان- خوسرەوخانی گورجی- لەگەڵ خێڵی ئەردەڵان ڕۆیشتووە بۆ سلێمانی و میوانی خێڵێکی تری ئەردەڵانییەکان بووە لە سلێمانی کە بەناوی (عوسمان پاشا) ناسراوە، ئەم کابرایە باپیری (ئەحمەد خواجە)یە کە کتێبی (چیم دی) نووسیوە، مەستوورە لەمماڵەدا ژیاوە، ئەحمەد خواجە بۆ مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسفی گێڕاوەتەوە و وتوویەتی: من منداڵ بووم بۆیان گێڕامەتەوە و وتوویانە کە مەستوورە لەماڵی ئێمەدا مردووە، شووشەی دەواتەکەی مەستوورەم بەمنداڵی لەو ماڵەدا دیوە. ئیدی لەگردی سەیوان بەخاک سپێردراوە و ئەحمەد خواجە شوێنەکەی زانیوە و بە عەبدولڕەقیب یووسفی وتووە: ئەمە قەبری مەستووریە و شوێنەکەی ون مەکەن.

* بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستت کەوتوون، ئەردەڵانییەکان بەگشتی و مەستوورە بەتایبەتی هیچ دەستنووس و بەڵگەنامەیەکیان لەدوای خۆیان بەجێ هێشتووە کە تا ئێستا بڵاونەبووبێتەوە؟

– لەناو بنەماڵەی ئەردەڵانییەکاندا لە سنە، ئێستا خەریکی کارکردنن لەسەر ئەوەی هەر شتێکیان هەبووبێ کۆی بکەنەوە، بەڵام سەبارەت بە مەستوورە کتێبی (مجمع الادباء)ی هەیە و ون بووە، بابامەردۆخی ئەردەڵان دەڵێ: ئەم کتێبە لەماڵی یەکێ لە گەورە بنەماڵەکانی سلێمانییە، ئایا لەدوای مەستوورە لەوێ بەجێ ماوە، یان ڕەونەقی مامی مەستوورە لەگەڵ خۆی بردوویەتییەوە بۆ سنە؟ ئەوەیان نازانرێ! بریا ئەگەر لە سلێمانی، یان عیراقدا هەیە، ئاگادارم بکەنەوە تا کاری لەسەر بکرێ و بەخەڵکی ڕابگەیەنین.

**– ١٩٧٠ لە شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە.**

**– ١٩٩٧ زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی سنە تەواو کردووە.**

**– چالاکە لە بواری لێکۆڵینەوە و نووسین لەسەر ئەدەب و مێژووی کورد لە ئێراندا.**

**– نووسەری ڕۆمانی مەستوورەیە و کتێبی (تاریخ الاکراد) و (شەرعیات)ەکەی مەستوورەی ساغ کردۆتەوە.**

# دەربارەی مەلا مەحموودی بایەزیدی و ئەفسانە و پۆست مۆدێرنە

**حوسێن شێربەگی**
**(بۆکان)**

### سەرەتا و پێشەکی

لام وایە گەورەپیاوان ئامادەبوون و بوونیان بەرەکەتە، یادیشیان هەر بەپیت و پێز و خێر و بەرەکەتە، ئەوەتانێ لە یادمان و ڕێزگرتنی گەورە ئەدیبی کورد و بلیمەتی پەخشانی کوردی (مەلا مەحموودی بایەزیدی)دا ئەم هەل و دەرفەتە دەقۆزمەوە و وێڕای ڕێز و کڕنۆشم بۆ یادی ئەو زیندەیادە، ولاتی قسەوباسێک دەورووژێنم کە دەشێ باسی لێوە بکرێ و بە هیممەت و بەرەکەتی مەلا مەحموودی بایەزیدی دەزانم. قسەوباسێک سەبارەت بە ئەرکی هونەرمەند و دەربارەی ئەفسانە و پۆست مۆدێرنیتە و مەلا مەحموودی بازیدی. ڕەنگە بە ڕواڵەت چەتوون بێ، بەلام پێویستە و دەبێ ئەم باسە لێرەدا بکرێ.

ئەوە دەزانین کە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان و کۆکردنەوەی حیکایەت و ئەفسانە و چیرۆک، دەسکەوت و داهاتی کۆمەڵگەی "بۆرژوازی"ن و چیرۆک و ڕۆمانی ڕاستەقینە و سەرکەوتوو لە نێو جەماوەر و کۆمەڵگەیەکدا دێتە بەرهەم و پەرە دەستێنێ کە دامودەزگا و پێکهاتە و ڕێکخراوە تەکنیکی و مەدەنییەکان سەقامگیر بووبێتن و جێگە و پێگەیەکی باشیان بۆ خۆیان بەدەست هێنابێ و کاریگەری و شوێن پێیان بەسەر بارودۆخی کۆمەلایەتی و هەروەها بەسەر جەماوەردا بەرچاو بێ، چونکە ئەوە زیادەی داهات و هەلودەرفەتی گونجاو و حەساوە بوونی مرۆڤ لەم فۆرماسیۆنە ئابووری - ڕامیارییەدایە کە دەبێتە هۆکاری ئەفراندنی بەرهەم و دەق و ئاسەوارە ئەدەبی و هونەرییەکان.

ئەم تیۆر و بیرۆکەیە وایە و قسەی لەسەر نییە، بەلام زۆر جار هەڵکەوتەیەک لە هەمبەر یاساوڕێساکاندا قوت دەبێتەوە کە لە گۆشەنیگایەکی گشتیدا یاساوڕێسا و چوارچێوە و قاوغەکان دەشکێنێ و وەکو شمشێری فۆسفۆریی هەورەتریشقە دڵی شەوەزەنگ و تاریکەشەو شەقار شەقار دەکات؛ بۆ کات و ساتێک چەشنی گڵۆپە کارەبایەک هەڵدەگیرسێ و هەر ئەو ساتەوەختەش (هەر ئەو بڕگەیەش) خامۆش دەبێتەوە.

سەرهەڵدانی ئەحمەدی خانی و ئەفراندنی کەڵەکاری وەکو "مەم وزین"، سەرهەڵدانی مەلا مەحموودی بایەزیدی و گردوکۆکردنی نزیک بە ٤٠ حیکایەت و ئەفسانە و نووسینی پەنجا و حەوت کتێب و مەلای جزیری و مەلا پەرێشان و عەلی هەریری و عەلی بەردەشانی و... و زۆر کەسانی دیکە، ئەمانە ئەو هەورە تریشقانەن کە دڵی شەوەزەنگ شەقار دەکەن و ولات



**مەلا مەحموودی بایەزیدی**

ڕۆشن دەکەنەوە. ئەمانە هەڵکەوتە دەگمەنەکانی مێژوون، کە لە هەر سەدەیەکدا کەسێک و کەڕەتێک هەڵدەکەوێ.

مـێژوو سـەلماندوویەتی گـەورەپیـاوان بە پێـچـەوانەی ڕەوتی داخـوشـینی ئاوی ڕووبار مـەلە دەکـەن؛ مـەلا مـەحـمـوودی بایەزیدی نەیدەتوانی کـاربەدەسـتی قۆنسولگەری وڵاتێکی لاوەکی بێ، جیرە و مزە و مووچە و مـواجب وەرگـرێ و بێ خـەیاڵ بیـخـوات و دەرخـەمی فـەرهەنگ و کـولتـوور و هونەر و ئەدەبی گـەل و نەتەوەی خۆی نەبێ. مـەلا مەحـمـوودی بایەزیدی بۆ خزمـەت بەم سامانە نەتەوایەتییە هەوڵ دەدا، ئەوی لە سامانی ئەدەب و فـۆلکلۆر و کـولتـووری نەتەوایەتی وەگـیـری دەکـەوێ گردوکۆی دەکاتەوە، دەینووسێ و تۆماری دەکا و هەوڵی بە کـتـێب کردن و تۆمـار و ئەرشیڤ کـردن و چاپ و بڵاو کردنەوەی بۆ دەدات. ئەم کارانە، ئەم چالاکی و تێکۆشان و خـەباتە بەرزە فـەرهەنگیـیـە لە سـەردەم و ڕۆژگـارێکدا بووە کە فۆرماسیـۆن بۆرژوایی نەبووە، مرۆڤ تێروتەسەل و حـەسـاوە و حـەواوە نەبووە و بارودۆخ بۆ ئەم کـارانە (کاری فەرهەنگی) هەر لەبار و شیاو نەبووە.

لە بارودۆخـێـکی ئاوادا کـە لە سـەدای نەوەدونۆی جـەمـاوەری کـۆمـەڵگە بە خـوێندەوار و نەخـوێندەوارەوە تەنیا هەر لە فیکری زگی خۆیان و نانی ماڵ و منداڵ و خاوخێزانی خۆیاندا بوون، مـەلا مەحـمـوودی بایەزیدی وێڕای کار و کوێرەوەری ڕۆژانە لە خزمەتگوزاری بۆ گەل و نەتەوەکەشی غـافڵ نییە و ئەم گشـتـە سامانی ئەدەب و فـەرهەنگی نەتەوەکـەی وەکـۆ دەکـات و بە ئاکـامـێـکی دەگـەیەنێ، بۆیە ئەوەتانێ نزیک بە سـەد و چل - پەنجا ساڵ لە پاش کۆچی دوایی ئەو، ئێمە سوپاسی دەکەین و ڕێزی لێ دەگرین.

پێـشـوونیـانی ئێـمـە بە دەیان و سـەدان گـەورەپیـاو و کەڵەهونەرمەند، ئەوەندەی توانیویانە ئەرکی خۆیان بەجێ هێناوە و تا ئێـرەیان گـەیاندووە. لێـرە بەم لاوە ئەرکی ئێمەیە. شاعیری فارس (حافز) دەڵێ:

**آسمان بار امانت نتوانست کشید**

**قرعەی فال بە نام من دیوانە زدند**

ئا لێـرەدا دوو ئەرکی گـەورەیان لە جـیـاتی بەردەکـەی سـەرشـانی سیـزیف لە سـەر شانمان داناوە، دوو بەرد لە هەمـبـەرمـانە و گـەیاندنی ئەم دوو بەردە بۆ ترۆپک و لووتکەی چیا ئەرکی ئێمەیە.

١- وەکۆ کردنی کامڵ و تەواوی کولتوورمان لە پەند و قسەی نەستەق و ئەفسانە و مەتەڵۆکە و...

٢- کەڵک وەرگرتن لەم سامانە و ئەمڕۆیی کردنی بڕێ لەمانە لە ناو چیرۆک و ڕۆمان و شیعـر و شانۆ و کاری فـەرهەنگی و کۆمـەڵایەتی و سۆسیـۆلۆژی و ئابووری و ...دا

سـەبارەت بەوەی کـاری من، منی حوسێن شـێـربەگی وەک تاکێکی ناو ئەم کۆمـەڵگە و جەمـاوەرە، چیرۆک و ڕۆماننووسین و کـاری تیۆریکی زانستییانە و ئەکادیمی لە چوارچێوەی چیـرۆک و ڕۆمـاندایە، بۆ ئەمـڕۆیی کـردنی بەیت و ئەفسانەی کوردی و کەڵک وەرگرتن لەم سـامانە وەک هەوێن و توخمی سەرەکی و بنچینەی نووسینی ئەم مـژارە، دەمـەوێ بزانم چی دەکـرێ و چیم لە دەست دێ. دەسا بەم پێیە تیشکێکی بچووک دەخەمە سەر قسە و باسی بەئەمڕۆیی کردنی ئەفسانە و بەیت و باوەکان.

لە ڕاسـتـیـدا من بە چیـرۆک و ڕۆمـانی ڕیالیـزمی جادوویی ئەمریکای لاتین سەرسام بووم. من دەمزانی لەم ژانر و چەشنە ڕۆمان و چیرۆکەدا هاوکات دەگەڵ واقیع و ڕاستـەقـینە، لە فـانتـازیاش کەڵک وەرگیـراوە، بەڵام بە باشی نەمدەزانی سەرچاوەی فانتازیاکە لە کوێدایە، تا کـتـێـبـێکم خـوێندەوە لە نووسـەر و کـۆمـەڵگەناسی ئەمریکایی ئۆسکار لیڤیس(١). ناوی کتێبەکە ئەمە

بوو: «مەرگ لە بنەماڵەی سانچێزدا»(٢). هەروەها کتێبێکی دیکەی ئەم نووسەرە لە ژێر سەردێڕی "منداڵانی سانچێز"(٣). لەپاش خوێندنەوەی ئەم دوو کتێبە کە لە مژاری کۆمەڵناسی و مرۆڤناسیدا نووسرابوون، بۆم دەرکەوت بەردی بناغەی ئەدەبی ڕیالیزمی جادوویی، کولتوور و خورافە باوەکانی ناو جەماوەر و کۆمەڵگەی ئەمریکای لاتینە و ئەم گشت فانتازیایەی لەم ژانرەدا دەیخوێنینەوە، هەر هەموو خۆف و خورافەکانی ناو مرۆڤی ئەوێندەرێیە.

ئەمجار بۆم دەرکەوت کە ئەمە کەڵک وەرگرتنی ئیجابی و پۆزەتیڤە لە دابونەریت و خۆف و خەیالات و خۆزیاکانی ناو جەماوەری ئەو کۆمەڵگەیە. ئەمەش بۆخۆی گەڕانەوەیەکە لە ئەمڕۆوە بۆ ڕابردوو، ئەمڕۆیی کردنی بەیت و باو و حیکایەت و ئەفسانەکانی نەتەوەیی ڕابردووە. ئێمەش دەتوانین لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لەو هەموو خۆف و مەترسی و ئاوات و هیوا و ڕوئیا و کابوسەی لە ناو بیروباوەڕ و خورافەکانی ناو جەماوەرماندا هەیە کەڵک وەرگرین و چیرۆک و ڕۆمانی ئەمڕۆیی بنووسین. وەها چیرۆک و ڕۆمانێک کە باس لە ئەمڕۆی کۆمەڵگەمان بکات و چیرۆکخوێن و ڕۆمانخوێن و گەنج و لاوان بە چێژ وەرگرتن و تاسە و عەشقەوە بیخوێننەوە. ئەمەش خۆی لە باسی تیۆری ئەدەبی ئەمڕۆدا لە خاڵە سەرەکییەکانی بیر و باوەڕی پۆست مۆدێرنەیە. جا بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنی تیۆریک و زانستی ئەم خاڵە و ئەم باسە ئاوڕێک و وتەیەک لەسەر دوو مژار:

١- ئاوڕێک و وتەیەک لە بیروباوەڕی پۆست مۆدێرنە و بزاڤی نوێخوازی لە سوننەتەوە بەرەو مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە.

٢- ئەفسانە چییە و بۆچی؟

سەبارەت بەم قسە و باسە، وێڕای دەربڕینی لایەنگری خۆم بۆ پۆست مۆدێرنە لە کار و چالاکی داهێنانی ئەدەبی و هونەری و ئەفراندنی چیرۆک و ڕۆمان لەمڕۆدا، ڕێز و کڕنۆشم ئاراستەی ئەحمەدی خانی، مەلای جزیری، مەلا مەحموودی بایەزیدی، عەلی هەریری، عەلی بەردەشانی، نالی و مەولەوی و حاجی قادری کۆیی و.... وڵاتی باسێک دەورووژێنم کە کورد وتەنی: ئەم هەویرە ئاوی زۆری گەرەکە.

لە پێشدا با بزانین پێشڕۆیانی ئەمڕۆی فەلسەفە و زانست و تیۆری ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی لەسەر ئەم مژارە و لە سەر "نوێ"کردنەوەی سامانی ڕابردوومان چی دەڵێن؟

هۆرک هایمر(٤): توێژەر و بیرمەندی گەورە و ناوداری قوتابخانەی فرانکفۆرت دەبێژێ: "لەبۆ بازدان و ڕۆیشتن و گەیشتن لە سوننەتەوە بەرەو مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە دەبێ حەتمەن لاقمان لەسەر بەردەبازێکی سوننەت بێ، یانی بە بێ پاڵپشتی فەرهەنگی خودی و خۆمان ناتوانین بگەینە تازەگەری و نوێخوازی، چ لە باری نڤیساری و چ لە بواری شارستانیەتدا."

ژان فرانسوا لیۆتار(٥)، توێژەری پۆست مۆدێرنەی فەڕەنسی لە کتێبی «بارودۆخی پۆست مۆدێرنە(٦)»دا دەبێژێ: "مرۆڤی مۆدێرن ناتوانێ هەوجێ و نیازی بە ئەفسانە و حیکایەتی میللی و نەتەوەیی نەبێ، لە دۆخێکدا کەلان ڕیوایەت فریومان دەدات وردە ڕیوایەتەکان وەخۆمان دێننەوە."

ئەحمەدی شاملوو، گەورە شاعیری ئێرانی و خاوەنی خەڵاتی "داگرمەن"ی سوێد و خەڵاتی "داشیل هامت"ی ئەمریکا، باشترین و گەورەترین کتێبی توێژینەوە و کۆکردنەوەی ئەدەب و فەرهەنگ و هونەری زارەکی ئێرانی بە ناوی (کتاب کوچە) بە درێژایی تەواوی تەمەنی خۆی کۆکردەوە و لە ناو ئەو هەموو شاکارە شیعری و چیرۆکی و وەرگێڕانەکانیدا کە هەیبوو، شانازی هەرە زۆری بە (کتاب کوچە) بوو.

لە لایەکی دیکەوە، دەبا سووکە ئاوڕێک لە شێوە تێفکرین و گۆشەنیگای مۆدێرنە و پاش مۆدێرنە بدەینەوە. لە لای بیرمەندان و فەیلەسوفانی مۆدێرنە، لە ڕێنیسانسەوە بۆ کۆمەڵگەی بۆرژوایی و تەکنیک و مەدەنییەت و فەلسەفەی ڕۆژئاوایی وەک کانت و دیکارت و بیکۆن و هیگڵ و.. ئاوا بوو: فیکری باش و زانستی دروست و فەرهەنگ و مەدەنییەتی زانستی و پێشکەوتوو، هەر لە ڕۆژئاوا و لە لای ڕۆژئاواییەکانە و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی وەکو ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و هەر هەموو وڵات و فەرهەنگە باشووری و پەراوێزەکان (ڕۆژئاوا = ناوەندە) خاوەن فیکر و فەرهەنگ و شارستانیەتی بەکەڵک و زانستی و دروست نین و ناتوانن لە بەرەو پێشەوەچوونی فەلسەفە و زانست

و تەکنیک و مەدەنییەتدا دەور و کاریگەرییان هەبێ. ڕۆژئاوا لەسەر ئەم باوەڕە (شارستانییەتی هیلێنی) دادەمەزرێنێ و فۆرماسیۆنی بۆرژوایی ڕۆژئاوایی پێکدێنێ، تا دەگاتە شەڕە گەردوونییەکانی یەکەم و دووەم و قەیرانی گەندەڵ بوونی ئەم بیروباوەڕە تەواوەت خوازە یەخسیری گیروگرفت و درم و خەسار دەبێ و بۆمبارانی شاری (درێسدێن) - (شاری ئەڵمانیا و یەخسیرگای سەربازە ڕۆژئاواییەکانی فەرەنسی و ڕووسی و ئینگلیزی و ئەوروپی لە بەندی هیتلەر و ئەڵمانیای نازیدا) - کە لەم بۆمبارانەدا سەد و شەست هەزار کەس لە کوڕانی فەرەنگی بە دەست باوکانی خۆیان (لیدیرەکانی دەوڵەتانی یەککگرتوو) دەکوژرێن و... ئەم ساتەوەختە و ئەم کردەیە، شێوە تێڕامان و فەلسەفەی مۆدێرنەی ئەوروپایی گەندەڵ و پووچەڵ و فەشەل دەکات و لێرەوە بە جارێک شێوازی گۆشەنیگای پۆست مۆدێرنە سەر هەڵدەبڕێ و دەوری خێرا هەڵدەگرێ و خۆیا دەبێ.

هەڵبەت زۆر پێشتر لەم برگەیە (ساڵانی ١٩٤٥ - ١٩٥٠) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لە لایەن مارکس و ئینگڵسەوە و لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە لایەن نیتشەوە قوتابخانەی سەرمایەداری و بۆرژوایی (کاپیتالیزم) ڕەفز کرابوو، بەڵام باوەڕ وگۆشەنیگای پۆست مۆدێرنە لە سەر ئەم بناغە و بنچینەیەیە:

١- زانست و عەلمانییەت ڕاست و دروستێکی ڕەها نییە و ڕاستی و دروستی، شتێکی ڕێژەییە.

٢- هچ حەقانییەتێک ڕاست و دروستی ڕەها (مطلق) نییە و ئەمەش ڕێژەییە.

٣- فیکر و فەلسەفە و گۆشەنیگای ڕۆژئاوایی، تەنیا فیکر وفەلسەفە و گۆشەنیگای ڕەها نییە بۆ تێفکرین و لێکدانەوەی پرس و کێشەکانی جیهان و ئەمەش ڕێژەییە. دەبێ ئاوڕ لە فەرهەنگ و کولتووری ڕۆژهەڵات و باشوور بدرێتەوە و دەبێ بگەڕێینەوە سەر حیکایەت و ئەفسانە و دابونەریت و کولتووری ڕۆژهەڵات و وڵاتەکانی باشوور و خوێندنەوەی تازە و دووبارە و ئەمڕۆییمان لەسەر ئەو فەرهەنگ و کولتوورانە هەبێ و هەموو دابونەریت و فەرهەنگ و خورافەی ئەو وڵاتانە شەنوکەو بکرێنەوە، بەتایبەت لە ئەدەب و هونەر و شیعر و چیرۆکدا، لە ئەفسانە و ئایین و نەریتی میللیدا.

لە پاش ئەم بیروباوەڕە تازە و پۆست مۆدێرنەیە، شێوازی (ڕیالیزمی جادوویی) لە چیرۆک و ڕۆمانی ئەمریکای لاتیندا پەرەی گرت و خۆیا بووە. ئاستۆریاس و گابریێل گارسیا مارکیز و خۆرخە ئامادۆ و ژۆزێ ساراماگۆ و دەیان کەڵەنووسەری دیکەی سەر بەم شێوازە چیرۆک و ڕۆمانە خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرت و شێوازی ڕیالیزمی جادوویی هەموو شێوازەکانی دیکەی ڕۆماننووسینی ڕۆژئاوایی وەدوا خست.

لە ئەفریقادا ناردین گۆردیمەر و لە میسردا نەجیب مەحفووز، لە تورکیا ئورهان پاموک و لە قولەڕەشەی ئەمریکادا تۆنی ماریسۆن و چەندان کەسی دیکەی سەر بە دابونەریتی جیهانی پەراوێز و وڵاتانی باشوور کەڵەکاری ئەدەبی و هونەری دەنووسن و خەڵاتی نۆبڵ و خەڵاتە گەورە و بایەخدار و نێودارەکانی ڕۆژئاوایی دەبەنەوە.

ئەم جار نۆرەی ئێمەی کوردە تا جارێکی دیکە فەرهەنگ و دابونەریتی وڵاتی کوردان و ئەفسانە و بەیت و حیکایەتی نەتەوایەتی و فۆلکلۆریمان دووبارە بە گۆشەنیگای تازەوە بخوێنینەوە و دووبارە لە شەنوکەویان دەین. لە خورافەی جندۆکە و پەری و دێو و ئەژدیها و کورە کەچەڵە و مام ڕێوی و شایی پاشای جندۆکان و بەیت و ئەفسانەکانی توحفەی موزەفەرییە و ئەوانەی مەلا مەحموودی بایەزیدی و عەلی هەریری و عەلی بەردەشانی و.. دیتران وەکۆیان کردوون و لە ئەوانەی وا ماون و کۆ نەکراونەتەوە، کۆیان بکەینەوە، بە گۆشەنیگای تازە بیانخوێنینەوە، وەکو وتمان لە شەنوکەویان دەینەوە و ئەم جار لەمانە چیرۆک و ڕۆمان و شیعر و شانۆ و شێوەکاری مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە بخولقێنین.

تەنانەت کەسانی بیانی وەکو ئۆسکارمان(٧) و ئەلسکاندر ژابا(٨) و مارگریت ڕۆدینکۆ(٩) و .... خزمەتیان بە ئێمە کردووە، ئەمانەیان گردوکۆ کردووە و بڵاویان کردۆتەوە، وەریانگێڕاوەتە سەر زبانی فەرەنسی و ئەڵمانی و ڕووسی و بگرە چەندان زبانی دیکەش، ئەی خۆمان چی؟ ئەی ئەرکی ئێمە چییە؟ یانی ئێمە ئەرکێکمان لە بەرانبەردا نییە؟

لە پێشدا وتم و لێرەشدا لەم کۆتایی و دوا وتەیەشدا دووپاتی دەکەمەوە، دوو ئەرکی زۆر گرانمان لەسەر شانە:

١- گردوکۆ کردنەوەی ئەوەی گردوکۆ نەکراوەتەوە، بۆ

دووباره خوێندنەوە و بڵاوکردنەوە و بردنەوە ناو جەماوەر و کۆمەڵگەمان (بەتایبەت بۆ ناو گەنج و لاو و منداڵ).

٢- کەڵک وەرگرتن لەم سامانە و ئەمڕۆیی کردنی بڕێک لەمانە لە ناو چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامە و شیعر و شێوەکاری و...دا. شاعیری ئێرانی مەلای ڕۆمی وتەنی: «هرکسی کو دور ماند از اصل خویش/ باز جوید روزگار وصل خویش».

من ڕووی وتار و گوتار و قسەکەم دەکەمە گەنج و لاوە مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەکان و دەڵێم بە خاترجەمییەوە ئەم کارە نەک کۆنە و سەلەفی نییە، بەڵکو عەینی کارەکانی گابریێل گارسیا مارکیز و ساراماگۆ و ئاستۆریاس و ئورهان پاموک و نەجیب مەحفووز و دیترانە، یانی کارێکی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە و زۆر زۆر بایەخدار و نوێیە، دەیجا هەموومان پێکەوە بۆ پێشەوە، بۆ زیندوو کردنەوەی سامانی کولتووری و فۆلکلۆری و ئەمڕۆیی کردنی ئەم سامانە بە هونەری نوێخوازانە.

جارێکی دیکەش درووود و سوپاسم بۆ یاد و ڕوحی مەلامەحموودی بایەزیدی و خانی و ....

دەچینە سەر باسی ئەفسانە.

## ئەفسانە! بۆچی؟!

لە خەزێنەی فۆلکلۆردا وەکو گەنجێکی بەبێ کۆتایی - ڕەنگە بەشی هەرە شیرین ئەفسانە بێت، چونکە ئەفسانە هەم ڕاستی و واقیعە، هەم خەون و خەیاڵ و فەنتازیا. هەم قسە و باسی مێژوو و ڕابردووە و هەم باسوخواسی ئەمڕۆیە. هەم سەربوردی نەناسیاوان و نەدیتووانە و هەم سەرگوروشتی دۆست و دیوناس و خزم و کەسانە. هەم گێڕانەوەی سەربوردانە، هەم لێکدانەوەی چارەنووسانە. هەم باسی دیترانە و هەم قسە و باسی خۆمانە! هەم و... هەم....

دەیجا بە پێی ئەم بۆچوونانە ئەفسانە لە دێرزەمانەوە یانی لە ڕابردوویەکی دوورەوە تا هەنووکە شیرین و خۆش و لەبەردڵان بووە و هەروا خۆش و شیرین و لەبەردڵانیش ماوەتەوە.

ئەفسانە لە زاتی خۆیدا، خەون و خۆزیا و خەیاڵ و خولیای گەیشتن بە ڕزگاری و عەدالەت و یەکسانییە لە لایەن مرۆڤەوە، بە گشتی و لە لایەن خەڵکی ڕەشۆکییەوەیە بەتایبەتی. بایەخی ئەفسانە لەوەدایە کاتی ئەفسانەگێڕانەوە بۆ جەماوەرێک، یان کاتی گوێ شل کردن بۆ ئەفسانە و ئەفسانەخوانی، هەم کات و زەمەن بە خۆشی تێپەڕ دەبێ و هەم ڕاهێنان و ڕاهاتن و فێر بوون و زانست و زانیاری لە گۆڕێدایە.

ئەمە وانە و دەرسی مێژووە؛ ئەو نەتەوانەی وا دەوڵەتیان پێکهێناوە و خاوەن دامودەزگا و ڕێکخراوە و پێکهاتەی فەرمی و حکومی و نەتەوەیین زوو لە کولتوور و ئەدەب و هونەری زارەکی دوور دەکەونەوە و بەرەو فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری نڤیساری دەچن و لە ئاکامدا فۆلکلۆر و فەرهەنگی زارەکی ئەمانە زۆر بەربڵاو و هەمەڕەنگ و دەوڵەمەند نییە، بەڵام نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکان کە زۆربەشیان سێبەری دەوڵەتی نەتەوەییان بە سەرەوە نییە و بەستێن و بواری پێکهێنانی فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری نڤیسارییان بۆ نارەخسێ، ئەم چەشنە نەتەوانە دەبنە خاوەن کولتوور و فۆلکلۆر و ئەدەب و فەرهەنگی زارەکی زۆر زۆر ڕەنگین و بەربڵاو و بەهێز و دەوڵەمەند.

دەسا گەل و نەتەوەی ژیر و هۆشیاری دەوێ هەتا هەل و دەرفەت بقۆزێتەوە و لە هەر هەلومەرجێکدا کە بۆی دەرەخسێ، فەرهەنگ و کولتوور و فۆلکلۆری خۆی گردوکۆ کاتەوە، لە قەوارەی کتێب و دیوانە شیعر و فیلم و سی دی (CD)دا تۆمار و ئەرشیڤی کات، بڵاوی کاتەوە، بیانباتە نێو جەماوەرەوە، بەتایبەت بیانباتە نێو بەرەی نوێ و تەمەن ساوا و مێرمنداڵ و گەنجەوە، کە ئەم بەرە و جیلە، لە پێشینە و فەرهەنگی خودی خۆیان دانەبڕێن.

نەتەوەی ئێمە (نەتەوەی کورد) لەو نەتەوانەیە کە بە درێژایی زەمەن، خاوەن مێژوویەکی پڕ هەورازونشێو و پڕ لە بەزموڕەزم و هەڵچوون و داچوون بووە، بەتایبەت ژیانی عەشایەری و خێڵاتی و کۆچنشینی و گوندۆمەنی(١٠) بەو هەموو هەڵا و زەنا و شەڕ و بەربەرەکانێیە دەگەڵ دەرودراوسێ و نەیارانەوە، بۆ مانەوە، بۆ بژێو و نەفەوتان و ڕزگاری و زۆر فەکت و فاکتۆری دیکەشی لەگەڵدا بێ، ئێمەی کردۆتە خاوەن کولتوور و فۆلکلۆرێکی ڕەنگاوڕەنگ و دەوڵەمەند. هەزار مەخابن کە ئەم سەروەت و سامانە لە سەدای یەکی کۆ نەکراوەتەوە، تۆمار و ئەرشیڤ نەکراوە و تەنانەت بە

کتێب و نووسراوە و فیلم و سی دی خاویش نەکراوە. دەیجا کە ئەم کارە نەکراوە، زۆر سروشتییە کە زانست و زانیاری و زانستیشمان لەسەر ئەم بابەتە کەم بێ یان نەبێ!

بەداخەوە ئەوەندەی فەرهەنگی زارەکی نەتەوەی کورد دەوڵەمەندە (بەتایبەت لە مژار و بوار و بەستێنی ئەفسانەدا) هەزار ئەوەندە و بگرە زیاتر زانستی ئەفسانە ناسینەمان هەژار و لاوازە.

فلادیمێر پڕاپ(١١)، ئەفسانەناسی ڕووسیا لە کتێبی (قەوارەناسینی ئەفسانەکانی پەری) دەبێژێ: "لە کەشوهەوایەکدا زانستی وەکو فیزیا و کیمیا و ماتماتیک، خاوەن کۆلێژ و ئاکادیمی و زانکۆ و کۆنگرە و فیستیڤاڵ و پۆلێن کردنی ڕێکوپێک و زاراوەی یەکگرتوون و لە کۆنفرانس و میهرەجان و کۆنگرە زانستی و پسپۆڕییەکاندا دەنووسرێنەوە و لە لایەن مامۆستایانەوە بۆ قوتابیان دەگوازرێنەوە، کارێکی ئاوامان نە لە چیرۆک و نە لە ئەفسانەکاندا نییە و جۆراوجۆری و ئاڵۆز بوونی کەرەستەی کار و بیچم و چارەسەرکردنی گیروگرفتی ئەفسانە بە وردی هەر دێ و دژوارتر دەبێ."

ئەمە هاواری مامۆستایەکی گەورەی بوار و بەستێنی ئەفسانەناسین لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەکو ڕووسیادایە، جا ئێمەی کورد کە نە لە سەدای یەکی ئەفسانەکانمان وەکۆ کردۆتەوە و نە هیچ کارێکی پسپۆڕانەمان لەسەریان کردووە، دەبێ حاڵوباڵمان لەم مژارەدا چۆن بێ؟ ئەوەتانێ هەر بە هۆکاری ئەم کەمتەرخەمییەوەیە کە چیرۆک و ڕۆماننووسینی کوردی لە پاش نزیکەی سەد ساڵ چالاکی و هەوڵ و تێکۆشانی نووسەرانمان ناچێتە ماڵپەڕ و قەوارەی هونەری پەسندەوە و مۆرکی کوردی بوونی پێوە نانووسێ.

گلەیی و بناشت و ڕەنج و خەفەت و هاوار و برۆ زۆرە، و دەرفەت کەم. ئێرەش بابەتی وتار بۆ ئەفسانەیە، نەک بۆ ڕەنجنامە. کورتی دەبڕینەوە و با بمێنێ بۆ شوێنی خۆی و وتاری خۆی و کاتی خۆی.

مرۆڤی کۆمەڵگە نادیمۆکراسییەکان خەون و خۆزیا و خولیاکانیان لە قەوارەی ئەفسانەدا دەربڕیوە. ئەفسانە کەلاوڕێژن لە جوانی، هونەر، عەدالەتپەروەری، یەکسانیخوازی و بگرە قوتابخانەیەکن بۆ گەشە و پەرە پێدانی ڕاهێنانی هێزی ئەفراندن و داهێنانی جوانی و هونەر و فێرکاری و فێر بوونی هزر و فیکری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و یەکسانی خوازی و برایەتی.

لە ناو ئەفسانەدا زۆر جار "پادشا" زاڵم و بە بێ کەڵک و بێ خێرەیە و جەماوەر لە ناخۆشەویستی شادا، شا بە وەجاخ کوێر دادەنێن و هەموو گێڕانەوەی ئەفسانە دەبێتە ئاواتخوازی بۆ لە دایکبوونی شازادەیەک کە پیاوچاک و مرۆڤ پەروەر بێت و هەر کاتێکیش زوڵم و زۆری (میری - شا - حاکم) لە ڕادە و ئاستی توانا هێنان تێپەڕ بوو، ئەوە جەماوەر، "پادشا، حاکم" بە ئەژدیها و دێو دەشوبهێنن و دەستەودوعای سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی سوارچاکێکی جوامێر و ئازا دەبن، تا ڕاپەڕێ و ناحەزان (پادشا - حاکم - ئەژدیها - دێو - جادووگەر) لە دەسەڵات بخات و لە ڕاستیدا شوێنەوارەکەی لە ڕووی زەوی بسڕێتەوە، بەڵام دەبا خۆمان یەخسیری ڕاڤەی واتای ئەفسانە نەکەین، چونکە لەم کورتە وتارەدا کە زیاتر بۆ مژولیایش و گوتار نووسراوە، ناکرێ و ناتوانین ئەم شیکارییە بە ئاکام و ئەنجام بگەیەنین.

لێ؛ بۆ ناسینی ئەفسانە دەچینە سەر وەسفێک و پۆلێن بەندییەک کە یەکێک لە ئەفسانەناسی ئەورووپایی "میلەر"(١٢) بۆ سەرەوودەرەی واتای ئەفسانە کردوویە، "میلەر" ئەفسانە لە سێ چەشندا پۆلێن دەکا:

١- ئەفسانەی پەری و جنۆکە

٢- ئەفسانەی ژیانی ڕۆژانە

٣- ئەفسانەگەلی سەبارەت بە گیانلەبەرانی دیکەی بێج لە مرۆڤ وەکو باڵندە و ئاژەڵ و درەخت.

بەڵام ئەم پۆلێن کردنە لە لایەن کەسانێکی وەکو "ئافاناسیۆف"(١٣)ی نووسەری وڵاتی ڕووسیاوە کە زیاتر لە چوارسەد ئەفسانەی گردوکۆ کردۆتەوە و لە قەوارەی کتێبدا بڵاوی کردوونەوە، ڕەفز کراوەتەوە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی لەم پۆلێن کردنەدا تەنیا کەسێتی ناو ئەفسانە لەبەر چاو گیراوە، کەچی دەبایە پێکهاتە و بنەماش(١٤) لەبەر چاو گیرابایە.

ناسینی ئەفسانە و سەرەوودەرەی پۆلێن کردن و واتاکان و چێژ بردن لە جوانی هونەری و جوانی زەین و خەیاڵات و خۆزیاکانی نێو ئەفسانە، ئەرکی نووسەران و دای و باب و مامۆستایانە، چونکە گێڕانەوەی ئەفسانە وەک دیالۆگی ئەدەبی و هونەری بۆ جەماوەر و کۆمەڵگە -

نەک هەر بە چەشنێکی زارەکی - بەڵکو بە نووسین و بڵاو کردنەوە و خوێندنەوە و ڕاڤە کردن و مژولیایش و دیالۆگیش لەگەڵدا بێ، لە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاڤۆکدا، بە وانە گوتنەوە لە یانەکاندا لە قەوارەی کتێب و فیلم و سێ دیدا لە لایەن مامۆستایان و نووسەرانەوە، هەروەها ئەفسانە گێڕانەوە لە لایەن دای و باب و داپیرە و باپیرە و خوشک و برا گەورەوە بۆ منداڵان و مێرمنداڵان، تێفکرین و تێڕامان و هێزی هەست و سۆزی ئەدەبی و هونەری و جوانیناسینی هونەر و ئەدەب و هەست و سۆزی جوامێری و ڕزگاریخوازی و ویستی یەکسانی و دیمۆکراسی و دادپەروەری لە جیل و نەوەی داهاتوودا بە توانا و پەروەردە دەکا و ڕایان دەهێنێ و منداڵ و مێرمنداڵ و گەنجەکانمان بەرەو کەلەپوور و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوایەتی و بەرپرسایەتی و ئیش و ئەرکێکی بایەخدار دیوناس و ڕێنوێنی دەکات و هەروەها توانای ئەدەبی و هونەری و خەیاڵات پەروەری منداڵ و گەنج بەم کارە بەهێز دەبێ.

ئەفسانەی نەتەوە جیاوازەکان لێک دەچن، زۆر جار ئەفسانەیەک لە نێوان چەند وڵاتدا هاوبەشە، ڕەنگە بەبێ ناو بردنی وڵاتێک، وڵاتی خاوەن ئەفسانە باش نەناسرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە قسەی دڵی نەتەوە جیاوازەکان یەک قسەیە، ئاوات و هیوا و خۆزیاکانیش هەر وەکی یەک وایە. ئەرک و بەرپرسیاریەتی ئێمە گردوکۆ کردنی ئەو ئەفسانانەیە وا کۆ نەکراونەتەوە، بڵاو کردنەوەیانە، کەڵک وەرگرتن لەم ئەفسانانە بۆ داڕشتنی چیرۆکی نوێیە و پاراستنی ئەم سامانەیە لە فەوتان.

لێرەشدا جارێکی دیکە دروود و سڵاومان بۆ گیانی پاکی مەلامەحموودی بایەزیدی و ئەحمەدی خانی و هەریری و بەردەشانی و فەقێ تەیران و....

دەبا ئێمەش ئەرکی خۆمان لەم بەستێنەدا لە یاددا بێ.

**پەراوێزەکان:**

**1- Ossckar Levis**
**2- Adeath in the Sanchez family**
**3- The children of Sanches**
**4- Horck Haymer**
**5- Jean Francios Lyotard**
**6- The Postmodern conditon**
**7- Ahmad shamloo**
**8- Osscarman**
**9- Alkssandr Jaba**
**10- Margreet Rodenco**
**١١- گوندنشینی**
**12- Vladimir parp**
**13- Miller**
**14- Afanacyef**
**15- Structure**
**16- Morfologigaskazki**

**پەراوێز و سەرچاوەکان**


**١- ریخت شناسی قصه، فلادیمیر پراپ، ترجمه م. کاشیگر، تهران، نشر روز، ١٣٦٨**

**٢- وضعیت پست مدرن، ژان فرانسوا لیوتار، ترجمه حسینعلی نوذری، تهران، نشر گام نو، ١٣٨٠**

**٣- کتاب کوچه، احمد شاملو، نشر مازیار، تهران، ١٣٧٥ تا ١٣٨٤**

**٤- دابونەریتی کوردی و ٤٠ حیکایەتی مەلامەحموودی بایەزیدی، دکتۆر فەرهاد پیربال و پێداچوونەوەی عەزیز داشبەندی، وتارەکانی دکتۆر فەرهاد پیربال.**

**٥- ئەفسانە و ئەفسوون، برۆنۆ بێتلهایم، وەرگێڕانی ئەختەر شەریعەتزادە، انتشارات هرمس، تهران ١٣٨١**

**٦- توحفەی موزەفەرییە، ئۆسکارمان، وەرگێڕانی هێمن موکریانی، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.**

# کاریگەریی شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر یەکتریدا

عەبدوڵڵا خدر مەولوود
(زانکۆی سەڵاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)

(٤)(*)

* مەلای جزیری دەڵێ(١):

**هەردەم هەزار دل داکەڤی**
**خال لەو ددامێ دانەدا** ٥٤٦

لە دیوانەکەی جزیری ئەو دێرە وا لێک دراوەتەوە: خاڵی لە ڕوو جێ کردەوە، تا ببنە دانەو داو بۆ گیان و دڵدار لە ئەوینی ئەوان گیرۆدە بێ و لەوێوە بە ئەوینی گیان گرفتار بێ.

* سالم دەڵێ(٢):

**بۆ خاڵی لەبت زوڵفی سیەهدامە هەموو دەم**
**گونجشک صفت لەم رەهە ناکامە هەموودەم** ٨٤

تاڵە مووەکانی زوڵفی ڕەشت، بۆ ئەو خاڵەی لەسەر لێوتە هەموو دەم و بە بەردەوامی (شەو و ڕۆژ) وەک فاق و تۆڕێک ئامادەی نێچیر گرتنن. گونجشک: پاساری، چۆلەکە. وەکو سیفەتی چۆلەکە و پاساری بەردەوام لەو ڕێگایەدا بە ئارەزووەکانی خۆی ناگا.

* وەفایی دەڵێ(٣):

**دڵ کەوتە سەری زوڵفی لەبەر جەزبەیی خاڵی**
**وەحشی سەبەبی دانەیە پابەستەیی دامە** ١٣٥

خاڵی دلبەرەکەی، دڵی دڵدارەکەی بە توندی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، تاڵە مووەکانی زوڵفیشی وەک داو و فاق لە دەوری خاڵەکە بوون، لەجیاتی ئەوەی بە خاڵەکە بگا، بە داو و فاقەکەوە بوو، بەسەری زوڵفەکەوە نووساو پەلبەست کرا. کێوی هۆکارەکە هەر ئەو دانەیە، ئەو پابەستبوون و گرفتارییەی دەوری دانەکەیان داوە (کە خاڵەکەیەتی).

* شوکری فەزڵی دەڵێ(٤):

**خاڵی سیەه و پەرچەمی پڕ چینی لەسەر ڕوو**
**بۆ صەیدی دڵی عاشقە ئەو دانەو و داوە** ٥٧

خاڵی ڕەش و پەرچەمی چین لەسەر چینی کە لەسەر ڕوو دانراون، ئەوە بۆ نێچیرکردن و گرتنی دڵی عاشقانە کە ئەویان دان و ئەمیشیان داوە.

* ناری دەڵێ(٥):

**خاڵی دانەی بولبولی دڵ، زوڵفی خاوی داوی یە**
**کەی دەبێ (ناری) لە داوی خاوی مورغی دڵ نەجات** ٤٤

فاقەکەی ناری زۆر سادەیە: دانی بلبلی دڵ خاڵەکەیەتی، داوەکەشی زوڵفە خاوەکەیەتی. نازانین چ کاتێک باڵندەی دڵی ناری لەو داوە خاوە نەجات و



**ئەحمەد موختار جاف**

ڕزگاری دەبێت.

* تاهیر بەگی جاف دەڵێ(٦):

**عالم هەموو وەک طیر طمع، دانە، امل، داو**
**صیادی اجل، ساحتی دنیا قفسیکە** ٢١

طمع (تەمەع): هیوا و ئومێد، ئارەزوو، ویستنی زۆر. ئەو باڵندەیەی دەکرێتە ناو قەفەس، هەتا باڵندەکانی تر (بە هەر هۆیەکەوە بێت) بێنە نزیکی. دیارە دەوروبەری قەفەسەکەش بەداو چنراوە، هەر هەندە باڵندەکان بفریوێن و لە قەفەسەکە نزیک ببنەوە بەداوەکەوە دەبن (ئەو جۆرە ڕاوکردنە لە دنیای کەو و کەوبازیدا زۆر باوە).

بەڕاستی تاهیر بەگ لەو (دان و داوە) وێنەیەکی هونەریی شاعیرانەی جوانی کێشاوە، جیا لە شاعیرەکانی تر بە ئاقارێکی تری بردووە، هەموو خەڵکی بە باڵندەکەی نێو قەفەس چواندووە، هیوای لەنێوان دان و داوەکە داناوە. گۆڕەپان و مەیدانی دنیاش لای نێچیروانی گیان و مەرگ هێمن بە قەد پانتایی قەفەسێکە.

* ئەدیب دەڵێ(٧):

**بۆ دانەیی خاڵت بە فریبو چووم دڵی کێشام**
**سەرتاسەری دەوری قەمەرت دانەو داوە** ١٩

هەڵخەڵەتاو و فریوخوارد بووە، بۆ دانەیی خاڵ چووە و دڵی کێشاوە. ئاگاداری ئەمەشە کە سەرتاسەری ڕوخساری دانەو و دامە.

* سافی دەڵێ(٨):

**بە حەلقەی زولفەکەی یارم عەجائیب داوی داناوە**
**بە دانەی خاڵەکەی سەر ڕووی فریبی عالەمی داوە**
٢٨٧

دلبەرەکەی وەستا و لێزانێکی شارەزا و لێهاتووە. بە حەڵقەکانی زوڵفی داوی زۆر عەجەجایب دادەمەزرێنێ، خاڵەکەی سەر ڕوومەتی وەکو دانەی فاق فریوی عالەم دەدا تا بەداوەکەوە بن.

* ئەحمەد موختار دەڵێ(٩):

**چلۆن تەیری دڵم ڕزگار ئەبێ جانا لە دەستی تۆ**
**کە خاڵت دانەیە و حەڵقەی ئەسیری زوڵفت وەک داوە**
١٣١

زانی تەیری دڵی چۆن لە دەستی دلبەرەکەی ڕزگار کات. ئەگەر خاڵ دانە بێت و حەڵقەکانی زوڵفیش وەک داو بن، کۆت و زنجیر و ئەسیری دەبێ چەند ئاسان بن.

* دیسان دەڵێ:

**چەند خۆشە مرغی دڵ بۆ دانەیی خاڵت بچێ**
**تا ئەبەد مەحبووسی بەندی حەڵقەی دامت بێ**
١٦٥

بە زمانی خۆی دەڵێ: زۆرم پێ خۆشە باڵندەی دڵ ڕێک و ڕاست و بێ سڵەمینەوە بۆ دانەیی خاڵت بڕوا. تا هەتا هەتایی زیندانی و بەندی پڕ چینەکانی داوت بێ. نیوەی دووەم: مەحبووسی بەندی و .. نزیکی و لای یاری لێ دەفامرێتەوە.

* عەونی دەڵێ(١٠):

**لەناکاو هاتە خوار هەڵ نیشت هەڵۆیێ**
**کەدانە و داوی لوول دا خۆم ئەوم دی** ٥١

شاعیر چی بینیوە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە: لە ناکاو هەڵۆیێ هاتەخوار و هەڵنیشت، ئەوی دیوە کە دانە و داوی لوول داوە، چۆن و کەی!؟ ئەنجام!؟ ئەمانە نازانین و باسیان ناکا.

* میرزا غەفوور دەڵێ(١١):

**وەها دووچاری گەرداوی غەم و جەوری غەریبی بووم**

**عیلاجم ناکرێ نابم خەلاص لەو دانەو و داوە ٩٦**

لە نیـــوەدێری یەکـەم دوو دەرد و بەڵای زۆر گـەورەی هێناوە:

گـەرداوی غـەم: گـەرداو= ڕووبار، یان گـۆمی قـووڵ کـە ئاوەکەی بە تەندوورەیە و خول دەخوا.

جـەوری غـەریبی: جـەور= زوڵـم کـردن، سـتـەم کـردن، زۆرداری کردن، لادان لە ڕێگەی ڕاست.

لە نیوە دێری دووەم، چوار بابەتی پێش چاوخستووە:

چاری ناکرێ- دان

ڕزگاری نابێ- داو

ڕزگاری دەبێ.

* پاکی دەڵێ(١٢):

**هەردوو گێسووی سەمەن سای لەسەر صەفحەی گۆنا**

**بۆ صەیدی دڵی زار و نەزار دانەو دامە ٢٠٧**

گێسوو: کەزی، مووی تەوق و پشتی سەری ژنان کە دەهۆنرێتەوە و لە پشتەوە شۆڕ دەبێتەوە.

سەمەن سا: وەکو گوڵی یاسەمین.

سەفحە: ڕوو، لاپەڕەی کتێب. گۆنا: ڕوو، زار: بێ توانا، باریک، ڕەنجوور، زەعیف...

نەزار: بێ توانا، ڕەنجوور، زەعیف...

هەردوو کەزی، ڕەونەق و بۆنیان وەکو گوڵی یاسەمینە، بەسەر ڕوو گۆنای شۆڕبوونەتەوە. بۆ نێچیرکردنی دڵی زار و نەزار فاقێکن (دانەو داو)ن.

* دیسان دەڵێ:

**وتی سامن بە داوی زوڵف و دانەی خاڵی سەرگۆنا**

**هەزارانی وەکـو تۆم شـێت و شـەیدا کـرد بە ناچاری ٢٤٧**

دلبـەر دەڵێ: ئەتۆ چی!! هەزارانی وەکـو تۆ بەداوی زوڵف و دانەی خاڵی سەرگۆنام بە ناچاری شێت و شەیدا کردووە.

* دیسان دەڵێ:

**مودەتێکە قەبری دڵ وەحشم ئەسیرە بێ خەتا**

**ڕزگـاری ئەم لە داوی زوڵف و خـاڵت کـەی دەبێ ٢٥٩**

ماوەیەکە گۆڕی دڵی کێویم بێ سووچ و قەباحەت بەند و گـرفـتـارە، ئەم لە داوی زوڵف و دانەیی خـاڵ کـەی ڕزگاری دەبێ.

* عاسی دەڵێ(١٣):

**دڵم تەیرێکی زیرەک بوو بە داوی زوڵفەکەت گرتت**

**بە دانەی خاڵی بەرچاوت کە کێشات ڕوحی شیرینم ٥٢**

هەرچەندە دڵم تەیرێکی زیرەک بوو، لەگەڵ ئەوەشدا توانیت بە داوی زوڵفەکەت بیگری. بە دانەی ئەو خاڵەی بە بەرچاوتەوە بە ڕوحی شیرینت کێشاوم.

* پەرتویێ هەکاری دەڵێ(١٤):

**جان و دل و جەرگ و هەناڤ تێکدا مەجروع نگار**

**انت حبیب انت طبیب لوطفا خوە لیکە مەرحەمە ٦٠**

* گۆرانییەکی عەرەبی:

**انت الحبیب والله**

**انت الطبیب والله**

لەبەر ئەوەی هیچ زانیارییەکم لەو دێرە شیعرە عەرەبییە نییە، بۆیە تەنیا نیشانم داوە.

* نالی دەڵێ(١٥):

**مانی نییەتی قووەتی تەسویری برۆی تۆ**

**ئەم قەوسە بە دەستی موتەنەففیس نەکشاوە ١٠١**

* ئەدەب دەڵێ(١٦):

**چ بەهارە صورەتی تۆ، چ نیگارە قەوسی ئەبرۆ**

**کـە خـەیالەتە لە نەقـشی، قـەڵەمی نیگاری مـانی ١٩٧**

لەبەر ئەوەی ئەم دێرەی نالی، وێنەیەکی شیعری ئەوەندە خۆش و پڕ هونەرە، ئەدەب ناحەقی نەبووە لێی نزیک ببێتەوە و بە هەمان کەرەسە ئەویش وێنەیەکی تر بکێشێ.

* نالی دەڵێ(١٧):

**شەرابی لەعلی ڕومانی لە (نالی)**

**حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوان ٧٣**



شێخ ڕەزای تاڵەبانی

* زێوەر دەڵێ(١٨):

**کە چاوی مەست و خوێنڕێژی بە غەمزە مەیلی عاشق کا**

**دەبێ پیاڵەی شەرابی لەعلی ڕومانیی سەروبن بێ**

**١٩٥**

لەم هەردوو دێرە دەستەواژەی (شەرابی لەعلی ڕومانی) چەق و مەرکەزی دێرەکان پێک دەهێنن.

* نالی دەڵێ(١٩):

**چ ڕەوزە ڕەوزەیی جەننەت، چ جەننەت جەننەتی قوربەت**

**چ قوربەت، قوربەتی ڕاحەت، چ ڕاحەت ڕاحەتی جانە**

**١٥٦**

* دلزار دەڵێ(٢٠):

**بەیان بوو، چوومە ناو گوڵشەن لەبۆ گەردوش لەنێو گوڵدا**

**چ گوڵشەن؟ گوڵشەنی جەننەت، چ جەننەت؟ (جنة المأوی) ١١٠**

گوڵشەن = ڕەوزە

دووبارەکردنەوە: (التکرار)، یان (التکریر) هونەرێکی ڕەوانبێژییە و خودی نالی لە دیوانەکەیدا گرنگی پێداوە.

* نالی دەڵێ(٢١):

**هەناسەم زوڵفەکەی لاداوە و مەیلێکی نەکرد چاوی**

**نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابردو نێرگس هەر لە خەودایە**

**١٠٩**

* هێمن دەڵێ(٢٢):

**بەیان ئەنگوت و شەو ڕابوردو من هێشتا خەوم نایە**

**دەخوێنن بولبول و قومری، بەڵام قاسپەی کەوم نایە**

**٢٤٩**

ئەو دێرەی نالی موچڕکی بە لەش دێنێ، بەڕاستی نالی مامۆستا و زمانزانێکی گەورەیە، دەتوانێ وشە لە شوێنێ دابنێ پڕ بە پێستی خۆی بێت. هێمن بە هەندێ لە کەرەسەکان، وێنە شیعرییەکەی بە ئاقارێکی تردا بردووە.

* نالی دەڵێ(٢٣):

**گەر دەپرسی من لەبەرچی کەم دەخۆم**

**من بە برسی قەت مەزانە غەم دەخۆم**

**ئاوی سوێری چاو و باری تاڵی لێو**

**سوێر و تاڵی دەمدەم و ژەمژەم دەخۆم** ٦٦

* عاسی دەڵێ(٢٤):

**بە ئومێدی زیندەگانی قووتی غەم جەم جەم دەخۆم**

**کەوتمە داوی پەرچەم و هەم زلفی پڕ خەم خەم دەخۆم**

**٥٥**

ئەم شیعرەی نالی موڕەددەفە، واتە پاش سەروای هەیە کە ئەویش وشەی (دەخۆ)یە. ڕیتم و ئاواز و ئاهەنگی ئەم غەزەلە بە زۆری لە وشەکانی (کەم، غەم، دەمدەم، ژەمژەم، خەم، دەم، هەم، مەرهەم، سەم، عالەم، ئادەم) پێکهاتوون.

هەمان شت لای عاسی، تەنیا ئەوەندە هەیە حەفت جار وشەکان دووبارە دەکاتەوە، لای نالی لە دوو وشەدا نیشانی داوە (دەمدەم، ژەمژەم).

غەزەلەکەی عاسی (غەم، جەم جەم، هەم، خەم خەم، دەم دەم، زەم زەم، هەناسەم سەم، دەماغەم غەم، هەم هەم) لە دێری چوارەم و پێنجەم عاسی دوا برگەی وشەکانی (هەناسەم، دەماغەم) بۆ دووبارەی وشەکانی (سەم، غەم) زۆر بە جوانی بەکاری هێناون.

* شێخ ڕەزا دەڵێ(٢٥):

**مەرپووتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی**

خۆزگەم بەسەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی   ١٢٠

* تاهیر بەگی جاف دەڵێ(٢٦):
**مربوط حیاتم بەییاریم و دیاری**
**خۆزگەم بە سەگی قاپیەکەی قطبی مداری**   ٣٩

ئەم دێرەی شێخ ڕەزا، لە دێرە بەناوبانگەکانیەتی، باس لە زۆر شت دەکا. بە کەمێک دەسکاری و گۆڕان لای تاهیر بەگ شتەکان دووبارە دەبنەوە.

* شێخ ڕەزا دەڵێ(٢٧):
**یارسول الله چه باشد چون سگ اصحاب کهف**
**داخل جنت شوم در زمرهء اصحاب کهف**
**او رود در جنت و من در جهنم کی رواست**
**او سگ اصحاب کهف و من سگ اصحاب تو**
٤٠٥

* تاهیر بەگی جاف دەڵێ(٢٨):
**ئەی حەبیبی خالقی عالم ترحم تا زووە**
**ئەو سەگی اصحاب کهف و من سەگی کی تابعین**
١١

شێخ ڕەزا ئەو دوو دێرەی بە زمانی فارسی داناوە، دێرەکەی تاهیر بەگ کوردییە، نیوەدێری دووەمی بە کەمێک دەسکاری وەرگێڕدراوە.

* وەفایی دەڵێ(٢٩):
**هەموو کەس چاوەڕوانیی لێک دەکەن وەک سورمەیان دیبێ**
**مەگەر بایی صەبا خاکی گولزاری دولبەری هێنا**
١٩

* زێوەر دەڵێ(٣٠):
**دەماغ ئەمشەو موعەتتەر بوو، صەبا بۆی دولبەری هێنا**
**حەیاتم تازە بوو، ساقی، شەرابی ئەحمەری هێنا**
١٢٩

بای سەبا بەسەر خاکی پڕ لە گوڵزاری دلبەر بەرەو رووی مەعشووق لە بۆن و بەرامەی خۆش و عەتر بترازێ چیتر دەهێنێ.

* وەفایی دەڵێ(٣١):
**گوڵەندام ئەی طەنافی گەردنم زولفی پەرێشانت**
**عیلاجێ! چارەیێ! ڕوحمێ! ئەمان دەستم بە دامانت**
**لە دادی من بپرسە جارێ ئەی سولطانی عیشوە و ناز**
**بە ناحەق بۆچی بمکوژێ ئیشارەی چاوی فەتتانت**
٢٨

* زێوەر دەڵێ(٣٢):
**پەرێشانم بە تاتای کاکۆڵی موشکینی سەرشانت**
**بریندارم بە تیری غەمزەیی دوو چاوی فەتتانت**
١٣٣

کوژران و بریندار بوون، ئەنجامی ئیشارە و غەمزەی دوو چاوی فەتتانی مەعشووقە و دلبەرەکەیە.

* وەفایی دەڵێ(٣٣):
**لەو ڕۆژەوە کە دوور بۆتەوە سایەت لەسەری من**
**سووتاوە لە تاوت هەموو جان و جگەری من**
**جەرگم هەموو لەت لەت بوو بە سێلاوی سروشکم**
**چبکەم کە بە دەریا چووە لەعل و گوهەری من**   ٩١

* بێخود دەڵێ(٣٤):
**لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من**
**هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەر و شوێن ماوە دڵی من**
**ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من**
**یاخۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من**   ٦٦

* پاکی دەڵێ(٣٥):
**لەو ڕۆژە کە هاتۆتە دنیاوە دڵی من**
**شادی نەدی ئەصلا کە لە هەر لاوە دڵی من**
**بەم عالەمە بەدبەختەوە پەشۆکاوە دڵی من**
**بنوارە کە چۆن سەرکز و داماوە دڵی من**   ٢٨٣

* عاسی دەڵێ(٣٦):
**وەجهی چییە وەک سینەمە بریانە دڵی من**
**مائیل بە غەم و شیوەن و گریانە دڵی من**
**لەم دەشتە کە سەحرایی فیراقە بەدەوامی**
**دائیم لە غەما زار و پەرێشانە دڵی من**   ٥٧

* دیسان دەڵێ:

**بەم دەردە کە عیشقە چییە حەیرانە دڵی من**
**هاوارە تەبیب بێ تو بە دەرمانی سەری من**
**گەر هات و لە حەققولقە دەما رووحی بوێتن**
**پێم خۆشە ئەگەر بیخەنە دامانی سەری من** ٥٩

* دیسان دەڵێ:

**دائیم بە جەفا شێوەیی گریانە دڵی من**
**سووتاوی گڕەی ئاگری هیجرانە دڵی من**
**وەک تەیری ستەمدیدە لە دەست میحنەتی هیجران**
**حەپسی قەفەسی سینەیی بریانە دڵی من** ٦٠

لە بەشەکانی پێشتری ئەم باسە، بێخود و (١١) شاعیر و (١٤) نموونەی شیعری وەرگیرابوون. لێرەش وەفایی وەکو دەسپێک و پاکی و عاسیشی هاتۆتە سەر.

* حەریق دەڵێ(٣٧):

**تاڵ و شیرین پێکەوە نەم دیوە چابی چانەبی**
**هەر کەسێکی هەمم نشینی چانەبی پێت چانەبی**
**٩٢**

* ویساڵی دەڵێ(٣٨):

**کە چا بێ هەر لەگەڵ چا بێ، بە چا بێ مۆنیسی چا بێ**
**بەچابێ نیسبەتی چا بێ، کە چا بێ هەمسەری چا بێ**
**٣٢١**

دێرەکەی حەریق نیوەی یەکەمی وێنەیەکی واقیعییە، واتە تاڵ و شیرینی تەنیا لە چایەدا رێکن کە خۆشی وایە.

لەم دێرەدا ویساڵی، لە نیوەی یەکەم و چوار جار لە نیوەی دووەمیش چوار جار (چا بێ) دووبارە کراونەتەوە و بەکار هاتوون، هەموو ئەمانەش بە هونەری ڕەگەزدۆزی و ئەوانی تری ڕەوانبێژی بەرانبەر و شرۆڤە دەکرێن.

* ئەدەب دەڵێ(٣٩):

**بێ زەوق و موحیببەت، مەی و مەیخانە دەڵێ چی!**
**بێ نەشئەیی زاتیی، بەط و پەیمانە دەڵێ چی!**
**٨٢٤**

* هێدی دەڵێ( ٤٠ ):

**چارەی خەمی من مەی نییە، مەی خانە بڵێ چی؟**
**بەو دەردەوە مەی نام گرێ، پەیمانە بڵێ چی؟** ٣٨٥

لە دیوانی ئەدەبدا هاتووە: بەط (بەربەط): ئامێری مۆسیقایە. ئەو جۆرە شیعرە ناسکانە هەر هەندە لە قوڕگ و گەروو بێنە دەرێ و گوێ بکرێن، لەسەر نەزم و ڕیتمی گۆرانییەکی خۆش خۆیان دەنوێنن. شیعر و سیحری شیعری سەرلەبەری وەزیفەی وشە دەگۆڕن و گیانێکی جاویدانی بە وشەکان دەبەخشنەوە.

* حەمدی دەڵێ(٤١):

**ئەو کیبارانەی سەر لە ئەفلاکن**
**کە لە ڕێی ئاشنایی یا خاکن**
**ئەو ڕەسوولانەی واقیعی سرپوون**
**مەوریدی واریداتی لەولاکن** ٨٧

* خادیم دەڵێ(٤٢):

**تەن لەسەر خاک و جان لە ئەفلاکن**
**ئەولیاکانی واقیعی سڕ بوون**
**ئاشنان و لە ڕێی ئەوا وا خاکن**
**عاشیقان مەستی بادەیی عەشقن** ٢٩٦

* دیسان حەمدی دەڵێ(٤٣):

**پڕ دەم و پڕ زمان و دڵیانە**
**هەموو بەم زیکرەیە فەرەحناکن** ٨٨

* دیسان خادیم دەڵێ(٤٤):

**هەموو ئەم زیکرە قووتی ڕۆحیانە**
**هەموو بەم شیعرەوە فەرەحناکن** ٢٩٦

* حەمدی دەڵێ(٤٥):

**هەموو بەم فیکرە ماسییان و تیوور**
**مەلەوانی هەوان و قەعری بحوور** ٩١

* خادیم دەڵێ(٤٦):

**لە هەوا مەوجی داوە فەوجی تیوور**
**جونبوشی ماسیان لە مەوجی بحوور** ٢٩٩

وێنەکان خۆیان دەدوێن، بۆیە هیچ تەعلیق و

بەدواداچوونم نییە، لە بەشێکی ئەو باسە گوتوومە: خادیم قوتابی و شوون هەڵگرێکی باشی حەمدییە، لە ڕەز و باغچەکانی شیعری کلاسیک، جار جارە موتوربە کردنیش بەرهەمی تازە و بەتامویۆی تر بەرهەم هێناوە.

* قانیع دەڵێ(٤٧):

**دار و بەردەکەی، چەشنی گەوهەرە**
**ئاو و سەرچاوەی عەینی کەوسەرە**   ٣٦٠

* ئەسعەد مەحوی دەڵێ(٤٨):

**ئەرزی کوردستان هەموو گەوهەرە**
**ئاو و جۆباری وەکو کەوسەرە**   ٦٧

چەشنی، عەینی، وەکو ئەمانە ئامرازی لێکچواندنن. لە مەدحی دار و بەرد، یان ئەرزی کوردستان بە گەوهەر چواندراوە. ئاو و سەرچاوە، ئاو و جۆبار هی کوردستان بێ دەبێ لە ئاستی کەوسەر بێت بۆ ئەم دنیایەی خۆمان.

* هەژار دەڵێ(٤٩):

**نەشمیل ئەو دەردەی لەتووە لە منیشە**
**داری سەبووریم دەرهات لە ڕیشە**   ٤٢

ئەم دێرە چ وەک وێنە، یان کەرەسەی شیعری لە فۆلکلۆر و بەتایبەتیش لە گۆرانی فۆلکلۆری وەرگیراوە:

**ئەو دەردەی لەتووە لە منیشە**
**کراس زەردێ، کراس زەردێ**

بە هیوای ئەوەی خزمەتێکی بچووکی شیعری کلاسیکم کردبێت.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**(*) دیارە ئەمە بەشی چوارەمی باسەکەیە و لەم سەرچاوانەدا بڵاوبوونەتەوە:**

**- بەشی یەکەم: وێنەکان دەدوێن، ڕامان، ژمارە (٦٧)، ٢٠٠٢/١/٥، ل١٢٤ - ١٢٧.**

**- بەشی دووەم: کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کوردی لەسەر یەکتر، گۆڤاری زانکۆ (زانستە مرۆڤایەتییەکان)، ژمارە (٢٥)، هەولێر، حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل٦١٧ - ٦٣٦.**

**- بەشی سێیەم: کاریگەری شاعیرانی...، ڕامان، ژمارە (١١٧)، شوباتی ٢٠٠٧، ل٦٥ - ٨٣. (١ - ٢).**

**- کاریگەری شاعیرانی.... ڕامان، ژمارە (١١٨)، ئاداری ٢٠٠٧، ل٩٥ - ١١٤، (٢ - ٢).**


**(١) جزیری (دیوان)، هەژار شەرحی لێکردووە، چاپی یەکەم، سرووش، تەهران، ١٣٦١.**

**(٢) سالم (دیوان)، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٣.**

**(٣) وەفایی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.**

**(٤) عەبدوڵڵا عەزیز خالد (ئاگرین)، شوکری فەزڵی شاعیرێکی سیاسی و نەتەوەیی کوردە، چاپی یەکەم، (دارالثقافة والنشر الکردیة)، بەغدا، ١٩٨٨.**

**(٥) ناری (دیوان)، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی کاکەی فەللاح، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ١٩٨٤.**

**(٦) تاهیر بەگی جاف (دیوان)، چاپی سێیەمین، چاپخانەی هەولێر، هەولێر ١٩٦٦.**

**(٧) ئەدیب (دیوان)، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٧٦.**

**(٨) سافی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی محەمەدی مەلا مصطفی هیرانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.**

**(٩) ئەحمەد موختار جاف (دیوان)، بە کۆششی ئەفراسیاب ئەحمەد موختار جاف، چاپخانەی (الادیب)، بەغدا، ١٩٨٦.**

**(١٠) عەونی (دیوان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧.**

**(١١) میرزا غەفوور (دیوان)، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٩١.**

**(١٢) پاکی (دیوان)، ئامادەکردنی دکتۆر ئیبراهیم طاهر معروف، بڵاوکردنەوەی نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٠٧.**

**(١٣) عاسی (دیوان)، ئامادەکردن و پێشەکی و فەرهەنگۆکی عەزیز گەردی، بڵاوکردنەوەی نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٠٨.**

**(١٤) پەرتوبێ هەکاری (دیوان)، بەرهەڤکرن و تویژانا صادق بهاءالدین ئامێدی، دەزگەها ڕۆشەنبیری وبلاڤکرنا کوردی، (دارالحریة للطباعة)، بەغدا، ١٩٧٨.**

**(١٥) نالی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و ئامادەکردنی مارف خەزنەدار، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.**

**(١٦) ئەدەب (دیوان)، کۆکردنەوە، بەراورد، ساغکردنەوە و**

فەرهەنگ: محەمەد حەمەباقی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ۲۰۰۵.
(۱۷) نالی (دیوان)، هەولێر، ۲۰۰۸.
(۱۸) زێوەر (دیوان)، محەموود زێوەر کۆی کردۆتەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ۲۰۰۳.
(۱۹) نالی (دیوان)، هەولێر، ۲۰۰۸.
(۲۰) دڵزار (دیوان)، پێداچوونەوەی ئازاد دڵزار، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ۲۰۰۶.
(۲۱) نالی (دیوان)، هەولێر، ۲۰۰۸.
(۲۲) هێمن، بارگەی یاران، بەسەرپەرشتی بەدران ئەحمەد و عوسمان دەشتی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ۲۰۰۳.
(۲۳) نالی (دیوان)، هەولێر، ۲۰۰۸.
(۲٤) عاسی (دیوان)، هەولێر، ۲۰۰۸.
(۲٥) شێخ ڕەزای تاڵەبانی (دیوان)، ساغکردنەوە و شەرحی شوکر مستەفا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ۲۰۰۰.
(۲٦) تاهیر بەگی جاف (دیوان)، هەولێر، ۱۹٦٦.
(۲۷) شێخ ڕەزای تاڵەبانی (دیوان)، هەولێر، ۲۰۰۰.
(۲۸) تاهیر بەگی جاف (دیوان)، هەولێر، ۱۹٦٦.
(۲۹) وەفایی (دیوان)، بەغدا، ۱۹۷۸.
(۳۰) زێوەر (دیوان)، هەولێر، ۲۰۰۳.
(۳۱) وەفایی (دیوان)، بەغدا، ۱۹۷۸.
(۳۲) زێوەر (دیوان)، هەولێر، ۲۰۰۳.
(۳۳) وەفایی (دیوان)، بەغدا، ۱۹۷۸.
(۳٤) بێخود (دیوان)، کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ۱۹۷۰.
(۳٥) پاکی (دیوان)، هەولێر، ۲۰۰۷.
(۳٦) عاسی (دیوان)، هەولێر، ۲۰۰۸.
(۳۷) حەریق (دیوان)، چاپی دووەم، چاپخانەی (الجمهورية)، کەرکووک، ۱۹٦۹.
(۳۸) ویساڵی (دیوان)، ئامادەکردنی جەمال محەمەد محەمەدئەمین، (دارالجاحظ للطباعة والنشر)، بەغدا، ۱۹۸٦.
(۳۹) ئەدەب (دیوان)، هەولێر، ۲۰۰٥.
(٤۰) هێدی، کاروانی خەیاڵ، چاپی دووەم، هەولێر، ۱۹۹۷.
(٤۱) حەمدی (دیوان)، ساغکردنەوە و ڕێکخستن و چاپکردنی عەبدوڵڵا خدر مەولوود، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ۲۰۱۰.
(٤۲) خادیم (دیوان)، ئامادەکردن و ساغکردنەوەی جەمال محەمەد محەمەدئەمین، بەرگی دووەم، چاپخانەی (دارالحرية للطباعة)، بەغدا، ۱۹۸۰.
(٤۳) حەمدی (دیوان)، هەولێر، ۲۰۱۰.
(٤٤) خادیم (دیوان)، بەغدا، ۱۹۸۰.
(٤٥) حەمدی (دیوان)، هەولێر، ۲۰۱۰.
(٤٦) خادیم (دیوان)، بەغدا، ۱۹۸۰.
(٤۷) قانیع (دیوان)، بورهان قانیع کۆی کردۆتەوە و چاپی کردووە، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ۱۹۷۹.
(٤۸) ئەسعەد مەحوی (دیوان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ۱۹۷۰.
(٤۹) هەژار بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ۲۰۰۱.

# ڕەنگدانەوەی دیاردەی چینایەتی لە پەندی کوردیدا

**د. عادل گەرمیانی**
**(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی زمان)**

**(١ - ٢)**

مەسەلەی هەبوونی دیاردەی چینایەتی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا - چ لە ڕابردوودا بێت، یان لە ڕۆژگاری ئیمڕۆماندا بێت - مەسەلەیەکی سروشتییە و بابەتێکی تازە نییە و لەم بارەیەوە چەندین کتێب و لێکۆڵینەوە نووسراوە و پێشکەش کراوە. لێدوانیش دەربارەی ململانێی چینایەتی لە مێژووی هەر میللەت و کۆمەڵێکدا جۆرە بابەتێکە دانوستاندن و ڕەخنە و مشتومڕێکی زۆری لەسەر کراوە و دەکرێ. کۆمەڵی کوردەواری خۆمانیش یەکێکە لەو کۆمەڵانەی دیاردەی چینایەتی تێیدا هەبووە و لەم ڕۆژگارەدا بە زەقی دەرکی پێدەکرێ، چونکە کۆمەڵی کوردەواریش بناغەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەی تێدایە. هەرچەندە ململانێی چینایەتی لەنێو کۆمەڵی کوردەواریماندا تا ئەم ڕۆژگارە نەگەیشتۆتە ڕادەی تەقینەوەیەکی گەورە و بەرپاکردنی شۆڕش، یان کودەتایەک، بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێ جاروبارێک بەگژدا چوونێکی چینایەتی ڕووی دا بێت.

پەند خاوەن مێژوویەکی دێرینە و بە بەشێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆریی هەموو میللەتێک دادەنرێت، کەوا بە شێوەی دەماودەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گوازراوەتەوە و درەنگ وەخت دەست بە کۆکردنەوە و تۆمارکردن و نووسینی کراوە، هەروەها پەند بە ئاوێنەیەکی ڕەونەقداری ڕەنگدانەوەی باری چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵ و میللەت دادەنرێت لە قۆناغەکانی پەرەسەندن و گەشەسەندنی مێژوویی و شارستانییەتی ئەو کۆمەڵ و میللەتەدا. ئەم لایەنە هۆکارێکە گرنگی خۆی لە هەڵبژاردنی ئەم جۆرە بابەتە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان هەبوو، کەوا بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی دیاردەی چینایەتی لە نێو پەندی کوردیدا). نکۆڵی لەوە ناکرێ کەم کەس هەیە لە ڕۆشنبیر و لێکۆڵەرەکانمان خۆیان لە قەرەی باسکردنی هەبوونی دیاردەی چینایەتی لە نێو کۆمەڵی کوردەواریمان دابێ و لەوانەیە هەندێ هۆکاری ڕامیاری و ئایدیۆلۆژیایی و جۆری بیرکردنەوە کاریان کردبێتە سەر ڕۆشنبیرەکانمان و بەشێوەیەکی باش هانیانی نەدابێ بۆ نووسینی کتێب و لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم دیاردە گرنگە. ئەم لایەنەش هۆکارێکی دیکە بوو بۆ خۆ لەقەرەدانی لێکۆڵەر لەم جۆرە بابەتە هەمیشە گرنگە لە مێژووی کۆن و هاوچەرخی کۆمەڵی کوردەواریماندا.

بەکارهێنانی زاراوەی "دیاردەی چینایەتی" لە ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا زیاتر لەبەر ئەوە بوو ئەم جۆرە زاراوەیە خاوەن واتایەکی بەرفراوانە و دەتوانێ لایەنەکانی باری چینایەتی و خولیا و ئارەزووی چینایەتی و چەوسانەوەی چینایەتی و هۆشیاری چینایەتی بگرێتەخۆ ، کەوا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان

ناراستەوخۆ لەنێو چەندین پەندی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و ئەم لایەنە لە لاپەڕەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە وردی خراوەتە ڕوو.

لەبەر ئەوەی پەندی هەر سێ پارچەکەی کوردستانی تورکیا و ئێران و سوریامان بە شێوەی کۆکراوەیی لە ژێر دەستدا نەبوو، بۆیە نەمانتوانی نموونەی لەبار دەربارەی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی چینایەتی ئەو ناوچانە لە پەند، یان قسەی باقانی کوردی ئەو ناوچانە بهێنینەوە، هەروەها بۆ ڕێکخستن و هەڵبژاردنی نموونەی گونجاویش بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودمان لە هەندێ کتێبی تەرخان کراو بۆ پەندی کوردی وەرگرتووە، بەڵام زیاتر سوودمان لە کتێبی (پەندی پێشینان)ی شێخ محەمەدی خاڵ وەرگرتووە، چونکە لە ڕووی ژمارەی پەندەکان و لێکدانەوەیان، باشترین سەرچاوەیە و زۆربەی لێکۆڵەرانی بواری پەندی کوردی سوودیان لێبینیوە.

لە ڕاستیدا هەبوونی هەندێ سیما و سیفاتی تایبەتمەند بە چینەکانی نێو کۆمەڵی کوردەواریمان بووەتە مایەی بەخشینی جۆرە جیاوازییەک بە سروشتی دیاردەی چینایەتی لەنێو کۆمەڵی کوردەواریمان و ئەم لایەنە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ لەنێو پەندەکانی میللەتەکەماندا ڕەنگی داوەتەوە و ئەم لایەنە بەوردی لە لاپەڕەکانی داهاتووی ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر بۆمان ڕوونتر دەبێتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەک و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە و پێڕستی بابەتەکانی بریتییە لەم خاڵانەی خوارەوە:

- پێشەکی
- بەشی یەکەم دابەش کراوەتە سەر دوو بەش:

*- تەوەرەی یەکەم بۆ پێناسەکردنی چەمکی پەندو خەسڵەتەکانی تەرخان کراوە.

*- تەوەری دووەم بۆ پێناسەکردنی چەمکی چینایەتی و خەسڵەتەکانی تەرخان کراوە.

- بەشی دووەم بۆ لێدوان دەربارەی دیاردەی چینایەتی لەنێو کۆمەڵی کوردەواری تەرخان کراوە.
- بەشی سێیەم بۆ خستنە ڕوو و ڕاڤەکردنی ئەو پەندانەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ مەبەست و هەست و هۆشیاری چینایەتی تێیاندا ڕەنگیان داوەتەوە.
- ئەنجام
- پەراوێز و سەرچاوەکان
- کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی.

لێرەدا پێویستە بڵێم ئەم لێکۆڵینەوەیە بە زانا و مامۆستام د. کەمال مەزهەر ئەحمەد پێشکەشم کردووە، چونکە لە بواری لێکۆڵینەوەی چینایەتی دەربارەی کێشەی چینی کرێکاران و جووتیاران و دەرەبەگ خاوەن نووسینی بە پێزە و لەسەر دەستی ئەم زانایە ڕێبازی لێکۆڵینەوەمان لەساڵی یەکەمی خوێندنی دکتۆرا خوێندووە و لەم بوارەدا خۆم بە قەرزاری هەمیشەیی ئەو دەزانم.

هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێم کەوا بەکارهێنانی زاراوەی پەند لەبری زاراوەی پەندی پێشینان بە لامەوە باشترە، چونکە منیش وەک د.نەجم خالد نەجمەدین (ئەلوەنی) لە نامەی ماستەرەکەیدا ئاماژەی پێدەکات لەو باوەڕەدام، کەوا "ئەگەر وتمان (پەندی پێشینان) واتە ئەم پەندانە تەنیا مۆرکی ڕابردووی پێوە دەلکێت و هیچ جۆرێکی کاتی ئێستا و داهاتووی پێوە نامێنێت"(١)، چونکە پەند "هێڵێکی نەپچڕاوی نێوان هەر سێ کاتەکەیە، واتا ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو"(٢). کەواتە هەموو ڕۆژگارێک خاوەن پەندی خۆیەتی و تەنیا لە سەدەکانی ڕابردوودا پەند سەری هەڵنەداوە تا تەنیا زاراوەی پەندی پێشینانی بۆ بەکار بهێنین، بەڵکو ڕۆژگاری ئێستا و داهاتووشمان دەبێتە خاوەن پەندی خۆی، کەوا مرۆڤێکی دنیادیدە، یان دەمڕاستێک بەشێوەیەک دایدەڕێژێت، پاشتر دەبێتە زمانحاڵی ڕاگەیاندنی جۆرە حیکمەت و عیبرەتێک تا نەوەکانی پاشتر سوودی لێ ببینن، بۆیە بەکارهێنانی زاراوەی پەند زیاتر بە لامەوە لۆژیکیترە.

ئومێدەوارم بەم لێکۆڵینەوەیە خزمەتێکی ئەدەبی کوردیم کردبێ، چونکە هەمیشە ئەم ئەدەبە پیرۆزیی خۆی لە هزر و دەروونمدا هەیە و منیش وەک خاوەنی ئەم پەندە دەڵێم: "تاجی ئەدەب لەسەرنێ، هەموو جیهان لەبەر نێ.. - خاڵ، ل١٤٦" هیوادارم ئەم لێکۆڵینەوەیە ببێتە جێی ڕەزامەندی و سوود وەرگرتنی خوێنەرانی کوردی هاوچەرخمان.

## بەشی یەکەم

### ١-١- پێناسەی چەمکی پەند

پەند بەشێکی گرنگی نێو گەنجینەی ئەدەبی فۆلکلۆری هەموو میللەتێکە و خاوەن ڕابردوویەکی دێرینە لەڕووی سەرهەڵدانی مێژوویییەوە، دیاردەی چینایەتی لەنێو

هەندێکیاندا ڕەنگی داوەتەوە بە حوکمی ئەوەی پەند جۆرە ئاوێنەیەکی ڕەونەقداری خستنە ڕووی هەست و هۆشیاری چینایەتی سەردەمی خۆیەتی.

ئەگەر پەندی پێشینان خاوەنەکەی نەناسراو بێت بە حوکمی فێر نەبوونی نووسین بۆ تۆمارکردنیان، یان بەحوکمی نەبوونی ئامێرەکانی چاپکردن لەو سەردەمانەدا، ئەوە لەوانەیە ئەو لایەنە لە پەندی داهاتوومان‌دا نەمێنێ بە حوکمی نەمانی ئەو هۆکارانەی دەبوونە مایەی نەناسراوی خاوەنەکەی. لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کەوا پەند، یان قسەی باڤانی کوردی هاوچەرخ تا ئەم ڕۆژگارە لە بێ ناسینی خاوەنەکەی دەرباز نەبووە، هەرچەندە کەرەستەکانی نووسین و چاپکردن و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو لەم ڕۆژگارەدا زۆر بوونە.

هەموو پەندێک مۆرکێکی کۆمەڵی پێوە دیارە و بە مەبەستی حیکمەت دادان و عیبرەت لێوەرگرتن دانراوە، چونکە وەک د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێت: "پەندی پێشینان خۆی لە خۆیدا ئەنجامێکە کە ژیریی گەل لەسەر بناغەی دنیادیدەیی و تەجروبەیەکی دەوڵەمەند گەیشتوویەتێ"(٣).

هەموو پەندێک خاوەن سەرگوروشتە و سەرچاوەی هەڵقوڵانی تایبەتی خۆیەتی و ئەم لایەنە بە جوانی خراوەتەڕوو و لە زۆربەی شرۆڤەکردن و خستنەڕووی واتای ژمارەیەکی زۆری پەندەکانی نێو کتێبی (پەندی پێشینان)ی شێخ محەمەدی خاڵ و کتێبی (پەندی کوردی)ی عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی هەیە. بۆ نموونە پەندێک هەیە دەڵێت: "کۆسە، بەندێکی دی و پەندێکی گرت. - خاڵ، ل ٣٣٣ -" واتای ئەم پەندە ئەوە ڕادەگەیەنێت کەوا هەموو پەندێک لە ڕاستیدا خاوەن سەر گوروشتەی خۆیەتی و خاوەنی نەناسراوی پەندەکە لە ئەنجامی بینینی ڕووداوێک، یان لە ئەنجامی ڕوودانی بابەتی پەندەکە بەسەر خۆیدا ئەو پەندەی وتووە، یان دایڕشتووە. داڕشتنی پەندەکان زیاتر بەشێوەی ڕستەیەکی کورتی تەواو واتادار، یان بەشێوەی هۆنراوەیی کێشدار و جوان و کاریگەر و ئاسان دەبێ و زۆر جاریش لایەنێکی ڕەوانبێژیی وەک لێکچواندن، یان خواستن و خوازەی تێدایە. پەند بەلای جەمال بابانەوە "ئەو وتراوە کورتە جێماوەیە کە لە بیروباوەڕی گەلە و لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و بەراورددا هەڵقوڵاوە"(٤).

بە گشتی و بۆ خستنەڕووی کورتترین پێناسەی پەندی پێشینان ئێمەش وەک د. شوکریە ڕەسووڵ دەڵێین: "پەند لە کوردیدا بەو وشە بە مانایە دەوترێ کە هەمیشە بۆ پتەوکردنی قسە، یان بۆ ڕوون کردنەوەی بابەتێک، یان وەک دەرخستنی تاقیکردنەوەیەکی میللی دەهێنرێتە ناوەوە و مەرجە خاوەنی دیار نەبێ، ئەگینا دەبێ بە فەرموودە"(٥). لێرەدا پێویستە بڵێین ئەگەر نەناسراوی خاوەن پەند هەمیشەیی بێت، ئەوە دەبێ لەداهاتوودا چاوەڕوانی لە دایکبوونی پەند نەبین، چونکە وەک پێشتر وتمان هۆکارەکانی نەمانی نەناسراوی خاوەن پەند لەداهاتوودا لەوانەیە نەمێنێ بە حوکمی پەرەسەندنی ژیانی شارستانی مرۆڤی ئەو سەردەمانە لە ڕووی زانینی نووسین و زۆربوونی ئامێرەکانی چاپکردن و تۆمارکردنی ئەو پەندانەی دانەرەکەی بە مەبەستی عیبرەت لێوەرگرتن دایدەڕێژێت.

ئەم بەشە گرنگەی ئەدەبی فۆلکلۆری بە چەند شێوەیەک لەنێو خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا ناوی لێدەنێن، بۆ نموونە: "پەند و قسەی نەستەقی کوردی هەر ناوچەیەک بگرین لە ناوچەکانی کوردستان لە ڕووی ڕوخسارەوە ناوێکی تایبەتی بۆ پەندەکان دانراوە. ئەم ناوانەش لە ڕووی ڕوخسارەوە لە یەک جیان، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەموویان یەکن و بۆ یەک مەبەست بەکار دەهێنرێن. بۆ نموونە کوردی عیراق و ئێران (پەندی پێشینان)، یان (قسەی پێشینان)، یان (مەسەلەی پێشینان)، یان (بێژوپەند)ی پێ دەڵێن، کەچی کوردەکانی تورکیا، هەروەها ئەو کوردانەی لە ئەرمینیا و گروزینستان (جیۆرجیا)ی یەکێتی سۆڤیەت دەژین پێی دەڵێن (قسەی باڤان)، یان (مەسەلە و مەتەڵۆک). لە ناو کوردەکانی ئازربایجانی سۆڤیەت و کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستیشدا (گەپیدی باڤان)ی پێ دەڵێن"(٦).

سەرهەڵدانی پەندی کوردی بە لای (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)ەوە بۆ سەردەمی فێربوونی کشتوکاڵی دەگەڕێتەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: "پەندی پێشینان بەرهەمی دەوری کشتوکاڵ و پاش ئەوەیە. بۆ بەڵگەی ئەم قسەیەش دەبێ ئەوە بزانین کە دەست دانە کشتوکاڵ و دەست دانە حەیوان ماڵی کردن، لە سەرەتای پلەی کۆمەڵایەتی و مێژوودا نزیکی یەکن، بۆیە بە زۆری باسی ماڵات و ناوی زۆر جۆرە ئاژەڵ وەک: (بزن، مەڕ، گا) ناوی تانجی و سەگ و کەر و ئەسپ و ئێستر و حەیواناتی دیکە، هەموو بەڵگەی ئەوەن کە ئەم پەندانە

بەرهەمی ئەو پلەیەی مێژوون و هەرچەندە لە پەندی پێشینەیاندا زۆر جار ناوی حەیوانی نامالّی (کێوی)و ناوی درندە دێت، بەلاّم دیارە بە جۆرێک ناویان دێت کە لە ژیانی رۆژانەی خەلّکەوە دوورن، واتە پەندی کاتێکن کە کورد هاتۆتە ناو خانووبەرە و گوندەوە و تەنانەت هەندێ شاریشی دروست کردووە"(٧).

ئەم بۆچوونەی راست و دروستە، چونکە ئەو قۆناغە بە قۆناغی پێش قۆناغی دەرەبەگایەتی دادەنرێت، کەوا هەندێ کەس لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا و لەبەر چەند هۆکارێک پاشتر روونی دەکەینەوە توانییان دەسەلاّتی خۆیان بەسەر رووپێوێکی زۆری زەوی و زاری کشتوکالّی خەلّکی بسەپێنن، هەروەها قۆناغی فێربوونی کشتوکالّ بە لامانەوە بە قۆناغێکی پێشکەوتووی ژیانی ئادەمیزادی سەردەمی پێشوو دادەنرێت ، چونکە بەلّگەی کاریگەرە دەربارەی دوورکەوتنەی ئادەمیزادی ئەو چاخ و سەردەمەی سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی لە ژیانی تاکە کەسی و ژیانی کێوی نێو دارستان و کێلّگەکان.

هەروەک چۆن د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ هەبوونی هەندێ وشە دەکاتە بەلّگەی کاریگەر بۆ بۆچوونەکەی، کەوا پەندی پێشینان بەرهەمی دەوری کشتوکالّ و پاش ئەوەیە. ئاوەهاش هەبوونی هەندێ وشەی وەک (ئاش، ئاغا ، زۆرداری) لەنێو هەندێ پەندی کوردیدا بە لای ساجید ئاوارەوە دەلالەتی ئەوەیە پەندی پێشینانی کوردی لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا پەیدا بووە و لەم بارەیەوە دەلّێت: "کە لە کاتی پەیا بوونی چاندنی کشتوکالّ پێوەندی ئابووری نوێ پەیدا بوو، لەگەلّ رژێمێکی نوێ کە ئەویش رژێمی دەرەبەگایەتییە. (ئاش و ئاغاو زۆرداری) ئەم وشانە لە نەریتی ئەو رژێمەن، ئەگەر زۆرترینی پەندەکان بپشکنین و لێیان بکۆلّینەوە هیچ بەلّگەیەک بە دەستەوە نادەن کە پێش ئەم قۆناغە پەیا بووبن. لەبەر ئەوە پەندی پێشینان لە قۆناغی دەرەبەگایەتییەوە داهات"(٨).

لەم بۆچوونەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کەوا خاوەنەکەی تەنیا هەبوونی سێ وشەی وەک (ئاش و ئاغا و زۆرداری) لەنێو هەندێ پەندی کوردیدا دەیگەیەنێتە ئەو قەناعەتە - نا دروستە بەلامانەوە لە رووی لۆژیکی و مێژووییەوە - کەوا کورد پێش ئەو قۆناغە خاوەن پەندی پێشینانی خۆی نەبووە. ئەم بۆچوونە لە رووی لۆژیکەوە راست و تەواو نییە، چونکە قەت بە ئاسانی ئەم بۆچوونە قەبووڵ ناکرێت، بە حوکمی ئەوەی کوردیش لە قۆناغەکانی پێش دەرەبەگایەتی خاوەن پیاوی رەشید و دنیادیدەی خۆی بووە، توانای ئەوەیان هەبووە کرۆکی رووداو و کارەسات بەپێی توانایی بەشێوەی پەندی کاریگەر دابرێژن. بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە ئەم پەندانەی خوارەوە هەندێ خەسلّەت و سیمای قۆناغەکانی پێش دەرەبەگایەتییان پێوە دیارە:

- بەندەی بێ عەیب نابێ. (خالّ، ل١٢٤)
- دیاری شوان، یان شنگە،، یان هەلّەکۆک. (خالّ، ل٢٤٣)
- بزن کە ئەجەلی هات، نانی شوان ئەخوا. (خالّ، ل٨٥)
- شوان بە شوانی عار نییە، بە نانەوە چێی عارە. (خالّ، ل٢٩٣)
- هەر دەونە ئەبێ بە دار، لە بنیا دادەنیشن فەقیر و هەژار. (خالّ، ١٧,)
- رەش، رووتی، کلاّوت نییە، ئەم جەژن بەو جەژن پلاّوت نییە. (خالّ، ل٢٥٣)
- هەر کەس نانی ناوچەوانی خۆی ئەخوا. (خالّ، ل٤٨٧)
- خانووی فەقیر، مانگەشەو چرایەتی. (خالّ، ل١٨٦)
- هەژاریی کراسی ئاگرینە. (خالّ، ل٤٩٢)

ئەم جۆرە پەندانە و چەندین پەندی دیکە، دەکرێ بکرێنە بەلّگە بۆ ئەوەی پەندی کوردی لە پێش قۆناغی دەرەبەگایەتیش هەبوونی هەیە و ئێمەش لەم بوارەدا وەک د. شوکریە رەسووڵ دەلّێین: "نە پەیدابوونی کشتوکالّ هی سەردەمی دەرەبەگییە، نەبەلّگە هەیە کەوا ئاش لە سەردەمی دەرەبەگیدا داهاتووە و نە زۆرداریش لە دەرەبەگییەوە دەست پێ دەکا"(٩).

مێژووی کۆکردنەوەی پەندی کوردی نزیکەی سێ سەدە دەبێ و "یەکەم دەستنووسی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی تا ئێستا بە دەستمان گەیشتبێ، لە سالّی ١٧١١ نووسراوە لە ماتیندەرانی ئەرمینیای سۆڤیەتی بە ناوونیشانی (میسرۆب ماشتۆسە)، ئەم دەستنووسە دەیان پەندی پێشینانی کوردی تێدایە بە پیتی ئەرمەنی لە زاری کەسێکی نەناسراو نووسراوە"(١). کەواتە دەکرێ بلّێین ئەو هەنگاوە یەکەمین هەنگاو بووە بۆ کۆکردنەوە و تۆمارکردنی پەندی کوردی لە کاتی خۆیدا.

هەروەها لە بواری کۆکردنەوە و تۆمارکردنی پەندی

کوردیدا تا ئێستا لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا چەندین هەوڵ دراوە. بۆ نموونە لە کوردستانی باشووردا (کوردستانی عیراق) چەندین هەوڵ بە شێوەی تاک تاک لە لایەن ڕێزداران د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و د. نەسرین محەمەد فەخری و د. شوکریە ڕەسووڵ و د. نەجم ئەڵوەنی و شێخ محەمەدی خاڵ و عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی و چەندین کەسی دیکە، کەوا هەر کەس بە پێی توانای خۆی هەوڵی مەردانەی لەم بوارە داوە چ بە شێوەی کتێب، یان لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، زۆربەی پەندەکان لەنێو بەرهەمەکانیان دووبارە بووەتەوە و ئێمەش لەو باوەڕەداین سەرجەم ژمارەی ڕاستەقینەی پەندەکان نزیکەی هەزار پەندی کوردییە و لەنێو هەندێکیاندا دیاردەی چینایەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ڕەنگی داوەتەوە.

## ١-٢- چینایەتی.. چەمک و خەسڵەت و جۆرەکانی

گشت کۆمەڵێک لە کۆمەڵانی جیهان لە چەندین چین و توێژ پێکهاتووە، هەندێ چین، یان توێژ جاران هەبووە و ئێستا نەماون، یان ڕۆڵیان زۆر کز و لاواز بووە. جۆری ژیان و گوزەرانی چینەکانی گشت کۆمەڵێک لە کۆمەڵانی جیهان دەقاودەق لە هەموو ڕوویەکەوە وەک یەک نییە بە حوکمی ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هەستی چینایەتی کەسانی هەر چینێک لە چینەکانی کۆمەڵانی جیهان وەک یەک نییە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە ڕادە و ڕێژەی پێشکەوتنی ئابووری ئەو کۆمەڵانەش وەک یەک نییە. هەبوون و زەبر و بیری چینەکانی هەموو کۆمەڵێک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەنێو پەندەکانی ئەو کۆمەڵ و میللەتە ڕەنگی داوەتەوە، چونکە زۆر جار پەند بووەتە ئاوێنە بۆ ڕەنگدانەوەی باری چینایەتی کۆمەڵ لە قۆناغێکدا،، یان بووەتە زمانحاڵی هەست و هزری چینایەتی خەڵکی لە مەڕ ڕادە و ئاستی بارودۆخە چینایەتییەکە. کەواتە مەسەلەی سەرهەڵدان و هەبوونی دیاردەی چینایەتی لەنێو هەر کۆمەڵێکدا دیاردەیەکی سروشتییە، چینایەتیش - وەکو ماکس ڤیبەر ئاماژەی پێدەکات - لە سێ لایەن پێکدێت: یەکەمیان چینایەتی وەک لایەنێکی ئابووری و دووەمیان چین کە وەک خاوەن پلەوپایە بێت وەک لایەنێکی کۆمەڵایەتی و سێیەمیان چین کە خاوەن دەسەڵات و حوکمڕانی بێت وەک لایەنێکی ڕامیاری(١١).

هەندێ جار چەوسانەوەی نەتەوایەتی هاندەرێکی کاریگەرە بۆ چەوسانەوەی چینایەتی و ئەم لایەنە لە مێژووی نوێی میللەتی کورددا بەدی دەکرێ، بە تایبەتی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنی خاکی کوردستان بەسەر هەر چوار دەوڵەتی ئێران و تورکیا و عیراق و سووریا، کەوا پاشتر بووە مایەی چەوسانەوەی نەتەوەیی کورد لە لایەن نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەبەوە. هۆشیاری نەتەوەیی لە ئەنجامی چەوسانەوەی نەتەوەیی زیاتر سەرهەڵدەدا، بەڵام هەستی چینایەتی زیاتر لە ئەنجامی چەوسانەوەی چینایەتی سەرهەڵدەدا. لەوانەیە وەک جەواهر لال نەهرۆ دەڵێت: "ڕادەی ڕەقەبەری نێوان چینەکان زیاترە لە ڕادەی دوژمنایەتی نێوان نەتەوەکان"(١٢)، بەڵام لەوانەیە ڕەقەبەری نێوان چینەکان زۆر جار لە ناخەوەی مرۆڤی چەوساوە بمێنێتەوە و نەگاتە ڕادەی بەگژدا چوون وەک هەندێ جار لە ئەنجامی چەوسانەوەی نەتەوەیی سەرهەڵدەدا. بۆ نموونە چەندین پەندی کوردیمان هەیە دیاردەی چینایەتی و هەستی چەوسانەوەی چینایەتی دەخەنە ڕوو، وەکو:

- دەستێک نەتوانم بیبڕم، ماچی ئەکەم. (خاڵ، ل٢٣٦)
- ئەگەر گۆشت گرانە، نەخواردنی هەرزانە. (خاڵ، ل٣٥)
- خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە. (خاڵ، ل١٩٢)
- بزن کە ئەجەلی هات، نانی شوان ئەخوا. (خاڵ، ل٨٥)
- گۆشتی لاڕانم ئەخۆم، منەتی قەساب هەڵناگرم. (خاڵ، ل,٣٧)
- زۆردار ئاوی سەرەو ژوور ئەڕوا. (خاڵ، ل,٢٦)
- کێ کردی، کێ بردی. (خاڵ، ل٣٥٦)
- خانووی فەقیر، مانگە شەو چرایەتی. (خاڵ، ل,١٨)
- دەستت بە کەوگیر بێ، چاوت لە فەقیر بێ. (خاڵ، ل٢٣١)
- تێر ئاگای لە برسی نییە. (خاڵ، ل١٦١)
- پارەت بوو دنیا ئەبێ بە خزمەتکارت. (د. شوکریە، ل٨٣)
- ماڵەکەی تۆ ئەخۆم بە بەلاش، هێنەکەی خۆم ئەخەمە پاش. (خاڵ، ل٤١٣)
- دەوڵەمەند پیرۆزت بێ، فەقیر لە کوێت بوو ؟. (خاڵ، ل٢٤١)
- ئاغا ببێ بە پرد بەسەریا مەڕۆ. (د. شوکریە، ل٨٦)

سەرەڕای ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە هەستە چینایەتییە لەنێو پەندی کوردیدا، بەڵام ڕەقەبەری چینایەتی لەنێو میللەتی کورددا نەگەیشتە ڕادەی دەست بردن بۆ چەک، یان بەرپاکردنی شۆڕشێک وەک ئەوەی لە ئەنجامی چەوسانەوەی نەتەوەیی کورد لە هەردوو سەدەی نۆزدەم و بیستەمدا بەدی کرا، کەوا لەو دوو سەدەیە چەندین ڕاپەڕین و شۆڕش لە لایەن میللەتی کوردەوە لە پارچەکانی کوردستانی باکوور (کوردستانی تورکیا)و کوردستانی باشوور (کوردستانی عیراق)و کوردستانی ڕۆژهەڵات (کوردستانی ئێران) بەرپابوو. کەواتە دەتوانین بڵێین کاریگەری ڕەق و چەوسانەوەی نەتەوەیی لە مێژووی کورددا زیاترە لە کاریگەری ڕەق و چەوسانەوەی چینایەتی. بە گشتی تەمەنی هەستی چینایەتی درێژخایەنترە لە چاو تەمەنی هۆشیاری نەتەوایەتی، چونکە چەوسانەوەی چینایەتی خاوەن مێژوویەکی کۆنە، بەڵام سەرهەڵدانی هۆشیاری نەتەوەیی زیاتر بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە. کۆمەڵی کوردەواری خۆمانیش - چ لە ڕابردوو، یان لە ڕۆژگاری ئیمڕۆماندا - لە چەند چین و توێژێک پێکهاتووە و باری گوزەرانی چینایەتی و کۆمەڵایەتی کەسانی کۆمەڵەکەمان کەم و زۆر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەنێو پەندی میللەتەکەماندا ڕەنگیان داوەتەوە، چونکە "پەندی پێشینان لە ڕاستیدا چەکێکی بەهێزی خەباتی چینایەتییە هەرچەندە لە باری پێوەندی کۆمەڵایەتیدا چون یەک نین"(١٣).

وشەی چین لە ڕواڵەتدا تاکایەتی پیشان دەدات، بەڵام لە ناوەڕۆکدا واتای کۆمەڵە کەسانێک دەخاتە ڕوو. ئەم دیاردەیە وەهای کردووە وشەی چین لە ڕووی ڕێزمانییەوە بخرێتە نێو جۆری ناوی کۆمەڵەوە، گشت چینێک بریتییە لە کۆمەڵە کەسانێک هاوبەشن لە هەڵوێستی چینایەتی و پێناسەی چین بە لای (بۆخارین - Bouk-harine) ئەوەیە: "چین بریتییە لە یەکێتییەکی گشتی و لە کۆمەڵە کەسانێک پێکدێت یەک ڕۆڵ لە بەجێ هێنانی پرۆسیسی بەرهەمهێنان دەبینن و یەک جۆرە پێوەندی لەگەڵ چینەکانی دیکەی هاوبەش لە پرۆسیسی بەرهەمهێنانەکە دەنوێنن"(١٤). ئەگەر هۆشیاری جۆرە ئاگادارییەک بێت لە هزر و هۆشی مرۆڤدا دروست دەبێت دەربارەی هەندێ لایەنی دەوروبەر و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژێت، ئەوە هەستی چینایەتی (-CLASS CON SCIOUSNESS) بریتییە لە: "دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و.. ئەنجامی ناکۆکی و زۆرانبازی نێو مرۆڤە دەربارەی گوزەرانی ژیان و(...) لێکدانەوەیەکی دروستە دەربارەی پێوەندییە چینایەتییەکانی کۆمەڵ و پلەی پێشکەوتنیان و(...) یەکبوونی ڕەوشت و بەرژەوندی ئەندامانی چینێکە و (...) هەستێکە لە تاقم و دەستەیەک پەیدا دەبێت و دەبێتە هۆی یەکگرتن و هاریکارییان لە دژی چەوساندنەوە و زۆرداری و (...) کەسانی چینێک بە هۆی هۆشیاری چینایەتییان دەتوانن کەموکورتی ڕژێم و باری چۆنێتی گوزەران و کۆمەڵ دەربخەن"(١٥). کەسانی گشت چینێک خاوەن جۆرە هۆشیارییەکی چینایەتین پێوەندییان بە یەکترەوە بە تینتر دەکات و دەبێتە هۆی پاراستنی چینەکەیان لەنێو کۆمەڵدا. ئەندام و کەسانی گشت چینێک جۆرە هۆشیارییەکی چینایەتی بە هۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە لەلایان دروست دەبێ:

١- کارتێکردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی ژیانی ڕۆژانەیان.

٢- شێوەی ئەو جۆرە چەوسانەوەیەی بە سەریان دێت.

٣- زیاد بوون و کزبوونی ئاستی هۆشیارییە چینایەتییەکە لەگەڵ توندی و ناتوندی زۆرانبازییە چینایەتییەکەی نێوان کەسانی چینەکانی کۆمەڵ زیاد و کەم دەکات.

٤- هەبوونی جۆرە بیرکردنەوەیەک، یان ئایدیۆلۆژیایەک گەشە بە ئاستی هۆشیاری چینایەتی کەسانی چینەکە دەدات.

مەسەلەی سەرهەڵدانی هەستی چینایەتی زیاتر پابەندە بە ڕادە و چۆنیەتی هۆشیاری چینایەتییەوە، کەوا بە لای جۆرج لۆکاشەوە: "هۆشیاری چینایەتی تەنیا بریتییە لە هۆشیارییەکی تاکەکەسی"(١٦). ئەم ڕایەی لۆکاش تاڕادەیەک ڕاستە، بەڵام ئەو جۆرە هۆشیارییە لەوانەیە ببێتە هۆشیارییەکی کۆمەکی بەرفراوان ئەگەر ڕێکخراوێک، یان پارتێک هەبێ ئەرکی هۆشیارکردنەوەی ئەندام و کەسانی ئەو چینە بگرێتە ئەستۆ.

لە ڕاستیدا مرۆڤی کورد چ لە دێرزەماندا، یان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا خاوەن جۆرە هەستێکی چینایەتی بووە، هەروەها دەتوانین بڵێین کۆمەڵی کوردەواریمان وەک کۆمەڵانی دیکەی جیهان بە قۆناغەکانی پەرەسەندن و گەشەسەندنی گۆڕانکارییە چینایەتییەکاندا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە قۆناغی بورژوازی ئێستا، بەڵام ئەوەی لەم

بوارەدا کۆمەڵی کوردەواری ئێمە لە کۆمەڵانی دیکەی جیهان لە ڕووی خەباتی چینایەتی و گۆڕانکارییە چینایەتییەکانەوە جیا دەکاتەوە، لایەنی نەگەیشتنی زۆرانبازی و ململانێی چینایەتی لەنێو کۆمەڵی کوردەواریماندا بە ئاستی زەمینە خۆشکردن بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێک جۆری دەسەڵات و حوکمڕانی بگۆڕێ وەک لە مێژووی ململانێ و خەباتی چینایەتی هەندێ لە کۆمەڵانی جیهاندا بەدی دەکرێ و لەوانەشە هۆکاری ئەم دیاردە و لایەنە بگەڕێتەوە بۆ نزمی ئاستی زەبر و توانای چینە خاوەن دەسەڵاتدارەکانی نێو کۆمەڵەکەمان و نەبوونی دەسەڵاتی ڕامیاری و حوکمڕانی چینێک لە چینەکانی کۆمەڵی کوردەواریمان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆدا.

**بەشی دووەم: ڕەوتی چینایەتی کۆمەڵی کورد**

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەرەتای کۆبوونەوەی ئادەمیزاد بە شێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ لەو شوێنانەی ئاو و خاکێکی گونجاویان بۆ ژیان و گوزەران هەبووە تا ئێستا بە چەند قۆناغێکی کۆمەڵایەتی تێپەڕیوە و هەر قۆناغێکیش شێوە و ناوەڕۆکی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی تایبەت بووە بەو قۆناغە. ئەو سیستەمە لەگەڵ گۆڕانی قۆناغەکەدا گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە و زۆر جار زۆرانبازییە چینایەتییەکە هۆکاری سەرەکی ئەو گۆڕانە بووە. کارڵ مارکس لەم بارەیەوە دەڵێت: "مێژووی گشت کۆمەڵێک لە کۆنەوە تا ئەم ڕۆژگارە تەنیا بریتی بووە لە زۆرانبازی چینایەتی.."(١٧). هەروەها بەلایەوە "خەڵکی، لە کاتی بەرهەم وەدەستهێنانی کۆمەڵایەتی بۆ گوزەرانیان، جۆرە پێوەندییەک لەنێو خۆیان دەسازێنن، زۆر پێویستە و لە دەرەوەی دەسەڵاتیاندایە و ئەم پێوەندییانەی کۆمەڵ لە پلەیەکی دیاریکراوی پەرەسەندنی توانای بەرهەم وەدەستهێنانیاندا دەچێت. کاتێکیش هێزە بەرهەم وەدەستهێنەرەکانی کۆمەڵ بگاتە پلەیەک لە پەرەسەندنیدا، ئەوسا دەچێتە نێو ناتەبایی لەگەڵ پێوەندییەکانی بەرهەم وەدەستهێنەرەکاندا"(١٨). کەواتە بەگژداچوونی چینایەتی سەرهەڵدەدات لە کاتی سەرهەڵدانی ناتەبایی لە نێوان هێزە بەرهەم وەدەستهێنەرەکانی کۆمەڵ لەگەڵ پێوەندییەکانی بەرهەم وەدەستهێنەرەکانی قۆناغەکەدا. زۆرانبازییە چینایەتییەکە لە پاش زاڵبوونی تاقمێکی هەڵبژاردەی چینێک بە سەر چینەکانی دیکەی نێو کۆمەڵدا سەری هەڵداوە، ئەو تاقمە هەڵبژاردە خاوەن جۆرە هۆشیارییەکی چینایەتی بوونە و توانیویانە دەسەڵاتی چینەکەی خۆیان بە سەر چینەکانی دیکەی کۆمەڵدا بسەپێنن و حوکمڕانییان بکەن.

یەکەمین دەرکەوتنی دیاردەی چینایەتی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا لە پاش دابەشکردنی کاروبار و دەوری کۆمەڵایەتی لەنێو کەسانی کۆمەڵی کۆندا و زاڵبوونی مرۆڤی خاوەن هێزی ماسوولکەیی بەسەر مرۆڤەکانی دەوروبەری خۆیدا دەرکەوت، هەروەها "لە یەکەم گەورەترین دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کار یەکەم گەورەترین کەرتبوونی کۆمەڵ بۆ دوو چین دروست بوو: کۆیلەدار و کۆیلە، چەوسێنەر و چەوسێنراو"(١٩).

ئەو قۆناغەی دیاردەی چینایەتی و چەوسانەوەی چینایەتی لە چوارچێوەکەیدا نەبوو قۆناغی کۆمۆنەیی بوو (مرحلة المشاعية)، کەوا هەندێ لە فەیلەسووف و کۆمەڵناسەکان بە یەکەمین قۆناغ لە ژیانی ئادەمیزادی دادەنێن. لەو سەردەمەدا "زەوی، هۆیەکانی کارکردن، شوێنی نیشتەجێبوون.. تاد، ئەمانە و هەموو شتێکی دیکەی پێویستی ئەو سەردەمە بە هاوبەشی موڵکی هەموو خەڵک بوون. بەرهەم وەدەستهێنان بە شێوەی کۆمەکی و بە ئامێرە سەرەتاییەکانی کارکردن، وەک: ڕاوکردن و کۆکردنەوەی میوە و بەروبوومی درەختەکان و.. تاد، دەهاتە دی.."(٢٠). هەروەها لەبەر ئەوەی بەرهەمی ئەو سەردەمە بە زەحمەت بەشی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیانی دەکرد و خاوەنێتی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان لەو سەردەمە دەرنەکەوتبوو، بۆیە دەتوانین بڵێین دیاردەی چەوسانەوەی چینایەتی لەو قۆناغە سەرەتاییەدا نەبووە. لێرەدا ئێمە لەگەڵ بۆچوونەکەی (ل. سیگاڵ) ین کە دەڵێت: "کاتێ مرۆڤ شتە پێویستییەکانی وەبەرهەم دەهێنێ، گۆڕانکارییەک لە ماددە سروشتییەکان ڕوودەدات و مرۆڤ بەپێی پێویستییەکانی دەیگۆڕێ و دەیگونجێنێ. کەواتە بەرهەمهێنان بەم واتایەی کاری مرۆڤە لە سروشت، بەڵام مرۆڤ بە تەنیا ناژێت و بە تەنیا بەرهەم وەدەست ناهێنێ وەکو تاکە کەسێکی دوورەپەرێز، بەڵکو وەک ئەندامێک لە کۆمەڵدا دەژیت. کەواتە پرۆسێسی بەرهەم وەدەستهێنانەکە پێویستی بە جۆرە پێوەندییەک دەبێ، نەک تەنیا لەنێوان مرۆڤ و سروشت، بەڵکو لەنێوان هەندێک لەگەڵ هەندێکی دیکەی خەڵکەکەدا"(٢١). هەروەها بەلای (سیگاڵ)ەوە "ئەو پێوەندییەی نێوان

خـەڵکی لە پرۆسـێـسـی بەرهەم وەدەسـتـهـێنانی کـۆمـەڵایەتیـدا پێی دەوترێ پێـوەندییـەکـانی بەرهەم وەدەستهێنان.. ئەم پێوەندییە لە گەشەسەندنی مێژووی مرۆڤایەتیدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، هەروەها شێوە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەم وەدەستهێنانیش گۆڕا. ئەو شێوە کۆمەڵایەتییانەش ئەمانەن: کۆمۆنەیی، بەندایەتی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری، سۆشیالیستی.."(٢٢).

لەم بۆچوونەی (سیگاڵ) ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە بە لایەوە هیچ جیاوازییەک لەنێوان سیستمی چینایەتی و شێوەی کۆمەڵایەتی ژیانی ئادەمیزاد لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا نییە.

کۆمەڵی کورد بە لای ا. شامیلۆف - وەک لە کتێبی (حول مسألة الأقطاع بين الكرد - دەربارەی مەسەلەی دەرەبەگایەتی لەنێو کورددا) ئاماژەی پێدەکات - بە قۆناغی هەرەمەکی (کۆمۆنەیی - المشاعية) تێپەڕیوە، چونکە مرۆڤی کۆنی کورد زانیویەتی چۆن مەڕومالات بەخێو بکات، هەروەها توانیویەتی بەشێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ لە هەندێ شوێنی کوردستاندا ژیانی خۆی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا بسازێنێ و لەنێوان خۆیاندا جۆرە یارمەتییەک هەبووە کە لە کاتی هەندێ بەسەرهاتی ناخۆشدا پێشکەش دەکرا. بۆ ئەم مەبەستە د. شامیلۆف چەند لایەنێکی جۆری ژیانی مرۆڤی کوردی ئەو قۆناغەی پیشانداوە و ئێمەش بەم چەند خاڵەی خوارەوە ئەو لایەنانە دەخەینە ڕوو، وەک:

١- کەسانی کۆمەڵی کۆنی کورد یارمەتی ئەو کەسەیان دەدا ئەگەر ئاژەڵەکانی دەمردن،، یان لە لایەن کەسانی ناوچەکانی دەوروبەریان ئەو ئاژەڵانە تالان دەکران. شامیلۆف ناوی (ڕژو)ی لەم جۆرە یارمەتییە ناوە.

٢- کەسانی عەشیرەتەکە (هۆزەکە)، لە کاتی کۆچەریدا، وڵاخێکیان بەو کەسە دەدا کە وڵاخی نەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لە گەڵیاندا کۆچ بکات و شامیلۆف ناوی "بار - بە" لەم جۆرە یارمەتییە ناوە.

٣- کەسانی کۆمەڵ دەستی یارمەتییان بۆ ئەو کەسە درێژ دەکرد، کەوا پێویستی بە خواردن هەبێ.

٤- ئافرەتانی نێو کۆمەڵ یارمەتی یەکتریان دەدا لە کاتی بڕینی خوری مەڕ و بزندا، هەروەها یارمەتی یەکتریان دەدا لە کاتی شووشتن و پەڕەپەڕەکردنی ئەو خورییە(٢٣).

لە ڕاستیدا تۆمارکردنی هەندێ پەندی پێشینانی کوردی وەک بەڵگە بۆ ڕەنگدانەوەی دیاردەی باری چینایەتی کورد لە سەردەمی هەرەمەکیدا کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە ڕووی مێژووییەوە چەند هەزار سەدەیەک تێپەڕیوە، هەروەها وەک دیاردەیەکی سروشتی و لۆژیکی ژمارەیەکی زۆر کەمی پەندی پێشینانی قۆناغێکی مێژوویی هەرە کۆنی کۆمەڵ لەوانەیە بتوانێ بەردەوامی مانەوەی خۆی بپارێزێ و ئەم توانایە بێ هێزتر دەبێ، هەرچەند ئەو قۆناغە بچێتە قووڵایی مێژووەوە، بەڵام لەوانەیە بتوانین چەند پەندێکی پێشینانی وەک ئەمانەی خوارەوە بکەینە بەڵگە بۆ ڕەنگدانەوەی باری چینایەتی سەردەمی هەرەمەکی مرۆڤی کورد لەو قۆناغەدا:

- هەر کەس نانی ناوچەوانی خۆی ئەخوا. (خاڵ، ل٤٨٧)

- برا لە پشت برا بێ، مەگەر بەڵا لەلای خوا بێ. (خاڵ، ل٨٢)

- بە دەستێک چەپڵە لێ نادرێ. (خاڵ، ل ١,٨)

- بزن بۆ شەوێک جێی خۆی خۆش ئەکات. (خاڵ، ل٨٤)

- بۆ بەرخی هەژار، چ گورگ و چ سوار. (خاڵ، ل٨٨)

- بۆ بەرخی هەژار، گورگ چ هێمن بێ و چ هار. (خاڵ، ل٨٨)

- پشتی یەکتری، نادەن لە زەوی. (خاڵ، ل١٣٢)

- داراو نەدارا گشت ماتی خەمە . (خاڵ، ل٤,٢)

- دیاری شوان،، یان شنگە،، یان هەڵە کۆک. (خاڵ، ل٢٤٣)

لە پەندی دووەمدا ناوی خوا هاتووە و لەوانەیە بوترێت ئەم جۆرە پەندە لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینەکاندا هاتبێتە کایەوە و ئێمەش لەو باوەڕەداین کەوا بیری یەکتایی خوا لەو سەردەمانە هاتبێتە کایەوە، بەڵام بیری هەبوونی خواوەند پێشتر هەبووە و مرۆڤی هەرە کۆن باوەڕی بە هەبوونی زۆری خواوەند هەبووە، کەوا هەر یەکێکیان بەپێی بۆچوونی ئەوسایان خاوەن جۆرە ڕۆڵ و ئەرک و دەسەڵاتی خۆی بووە، بۆیە دیاردەی زۆری خواوەند لەنێو هەندێ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کۆندا هاتووەتە کایەوە، هەروەها لە پەندی دووەمدا دەلالەتی هاریکاری و پشتیوانی نێوان خەڵکی خراوەتە ڕوو.

لە پەندی سێیەمدا گرنگی هەرەوەزی لە کارکردندا خراوەتە ڕوو، کەوا هەموو کارێکی گران پێویستی بە جۆرە هاریکارییەک هەیە بۆ ڕاپەراندن و بە ئەنجام گەیاندنی. هەروەها لە پەندی چوارەمدا جۆرە ئاماژە

پێکردنێک هەیە بۆ دڕندایەتی گورگ بەرانبەر بە بەرخی هەژار کەوا ئەم دوو جۆرە گیانلەبەرە لەو سەردەمە هەرە کۆنەش هەبووە و دەکرێ ئەم پەندە بکرێتە بەڵگەیەک بۆ سەرهەڵدانی سەرەتای چەوسانەوە لە دوا ماوەی ئەو قۆناغە کۆنەی مێژووی مرۆڤایەتی.

دەتوانین لە بواری مێژووی گۆڕانکاری چینایەتیدا ئاماژە بەوە بکەین، کەوا ڕووداوی بەکارهێنانی هێزی ماسوولکەیی لەلایەن مرۆڤی کۆنەوە بووە هۆی زەمینە خۆشکردن بۆ چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤێکی دیکەوە.

هەروەها ئەو ڕووداوە بووە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی چینایەتی بە شێوەیەکی ڕوونتر لە پاش دابەشکردنی کاروبار و دەوری کۆمەڵایەتی، کارڵ مارکس لەم بارەیەوە دەڵێت: "لایەنی ماددی و لایەنی دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کارکردن بەرپرسیارن لە هەبوونی زۆرانبازی کۆمەڵایەتی"(٢٤). ئەو دیاردەیە بە یەکەمین هەنگاو بۆ دەرکەوتنی چینایەتی دادەنرێ و لەم بارەیەوە د. احسان محمد الحسن و د. فوزیة العطیة لە کتێبەکەیاندا (الطبقیة الأجتماعیة - چینایەتیی کۆمەڵایەتی) هۆی دەرکەوتنی چینایەتی بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێننەوە:

١-پێوەندی ژێر دەستی.
٢-دابەشکردنی کاروبار.
٣-کارتێکردنی سیستمی سەربازی.
٤-کارتێکرنی سیستمی شارستانیەتی.
٥-کارتێکردنی سیستمی ئایینی.
٦-کارتێکردنی سامانی و ڕۆشنبیری(٢٥):

هەروەها ئەو لایەنە بووە هۆی کۆتایی هێنان بە قۆناغی هەرەمەکی (المشاعیة)و بنیادنانی قۆناغی کۆیلایەتی لە ژیانی ئادەمیزاددا. لەم قۆناغە تازەیەدا دوو چینی سەرەکی پەیدابوون کە بریتی بوون لە چینی کۆیلە (SLAVES) و چینی کۆیلەدار (MASTERS) جگە لەم دوو چینە "چەند توێژێکی تر هەبوو وەکو خاوەن موڵکە بچووکەکان و پیشەکاران و ڕەگەزە بێ چینەکان، کە لە خاوەن موڵکە بچووکەکان دواکەوتووتر بوون و کۆیلەیان نەبوو.."(٢٦).

لەو سەردەمەدا، زۆربەی خەڵکی لە چینی کۆیلە بوون و چینی کۆیلەداریش بریتی بوو لە کۆمەڵە کەسانێکی ژمارە کەمی نێو هۆزەکان. کۆیلەدارەکانی نێو کۆمەڵی کۆنی کوردەواری دەوری سەرکردایەتییان لەنێو هۆزەکانیاندا دەبینی و هۆزەکانیش لەو سەردەمەدا پێویستیان بەو جۆرە سەرکردایەتییە بوو پاش ئەوەی دیاردەی هێرشکردنی کەسانی ناوچەیەک بۆ سەر کەسانی ناوچەیەکی دیکە سەری هەڵدا، لەپێناو داگیرکردنی زەوی و زارەکەیان بۆ لەوەڕان و بەخێوکردنی مەڕوماڵاتیان و ڕاپەراندنی هەندێ کاروباری کشتوکاڵی. سەرکردەی هۆزەکە دەبوایە سەرپەرشتی ئەو جۆرە هێرش و بەرگری لەخۆ کردنەی بکردایە و لە کاتی هەر شەڕێکدا دەورێکی هەبوایە، هەروەها دەبوایە هەموو کەسانی هۆزەکە بەپێی فەرمانی سەرکردەکەیان هەڵسوکەوتیان بکردایە.

جیاوازی نێوان قۆناغی کۆیلایەتی کۆمەڵی کوردو قۆناغی کۆیلایەتی کۆمەڵەکانی دیکەی جیهان لە یەک خاڵی گرنگ بوو، ئەویش بازرگانی نەکردن بوو بە کۆیلەکان لە لایەن کۆیلەدارەکانی نێو کۆمەڵی کوردەواری کۆن، د. شامیلۆف لەم بارەیەوە دەڵێت: "کۆیلایەتی لەنێو کورددا هەبوو، بەڵام پەرەی نەسەند بۆ ئەو ڕادەیەی لەنێو کۆمەڵانی دیکەی کۆیلایەتی دەبینرا..."(٢٧).

لە ڕاستیدا تۆمارکردنی هەندێ پەندی پێشینانی کوردی وەک بەڵگە بۆ ڕەنگدانەوەی دیاردەی باری چینایەتی کورد لە سەردەمی کۆیلایەتیدا کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە ڕووی مێژووییەوە چەند هەزار سەدەیەک بە سەریدا تێپەڕیوە، هەروەها وەک دیاردەیەکی سروشتی و لۆژیکی ژمارەیەکی زۆر کەمی پەندی پێشینانی قۆناغێکی مێژوویی هەرە کۆنی کۆمەڵ لەوانەیە بتوانێ بەردەوامی مانەوەی خۆی بپارێزێ و ئەم توانایە بێ هێز تر دەبێ، هەرچەند ئەو قۆناغە بچێتە قووڵایی مێژووەوە، بەڵام لەوانەیە بتوانین چەند پەندێکی پێشینانی وەک ئەمانەی خوارەوە بکەینە بەڵگە بۆ ڕەنگدانەوەی باری چینایەتی سەردەمی کۆیلایەتی مرۆڤی کورد لەو قۆناغەدا:

-بەندە بێ عەیب نابێ. (خاڵ، ل ١٢٤)
- بەندە تەڕە و ئاگر ناگرێ. (خاڵ، ل ١٢٤)
- بەندە لە عاستی عەیبی خۆی کوێرە . (خاڵ، ل ١٢٤)
- ئەوەی لای بەندە خەیاڵە، لای خوا بەتاڵە. (خاڵ، ل٦٣)
- کۆسە بەندێکی دی و پەندێکی گرت. (خاڵ، ل٣٣٣)

واتای وشەی (بەندە) هەمان واتای وشەی (کۆیلە)ی

هەیە لە ڕۆژگاری کۆن و تازەدا و دەکرێ هەبوونی وشەی (بەندە) لەو پەندانەی سەرەوە ببێتە دەلالەتێک بۆ بەکارهێنانی ئەو پەندانە لەو قۆناغە کۆنەو لە قۆناغەکانی پاشتریش. دەربارەی هەبوونی وشەی (خوا)ش لەو دوا پەندەدا دیسانەوە دەڵێین لەوانەیە بوترێت ئەم جۆرە پەندە لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینەکاندا هاتبێتە کایەوەو ئێمەش لەو باوەڕەداین کەوا بیری یەکتایی خوا لەو سەردەمانە هاتبێتە کایەوە، بەڵام بیری هەبوونی خواوەند پێشتر هەبووە و مرۆڤی هەرە کۆن باوەڕی بە هەبوونی زۆری خواوەند هەبووە، کەوا هەر یەکێکیان بەپێی بۆچوونی ئەوسایان خاوەن جۆرە ڕۆڵ و ئەرک و دەسەڵاتی خۆی بووە، بۆیە دیاردەی زۆری خواوەند لەنێو هەندێ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کۆندا هاتووەتە کایەوە.


**پەراوێزەکان:**

**١-نجم خالد نجم الدین - لێکۆڵینەوەیەکی پەندو قسەی نەستەقی کوردی شاری خانەقین، نامەیەکی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی کردووە، ١٩٩٢، ل٤.**

**٢- هەمان سەرچاوە، ل٤٤**

**٣- د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ - لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، مطبعة جامعة السليمانية، چاپی دووەم، ١٩٧٩، ل ١٠٣**

**٤- جەمال بابان - قسە هەزارە دووانی بە کارە، گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٠، ل٦٣**

**٥- د. شوکریە ڕەسووڵ ئیبراهیم - پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی (ناوەرۆکی فیکری و ئەدەبی)، د. شوکریە ڕەسووڵ و جەلال تەقی لە زمانی ڕووسییەوە کردوویانە بە کوردی، مطبعة الأديب، بەغدا، ١٩٨٤، ل ٤٦**

**٦- د. شوکریە ڕەسووڵ ئیبراهیم - ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین،١٩٨٤، ل٥**

**٧- د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ - لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل١٢٤**

**٨- ئاوارە - لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کورد، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٧، ل٧٩ - ٨٠**

**٩- د. شوکریە ڕەسووڵ ئیبراهیم - ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل٣٥**

**١٠- د. شوکریە ڕەسووڵ ئیبراهیم - پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی (ناوەرۆکی فیکری و ئەدەبی)، ل ١٩**

**١١- د. احسان محمد الحسن و د. فوزية العطية - الطبقية الأجتماعية، جامعة الموصل، ١٩٨٣، ص ١٦**

**١٢- جواهر لال نهرو - لمحات من تأريخ العالم، نقله الى العربية لجنة من الأساتذة الجامعيين، منشورات الآفاق الجديدة،بيروت، ١٩٨٢، ص٢٤٤**

**١٣- د. شوكريە ڕەسووڵ ئیبراهیم - پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی (ناوەرۆکی فیکری و ئەدەبی)، ل ٨٤**

**١٤- د. احسان محمد الحسن و د. فوزية العطية - الطبقية الأجتماعية، ص١٦**

**١٥- فؤاد طاهر صادق - هۆشیاری، مطبعة الأرشاد، بەغدا، ١٩٨٧، ل ٩٩- ١٠٢**

**١٦- د. احسان محمد الحسن و د. فوزية العطية - الطبقية الأجتماعية، ص ٢٥١**

**١٧- جورج بليخانوف - حول نظرية الصراع الطبقي، ترجمة: جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٧٥، ص ٥٨ - ٥٩**

**١٨- ل. سيغال - لمحة عن تطور المجتمع منذ بدء التاريخ، دار دمشق للطباعة، الطبعة الثالثة، ١٩٧١، ص٤٢-٤٣**

**١٩- هەمان سەرچاوە، ل١٣-١٤**

**٢٠- برهان قانع - فەرهەنگی نوێ، مطبعة الحوادث، بەغدا، ١٩٨٥، ل١٤٢.**

**٢١- ل. سيغال - لمحة عن تطور المجتمع منذ بدء التاريخ، ص٦**

**٢٢- هەمان سەرچاوە، ل ٨**

**٢٣- عرب شاميلوف - حول مسألة الأقطاع بين الكرد، ترجمة: د. كمال مظهرأحمد، مطبعة الحوادث، بغداد، الطبعة الثانية،١٩٨٤، ص ٥١-٥٣**

**٢٤- جورج بليخانوف - حول نظرية الصراع الطبقي، ل٥٨-٥٩**

**٢٥- د.احسان محمد الحسن ود.فوزية العطية - الطبقية الأجتماعية، ص٩٩ ٢٦- برهان قانع - فەرهەنگی نوێ، ل ١٣٣**

**٢٧- عرب شاميلوف - حول مساله الأقطاع بين الكرد، ص ١٠٣**

# مندالّی خەڵکی

**جەلال ئال ئەحمەد**
**لە فارسییەوە: یاسین ئەمین پوور**
**( بۆکان)**

چیم لە دەست دەهات؟ مێردەکەم ڕازی نەبوو بە مندالّەوە لەلای دانیشم. مندالّی خۆی نەبوو. لەو شووەی پێشووم بوو و تەڵاقی دابووم و مندالّەکەی بەسەردا دابوومەوە. کەسێکی دی لەجێی من بوایە چی دەکرد؟ منیش مافی ژیانم بوو. ئەگەر ئەم مێردەشم تەڵاقی دابایەم چیم بکردبایە؟ دەبوو مندالّەکەم بە چەشنێ لەناو بەرم. ژنێکی بێ دەمودوی وەک من، جگە لەوە چی دیکەم بە زەیندا دەهات؟ نە بە شوێنێکم دەزانی و نە ڕێگاچارەیەکیشم بۆ دەدۆزرایەوە. نەک ئەوەی بە شوێنێک نەزانم. دەمزانی کە دەتوانم مندالّەکەم بەرمە دایەنگا، یان بەقووڕەگیراوێکی تر، بەڵام بە چی دیار بوو کە مندالّەکەیان ڕادەگرتم؟ چۆن دەبوو لەوە ئەرخەیان بووایەم کە زوو کارەکەم ڕێک دەخەن و ئابڕووم نابەن و هەزار نێونیتکەی خەراو لە خۆم و مندالّەکەم هەڵنادەن؟ گەرەکم نەبوو کارەکە ئاوا کۆتایی پێ بێ. هەر ئەو ڕۆژە قاوەڵتوون هاتمەوە بۆ مالّێ و بۆ دایکم و دەروجیرانم گێڕاوە کە چیم کردووە. نازانم کامیان بوو وتی: باشە ژنەکە بتبردبایەتە دایەنگا داتنایە. دەنا بتبردبایەتە هەتیوخانە و... نازانم چەن شوێنگەلی تریشیان گوت، بەڵام دایکم هەر دوابەدوای ئەو گوتی: پێت وایە ڕێیان دەدا؟ هە! من خۆشم ئەو کارەم لە زەیندا بوو، کاتێ ئەو ژنەی هاوسێیەمان ئەوەی وت، دڵم دەتگوت داکەوت و بە خۆم وت: باشە ژنەکە تۆ چووی بزانی ئاخۆ ڕێت دەکەن یان نا؟ پاشان بە دایکم گوت: خۆزگە ئەو کارەم دەکرد، بەڵام من ناشارەزا بووم. لەوە ئەرخەیان نەبووم ڕێم بکەن. کار لە کار ترازا بوو. بە قسەی ئەو ژنە دەتگوت دنیایەک پەژارە و خەم لەسەر دڵم کۆبۆتەوە.

گشت قسە شیرینەکانی مندالّەکەم وەبیر هاتەوە. نەمتوانی خۆم ڕاگرم، لای دەروجیرانەکان دام لە هۆڕژنی گریان، بەڵام چەند عەیب بوو. گوێم لێ بوو یەکیان گوتی: دەشگری شەرم ناکا. دیسان دایکم بە فریام گەیشت. زۆری دڵخۆشی دامەوە. ڕاستی دەکرد من تازە هەڕەتی لاوییەتیمە. مندالّێک ئەو هەموو خەم و پەژارەیەی بۆ چییە؟ پاش ئەوەی مێردەکەم منی بە مندالّەوە ناوێ. تازە سەرەتای کارە و کات زۆرە بۆ ئەوەی سیان سیان و چوار چوار بمبێ. بەڵێ نۆبەرە بوو، نەدەبوایە ئاوام لێکردبایە! بەڵام تازە کارلەکار ترازاوە. بیر کردنەوەی ناوێ خۆ من خۆم ئازارم نەبوو ئەو کارە بکەم. مێردەکەم پێی چەقاندبوو. ڕاستیشی دەکرد گەرەکی نەبوو جاشکی نێرەکەرێکی دی وەخۆ بگرێ. هەرچی دەم هێنا و دەم برد حەق بە دەست ئەو بوو. من خۆم ڕازی بووم مندالّی مێردەکەم وەک مندالّی خۆم خۆش

بوێت و بە چاوی مـلـۆزم لێـیـان نەڕوانم؟ نەڵێم ئەوان لەسەر سفرە و خوانی مێردەکەم زیادن؟ ئەویش وەک من. ئەویش حەقی بوو منداڵی من، منداڵی من نا، منداڵی نێرەکەرێکی دیکە وەک خۆی دەڵێ: دڵی بەرایی نەدەدا لەسـەر سـفـرە و خـوانەکـەی دانیـشێ. دوو ڕۆژ بـوو چووبوومـە مـاڵی باس باسی منداڵ بوو. دوایین شـەو زۆرمان قسە کرد. نەک ئەوەی من زۆرم قسە کردبێ، ئەو هەر باسی منداڵی دەکرد و منیش گوێم بۆ شل کردبوو. لە ئاکـامـدا گـوتم: باشـە تۆ دەڵێی من چی بکەم؟ مێردەکەم هیچی نەگوت. بڕێکی بیر کردەوە و پاشان وتی: نازانم دەبێ چی بکەی؟ خـۆت چیت پێ باشـە وابکە. من گەرەکم نییە جاشکی نێرەکەرێکی تر لەسەر سفرە و خوانەکەم دانیشێ. هیچ ڕێگاچارەیەکیشی بۆ نەدۆزیەوە. لەگەڵم نەخەوت. وەک ئەوەی لێم تۆرابێ.

شـەوی سـێـیـەمی ژیانی هاوسەریمان بوو، بەڵام لێم تۆرابوو. خۆ لێی تێگەیشتم گەرەکیەتی لەگەڵم قسە نەکات تا ئەم منداڵە لایەکی بە لایەکدا نەخەم. بەر لە بەیانیش کە لە ماڵێ وەدەرکەوت گوتی: نیـوەڕۆ کـە هاتمەوە، نابێ چاوم بەو منداڵە بکەوێ، ها! هەر لەو کاتەوە من تێگەیشتم کە لەسەرمە چ بکەم. هەنووکە هەرچەندە بیر دەکەمەوە نازانم چۆن دڵم بەرایی دا ئەو کـارە بکەم! بەڵام بە دەست خـۆم نەبوو. چارشـێـوی نوێژەکـەمم بەسـەردادا و دەسـتی منداڵەکـەم گـرت و دوابەدوای مێردەکەم لە ماڵێ چوومە دەرێ. منداڵەکەم سێ ساڵان بوو، پێرەوکە ببوو، جوان بە ڕێدا دەڕۆیشت. داخم دەهات سێ سـاڵ خـۆم بەلایەوە یەخـسـیـر کـرد. خـراپـییـەکـەی ئەوە بوو لە خـەم ڕەخـسـا بوو. هەمـوو شەونخوونی و بێ خەوییەکانم تێپەڕ ببوو. تازە سەرەتای حەسـانەوەم بوو، بەڵام من ناچار بووم ئەو کـارە بکەم. هەتا گـەیشـتـینە وێستگەی مـاشـێن پێ بە پێی ئەو دەڕۆیشـتم. کـەوشـەکـانیـشـیم لەبەر کـردبوو و جلە جوانەکانیشی لەبەر دابوو. دەستێ کەواپانتۆڵی شین لەم دواییـانەدا مـێـردەکـەی پێشـووم بۆی کڕیبوو. کـاتێک جلەکـانیم لەبەر دەکـرد، ئەو بیـرە بە مـێـشکم دا هات: ژنەکە بۆ جلە نوێیەکانی لەبەر دەکەی؟ بەڵام دڵم بەرایی نەدەدا، خۆشم دەویست چبکەم؟ چاوی مێردەکەم دەرێ، ئەگەر منداڵم بۆوە بچێ دەستێ جلی دیکەی بۆ بکڕێ. جلەکـانیم لەبەر کـرد و سـەریم بۆ داهێنا، زۆر جـوان و دڵڕفێن بوو. بە دەستێ دەستی ئەوم گرتبوو بەو دەستەی تریشم چارشێونوێژەکەمم لە نێو قەدمدا گرتبوو. هێور هێـور هەنگاوم دەنا. پێـویست نەبوو جنێوی پێ بدەم و بڵێم خێرا برۆ. دوایین جار بوو دەستیم دەگرت و دەمبردە کـووچە. دوو... سێ جـار داوای کـەکـەی کـرد. گـوتم: سواری ماشێن بووین کەکەشت بۆ دەکڕم. لە بیرمە ئەو ڕۆژەش وەک ڕۆژانی پێـشـوو لەسـەر یەک پرسـیـاری لێدەکردم. ئەسپێک لاقی کەوتبووە چاڵی ئاوەڕۆیەکەوە و خـەڵک ئاپۆرەیان دابوو. زۆر پاڕاوە بەرزی کـەمـەوە و بروانێ و بزانێ چ باسە. بەرزم کردەوە. ئەسپەکەی دیت کە سمی خوێنی لێهاتبوو. کـاتێ دامنا گوتی: دایە دەشتی بڤە بووە. گوتم: ئەرێ ڕۆڵە گیان بێ قسەیی دایکی کردووە بۆیە دەستی بڤە بووە. وردەوردە هەتا وێستگەی ماشێن چووم. سەرەتای ڕۆژ بوو. نزیک نیو کاتژمێر چاوەڕوان بووم هەتا ماشێنم گیر کەوت. منداڵەکەم جاڕز ببوو و منیش ماندوو. هێندێ پرسیاری دەکرد وەڕەزی کردم. دوو... سێ جار گوتی: دایە ئەوە شییە؟ ماشێن بۆ نایە؟ بابشێن کەکە بکڵین. من دیسان گوتم: پەلە مەکە دێ و ئەگەر سواری ماشێن بووین کەکەشت بۆ دەکڕم. سواری هێڵی حەوت بووم و هەتا لە گۆڕەپانی شارەکە دابەزیم منداڵەکەم هەر قسەی دەکرد و لەسەریەک پرسیاری لێدەکردم. لە بیرمە جارێک پرسی: دایە دەشێن بۆ شۆ؟ نازانم چۆن بوو بەسەر زمانم داهات و گوتم: دەچین بۆ لای باوکت. منداڵەکەم هێندێ چاوی تێبریم. پاشان پرسی: تامە بابە؟ من ئیتر وەڕەز ببووم گوتم: ڕۆڵە گیان بۆ هێندەی لێدەڵێی کەکەت بۆ ناکڕم ها! چەندە بەزەییم پێیدا هات. ئەم قسانە جەرگی لە ناخەوە هەڵکزاندم. باشە بۆ دڵی منداڵەکەمم لەو دواییانەدا ئاوا شکاند؟ لە ماڵێ وەدەرکەوتین بڕیارم دا لێی توورە نەبم، لێی نەدەم، جنێوی پێ نەدەم. باش لەگەڵی بجووڵێمەوە، بەڵام هەنووکە چەند بە زەییم پێیدا دێ! بۆ ئاوا لە قسەم خست. منداڵەکەم ئیتر قسەی نەدەکرد. شۆفیری ماشێنەکە ئەدا و ئەتواری بۆ دەردێنا و ئەویش پێیدەکەنی، بەڵام من نەڕووم بەو دا نە بە منداڵەکەم کە ڕووی کردە من گوتم: لە گۆڕەپانی شار ڕایگرە، ڕایگرت. کاتێ دابەزین منداڵەکەم پێدەکەنی. گۆڕەپان ئوتوبووسێکی زۆری تێدا بوو. دەترسام ئەو کارە بکەم. ماوەیەک پیاسەم کرد. ڕەنگ بێ نیو کاتژمێرێکی

خـــاياند. ئوتوبووســـەكـــان كـــەم بوونەوە. هاتمە پاڵ گـۆڕەپانەكـە. دە شـاييم لە گـيـرفـانم دەرهێنا و دام بە منداڵەكەم. منداڵەكەم واق مـابوو و چاوی تێبـڕیبـووم. ئێستا فێری پارە وەرگرتن نەببوو. نەمدەزانی چۆن تێی بگەینم. لەو بەری شـەقـامـەكـە كـابرايەک هەرای دەكـرد: توو كوولەكە، توو كوولەكە. قامكم بۆ ڕاداشت و گوتم: ها بچـــۆ كـــەكـــە بكڕە. دابزانم خـــۆت دەزانی بچی؟ منداڵەكەم چاوی لە دراوەكـە كـرد و پاشـان پێی گـوتم: دايە تۆش وەلە بابشين. گـوتم: نـا من لێـرە ڕادەوەسـتم چاوم لێتە. دابزانم خۆت دەزانی بچی بكڕی؟ منداڵەكە سـەر لە نوێ چاوی بڕيبـە دراوەكـە، دەتگوت دڕدۆنگـە و نازانێ چۆن شت بكڕێ. ئێستا ئەوم فێر نەكردبوو. هەروا چاوی تێبـڕيبـووم، چ نيگايەكی سـەير و سـەمـەرە بوو. دەتگوت هەر ئەو كاتە دڵم گيرا و تێک چووم. زۆر تێک چووم. لەوانە بوو پاشگەز ببمەوە.

پاش ئەوە منداڵەكەم ڕۆيی و من خۆم لێ پيـوار كرد و هەڵاتم، هەتا ئێسـتـا، تەنانەت ئەو ڕۆژەش لەلای دەر و جيرانەكان كە بە هۆی پەژارەوە دام لە هۆڕژنی گريان، دڵم ئاوا نەگيراوە و تێک نەچووم. لەوانە بوو گيـانم دەرچێ. چ نيگايەكی سەير و سەمەرە بوو. منداڵەكەم نەيدەزانی چی بكات. دەتگوت گەرەكيیە شتێكی ترم لێ بپرسێ. نازانم چۆن ددانم بە جەرگی خۆمدا گرت. ديسان دەستم بۆ لای تووكولەكەكە ڕاداشت و گوتم: برۆ ڕۆڵە گيان ئەو پارەيەی دەيە و بڵێ تووكـولەكـەم دەيە. هەڵێ ئافـەرەم. منداڵەكەم تەماشای تووكولەكە فرۆشەكەی كرد و پاشان وەک ئەوەی گـەرەكی بێ بيـانوو بگرێ گـوتی: دايە من تووكولەكەم ناوێ، تسـميس دەخۆم. لەوانە بوو بەدبەخت و چارە ڕەش بم. ئەگەر منداڵەكەم برێكی تری ڕاگرتايەم، ئەگـــەر هێندێ بگريايە، پاشگەز دەبوومـــەوە، بەڵام منداڵەكەم نەگريا. تووڕەی كردبووم. بەسەريدا قيژاندم. كـشـمـيـشـی هەيە. چت دەوێ ئەوە بكڕە. برۆ دەی. لە قاناوەكە پەڕاندمەوە و نامە سەر شەقامەكە. دەستێكم بە پشـتی دادا و سـووک پاڵم پێـوەناو و گـوتم: دەی هەڵێ درەنگە. شەقامەكە چۆڵ بوو. لە ناوەڕاست شەقامەكەوە تا چاو هەتەری دەكـرد مـاشـێن ديار نەبوو، منداڵەكـەم وەبەردا. منداڵەكـــەم دوو... سێ هەنگاوی هەڵێناوە و لای كردەوە و گوتی: دايە تسميسی هەيە؟ گوتم: ئەرێ ڕۆڵە گـيـان بڵێ بايی دەشـاييم تسـمـيس دەيە و ڕۆی.

منداڵەكـەم گـەيشـتـە ناوەڕاسـتی شـەقـامـەكـە و لەپڕ مـاشـێنێک هۆڕنی لێدا و من لە ترسانا وەک مێـوژۆكـە دەلەرزيم. بێ ئەوەی ئاگـــام لە خـــۆم بێ، خـــۆم فـــڕێ دا ناوەڕاست شـەقـامـەكـە و منداڵەكـەم لە ئامـێـز گـرت و هەڵاتم. لەناو خەڵكی سەرشۆستەكە خۆم شاردەوە. ئازای لەشم كـەوتـبـووە سـەر ئاو. وەهەناسـە بڕكێ كـەوتـبـووم. منداڵەكەم گوتی: دايە سی بوو؟ گوتم: هيچ نەبوو ڕۆڵە گـــيـــان. لە ناوەڕاست دەبێ بە پەلە بڕۆی تۆ ســـووک دەرۆيشـتـی لە وانە بوو ديدی وەبەرت دا. لەگـەڵ ئەوەی ئەو قسەيەم گوت دڵم پڕ بوو و منداڵەكەم هەروا لە ئامێز گرتبـوو گـوتی باسە دايە دامنێ ئەو جـاڵ سـووک نالۆم. ڕەنگە ئەگەر ئەو قسەيەی نەكردبايە لە بيرم بچووبايەتەوە بۆ چ كارێک هاتووم.

ئێـسـتـا فـرمـێـسكەكـانم نەسـڕيبـۆوە، كـەوتمەوە بيـری كـارەكـەم، كـەوتمەوە بيـری قـەڵسـی و تووڕەيی مێـردەكـەم. منداڵەكەم ڕامووسی. دوايين جار بوو ماچم دەكرد. مـاچم كـرد و دامـنا و سـەرلەنوێ بە گـوێيـدا چرپاندم: سـووک نەرۆی ڕۆڵەگـيان ماشێن دێ ها! ديسان شەقامەكە چۆڵ بوو. ئەم جـارەيان منداڵەكـەم بەپەلە هەنگاوی دەنا. بەپەلە هەنگاوە بچكۆلانەكـانی دەنا و من دوو... سێ جـار لەوە ترسـام نەكـا لاقی تێک بهـاڵێ و بكەوێ. گەيشتە ئەو بەری شەقامەكە، لای كردەوە و تەماشايەكی كـردم. من داوێنی چارشێوەكـەم لەسـەر سينگ و بەرۆكم كۆكردبۆوە و خەريک بوو دەردەچووم. هەر كە منداڵەكە ئاوڕی داوە و لێی ڕوانيم، من لەسەر جێی خۆم مێخكوت بووم. گـەرەكم نەبوو تێبـگـات من خـەريكم هەڵدێم، بە هۆی ئەوشـەوە مـێـخكوت نەبووم. وەک چەتەيەک لەسـەر دزيـيـەكـە بيـگرن. مـێـخكوت بووم و دەستم هەروا لە ژێر باڵمدا بوو، ڕاست وەک ئەو جارەی چوومە سەر گيرفانی مێردەكەم. ئەو مێردەی پێشووم. دەگەڕام و مێردەكەم هاتە ژووری و دی. ڕاست دەتكوت ئەو جـارەيە مـێـخكوت بووم. سـەر لە نوێ ئازای لەشم وەسـەر ئاو كـەرا. سـەرم داخست و كاتێ بە زۆری سەرم هەڵێنا، منداڵەكەم دەچوو بە ڕێدا و هێندەی نەمـابوو بگاتە تووفـرۆشـەكـە. ئەركێ لەسەر شانم نەمـابوو. منداڵەكەم بە ساغی گـەيشـتە ئەو بەری شەقامەكە. لەو كاتەوە بوو دەتگوت هەر منداڵيشم نەبووە. دوايين جار كـە ڕوانيـمـە منداڵەكـەم دەتگوت: دەڕوانمە منداڵی غـەريبـەيەک. وەک منداڵی غـەريبـەيەک

کە تازە پێڕەوکە بووە تێم دەڕوانی. وەک چۆن پیاو حەز دەکات تەماشای منداڵی خەڵک بکات، ئاوا کاتێ تەماشام دەکرد گەز باڵام دەکرد. بەپەلە خۆم لە ناو قەرەباڵغی سەر شۆستەکە پیوار کرد، بەڵام لەپڕ تووشی دڵە خورپە بووم. مێخکوت بووم. نەبادا کەسێک لێم لەقاو بدا. بە هۆی ئەو بیرەوە تووکە سەرم قرژ بوو، بەپەلە بە ڕێدا دەچووم. لە دوو کۆڵان ئەو لاترەوە گەرەکم بوو هەڵێم. بە زۆری خۆم گەیاندە سەری کۆڵانێک. لە پڕ تاکسییەک لەدوامەوە لەسەر شەقامەکە تورمیزی گرت(*). دەتگوت پێیان زانیوم. گیانم وەک مێوژۆکە دەلەرزی. پێم وابوو پۆلیسی سەر شۆستەکە ئاگای لێبووە چی دەکەم. سواری تاکسی بووە و هاتووە بمگرێ. نازانم چۆن بوو لام کردەوە و ڕوانیمە دوای خۆمەوە. مسافیرەکان حەق دەستی شۆفیر تاکسییەکەیان دابوو. خەریک بوون دەچوون. ئارخەیان بووم و بیرێکی تر بە مێشکمدا هات. نە ئاگام لە خۆم بوو نە چاویشم دەیدی. خۆم خستە ناو تاکسییەکەوە زرم دەرگاکەم پێوەدا. شۆفیرەکە هێندێک بۆڵەبۆڵی کرد و وەڕێ کەوت. لۆی چارشێوەکەم لە نێوان دەرگای تاکسییەکەدا گیری کردبوو. کاتێک تاکسییەکە دوور کەوتەوە و من ئەرخەیان بووم. دەرگاکەم سووک کردەوە و چارشێوەکەم لە نێوان دەرگاکە دەرهێنا و سەر لە نوێ دەرگاکەم پێوەدایەوە. ئارخەیان پاڵم لێداوە و شەو نەمتوانی کرێ تاکسییەکە لە مێردەکەم وەرگرمەوە.

*** ستۆپی گرت**

**سەرچاوە:**

**زن زیادی چاپ هشتم ١٣٨٠، انتشارات فردوس، تهران.**

**ڕەخنە**

**یاسین ئەمین پوور**

**(بۆکان)**

جەلال ئال ئەحمەد یەکێک لەو نووسەرە بە توانایانەی ئێرانە کە بە نووسراوەکانی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ خوێنەرانی ئاسەوارەکانی خۆی دەخاتە ڕوو. ناوبراو لە چیرۆکی منداڵی خەڵکدا لە ڕێگای زانستی دەروونناسییەوە پێمان دەڵێ ئەو گرفتانە لە کۆمەڵگادا هەن و خەتای کەسیش نییە، خۆمان نەبێ! ئەمن لێرەدا بۆچوونێکی خۆم بۆ ئەم چیرۆکە هەیە. کە ڕەنگ بێ لەگەڵ بیروبۆچوونی ئێوەی خوێنەری بەڕێز یەک نەبێ، بەڵام بیروڕا و بۆچوونی هەرکام لە ئێوە بۆ من جێی ڕێزە.

لە سەرەتای چیرۆکەکەدا لە ڕێگای بنەمایەکی دەروونناسییەوە بە ناوی «فرافکنی» ژنی قارەمانی چیرۆکەکە هەموو ئەو خەتا و کۆسپانەی کەوتۆتە سەرڕێی و ئەو کارانەی کردوویەتی و ئێستە لێیان پەشیمانە، دەخاتە ئەستۆی مێردەکەی: «مێردەکەم ڕازی نەبوو بە منداڵەوە لای دانیشم.» کام مێرد؟ کە دێینە پێشتر، دەردەکەوێ ئەو شووی دووەمێتی و ئەم منداڵە لە مێردی پێشوویەتی. ژنە گەرەکییە بە جۆرێ خەتاکان لەسەر خۆی لابا و خۆی لە ئازاری ویژدانی دەرباز بکات کە گرتوویەتی. هەموو ژیان لە ژیانی هاوبەشیدا دەبینێ و بە تایبەت بەشی جینسی ئەم ژیانە کە بەڕای نووسەر ژیانی هاوبەشی تەنیا ئەوە نییە. نووسەر بنەمایەکی دیکەی دەروونناسی بە ناوی لیبیدۆ باس دەکات. «ئەگەر ئەم مێردەشم تەڵاقی دایەم چیم بکردایە؟». گرفتێکی دیکە لە ناو کۆمەڵگای ئەم چیرۆکەدا دەبینرێ و نووسەر بە چاوی لاوازبوونی کولتووری لێی دەڕوانێ، ئەوەیە کە ئێمەی مرۆڤ دەبێ بۆ خەڵک بژین و ئەوان چۆنیان ویست ئەگەر دژ بە بیروڕای ئێمەش بوو، ئاوا ژیان بەرینەسەر. کە لێرەدا نووسەر ئەمە باس دەکات و گەرەکییە پێمان بڵێ ئەمە لاوازی کولتووری کۆمەڵگا دەگەیەنێ. «..ئاوڕوویان نەدەبردم و هەزار نێونیتکەی خراویان لە خۆم و منداڵەکەم هەڵنەدەدا.»

ئەو کەسەی کە زار بە هاوارە و بە هەر مرۆڤێ دەگات قسەی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێ، لە باری دەروونناسییەوە گەرەکییە بڵێ ژنی قارەمانی چیرۆکەکە تووشی ئەم گرفتە ڕۆحییە بووە. «قاوەڵتوون هاتمەوە ماڵێ و بۆ دایکم و دەروجیرانەکانم گێڕاوە چیم کردووە.»

لە درێژەی چیرۆکەکەدا نووسەر ئاماژە بە ژمارەی زۆری منداڵ لە بنەماڵەدا دەکات و گەرەکییە بڵێ ئەم منداڵانە جگە لە باری ئابووری، لە باری عاتفیشەوە پێڕاگەیشتنیان دەوێ. «تازە سەرەتای کارە و کات زۆرە بۆ ئەوەی سیان سیان و چوارچوار بمبێ.» دیسان لاوازییەکی دیکەی کولتووری لە کۆمەڵگادا: «بڵێ نۆبەرە بووە بۆیە ئاوام لێکردووە.» نووسەر گەرەکییە بڵێ

بۆ دەبێ منداڵی نۆبەرە لە منداڵەکانی تر خۆشەویستتربێ؟! هەرکام لە منداڵانی بنەماڵە دەبێ بەقەد یەک بایەخیان بۆ دانێین. دەتوانێ لێرەدا ئەوەش بخەینە پاڵ ئەوەی کە لە کۆمەڵگای سوونەتیدا دەبینین کوڕ ڕەنگە لە کچ خۆشەویستتر بێ و لە چاک و خۆشی لەگەڵ یەکدا دوعا بۆ یەک دەکەن خودا کوڕت داتێ!!

بە خوێندنەوەی ئەو ڕستەیەی کە دەڵێ: «گەرەکی نەبوو جاشکی کەرێکی دی وەخۆ بگرێ.» نووسەر پێمان دەڵێ ئەم منداڵە لە ئاکامی هەوەسێکی جینسی نێوان ژن و مێردەوە دروست بووە، نەک لە ئاکامی عەشق و خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەدا.

«ئەو شەوە لەگەڵم نەخەوت» دیسان «لیبیدۆ» و باس لە غەریزەی جینسی. کاتێ ژنەکە بۆ چوونەدەرێ چارشێو بەسەردا دەدا، دەبێ بزانین گەرەکییە بە دزییەوە کارێک بکا و کەس بە کارەکەی نەزانێ و هەرچی هەیە لە ژێر ئەو چارشێوەدا بشارێتەوە. «چارشێوی نوێژەکەم بەسەردادا و دەستی منداڵەکەم گرت و...»

بۆ دەبێ پێمان وابێ لە خەم و ڕەخسانی منداڵ کاتێکە کە خۆی بتوانێ بڕوا بەڕێدا، ئەویش لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا. منداڵ تا گەورەتر بێ بۆ ئەوەی تووشی تووش نەیە پێڕاگەیشتنی زۆرتری دەوێ. «لە خەم ڕەخسا بوو. هەموو شەونخوونی و بێ خەوییەکانم تێپەڕ ببوو. تازە سەرەتای حەسانەوەم بوو.» کاتێ دەڵێ جلکە شینەکانی هەر نوێ بوون، دەردەکەوێ لە تەڵاقەکەی هێندە تێنەپەڕیوە و دیسان شووی کردۆتەوە. دەستێ جلکی شین لەبەر منداڵەکەی دەکات و نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە مێردی پێشووی بۆی کڕیبوو. لە باری دەروونناسییەوە جلکی شین ڕەنگی نەفرەتە، کەوایە ئەو پیاوە منداڵەکەی خۆش نەویستووە وا جلکی شینی بۆ کڕیوە. کاتێک دایک دەستی منداڵ دەگرێ و دەردەکەون لە ڕێ تووشی ئەسپێک دێن سمی خوێنی لێهاتووە. نووسەر زوڵم لێکران نیشان دەدا، زوڵم لەکێ؟ لە منداڵەکە. تەمەنی منداڵەکە سێ ساڵە و سێش ڕەقەمی بنەماڵەیە. منداڵ ژیانی هاوبەشی شیرینتر دەکات. لە گۆڕەپانی شار دادەبەزێ. نووسەر بەم ڕستەیە پێمان دەڵێ هۆی زۆربەی گرفتەکانی ئەم کۆمەڵگایە هێزی حکومەتی ئەم وڵاتەیە.

کاتێک شۆفێری تاکسییەکە ئەدا و ئەتوار بۆ منداڵەکە دەردێنێ بۆ ئەوەی پێبکەنێ، ژنەکە ڕوو بە شۆفێرەکە نادا. کەوابوو ئەگەر ڕووی پێبدایە ڕەنگە بناغەی پێوەندییەکی دیکەشی دابمەزراندبایە و ئەم شووانەی وا کردوویەتی لە پێوەندییەکی ئاواوە دەستی پێکردووە، بۆیە بە ئاکامی باش ناگات.

«ئێستا فێری دراو وەرگرتن نەببوو» ئەم ڕستەیە پێش ئەوەی درێژەی چیرۆکەکە بخوێنینەوە تێمان دەگەیەنێ منداڵەکە داهاتووی نادیارە و ڕەنگە لە داهاتوودا فێری سواڵ کردن ببێ کە بە بەڕەڵڵاکردنی منداڵەکە و بەجێ هێشتنی لە درێژەی چیرۆکەکەدا ئەم ڕستەیە کامڵ دەکرێ. منداڵەکە پاش ئەوەی دراوەکە وەردەگرێ دەڵێ من کشمیشم دەوێ نە تووکولەکە. کەواتە شیرینی ژیان دەگەیەنێ کە ئەو منداڵە لە دایکی داوا دەکات، ژنەکە کاتێ لەلای مێردی پێشووی بووە، هەموو جارێ بە دزییەوە چووە گیرفانی گەڕاوە و ڕەنگ بێ هەر بەهۆی ئەوکارانەوە تەڵاق درابێت. دوایین ڕستەی چیرۆکەکە پێمان دەڵێ ڕەنگە ئەو ژنە لای ئەو مێردەش هەڵە نەکاو و لە ئاکامدا دیسان تەڵاق درێ. چوون کرێ تاکسییەکەی ناتوانێ لە مێردەکەی وەرگرێتەوە و ڕەنگ بێ دیسان بە دزییەوە بچێتەوە سەر گیرفانی ئەم مێردەشی.

# فەلسەفەی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

١- ڕۆشنگەری بزووتنەوەیەکی کولتووری، سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی و فەلسەفەییە، لە هەردوو سەدەی حەڤدە و هەژدە لە سێ ولاتدا، فەرەنسا و ئەلّەمانیا و لە دوورگەکانی بەریتانیا چالاک و دەستبەکاربووە. وشە کوردییەکە لە جیاتی وشەی ئەلّەمانی Aufklarung بەکارمان هێناوە. وشە جەرمانییەکە لە خۆیدا واتای ڕوونکردنەوە و جارێکی تر نوێ کردنەوەی زانست و پەروەردە و کولتوور دەگەیەنێ.

ڕاستە ڕۆشنگەری کاردانەوەیەکی دژی سەدەکانی ناوەڕاست و چینی ئەوسای دەستبەکاری فیودالیزم (دەرەبەگی) بووە، بەلام ڕەنگی چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی فرە ڕەنگ و بەپێزی چینی تازە سەرهەلّداوی بۆرژوازی ڕشتووە. ڕێگای داگیرسان و بەرپابوونی مەشخەلّی ئاگری شۆڕشی سەرتاپاگیری فەرەنسای سالّی (١٧٨٩ز)ی خۆش کردووە.

ئەو بزووتنەوەیە لە کایەی فەلسەفەدا بەگشتی چەندین خالّ دەگرێتەوە، دەکرێ گرینگترینیان لەو چەند ڕستەیەدا کۆبکەینەوە:

- باوەڕ Glaube.
- خواست Wille.
- بەخشینی پلەوپایەی شیاو بەپێی شایستەیی هەر یەکێک لە خۆیان بە ڕەب و مرۆڤ و سروشت.
- دیاریکردنی سنوور و ڕادەی زانینی مرۆڤ و تێگەیشتن.
- ئازادی بیرکردنەوە و ئاخاوتن و پەخش کردن.
- مافی دەستنیشانکردنی هێزی دەسەلات و ڕوخساری ڕێژیمی فەرمانڕەوا.
- بایەخدان و بەهەند دانانی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی.

- داكۆكی كردن له ڕێبازی ناچاریی (حه‌تمیه‌تی) میكانیكی.

به‌پێی سه‌رچاوه‌كان ئه‌و خاڵانه له چوارچێوه‌یه‌كی گشتیدا دروشمه سه‌ره‌كییه‌كانی فه‌لسه‌فه‌ی ئه‌و قۆناغه‌یان داڕشتووه كه بریتی بووه له:

- ژیانی نوێ (مۆدێرن)
- ئاكار و ڕه‌فتاری نوێ
- بۆچوونێكی تر ده‌رباره‌ی جیهانی هه‌ڵكه‌وت.

میتۆد و ڕێبازی په‌یڕه‌وكراو له‌و چالاكییه هه‌مه‌ڕه‌نگییه‌دا به‌پێی فه‌لسه‌فه‌ی وڵاته‌كه له چوارچێوه گشتییه‌كه‌یدا و به‌پێی سۆنگه‌ی فه‌یله‌سووفه‌كه له چوارچێوه تایبه‌تییه‌كه‌دا جیاواز بووه، به‌ڵام به تێكڕایی هه‌وڵدراوه به‌هۆی ڕه‌خنه‌كردنی هه‌لومه‌رجی له ئارادابووی سه‌رده‌می كۆمه‌ڵگا ڕه‌نگی نه‌خشه‌ی په‌ره‌سه‌ندن له دوا ڕۆژ دابڕێژدرێ.

٢- باوه‌ڕ كه لێره‌دا هاتووه، به هیچ جۆرێک پێوه‌ندی به دۆگم و ڕێسا و بنه‌ماكانی ئایین و كڵێسه‌ی مه‌سیحییه‌وه نه‌بووه. خواسته‌كه‌ش ئه‌و خواسته ئازاده نییه كه به‌درێژایی سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاست له به‌رانبه‌ر دادپه‌روه‌ری و ده‌سه‌ڵاتی له ڕاده و سنوور به ده‌ری ڕه‌ب و چاره‌نووسی مرۆڤدا كۆششی پاساودانه‌وه‌ی كراوه، به‌ڵكو بابه‌ته‌كه به‌جۆرێكی دیكه بووه:

باوه‌ڕ و خواستی مرۆڤی تاک و تایبه‌تی مه‌به‌ست بووه. باوه‌ڕبوون به توانای بێ سنووری مرۆڤ و زانست و پێشكه‌وتن و ده‌سكه‌وته‌كانی شارستانییه‌ت و خواستی سوود وه‌رگرتن له‌و توانا و پێشكه‌وتنانه، ئینجا هه‌وڵدان بۆ جێبه‌جێ كردنیان له ژیانی ڕۆژانه‌ی تاكه‌كه‌سان و كۆمه‌ڵگادا. باوه‌ڕ بوون به جیهاندیدێكی ئه‌وپه‌ڕی پێچه‌وانه‌ی هه‌ڵوێستی بۆ ماوه‌ی كڵێسه‌ی سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاست و پێوه‌ندییه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانی. له‌و باوه‌ڕ و جیهاندیده‌یه‌دا ئه‌و چه‌مک و وشانه بوون به دروشمی به‌رچاو و كۆششیان بۆ كراوه: سروشت، مرۆڤ، مافی مرۆڤ، زانست، مرۆڤپه‌روه‌ری، ئازادی(١) به‌شێوه و شێوازه جۆربه‌جۆره‌كانییه‌وه، ناكردنی هێز و ده‌سه‌ڵاتی له ئارادابوو!.

سروشت له خۆیدا به مادده و كه‌ره‌سه‌كانییه‌وه هیچی تر به چاوی سووكه‌وه ته‌ماشای نه‌كراوه و سروشتی ئه‌و هۆكاره‌ی لێ زه‌وت كراوه كه گوایه مایه‌ی تاریكی و به‌دكاریی و به‌دبه‌ختی مرۆڤه به‌پێچه‌وانه‌وه هه‌وڵدراوه كۆنترۆڵ بكرێت و بۆ خزمه‌تكردنی سوود و قازانجی ژیانی مرۆڤ و كۆمه‌ڵگا كه‌ڵكی لێ وه‌ربگیرێ و به‌كاربهێنرێ.

- ده‌ركه‌وتنی زانستی نوێ له سه‌ده‌ی حه‌ڤده‌دا بڕوای به هێز و توانای ژیر و هه‌سته‌كانی مرۆڤی پته‌وكرده‌وه. مرۆڤ ئه‌و ئامرازانه‌ی پێ به‌خشراوه (ژیر و هه‌ست) كه بتوانێ به‌هۆیانه‌وه په‌ی به ڕاستی به‌رێ و شت بزانێ و هیچ پێویستی به‌لایه‌نێكی تر نییه (ده‌سه‌ڵاتی ئایینی سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاست) ڕێگای ڕاستینه‌ی نیشان بدات. ئه‌و زانسته نوێیه دوو ڕێبازی ژیره‌كی و ئه‌زموونی داهێنا، له تێكه‌ڵكردنی هه‌ردووكیان (ژیر و زانست) ئه‌و بزووتنه‌وه‌یه كه‌وته‌وه كه به ڕۆشنگه‌ری ناوبراوه. له‌و چوارچێوه‌یه‌دا به‌پێی ئه‌و دوو ڕێبازه‌ی توێژینه‌وه و پشت ئه‌ستوور به ده‌سكه‌وته شۆڕش ئاساكانی زانستی نوێ بابه‌تی توێژینه‌وه‌ی فه‌لسه‌فه و زانست دیار و ده‌ست نیشان كران، له جیاتی خۆ خه‌ریک كردن به بابه‌تی ڕه‌ب كه بابه‌تێكه سنووری توانای ژیر و لۆژیک ده‌به‌زێنێ و هیچ ئه‌نجامێكی ئه‌وتۆ ناداته ده‌ست كه كێشه‌ی مرۆڤ چاره‌سه‌ر بكات، یان هه‌ر نه‌بێ تۆزقاڵێک له باری سه‌رشانی ژیانی ڕۆژانه‌ی سووک بكات، بابه‌تی تر له‌به‌رده‌ستدایه، ده‌كرێ بكرێ به كه‌ره‌سه‌ی توێژینه‌وه: بابه‌تی مرۆڤ(٢) و سروشتی ده‌وروبه‌ر. به‌و پێیه، مرۆڤ و سروشت بوون به قه‌ده‌غه و پاوان و ده‌ڤه‌ری توێژینه‌وه‌ی زانینی مرۆڤایه‌تی، ئیتر به‌پێی ڕێباز و میتۆده‌ی فه‌لسه‌فه، یان هی زانست بووبێ.

ئه‌گه‌رچی له‌سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی حه‌ڤده‌وه زانسته‌كان ورده ورده به‌ره‌و سه‌ربه‌خۆ بوون هه‌نگاویان ناوه، لقه‌كانیان خه‌توخاڵیان داوه، به‌ڵام فه‌لسه‌فه هه‌رچه‌نده تاڕاده‌یه‌ک له ده‌سه‌ڵاتی لاهووتی كڵێسه‌ی مه‌سیحی ده‌ربازی بووه، به‌ڵام نه‌یتوانیوه ده‌ستبه‌رداری زانست و ئه‌نجامی توێژینه‌وه زانستییه‌كان ببێ. ڕێباز و جیهاندیدی فه‌لسه‌فه‌ی میكانیكی، كه جێ ده‌ستی كۆپه‌رنیكۆس و گالیلۆ و نیوتنی به ئاشكرا پێوه دیاره، به‌ڵگه‌ی ساغ كردنه‌وه‌ی ئه‌و بۆچوونه‌ن. فه‌لسه‌فه له‌و قۆناغه‌دا ناچاربووه ده‌ست به دامێنی زانسته‌وه بگرێ و سوود له ده‌سكه‌وته‌كانی وه‌ربگرێ، چونكه هه‌میشه له كێشه و به‌ره‌ی ده‌سته‌ویه‌خه‌دابووه له‌گه‌ڵ هزری لاهووتی كڵێسه‌ی

مەسیحی. زانست ئەو سەرچاوەیە بووە کە فەلسەفە لە چالاکییە دژ بە لاهووتییەکەیدا ئەو بنەما و بەڵگانەی لێوە هەڵهێنجاون کە پشتی پێ بەستوون و داکۆکی پێ لە خۆی کردوون و بەرپەرچی هێرشەکانی کڵێسە و لاهووتەکەی پێ داونەوە. بەو جۆرە زانست ئەوکاتە بەڵگەی پشت ڕاست کردنەوەی هەڵوێست و جیهاندیدی فەلسەفەیی دەستەبەربووە.

٣- فەلسەفە و جیهاندیدی میکانیکی لەلایەن دیکارتەوە ڕەنگی ڕێژراوە و نیوتن دوا ڕوخسار و ناوەڕۆکی پێ بەخشیوە. بەلای ئەو جیهاندیدەوە گەردوون لە مەکینەیەک بەو لاوە نییە. ئەو بڕیارە چی دەگەیەنێ و چی لێدەکەوێتەوە؟!

سیستم و نەزم لە سروشتدا هەیە. ئەوی هەیە و ناکرێ دان بە بوونیدا نەنرێ دوو شتە:

- کەرەسە (مادده).
- بزووتنەوە.

ئەو دووانە هەر هەبوون و هەردەمێنن و لەناو ناچن، تایبەتمەندییەکانیشیان لە قانوونە ناچارییە هەرە پێویستییەکانی سروشت بەولاوە نین. لە سروشتدا ڕێککەوت نییە. هێزێکی سەرووسروشتی لە ئارادا نییە بۆ نیاز و ئامانج و مەبەستی تایبەتی، کۆنتڕۆڵی سروشت و مرۆڤ بکات و دەست بخاتە نێو کاروباری هەردووکیانەوە. ئایا ئەو بۆچوونە بەیەکڕەنگی مەتریالیستیانە ناچێ؟! ئەگەر ئەو جیهاندیدە ڕۆڵی ڕەبی لە کۆنتڕۆڵکردنی سروشت و ژیان لابردبێ، خۆی جۆرە ناچارییەکی (حەتمیەتێکی تری بەسەر سروشت و مرۆڤدا نەسەپاندووە، بەڵام بەبێ هۆکاری ڕوون و ئاشکرا لە چاو بوون و ڕۆڵی ڕەب و سەرووسروشت؟!

ئەوی بۆ بەلایەکداخستنی ئەو کێشە و بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە و ئینجا بۆ وێناکردنی ڕوخسار و ناوەڕۆکی بزووتنەوەی فەلسەفەیی ڕۆشنگەریی کار ئاسانی دەکات ئەوەیە ئەو چالاکییە- بزاڤە لە سێ وڵاتی جیا و تاڕادەیەک لە پەرەسەندن و لە ناوەڕۆک جیاوازدا خەتوخاڵی داوە:

- بەریتانیا (ئینگلیز).
- فەڕەنسا.
- ئەڵەمانیا (جەرمانیا)

بەپێی هەلومەرجی ئابووری و سیاسی و کولتووری و ئایینی (کاتۆلیک، پرۆتستانت) هەر وڵاتە، ڕادە و جۆری ئاراستەی پەرەسەندنی ژیانی هزری و ژیری و گیانی ئەو دەڤەرانە ڕۆشنگەری لەلای خۆیەوە پریشکی بەرکەوتووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەو گۆڕانە لەگەڵ تایبەتمەندی و سروشت و کارەکتەر و خەسڵەتی هەر میللەتێک لەو سێ میللەتانەی ئەورووپا جۆرە ڕۆڵێکی مێژوویی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی هزری ڕۆشنگەری- فەلسەفەییدا بۆ هەر میللەتێک لەوان دیار و دەستنیشان کردبێ:

- ئینگلیز لایەنی زانست و ئەزموونی بەرکەوتووە.
- فەرەنگ (فەرەنسا) سیاسەت و ئایدیۆلۆژی پێ براوە و ئەو لایەنە بە تەواوەتی لەشۆڕشی سەرتاپاگیری ساڵی ١٧٨٩ دا بەرجەستە بووە کە ئەنجامی موعجیزە ئامێزی لێکەوتۆتەوە.
- ئەڵەمان (جەرمان)، لە قەدەغە و پاوانی فەلسەفەی ئایدیالیستیدا ئاغا و سوارچاک بووە.

بەڵام شان بەشان ئەو کارەکتەرە لە یەکتری جیاوازە- سەربەخۆیە، لە چوارچێوە گشتییەکەدا جۆرە لە یەکچوون و هاوبەشییەکی سەرنج ڕاکێشی هەڵوێست و بیروبۆچوون بەرچاو دەکەون.

گومان لەوەدا نییە ئایینی عیسایی (مەسیحی) باژێری ئۆرشەلایم دوای ئەوەی باری کرد و بەرەو ئەورووپا کۆچ و کۆچباری لێک ناوە لە هەواری نوێ، کولتووری میللەتەکانی بە تەواوەتی شێواندووە و کولتوورێکی ڕۆژهەڵاتی ئاوێتە بوو بە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانی بەسەردا سەپاندوون، ئیتر بۆیە لە چوارچێوەی گشتیدا فەیلەسووف و هزرمەندان- تاڕادەیەک بە سیاسەتمەدارانیشەوە هەر لەسەرەتاوە نیشانی دیاریکراویان لەبەردەمدابووە تیرەکانیان تێبگرن و ئامانجی ڕوون و ئاشکرایان لەبەرچاو بووە کۆششی پێ گەیشتنی بکەن، هەربۆیە لەنێو هەرسێک نەتەوەکەدا دروشمی ناوکۆیی: ئازادی هزر و بیرکردنەوە، پشت کردنە دۆگمە پەککەوتووەکانی لە ساڵانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ ماوەی ئایینی مەسیحی لە هەموو کۆڕوکۆمەڵێکدا بەرگوێ کەوتوون و هەستیان پێ کراوە.

لە جیاتی ئەو ڕێگایانەی ئایین بۆ گەیشتنە ڕاستی و ڕاستەقینە پەیڕەوی کردوون (سرووش) ڕۆشنگەران پەنایان بردۆتە بەر ژیر و تواناکانی زانینی مرۆڤ. ئەو

هەنگاوە بەدوو جۆر بەرجەستە بووە:

– لەلایەکەوە هەوڵدراوە تایبەتمەندی ترانسندێنتی، سەرووسروشتی موعجیزە ئاسای ئایین کاڵ بکرێتەوە و پتر لەگەڵ ژیانی سروشتیدا بگونجێ و لەگەڵ ئاوات و ئامانجی ئەو ژیانە و دنیایەی ئێستای مرۆڤدا بێتەوە.

– ئەگەر لە ئایین و بڕوا (ئیمان)دا چەند ڕاستییەک هەبێ، هیچ کاتێک لە تواناد‌ا نییە بەزێر و تواناکانی مرۆڤ ڕاستییە سەرووسروشتییەکان پەیان پێ ببردرێ و بزانرێن.

**یەکەم: ڕۆشنگەری ئینگلیزی:**

١- مەڵبەندی جوگرافیای دوورگەکانی بەریتانیا کە لە هەرچوار لاوە بەدەریا دەورە دراوە و سنووریکی والاو ئازادیان بۆ دابین کردووە وەک لە دەریا و بازرگانی و گەمیە و پاپۆڕو کەشتییەوانیدا بوو بە ئاغای دەریا، کرانەوەیەکی بەرچاوی لە چوارچێوەی ئازادی بیروباوەڕ و ئاییندا لەژێر ناوونیشانی پوریتانیزمدا دەستەبەربووە و دابین کردووە. ئەو جۆرە ئازادییە بووە کە لە گۆڕەپانی هزر و سیاسەت و ئابووری و مێژوو فەلسەفە و زانستدا بوار و دەرفەتی زێڕینی توێژینەوەی ڕەخساندووە. تەنانەت کارڵ مارکس ئابووریناس و سیاسەتمەدار و سۆسیۆلۆژ و فەیلەسووفی سەدەی نۆزدەی ئەڵمان کە لەسەرانسەری خۆرئاوای ئەوروپادا جێگای نەبۆتەوە لە بەریتانیا بە ئازادی کاری هزری (نووسینی) بۆ دەستەبەر بووە.

بیرۆکەی ئایینی سروشتی، ژیر، ئەو دوو چەمکە بوون شان بەشانی ئازادی و ئەزموون لە زانستدا داکۆکیان لێ کراوە، بۆیە سەیر و سەرنج ڕاکێش نایەتە بەرچاو کە چەندین کەڵە نووسەر بەرهەمی زانستی خۆیان و خامە ڕەنگینەکەیان بۆ تاووتو و ڕەخنەگرتن لە ناوەرۆکی بابەتەکانی ئینجیل دانابێ!. لەو ڕەوشەدا دوو ڕێباز- لایەن بەرچاو دەکەون:

**یەکەم:**- ئازادی باوەڕ پتر خۆی لەبەرهەمی بیرمەندە ئازادەکاندا Freidenker بەرجەستە کردووە و جۆرە مەتریالیزمییەکی لێکەوتۆتەوە کە تاڕادەیەکی فرەزەبەندە هیچ جۆرە باوەڕێکی بە ئایینی مەسیحی ئەوروپا نەبووە. بابەتی سێ ڕەنگی (ڕەب، ڕۆڵە، گیانی پاک) بە داهێنانێکی پیاوانی کڵێسە دانراوە کە بە پێچەوانەی هەموو بنەماکانی زانست و ژیرەوەیە.

**دووەم ڕێباز:** بڕوایەکی سنوورداری بە بنەما و دۆگمەکانی ئایینی مەسیحی هەبووە، بەڵام هەوڵی داوە ئەوی ناوکۆیی و هاوبەشە لەنێو ئایینە جیهانییەکاندا بخاتە بەر چاو(٣) و سەرنجی بۆ ڕابکێشێ. ڕێبازی فەلسەفەی «ئبن ڕوشدی ئەندەلووسی لاتینی» کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا کراوە بەلاتینی و لە زانکۆکاندا خوێنراوە، ڕۆڵێکی لە ڕشتنی ڕەنگی ئەو نەخشەڕێبازەدا گێڕاوە.

٢- ئەو چاکسازییەی لە بەریتانیا بەتایبەتی و لە ئەوروپا بەگشتی هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرا و جێبەجێ کرا، بەپێچەوانەی ڕۆژهەڵاتەوە بوو. لە خۆرئاوا کۆششی گەڕانەوە بۆ سەر سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئایین نەکراوە، بەڵکو هەوڵ دراوە ئایینەکە لە سروشتی ترانسندێنتی سەرووسروشتییەکەی کاڵ بکرێتەوە و ببێ بە ئایینی سروشت و کۆمەڵگا.

مرۆڤ جارێکی تر بۆتەوە سەرمەشق و سەرپشک، بۆیە سەیر نییە کە لێرەدا گوترابێ، ژیر خۆی ناوەڕۆک و بابەتی سەرەکی سرووش (وەحییە) نەک شتی دیکە. مرۆڤ هیچی تر بوونەوەرێکی سادە و ساکاری سروشتی نییە، بەڵکو وێنە و نموونەی Ebenbild ڕەببە، داهێنەر و دەستپێشخەرە و بەند و کۆیلەی هیچ هێزێکی سەرووسروشتی نییە.

ئەو ئەنجامەی لەو هەڵوێستەوە کەوتۆتەوە و لە بەریتانیا ڕەنگی داوەتەوە بایەخدان بووە بە زانست و کۆنترۆڵ کردنی سروشت و بەکارهێنانیان لەپێناوی خۆشکردنی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم زەمینە و لەم دنیایەدا. ئەو ڕەوشەی زەمینەی ئەو گۆڕانەی خۆش کردووە کە سەرانسەر و سەرتاپای سەدەی حەڤدەی گرتۆتەوە ئەوە بووە لەجیاتی خۆ خەریک کردن بە بابەتی «ئیمان و بڕواهێنان بە ڕەب، نەمریی گیان و نەفس، ژیانی دوای مردن، ئایا مرۆڤ خواستی ئازادی هەیە؟» ڕوو لە مرۆڤ خۆی کراوە. هزرمەندان لێرەدا دوو بۆچوونیان لەبەردەم دابووە یەکێکیان هی ئایینەکە بووە کە لەسەردەمی ئادەم و حەواوە مرۆڤی بە بەدکار داناوە و ئەوی دیکەیان لە فەیلەسووفی ئینگلیز تۆماس هۆبزەوە کەوتۆتەوە کە گوتوویەتی:

مرۆڤ بەرانبەر بە یەکتری گورگن و لە پێستی مەڕدان، بۆیە سەیر نییە کە لەنێوانیاندا بەشێوە و شێوازی جیاواز

جەنگی بەردەوام هەبێت!. هەردوو هەڵوێستەکە بەلای هزرمەندانی ڕۆشنگەرییەوە پەسند نەبووە. ئەوی مەسیحییەت باسی کردووە بە هیچ بنەمایەکی مێژوویی و جوگرافی و زانستی پشت ئەستوور نییە. هیچ کەسێکیش کە ترسی کڵێسەی لە دڵدا نەبێ، پەسندی ناکات، ئەوی پەسندی دەکات دەبێ پێشبینیانە و هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە دۆگمەکانی کڵێسەی مەسیحی و پێشتر بە تەوراتی مووسای جوو هەبێ! بەپێی هیچ ڕێسا و دەستوور و بنەمایەک کە لە ژێرەوە کەوتبێتەوە، بەپێی هیچ قانوونێکی سروشتی مرۆڤ ناچێتە ژێر باری کردەوە و کارێک جا چاکە بێت، یان بەد، کە پێشتر نەوەی پێش خۆی کردبێتی. هیچ ئۆباڵێکی ئەو کار و کردەوەیە پێشبینیانەش ناکەوێتە ئەستۆی کەسانی دیکەوە کە دواتر هاتوونەتە دنیا و ژیانەوە. با ئادەم و حەوا باپیرە گەورەی مرۆڤ بن، چ نەوەیەک چۆتە ژێر باری کار و کردەوەی باپیرەوە؟ هەڵوێستی هۆبزی ئینگلیزیش ئەگەرچی دوو لایەنی لەباری تێدایە:

– جۆرە پەسند نەکردنێکی شاردراوە و ناڕاستەوخۆی بەسەرهاتەکەی ئادەم و حەوا دەگەیەنێ.

– لایەک لە مرۆڤی ئاسایی دەکاتەوە و ئازادی چوونە ژێر باری ئەنجامی کردارەکانی بۆ دەگێڕێتەوە. ئەوی لە دنیادا، لە ژیاندا ڕوودەدات، مرۆڤ خۆی کردوویەتی و دەیکات و دەبێ هەر خۆیشی ئۆباڵی ئەو کردارانەی بکێشێ، بەڵام بەلای ڕۆشنگەرانەوە ئەو بڕیارەی هۆبزیش لە جێگای خۆیدا نییە، چونکە هیچ جۆرە بێ لایەنییەکی زانستی تێدا بەدی ناکرێت. بنەمایەکی هەندەکی، کەسانێک بەدکارن، ناکرێ بکرێت بە بنەمایەکی هەمەکی و هەموو مرۆڤێکی سەر ئەو زەمینە بگرێتەوە. ئەگەر لە سۆنگەی زانستی (ئەو سەردەمەوە) سەرنجی مرۆڤ بدرێت دەدیترێ کە لە چوار هێز پێکهاتووە:

– هێزی لەش.
– ئەزموون و شارەزایی و تاقیکردنەوە.
– ژیر و فام.
– هەست و ئارەزووەکان(٤).

ئەگەر لەنێو ئەو چوار هێزەدا، هێز هەبێ مرۆڤ بەلای توندوتیژی و دەسەڵات و کۆنترۆڵ و بەدکاریدا ببات، هێزی تریش هەیە بە پێچەوانەوە بەلاکەی دیکەیدا تەکانی پێ دەدات، کەوابوو چۆنێتی پێگەیشتن و پەروەردەی مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە و ئەو ژینگە و دەوروبەرەی تێیدا پەروەردە و گەورە دەبێ، لایەنێک لەلایەنی کەسایەتی مرۆڤ دیار و دەستنیشان دەکەن و مرۆڤ لە زگماکەوە نە چاکەکارە و نە بەدکار.!

٣– لە چوارچێوەی چالاکی بزووتنەوەی سەرتاپاگیری ڕۆشنگەری ئینگلیزدا کۆششی بیرمەندە ئازادەکان و توێژینەوەی زانستی ئەو سەردەمە کە بە فەلسەفەی سروشتی ناوبراوە، بایەخی تایبەتی خۆیان هەبووە سەرەڕای ئەو ڕۆڵەی لە ڕۆشنکردنەوەی کۆمەڵگادا گێڕاویانە:

هزرمەندە ئازادەکان کە هەمیشە قسەیان لەبیری ئازاد Free thought کردووە مەبەستیان دوو خاڵ بووە:

– هەڵوێست بەرانبەر بە بنەما و ڕێسا و دۆگمە بۆماوەکانی کڵێسەی مەسیحی سەردەمی خۆیان.

– بەلایانەوە مرۆڤێک ئەگەر بیروبۆچوونێک پەسند نەکات و بڕیارێک نەدات جا با ئیتر پێشتر کەسایەتییەکی(٥) ئایینی، سیاسی، فەلسەفەیی گوتوویەتی، بەڵکو پشت بەژیر و تاقیکردنەوە و ئەزموونی زانستی ببەستی بە مرۆڤێکی بیرو هزر ئازاد دادەنرێ.

ئەو هەڵوێستەی بیرمەندە ئازادەکان وەنەبێ لەوانی پێشتر کەمتر گازندە هەڵبگرن. مرۆڤ خۆی لەخۆیدا لە ژێر و ئیمان (بڕوا) پێکهاتووە، بەو پێیە دەبێ هەبوونی دوو جۆرە ڕاستی و ڕاستەقینەش لەبەرچاو بن. ڕاستییەکانی بڕوا و ئیمان کە هیچ جۆرە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ژیر و فامەوە نییە و پتر پشت بە هەبوونی ترانسندێنتی سەرووسروشت و موعجیزە دەبەستن، ئینجا ڕاستییەکانی ژیر کە لە چوارچێوە هەندەکییە تایبەتییەکەدا بەپێی کات و شوێن و سەردەم پرێشکی گۆڕانیان بەردەکەوێ. ڕاستییەکانی بڕوا ڕەهان و دەستی گۆڕان نایانگاتێ.

### نیوتن

٤– لە گۆڕەپانی توێژینەوەی زانستیدا کە ئەوسا فەلسەفەی سروشتی پێ گوتراوە، ئیسحاق نیوتن بە ڕابەر دادەنرێ. هەردوو تیۆری شیکردنەوە و توێ توێ کردنی تیشک و تیۆری گشتی کێشەکێ Gravitation ناوبانگی هەتا هەتاییان بۆ ئەو زانستپەروەرە دەستەبەر

کردووە.

نیــــوتن Newton (١٦٤٢- ١٧٢٧) لە چالاکی زانستی و بەرهەمەکانیدا ئەو رۆڵەی ساغ کردەوە کە زانستی سروشت لە فەلسەفەدا دەیگێڕێ، بە تایبەتی هەردوو چەمکی کات و جێگای ڕەها. سەرەڕای ئەوەی کە لەو میتۆدەیەیدا کە پەیڕەوی کردووە هەردوو ئاراستەی ئیندەکشن- ئەزموونی و دیدەکشن- بیرکاری ئاوێتە یەکتری کردووە(٦). ئەو ئاوێتە کردنە تەواوکردنی نەخشەی بە بیرکاری کردنی فیزیک بووە کە کاتی خۆی لەلای گالیلۆ دەستی پێ کردووە. لەلای نیوتن و لەو سەردەمەدا بە تەواوەتی جێبەجێ و جێگیر کرا. لە بەرهەمەکانی ئەو فەیلەسووفەی سروشتیدا فیزیک و ئەسترۆنۆمی کراون بەیەک، بۆیە سەیر نەبووە کە بە لایەوە هەرچی لە ئاسماندا هەیە چەند مەکینەیەکی بێ نەفس و گیانن و ئاسمان خۆیشی لە چەند ڕوخسار و فۆرمی ئەندازە و ئەندازیاری بەولاوە نییە.

٤- لە پێناوی جێگیرکردنی بنەڕەتەکانی فەلسەفەی سروشتی نوێ و دابڕان لە بنەماکانی فەلسەفە لاهووتییە- میتافیزیکییەی سەدەکانی ناوەڕاست نیوتن چوار بنەمای پێشنیار کردووە:

**یەکەم**: تەنیا دەبێ هەر ئەو هۆکارانە کە بۆ شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی دیاردەکانی سروشت پێویستن و ڕاستن پەسند بکرێن.

**دووەم**: ئەو ئەنجامانەی لە یەک جۆرن، ئەوەندەی بشێ و لە کردن بێت، دەبێ بدرێنە پاڵ هەمان هۆکارەکان.

**سێیەم**: تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی لەش و شتەکان کە لە پتر بوون و کەمکردن نایەن و لە هەموو شت و لەشەکاندا هەن و هەستیان پێ دەکرێت و دەکرێ بەهۆی ئەزموون و تاقیکردنەوەوە بزانرێن، دەبێ بە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی هەموو شت و لەشەکان دابنرێن.

**چوارەم**: لەو فەلسەفەیەدا کە پشت بە ئەزموون و تاقیکردنەوە و شارەزایی دەبەستێ، دەبێ ئەو دەستەواژە (پرۆپۆزیشنانەی) بەهۆی ئیندەکشنەوە لە دیاردەکان کەوتوونەتەوە، بەبێ گوێدانە دژە گریمانەکان، بە چەند دەستەواژەیەکی بە تەواوەتی ڕاست، یان بە نزیک لە ڕاستییەوە دابنرێن تا ئەوکاتەی چەند دیاردەیەکی دیکە بەدەردەکەون و بەهۆیانەوە ئەوان ساغ و پشت ڕاست دەکرێنەوە، یان سنوورداریان دەکەن(٧).

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەو چوار بنەمایە بدرێن، دەردەکەوێ چۆن دیکارت کۆشاوە میتۆدەیەکی نوێ بۆ فەلسەفەی نوێ ڕەنگ بڕێژێ، بە هەمان شێوە نیوتن خواستوویەتی لە چوارچێوەی فەلسەفەی سروشتدا ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات. لە بنەمای یەکەمدا بنەڕەتی ئابووری ولیەمی ئۆکامی سەدەکانی ناوەڕاست دێتەوە یاد. لە دووەمدا بنەڕەتی هۆکار و ئەنجام (هۆیەکی) قسەی لێوە دەکرێت کە لە سەدەی بیستەمدا بووە بە کێشەیەک هەویرەکەی ئاوێکی زۆری کێشاوە. پێ داگرتن لەسەر ئەزموون و تاقیکردنەوە سروشتی خاڵەکانی تر دووپات دەکاتەوە کە ئەو زانایە کردوویەتی بە بنەما.

٥- قانوونی کەوتنەخوارەوە کە دەکرێ بە قانوونی کێشەکی ناوببرێ بابەتێکی گرینگی دیکەیە کە خامە ڕەنگینەکەی ئەو زانایە تێیدا دەست بەکار بووە. هەرچۆنێک بێت سەرگوزشتەی ئەو سێوەی لە دارەکە بەربۆتەوە و بەسەری نیوتن کەوتووە(٨)، ئەو کەوتنە خوارەوەیە گوایە وای لێ کردووە بپرسێ ئەی بۆچی مانگیش لە ئاسمانەوە ناکەوێتە خوارێ؟ ئەنجامێکی گەورە و گرانی لێکەوتۆتەوە، ئەنجامێک ساغی کردۆتەوە کە کەوتنە خوارەوەی شمەک و لەشەکان دیاردەیەکە بە کێشەکی ناودەبرێ.

بەربوونەوەی شت لەسەردەمی فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانەوە دیاردەیەک بووە لەلایەن فەیلەسووفەکانەوە بەگشتی و لەلایەن ئەرستۆوە بەتایبەتی بایەخی پێدراوە و تاووتو کراوە. ئەرستۆ شتی کردووە بە دوو بەشەوە:

– شت و لەشە زەمینییەکان کە لەسەر زەویدا هەن و ئەگەر بەربوونەوە دەکەونەوە سەر زەوی.

– جۆرە ئاسمانییەکان کە شوێنیان ئاسمانە و بەرەو سەروو دەچن وەک ئاگر. بەو پێیە هەموو شتێک لە شوێن و جێگای شیاوی خۆی دەگەڕێ.

ئەو بۆچوونە لەلایەن نیوتنەوە پووچەڵ کراوەتەوە و ساغی کردۆتەوە کە هێزی کێشەکی هەیە و هەموو شتێک دەگرێتەوە. ئەو هێزە کێشەکییە قانوونی تایبەتی خۆی هەیە و بەشێکە لە بابەتی میکانیک کە لە شاکاری «بنەما بیرکارییەکانی فەلسەفەی سروشتیدا» تاووتو کراوە. قانوونی فیزیکی کەوتنە خوارەوە و بزووتنەوەی نیوتن ساغیان کردۆتەوە هەمان هێز کە سێوێک لە

دارەکـەیەوە بەرەو زەوی دەخـاتە خـوارەوە، هەر ئەو هێـزە خۆی لـەش و شـمەکـە ئاسمـانییـەکان لە ڕەوتی خـۆیاندا ڕاگیر دەکات.

**دووەم: ڕۆشنگەری لە فەرەنسا**

١- ڕاسـتـیـیـەکی گـومـان هەڵنـەگرە کـە پێشـکەوتنی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا توندوتۆڵ بە پەرەسەندنی پرۆسەی پێگەیاندن و پەروەردە و پێشکەوتنی زانسـتـەوە بەندە، ئەوەش کـاتێک دەسـتـەبەر دەبێ کـە زەمـینەی لە باری ئازادی ژێر خۆش کرابێ، بۆیە ڕاست گوتراوە فەلسەفە کە بابەتی سەرەکی پێشکەوتنی شارستـانیـیـەتی مرۆڤـە، نەمـامـێکە لە کـەشوهەوای ئازادی و سـەربەسـتـیـدا شین دەبێ و پێـــدەگـــات و دێتـــەبەر. زۆربەی زۆری ئەو کۆششانەی لە ئەوروپا کراون مەبەستیان دەستەبەر بوونی ئەو زەمینەی ئازادییە بووە. ئەو زەمینەیە کە لە فەرەنسا کۆششی خۆشکردنی کراوە لە هەردوو ڕێبازی مەتریالیزم و بروانەمـان بە ئایینی مـەسـیـحـیـدا (Atheismus) بەرجەستە بووە. لەو بوارەدا ڕۆڵی ڕابەرانەی: کۆندیلاک، مونتسکیۆ، ڤۆلتێر، ئینسکلۆپیدییەکان، لامیتری، هۆلباخ، ڕۆسـۆ سـەرنج ڕادەکـێـشێ. کـە باسی بزاڤی فـەلسـەفـەیی ڕۆشنگەری لە فـەرەنسـا دەکـرێ، ئەو فەرەنسایەی شۆڕشی چارەنووسسازی ساڵی (١٧٨٩ز) تێدا بەرپا بوو، سەرانسەری ئەوروپای هەژاند و گۆڕی، ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئایا دەکرێ فەلسەفە خەسڵەتی نێونەتەوەیی خۆی لە دەست دات و بەرگێکی نەتەوەیی لە ڕوخـــســـار و ناوەڕۆکـــدا بە بەردا بکرێت؟ ئەو تایبەتمەندییـانە کـامـانەن کـە خـەسـڵـەتی نەتەوەیی بە فەلسەفەیەک دەبەخشن کە لە چەند وڵاتێکدا کە ئایینی مەسیحی کولتوورەکەی شێواندوون و جۆرە شێوازێکی ژیانی بەسەردا سەپاندوون باسی خەسڵەتی نەتەوایەتی بکرێت؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا ئەوەندەی بکرێ بابەتەکە لە چوارچێـــوەی فـــەلســـەفـــەی بزووتنەوەی ڕۆشنگەریدا کۆبکرێتەوە، دەکرێ بگوترێ هەردوو لا تێیدا دەردەکەون و بەرجەستە دەبن:

- بزاڤی ڕۆشنگەری لە یەک کـاتدا و لەسـەردەمـێکی دیاریکراودا لە هەرسـێک وڵاتی ئینگلیـز و فـەرەنسـا و ئەڵمانیا پەیدابووە و گەشەی کردووە، بەڵام لە هەرسێک وڵات و بزووتنەوەکـەدا خالّی ناوکۆیی و هاوبەش هەبووە وەک: لە یەکـچـوونی سـترۆکـتۆر و بنەمـای کـێشـەکـان، هەڵوێست و کـاردانەوە بەرانبـەر بە ڕەوشی گـیـانیی (ڕۆحانی) ڕابردووی لە سەدەکانی ناوەڕاست بۆ ماوەوە، پشت بەستن بە ژیر و فـامی سـروشـتی سـەرەڕای پەسندنەکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی کە خۆی لە چوارچێوەی ڕەهاییەکی سەرتاپاگیردا بەرجەستە کردبوو. لێـرەوە دەکـرێ ئەو بزاڤـە بە ڕووداوێکی نێـونەتەوەیی دابنرێ(٩)، بەتایبـەتی کـە ئەنجـامـەکـانی سنووری جوگرافیای خۆیان بەزاندووە و پریشکەکەیانی ئاگریان لە چەندین دەشت و دەغڵ و پاوان بەرداوە.

- ئەو خەسڵەت و سروشتییە نێونەتەوەیی لە سنوور و چوارچێـوەیەکی دیاریکراودا ڕۆڵ و بەشـداری تایبـەتی نەتەوایەتی هەر یەکـێـک لەو سێ نەتەوەیە، بەپێی هەلومـەرج و ڕەوشی ئابووری و سـیـاسی و دەروونی و کولتووری پەک ناخات. لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی فەلسەفەدا واباوە کە هەر نەتەوەیەک سروشتی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە ئینگلیـز ئیـمـپـریستن، بەگـشـتی پشت بە تاقـیـکردنەوە و ئەزمـوونی شـارەزایی ژیانی ڕۆژانە دەبەستن، ئەڵمـان بەرەچەڵەک ئایدیالیستن. هزرمـەندی فرەنسی سروشت ئاسا پۆزیتیڤیستن.

لە هەندێ سەرچاوەی میللیدا بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەو بڕیارە، نموونەیەک ئەگـەرچی سـادە و سـاکـاریشـە هێنراوەتەوە و بەرچاو دەکەوێ:

لە ئینگلیـزێک و فـەرەنسـاییـەک و ئەڵـمـانێکیـان پرسیوە: حوجی بنی حەلەق Giraffe چییە؟! لە وەڵامدا:

ئینگلیزەکە دەستی داوەتە تفەنگەکەی (تاپڕەکەی) و ملی ناوە بەرەو ئەفریکا لەوێ ئەو زیندەوەرەی ڕاوکردووە و هێناویەتەوە و گوتوویەتی: ئەوە ئەو زیندەوەرەیە کە لە بارەیەوە پرسیتان.

گوایە فەرەنساییەکە چووە بۆ باخچەی زیندەوەران پاش ماوەیەک هاتۆتەوە و گوتوویەتی: پاردۆن! ئەو زیندەوەرە لەوێدا نەبوو، بەرچاوم نەکەوت و نەمدی!

بەڵام ئەڵەمانەکە چۆتەوە ماڵێ و لەسەر کورسییەکەی لەپشت مێـزەوە دانیـشـتـوە، بیـری کردۆتەوە، دەبێ ئەو هەلومەرجانە کامانە بن کە لە زیندەوەرێکدا هەبوون ئەو زیندەوەرە دەکرێ بە (حوجی بنی حەلەق) ناوببرێ؟!

٢- فـەلسـەفـە بەگـشـتی و فـەلسـەفـەی ڕۆشنگەری

بەتایبەتی دیاردەیەکی Phanomen مێژوویيە، بۆیە ناکرێ لە ژینگە و هەلومەرج و سەردەمی خۆی دابڕێ و خۆی ڕووداو و ئەنجامێکی ئەو ڕەوشە دیار و بەرچاوەیە!. ئەگەر لە هەر دەقەرێک ناوەڕۆک و ڕوخسارێکی تایبەتی خۆی نیشان دابێ شتێکی ئاسایی بووە. ڕاستە لە هەرسێک وڵاتدا لەبەرهەمی ئەو هزرمەندانەدا چەمکی ژیر و ئازادی و چاکەکاری و بەختەوەری و پێشکەوتن و سوود و قازانج بەرچاو و سەرنجڕاکێش بوون، بەڵام هەر وڵات و نەتەوەیەک جێدەستی خامە ڕەنگینەکەی لەو تابلۆیە نەخشاوە فرە ڕەنگییە بەپێزەدا دیارە.

هەلومەرج و ڕەوشی ناوخۆی فەڕەنسا تایبەتمەندی خۆی پێوە دیار بووە. سیاسەت و دەسەڵاتی بێ سنوور و ڕەهای شا (ئیمپراتۆر) لەگەڵ لاهووتی سەرتاپاگیری کڵێسەی کاتۆلیکی مەسیحی وەک تانوپۆ هەموو دەقەرێکیان داپۆشیوە، جیاوازی چینایەتی و ستانداردی فرە ڕەنگ و جیای ژیانی چین و توێژەکانی فەڕەنسا، تەنانەت لە ئەدەبەکەشیدا ڕەنگی داوەتەوە(١٠)، بۆیە ئەرکی سەرەکی سەرشانی ڕۆشنگەران لەو ڕەوشەدا جیاکردنەوەی بڕوا (ئیمان) بووە لە زانین و زانست، ئەو ئەرکە لەخۆیدا سنووردانانێکە بۆ ئەو ڕۆڵەی ئایینی مەسیحی، ئەوسا بە تایبەتی مەزهەبی کاتۆلیک لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و کۆمەڵگادا گێڕاویەتی.

- فەلسەفەی ڕۆشنگەری لە فەڕەنسادا فەلسەفەیەکی فرە ڕەنگ بووە هەر لە تیۆری زانینەوە تاوەکو میتافیزیک و بابەتی ئاکاری لەخۆی گرتووە، ئەگەر هەندێک لایەنی هەندەکی پشتگوێ بخرێت، دەکرێ بەگشتی ڕەهەندەکانی فەلسەفەی ئەو بزاڤە بەو جۆرە پۆلێن بکرێن:

**یەکەم**: لە تیۆری زانیندا ڕێبازی هەستەکی Sensua Lismus باوبووە، بەپێی ئەو ڕێبازە زانینی مرۆڤ بەگشتی لە هەستەکانەوە دەکەوێتەوە. ئەو بڕیارە بە تەواوەتی چوونە نێو باوەشی ماتریالیزم و دوورکەوتنەوەیە لەو سەرچاوانەی مەسیحییەت بەسەرچاوەی زانین دەستنیشان و ناوزەدەی کردبوون.

کردنی هەستەکان لەشت زانیندا بەسەر پشک، جۆرە ددان پێدانانێک بە هەبوونی بابەتییانەی سەربەخۆی دەوروبەرە کە بابەتی سەرەکی زانینەکەیە. لێرەدا ئەو کارە کە فەلسەفەی ئینگلیز لە هزری فەلسەفەیی ڕۆشنگەری فەڕەنسادا کردوویەتی دووپات دەکاتەوە.

**دووەم**: سروشت یەکەیەکی یەکڕەنگییە، لە هەرە کۆنەوە وەک خۆی ماوەتەوە، پابەندی چەند قانوونێکی دیار و ئاشکرایە. بە هەمان شێواز و جۆر و شێوە مرۆڤ خۆیشی پابەندی هەمان ئەو قانوونانەیە و دەچێتە ژێر باریانەوە بۆیە دەکرێ مرۆڤ بە گەوهەرێکی سروشتی دابنرێ. بەوەش لە زیندەوەر و ڕووەک جیا ناکرێتەوە کە گوایە نەفس- گیانی هەیە، چونکە بەهۆی ئەو ئەندام و ئامرازانەی بە مرۆڤ دراون و مرۆڤ هەیەتی ناتوانرێ هیچ شتێک لەبارەیانەوە بزانرێ(١١).

**سێیەم**: زانینی ئەو قانوونانە و سوود لێ وەرگرتنیان بەرزترین پلەیەکی زانینە مرۆڤ بیگاتێ، چونکە لە توانای ژیری مرۆڤدا نییە گەوهەری دیاردەکان بزانێ. ئەوی دەتوانێ پەی پێ بەرێت زانینی ئەو پێوەندییانەیە کە لەنێوان دیاردەکاندا هەیە و دەست بەکارن. دەبێ تا چ ڕادەیەک (کانت) سوودی لەو بۆچوونەی ڕابەرانی ڕۆشنگەری فەڕەنسا وەرگرتبێ؟!

**چوارەم**: مرۆڤ لە ژیان و کرداریدا ئازاد و سەربەست نییە. ئەوی دەیبێژێ و دەیکات بەهۆی چەند پاڵنەرێکەوە کە لە سروشتی خۆیەوەن دەکەونەوە. هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردن و سنووردانان بۆ ئارەزوو و هەست و نەست و خواستی ژیانی سۆز، ئاسنی سارد کوتانەوەیە، بەڵام دەکرێ تاڕادەیەک کاریان تێ بکرێ و لەسەرکێشی و زیادەڕۆیی بە دوور بگیرێن.

**پێنجەم**: بەختەوەری- چێژتن تاکە پاڵنەری سروشتییە(١٢) کە مرۆڤ و تێکڕای زیندەوەران دەبزوێنێ و دەیانخاتە گەڕ. ئەوەش خۆی لەخۆیدا خۆویستی مرۆڤ دەردەخات و ڕوونی دەکاتەوە بۆچی مرۆڤ، گیانلەبەر هەمیشە سەرگەرمی ئەوەیە ژیانی خۆی بپارێزێ.

ڕاستە ڕۆشنگەری لە ئینگلتەرە بەردی بناغەی کۆشک و تەلارەکەی دانرا، بەڵام بەهۆی دەستپێشخەری فەڕەنساییەکانەوە ئەو بزاڤە فرە ڕەنگە هێنرایە فەڕەنسا و دواتر شۆڕشی ساڵی (١٧٨٩ز)ی لێکەوتەوە، لەوێوە پەڕیوەتەوە بۆ ئەڵەمانیا. لە هەردوو ئەو وڵاتە ئەوروپاییەدا بەپێی تایبەتمەندی خۆیان گۆڕانیان بەسەر ئەو بزاڤەدا هێناوە.

## سێیەم: ڕۆشنگەری لە ئەڵمانیا

١- ئەو گۆڕانەی ڕابەرانی ئەو ڕێبازە کردوویانە، ئەوەندەی پێوەندی بە ئایینی مەسیحییەوە هەبووە، ئەوەندەی فەرەنساییەکان ریشەیی (ڕادیکال) نەبووە(١٣). ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشی بە دەگمەن نەبێ ئایینی مەسیحی ڕەت نەکراوەتەوە، بەڵکو هەوڵ دراوە گۆڕان لە چوارچێوەی دۆگم و بنەما بڕواکەیدا بکرێت. بۆ نموونە ڕێبازی دایزم Deism ئەوپەڕی برەوی پێ دراوە. ئەو دایزمە لە خۆیدا مەسیحییەت لانابات، بەڵکو لە جێگای سرووش (وەحی) ژێر دادەنێ و هەمان ڕۆڵی سروشتی پێدەسپێرێ. ئەو وەرچەرخان و بارگۆڕینە جێگای بەلاهووت لەق کردووە و زەمینەی گەشەکردنی زانستی سروشتی خۆش و ئامادەکردووە. ئەوەش کولتورەکەی گۆڕیوە و بەرچاوڕوونییەکی لە هەڵوێستی مرۆڤ بەرانبەر بە ژیان و دواڕۆژ و سروشت دەستەبەر کردووە.

ڕۆشنگەرانی ئەڵەمان لەو باوەڕەدابوون کە مێژووی مرۆڤ مێژووی بەرەوپێشچوونێکی نەپساوەیە با هەندێ ئەڵقەی زنجیرەکەشی جۆرە سستییەکی تێکەوتبێ. ئەو بەرەوپێشچوونە بە سایەی گەشەکردنی پرۆسەی پێشکەوتنی زانینی زانستییانە بووە نەک بەهۆی ئایینەوە. ئەگەر مرۆڤ خۆی لە بڕیاری پێشییانە و بۆماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ڕزگار بکات، دروستترین میتۆدەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستییانە پەیڕەو بکات و بگرێتەبەر دەتوانێ نهێنییە سەرسوڕهێنەرەکانی ژیان و سروشت ئاشکرا بکات(١٤) و تەمومژییەکەیان بڕەوێنێتەوە و گرێ کوێرەکانی ژیان و جیهان و سروشت بکاتەوە و ژیانی ئێستا و دواڕۆژیشی خۆش بکات. ئەگەر زانست خۆی لەخۆیدا هێز و توانا بێت، ئەوە هەر زانست خۆی دەستەبەری کۆنترۆڵکردنی سروشت و جیهان دەبێ بۆ ئەوەی بۆ سوود و قازانجی مرۆڤ و بە مەبەستی خۆشکردنی گوزەران و چارەسەرکردنی کێشە سەختەکانی ژیان کەڵکی لێوەبگیرێ. ئەو پرۆسەیە کاتێک سەردەگرێ و بە مەبەست و ئاوات و ئامانج دەگات ئەگەر هاتو ژێر لەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، سەربکەوێ.

تیشکی ژێر (ئەقڵ) ئەگەر دەرفەتی پژانی هەبێ، زانینی زانستییانە و فەلسەفە لەژێر ڕۆشنایی ژیردا بە پشتیوانی و پشت ئەستوور بە ئازادی و سەربەستی بگەیەنرێنە هەموو گۆشەیەکی شیاوەکی(١٥) و لەتواناداوبووی ژیان و کۆمەڵگا، ئەوە هەنگاوی ڕۆشنکردنەوە و ڕۆشنگەری هەڵدەگیرێ و هەوڵەکە دەگاتە ئامانج.

بەلای دایزمەکانەوە ڕەببێک هەیە، بەڵام زۆر لە هی عیسای مریەم جیاوازە. ئەو ڕەببە جیهان و مرۆڤ و سروشتی داهێناوە (خەڵق کردووە). خۆی سەربەخۆ لە دەرەوەی جیهانە. تەنیا هەر یەک جار هەموو شتێکی داهێناوە یاساو ڕێساکانی بۆ داناون و ڕێگای داون خۆیان سەربەخۆ بەڕێوە بچن. جیهان سەربەخۆیە و قانوون و ڕێسا و بنەمای هەیە کە ڕەب بۆی داناوە و ئازاد و سەربەخۆ بەرەو پێش دەچێ. ڕەب بە هیچ جۆرێک دەست لە کاروباری سروشت و دنیا و ژیانی مرۆڤ وەرنادات، بگرە خەمی هیچ کەسێکی نییە و نایەوێ ئازادی مرۆڤ بشێوێنێ.

٢- لەو چەمکانەی کە لە فەلسەفەی ڕۆشنگەریدا دەردەکەون و دواتر لەلایەن فەیلەسووفەکانی سەدەی نۆزدە و بیست ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە هەردوو چەمکی:

- کۆسمۆپۆلیتی.

- هەماهەنگی نێوان مرۆڤی سەرانسەری جیهان و ئاشتی هەتا هەتایی.

وشەی کۆسمۆپۆلیتی لێرەدا بەرانبەر بە وشەی هاوولاتی جیهانی بەکارهێنراوە. بەلای ئەو بزووتنەوەیەوە مرۆڤ هەروەک ئەندامێکی نەتەوە و ولاتی خۆیەتی، ئەندامێکی سەر ئەو دنیا و جیهانەیە -Kos mos (گەردوون). چۆن ولات و نەتەوەی خۆی خۆش دەوێ و ڕێزیان لێ دەنێ، دەبێ بە هەمان چاو تەماشای نەتەوەکانی تری جیهان بکات. ئەو بانگەوازە ئەوە ناگەیەنێ سنوور ببەزێنرێ و میللەتان تێکەڵ بە یەکتری بکرێن و بەهاو نەریت و داب و دەستووری تایبەتی پێ پەست بکرێن، تایبەتمەندی خەسڵەتی ڕەسەنی هەر نەتەوەیەک بسڕێتەوە. لێرەوە خاڵی دووەم دەکەوێتەوە کە میللەتان برا و دۆستی یەکترین و لە بنەڕەتدا هەماهەنگی و هارمۆنی لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام ئایینی مەسیحی بە مەزهەبەکانییەوە (کاتۆلیک- پرۆتستانت) ئەو دووبەرەکی و ناخۆشی و دابڕان و لە

یەکتری دوورکەوتنەوەی دروست کردووە، بۆیە دەبێ هەوڵ بدرێت بەند و پەیمانێکی پێکەوە ژیان و ئەوی تر پەسند کردن و ڕێزلێنانی جودا بیر و ئاشتییەکی سەرتاپاگیری هەتاهەتایی لەنێواندا دابمەزرێنرێن.

بزاڤی ڕۆشنگەری هەر لە فەلسەفەوە تاوەکو سیاسەت ئەو بزووتنەوەیە بوو بنەمای بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسای خۆش کردووە، توندوتۆڵ بە پەرەسەندن و گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی زانستەکانەوە بەند بووە. زانست و داهێنان و دۆزینەوەکانیشی بوون کە سەرتاپای ژیانی مرۆڤی ئەوروپایان گۆڕیوە و ئەو ڕەوش و هەلومەرجەی بۆ دەستەبەر بوون کە شارستانییەتی پڕ شکۆی ئەمڕۆی ئەوروپای لەسەر ڕەنگ ڕێژ و بنیاد نراوە. ئەگەر بزاڤی فرەڕەنگی ڕۆمانتیک هەستی نەتەوایەتی وروژاندبێ و ختووکەی دابێ، ئەوە بزووتنەوەی گەرموگوڕی ڕۆشنگەری هێز و توانایەک بووە هیچ جۆرە سنوورێکی سیاسی لەبەردەمدا نەبووە، ئەوەش لە هەڵوێستی ئەو دوو بزاڤەوە کەوتۆتەوە لە کاتێکدا ڕۆمانتیکییەکان پەنایان بۆ هەست و سۆز بردووە و ژیریان بە کەم زانیوە، هزرمەندانی ڕۆشنگەری پلەوپایەی ژیریان گەیاندۆتە ڕیزی سرووش.

ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی ناوەرۆکی فەلسەفەی ترانسندێنتالی ئیمانۆیل کانت و فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵەمان (هیگڵ، فیختە، شیلنگ) بدات ڕاستی و دروستی و کاریگەری بزووتنەوەی بە پیت و پێزی ڕۆشنگەری بۆ ڕوون دەبێتەوە.

سەردەمی ڕۆشنگەری لە بەریتانیا بە بڵاوبوونەوەی شاکارەکەی جۆن لوک:

(هەوڵێک دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ ساڵی ١٦٩٠ز) دەستی پێ کردووە بە فەڕەنسادا تێپەڕیوە و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبی (ڕەخنەگرتنی ژیری بێگەرد) (١٧٨١ز)ی ئیمانۆیل کانت کۆتایی هاتووە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1- Johannes Hirschberger.: Geschichte der Philosophie. Bd. 2. Neuzeit und Gegenwart. Komet 1980. S.245.

**٢- وليم كلي رايت: تأريخ الفلسفة الحديثة. ترجمة: محمود سيد أحمد. مراجعة: إمام عبدالفتاح إمام المجلس الاعلى للثقافة ١٢٥٧ المشروع القومي للترجمة ٢٠٠٥، ط٢، ص١٥٣.**

3- Fritz Valjavec.: Die Aufklarung. in: Historia Mundi. 9.er Bd. Munchen 1960. S.12.

4- Baron Cay von Brockdorff.: Die Englische Aufklarungs philosophie. Munchen 1924. S.44ff.

5- Baron Cay von Brockdorff.: Ebenda. S.33.

6- Hans Joachim Storig.: Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.393-394.

7- Franz Schupp.: Geschichte der Philosophie im Uberblick. Bd.3. Neuzeit. Meiner. 2003. S.221-222.

**هەروەها بڕوانە:**

**- د. محمد عابد الجابري.: مدخل الى فلسفة العلوم. بيروت ٢٠٠٦، ص٢٧٢ وفي اماكن مختلفة.**

8- Friedrich Albert Lange.: Geschichte des Materialismus. Bd. I. Stw 70. S.275.

9- Werner Schneiders.: Akademische Weltweisheit. Die deutsche Philosophie im Zeitalter der Aufklarung. In:- Aufklarung. Heidelberg 1985. S.29. ff.

10- Oskar Ewald.: Die Franzosische Aufklarungs philosophie. Munchen 1924. S.25.

11- Oskar Ewald.: Ebenda. S.26. ff.

12- Hans Joachim Storig.: Ebenda. S.432.

13- Emerich Coreth und Harald Schondorf.: Philosophie des 17. und 18. Jahrhunderts, kohlhammer Verlag Stuttgart. 2000. S.138.ff.

14- E. Coreth und- ti. Schondorf. Ebenda. S.140ff.

15- Baron Cay von Brockdorff.: Die deutsche Aufklarungs philosophie. Munchen. 1926. S.14ff.

# چۆن لە جەستە تێبگەین؟

پێشڕەو عەبدوڵڵا

(١ - ٢)

ئەم باسە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی جەستە دوور لەو تێڕوانینەی لەمیانی ئەم دە ساڵەدا کە چەند ڕۆشنبیرێکی دوای ڕاپەڕین خستیانە ڕوو، بەوەی ڕامانی ئەوان نەیتوانی خۆی تێپەڕێنێ لەو باوەڕە سادەیەی کە جەستە واتە سێکس، هەرچی ئەم باسەیە ڕوانینە بۆ جەستە بە دیوە میتافیزیکەکەیدا. هیوادارم توانیبێتم کەمێک لەو ئاڵۆزییەم ڕۆشن کردبێتەوە کە لەسەر چەمکی جەستە ئەنجام دراوە.

**١-یادگە (الذاکرة):**

ئێمە سەرەتا باسی مرۆڤ دەکەین، بەو پێیەی مرۆڤ هەر تەنیا بوونەوەرێکی بیرکەرەوە نییە، بەڵکو بەوەی خاوەنی جەستەو سایکۆلۆژیاشە، ئەم دوو بەشەش بەشێکی گرنگن لە ژیانی مرۆڤ. مرۆڤ دواجار مەحکومە بەوەی کە لەناو ئەم دوو جۆرە لە ژیانیشدا بگوزەرێت. ئەگەر بیرکردنەوە گەڕانی مرۆڤ بێت بەشوێن زانیندا بەمانا پەتییەکەی، ئەوە جەستە و سایکۆلۆژیاش هەردووکیان ڕێگەی پەیوەستبوونی مرۆڤن بەدەوروبەری خۆیەوە. مرۆڤ لە ڕێگەیانەوە زانست و زانیاری دەست دەخات و خۆ لە سروشت و هەموو ئەوانەی لە دەوروبەریدان نزیک دەکاتەوە. جەستە بۆ خۆی وەک شارێکی جەنجاڵ وایە، هەموو ئەوانە خاوەنی وەزیفە و سیفەتی جیا و کاری جیاوازن. هەموویان بۆ خزمەتی بوونی مرۆڤ هەن، بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەگەر هاتو کەوتە حاڵەتی زانینەوە ئەوە لە ڕێگەی ئەم بەشانەی جەستەی خۆیەوە ئەم زانینە بخاتە ناو فۆرمێکەوە و لە جیهانی هەستیدا بەدەربکەوێت. هەروەک چۆن جەستەی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی شوێنی هەڵگرتنی ڕوحە، ئەوە بۆ بیرکردنەوەش ئەم خەسڵەتەی خۆی لە دەست نادات.



**فرۆید**

هەروەک چۆن دارتاشێک دەکەوێتە ناو بیرکردنەوەوە هەست دەکات دەبێت شتێک دروست بکات، مرۆڤ بتوانێت لەسەری دابنیشێت. ئەم بیرە سەرەتا لەناو بیرکردنەوەدا پەیدا دەبێت دواتر مرۆڤ لە ڕێگەی جەستەی خۆیەوە ئەم بیرە لەباری پەتییەوە دەباتە باری عەینییەوە و واقیعی دەکاتەوە. بەمەش کورسی دروست دەکات، یان مرۆڤ دەکەوێتە حالەتی بیرکردنەوەوە، لێرەدا زمان، جا زمان بێت لەئاستە فیزیکییەکەیدا، یان ناوەکییەکەیدا، چۆن ئەم زمانە دەبێتە جەستەی ئەو بیرەی مرۆڤ، ئەمەش هەر لە ڕێگەی جەستەی بایۆلۆژی مرۆڤەوە دێتە کردن. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین مرۆڤ جەوهەرەکەی جەستەکەیەتی نەخێر! بەڵکو دەمانەوێت ئەو لایەنە شاراوانەی جەستەی مرۆڤ ئاشکرا بکەین و وەزیفەکانی بەدیار بخەین، وەگەرنا جەوهەری مرۆڤ عەقڵە. بۆ ئەم بابە یادگە بەوەدا شتەکان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە و جارێکی دیکە توانای حازرکردنەوەی هەیە، بەشێکە لە جەستە و سایکۆلۆژیای مرۆڤ. یادگە وەک بەشێکی گرنگی پێکهاتەی مرۆڤ زۆرترین کاری بەردەکەوێت، کە بەردەوام حازر و ئامادەیە بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤ. لە ڕاستیدا ئەگەر ناوی یادگە بنێین بە ئەندام، ئەوە ئەندامێکی بێ لایەنی مرۆڤە و هەر تەنیا وابەستە نییە بە خەزنکردنی ڕووداوەکانی مرۆڤ کە ڕووداوی واقیعین، بەڵکو ڕووداوی عەقڵی و ڕووداوی ناو خەوەکانی مرۆڤیش لەخۆیدا هەڵدەگرێت. بە ئاگا لەوەی ئەو ڕووداوانەش تۆمار دەکات کە مرۆڤ بە ڕێگاوە، یان لەناو پاسدا خەیاڵ دەیباتەوە و لەناو زەینیدا ڕووداوێک ڕوودەدات. ئەم ڕووداوانەش دەچنە ناو یادگەی مرۆڤەوە. یادگە لە ڕاستیدا شوێنی هەڵگرتنی یادەوەری مرۆڤە، مرۆڤ لە یادگەی خۆیدا یادەوەرییەکانی خۆی هەڵدەگرێت. جا دوایی بە ویست و نا ویست ئەم ڕووداوانە دووبارە دەبنەوە و بە یادی دێتەوە. ئێستا با ئەو پرسیارە بکەین ئایە یادگە ئەندامێکی بایۆلۆژییە، یان سایکۆلۆژییە؟ لە ڕاستیدا یادگە لەناو زانستی بایۆلۆژیدا بەشێکە لە مێشکی مرۆڤ، بەڵام مێشک کاری بە ڕێکخستنی بایۆلۆژی مرۆڤەوە هەیە. مێشک وەک فەرماندارێک فەرماندەیی چۆنیەتی ئیشکردنی بەشەکانی جەستە دەکات. وەک جووڵە و خوێن و گەشەکردن و هەستە جەستەییەکانی مرۆڤ، لەبەر ئەوە مێشک ئەندامێکی بایۆلۆژی مرۆڤە. لێ لە زانستی سایکۆلۆژیدا یادگە بە(نەست) گوزارشتی لێکراوە، بەڵام نەست بەشێکە لە سایکۆلۆژیا و هەمووی نییە. یادگە وەک ئەندامێکی بایۆلۆژی بوونی نییە، بەڵام لە ڕێگەی مێشکەوە بەدیار دەکەوێت. واتا بوون و دەرکەوتنی وابەستەیە بەبوون و دەرکەوتنی مێشکەوە. کەوابێ لێرەدا ڕووبەڕووی ئەوە دەبینەوە ئایا یادگە (ڕوح- عەقڵ)ە؟ ئایا مادام خۆی وەک ئەندامێکی واقیعی بوونی نییە و لە ڕێگەی ئەندامێکی واقیعییەوە بوونی ئاشکرا دەبێت، ئایا بەشێک نییە لە (ڕوح - عەقڵ)؟ لە ڕاستیدا ئێمە لە بەشەکانی دیکەی ئەم باسەدا ئەمە بە تەواوی ڕوون دەکەینەوە، بەڵام بۆ ئێرە بەوەدا مرۆڤ خاوەنی سایکۆلۆژیایە و سایکۆلۆژیاش بۆخۆی دنیایەکی تری مرۆڤە و ئەویش وەک دەرکەوتنی واقیعی بەتەنیا نییە. یادگەش خۆی بەشێکە لە ئەو، بەڵام لەڕێگەی جەستەوە کارا دەبن و کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن. سایکۆلۆژیا و جەستەی مرۆڤ هەردووکیان وابەستەن بە یەکترەوە، بەڵام جەستە لە سایکۆلۆژیا لەپێشترە، چونکە بە نەمانی جەستە سایکۆلۆژیا لەناو دەچێت. سایکۆلۆژیا شوێنی وێنەی شتەکانە، واتە کاتێ مرۆڤ سەیری شەڕێک دەکات لە ژیانی واقیعی خۆیدا، ئەم شەڕە کاتێک دێتە ناو یادگەوە، واقیعیەتی

جەنگاوەر و کەلوپەلی شەڕەکە نایەنە ناو یادگەی مرۆڤەوە، بەڵکو وێنەی ئەو شتانە دێتە ناو یادگەوە. ئەمەش بەیارمەتی جەستە ڕوودەدات. بۆ نموونە ئەگەر هاتو یەکێک لەو شەڕەدا خەوتبێت ئەوکاتە جەستەی حازر نابێت و ناتوانێت یادگەی پڕ بکات لە ڕووداوەکانی ئەم شەڕە. بەپێچەوانەشەوە زۆرجار سایکۆلۆژیای مرۆڤ خەوی لێ دەکەوێت. لێرەدا جەستە ئامادەیە، بەڵام ناتوانێت کاری خۆی بکات، هەروەک ئەوەی سایکۆلۆژیای مرۆڤێک کاتێک ئامادە نەبێت بۆ ئەوەی سێکس ئەنجام بدات، ئەوکاتە جەستەی ئەو مرۆڤە ناتوانێت ئەوکارە ڕاپەڕێنێت، واتە کارەکە دوو لایەنە و پێکەوە کۆدەبنەوە بۆ ئەنجامدانی کارێک، وەک کوشتنی پیاوێک لەلایەن یەکێکی ترەوە. لێرەدا هەم سایکۆلۆژیا ئامادەیی هەیە و هەم جەستەی مرۆڤیش، بەڵام سایکۆلۆژیا بزوێنەری ئەو کارەیە، هاوکات سەرەتا جەستە ئەو زانیارییەی داوەتە سایکۆلۆژیا لەسەر ئەو مرۆڤە هەتا ئەو کارە ئەنجام بدات، حاڵەتی دیکەش هەیە جەستە بزوێنەری ئەم کارەیە. ئەوەی وابەستەیە بەیادگەی مرۆڤەوە ئەوەیە یادگە وەک ئەندامێکی بێ لایەن کاری بەسەر جیاوازی دنیاکانەوە نییە. ئەو هەمیشە یەک کار ئەنجام دەدات، ئەویش هەڵگرتنی یادەوەری ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤە.

لەناو یادگەی مرۆڤیشدا بەشی جیا جیا هەیە، ڕووداوە واقیعییەکان لەبەشێکی جیاوازدا هەڵدەگیرێن و لە ڕووداوەکانی ناو خەو و سایکۆلۆژیای مرۆڤ جودان. وەک ئەوەی مرۆڤێک لەلایەن کەسێکی ترەوە غەدری لێ دەکرێت، ڕووداوی ئەم غەدرە وەک یادەوەری دێتە ناو یادگەی مرۆڤەوە، دواتر ئەم مرۆڤە حیکایەت لە خەیاڵی خۆیدا دروست دەکات، بۆ تۆڵە سەندنەوەی لە کەسەکە، ئەم ڕووداوانەش بەجیا جێگەی خۆیان لەناو یادگەی مرۆڤدا هەیە. بەشێکی دیکەی یادگە پەیوەستە بەو ڕووداوانەی دەرگیرن بەزانینەوە، یان بابڵێین حاڵەتی فەلسەفی مرۆڤەوە. مرۆڤ لە حاڵەتی فەلسەفیدا دەکەوێتە بەرانبەر زانینەوە، دەکەوێتە ناو ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئایدیالی شتێک ببێتەوە. ڕوودانی ئاشکرابوونی ئەو ئایدیالە دوای تەواو بوون وەک یادەوەری شوێنی تایبەتی خۆی لە یادگەی مرۆڤدا هەیە. هەموو ئەم ڕووداوە جیاجیایانەی مرۆڤ بەدەرەکی و ناوەکییەوە لەناو یادگەدا شوێنی خۆیان هەیە، بەڵام ئەم ڕووداوانە بەبێ جووڵە دانانیشن و بەوەستاوی نامێننەوە، بەڵکو جارێکی دیکە ئیمکانی بەجووڵە خستنەوەیان هەیە. واتا لەململانێی بەردەوامدان. زۆرجار یەکێ لەم بەشانە ئامادەیی پەیدا دەکات و ئەوانی دیکە دادەپۆشێت. لەدوای تەواو بوونیشی ئەو بەشە دەرکەوتووە و دەچێتەوە شوێنی خۆی. ئامادەیی پەیداکردنی بەشەکان پەیوەستە بە مرۆڤەکە خۆیەوە، واتا ئەو مرۆڤە دەکەوێتە ناو لایەنگیری بۆ کام لەم بەشانەی ژیانی خۆی. ئەوە ئەو بەشە زیاتر ئامادەیی لەناو یادگەی ئەودا پەیدا دەکات. حاڵەتی یادهێنانەوە حازرکردنەوەی ڕووداوەکانی ناو یادگەی مرۆڤە.

ئێستا با ئەو پرسیارە بکەین: ئایا خەزنکردنی ئەم ڕووداوانە لەکوێدا بۆ مرۆڤ گرنگن، یان لەکوێی ژیانی مرۆڤدا کاریگەری خۆیان هەیە؟

بۆ ژیانی واقیعی مرۆڤ سوودی واقیعی هەیە، وەک ئەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی ئەو یادگەیەوە دەتوانێت ئێوارە بگەڕێتەوە ماڵەوە. واتا دووبارە ناسینەوەی ئەوشتانەی کە پێشتر مرۆڤ دیویەتی. لە ژیانی سایکۆلۆژی مرۆڤدا زۆر کاریگەرە، بەوەی کاتێک مرۆڤ دەیەوێت دوژمنەکەی خۆی بکوژێت، ئەوکاتە یادگە ئەو ڕووداوانەی بۆ ئامادە دەکاتەوە کە ئەو مرۆڤە پێشتر لەسەر کوشتنی ئەو پیاوە دروستی کردوون. لێرەدا ئەم بەشە کۆنترۆڵی یادگە دەکات و جەستە بۆ ئەنجامدانی کارەکە دەبزوێنێت، یان بۆ بەشەکەی دیکەی یادگە، زۆر جار مرۆڤ زانینێکی بەرانبەر بە شتێک درک کردووە، ئەم زانینە کاتێک وەک ڕووداوێکی ناوەکی ڕوویداوە لە یادگەدا هەڵگیراوە، مرۆڤ دەتوانێت وەک دووبارەکردنەوەی زانیاری دووبارەی بکاتەوە، یان کۆمەکی بکات لەسەر ئەوەی قسە لەبارەی ئەو شتەوە بکات. لە ڕاستیدا لە هەموو بارەکاندا یادگە وەزیفەیەکی جەستەیی هەیە نەک عەقڵی، چونکە عەقڵ وەک جیهانێکی سەربەخۆ نەزانراوە. مرۆڤ کاتێک هەست بە جیهانی عەقڵ دەکات کە ئامادەیی پەیدا دەکات، ئەویش کەوتنە ناو حاڵەتی فەلسەفی و زانینە، بەڵام یادگە وەک دنیایەکی تر زانراوە. هەموو شتەکان لە یادگەدا زانراون و ئامادەیە، یادگە مێژووی مرۆڤە. واتا شتەکان ڕوویانداوە و لێ بوونەتەوە، ئەگەر ڕووبدەنەوە هەمیشە دووبارەکردنەوەن،

نەک ڕووداوێکی تازە، بەڵام بۆ عەقڵی مرۆڤ هەموو شتەکان تازەن، تازەن بەو مانایەی مرۆڤ پێشتر لە ژیانی خۆیدا ئەم شتانەی نەزانیوە، بەڵام ئەم دوو جیهانە زۆر لەیەک دەچن، بۆیە دەبێت لەسەر جیاکردنەوە و ئیشکردنیان زۆر وریابین. لە ڕاستیدا لە زانستی دەروونناسیدا بەتایبەت (سیگمۆند فرۆید ) جەوهەری مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ یادگە و سایکۆلۆژیا و عەقڵ لەبیر دەکات، هەربۆیە زانستی دەروونناسی لەئاست فەلسەفەدا زۆر بێ دەست و قاچە، لە ڕاستیدا فەلسەفە دایکی دەروونناسییە.

دەروونناسی بەبێ فەلسەفە هەرگیز ناتوانێت قسە لەسەر خۆی بکات. ئەم بەرچاوتاریکییە پەڕیوەتە ناو ڕۆشنبیرانی ئێمەش، کاتێک دەکەونە بڕیاردان لەسەر چییەتی کورد، ئەوکاتە دێن لە ڕێگەی دەرکەوتە سایکۆلۆژییەکانی کۆمەڵگای کوردی چییەتی کورد بەدەردەخەن. لەویادا ڕاستن کەوا بنەمای ئەو کارانە خودی سایکۆلۆژیای کۆمەڵگان، بەڵام لەویادا هەڵەن کە لەسەر ئەم بنەمایە چییەتی کورد بناسێنن، بۆیە سەیر دەکەی تێکەڵییەک لە ڕاوبۆچوونەکانیان دەربارەی تاکی کوردی و ڕوحی کوردی هەیە. دەمێک مێژووی کورد بە مێژوویەکی شەڕانگێزی و دەمێک بەپیاوەتی و دەمێک بە خۆشەویستی وەسف دەکەن. هەموو ئەمانەش لەوێوە سەر هەڵدەدەن کە شوێن بنەماکان ناکەون. تۆ ناتوانی لەسەر بنەمای سایکۆلۆژیا، چییەتی شتێک کەشف بکەیت. کورد دەبێت لە ڕێگەی ڕوحی خۆیەوە کە ڕوحی نەتەوەیە چییەتییەکەی دیاری بکرێت، نەک دەرکەوتە سایکۆلۆژییەکانی. ئێستا وەک بنەمایەکی سەرەتایی کەم تا زۆر یادگەمان ڕوون کردەوە، کە دواتر بۆ بەشەکانی تری ئەم باسە کاری پێدەکەین.

**٢- یادەوەری:**

لە باسی پێشوودا باسی یادگەمان کرد، کە وەک کۆگایەک وایە لەناو جەستەی مرۆڤدا بۆ هەڵگرتنی یادەوەری. یادگە لە یادەوەری جیاوازە، چونکە یادەوەری ئەگەری لەبیرچوون و لەیادچوونی هەیە، بەڵام یادگە لەبیرچوونی نییە، بەڵکو لەناو دەبرێت. ئەویش بەهۆی نەمانی جەستەی مرۆڤەوە، بەڵام یادەوەری وەک کۆمەڵێک ڕووداوی نەناسراو لەیادگەدا ئەگەری بەربوونەوەی لەپێشە. لە زانستی دەروونناسیدا بەتایبەت ئەوەی لەناو ڕۆشنبیریی کوردی و ئەکادیمییەکاندا هەیە ئەوەیە یادەوەری و یادگە جیانەکراونەتەوە و تێکەڵ کراون. باسی یادەوەری وەک یادگە کراوە و باسی یادگەش وەک یادەوەری هاتۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئەمەش هەمووی بۆ ئەو پرەنسیپە نادیارەی ناو مرۆڤی ئێمە دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە لەوی ترەوە بەشوێن ڕاستیدا دەگەڕێت. نایەت لەناوخۆیدا بۆی بگەڕێت و لە ڕێگەی عەقڵی خۆیەوە شتەکان هەست پێبکات، هەربۆیە سەیر دەکەی لەناو کورددا تا ئێستا هەر دووبارەکردنەوەمان لەسەر نووسینی فەیلەسووفان و نووسەرانی دیکە هەیە. ئەمەش وەک خۆی نەگوازراوەتەوە و بەوێناکردنێکی سەپێنراو بیروڕای نوسەرەکە شێوێنراوە. تا ئێستا ئاسۆی ئەو نووسەرە لەئێمەوە دوورە، کە دێت و شتەکان لەناو عەقڵی خۆیدا هەست پێ دەکات. دواتر ئەم هەستکردنەی خۆی کاتێک بەراورد دەکات بەهەمان هەست، کە لەلایەن فەیلەسووفێکەوە هەیە، نەک هەر ئەو فەیلەسووفە ڕۆشن دەکاتەوە وەک خۆی، بەڵکو پانتاییەکی ئەو شتەش ڕۆشن دەکاتەوە، کە لەلای فەیلەسووفەکە بەتاریکی ماوەتەوە. ڕۆشنبیریی کوردی تا ئێرە هاتووە و ئەوەی لەدوای ئەو دەستە لە ڕۆشنبیرەوە دێت بەبێ ئەم بیرکردنەوە خودییە، نە ئومێدێک هەیە ئاشنای بین بە فەیلەسووفان، نە ئومێدی ئەوەش هەیە جارێکی دیکە بیرکردنەوە سەرقاڵ بێت بەخۆیەوە. لە ڕاستیدا یادەوەری لەویادا تێکەڵ کراوە بەیادگە، کە هاتوون یادەوەریان بە یادگەکردووە و ئەوکاتە مامەڵیان لەگەڵدا کردووە. بۆ نموونە ناولێنانێک هەن بۆ یادەوەری، بەڵام بەناوی یادگەوە ناوزەد کراوە. (لندال دافیدوف) لە کتێبی (مدخل علم النفس) دێت یادگە بۆ «یادگەی کورتخایەن و یادگەی درێژخایەن» (١) دابەش دەکات. لە ڕاستیدا یادگە وەک پێشتر باسمان کرد بۆ خۆی وەک شوێن ئامادەیی لەناو جەستەدا هەیە، ئەم شوێنە بێ سنوورە لە وەرگرتنی زانیاری و هەڵگرتنی ڕووداوەکان، بەڵام ئەوە یادەوەرییە کەوا کورت و درێژە، یانی یادەوەری خۆی وەک ڕووداو هەندێک جار لەبەر گرنگی زیاتر لەناو یادگەدا هەوڵی مانەوەی خۆی دەدات. نەک ئەوە یادگەیە کورت و درێژە. لندال دافیدوف لەباسی یادگەدا دەڵێت «بۆ نموونە کاتێک برادەرێک

گفتوگۆت لەگەڵ دەکات تۆش ئەوکات سەرقاڵی کارێکی دیکەی ئەو پرسیارێک دەکات و تۆش لەبەر سەرقاڵ بوونت وەڵام نادەیتەوە، ئەو دەڵێت کوا وەڵامەکە. تۆش دەڵێیت چیت گوت........» (٢) لە ڕاستیدا ئەم حاڵەتە بەوە دەناسێنێت، کە یادگەی کوورتخایەن کارابووە، بۆیە مرۆڤەکە ئاگادار نییە. ئەوەی لێرەدا تێکەڵ کراوە یادەوەری و یادگەیە. ئەوە یادگەیە لەکاتی ئەو گفتوگۆیەدا بە ڕووداوێکی ترەوە سەرقاڵە، نەک ناوی بنێن یادگەی کورتخایەن و درێژخایەن. لێرەدا دوو شت هەیە دەبێت لە یەکتری جیا بکەینەوە، ڕووداو وەک ڕووداو. یادەوەری وەک ڕووداوی تەواو بوو. ڕووداو وەک ڕووداو ئەویش هەموو ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە کە هێشتا لە گەشەکردن و تەواوبووندان، ئەمە وەک ڕووداو دەکەوێتە هەرسێ لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە. هەروەک ڕووداوەکانی ژیانی واقیعی و سایکۆلۆژی و ڕووداوە ناوەکییەکانی مرۆڤ. ئەم ڕووداوانە بۆ خۆیان زیندوون و هەمیشە لە گەشەکردندان، بەڵام کاتێک تەواو دەبن و کۆتاییان پێدێت. وەک یادەوەری دەچنە ناو یادگەی مرۆڤەوە. یادگەی مرۆڤ کاتێ هەڵیان دەگرێت دەبنە یادەوەری. واتا یادەوەری مردوویەتی ڕووداوەکانی مرۆڤە. ڕووداوەکان کاتێک دەبنە یادەوەری ئەوکاتە لە تەواوبووندان، ئەم ڕووداوانە زۆر لە یادگە خۆی جیاوازن. ئەوە مرۆڤەکەیە ئەوە دیاری دەکات کام لەم ڕووداوانەی ژیانی زۆرتر لەیادگەدا هەڵبگیرێت. یادەوەری مرۆڤ وەک ئەوەی لە حاڵەتی ڕووداودا جیاوازە وەک ئەوە لە ناویادگەدایە. یەکێکی دیکە لەو شارەزایانەی بواری دەروونناسی «دکتۆر عبدالعالي الجسماني» (٣) و «دکتۆر الزين عباس عمارة» (٤) هەردووکیان لە کتێبەکەیاندا زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە یادگەی مرۆڤ گەورەترین بەشی مرۆڤە، نەک هەر ئەمە، بەڵکو زۆربەی زانایانی دیکەش تەواو جەخت دەکەنە سەر یادگەی مرۆڤ. ئەم یادگەیە هەر بەتەنیا ناوی نابەن، بەڵکو بەهێزی تێبینی و هێزی وردبینی و هێزی وەرگرتن. با لێرەدا ئەو پرسیارە بکەین بۆچی دەروونناسی تەواو جەخت لەسەر یادگە دەکات؟ لە زانستی دەروونناسیدا شتەکان هەموو وابەستەن بە دەرەوەی مرۆڤەوە. ئەو مرۆڤە دانایە کە زیاتر توانای ئەوەی هەیە ئەوەی وەری دەگرێت بتوانێت بیداتەوە.

یادگەش گەورەترین کاری بەردەکەوێت بۆ ئەم بابە، بەڵام لە فەلسەفەدا یادگە ئەو گرینگییەی نییە، چونکە بنەمای فەلسەفە لەسەر دووبارەبوونەوە بنیاد نەنراوە و فەلسەفەش نابێتە کولتوور. بەداخەوە ڕۆشنبیرانی ئێمە باسی کولتووری فەلسەفی دەکەن(٥). فەلسەفە لە ڕێگەی یادگەوە نایەتە ناو مرۆڤەوە، یان شتێکی دەرەکی مرۆڤ نییە هەتا یادگە چالاک بکرێت بۆ ئەوەی زیاتر بتوانێت ئەم زانیاریانە وەربگرێت، بەڵکو فەلسەفە سەر بەجیهانێکی دیکەیە و لەناوەوەی مرۆڤدا هەڵدەقوڵێت و دێتە دەرەوەی مرۆڤەوە. یادگەش هەر دەرەوەی مرۆڤە. بەودا دەرەوەی مرۆڤە کە جەوهەری مرۆڤ جەستە و سایکۆلۆژیا نییە، بەڵکو عەقڵە. هەرچی دەکەوێتە دەرەوەی ئەم عەقڵە دەکەوێتە دەرەوەی مرۆڤیش. مرۆڤیش بە دابڕان لە ئەم عەقڵە دەکەوێتە ناو جیهانی ئەوانیترەوە، دەکەوێتە ناویادگەوە کە وەک شارێکی مۆمیاکراو هیچ جوولەیەک لەناو شتەکاندا نەماوە. یادگەش شاری یادەوەری شتەکانە، شاری ڕابردووی ڕووداوەکانی مرۆڤە. ئێمە لەناو عەقڵدا لەبەردەم جیهانێکی تازە و دووبارەنەکراوداین. لەبەردەم جیهانێک کە شتەکان نوێن و ماناکان نوێن. لە جیهانی یادگەدا کە جیهانی ئەوانی ترە شتەکان بەناو دووبارەکردنەوەدا دەڕۆن، مرۆڤ کاتێک باڵادەست نەبووە، یان نەیتوانیوە ئەم جیهانە تێپەڕێنێت و بچێتە ناو عەقڵی خۆیەوە و لەم یادەوەریانە تێ بگات و بزانێت مۆمیان.. لە ئەنجامی ئەم تێنەگەیشتن و بیرنەکردنەوەیەدا، مرۆڤ ئەوکات سەرقاڵی شتێکی دیکە بووە. سەرقاڵی ئەوە بووە یادەوەری ڕووداوەکانی ژیانی واقیعی و یادەوەری ڕووداوەکانی ژیانی سایکۆلۆژی پێکەوە گرێ بدات. بەردەوام شتێکی دیکە حازر بکات بە ئومێدی ئەوەی دنیایەکی دیکە دروست بکات، کە ئەو وا دەزانێت جیاوازە. لەکاتێکدا کۆلاژکردنی هەر ئەو دوو دنیایەیە و بەس. شوێنێکی تر نییە، بەڵکو هەمان یادگەی مرۆڤ بە تێکەڵی ئەو دوو جیهانە جیاوازە. ئەمە هەر لەو وێڵبوونەی مرۆڤدا ڕەنگی نەداوەتەوە، زۆرجار هاتۆتەوە ناو کاری ئەدەبیشەوە. مرۆڤ بووکی دەریا دروست دەکات، یان شتانێکی ناواقیعی دێنێتە بەرهەم، کە زۆر بەداخەوە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا ئەم ناواقیعی بوونە بەتازەگەری داهێنان زانراوە. ئەمەش ڕاستی

کورتبینی خوێنەری ئێمە و کورتبینی نووسەرانی ئێمەیە. بەوە ڕازی بوون کە ئێستا پێی گەیشتوون، ئەوان شوێن ئەوە کەوتوون کە لە دەوروبەرەکەیان وەریان گرتووە، بەڵام بنەمــای لەدایک بوونی ئەم شـــوێنەیان لەبیــر چووە. لەبیریان چووە کە ئەم جێگەیە شوێنی ڕۆشنبیر نییـە. شوێنی ڕۆشنبیر خوێنەر بۆی دیاری ناکرێت. شوێنی ئەو جێگەیەکی ترە. بوونی خـۆیەتی، ئەو دەبێت لە «بوون-عەقڵ»(٦)ی خۆیدا دابنیشێت، هەتا بوونی شتەکانیش لە ئەودا دابنیشن. سایکۆلۆژیا وەک زانستێک سەرەتا لە فـەلسـەفـەوە هاتۆتە دەر، بەڵام کـاتێک خـۆی وەک زانسـتـێکی جیـا بنیـاد نا. ئەوکـات کـەوتە قـەیرانی مـردنەوە، چونکە پشـتی لە دایکی خـۆی کـرد. ئەوەی سایکۆلۆژیا بە شوێنیدا دەگەڕێت خودی ڕووداوەکـانە، یادەوەری دەکـاتە بنەمـای شـتـەکـان، بەڵام فـەلسـەفـە بۆ جەوهەری ڕووداوەکـان و شـتـەکـان زۆر دوورتر دەڕوات. ئەو لە شـوێنێکی تر بەشـوێن جـەوهەردا دەگـەڕێت. یادەوەری مـــرۆڤ ئەگـــەر هاتو زانیــــنش بێت وەک حـاڵەتێکی فـەلسـەفی، کـە دەچێـتـە ناویادگـەوە لە ڕووداویەتی ڕووداو دەکـــەوێت و دەبێـــتـــە یادەوەری. ئەوکات ئەمەش هەروەک یادەوەری حسێبی بۆ دەکرێت، مـرۆڤ هەر ئەوکـاتە تووشی ئایدیۆلۆژیا نایەت کە بیری ئـەوانی تـر دووبـارە بـکـاتـەوە، بـەڵـکو ئـەوکـــــاتـەش ئایدیۆلۆژیایە، کـە خۆی لەناوخـۆیدا دەگـاتە زانینێک و دوایی ئەم زانینە دووبارە دەکـاتەوە، چونکە ئەوکـات لاسایی خۆی دەکاتەوە.

بەوەدا زانین شێـوەی جیـاجیـای هەیە، هەمیـشـە ئەم زانینە کــە وەک ئادیال دەردەکـەوێت و دەچێـتـە باری زانینەوە قـەد جـارێکی دیکە لەو فـۆرمـەدا دووبارە نابێـتـەوە. بەمـەش عـەقڵ پارێزگـاری لەنهـێنی خـۆی دەکـات. ئەوەی سوکرات باسی دەکات وەک بنەمـا هەر یەک شتە، بەڵام هەر کاتێک سوکرات دەکەوێتە حاڵەتی فـەلسـەفـیـیـەوە، ئەو بنەمایە لە هەر گـفـتـوگـۆیەکـدا بەشێـوازێک دەرکـەوتەوە. ئەمە دووبارەکردنەوە نییـە، بەڵکو ڕۆشنکردنەوەی پاژێکی دیکەی ئەو زانینەیە، بەڵام بۆ یادەوەری مـرۆڤ هەمـیـشـە دووبارەکـردنەوە لە ئارادایە، یادگـەی مـرۆڤ کـاتێک ڕووداوەکـان دەکـاتە یادەوەری، هەمـیـشـە مـرۆڤ ئاراسـتـە دەکـات. بە دووبارەبوونەوەی لەشـوێنی جــیـــاجــیـــادا یانی لە بەکارهێنانی جیاجیادا. مرۆڤی ئێستا کـاتێک تەواو کۆمەڵایەتییەکە هەڵگری هەمان ئەخلاقیاتی مرۆڤی پێش خۆیەتی. ئەوەی ئەو دەیکات هەمان شتە، هەمان لاسایی کـردنەوەیە، بەڵام فـۆرمی جـیـاوازی دووبارەکـردنەوەش هەیە. لەم دووبارەبوونەوەیەدا گـەشـەکـردن ڕوونادات، هەربۆیە گـۆڕانیش ڕوونادات، چونکە جـەوهەری گـۆڕان گەشەکردنە. هێزی کۆمەڵایەتی هەمیشە هەر خۆیەتی، دەموچاوەکانی و هەڵگرەکانی خۆی دەگۆڕێت، بەڵام خۆی وەک خـۆی دەپارێزێت لەناو مـرۆڤـدا. وێرانی مـرۆڤ ئەوکاتە دەست پێدەکات کە جەستەی خۆی بکاتەماڵی ئەم هێـزە و ئاراسـتـە و هەنگاوەکـانی دیاری بکات. ئەخلاقیاتی کۆمەڵایەتی ئەخلاقیاتێکی مۆمیاکراو و مردووە. مێژووە کە ئێمە لەناو خۆماندا دەیگێڕینەوە و دەست بەدەست دەیدەین بەیەکـــتـــر. یادەوەرییــەکی خەزنکراوی ناو یادگەیە لە سایکۆلۆژی ئێمـەدا. دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە مرۆڤ خاوەنی یەک یادەوەری نییە بەتەنیـا، چونکی مـرۆڤ تەنیـا ژیانی واقیـعی ناژیت، بەڵکو ژیانی خەیاڵی و ژیانی عەقڵیشی هەیە. یادەوەری وابەستەیە بەکارابوونی شوێنەکانی مرۆڤەوە. ئەگەر ژیانی خـەیاڵی مـرۆڤ بکەوێتـە جـووڵە، ئەوە ئاکـامـەکـەی یادەوەرییەکە کە جیاوازە لە یادەوەری ژیانی واقیعی. بۆ ژیانی عـــەقـــڵـــیش بەهەمـــان بنەمـــا، بۆیە دەبێت یادەوەرییەکان لەیەکتر جیا بکەینەوە.

### ٣-جەستەی بایۆلۆژی:

دیارە ئەم چەمکە وابەسـتـەیە بە بابەتێکی گـەورە و گرانەوە، ئەویش جەستەی بایۆلۆژییە، چونکە ئەمڕۆ وەک ئاگادارین، کە بایۆلۆژی وەک زانستێک زۆرترین پانتایی داگیـرکـردووە. ئەمـەش هەمـووی دەگـەڕێتـەوە بۆ بایەخی مـرۆڤ بە جـەسـتـەی خـۆی. بە جـۆرێک کـە لەجیـهـاندا پەیمانگا و سـەنـتـەری تایبـەت هەن بۆ ڕایی کـردن و جوانکردن و گـرنگیـدان بەجـەسـتـە. دیارە جـەسـتـەی بایۆلۆژی ئەو جەستەیە کە هەموومان هەمانە و خاوەنین. ئەمـەش لە سـەرەتای پێـتـاندنی تۆوی پیـاو و ئافـرەت دەکەوێتە ناوگەشەکردن هەتا بە هەموو قۆناغەکانی خۆیدا دەڕوات و دەگاتە پلەی کامڵبوون. هەموو پێکهاتەکانی ئەم جەستەیە لەناو ئەو تۆوە پیتێنراوەدا هەیە. واتا ئەم تۆوە پنتی سەرەکی جەستەکەیە، ئەم جەستەیە بە دوو

قۆناغی جیاوازدا دەڕوات، قۆناغی ناو زگی دایک و قۆناغی دەرەوەی زگی دایک، کە قۆناغی شکڵ گرتنی تۆوەکەیە. قۆناغی دەرەوەی زگی دایک قۆناغی گەشەکردنی ئەو شکڵەیە، ئەوەش دەبێت دیاری بکەین کە ئایدیالی هەر جەستەیەک لەناو تۆوەکەدا هەیە. ئایدیالەکە چۆنایەتی جەستەکەی لەخۆیدا هەڵگرتووە. لەگەڵ ئەو تەوژمە ژیانەی کە جەستەکە ئاراستە دەکات. دیارە مرۆڤ دەکەوێتە ناو کاری خواردنەوە، ئەو خواردنە و ئەو دەوروبەرەی کە هەیە، زەمینەن بۆ ئەوەی جەستە گەشەبکات. تۆوەکە لەگەڵ خۆراک هەردووکیان بەجیا بۆ خۆیان تۆخمێکی سەربەخۆن، کاتێک دەکەونە ناو هارمۆنییەت و تێکەڵ بوونەوە، توخمی سێیەم پێکدێت، کە نە خۆراکەکەیە، نەتۆوەکەیە، بەڵکو خودی جەستەیە، بەڵام لێرەدا ئەوەی ئاراستەی توخمی سێیەم دەکات و چۆنایەتی پێدەبەخشێت ئایدیالەکەیە، چونکە ئاگادارین کە چۆنایەتی جەستەی مرۆڤ لە چۆنایەتی جەستەی بوونەوەرانی دیکە جیاوازە. هاوکات چۆنایەتی جەستەی هەر مرۆڤێک لە هەر مرۆڤێکی تر جیاوازە. دواتر تۆوەکە شی دەبێتەوە و بەدەرکەوتنی هەموو بەشەکانی بۆ خۆی لەناو دەچێت و دەچێتە ناو ئەو چۆنایەتییەوە کە بەخشیوبەتی. هەموو مرۆڤێک دوای کامڵ بوون و دەرکەوتن شێوەی جەستەکەی دەردەکەوێت. لێرەدا هەوڵ دەدەین چەمکی (جەستەی بایۆلۆژی) جیابکەینەوە و تەواو لەپێناوی باسەکەدا روونی بکەینەوە، چونکە دواتر ئەم چەمکە بەکاردەهێنین بەو پێیەی لەم تیۆرییەدا روون دەکرێتەوە، لەبەر ئەوەی جەستەی بایۆلۆژی بابەتێکی بێ سنوور و فراوانە و ناتوانین بە ئاسانی بەسەریدا بڕۆین، بەڵام لێرەدا جەخت دەکەینە سەر ئەو بەشانەی کە وابەستەن بە باسەکەوە.

### (١-٣) جەستەی بایۆلۆژی وەک رایەڵی پێوەندی مرۆڤ بەدنیاوە:

ئاشکرایە کەوا جەستەی بایۆلۆژی لەناو خۆیدا خاوەن یاساو رێسایەکی تایبەتە، واتا لەبارێکەوە سەربەخۆیە و لەبارێکی دیکەوە وابەستەیە بە بەشەکانی تری مرۆڤەوە. جەستە وەک ئاشکرایە سەرەتاکانی رایەڵی بەریەککەوتنی مرۆڤە بەدەوروبەرەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو هێزە ئاگادارکەرەوە وەرگرانەی مرۆڤە، کە خۆی لەهەستە جەستەییەکاندا دەبینێتەوە. هەموو ئەمانە کۆمەڵە هێزێکن لەناو جەستەدا مرۆڤ لە ڕێگەیانەوە پێوەندی لەگەڵ دنیادا دەبەستێت و زانیاری لەسەر شتەکان دەست دەکەوێت. دیارە ئەم هێزانە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ شتانی بەرجەستەدا دەکەن، واتا هەموو ئەو تەن و شتانەی وەک جەستە هەن. جەستەی بایۆلۆژی دەتوانێ لەگەڵیدا هەڵبکات و هەستیان پێ بکات، ئەمەش ڕاستەوخۆ پێوەندی بەیادگەی مرۆڤەوە هەیە. جەستەی بایۆلۆژی پێوەندیەکی بەتینی لەگەڵ یادگەدا هەیە، مرۆڤ تووشی حاڵەتی ناسینەوەی شتەکان دەکات. ئەمەش ڕاستەوخۆ ئەم کاتە دەبێت کە جەستە تەواو دەگاتە ڕادەی کامڵ بوونی خۆی، واتە مرۆڤ لەتەمەنی منداڵی توانای ئەوەی نییە بەباشی شتەکان بناسێتەوە، بەڵام کە ئەو قۆناغە تێدەپەڕێنێت زانیاری لەسەر شتەکان وەردەگرێت. ئەوەشی کە وەری دەگرێت لەشتەکاندا بەشی دەرکەوتەی ئەو شتەیە. بۆ نموونە ئاو کاتێک جەستە دەکەوێتە مامەڵە کردن لەگەڵ ئاودا، ئەوە دەست دەخات کە ئاو تەڕەو ناگیرێت و ڕەنگی تایبەتی هەیە و جۆرێک لە خەسڵەتی هەیە، کە لە هیچ شتێکی تردا نییە. جەستەی بایۆلۆژی مرۆڤ هەتا ئێرە بڕ دەکات. ئەوەی ئاو قانوونێکی هەیە کەوا لە سەد پلەی سەدی دەکوڵێت، یان دۆخی جیاجیای هەیە، ئەوەش وابەستەیە بەجەستەوە پاڵپشت بەو جۆرە لەبیرکردنەوە کە هەوڵی زانینی خەسڵەتی تری شتەکان دەدات. جیا لەو خەسڵەتانەی کە لەباری ئاساییدا هەیەتی. مرۆڤ لێرەدا لە بوونەوەرانی تر جیا دەبێتەوە، چونکە بوونەوەرانیش ئەو جۆرە لە درککردنیان هەیە کە ئاو تەڕەو هەندێکیان ئەگەر بکەونە ئاوەوە هەست بەمەترسی دەکەن. ئەم هێزانە کەوا لەناو جەستەی مرۆڤدا هەن، هەروەها لەناو جەستەی گیانەوەرانیشدا هەن. ئەگەر دەرزییەکی تیژ بکەین بە جەستەی هەریەک لە مرۆڤ و هەر گیانەوەرێکدا ئەوە تووشی ڕاچڵەکین دێت. ئەمە خاڵی هاوبەشی مرۆڤ و گیانەوەرانە. هەردووکیان هەوڵی پاراستنی جەستەی خۆیان دەدەن، هەردووکیان لانە و خانوو بۆ ژیانی تایبەتی و پاراستنی جەستەی خۆیان دروست دەکەن. لێرەدا جەستە وەک دیوارێک و وەک یەکەمین ڕایەڵی پێوەندی مرۆڤ بە دنیاوە دەردەکەوێت، چونکە مرۆڤ لە ڕێگەی جەستەوە دەکەوێتە ناو کۆمەڵگا و شتەکان

دەبینێت و هەستیان پێ دەکات، بەڵام ئەگەر بیرکردنەوە لە مرۆڤ داببڕین، ئەوکاتە هەستە جەستەییەکانی مرۆڤ لە هەمووکات و لەهەموو شوێنێکدا بۆ بەدەستخستنی زانیاری ورد نییە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری خۆر بکەیت ئەوە دەبێت بڵێین زۆر بچووکە، بەڵام ئەگەر بیرمان کردەوە و ئەو یاسایەمان پێزانی کە هەر شتێک لێمان دوورکەوتەوە، ئەوە بچووکتر لە خۆی دەیبینین ناتوانین بڵێین بچووکە. جەستە ئەگەرچی لە هەندێ زانیاری دەربارەی هەندێک لە شتەکان وردە، بەڵام لە زۆر شوێنی تر بە هەڵەماندا دەبات. هەر ئەمەش بوو وای لە فەیلەسووفی فەڕەنسی ڕینێ دیکارت کرد کە گومان لە جەستەی خۆی بکات و لە وەدەستخستنی یەقیندا حیسێبی بۆ نەکات (ئەو شتانەی تایبەتن بە جەستەکان، واتا شتە زۆر هەستییەکان حەقی ئەوەیان نییە حیسێبیان بۆ بکرێت)(٨) لێرەوە جەستە وەک ڕایەڵی دەستخستنی زانیاری دەربارەی ڕاستی جێگەی گومانە. دیارە دیکارت تەنیا جەختی لەسەر ئەم لایەنەی جەستە نەکردەوە کە لە گواستنەوەی شتە واقیعیەکان بۆ ناو یادگە ورد نییە، بەڵکو لە شوێنێکی تریشەوە کە مەبەستی دیکارت بوو گومانی خستە سەر جەستە، بەوەی ناتوانێت هیچ زانیارییەکمان لەسەر جەوهەری شتەکان بداتێ، هەروەک لە نموونەی پارچە مێوەکەدا باسی دەکات و دەڵێت «ئێمە تەنیا لە ڕێگەی ئیدراکەوە دەزانین ئەو پارچە مێوە چییە»(٩)، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا جەستەی بایۆلۆژی یەکەمین ئێسگە و ڕایەڵی بەستنەوەی مرۆڤە بەدنیاوە، واتا بۆ دەست پێکردن گرینگترین شتێکە کە دەبێت مرۆڤ بایەخی پێبدات بۆ ئەوەی گەشە بکات و بکەوێتە باری کامڵبوونەوە.

## (٢-٣) جەستەی بایۆلۆژی و پێوەندی بە سایکۆلۆژیاوە:

جەستەی بایۆلۆژی لەپێوەندییەکی توندوتۆڵدایە لەگەڵ سایکۆلۆژیدا، چونکە جەستە و سایکۆلۆژیا هەردووکیان هاوسەنگی باری مرۆڤ دەپارێزن. بەجۆرێک جەستە کەرەستەی سایکۆلۆژیایە و سایکۆلۆژیاش کەرەستەی جەستەیە. ئێمە ئەوە دەزانین لە بارێکدا جەستە فەرمانەکانی سایکۆلۆژیا جێبەجێ دەکات، وەک ئەنجامدانی تاوان. کە دەبێت سایکۆلۆژیای تاوانبار تەواو ئامادەکاری کردبێت و فەرمانبدات، ئەوکاتە جەستەی ئەو کەسە دەکەوێتە ناو ئەو جووڵانەی کە سایکۆلۆژیا دەیەوێت. لەبارێکی تردا سایکۆلۆژیا فەرمانەکانی جەستە جێبەجێ دەکات، وەک پڕبوونی جەستە کاتێک بیەوێت خۆی بەتاڵ بکاتەوە، ئەوە سایکۆلۆژیا ناچارە حیکایەت دروست بکات بۆ بەتاڵبوونەوەی جەستە وەک (شەیتانی بوون) زۆرجار. جەستە کردارێک دەکات کە سایکۆلۆژیا بکەوێتە باری ئاسایی خۆیەوە، وەک ئەوەی زۆرجار سایکۆلۆژیای مرۆڤ بەهۆی دەوروبەرو ئەو ئاریشە کۆمەڵایەتی و خودییانەی خۆیەوە دەشڵەژێت. جەستە دێت بەشوێن کارێکدا دەگەڕێت کە سایکۆلۆژیای کەسەکە بکەوێتە باری ئارامییەوە. وەک جۆرێک لە نووسین هەیە، کە بۆ ئارام کردنەوەی باری سایکۆلۆژیای نووسەر دەنووسرێت، کە بۆ خۆی حاڵەتێکی ناجێگیری هەیە و دێت کرداری نووسین ئەنجام دەدات. ئەمەش هەمووی ڕاگرتنی حاڵەتی ئاسایی سایکۆلۆژیای خۆیەتی. (فرۆید) هەر خۆی پێی وایە نووسین، بەتایبەتی ئەدەب پڕکردنەوەی گرێ دەروونییەکانی مرۆڤە. بۆ ئێرە ئەم ڕایەی فرۆید تەواو ڕاستە، ئەگەرنا جۆری دیکەش لە نووسین هەیە. بۆ ئەو پێوەندییە ئەگەر جەستە بکەوێتە حاڵێکی نائاساییەوە، ئەوە سایکۆلۆژیاش لەناو خۆیدا هەوڵی ئاسای کردنەوەی باری جەستە دەدات. ئەمەش ڕاستی لەکردەی خەیاڵ کردن، یان خەو و زیندەخەو دێتە ئاراوە. بۆ نموونە ئەگەر بێتو ئێمە ئێوارەیەک خواردنێکی سوێر بخۆین، ئەوە شەو لە خەوماندا ئاو دەخۆینەوە، یان ئەگەر لەتاقیکردنەوە دەرنەچین، ئەوە لە زیندەخەوەکانماندا بەردەوام خەیاڵی ئەوە دەکەین دەرچووین و چووینەتە قۆناغێکی تر. ئەم پێوەندیانەی جەستە و سایکۆلۆژیا پەیوەستە بەیەکترەوە، تەنانەت جەستە زۆربەی کات لەژێر فەرمانەکانی سایکۆلۆژیادا کاردەکات. خاڵێکی دیکە هەیە کە دەبێت ڕوونی بکەینەوە، جەستە فەرمانەکانی سایکۆلۆژیا تاووتو دەکات و فۆرمی تایبەتی بۆ دەدۆزێتەوە، کە چۆن ئەو فەرمانە جێبەجێ بکات، چونکە زۆرجار فەرمانەکانی سایکۆلۆژیا لەناو واقیعدا ڕێ پێدراو نین و نابێت بکرێت، بۆیە دەبێت جەستە فۆرمی ڕێ پێدراو بدۆزێتەوە بۆ فەرمانەکانی سایکۆلۆژیا. وەک دیارە کاتێک جەستەی بایۆلۆژی دەکەوێتە ناو مامەڵەوە لەگەڵ دنیا و

دەوروبەردا، ئەوە بەهۆی هێزەکانی خۆیەوە زانیاری لەسەر شتەکان دەست دەخات. هەموو ئەو زانیاریانەی کە بە دەستی دەخات لەدەوروبەردا بۆ ناو یادگەی مرۆڤ دەیگوازێتەوە. لە پرۆسەی گواستنەوەدا شتەکان کە لە باری واقیعی خۆیاندان لە کەرستەیەکی واقیعی و بەرجەستەوە دەگۆڕێن بۆ (وێنە)، واتا درەختێک لەیادگەدا لە واقیعیتی خۆیەوە دەگۆڕێت بۆ وێنەی درەخت، کە بە کۆدێکی تایبەت لەناو خۆیدا هەڵیدەگرێت. کاتێک جارێکی تر باسی درەختمان کردەوە، هێزی خەیاڵ ئەم کۆدە دەباتە سەر شاشەی زین و وێنەی درەختەکە ئامادە دەکاتەوە. ئەوەی لێرەدا هەیە جەستەی بایۆلۆژی مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکات و دواتر ئەم واقیعە دەکاتە واقیعێکی ڕەمزی و وێنەیی لە یادگەدا.

**(٣-٣) جەستەی بایۆلۆژی و ڕوح:**

لە ڕاستیدا باسکردن لە جەستە و ڕوح باسکردنن لە دوو شتی جیاواز، چونکە یەکیان بەرجەستە و دیارە، ئەو دیکەیان کە ڕوحە شتێکی نادیارە. ئەو بەشە شاراوەی مرۆڤ، زانینی لە بارەوە زۆر کەمە و مرۆڤ لە توانایدا نییە هەمەکییەتی ڕوح درک پێ بکات. ئەوەی هەیە ڕوح دەبێت لە ڕێگەی دەرکەوتەکانییەوە پرسیاری ئاراستە بکەین. بەئاگاداری ئەوەی کە ڕوح تاکە شوێنێک بۆ نمایشی خۆی و دابەزینی خۆی لەباری پەتی نادیارییەوە بۆ ناو واقیع و دەرکەوتنی جەستەیە. جەستەی بایۆلۆژی یەکەمین ئێسگەی دابەزینی ڕوحە، ئێستا باپرسین ئایا ڕوح ئەو جووڵەیەیە کە لەناو جەستەدا هەیە؟ لە ڕاستیدا گیانەوەرانیش خاوەنی ئەو جووڵەیەن و جەستەیان هەیە. ئەو جۆرە لە جووڵەیە کە لە ژیانی جەستەی بایۆلۆژی ئەو ڕێکخستنە دروستەی هەیە، هەمووی وابەستەیە بەرجەستە و هیچ پێوەندی بە ڕوحەوە نییە، بەڵکو دەتوانین بڵێین ڕوح لەناو جەستەدایە و لەناو جەستەشدا نییە، بەوەی زۆرجار لەناو جەستە خۆی دەردەخات و دەردەکەوێ لەناو جەستەشدا نییە، بەوەی کە ئەو جۆرەی لە زیندوێتی مرۆڤدا هەیە ڕوح نییە. هاوتەریب بەمە، گیانەوەرانیش ڕوحیان نییە، چونکە تاکە وشەیەک لە بەرانبەر ڕوحدا هەبێت عەقڵە. ڕوح وابەستەیە بە بیرکردنەوە و زانینەوە، چونکە ئەو بەشە نادیارەیە کە لە ڕێگەی مرۆڤەوە دادەبەزێتە ناو دنیاوە. ئەم دابەزینەش کە هەیە هەمووی لە ڕێگەی جەستەی بایۆلۆژی مرۆڤەوە دەبێت. وەگەرنا بەدەر لەم ئێسگەیە ئێسگەیەکی تر بۆ دەرکەوتنی (ڕوح/عەقڵ) لەناو مرۆڤدا نییە. جەستەی بایۆلۆژیش ڕێگە و دەریچەی جیا جیای هەیە بۆ دەرکەوتنی ئەم ڕوحە و لە یەک دەرگا و لە یەک ڕێگەوە ئەم ڕوحە نایەتە ناو دنیاوە. دیارە ئەم هەڵبژاردنی دەرگا و چۆن دەرکەوتنە هەموو ڕوحەکە خۆی دیاری دەکات.

واتا لە یەکەمین پێوەندی ڕوح بە جەستەوە ئەوەیە، ڕوح پێویستی بە جەستەیەکە بۆ دەرکەوتن. ئەم باسە لای هیگڵ بە دیالێکتیک ناوی نراوە، دیالێکتیکی هیگڵی خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەر توخمێکی ڕوحی پێویستی بە توخمێکی جەستەیی هەیە بۆ دەرکەوتن. واتا هەموو توخمێکی موجەب توخمێکی سالبی دەوێت. بۆ نموونە زێڕ دیارە زێڕی پەتی خۆڵە و توانای شکڵ گرتنی نییە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە مادەیەک هەیە کە توانای شکڵ گرتنی هەبێت وەک مس. وەگەرنا زێڕ لە خۆیدا توانای ئەوەی نییە لە فۆرمێکدا دەرکەوێت. هەروەک ڕوحی مرۆڤ لە ڕێگەی جەستەوە شکڵ دەگرێت. دیالێکتیک لای هیگڵ دەقاودەق ئەم حاڵەتی ڕوحە بەداخەوە کە بە هەڵە تێگەیشتن بۆ دیالێکتیکی هیگڵی هەیە، تەنانەت لای مارکسیش. ئێستا با ئەو پرسیارە بکەین: ئایا ئێمە چۆن و بەچیدا بزانین ڕوح چییە؟ دیارە ئەم پرسیارە بۆ خۆی توانای هەڵگرتنی بابەتەکەی نییە، چونکە کاتێک دەڵێین ڕوح چییە؟ ڕوح چەمکێکی هەمەکییە و وەکو شت نییە، واتا تەنێکی واقیعی و بەرجەستە نییە. هەربۆیە ناچارین لە ڕێگەی دەرکەوتەکانییەوە بزانین چییە. ئێمە لێرەدا زۆر ناڕۆین، چونکە بەشێکی گرنکی ئەم باسەمان تایبەتە بە ڕوح، بەڵام ئەوندەی هەیە کە وابەستەیە بە جەستەی بایۆلۆژییەوە باسی دەکەین. یەکێک لە دەرکەوتەکانی ڕوح زمانە. بەو مانایەی ئەوە گوشاری ڕوحە بۆ سەر مرۆڤ کاتێک دەیەوێت دەرکەوێت. ئەوکاتە توانای خوڵقانی زمان لەمرۆڤدا دەردەکەوێت و زمان وەک جەستەیەک دەبێتەماڵی ڕوح و ڕوح نمایش دەکات. زمانیش جۆری جیاجیای هەیە، وەک زمانی فەلسەفی و زمانی کۆمەڵایەتی و زمانی شیعری... تاد

مەبەستمان ئەو جۆرە لە ئەدەب و نووسینە کە ڕوح دێتە

ناوییەوە. وەگەرنا نووسین هەیە جەستە و سایکۆلۆژیا دەنووسنەوە. ئێمە لەو دەرکەوتەیەوە دەتوانین باسی ڕوح بکەین، یان هونەر کە کەرەستەکانی واقیعین و ڕوحی دێتە ناو، یان ئەخلاق بەمانا کانت-یەکەی، کەوا بنەمایەکی عەقڵی هەیە وەک تیۆری واقیعی دەبێتەوە. لە هەموو ئەم بارانەی خوارەوەدا شتێک هەیە ڕوحییە دنیایی دەبێتەوە. واتا شتێکی عەقڵی لەباری پەتییەوە لە ڕێگەی جەستەوە دەبێتە شتێکی واقیعی. هەروەک هیگڵ کاتێک ئاماژە بەوە دەکات «ئەوەی عەقڵییە واقیعییە، ئەوەی واقیعییە، عەقڵییە» (١٠) لێرەدا پێوەندی ڕوحی مرۆڤ بەجەستەی بایۆلۆژییەوە تەواو پێچەوانەی پێوەندی جەستەی بایۆلۆژییە بەواقیعەوە. لە پێوەندی جەستە بەدنیاوە واقیع لەباری بەرجەستەیەوە دەگۆڕا بۆ باری وێنەی و زەینی، بەڵام لە پێوەندی بە ڕوحەوە بنەما عەقڵییەکان، یان ئایدیاکان کەوا لەناو ڕوحدا وەک کاتیگۆری پەتی هەن. وەک تیۆرییەک ئامادەی ئەوەن ببنە پراکتیک و بێنە دنیاوە. ئەو کاتەی هارمۆنییەت لەنێوان ڕوح و جەستەدا دروست دەبێت، ئەم ئایدیایانە لەباری پەتییەوە دەبنە واقیعی. واتا جەستەی بایۆلۆژی دوو کاری تەواو بەرانبەر یەک جێبەجێ دەکات. وەک لە پێوەند بەدنیا و پێوەندی بە ڕوحەوە. ئەگەرچی سایکۆلۆژیا و ڕوح هەردووکیان لێکچوونیان هەیە، چونکە لە ڕێگەی جەستەی بایۆلۆژییەوە خۆیان دەردەخەن، بەڵام جیاوازن. سایکۆلۆژیا هەمیشە بڕیارێکی پێشوەختەیە و شتێکی زانراوە کە دەردەکەوێت، بەڵام ڕوح شتێکی نەزانراوە و دوای دەرکەوتن ئێمە دەتوانین پەی پێبەرین و هەستی پێ بکەین. واتا لە جیهانی عەقڵییەوە دێتە ناو جیهانی هەستییەوە. ئێستا لە دوای ئەم وردبوونەوەیە تێگەیشتین کە پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان جەستە و ڕوحدا هەیە، وەک لێرەدا ڕوونمان کردەوە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- مدخل علم النفس، لندال دافيون، الطبعة الثالثة، دار ماكجرو هيل للنشر، ص٣٦٨.**

**٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٦.**

**٣- علم النفس و تطبيقاته الاجتماعية والتربوية، د. عبدالعلي الجسماني، طبعة الاولى، دار العربية للعلوم، سنة ١٩٩٤.**

**٤- مدخل الى الطب النفسي، د. الزين عباس عمارة، طبعة الاولى دار الثقافة، سنة ١٩٨٦.**

**٥- نووسەر و ڕۆشنبیر بەختیار عەلی لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە ئێمە کولتووری فەلسەفیمان نییە. بڕوانە (وەڵام لە ڕۆژگاری ونبوونی پرسیاردا).**

**٦- بوون لە دیدی مارتن هایدگەردا تەعبیرە لە عەقڵ، کە لەناو مرۆڤدا هەیە و نیازی بەوە هەیە دەرکەوێت، بەداخەوە (بوون) لە ڕۆشنبیری کوردیدا بە شتێک دەوترێت کە هەیە. عەقڵیش شتێکە (دەبێت) نەک (هەیە).**

**٧- تێڕامانی میتافیزیکانە لە فەلسەفەی یەکەم، ڕینێ دیکارت، و: ڕێبین ڕەسوڵ، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، هەولێر، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٦١.**

**٨- هـ.س، ل٥٨.**

**٩- هـ.س، ل٥٥.**

**١٠- سەرەتاکانی فەلسەفەی مێژووی بۆرجوازی، ماکس هۆرکهایمەر، و: سامان عەلی حامید، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٦ لاپەڕە ١٦١.**

# گەڕانی ڕۆژنامەنووسی

دێڤید ڕانداڵ
لە عەرەبییەوە: محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری

پێش ئەوەی شتێک ڕوون ببێتەوە نابێت چیرۆکە هەواڵەکان بنووسیتەوە و بڕیاری لەبارەوە بدەیت، هۆکارە بەربڵاوەکانی شکست هێنانی چیرۆکەکان، خراپی شێوازی نووسین، یان لاوازی بنیاد، یان وەرگرتنە ساختەکان نییە، بەڵکو ئەنجام نەدانی گەڕانی پێویستە. لە کاتی نووسینی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەنووسییەکاندا، ڕستە و دەستەواژە ڕازاوەکان ناتوانن ئەمە بشارنەوە، یان مادەی خاوت هەیە، یان نیتە.

ئەگەر مادەی سەرەتاییت هەبوو، واتە ئامرازی سەرکەوتووت بۆ نووسینەوەی چیرۆکە هەواڵێکی ڕوون هەیە، بێ کەلێنە، تێڕوانینێکی بەهێز و ڕەسەنی هەیە و ئاماژە بە نموونەی زیندوو دەکات، یان چیرۆکی پێکەنیناوی، سەرەڕای تێگەیشتنێکی قووڵ بۆ گرنگی شتەکان. دەکرێت چیرۆکەکەت توندوتۆڵ و پتەو بێت، لەبەر ئەوەی پێویست بە درێژدادڕی و تێروتەسەلی ناکات.

ئەگەر مادەی سەرەتاییت نەبوو، چیرۆکەکەت شلەژاو و تەمومژاوی دەبێت و لە ئەنجامی نەبوونی زانیاری پڕ لە بۆشایی دەبێت، یان ڕاڤەکردنەکان دەبێتە قسەیەکی پووچ و بێزارکەر. لە باشترین حاڵەتەکاندا ئەوەی نووسەر و بەڕێوەبەرانی هەواڵەکان باسی دەکەن بریتییە لە "پاراستنی شوێنەکە"، واتە تەنیا "گەڕانێکە" لەبارەی خاڵە ڕوون و باوەکان لە چیرۆکەکەدا.

کەواتە بۆ دەستکەوتنی مادەی سەرەتایی چی دەکەیت؟ یەکەم، دەبێت بزانیت بۆچی دەگەڕێیت. دووەم، پێویستە بزانیت ئەوەی دەتەوێ لە کوێوە دەستت دەکەوێت، یان بە لای کەمەوە لەکوێ و لە کێ دەپرسیت.

## دەبێ بە دوای چیدا بگەڕێیت؟

بە پرسیارە بنەڕەتییەکان دەست پێ بکە: کێ، چی، لەکوێ، کەی، لەبەرچی- بەڵام لێرەدا مەوەستە، ئەوەی پێش هەموو شتێک تۆ پێویستت پێیەتی، ئەو وردەکاری و گێڕانەوەیەیە کە پرسیارە بنەڕەتییەکان ڕوون دەکاتەوە. ئەم زانیارییە زێدەبارییانە کە چیرۆکی ئاسایی لە چیرۆکی باش جیا دەکاتەوە، چیرۆکێکی گرنگ لە ڕۆژێکدا بە نموونە وەربگرە و ورد ببەوە، لە گێڕانەوە جیاجیاکان لە بارەیەوە لە ڕۆژنامە جیاوازەکان. دەبینیت هەندێکیان بە بەراورد بەوانی دیکە زانیاری زیاتری لە خۆ گرتووە، ئەمەش سەرنجت ڕادەکێشێت.

## وردەکاری

کۆکردنەوەی وردەکاری پرسێکی یەکلاکەرەوەی گرنگە سەبارەت بە گەڕان. ئەگەر ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسی لەبارەی ڕووداوێکەوە دەنووسیت، پێویستە ڕیزبەندی ڕووداوەکان بە تێروتەسەلی ڕێک بخەیت، بە جۆرێک وەک (فیلمێکی ڤیدیۆیی) لە مێشکتدا لێکی بدەیتەوە. ڕاستە "فیلمێک"ی تەواو (گرتە دوای گرتە) نابێت، بەڵام دەبێ ئەمە ئامانجت بێت. ئەو وردەکارییانە هەموویان بەکارناهێنیت، بەڵام مانادار و گرنگەکانی ناناسیتەوە تا ئەو کاتەی دەست بە نووسینی چیرۆکەکەت دەکەیت. تارادەیەک وردەکاری بچووک نییە کە کۆ نەکرێنەوە، لەوانەیە بچووکترینیان بەهایەکی گەورەی وا بە چیرۆکەکە ببەخشێت کە چەند جارێک لە قەبارەی خۆی گەورەتر بێت. بۆ نموونە، دەکرێت بۆ وەسف کردنی تاوانێک ئاماژە بەوە بکرێت کە لە گونددا ڕووی داوە، تەنانەت ئاماژە بە مێژووش بکرێت: لە یەکی ئایاردا. بەڵام ئەگەر لە چیرۆکەکەتدا ئاماژەت بەوە دا کە لە کێڵگەیەکدا لە ڕۆژی ئاهەنگگێڕان بە هاتنی بەهار ڕووی داوە، ئەوە سەرنجڕاکێشتر و کاریگەرتر دەبێت. لەوەش باشتر، دەکرێ بچیتە ناو دیمەنەکە و وەسفی بکەیت: باخچەی کۆلیتەکە کە چەکی تاوانەکەی تێدا دۆزرایەوە، دیوارە پەمەییەکانی چێشتخانەکە، گوڵە چێندراوەکانی لای دەرگای پشتەوە....تاد. زۆر جار، هەندێ بەشی ڕاپۆرتەکە (یان تەنانەت سەرجەمی ڕاپۆرتەکە) دەکرێ پەیوەست بێت بە بچووکترین وردەکارییەوە. لەوانەشە گرنگترین و بەهادارترین وردەکاری ئەوە بێت کە چاوەڕوانی ناکەیت.

وردەکارییەکان گرنگییەکی تایبەتییان هەیە، کاتێک ڕاپۆرتێک، یان وتارێکی هەواڵی لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو دەنووسیت، دوای ئەوەی چیرۆکە سەرەکییەکە ڕۆژێک، یان دوان بڵاودەبێتەوە. جارێکیان پێشەکی وتارێکی بیل کۆنۆر ("کاساندرا" لە "دەیلی میرۆر") کە لەبارەی مەرگی ستالین دوای چەند ڕۆژێک لە ڕووداوەکە نووسیبووی، پشتی بە زانیارییەکی تێروتەسەل بەست کە ئاماژەی بەوە دەدا دڕندە پیرەکە، کە چەندین هاووڵاتی ڕووسی دایە کوشت، پێش ئەوەی کاتی کۆتایی هاتنی ژیانیان هاتبێت، لە تەمەنی ٧٣ ساڵی لەسەر جێگە "نەرمونیان"ەکەی مرد.

## چیرۆک

هەمان شت بە سەر چیرۆک و پەندەکاندا جێبەجێ دەبێت، بەڵام نابێت دوورودرێژ بێت (ئەگەر نا بەسەر پاڵنەرە سەرەکییەکەی چیرۆکەکەدا زاڵ بێت). لە ڕاستیدا باشترین چیرۆک و پەندەکان لە ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا، ئەو ڕووداو و ڕاستییانەن کە بە ڕستەیەک، یان دووان کورت دەکرێنەوە. چیرۆکێک لەبارەی بڕیارێکی سەیر کە ئەنجومەنی شارەوانی شارۆچکەیەکی بچووک دەری کردووە، چیرۆکەکە سەرنجڕاکێش دەبێت ئەگەر هەندێ چیرۆکی لەبارەی ڕابردووی شارۆچکەکە لەخۆ گرتبێت. لەوانەیە ئەمە تەنیا وەبیر هێنانەوەی ڕووداوێک، یان دووان لە مێژوودا بێت، لەبارەی کەسێکی بەناوبانگ لە دانیشتوانی شارۆچکەکە، یان تەنانەت هەڵکۆڵینی سەر کێل لە گۆڕستانی ناوچەکە، تێ نەپەڕێت. بەڵام دەتوانیت دڵنیا بیت لەوەی سەرنجڕاکێشترین چیرۆک دەبێت و زانیارییەکی زیاتر بە خوێنەر دەبەخشێت، وەک لەوەی تەنیا ئەو وەرگرتنانە بڵاوبکاتەوە کە لە پاڵەوانانی چیرۆکەکە چاوەڕوان دەکرێت.

## باکگراوەند

باکگراوەند پەیوەستە بەو زانیارییانەی لەبارەی هەر چیرۆکێک کە کۆی دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر کورتترین و پوختترینیان بێت. پێویستە بە دوای شوێن و کاتی ڕووداوەکە و چوارچێوەکەیدا بگەڕێیت، هەروەها ئەو بەشانەی پێوەندیدارن بە مێژووی بابەتەکە، یان

مەسەلەکە. لەوانەیە باکگراوەند لە پەرەگرافێک، یان دووان زیاتر نەبێت، واتە مێژوویەکی کورتی مەسەلەکە. لەوانەیە هەندێ لێکچوون و بەراوردی فراوانتر لە خۆ بگرێت. بە نموونە ئەگەر چیرۆکێک لەبارەی هەوڵی دەسەڵاتداران لە شارۆچکەکەت، یان شارەکەت، بۆ ئاست دانان لە بەکارهێنانی ئوتۆمبێل لە ناو شارەکان بوو، باشتر وایە باس لە سیاسەتە (سەرکەوتوو و شکست خواردووەکان) بکەیت، کە لە ناوچە، یان وڵاتانی دیکەدا پەیڕەو کراوە. بەدەگمەن چیرۆکە هەواڵەکان لەبارەی ئەو ڕووداوانەن کە لە ناکاو ڕوودەدەن، بەڵکو زۆربەی کات بەشێکە لە زنجیرەیەکی بە دوای یەکدا هاتوو.

## تێڕوانین

دەکرێت هەندێ جار چوارچێوە، بەشێکی زیندوو و گرنگ لە چیرۆکەکە پێک بهێنێت، کە ڕاستی، یان پەرەسەندنەکان دەخاتە چوارچێوەی تێڕوانینێکی گونجاو، تەنانەت کەمتر درامیشەوە. ئەمەش شتێکی گرنگە، بە تایبەتی کاتێک یەکێکیان ئاگادارییەکی تۆقێنەر لەبارەی تەندروستی، یان سەلامەتی گشتی بڵاو دەکاتەوە. ئەو چیرۆکانەش کە بە نموونە پەیوەستن بە مەترسییە تەندروستییەکان لە ژینگە، دەکرێت زیادەڕۆییەکی بێ مانا بێت، مەگەر بخرێتە چوارچێوەی تێڕوانینێکی دیاری کراوەوە. ئایا پێت وایە چیرۆکەکە باشە، کاتێک ئاماژە بەوە دەکات نموونەیەک لە ئاوی دەریا، شەش هەزار گەردیلەی ژەهراوی لە خۆ دەگرێت؟ لەوانەیە بیر لە مانشێتی لاپەڕەی یەکەم بکەیتەوە، تا ئەو کاتەی بۆت دەردەکەوێت کە ئەمە ئەو کاتە ڕوو دەدات، کە شووشەیەک نیو لیتر ژەهری تێدایە و دەڕێژێتە زەریاوە، هەروەها زۆر لەو چیرۆکانەی پەیوەستن بە مێروولە لە ناوبەرەکان وردتر دەبن، ئەگەر مەترسییەکان لەگەڵ قەبارەی ئەو مادە لەنێوبەرە کیمیاییانە بەراورد بکەیت، کە بە شێوەیەکی سروشتی لە ڕەیحان و باوی و قارچکدا هەن.

زۆر ڕۆژنامەنووس هەن پێیان وایە پیشەکەیان پێویستی بە کۆڕگەی هەموو شتێک دەکات، بەڵام کەمێک بیرکردنەوەی قووڵ، مەودای پێشێلکاری ئەم ڕێگەیە دەردەخات. با کاردانەوەمان ئەوانەی دەوروبەرمان وەبیر بێنینەوە کە هەموو شتێک بۆ میلۆدراما دەگۆڕن. دوا جار، بە ساویلکەیان دادەنێین کە بە ئاسانی فێڵیان لێ دەکرێ و پشتیان پێ نابەسترێت و زۆر بێزارمان دەکەن. لەبەرچی پێویستە خوێنەران بە شێوەیەکی جیاواز بیر لە ئێمە بکەنەوە، ئەگەر لە پێناو زیادەڕۆیی کردن لە هەر چیرۆکێک چوارچێوە و تێڕوانینمان فەرامۆش کرد؟

## سەرچاوە

گەڕان پەیوەستە بەوەی بزانیت زانیارییەکان لەکوێ دەشاردرێنەوە، یان لەوانەیە بشاردرێنەوە، بۆیە دەبێ ئارەزووت بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوە ئەگەرەکان بۆ زانیاری، هێندەی حەزەکەت بۆ خودی زانیارییەکان بێت. ئەم سەرچاوانە بۆ سێ دەستە دابەش دەبن: تۆڕی ئەلیکترۆنی (کە لە بەشێکی تایبەتی ئەم کتێبەدا باسی لێوە دەکەین)، سەرچاوە مرۆییەکان و سەرچاوە چاپکراوەکان.

## سەرچاوە مرۆییەکان

بەربڵاوترین جۆری سەرچاوەکانن، هەر لە گوتەبێژە فەرمییەکان، ئەو بەرپرس و سیاسەتمەدارانەی بە ڕێکوپێکی چاوت پێیان دەکەوێت، تا دەگاتە ئەو کەسانەی یەک جار دەیاندوێنیت و ئیتر چاوت پێیان ناکەوێتەوە، هەروەها ئەو کەسانەش لە خۆ دەگرێت کە ڕۆژنامەنووسەکان خەون بە پێوەندی پێ کردنیانەوە نابینن. ئەگەر بنەمایەکی زێڕین بۆ گەڕانی سەرکەوتوو هەبێت، ئەوە بریتییە لە: هەرگیز لە پرسیار مەترسە، چونکە خراپترین وەڵام لەو کەسەی لێت پرسیوە "نا" دەبێت، ئەو کاتە سەرت دەسووڕمێنێت بە قەبارەی ئەو یارمەتییەی کە دەستت دەکەوێت. لێرەدا هەندێ ڕێنمایی دیکە پێشکەش دەکەین:

## ژمارە تەلەفۆنەکان کۆ بکەوە و لێیان وردبەوە

ئامرازی سەرەکی لێرەدا یادخەرەوەیەکی ڕێکوپێکی تێروتەسەلە، کە ناوی سەرچاوەکان و ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنەکانیان و (ئامێری فاکس ئەگەر کرا) لە خۆ بگرێت. درەنگانێک کە لە نووسینگەکەت تەنیای و زۆر پێویستت بە زانیاری هەیە، گرنگی ئەم

یادخەرەوەیەت بۆ دەردەکەوێت، بۆیە دەبێت هەموو ناوێک کە دەستت دەکەوێت لای خۆت تۆمار بکەیت، هەموو ئامرازێکی شیاو بەکاربێنیت بۆ ئەوەی ژمارەی ئەو ناوانە زیاد بکەیت. بە هەر ڕێگەیەک بێت هەوڵی کۆکردنەوەیان بدە، ئەگەر لە ڕێگەی هاوپیشەکانت و تەنانەت ڕکابەرەکانیشت بێت، کاتێک ڕۆژنامەیەک، یان گۆڤارێک دەخوێنیتەوە ناوی ئەو شارەزایانە تۆمار بکە کە دەکرێت سوودیان لێ ببینیت، پاشان هەوڵ بدە ژمارەی تەلەفۆنەکانیان پەیدا بکەیت. نەکەی بیر لەوە بکەیتەوە بەوەی جارێکی دیکە پێویستت بە ژمارەی ئەم کەسە، یان ئەوی دیکەیان نابێت -وەک زۆر جار بە سەرمدا هاتووە-، بە هۆیەوە ناوەکەی لە دەفتەری تێبینییەکانت نەگوازیتەوە بۆ ئەو یادخەرەوەیەی کە ناوی سەرچاوەکانی زانیاری تێدایە. بەدڵنیاییەوە لە کاتێکی دیکەدا پێویستت پێی دەبێت، نەبوونیشی کێشەیەکی ڕاستەقینە دروست دەکات.

### زۆر کەس هەن بەرانبەر یارمەتیدانت کرێیان پێ دەدرێت

ژمارەی ئەوانەی دەستی یارمەتی بۆ ڕۆژنامەنووسان درێژ دەکەن لە خەیاڵ بەدەرە، لەوانەشە خۆیان بەمە نەزانن. ئایا ژمارەی دەریاچەکان لە "ناوچەی دەریاچەکان" -ناوچەیەکی گەشتیاری بەناوبانگە لە باکووری ڕۆژئاوای ئینگلتەرا، چیاکانی کامبریاو ١٥ دەریاچە لە خۆ دەگرێ- چەندە؟ قووڵایی ئەو زەریایە چەند دەبێت؟ بەرزی ئەم چیایە چەندە؟ کەسێک لە باڵیۆزخانە، یان لە دەستەیەکی گەشتوگوزاری، یان لە سەنتەری میواناندا دەکرێت وەڵامێکی دەست بەجێت بداتەوە. ئەگەر زانیاری ڕاست و ورد و خێرات دەوێت، سەرەتا بچۆ لای ئەو فەرمانبەرانەی کە دەوڵەت پارەیان پێ دەدات، بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵک بدەن تاکو بابەتە پێوەندیدارەکە بزانن. لە وڵاتێکی وەکو بریتانیا دەیان هەزار لەو جۆرە فەرمانبەرانە هەن. هەوڵ بدە سوود لەو زانیارییانە وەربگریت کە پێشکەشی ئەوانی دەکەن، ئەوان لە بری یارمەتیدانت مووچە وەردەگرن.

### بابەتەکە هەر چییەک بێ دەبێ شارەزاییەکی بە ئەزموونی تێدا بێت

ژمارەیەکی زۆر لەو شوێن و کەسانە هەیە، کە دەتوانیت لە ڕێگەیانەوە بگەیتە ئەو شارەزایانەی کە تایبەتمەندن بە لایەنە جیاجیاکانی ژیانی کە بە لای تۆوە شاراوەن. پەیمانگە پیشەییەکان، کۆمەڵە بازرگانییەکان و مۆزەخانە تایبەتمەندەکان، زۆر جار شارەزا تایبەتمەندەکان لە بوارەکانیان لە خۆ دەگرن، یان دەتوانێت ڕێنوێنیت بکات بۆ گەیشتن پێیان. بۆ نموونە، با وا دانێین تۆ ئارەزووت هەیە کەسێک بدوێنیت کە لە ڕزگارکردنی دەریاییدا شارەزایە، دەتوانیت سەردانی مۆزەخانەی دەریایی نیشتمانی، کۆمەڵەی مەلەوانان، کۆمپانیایەکی بیمەی دەریایی و ئەفسەرێک لە نوسینگەی ڕۆژنامەنووسی هێزە دەریاییەکە، تەماشای گۆڤاری مێژووی دەریایی بکەیت، تەنانەت بچیتە نێو کتێبخانەی ئەنجوومەنی ناوخۆیی شارە کەناراوییەکە، پێش ئەوەی لە تۆڕی ئەلیکترۆنی، یان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بگەڕێیت، بۆ دەست کەوتنی ناوی ئەو شارەزایانەی کە لە لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنووسییەکانی پێشتر لەبارەی بابەتەکە بەرچاوکەوتوون. هەندێ لە دەزگاکان وەکو کتێبخانەکان و مۆزەخانە ناوخۆییەکان، بنەمای داتاکانی تایبەت بە شارەزاو پسپۆڕەکان دەپارێزێت، تەنانەت ئەو بابەتانەش دەپارێزێت کە زۆر تەمومژ و نهێنین.

کاتێک بژارەکان لە بەردەمتدا زۆر دەبن، بیر بکەوە پێش ئەوەی بڕیار بدەی پێوەندی بە کێوە بکەیت

ئەو هەڵە بەربڵاوەی لە گەڕاندا ڕوو دەدات، پرسینە لە کەسی نەگونجاو. زۆر لە زانیارییەکان کە دەتەوێت لای پێکهاتەیەکی جۆراوجۆر لە سەرچاوەکان بەردەست دەبن، بەڵام لەوانەیە تواناکانیان، یان ئارەزووەکانیان لە یارمەتیدانت جیاواز بن. بۆ نموونە ئەگەر بتەوێت بڕی ئەو قازانجە بزانیت کە دوکانەکانی پێڵاو دەیخەنە سەر کاڵای هاوردە، ڕاستەوخۆ پێوەندی بە دوکانە مەبەستدارەکەوە مەکە، چونکە دەستەواژەی "قازانج" تەنیا تووڕەیی بەرێوەبەرەکەی دەوروژێنێت، لە جیاتی ئەوە هەوڵ بدە پێوەندی بە فرۆشیاری سەرجەم، یان کۆمپانیا دروستکەرەکەوە بکە، پاشان سەر لە دوکانەکە بدە بۆ ئەوەی تێبینی و لێدوانەکانت دەست بکەوێت.

### ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن تاقی بکەوە

کە لە مۆسکۆ بووم، جارێکیان لەبارەی خانمە

مامۆستایەکی ڕووسیاییم بیست کە دەسەڵاتدارانی کۆچبەری لە سان فرانسیسکۆ (ویلایەتە یەکگرتووەکان) لە چاوەڕوانی بە زۆر دەرکردنیدا لە بارودۆخێکی نائاساییدا ڕایانگرتبوو. چیرۆکەکە باش دەهاتە پێش چاو، کێشەکە لەوەدا بوو من ژمارەی مۆبایلی پارێزەری ژنەکە، یان دەسەڵاتدارانی کۆچبەری ئەمەریکاییم نەدەزانی، باڵیۆزخانەی ئەمەریکاش داخرا بوو، لە هەواڵەکانیشدا هیچ لەبارەی ئەو ڕووداوە باس نەکرا، من پێویستم بەوە بوو لە ماوەی یەک کاتژمێردا هەواڵەکە بنێرم. دوای دوو هەوڵی شکست خواردوو، توانیم ژمارەی تەلەفۆنی نووسینگەی "ئەسۆشێیتد پرێس" لە سان فرانسیسکۆ دەست بکەوێت، بە پەلە پێوەندیم پێیانەوە کرد و توانیم سەرجەم ژمارە تەلەفۆنە پێویستەکانم دەست بکەوێت، تەنانەت ژمارەی هاوسەرە ئەمەریکاییەکەشی، بە هۆیەوە ژمارە تەلەفۆنی ئەو کەسانەم دەست کەوت، کە بە نیازن کەمپینێک لە بەرژەوەندی ئەو خانمەدا ڕێک بخەن. ڕۆژنامە لۆکاڵییەکان هەمیشە شایانی ئەوەن لەم جۆرە بارودۆخەدا پێوەندییان پێوە بکەیت، کە دەتوانیت زانیاری پیشەیی، یان بلاوکراوە بە خۆڕاییە گرنگەکان، بۆ وتارە ڕۆژنامەنووسییەکەت دەست بکەوێت.

## بێ ئابڕوویی زیانبەخش نییە

زۆرترین ئەو وشانەی کە پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی دەیڵێت بریتییە لە: "ناتوانم ڕاستی مەسەلەکەم بۆ دەربکەوێت، هەموو ڕێگەکانم تاقی کردەوە". بە ڕاستی وایە؟ ٩٩٪ی حاڵەتەکان ئەم قسەیە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێت. کەواتە دەبێ ڕێگەی زیاتر هەبێت کە پەی پێ نەبرابێ، تارادەیەک بە بەردەوام شوێنگەلێک هەیە دەکرێ زانیاری ویستراوی لێ وەربگریت. بیر لەم حاڵەتە بکەوە: تۆ لە نووسینگەکەی خۆتی و کات ١٠ی شەوی تێپەڕاندووە، گوێت لەوە بووە کە یەکێک لە هاوولاتیانت لە میامی دەستگیر کراوە، بە تۆمەتی دزی کردن بە چەکەوە، یان بە قاچاغ بردنی چەک. دەبێت چی بکەیت؟ باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە شارەکەت داخراوە، کونسوڵخانەی ولاتەکەت لە میامی وەڵامی تەلەفۆن ناداتەوە، نووسینگەی لێکۆڵینەوەکانی فیدراڵی لە نیویۆرک، هەروەها نووسینگەی ئاژانسی "ئەسۆشێیتد پرێس" لە شارەکەشدا هیچ لەبارەی ئەو باسەوە نازانن. کە ئەمە بە سەر مندا هات، پێوەندیم بە نووسینگەی کارتەکانی بیمە "ئەمیرکان ئیکسپرێس" لە میامی کرد، وام نیشان دا کە یەکێک لەو کارتانەم هەیە (من ڕاستگۆ بووم، بەڵام پێویست بەمە ناکات لەبەر ئەوەی کەسێک نییە لەمە بکۆڵێتەوە)، داوای ژمارە تەلەفۆنەکانی پۆلیس و نووسینگەی داواکاری گشتی و زیندانم کردو بە پەلە چیرۆکەکەم نووسییەوە.

## سەرچاوە چاپ کراوەکان

دوو جۆری سەرەکی لە سەرچاوە چاپ کراوەکان هەیە: کتێب و ڕۆژنامەکان و پارچەکانی:

## کتێب و پێرست و لیستە بەش بەش کراوەکان

لەوانەیە پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی چەندین کاتژمێر لە گەڕان بە دوای ڕاستییەکدا بە سەر ببات، کەچی لە کتێبێکدا هەیە کە هەنگاوێک لێی دوورە، هەمان شت لەگەڵ سەرچاوە مرۆییەکانیشدا، گرنگ زانینی ئەوەیە کە لە بەردەستدایە و لە کوێ دەتوانرێت دەست بکەوێت. ئەمەش جیاکردنەوەی ئەمینداری کتێبخانەکان لە خۆ دەگرێت، کە شوێنی ئەو زانیارییە دەزانن کە تۆ بە دوایدا دەگەڕێیت. لەوانەیە لە ڕادەی ئامادەباشی ئەوانە بۆ یارمەتیدانت سەرسام بیت، تەنیا بۆ ئەوەی لە دەرخستنی توانا و شیانیاندا چێژ وەربگرن.

سەبارەت بە ڕۆژنامەنووسان، بۆ چوار مەبەست کتێب بە کار دەهێنرێت: لێکۆڵینەوە لە حونجەکردنی وشەکان و مێژووەکان، دەستکەوتنی ڕاستییە سەرەکییەکان، ناوی سەرچاوە ئەگەرەکان لە کتێبە ساڵانەییەکاندا (کە زانیاری تازە لەبارەی بابەتێکی دیاریکراو لەخۆ دەگرێت)، هەروەها دەستکەوتنی ڕاستییە مێژووییەکان، یان چیرۆکە خۆشە کورتەکان، بۆ ئەوەی چیرۆکە هەواڵ زیندوو ڕابگرێت، بەڵام سەبارەت بە سێ دەستەی یەکەم دەبێ ئاگاداری بین و دڵنیا بینەوە لەوەی ئەو کتێبەی زانیارییەکانی لێ وەردەگیرێت نوێ و بژارە کراوە.

بە شێوەیەکی کرداری، کەمی کات مانای وایە ناکرێت بەردەوام سەردانی کتێبخانەکان بکرێت، تۆ کە سەرچاوە چاپ کراوەکان بە کار دەهێنیت، هەمیشە پشت بەوە دەبەستیت کە لە ماڵەوە، یان لە نووسینگە لە

بەردەستدایە. لەبەر ئەمە، بەهۆی حەزی خۆم بۆ شتە بێ بایەخەکان و ئەوەی ناو دەبرێت بە "زانیارییە بێ سوودەکان" (کە زۆر جار بە سوودن)، بە تێپەڕبوونی ساڵان کۆمەڵێک کتێبم لەبارەی ڕاستییە نامۆکان کۆ کردۆتەوە. لە کاتێکدا ئەم وشانە چاپ دەکەم لە سەرمەوە لەسەر ڕەفەکان دانراون. کتێب لەبارەی یادداشتەکان و ڕووداوە ڕیزبەند کراوەکان بە پێی زنجیرە مێژووییەکەی و ژیانی سۆزداری و نامۆ و ئوسوولە تەمومژاوییەکانی دەوڵەمەند و بەناوبانگەکان و سەرچاوەی پەند و دروشمەکان و بنەچەی کەسایەتییە بەناوبانگەکان لە چیرۆکەکاندا، ڕێکلامە بەش بەش کراوە نامۆکان، یەکەمەکان، ئەفراندن و داهێنانەکان، ئینسکلۆپیدیاکانی تاوان و چیرۆکەکانی گۆرانی ... تاد. هەموویان بەشدار بوون لەوەی چیرۆکە هەواڵ و ستوونە ڕۆژنامەنوسییەکان بە بڕگەی کورتی بە سوود دەوڵەمەند بکەن، هەندێ جاریش بابەتی پێویستی وتارێکی تەواوی ڕۆژنامەنووسیی دەستەبەر کردووە.

## چیرۆکە هەواڵەکان
## لە ڕۆژنامەکانی دیکە وەک سەرچاوە

شتێکی ئاساییە داوات لێ بکرێت چیرۆکە هەواڵێک شی بکەیتەوە کە لە ڕۆژنامەیەکی دیکەدا بڵاوبۆتەوە، شتێکی هاوشێوە بنووسی. پێویستە هەوڵ بدەیت تێی بپەڕێنیت و هەمان شت دووبارە نەکەیتەوە. ئەگەر سەرچاوەیەکی تازەی زانیاریت دەست نەکەوت بۆ پاڵپشتی و دووپاتکردنەوەی چیرۆکەکەت، کەچی سەرۆکەکەت سوورە لەسەر ئەوەی بینووسی، لە سەرچاوە ڕەسەنەکەوە زانیاری وەربگرە و لە بیری نەکەیت کە ئاماژە بە ڕۆژنامەی سەرەتا بکەیت.

ئەو سەرچاوە نووسراوەی کە پێویستە بە وریاییەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت، پارچە ڕۆژنامەییەکانە. تەنیا بە بڵاوبوونەوەی هەواڵێکی چاپکراو مانای وا نییە دروست و ڕاستگۆیە، لەوانەیە دواتر ئەوەی بە ڕێوشوێنێکی یاساییدا تێپەڕ بووبێت، ڕاست کرابێتەوە، ئەمەش لەسەر ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و هی دیکە لە بنەمای داتاکان جێبەجێ دەبێت.

لەو دەستەواژەیە وریابە کە دەڵێت "هەموو سەرچاوەکان ئەم هەواڵەیان باس کردووە، کەواتە دەبێت ڕاست بێت". زۆر جار ڕاستگۆ دەبێت، بەڵام پشتی پێ مەبەستە. لە پاییزی ساڵی ١٩٨٩ کاتێک چیکوسلۆڤاکیا (پێشوو) لە لێواری "شۆڕشی مەخمەڵی"دا بوو، خانمێکی گەنج ئاگاداری پەیامنێرە ڕۆژنامەنووسەکانی کردەوە، کە چەند ئەفسەرێکی پۆلیس لە قوتابییەکیان داوە بە ناوی مارتن سمید و کوشتوویانە. چیرۆکەکە لە ناوخۆدا بڵاو بووەوە، خەڵک سەردانی ئەو شوێنەی دەکرد کە قوتابییەکەی تێدا گیانی لە دەست دابوو. ئاژانسی "ڕۆیتەرز" چیرۆکەکەی بڵاو کردەوە و ئاژانسی ڕۆژنامەنووسی فەرەنسیش ئاماژەی بەوەدا کە سێ گەنجی دیکەش کوژراون.

ئاژانسی "ئەسۆشێیتد پرێس" نەیتوانی چیرۆکەکەی دەست بکەوێت. بەڕێوەبەرانی بەشی هەواڵەکان لە بەڕێوەبەری نووسینگەی پراگ تووڕە بوون و داوایان لێ کرد بە پەلە وردەکاری چیرۆکەکەیان پێ ڕابگەیەنن و بگەنە پەیامنێرەکانی دیکە. بەڕێوەبەری نووسینگەکە ئۆندرێ هیما، گیتارژەن بوو، ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ موزیکی "ڕۆک"ی تێکەڵ کردبوو، لە هەردوو بواردا سەرکەوتوو بوو. ئەو باوەڕی نەکرد بەو ڕاپۆرتانەی لەبارەی قوتابییەکە بڵاوکرابوونەوە، دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد. لەگەڵ خێزانەکەی کە پزیشکە، دەستیان کرد بە گەڕان لە نەخۆشخانە و ژووری توێکارییە ناوخۆییەکان، بۆ ئەوەی ئەو کەسە بدۆزنەوە کە سمیدی چارەسەر کردووە، یان لاشەی توێکاری کردووە. ئۆندرێ هیچ بەڵگەیەکی نەدۆزییەوە کە چیرۆکی سمید بسەلمێنێت و دوای چەند ڕۆژێک ئاژانسەکانی ناچار کرد و ناچار بوون هەواڵی کوژرانی کەسێک بە ناوی سمید لەسەر شۆستەکانی یەکێک لە شەقامەکانی پراگ بە درۆ بخەنەوە.

**سەرچاوە:**

**الصحفي العلمي، ديفيد راندال، ت: معين امام، دار العبيكان للنشر، ٢٠٠٨، السعودية.**

# پێویستە ئەکادیمیای زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان کارا بکرێت

د. ئازاد عوسمان
(ئەڵمانیا)

ئەگەر سەرۆکایەتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بیانەوێت، زمانی کوردی بە شێوەیەکی دروست بپارێزرێت و پێش بکەوێت و زمانی نووسینی ستانداردی کوردی لەلایەن شارەزا و پسپۆڕانەوە، واتە زمانەوان و زمانزانانی لێهاتوو داببن بکرێت، دەبێت دامەزراوەیەک، یان ئەکادیمیایەکی زانستی تایبەت بەم مەبەستە لە هەرێم بە کردەوە و بەشێوەیەکی کارا هەبێت، کە لە رێگەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بەردەوام و لەبەرچاو، ئەم ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییە پیرۆزە جێبەجێ بکات، چونکە بڵاوبوونەوەی هەڵەی زمان لەلایەن نووسەر و رۆژنامەنووس و کارمەندی تەلەڤزیۆنەکان و مامۆستا نەشارەزاکان لە بواری زماندا بووەتە هۆی شێواندنی زمان و تەگەرەیەکی سەختترکردنی بەدیهێنانی زمانی ستاندارد، هەروەها دەشبێتە هۆی پتر دوورکەوتنەوەی دیالێکتەکانی (زارەکانی) زمانی کوردی لە یەکدی بەشێوەیەکی بەردەوام و ترسناک.

ئاشکرایە کە زمان، واتە شێوەی ستاندارد، گرنگترین فاکتەری نەتەوە و هۆشیاری نەتەوەییە و بناغەی یەکیەتی نەتەوەیی ستراتیجی و کیانی نەتەوەیی سەربەخۆیە، بۆیە نەبوونی زمانی نووسینی کوردی هاوبەش (ستاندارد) تا ئێستا، هەرچەندە نزیکەی نۆزدە ساڵە بەشێکی گەورەی کوردستانی باشوور ئازاد و نیمچە سەربەخۆیە، گەورەترین کەموکورتییە لە بواری رۆشنبیری و هێمایەکی دیاری کەمتەرخەمی سەرکردایەتی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەم بارەیەوە، بەتایبەتی وەزارەتی رۆشنبیری و کۆڕی زانیاری پێشانی کوردستان و ئەو ئەکادیمیایەی ئێستا جێگریەتی! بۆیە ئەنجامدانی ئەم کارە، واتە چارەکردنی ئەم گرفتە گەورەیە

ئەرکێکی بنەڕەتی ئەم چوار لایەنەیە و کەمتەرخەمی پتر لەم بارەیەوە هیچ پاساوێکی نییە و بەهیچ شێوەیەک پەسەند نییە، چونکە زیانێکی یەکجار گەورەی بۆ کورد و کوردستان دەبێت.

ئەم گرفتە مەزنە بووەتە هۆی ئەوەی تا ئێستا دوو زاری (دیالێکتی) کوردی، واتە زاری باکوور و زاری ناوەڕاست (کرمانجی و سۆرانی)، شان بە شانی یەکدی بۆ نووسین لە: فێرگە (قوتابخانە و پەیمانگە و کۆلێجەکان) و دەزگا و بلاوکراوەکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوەکانی حکومەت بەکاربهێنرێن، سەرباری ئەمەش بە هەڵەیەکی زۆر، هەم لە بواری ڕێزمان و هەم لە بواری ڕێنووس! بۆ دڵنیایی بوونیش لەم هەڵە کوشندانە: دەتوانرێت سەیری زۆربەی کتێب (دکتۆرانامە و ماستەرنامە) و گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتەکانی ئینتەرنێت و بەرنامە و مانشێتی تەلەڤزیۆنەکان بکرێت.

لێرەدا چەند نموونەیەک لە هەڵەی بڵاوبووەوەی ناپەسەند لە بواری ڕێزمان و ڕێنووس- کە زمان دەشێوێنن- دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیز:

- زۆر لە نووسەران (د)ی کەوتوو لە (ناو و ئاوەڵناو و کرداری ڕانەبردوو)، هەم لە زاری سۆرانی و هەم لە زاری کرمانجی، لەبەرچاو ناگرن و بە هەڵە پەیڤەکان وەک شێوازی ئاخافتن (قسەکردن) دەنووسن! بۆ نموونە لە زاری سۆرانیدا دەنووسن: «خوا، بەغا، منالٚ، ئەخوێنم، جێ بەجێی ئەکا، لەجیاتی خودا، بەغدا، جێبەجێی دەکات، یان لە زاری کرمانجیدا دەنووسن: زەر، سار، پر، کارکردن، لە جیاتی زەرد، سارد، پرد، کارکردن»، چونکە (د)ی کەوتوو (یان هەر تیپێکی دیکەی گۆڕاو، یان جێگۆڕکێ پێکراو) لە ئاخفتن نابێت لە نووسیندا پشتگوێ بخرێت، وەک زۆربەی زمانانی دنیا.

- زۆر لە نووسەران و هەندێک لە مامۆستایانیش تیپی (ئامرازی) بەستنەوە: (و) بەهەڵە بە (وە) دەنووسن!، بەڵام (وە) عەرەبییە، بۆ نموونە بە کوردی دەگوترێت: ژن و پیاو، دۆت و کوڕ، دەچین و دەگەڕێین و دێینەوە..تاد. زۆر جاریش نازانن ئەم تیپی (و)ی بەستنەوەیە لە پێش فاریزە، یان لە پاش فاریزە، یان لە جیاتی فاریزە دادەنرێت.

- زۆر لە نووسەران (بە زاری سۆرانی) لە نووسینی کردار بۆ ناوی (کۆ) زۆربەی جار بە شێوەی (تاک) دەینووسن، بۆ نموونە دەنووسن: «کێشەکان خەریکە چارە دەکرێت» لە جیاتی (کێشەکان خەریکە چارە دەکرێن)، چونکە کێشەکان (کۆ)یە نەک (تاک)! و ئامرازی کۆتایی پێهێنانی (کۆ)ش پیتی (ن) نەک (ت)، بۆیە ئەم هەڵەیە یەکجار ناپەسەندە.

- زۆر لە نووسەران (بە بنزاری بادینی) لە نووسینی ناوی (کۆ) زۆربەی جار بە پیتی (ت) کۆتایی دەهێنن لە جیاتی (ن)، بۆ نموونە دەنووسن: «گوندێت دهۆکێ» لە باتی «گوندێن دهۆکێ»، بە پێچەوانەی بنزارەکانی دیکەی زاری کرمانجی و زاری سۆرانی، بۆیە ئەم هەڵەیەش ناپەسەندە.

- هەموویان دەبینین لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی هەرێم هەر تەلەڤزیۆنە و زاراوەیەک بۆ بەرنامەی بڵاوکردنەوەی (هەواڵ) بەکاردەهێنێت: یەکێک دەنووسێت (هەواڵەکان)، یەکێکی دیکە دەنووسێت (دەنگ و باس)، یەکێکی دیکە دەنووسێت (نووچە) و یەکێکی دیکە لە هەر دیالێکتێک زاراوەیەکیان بەکاردەهێنێت و وەک ئەوەی دوو زمان بن! کەچی لە هەموو زمانەکانی جیهان تەنیا یەک پەیڤ بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە بە عەرەبی (الأخبار)، بە فارسی (خبرها)، بە ئینگلیزی (News)، بە ئەڵمانی (Nachrichten)... تاد!، بۆیە ئەم ناکۆکییە زۆر نالۆژیکییە (نامەنتیقیە).

(چارەکردنی ئەم جۆرە هەڵە زیانبەخشانەی سەرەوە سووکترین ئەرکی ئەکادیمیای زمانی کوردییە- کە بەداخەوە کارا نییە و بەس بەناو هەیە).

- هەروەها هەڵەیەکی دیکە هەیە، کە هەم بووەتە بنەڕەتی دووبەرەکی زمانی کوردی لە هەرێم و هەم بووەتە مایەی گرفت و سەرئێشەیەکی زۆر بۆ مامۆستا و کارمەندانی وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بەڵام ئەم هەڵەیە هۆکارێکی سیاسی لە پشتەوەیە و لەلایەن هەندێک کاربەدەستی خۆپەرست و ساکار دەکرێتە سەرچاوەی کێشە و هەرا لەگەڵ مامۆستا و کارمەندان لەم لاو لەو لا. بۆ نموونە: تا ئێستا لە سلێمانی و گەرمیان بەکارهێنانی وشەی (قوتابی) و (قوتابخانە) و لە هەولێر و دهۆک وشەی (خوێندکار) و(خوێندنگە) تابوو (حەرام)، یان بڤەیە، لە هەردوو لا مامۆستا لەسەر بەکارهێنانی وشەکان سەرزەنشت کراون، یان بە توندی سەرنجیان بۆ ئەم «نالەبارییە» لەلایەن هەندێک

کاربەدەستەوە ڕاکێشراوە! هەروەها بەکارهێنانی وشەی (قوتابی)، یان (خوێندکار) بە تەنیا زۆرجار جێگەی سەخڵەتییە (ئیحراجە) بۆ مامۆستاکان لەناو پۆلی فێرگە (بەتایبەتی لە زانکۆ و پەیمانگەکان)، چونکە ڕەنگە هەندێکیان نیگەران ببن. چارەکردنی ئەم هەڵەیە و دەردەسەرییەکانی لە پلەی یەکەم لە ئەستۆی سەرکردایەتی هەردوو حزبی گەورەی دەسەڵاتدارە، چونکە پەیوەستە بە ویستی وان و پێویستی بە بڕیارێکی سیاسی ڕاستکەرەوەی هەردوو لا هەیە، ئەگەر نا ڕاست ناکرێتەوە و هەروا دەمێنێتەوە و ئۆباڵیشی لە ملی وان دەبێت، ئەمە ڕاستییەکی ئاشکرا و گرفتێکی ڕۆژانەیە، بۆیە ئەگەر سەرکردایەتی هەردوو حزب بیانەوێت ئەم هەڵەیە زمانتێکدەر و دووبەرەکی سازکەوە ڕاست بکرێتەوە و ئاکامە نەرێنییەکانی لەناوببردرێن، دەبێت یەکسەر لەم بارەیەوە دەست بەکاربن. بێ گومان ئەگەر ئەکادیمیای زمانی کوردی کارا بکرێت، دەتوانێت ئەم هەڵە ناهەموارەش چارە بکات. لێرەدا، بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکەین، وەک زۆربەی زمانانی جیهان: وشەی قوتابی تەنیا بۆ (تەلەبەی) سەرەتایی و ئامادەیی بەکاربهێنرێت و وشەی خوێندکار تەنیا بۆ (تەلەبەی) زانکۆ و پەیمانگە و ئەکادیمییەکان بەکاربهێنرێت، وەک ئینگلیزی (pupil, student)، ئەڵمانی (Schueler, Student)، فارسی (دانش آموز، دانشجو)... لەم حاڵەتەدا دەکرێت ناوی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان ببێتە: یەکیەتی قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان و ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ببێتە کۆمەڵەی خوێندکاران و قوتابیانی کوردستان...تاد. هەروەها دەکرێت بۆ (مەکتەب) لەجیاتی (قوتابخانە) و (خوێندنگە) وشەی (فێرگە) بەکاربهێنرێت، کە لە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکان، بۆ نموونە (فەرهەنگی کوردی- فارسی هەژار موکریانی) ئەم واتایە دەگەیەنێت و لە هەردووکیشیان ڕێکترە.

بەهەرحاڵ، لە پێناوی چاککردنەوەی هەڵەی بڵاوبووەوە و دانانی سنوورێک بۆ شێواندنی زمانی کوردی و چەسپاندنی دەستوورێک بۆ پاراستن و گەشەکردنی و داهێنانی زمانی نووسینی هاوبەشی (ستانداردی) کوردی لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا، دەبێت ئەکادیمیای زمانی کوردی لە هەرێم، کە بەم نیازەش دامەزرێندراوە، کارا بکرێت، تاکو بشێت لە ئاستی ئەم لێپرسینەوە مێژووییە بێت و بتوانێت ئەرک و کارەکانی بە کردەوە و بە ڕێکوپێکی ئەنجام بدات. بەرپرسیاریەتی کاراکردنیشی لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

# «شێرکۆ بێکەس» لەحەفتا پەنجەرەی گەڕۆکدا

**فەرامەرز (وریا) ئاغابەیگی**
**(بۆکان)**

وەک دەزانین هەر خوێنەرێک بە ڕادەی بیر و تێگەیشتنی خۆی دەتوانێت بچێتە نێو دنیای شیعرەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر چەند لایەنەبوون، یان بەربلاوی شیعر. دیارە شیعریش هونەرێکی پڕ وردەکارییە و بە ئاسانی ناخولقی، بەڵکو شاعیر بۆ هەر شیعرێک ژانی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچی لەناو دڵی کۆمەڵدایە لە بواری نیشتمانی، ئەویندارى، کۆمەڵایەتی و.. لەناو دڵی شاعیریش ڕەنگ دەداتەوە، کەوابوو شاعیر ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و هومێد و بیری خەڵکە و ڕۆڵێکی گرینگی لەنێو خەڵکدا هەیە و زۆرجار نەتەوەیەک بە شاعیرێکەوە دەناسن.

لەم نووسراوەیەدا چەند شیعرێکم لە «حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک»ی شێرکۆ بێکەس هێناوەتە بەر باس تا وەک دەلاقەیەک بۆ هونەری شاعیری کەڵکیان لێ وەربگیرێت، هەڵبەت ئەوە بۆچوونی خۆمە و هەر چەشنە بۆچوونێکی دیکە جێی ڕێزە.

شاعیر لە شیعری هەوەڵیدا دەڵێ:

**ئەمڕۆ لەم شارەدا ئەمڕۆ**
**هەورە کچێ**
**بەر لەوەی هێشتا بباری**
**لە باڵکۆنێکی سەوزەوە خۆی خستە خوار.**
**ئاخ! ئاسمانیان لەسەر داخست!**
**هەورە کچێ لەسەر باڵکۆن**
**چاویان لێبوو:**
**وەک هێرۆی سپی دەرکەوت و**
**لەخوارەوەیش هەڵیچوڕکا و**
**بوو بە پەڕەی سوورە گوڵی**
**جادە و بەرپێ!.**
**هەورە کچێ!.**
ل(٧)

لەم شیعرەدا شوبهاندنی «کچ» بە «هەور» تەشبیهێکی جوان و سەرنج ڕاکێشە، کچێ کە بە ئەندازەی هەور بەخشدەیە و سپی، پڕ لە ئاواتی ڕەنگاو ڕەنگ، ئێمە لەگەڵ ناخی شیعرەکە دەکێشێتە پێشێ. لە ڕستەی دواییدا شاعیر دەڵێ «بەرلەوەی هێشتا بباریٚ» دیارە ئەم ڕستەیە هەواڵێکی ناخۆشی پێیە. دەزانین ئەم هەورە کچە «بارینیان» لێ هەستاندووە، یان دەرفەتی بارینیان پێنەداوە. هەورە کچێ کە سەرەڕای ئەم هەموو ئاواتەی، خۆی لەسەر باڵکۆنی سەوزی ژیان و تەمەنەوە دەخاتە خوار.

«ئاخ! ئاسمانیان لەسەر داخست!» ئەم ڕستەیەش پێمان دەڵێت کە پەنجەرەی ژیانیان لێ بەست و بە



**شێرکۆ بێکەس**

ناهومێدییەوە سەری نایەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە تەنیا شاعیر چاوی لێ نییە، بەڵام تەنیا شاعیر بەم جۆرە غەم دایدەگرێت و دەینووسێتەوە. «چاویان لێبوو» کە چۆن بە وێنەی هێرۆیەکی سپی- بێ تاوان لە داخا- خۆی خستە خوار و چۆن پەرپەڕ و پێخوست بوو، چۆن تەمەنی فەوتا و هیچ خۆشییەکی لەژیان نەدی. ئەو هەورە کچەی کە وەک هەورە کچانی دی، دەیتوانی بژیت و بۆ دنیا پێویست بێ.

لە دواییدا شاعیر بە هێنانەوەی «هەورە کچێ» باری مانایی ئەم بەسەرهاتە بە تەواوی دەگەیەنێ، یانی لەبیرتان نەچێ «هەورە کچێ» کە سەرڕێژەی پاکی و بارین و ژیان بوو! هونەری شاعیر لە پێشاندانی ئەم تابلۆیە گێڕانەوەی بەسەرهاتێکە کە ئامرازی تەنیا وشە و هەستە.

**دەتوانین ئەم شیعرە بەم شێوەیە نیشان بدەین:**

١- کچ ⟵ ئارەزوو
٢- نەبارین ⟵ بە ئارەزوو نەگەیشتن
٣- باڵکۆن (ئاسمان) ژیان و تەمەن ⟵ وەک نومادێک بۆ مەودای ژیان و تەمەن
٤- ئاسمان لەسەر داخستن ⟵ ناهومێد کردن
٥- خوارێ ⟵ شوێنێ کە ویستی دڵ نەبێ
٦- هێرۆی سپی ⟵ نومادی پاکی
٧- بوون بە پەڕەی سوورە گوڵی جادە و بەرپێ ⟵ ناکامی

لە شیعری (٣)دا دەڵێ:

**شەوێکی گەش و زیوین بوو**
**لە ناکاوێ**
**ملوانکەکەی پچڕایەوە!.**
**ئیتر هەموو لەژێر مێزدا**
**بۆ دەنکەکانی ئەگەڕاین.**
**من ئەمویست تەنها ئەو دەنکە بدۆزمەوە**
**کە ئەمبینی هەموو جارێ**
**لە دەرزی نێوان مەمانی**
**ئەودا ئەنوێ!**
(ل٩)

لەم شیعرەدا باس لە پچڕانی ملوانکەیەک دەکرێ، دیارە ئەم ملوانکەیە وەک نومادێک کەڵکی لێ وەرگیراوە بۆ هەموو وڵاتانی جیهان کە هەر کەس وڵاتێکی وەبەر دەکەوێت، یان بە دڵخوازی خۆی وڵاتێک هەڵدەبژێرێ. شاعیر دەڵێ دەمویست ئەم نیشتمانە بدۆزمەوە کە لە منداڵیمەوە لەنێوان لەمپەردا هەر لە ئازار و نارەحەتیدایە. جا لێرەدا شاعیر بە خوڵقاندنی تابلۆیەکی خەیاڵی، ئاماژە بەوە دەکا کە دەنکە مووری دەرزی نێوان مەمک هەمیشە بایەخی زۆرترە لە ئاست دەنکە مووری دیکە و بەشێوەیەکی نهێنی دەڵێت کە کوردستان ئەم دەنکە جوانەی نێوان دەرزی مەمکە کە هەمیشە دڵبزوێن و لەبەرچاوە.

دەتوانین ئەم شیعرە بەم شێوەیە نیشان بدەین:

١- ملوانکە ⟵ وڵاتانی دنیا
٢- مێز ⟵ نومادی هەموو دنیا
٣- دەنکی ملوانکە ⟵ وڵاتانی جیاواز لە یەک
٤- مەمک ⟵ سنووری نێوان وڵات

لە شیعری (٤٣) دەڵێ:

**لە گەڕەکی «سپییەوە»**
**ماڵمان چووە گەڕەکی «ڕەش»**
**لەولا منداڵیم و یاری و پێکەنینم**
**لە کۆڵانی مانگە شەودا جێهێشت و لەم لایش دایکم**
**لەدوای باوکم**
**لە خۆڵەمێشی ژوورێکدا**

**بوو بە قەقنەس**
**لە گەڕەکی «ڕەش»یشەوە**
**گواستمانەوە گەڕەکی سەوز**
**لەولا تەنیایی و بێبەشیم**
**لە هۆدەیەکی گریاودا بەجێهێشت و**
**لەم لایش باڵای کچێکی جوان**
**بوو بەیەکەم سەرووی هەڵبەست.**
**لە گەڕەکی «سەوز»یشەوە**
**ماڵەکەمان گواستەوە بۆ گەڕەکی سوور**
**لەولا گۆرانی و ژوان و چاوی یارم بەجێهێشت و**
**لەم لایش ئیتر تفەنگ و شاخ و سەنگەر و**
**باڕووت و دووکەڵ هاتن و**
**خوێن بوو بە یاری سیاسەت!**
**من ئێستاکە ماڵەکەم وا لەناو گەڕەکێکی زەرددا و**
**لە کۆڵانی پاییزێکدا نیشتەجێم و**
**ئاوێنەکانی یادگار... دەوریان گرتووم**
**سەیرم ئەکەن.. سەیریان ئەکەم**
**بەر لەوەی بۆ دوا جار بگوێزمەوە**
**بۆ گەڕەکە نادیارەکەی**
**شاری عەدەم!**
(ل٧٥- ٧٧)

ئەم شیعرە نموونەیەکی جوانە لە ژیاننامەی شاعیر، شاعیر بە زمانی شیعر توانیویە «ژیاننامەیەک» بنووسێ، بێ ئەوەی درێژدادڕی بکا و تاقەتی خوێنەر بەرێ، بەکورتی و بە یارمەتی هەست و خەیاڵ و شۆڕبوونەوە بە ڕابردوویدا، ئێمەی لەگەڵ ژیان و بەسەرهاتی خۆی، ئەگەر نەڵێین زۆر، تا ڕادەیەکی باش بەهرەمەند کردووە.

لەم شیعرەدا شاعیر باس لە پێنج قۆناخی تەمەنی دەکا کە بەسەرهەڵدانی هەر قۆناخێکی تازە، قۆناخێکی کۆن بەجێ دێڵێ و پێ دەنێتە بەشێکی نوێ لە ژیانێکی تر. بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیر بە شێوەی ڕەمزی، ئاڵوگۆڕی تەمەن و ژیانی بە گواستنەوەی گەڕەک شوبهاندووە، هەروەک چۆن گواستنەوەی ماڵ لە گەڕەکێک بۆ گەڕەکێکی تر تایبەتمەندی خۆی هەیە، تێپەڕبوونی تەمەنیش لە قۆناخێک بۆ قۆناخێکی تر دیارە تایبەتمەندی خۆی هەیە، یانی هەر بەشێک لە تەمەنی، جێ شوێنی هێندێ بەسەرهاتە، کە ئینسان لەگەڵی گەورە دەبێ.

گەڕەکەکان بریتین لە:
سپی ⟵ ڕەش ⟵ سەوز
سوور ⟵ زەرد ⟵ گەڕەکە نادیارەکەی شاری عەدەم.

هەوەڵین گەڕەک، گەڕەکی سپییە




شاعیر بەهێنانی وشەی «پێکەنین» و «یاری» دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێت کە دەوری منداڵی وەک پێکەنین و یاری، مەودای کەمە، تا چاو دەکەیتەوە تێدەپەڕێ، هەروەها بە هێنانی وشەی «مانگە شەو» دەیەوێ بڵێ کە دەوری منداڵی دەورێکی (گەڕەکێکی) خەیاڵاوی و بێ غەم بووە.

لە گەڕەکی دووەم بەسەرهاتێکی تاڵ لە ژیانیدا دەقەومێ. بەسەرهاتێک کە هەر وشەی «ڕەش» بە تەنیا دەتوانێ هەستی شاعیر بگەیەنێت و پێمان بڵێ کە لەم دەورەدا- سەردەمی مێرمنداڵی شاعیر لە دەستدانی باوکی تەجروبە دەکا. لە گەڕەکی «ڕەش»دا شاعیر دوو بەسەرهاتی گەورەی بەسەر دێ: غەم و تەنیایی غەم بۆ لە دەستدانی دەوری منداڵی و یاری و پێکەنین. تەنیایی لە دوای باوکی لە ئاوێنەی ڕوحی دایکییەوە.



لە گەڕەکی «ڕەش» هەر خۆی ئازاری لەدەستدانی باوکی هەست پێ ناکا، بەڵکو غەمی دایکیشی دەبینێ کە چۆن لە شوێن ئەودا تەنیا ماوەتەوە و لە دەروونەوە سووتاوە.

لە گەڕەکی ڕەش شاعیر ماڵ و دەوروبەری بە هۆدەیەک دەزانێ کە هەر گریانی تێدا دەبینرێ و ئەم بەشەی ژیانی کە پڕە لە تەنیایی و بێ بەشی، لە یادگەیدا ماڵێکی سەرڕێژی گریان بەجێ دێڵێ و پێ دەنێتە گەڕەکێکی تر لەمەودای ژیانی.




گەڕەکی سەوز، گەڕەکێک کە شاعیر لەودا هەست بە دۆزینەوەی سەرپەنایەک بۆ هەستی غەمباری خۆی دەکا تا کەمێ لە تەمی دەردی، لەوێ بڕەوێ. گەڕەکی عاشق بوون. گەڕەکێ کە وەک منداڵی پڕ لە جوانی و هومێد و ئەوینە. گەڕەکێک کە لەوێدا دەتوانێ پشوویەک بدا و هەست بە سێبەری هاوڕێیەک بکا، بەڵام بەداخەوە ئەم گەڕەکەش وەک خەونێک دەبێ بەجێ بێڵێ و ماڵئاوایی لێبکا و هەنگاو بنێتە گەڕەکێکی تر لە ژیانیدا. گەڕەکێک کە پڕە لە سەختی و هەوراز و نشێو و ماندووبوون. گەڕەکێک کە زۆر لەگەڵ ئەوانی تر جیاوازە و مەیدانی شەڕ و خەباتە.




ئاخرین گەڕەک، گەڕەکی پیرییە. «پیری» کە وەک زەرد بوونی درەخت دەوری داوە و کۆڵانی پاییز بۆتە گەڕەکی نیشتەجێیی.

شاعیر بەهێنانەوەی وشەی «نیشتەجێ» باس لەوە دەکا کە کەوتۆتە دەوری پیری و ئەم گەڕەکانەی وا تەجرووبەی کردوون، ئاوێنەی ئەون و ئەویش ئاوێنەی ئەم گەڕەکانەیە وا تێیاندا ژیاوە و ڕایبواردووە.

ئاوێنەکانی یادگار ⟵ نومادێک بۆ بەسەرهاتی دەوری ژیانی




لە شیعری (٤٨)دا دەڵێ:

**منی درەختی قەسیدە**
**هەر جارێ بەلای «هەژاری»دا تێپەڕم**
**بەلای ژنە فرمێسکێکدا**
**بەلای چۆلەکە منداڵێکی کەسیرەدا**
**بەلای ئاوێکی سیس و غەمباردا**
**یان گەڵای حەرفێ، یان چڵی وشەیەکم**
**یاخود لقی ڕستەیەکم**
**قرچەیەکیان لێوە دێت و ئەشکێنەوە.**
**من حاڵی حازر بێ لق و پۆپ ئەڕۆم**
**بەڵام وا قرچە قرچەکان**
**گەیشتوونەتە هەناوم**
**هیچ درەختێکیش بە وەسێت نەمردووە**
**بەڵام گەر بەلادا هاتم**
**تکام وایە منی درەختی قەسیدە**
**لە گردی خەمدا بنێژن!**
(ل٨٤ و ٨٥)

لێکچواندنی خۆی (شاعیر) بە درەختی قەسیدە، فرمێسک بەژن، منداڵ بە چۆلەکەی کەسیرە، حەرف (پیت) بە گەڵا، وشە بە چڵ، ڕستە بە لق دیمەنێکی جوان لە تابلۆی زەیندا دەخوڵقێنێ. ئەم نواندنانە هەموو تازە و خەیاڵاوین و خوێنەر دەبەنە لەزەتی (چێژی) فیکرییەوە. شاعیر دەڵێ بە دیتنی فرمێسک، منداڵی کەسیرە، ئاوی سیس و خەمبار وجوودم ژانی پێدا دێت و لەناخی دڵمەوە هەستی پێ دەکەم و ئازای ئەندامم تێک دەشکێنێت.

(ژنە فرمێسک) دەگەڕێتەوە بۆ ← (گەڵای
حەرفێ) ← پێوەندی پیت و فرمێسک ← گەڵا
(چۆلەکە منداڵێکی کەسیرە) ← چڵی وشە
← پێوەندی چڵ و چۆلەکە ← چڵ.
(ئاوی سیس و غەمبار) ← لقی ڕستە (دێڕ)
← پێوەندی لق و ئاو (لق بێ ئاو سیس دەبێ) لق
گەڵا و چڵ و لق = درەخت.

شاعیر دەڵێ ئێستا گەڵا و چڵ و لقم پێوە نەماوە تا بکەونە بەر قرچەی «هەژاری»، دەردی هەژاری گەییوەتە جەرگ و هەناوم و وا هەست دەکەم دەردم کارییە، بەڵام دوای مەرگیشم دوورم مەخەنەوە لە هەژاری و هەر لە جێ شوێنی خەم بمنێژن.

لە شیعری (٦٥)دا دەڵێ:

**وا سێ کەشتی**
**خەریکن بگەنە بەندەر**
**ئێمەیش لەبەر (با)یەکی زۆر شپرزەدا**
**بووین بە چرا و ڕاوەستاوین.**
**هەریەکە و بە تەمای کەشتییەکەی خۆیەتی.**
**هەریەکە و چاوەڕێی داهاتووی خۆیەتی.**
**هەندێک بۆ ئەو کەشتییەیان**
**چەک و جبەخانە و زێڕ و**
**فڕو فێڵ و**
**سیاسەتی بار کردووە.**
**هەندێکی ترمان بە تەمای ئەو کەشتییەی**
**ئاوریشم و قوماش و بۆن و**
**ملوانکە و موستیلە و گوارە و**
**پووت و پاڵتۆی بار کردووە.**
**ئێمەیش بە تەمای سێیەمیان**
**کە ژن و منداڵ و دەزگیران و ماچ و**
**گۆرانی و شیعر و مۆسیقای**
**خۆشەویستی**
**سوار کردووە!.**

(ل١٢٢ و ١٢٣)

لەم شیعرەدا ژیانی هەر تاقمێک لە خەڵک، بە کەشتییەک شوبهێندراوە، یانی هەر تاقمێک، لە دەریای تەمەنیدا، کەشتییەک هەڵدەبژێرێ، یان بە واتایەکی تر هەر کەشتییەک جۆرێک ژیان هەڵبژاردنە و بەندەریش ئەو بەشەی ژیانە وا شێوازی ژینی تێدا هەڵدەبژێردرێ کە ئاستی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیش زۆر گرینگ و ئەستەمە، وەک چرا و بایەکی توند دەبێ لە بەرابەر یەکدا ڕاوەستێ کە ئەم بەرابەرییەش، وێنەیەکی هونەری و جوان لە وێنە سازییە. نزیک بوونەوەی کەشتی بۆ لای بەندەر و چاوەڕێ بوونی هەر تاقمێک بۆ کەشتی ویستی خۆی، شێوازی ژیان بەجوانی لەبەرچاو دەکێشێتەوە کە چەند جۆر ژیان لەناو خەڵکدا هەیە، هێندێک چاوەڕێی ئەو کەشتییەن وا باری چەک و جبەخانە و زێڕ و فڕ و فێڵ سیاسەتی لێ ناوە، یانی ئەم تاقمە ژیانیان لەم شێوازەدا هەڵبژاردووە و بیریان بە ئەم شتانە بەستراوەتەوە. تاقمێک بەهیوای ئەو کەشتییەن وا ئاوریشم و قوماش و بۆن و ملوانکە و موستیلە و گوارە و پووت و پاڵتۆی بار کردووە کە ئەم تاقمەش، چاوەڕێ بوونیان بۆ ئەم کەشتییە، جۆری ڕوانینیان بۆ ژیان دیاری دەکا. دەستەیەکیش- کە شاعیریش لەم دەستەیە دایە، بەتەمای کەشتییەکن کە باری، ژن و منداڵ و دەزگیران و ماچ و گۆرانی و شیعر و مۆسیقای خۆشەویستییە. دیارە لەباری کەشتی سێیەمدا، هەست و سۆز و جوانی و پاکی و ڕاستی بە جوانی دەبیندرێ کە لەوانی تردا هەست پێ نەدەکرا. شاعیر لە هێنانەوەی ئەم سێ جۆر چاوەڕێ بوونە، دەیەوێ پێمان بڵێت کە هەر تاقمێک لە خەڵک لە دنیادا بەپێی ڕوانین و هەڵبژاردنی خۆی، وەلام وەردەگرێت، داهاتووی هەر تاقمێکیش، بە چاوەڕێ بوونی هەر تاقمێک بەستراوەتەوە. «زەرف»، یان «پێوانە» گرینگ نییە، بەڵکو «مەزرووف»، یان «ناوەڕۆک» یانی چی لەم زەرفەدا- کەشتی- جێ بگرێت، گرینگە.

لە شیعری (٣٩)دا دەڵێ:

**تازە دایکم**
**بووە بە تیتراوسکێکی پیر و کزی**
**«فرجینیا» و، جارێکی تر، ناگەڕێتەوە بۆ ئێرە**
**تازە ژوورێکی دوو بە سێ**
**نیشتمانی ئەوە لەوێ.**
**کۆمەڵێ حەبی ڕەنگاوڕەنگ**
**بوونە دەستە خوشکی لەوێ.**
**تازە دایکم، جارێکی تر. ناگەڕێتەوە بۆ ئێرە**
**بەڵام ئەوە درۆی هەندێ**
**لە وڕێنەی زۆر بڵێی شەوی تەنیایی و**
**پروپاگەندەی «میحراری» ژێر زمانە و**
**بوختانی یەک دوو حەبیانە**
**گوایە دایکم ناونیشانی**
**ئاسکەکانی کانێسکان و**

**ماڵە کۆنەکەی خۆیان و**
**گۆرانییەکانی «ڕەشۆڵ»ی بیرچۆتەوە!.**
**نا نا، دایکم با بۆ خۆیشی قسە نەکات**
**پاڵ کەوتبێ و چاوی بڕیبێتە نوختەیەکی نادیار**
**سرکەیێکەی ناوچاوانی قەت واناڵێ و**
**سوخمەکەی و ڕستە بازنەکەی دەستی و**
**فەقیانەکانی و گوارەکان قەت واناڵێن.**
**خۆ کۆڵوانە مۆرەکەیشی**
**کە بەردەوام لە خۆی و لە غەریبی و**
**کوردستانیەوە پێچاوە**
**قەت واناڵێ.**
**نا نا، دایکم با بۆ خۆیشی قسە نەکات!.**
**با وەڵامیش نەداتەوە و**
**با منیش نەناسێتەوە!**
**نا نا، دایکم... .**
(ل٦٥ و ٦٦ و ٦٧)

لەم شیعرەدا چەند جوانکاری لە شێوەی «داڕشتن»، «نواندن» (تشبیە)، «دەستە وشەی مۆسیقایی» و «تەناسوب»ی جوان بەکارهاتووە کە شیعرەکەی لەباری کاریگەر بوون و شوێندانان بردۆتە سەر.

لەباری «داڕشتن»ەوە شیعرەکە بە چەشنێ، فریوی بۆچوونی خوێنەر دەدا. ئێمە کە لە هەوەڵەوە شیعرەکە دەخوێنینەوە وا دەزانین شاعیر دەیەوێ بەسەرهاتی دایکی بگێڕێتەوە، بەڵام دوای هەشت بڕگە (دێر) لە شیعرەکە، بۆمان دیار دەبێ کە «ئەوە درۆی هەندێ لە وڕێنەی زۆر بلێیی شەوی تەنیایی و پڕوپاگەندەی «میحرار»ی ژێر زمانە و بوختانی یەک دوو حەبیانە «لێرەدا خوێنەر لەگەڵ گۆڕینی زەینی کە تێکەڵ بە چێژی هونەری شیعرە هاوڕێی دەبێ. ئەگەر شاعیر دەیگوت:

**ئەوە درۆی هەندێ**
**لە وڕێنەی زۆر بلێیی شەوی تەنیایی و**
**پڕوپاگەندەی «میحرار»ی ژێر زمانە و**
**بوختانی یەک دوو حەبیانە**
**تازە دایکم**
**بووە بە تیتروسکێکی پیر و کزی**
**«فرجینیا» و، جارێکی تر، ناگەڕێتەوە بۆ ئێرە.**
**تازە ژوورێکی دوو بە سێ**
**نیشتمانی ئەوە لەوێ.**
**کۆمەڵێ حەبی ڕەنگاو ڕەنگ**
**بوونە دەستە خوشکی لەوێ.**
**تازە دایکم، جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ ئێرە.**

شیعرەکە قەت ئەوەندەی تاموچێژ نەدەبوو، کە وابوو چۆن دەست پێکردنی شیعر و گۆڕینی باری زەینی خوێنەر، دەورێکی گرینگی لە شوێندانانی شیعر هەیە.

لە بواری «نواندن» ئەم شیعرە دوو لێکچواندنی زۆر جوانی تێدا بەکارهاتووە:

کۆمەڵێ حەبی ڕەنگاو ڕەنگ → دەستە خوشک
تیترواسک (مەل) → دایک

تازەگەری لەم لێکچواندنانەدا دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر خۆی لەگەڵ هەستی شاعیر تێکەڵ بکا و زۆرتر سەرنج بداتە وێنەکانی ئەم تابلۆ پڕ نەخشونیگارە. دۆزینەوەی ڕووی وێکچوونی (وجە شبە) ئەم لێکچواندنەش دەبێتە پێوەندی زۆرتر لەگەڵ شیعرەکەدا.

لەبواری «دەستە وشەی مۆسیقایی»، یان خۆش ئاهەنگ، دەستە وشەیەکی جوانی تێدا بەکارهاتووە «ئاسکەکانی کانێسکان» ئەم دوو وشەیە لەپاڵ یەک مۆسیقایەکی خۆش بەدی دێنن و لە زەیندا دەمێنێتەوە کە بە دیهێنانێکی (خلاقیت) سەرکەوتووە بۆ شاعیر. لەم دوو وشەیەدا چوارجار پیتی «ک» چوارجار پیتی «ا» سێ جار پیتی «ن» دوو جاریش پیتی «س» دووپات دەبێتەوە کە ئەوەش دەبێتە هۆی مانەوەی ئەم دەستە وشەیە وەک نموونەیەکی مۆسیقایی و خۆش ئاهەنگ.

مەسەلەی ئاخر «تەناسوب»ە. تەناسوب لەم شیعرەدا بەشێوەیەکی جوان هاتۆتە نێو هەستی شیعرەکەوە، یانی ئەو وشانەی بەکار براون، هەر وشەیەکی ڕووت و قووت نین کە بە زۆر لە پاڵ یەک، داسەپابن، بەڵکو بە شێوەیەکی پڕ هەست و هونەری خۆیان دەنوێنن، لەگەڵ خوێنەر دەدوێن و باسی هەستێک دەگێڕنەوە.

سوخمە- ڕستەبازنەی دەست- فەقیانە- گوارە- کۆڵوانە → (ژن= دایک)

هەڵبەت «تەناسوبی ناوەرۆک»ی ئەم شیعرەش تەناسوبێکی گرینگە، یانی هێنانەوەی وشە گەلی وەک: پیر، کز، ژووری دوو بە سێ، حەبی ڕەنگاو ڕەنگ، بیر چوونەوە (فەرامۆشی)، قسە نەکردن، کەوتن لە جێدا، غەریبی، نەناسینەوە- بۆ دایک- تەواوی لەگەڵ چوارچێوەی شیعرەکە لە پێوەندیدایە، یانی شاعیر هیچ وشەیەکی زیادی تێدا بەکار نەهێناوە و هەر وشەیەک لە جێی خۆیدا بەکار هاتووە.

**سەرچاوە:**
**حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک- نووسەر: شێرکۆ بێکەس- چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٧.**

# وره‌به‌رزی له‌ تێشکاندا ڕووداوێکی مێژوویی

ناسر عه‌لییار
(بۆکان)

به‌خشین له‌پیاوی ده‌وڵه‌مه‌ند ده‌کاڵێته‌وه‌، نه‌ترسان و نه‌شێوان بۆ کابرای ئابڵۆقه‌دراو که‌ چه‌ک و چۆڵ و ده‌ست و پێوه‌ندی هه‌بێ ئاساییه‌، قسه‌ڕه‌وایی و تێ ڕاخوڕین بۆ بابای سه‌ر ده‌سه‌ڵات گونجاو و وه‌باڵ بۆ کێشراوه‌. ده‌ست که‌ره‌وه‌یی بۆ مرۆیه‌ک ده‌ره‌تانی بێ، یان هێزی به‌رانبه‌ر بارته‌قای خۆی بێ چاوه‌ڕوان کراو و جێگه‌ی تێ ڕادیویه‌.

به‌ڵام به‌خشین له‌ ته‌ک که‌م سامانیدا، نه‌شێوان بۆ کابرای ته‌نیا حه‌شامه‌ت گه‌مارۆی دابێ، قسه‌ڕه‌وایی بۆ بابای بێ ده‌سه‌ڵات، ده‌ست که‌ره‌وه‌یی له‌گه‌ڵ بێ ده‌ره‌تانی و که‌م هێزی و... جێی ڕامان و پێدا هه‌ڵدانه‌. مرۆی هه‌ڵکشاو و دانسقه‌ و که‌م وێنه‌ به‌وه‌ ده‌گوترێ له‌ هه‌لێکی مێژوویی به‌ ئیمکاناتی که‌مه‌وه‌ کاری گه‌وره‌ بکا.

پێغه‌مبه‌رایه‌تی که‌ له‌نێو ئینساناندا له‌ سه‌رووی هه‌موو مه‌زنایه‌تییه‌که‌، یه‌کێک له‌ ڕازه‌کانی هه‌ر ئه‌وه‌یه‌ زانایه‌کی ئایینی له‌ په‌سنی پێغه‌مبه‌ری مه‌زنی ئیسلام (د.خ) ئه‌و دیمه‌نه‌ی زه‌ق کردۆته‌وه‌، له‌ژێر سه‌ردێری: «ئوستووره‌ی سه‌یری هه‌یبه‌ت و شوانی» ئاوا ده‌دوێ:

**به‌ر چاو تێری له‌ ته‌ک نه‌داری...**
**ماقووڵی له‌ ته‌ک هه‌رزه‌کاری...**
**ته‌میسی به‌ شڕه‌باری...**
**بردی قسه‌ی له‌ ته‌ک هه‌تیوی...**

پیاوی گه‌وره‌ زۆر جاران سیفاتی به‌ ڕواڵه‌ت دژ به‌یه‌ک له‌ژێر حوکمی ئیراده‌ ده‌حه‌وێنێته‌وه‌.

له‌ کاتی ته‌نگانه‌و سه‌ختی و لێقه‌وماندا ناوه‌ڕۆکی بایه‌خداری ئینسان ئه‌گه‌ر هه‌بێ، وه‌ده‌رده‌که‌وێ.

با ئاوڕ ده‌ینه‌وه‌ سه‌ر ڕووداوێکی مێژوویی و که‌سایه‌تییه‌کی به‌هێز له‌ کاتی کاره‌ساتی تێکچوونی کۆماری کورد له‌ ساڵی ١٣٢٥ی هه‌تاوی ڕێکه‌وتی

١٩٤٧ی زایینی.

کاتێک کۆمار تێکچوو هەرەسی هێنا، ڕێبەرانی بڕیاری شەڕنەکردنیان دا بەرەو پیری لەشکری شاهەنشاهی چوون، عالەم کشومات بوو، ئەوانەی سەرەپەتێکیان بەدەست بوو، دڵەڕاوکێیان بوو.

هەروەک چاوەڕوانیش دەکرا لە ساڵانی زۆر لەمێژینە لە زەمانی وەزیرە چرچەڕا (ئەمیر نیزام گروسی) تاقی کرابووەوە دەسەڵات و میرایەتی تاران فێڵ و داوی هەر بووە، مەیلی کوشتنی بە دزی و بێ دەنگ و پەنامەکی هەر بووە.

لە کاتی ئەو نسکۆ مێژووییەدا گوندی حەمامیان لە باکووری ڕۆژاوای بۆکان چەند ڕووداو و قسەوباسێکی بەخۆیەوە دیوە، کە تا ئێستاش لە گوێی هەستیاراندا دەزرینگێتەوە بۆ بەرەکانی گەلی کورد لە ئێستا و داهاتوو جێی هەڵوێستە و ڕامانە.

لە ناکاو دەماودەمی ئێوارەی ڕۆژێکی زستانی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی ماشینێکی جێبی سوپا لەبەر دەرگای قەڵای لەمێژینەی حەمامیان، واتە ماڵی مەحمووداغا لە ئاغا گەورەکانی دێبوکری ڕاوەستا کە بە چەند پشت بەر لەویش هەر لەو قەڵایەدا بوون.

خەڵکی بۆرەڵوکەی لاهەڵدڕاوی دێهاتی، کە ناویان ڕەعیەت بوو ملەقوتەیان کرد، لێیان حاڵی بوو ماڵی ئاغا وەک هەمیشە میوانیان هاتووە، بەڵام ئەوجار برێک فەرقی دەکرد بەماشێن هاتبوون، کە لەو کاتدا زۆر زۆر کەم بوون، پاشان عەجەمیان لەگەڵ بوو! خۆ چەند ساڵ بوو عەجەم لە وڵاتیدا نەمابوو.

دەست و پێوەند و نۆکەر و خزمەتکاری ماڵی ئاغا دەرپەڕین. ئاغایان خەبەردار کرد، ئاغا بۆ پێشوازی ئەو میوانانە، کە هێشتا نەناسرابوون، خۆی ئامادەکرد. ماشێن پێشەوا قازی محەمەد و حاجی بابەشێخ و سەرلەشکر هومایوونی فەرماندەی گشتی هێزەکانی دەوڵەت بۆ گرتنەوەی کوردستانی لێ هاتەدەرێ. کوڕە ئاغا ڕاچەنین و دەرپەڕین، یەکیان بە دیتنی پێشەوا نەڕاندی: بژی پێشەوای موعەززەمی کوردستان بە دیتنی سەرلەشکر گورج بای داوە نەڕاندی: بژی سەرلەشکر هومایوونی، سەرلەشکر زەردەخەنەیەکی کەوتە سەر لێوی گوتی: «فاتمەرا خوب قاتمەزدی» مەسەلێکی فارسییە مانای شتەکەت چاک پینەکرد.

پێشەوا کە زۆر هاتبووە ئەو دیوەخانە، گورج بە پلیکانانداوەسەرکەوت، ئەوانیش بەدوویدا. فەقێکانی حەمامیان کە هیچ کات لە دە کەس کەمتر نەبوون، سەرا سوێیان دا. لەیەکیان دەپرسی پێشەوا وەپێش کەوت، یان سەرلەشکر، کە بیستیان پێشەوا وەپێش کەوتووە شادمانیان کرد و دڵخۆش بوون، کە ڕەنگە ئەو ڕێککەوتنەی حکومەتی کوردی و حکومەتی تاران قازانجی کوردی هەر تێدابێ، پێشەوا هەر ئازیز و ڕاوێژکار و کاربەدەست بێ.

تومەز بێ ئەوەی کەس بزانێ سەرلەشکر لە میاندواو ڕا بڕیاری داوە لەگەڵ ئەو دوو نێچیرەی شەو لە جێگایەکی هێمن ڕۆژکاتەوە، بۆیە ڕووی لە حەمامیان کرد، کە مەکۆی بنەماڵەی حاجێلخانی لە عەشیرەتی دێبوکریە. ڕەنگە لەبەر دوو مەبەست بووبێ؛ مەبەستی یەکەم جێی مانەوەیان شوێنێکی قۆرغ و حەشاربێ، دووەم دڵدانەوە و ڕێزلێنان لە بنەماڵەی حاجێلخانی و ڕاکێشکردنی زیاتریان بۆ لای میرایەتی ناوەند و چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان بە یارمەتی ئەوان. بنەماڵەی حاجێلخانی بۆ نزیکی لە حکومەتی کورد و حکومەتی ناوەند لە میزانێکدا بوون، هەر دوێنێ بوو مەحموودئاغا برازای قازی بۆ کوڕی هێنابوو، هەروەها کچێکیشی دابوو بە کوڕی حاجی بابەشێخ. لەولاشڕا کەسانێکی دیکەیان هەبوو کە هەر لە زەمانی ڕەزاشا لەگەڵ زۆرێک لە ئەفسەرانی ئێران و پیاوە دەوڵەتییەکان پێوەندییان هەبووە، لەکاتێکدا کوڕ و برازایەکی مەحموودئاغا وەزیری حکومەتی کورد بوون. ئەوەشمان لەبەر چاوبێ لەو کاتوساتانەدا شوێنێک، یان ناوەندێکی حکومی لە ناوچەدا نەبووە سەرلەشکری تێدا بحەوێتەوە، لەنێو شاری مەهابادیش زیاتر ئەو جۆرە میوانانە لە ماڵی میرزا ڕەحمەتی شافیعی دادەبەزین. وێشدەچێ مەبەستی سەرلەشکر هەڵسەنگاندن و دەست لە لێودانی خەڵکی ناوچەش بووبێ، دیارە ئەو مەبەستەش لەحەمامیان پێکدەهات.

وردە وردە کۆڕی دانیشتن لە چوار پێنج ژووری حەمامیان ئاراستەبوو، ئاغاگەلی دیکەش لەولا و لاڕا هاتن مەحموودئاغا پیاوماقووڵ و ڕدێن سپی کە لەناوچەدا هەمیشە ڕێزلێگیراو و بە دەسەڵات بووە خانەخۆی بوو. بۆ ڕێزلێنان لە میوانەکان بە تایبەت قازی

محەمەد و حاجی بابەشێخ کە بەبێ پلەوپایەیان لە حکومەتی کوردی، پیاوماقووڵی ناوچە بوون، لەلای خوارەوە دانیشتبوو، وەک عەشیرەتێکی ڕەسەنی کوردی و خاوەنی ئەخلاقی مەردانە ڕێزی زیاتری لە پێشەوا گرت، کە مات بوو ڕەنگی نیگەرانی لێ نیشتبوو، جار جار شەقەی کەشەف و خڕەی قەندان و سیرەی شووشتنی ئیستیکان لە پێشخانەی ژووری ئاغا کشوماتی قورسایی کۆڕەکەی دەشکاند. حەمامیان جمەی میوان و پڕمەی کەحێل و قەتاری نۆکەری مجۆعمە بەسەری زۆر بەخۆیەوە دیبوو، بەڵام ئەو کۆڕە جیاواز بوو، تەنانەت نۆکەرەکانیان ئیزنی چوونە ژوورێیان نەبوو، کوڕە ئاغاکان چایان دەگێڕا مجۆعمەی نانیان دادەنا.

حەمامیان بەو کۆڕەوە بە ئاغا و نۆکەر و کوڕە ئاغاوە تێیاندا بوو عەجەماوی و خۆ هەڵمسێن و گورگەمێش تێشیان دابوو، لە دڵەوە کورد و دڵپاک و بە ڕوحم، زۆریشیان ئەو کارەساتەیان بە سووری دەوران و کڵاوچەرخان دادەنا، لەبەر خۆیانەوە ویرەیان دەهات: «چرخ بازیگر از این بازیچەها بسیار دارد.» کەوابوو هێندێک پۆزیان لێدەدا، هێندێک پیشیان دەخواردەوە، هێندێک هێور و ئاسایی بوون، حەواڵە بەتەقدیریان دەکرد. پێشەوا زۆرتر مات و بێ دەنگ بوو بۆ دەسنوێژ شووتن چووە دەرێ و گەڕاوە. لە ناکاو دوو قسە هاتن و چوون فەزای مەجلیسیان گۆڕی و تەمومژی سەر دڵ و دەروونی کورد خۆشەویستەکانی ڕەواند و گاوی دڵی شکاویانی گرتەوە، ئافەرینیشی لە ناخی دڵی بێ لایەنەکان هەستاند، سەرلەشکریش سەر زارەکی ئافەرینی کرد. "شێخ ڕەحیمی باجەوەند" ڕووی کردە حاجی بابەشێخ: جەنابی حاجی بابەشێخ کزت دەبینم. کەسێک حاجی بابەشێخ بناسێ وەک کوڕی حاجی شێخ عەبدولکەریمی زەنبیل هەروا یەکێک لە زانا ئایینییەکانی سەردەم و وەک یەکێک لە پیاوماقووڵانی ناوچەی موکریان لەو دواییانەشدا یەکێک لە کارگەردانان و هەڵسووڕاوانی دەورانی دوای ئابی ١٣٢٠ (١٩٤١ز) بوو، پاشانیش بوو بە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی کورد و سەرۆکی مەجلیسی میللی، ئەو جار لە مانای ئەو قسەیەی شێخ ڕەحیم تێدەگا، بەتایبەت ئەگەر شێخ ڕەحیمیش بناسێ. حاجی بابەشێخ کە لە مانای ئەو قسەو پرسیارە تێ گەیبوو، دانیشتوانی دەوروبەری دا بەر نەزەر و ڕوانییە حاڵی دوێنێ و ئەوڕۆی خۆی و پێشەوا وەک ئەو کەسایەتییە بەرزەفڕانەی هەستی بە ڕووشان و زەدەداربوونی حورمەتی خۆی کردبێ حازرە هەموو شتێک بدا خۆی نەشکێنێتەوە، هەڵۆئاسا هاتە جواب و بە بەیتە شیعرێک هەستی خۆی دەربڕی، کە دەبێ بخرێتە نێو لێزگەی مێژووی پڕ لە سەروەری تێشکاوانی سەربەرز. هەڵبەت پێشەوا و زۆر لە داردراوانی سەر بەکۆمار لە زیندان و دادگایی کردن، یان لەژێر پەتی سێدارە ئەو سەروەرییەیان نواندووە. حاجی بابەشێخ ئەو شیعرە فارسییەی خوێندەوە:

**دلیران را پس از پیری دلیری بیشتر گردد**

**چوچرم گرگ پیل افکن پس از پیری سپر گردد**

ئەو بەیتە وەها پەردەی کشوماتی بەسەر کۆڕەکەدا کێشا کە ئیتر دانیشتوانی کۆڕەکە بۆ ماوەیەک متەقیان لێ بڕا.

ئەو جوابە پڕ لە شانازییەی حاجی بابەشێخ، قسەکانی پێشەوا لە کاتی تووڕەبوونی سەرلەشکر هومایوونی لە مەهاباد و لەبەردەم دادگا، هەڵوێستی دلێرانەی حەمە حوسێن خانی سەیف لەژێر پەتی سێدارە، شیعر خوێندنەوەی عەلی خانی یەکشەوە و ئەحمەد خانی فارووقی لەژێر پەتی سێدارەدا، ڕووداوێکی مێژووی کۆنی سەردەمی دەیلەمییەکان دەهێنێتەوە بیر، کە لەنێو ئەدەبیاتی عەرەبدا دەنگی داوەتەوە. شاعیرێک تاریفی وەزیرێکی دەست ڕۆیشتوو و مەرد و ڕەند و پیاوچاک دەکات بەسەردارەوە کە ملی بەلادا هاتووەو دەستی شۆڕ بووەتەوە، پادشای وەخت «عەضد ئەلدەولەی دەیلەمی» هێندە دەکەوێتە ژێر کاریگەری گەورەیی وەزیر و ئەو شیعرەوە.

دەڵێ: بریا من لەدار درابام و ئەو شیعرەیان بەسەردا خوێندبامەوە (کتاب مجانی الأدب) دیمەنی جوانی لە ئینساندا هەر بەقەڵافەت و چاو و برۆ نییە، جوانترین دیمەنی ئینسانی لە خوو و خدەی ئینسانی دەردەکەوێ کە لە ڕوحی بەرزەوە سەرچاوە دەگرێ.

هێشتا ئەو قسەی پێشوو زۆری لێ نەگوزەرا بوو، کە ڕادیۆکەی ماڵی ئاغایان هێنا، ئەو کات لە ناوچەدا بەدەگمەن ڕادیۆ هەبوو، کاتێ خەبەری ڕاگەیاند لەسەر وتاری خەبەرەکاندا وتی ئەمڕۆ قازی محەمەد و حاجی بابەشێخ سەرۆکی حکوومەتی پووشاڵی کوردستان لە

میاندواو خۆیان تەسلیمی هێزەکانی سوپا کرد. لێرەشدا حاجی بابەشێخ ڕووی لە سەرلەشکر کرد و گوتی: جەنابی سەرلەشکر ئێمە خۆ شەڕمان نەکردووە تا تەسلیم بین. ئێمە تا ئێستا کە ئێران بێگانەی تێدا بووە کاروباری ناوچەکەمان بەدەستەوە بووە، ئێستاش کە دەوڵەت توانای ئیدارەکردنی وڵاتی پەیدا کردووەتەوە وڵاتەکەمان تەحویل داوەتەوە. سەرلەشکر کە ئەوەی بیست بۆ ئەوەی خەڵک شلوێ نەبن و نێچیرەکانی لە دەست دەرنەچێ، گورج جوابی داوە «قسەی خەبەردەرێک لە ڕادیۆ حیسابی لەسەر ناکرێ». ڕادیۆکە بکوژێننەوە حاجی شێخ دروست دەفەرموێ.

ئێستا ئەو دوو هەڵوێستە لە دیوەخانی حەمامیان لە ساتەوەختێکی ئاوا حاستەمدا بەجێ دەهێڵین و ئاوڕێک دەدەینەوە سەر کەسایەتی و سەرگوزەشتی پڕ کارەساتی حاجی بابەشێخ، پاکانە بۆ حاجی بابەشێخ ناکەین کوڕە شێخ بووە لە دایک و باوکڕا بە نەسەب زۆر ماقووڵ بووە، ئاغایەکی بە دەسەڵات بووە لە زۆر کاتدا کارگێڕی سیاسی بووە لەگەڵ کەسایەتییەکانی ناوچەکەدا لەسەر ماقووڵی ململانێی کردووە، سەرێک بووە لەنێو سەران. لە هەموو لایەکڕا ئاشیرەی بۆ کراوە بۆ کاری گران ڕوویان لێناوە زۆر شەڕی دەکوژاندەوە، لە باس و کێشەی نێو مەلایاندا هەڵوێستی خۆی هەبووە، تەنانەت لەسەر عیرفان و سۆفیایەتی هەڵوێستی جیاوازی هەبووە و لەسەر ئەو شتانەش نەیاری زۆری بۆ پەیدا بووە، بەحەق، یان بەناحەق قسەی هاتۆتەوە سەری و زۆر کەسیش لۆمەیان کردووە، ئیرادیان لێگرتووە، بەوانەشەوە لە حەق لانەدەین، دەبێ بڵێین کەسایەتییەکی ئایینی جیاواز بووە، لەو کەسانە نەبووە ماقووڵییەکەی لەبەر حورمەتی بنەماڵەیی، یان زانستی مەلایانە بووبێ، بەڵکو زیاتر لەبەر لێهاتوویی خۆی و ئازایەتی و قسەڕەوایی بووە، لە کاتێکدا مەلاکان ماقووڵیان لە دەرسوێژی و کوروشمەکردن و بێ دەخڵ بوون بەچارەنووسی خەڵک و بێ خەبەر لە دەوروبەر و چاو داپچڕین بەسەر کتێبی پەڕ زەرد و کۆنەوە دەدیتەوە. شێخەکان لەحینجەی شێخانەو دڵ ڕاگرتنی هەموو کەس و لفکەی شۆڕ و نێوچاوانی ڕوون و قسەی چەند ماناگوتن و کەم دوێنێ و هەیبەتی شێخانە ماقووڵیان دەست دەکەوت. ئاغاکان بە زەبروزەنگ و هەمیشە حازر بوون بۆ شەڕ و بەدیوەخان و نان و خوان و ئیفادەو گرتن و ڕەها کردن هەبوونی خۆیان دەسەلماند. حاجی بابەشێخ هەر سێ بابەتی لە خۆیدا کۆکردبۆوە، بەبێ ئەوەی سنوورەکانیان تێکەڵ بێ خەتی لەیەک گێڕاوەتەوە، یەکەم شت لەوانەی جەوهەری کەسایەتی حاجی بابەشێخ وەدەر دەخا بۆ ساڵانی پێش شەڕی یەکەمی عالەمی ئەو کات دەگەڕێتەوە، کە خانەقای زەنبیل لەبەر هاتوچۆی خەڵک جمەی دەهات، پۆلێک مەلا لەنێو ئەو خەڵکەدا بوون، لەنێو ئەو مەلایانە چاک مەلای وڵات، مەلای لاسووریش حازر دەبێ. مەلاکان لەبەر حورمەتی شێخزادەیی کوڕە شێخەکان وەپێش خۆیان دەخەن، ئەو کارە دەبێتە هۆی دەربڕینی نارەزامەندی مەلای لاسوور، تانەی بێ سەوادیش لە کوڕە شێخەکان دەدا. بابەشێخی لاو کە ئەو قسەیەی مەلای لاسوور دەبیستێ، یەکسەر بڕیار دەدا جێگای گەرم و نەرمی کوڕە شێخی وێڵ کا، ڕوحی بەرزی ئاوێتەی مەلایەتییەکی تەواو بکا، لەوەش نەسڵەمیوەتەوە، وەدەست خستنی ئەو مەرامە ژیانی سەخت و دژواری فەقێیەتی پێویستە ڕوحی بلند پەروازی ئاوارەی هەندەرانی دەکا تا بە مەرامی خۆی دەگا، بە شوێن ئەوەدا لە شەڕی یەکەمی جیهانی، دەبێتە یەکێک لە سەرۆکەکانی موجاهیدین، مەیدانی شەڕە تفەنگیش تاقی دەکاتەوە و لەگەڵ کۆمەڵی ئیتیحادی ئیسلامی کۆمەڵی ئیتیحاد و تەرەقی شارەزایی پەیدا دەکا، لە زەمانی ڕەزاشا یەکێک لە کەسایەتییە باوەڕپێکراوەکانی دەوڵەت و میللەت بووە، لە شەڕی مەلا خەلیل دژ بە فتوای مەلا خەلیل دەوەستێ، لە ئاشتەوایی دەوڵەت و پژدەریان بەشدار دەبێ. لە ڕزگارکردنی گەڵباخیان لە سەرمابردوویی کە کەوتبوونە بەر قینی سوپاکان هەوڵی زۆری داوە، دیداری ئایەتوڵلا مەردووخ دەکا. باسی ئایینی و فەلسەفی دەهێننە گۆڕێ. لە دوای ئابی ١٩٤١ز نەخشی ڕاوێژکاری و ڕیش سپییەتی بەینی هێزەکانی حەمەڕەشیدخان و دەوڵەت بە ئەستۆوە دەگرێ، لە بۆ شایی قودرەت لە کوژانەوەی شەڕی عەشایەری دەکۆشێ، لە ئاکامی ئەو هەڵکەوتوویە ناوزەد دەکرێ بۆ سەفەری باکۆ و بۆ سەرۆک وەزیرانی کۆماری کورد لە مەهاباد تا ئەو کاتەی ئێمە باسەکەی حەمامیانمان هێنا گۆڕێ، پێشەوا و دەیان کەس لە سەرانی کۆمار لەداردران حاجی بابەشێخ و دەیان کەسیش لە زیندان خران.

پیری و دەستبەسەری و دڵ نشینی ڕووپەڕی دوامینی ژیانی حاجی بابەشێخیان تۆمار کردووە، بەڵام خۆ تیغی جەوهەردار لە کالاندا نامێنێ هەر نەبێ لە بوارێکی تەسکدا لەگەڵ مەلا چاکەکانی کورد خەریکی تاوتوو کردنی مەسەلە ئاییینییەکان دەبێ. کامە مەلا چاکە هەوڵ دەدا بیهێنێتە گوندی تورجان، بۆ ئەوەی ئەو قوتابخانە گەورە ئاییینییە چرای نەکوژێتەوە، تەنانەت لەگەڵ ناوەندی شیعە لە «قوم» بە سەرۆکایەتی ئەو کات، واتە «بروجەردی»ش پێوەندی دەگرێ، بەشکە گەڵاڵەی وەحدەتی ئیسلامییەک ساز بکات. ڕوحی نەسرەوتووی حاجی بابە (شێخ)ی سەیادەت لە کۆتایی تەمەنێکی پڕ کارەسات لە ساڵی ١٣٣٨ هەتاوی (١٩٥٩ز) لە قەفەسی لەش فڕی گیانی بەگیان ئافەرین ئەسپارد. لێرەدا سوپاس و پێ زانینی خۆشم بۆ نووسەری زەحمەتکێش جەنابی عومەری فاروقی دەردەبڕم کە پێش هەموو کەس کتێبی لەسەر حاجی بابەشێخ نووسی و ناساندی. مردنی حاجی بابەشێخیش هەر شکۆمەند و دلێرانە بووە، هەستی خۆی بە ماوەیەکی کەم پێش مردنی لە پارچە غەزەلێکدا دەربڕیوە، غەزەلێکی مەردانە کە لە ڕاستیدا دەتوانێ نوێنگەی ژیان و ئاواتەکانیشی بێ، هێزێکی ئیمانی و عیرفانی بەهێز کە دیارە لەژێر هەڵسوکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو کەسایەتییە بوونی هەر بووە و لەو سەرەمەرگەدا سەری هەڵداوە، لێرەدا ئەو غەزەلە دەهێنن کە زۆر شت دەردەخات.

**جز درد و الم همدم بیمار کسی نیست**
**زین دام بلا غیرخدا دادرسی نیست**
**در قافلەی مرگ کسی باز نگردد**
**کاین راه روانرا اثری نه جرسی نیست**
**ای پیک اجل تند همی آیی و دانم**
**در بین من و ساعت موعود بسی نیست**
**مرغ دلم افتادە ز پرواز و تماشا**
**هر چند کە دامی نە بە ظاهر قفسی نیست**
**من طایر قدسم کە بەوحدت شدە ام رام**
**الفت بە من اندر سر هر بو الهوسی نیست**
**هر کس کە ببازار صداقت گذر آرد**
**بیغایلە آید کە در اینجا عسسی نیست**

# ناساندنی هەردوو زانستی واتاسازی و پراگماتیک

لە عەرەبییەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا شتێکی بەڵگەنەویستە، کە ناتوانرێت قسە لەسەر واتاسازی بکرێت بەبێ هاوسەنگکردنی ئەوەی لەلای ڕۆژئاواییەکان بە پراگماتیک ناسراوە، ئەوەشیان (واتە پراگماتیک) دەکرێ بە زانستی بەکارهێنان وەربگێڕدرێت، هەرچەندە وەرگێڕانی بە (زانستی پراگماتیک) دەشێ لەبارتر بێت وەک لە پێشەکییەکەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەگەرچی پێوەندییەکی پتەو لەنێوان زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیکدا هەیە، وا باشە پوختەیەکی کورتیان لە بارەوە پێشکەش بکەین.

**١- واتاسازی:**

زاراوەی واتاسازی Semantics لەلایەن زمانەوانی بەناوبانگ (برێل)ەوە دانراوە، بۆ ئەو بوارەی بایەخ بە شیکردنەوە و وەسفکردنی واتای دەربڕینە زمانەوانییەکان دەدات. بایەخدانی ئەم زانستە تەنیا لایەنی فەرهەنگی واتاکە ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی ڕێزمانیش دەگرێتەوە، هەروەها تەوەرەکانی تەنیا لەسەر واتای وشەکان ناوەستێت، بەڵکو واتای ڕستەکانیش دەگرێتەوە، هەرچەندە زمانەوانەکانی سەردەمی پێش هەشتاکان وای بۆ دەچوون تەنیا باسی واتای فەرهەنگی وشەکان بکەن، بەبێ باسکردنی توخمە ڕێزمانییەکان و بنیادی ڕستە، پەرەسەندنی ڕێزمانی بەرهەمهێن کاریگەری بەرچاوی لە فراوانکردنی چەمکی واتاسازی بنیادی فەرهەنگیدا هەبووە، بۆ ئەوەی ئەم توێژینەوانەش بگرێتەوە کە بە واتاسازی ڕستەوە پەیوەستن.

بەم جۆرە بابەتەکانی ئەم زانستە دەیانگرێتەوە، ئەمانەن:

أ- بنیادی واتایی وشەکانی زمانەوانی.
ب- پێوەندی واتایی وشەکان وەک هاوواتا و دژواتا.
ج- واتای تەواوی ڕستە و پێوەندییە یاساییەکانی نێوانیان.

د- پێوەندی دەربڕینە زمانەوانییەکان بەو ڕاستییە دەرکییانەی کە ئاماژەیان بۆ دەکات، ئەمەش لە واتاسازی هێمایی دەخوێندرێن(١).

هەروەها واتاسازی مێژوویی لەو تەوەرە تەقلیدییە باوانەی ڕۆژئاوایە کە لێکۆڵینەوە لە بارەی تاکە وشەکان و مێژوو و پێشکەوتنی واتاکانیان بە درێژایی مێژوو دەکات، لەژێر دوو تەوەرە، کە پێیان دەوترێت ئیتمۆلۆژی و گۆڕانی واتایی.

بایەخدانی لێکۆڵەرانی واتاسازی لە پسپۆڕییە جیاجیاکاندا جۆراوجۆرن، تا ئەو ڕادەیەی قسەکردن لە بارەی زانستە واتاسازییەکان بووەتە ئاسایی. بەم جۆرە دەبینین (جۆن لاینز)ی زمانەوان بە نموونە جیاوازی دەکات لەنێوان واتاسازی زمانەوانی و واتاسازی فەلسەفی و واتاسازی مرۆڤناسی (ئەنسرۆپۆلۆجی) و واتاسازی دەروونی و واتاسازی ئەدەبی و... تاد(٢)، بەڵام کاتێ کە واتاسازی بەبێ کۆتوبەند، یان وەسف دەردەبڕێت، ئەوە دەچێتە نێو واتاسازی زمانەوانی (واتە واتاسازی زمانەوانی دەگەیەنێت- وەرگێڕ).

**٢- پراگماتیک:**

زانستی پراگماتیک وا پێناسە دەکرێت کە «لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی واتاداربوونی وتەکان لە پێگە ئاخاوتنەکاندا»(٣). بەم شێوەیە (ئەم زانستە) لە واتاسازی جیا دەکرێتەوە کە تەنیا بەپێی دانان لە واتا دەکۆڵێتەوە، دوور لە بەکارهێنان و پێگەکانی گوتاربێژین.

ئەم زانستە بەهۆی ئەرک و کۆششی زمانەوانان و فەیلەسوفانی ئەمەریکی وەک ئۆستن و ستێرل و گرایس زۆر پێش کەوت و پەرەی سەند، زمانەوانەکان تا سەردەمێکی نزیک بەهۆی سروشتی ئاڵۆزی بابەتەکە، واتایان لە بابەتی لێکۆڵینەوەکانیان دوور دەخستەوە، کە تێیدا بوارەکانی توێژینەوە جیاجیاکانی تێهەڵکێش دەبوون، وەک فەلسەفە، لۆژیک، دەروونناسی و کۆمەڵناسی و هی دیکەش، هەتا ئەوانەش کە بانگەوازیان بۆ لێکۆڵینەوەی واتا کردبوو بە بەهانەی ئەوەی ناکرێ ڕێزمان و واتا لە یەکتر جیابکرێنەوە، وەک زمانەوان (لاکۆف)، کە ئەم توخمانەیان نەکردە جێی بایەخدان، وەک: بەشداربووان، توخمە گوتاربێژییەکانی دەرەوەی پێکهاتە زمانەوانییەکانی وەک قسەکەر (نێر، مێ) و بەکارهێنانی دەرەکی.

مۆریس لە جیاکردنەوە سێیانییە بەناوبانگەکەیدا بۆ بوارەکانی زانستی هێما (ڕێزمان و واتاسازی و پراگماتیک) لە پێشدا ئەوەی باس کرد، کەوا ڕێزمان لە پێوەندییەکانی نێوان نیشانە زمانەوانییەکان دەکۆڵێتەوە و واتاسازی لە پێوەندییەکانی بە شتەکان دەکۆڵێتەوە و پراگماتیکیش لە پێوەندی نیشانەکان بە ڕاڤەکارەکانیان دەکۆڵێتەوە(٤). ئەم پۆلێنکردنە سێیانییە بۆ (پێرس) دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی مۆریس یەکەم کەس بوو بە ڕوونی ختییە ڕوو و (کارناپ)یش پشتگیری کرد(٥).

لەو جیاکارییە پێشنیارکراوانەش کە لەنێوان واتاسازی و پراگماتیکدا هەیە، ئەوەیە کە یەکەمیان لە واتا دەکۆڵێتەوە، دووەمیان لە بەکارهێنان دەکۆڵێتەوە(٦). ئەم جیاکردنەوەیە وەک جیاکردنەوەی بنچینەکانی فیقهی موسڵمانانە لەنێوان دانان و بەکارهێنان، لە کاتێکدا دانان و واتاسازی لە واتاسازی دەکۆڵنەوە لە دەرەوەی بەکارهێنان و دەوروبەردا، بەکارهێنان و پراگماتیکیش لەنێو بەکارهێنانە کردەییەکاندا لە زمان دەکۆڵنەوە. جگە لەوەش جیاوازی لەنێوان لێکۆڵینەوە ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ کەلەپوورناسان ئەوەیە، کە واتاسازی و پراگماتیک بوونەتە دوو زانستی جیاواز لە زمانەوانی نوێدا، کەچی تەنیا (دانان- الوضع) لە کەلەپووری عەرەبی و ئیسلامیدا سەربەخۆ بووە وەک زانستێکی سەربەخۆ لە زانستە زمانەوانییەکاندا، بەڵام بەکارهێنان تا ئێستا شێوازی زانستێکی سەربەخۆی وەرنەگرتووە(٧). هەرچەندە هەوڵی ئەوە لە ئارادابوو بۆ دارشتنەوەی بنچینە و تیۆر و بەرنامەکانی لە کتێبی (زانستی پراگماتیکی ئیسلامی)دا.

جیاوازی واتاسازی و پراگماتیک پەیوەستە بە جیاوازی نێوان ڕستە و وتە، کە جیاوازییەکە لە جیاکردنەوەی نێوان زمان و ئاخاوتن پەیدابووە، لەکاتێکدا ڕستە (کە بنیادێکی زمانەوانی ڕەهایە) بۆ زمان، وتەش (کە دەرکەوتەیەکی کارەکی و هاتنەدی و

بەرجەستەبوونی کردەیی ڕستەن) بۆ ئاخاوتن، دەشێ زێدەویژی بێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە واتای ڕستەکان بابەتی واتاسازییە، کەچی واتای وتەکان بابەتی زانستی پراگماتیکە.

لە هەمان کاتدا جیاوازی نێوان واتای زمانەوانی و مەبەستی قسەکەران (یان مەبەستەکانیان) پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە جیاوازی واتاسازی و پراگماتیکەوە هەیە. واتا زمانەوانییەکان (کە واتای دانانن لە وشەکانی زمان و پێکهاتەکانیان وەردەگیرێت)، دەکەونە چوارچێوەی بابەخدانەکانی واتاسازی، لەبەر ئەوەی هەڵهێنجانی پێویستی بە توخمی دەرەوەی بنیادی زمانەوانی نییە، بەڵام مەبەستی قسەکەران ناکرێ بەبێ زانینی بەکارهێنانی ئەو ئاخاوتنەی تێیدا وتراوە پێی بگەین و زانینی قسەکەر (نێر و مێ) و خستنەکاری توانستەکانی دەرئەنجامەکەی کە قسەکەر لەکاتی ئاخاوتندا هەیەتی.

زمانەوانان بەهۆی ئەو پەرەسەندنانەی کە باس کران، لێکۆڵینەوەی ڕستەی زمانەوانی ڕەها دوور لەو دەوروبەرەی کە تێیدا بەکاردەهێنرێت ڕەت دەکەنەوە و بیرۆکەی چۆمسکییان لەبارەی (قسەکەری نموونەیی)ش ڕەت دەکردەوە.

لە ساڵەکانی بەرایی حەفتاکاندا، لێکۆڵینەوە لە پراگماتیک تەنیا ئەمەی دەگرتەوە کە بە تیۆری کردەکانی ئاخاوتن ناسراوە، دواتر بایەخدان بە پلەی یەکەم دەدرا بە لێکۆڵینەوە پراکتیکییەکان لە شیکردنەوەی گفتوگۆدا کە گرایس لە ساڵی ١٩٧٥ ئەنجامی دا و بە بنچینەکانی گفتوگۆ ناسرا. بەهۆی هەستکردن بە کارلێکردنی نزیک کردنەوەی نێوان واتا و بەکارهێنان، لەم ماوەیەی دواییدا گرنگی بەوە دەدرا کە هەردوو تەوەری پێشوو (واتە واتا و بەکارهێنان) لە چوارچێوەی واتاسازی فراوانخواز کاری لەسەر بکرێت، بە تایبەتی لە کارە شێوەییەکانی Formal وەک واتاسازی پێگە(٨) و لۆژیکی وتار(٩).

لە ئەنجامی گرنگیدان بە لایەنەکانی پراگماتیک لە مامەڵەکردن لەگەڵ مانادا، میتۆدی پێڕاگەیاندن باڵی بەسەر لێکۆڵینەوەی ئەم زانستەدا کێشا(١٠).

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە واتاسازی لقێکە لە زمانەوانی تیۆری (یان زانستی زمانی تیۆری).

**پەراوێز:**


**1- Hadumod Busmann, Routledge Dictionary of Language and Linguistics, translated and edited by Gregory Trauth and Kerstin London: Routledge, (1996), p.423 (Kazzazi)**

**2- John Lyons, Linguistic Semantics, An Introduction (Cambridge: Cambridge University Press), (1995), p. xii.**

**3- Leech, Geoffrey, Principles of Pragmarics (Newyork, Longman), (1983), p. x.**

**4- John Lyons, Semantics (Cambridge: Cambridge University Press), 1977, p.115.**

**5- Lyons Lyons P.114:( 1977).**

**6- Stephen C. Levinson, Pragmatics (Cambridge: CUP), (1983), p. 5.**

**7- Mohamed M. Yanis Ali, Medieval lslamic Pragmatics (London: Curzon Press), (2000), P.9.**

**8- Jean Mark Gawron, Stanley Peters, Anaphora and Quantigication in Sitiation Semantics (Stanford: CSLI 1990).**

**9- Hadumod Busmann, Routledge Dictionary of Languge Linguistics, translated and edited by Gregory Trauth and Kerstin Kazzazi (London: Routledge, 1996), P.374.**

**10- Leech: 1983, xi.**

**ژێدەر: د. محمد محمد یونس علي، مقدمة في علمي الدلالة والتخاطب، دارالکتاب الجدید المتحدة، بیروت- لبنان، الطبعة الاولی، ٢٠٠٤، ص١١-١٦.**

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**حاجی سۆفی ڕەسووڵی**

کاک حاجی یادی بەخێر لەو چاوپێکەوتنەدا کە هونەرمەندی کۆچکردوو (مەلا ئەنوەر - ئەنوەری تایەری مام خدری)یش ئامادەی بوو، بۆم هاتە قسە و گوتی: گۆرانی (تەنکە تەدارەک بێ): ئەم گۆرانییە لە کاتێکدا باوبوو، جحێڵەکانی کۆیە، هەموو شەوێک پاش بانگی شێوان کۆدەبوونەوە، ئینجا زۆربەی جار لەو کاتانەدا گۆرانی دەگۆترا، کەسی وا هەبوو ڕەنگە ئەگەر لە ناو مەجلیس و دانیشتنی دی داوای گۆرانیت لێ بکردایە، هەرگیز نەیدەگۆت، بەڵام لێرە بێ سێ و دوو دەیگۆت، لەناو جاحێڵەکاندا کوڕێکی کۆیی هەبوو، بە ناوی (سەعید) هەموو شەوێک کە ئامادە دەبوو، خەڵکەکە بە پەرۆشەوە گوێیان لێ دەگرت، ئەمە لە ساڵەکانی (١٩٥٢ - ١٩٥٣) ئەو کوڕە ئەو کات تەمەنی لە دەوری (١٨ - ٢٠) ساڵاندابوو، ئەو کاتە ماڵی لە (قەڵادزێ) بوو، بەڵام زوو زوو دەهاتە کۆیە بۆ لای خزمانی.

هەندێ لەو گۆرانییانەی ئەو کاتە دەگوتران، بە دەنگی کاک حاجی سۆفی ڕەسووڵی، تۆمارم کردوون.

(١) ئەرێ هۆ ڕێبوار.
(٢) هەتیوێک بووم لە کاروانی.
(٣) جەبارە و جەبارە.

لە کاک حاجیم پرسی: گۆرانی دیکەت لە بیرە ئەوانەی کە ئەوکاتە لە کۆیە باوبوون؟ وەک گۆرانی (دروێنە) و (ساوارکوتانەوە) و (سەمەنی کوڵاندن) و(گۆرانی منداڵان)؟

گوتی: بۆ دروێنە (ها دروونە دروونە) باو بوو، گۆرانی ساوار کوتانەوە و سەمەنیش لە کۆیە هەبووە، من بیرم نەماون، بۆ گۆرانی منداڵانیش، ئەو گۆرانییانەی بۆ گۆتین:

(١) حوحانێ (گۆرانییەکی یارییە و تایبەت بە کچۆڵانە).

(٢) هە ڕێوی ڕێوی (گۆرانییەکی یاریبیە و تایبەت بە کوڕانە).

**تێـبـینی: ئەم چاوپێکەوتنە لە کـۆیە لە مـاڵی خـۆیاندا، لە ڕێکەوتی (١٢/١٠/١٩٧٩)، بە ئامادەبوونی هونەرمەندی نەمر (مەلا ئەنوەری تایەری مام خدری) ئەنجام دراوە.**

## مام ئەسعەد

ناوی تەواوی (مامەسعەدی حەمە ئەسعەد)ە و لە کۆیە بە (وەسـتـا مـامـەی خـەیات) بانگ دەکـرێت، سـاڵی (١٩٣٨) لە کۆیە لە گەڕەکی (بایزاغا) هاتۆتە دنیاوە، دەربارەی (حەمە ساڵحی مەلایان - شاییان)ـەوە گوتی: یەکەم جـار دانی بەیانییـان لە قـەیسـەری نوێی کۆیەدا (چایەچی) بـوو، دانی ئێـــوارانیش هەر ئەو کـــاتە لە (کـانیلە) چایەچی بـوو، دواتر پیـشـەی (بەرگـدروویی) فێربوو، دواجاریش دوکانی (بازرگان - کوتاڵ فرۆش)ی دانا. ئینجا گوتی: لە پەنجاکاندا گۆرانیبێژانی کۆیە کە بیرم ماون بریتین بوون لە: سێوە، مەلا ئەسعەد، شەفیقی خەلەف چاوەشی، باقی سەرتاش، حەمەدەمینی عەباسی و دەستەی (ئەحمەدی حەمە مەلا و عومەری مام عەولا و ســـاڵح شــــەمس و هی دی بـوون). پرســـــیم: ئەو دەنگخۆشانەی کۆیە کەی کۆدەبوونەوە؟ گوتی: کاتێک کـەسـێکی هەژار و کـەم دەرامـەت ژنی بۆ کـوڕەکـەی دەخـواست و لە توانایشــیـــدا نەبوو (دەهۆڵ و زوڕنا) بێنێت، جا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ئەو دەنگخۆشانەی شاری کۆیەی داوەتی نانخواردن دەکرد، ئینجا لای عەسر دەبوو بە شایی و گۆرانیبێژێکی وەکو (حەمە ساڵحی مەلایان - شـاییـان) کـە خـۆی (٤ - ٥) گـەنجی دەسـتنیـشـان دەکـرد، بەو مـەبەسـتەی ئەو لە ناو شـاییـدا بیـڵێ و ئەو جحێڵانەش بۆی بگێڕنەوە، ئەو کارەش بەرانبەر بە پارە نەبوو، بۆ نموونە حەمە ساڵحی مەلایان زۆری حەز دەکرد کەسێک لێی بگێڕێتەوە و بچێت لە شاییـەکەیدا خۆی دەرخـات و سەرچۆپی بکێشێت. بۆنەی دی کـە لە کـۆیە گـۆرانی تێـدا دەگـوترا، کـاتێک کـەسـێک مـەولوودێکی دەکـرد ئەو دەنگـخـۆشـانە کـۆ دەبوونەوە و (غـەزەل) دەخـوێنرایەوە و (تەنزیلە) دەگـوترا و.... لەو بۆنانەدا زۆرجار (مامە سێوە)ش ئامادە دەبوو. وەستا مامە گوتی : بـۆنەی دی هـەبـوون، بـۆ نموونـە: چـەند بـرادەرێـک لـە مـاڵێک یان ناو باخـچـەیەک یان سـەر کـانیـیـەک، یان شوێنێکی دڵگیری دیکەی شاردا کۆدەبوونەوە و مەی و شـەڕابییـان دەنۆشی و بەدەمییـەوە مـەقام و گـۆرانییـان دەگوت، وەک دەستەی ئەحمەدی حەمە مەلا و برادەرانی، ئەمـە جگە لە کـاتی بەهار و جـەژنی نەتەوایەتی کـورد (نەورۆز) و سـەیراندا، دیارە ئەو بۆنانەش بە بێ سـەدای مـەقامـخـوان و چریکەی دەنگخـۆشـان نە گـەرم دەبوو، نە تامیشـیـان هەبوو. لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا گوتی: جـوولەکـەکـان لە کـۆیە لەدەوری (٣٠) مـاڵ دەبوون، زۆربەیان پیـشـەی (زێڕنگر)ییـان دەکـرد، بەڵام یەک دوو (بەرگـدروو)شـیـان هەبـوو، جگە لەمـام (ناحـووم) و (بێـچـو) کـە خـومـخـانچی بوون، ئەمـەی دواییـان دەنگخۆشی جوولەکەکان بوو، لە کاتی ئاهەنگی خۆیاندا گۆرانی دەگوت و دەنگی خۆی وەک دەنگی ژنان لێ دەکرد و جاری وا هەبوو جلی ژنانیشی لەبەر دەکرد و سەمایشی دەکرد و خـەڵکی بە پێکەنین دەهێنا، چونکە کـورتە باڵا بوو، شایانی باسە جوولەکەکان ساڵی (١٩٥٠) کۆیەیان جێ هێشت.

وەسـتـا مـامـە بۆی باس کـردم و گـوتی: ئەو دەمـە ئەم زاتانەی خوارەوە لە (قـەیسـەری کۆنی کـۆیە) دوکـانیـان هەبـوو، لەدەرگـای لای سـەرەوەی قـەیسـەری کـۆنەوە بەرەوخوار:

(١) شێخ باقی شێخ ڕەسووڵ.
(٢) مام قادر ڕواندزی.
(٣) کەیفی حاجی سمایلی.
(٤) وەستا کاکەی خەیات.
(٥) حاجی عومەری حاجی ئەحمەدی.
(٦) حاجی کەریمی حاجی عەلی (بنجوو).
(٧) کەریمی حەمە مەلای.
(٨) ئەحمەدی حەمە مەلای.
(٩) مام حەمە مەلای باوکیان.
(١٠) تایەری مەلا مەولوودی.
(١١) مام عەولا دەرزی.
(١٢) حاجی حەویزی حاجی ئەحمەدی.
(١٣) مام کەریمی باوکی مام زۆراب.
(١٤) حاجی سەعیدی حاجی ئەحمەدی.
(١٥) مام مستەفای حاجی قارەمانی.
(١٦) مام مستەفای قادری مام عەلی.
(١٧) مام مستەفای قادری سەردۆڵی.

**تێــــبــــینی: ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژی شـــەممە ڕێکەوتی (٢/٦/٢٠٠٧) لە کـۆیە لە ناو دوکـانی خـۆیدا بە ئامـادەبوونی کاک (هاوار)ی ئامۆزام ئەنجام دراوە.**

## ئەحمەد ئەسوەد ئەحمەد

لە کـۆیە هەمـوو خـێـزانەکـەیان بە ناوی باوکی، واتە ماڵی (کاکەسوەد) ناسراون. ساڵی (١٩٣٥)ی زایین لە کۆیە لە گەڕەکی (قەڵات) هاتۆتە دنیاوە. بە تەمەنێکی گـەورە کـە (١٣ - ١٤) سـاڵان بووە، بۆ خـوێندن چۆتە قـوتابخـانەی شـەوان و تا پۆلی پێنجی سـەرەتایی

خوێندووه.

* سەردەمی منداڵیت، ئەگەر لەبیرت مابێ لە کۆیە دەنگخۆشەکان کێ بوون؟

– زۆر بوون بۆ نموونە: (مەلا ئەسعەد) و (سێوە) و (حەمەدەمینی عەباسی) و (مەلا ئەحمەدە کوڕە) و (باقی سەرتاش) و عەبدوڵڵای سمایل چاوشینی) و هی تریش بوون.

* ئەوکاتە زۆرتر گۆرانی لە چ بۆنەیەکدا دەگوترا؟

– بە زۆری لە (مەولوود) و لە کاتی بووک گواستنەوە، لە بیرمە چەند دەنگخۆشێک دەچوون لەسەر سواندەی سەر دەرگەی ماڵی زاوا ڕادەوەستان و گۆرانی (لەبەر نازی چاو بازان)یان دەخوێند، ئەوکاتە بووک بە پێیان، یانیش بە سواری بۆ ماڵی زاوا دەهات، کاتێکیش کەژاوەی بووکێ دەگەیشتە بەردەم ماڵی زاوا، ئەو گۆرانییانە دەگوتران و شەکر و چوکلێت و نۆکی برژاو و پارەی وردەشیان بەسەردا دەباراند و منداڵانیش کۆیان دەکردنەوە.

* ئەدی وەک بە بیرت بێت شاییەکان چۆن بەڕێوە دەچوون؟

– بە (دەهۆڵ) و (زوڕنا)ی مام (عەزیز زەینەل) و (حەمەعەبۆ)، دواتر (جەمال)ی کوڕی مام عەزیز بوو بە دەهۆڵ کوتی باوکی خۆی.

* زۆرێک لەو کۆبیانەی چاوپێکەوتنم لە گەڵدا کردوون، باسیان کردووە: لە کۆیە چەندین تاقم و دەستە هەبووە، لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانیان گۆرانی و مەقامیان گوتووە. ئەوانەت وەبیرە؟

– بەڵێ، ئەوە هەبوو بۆ نموونە: باوکت (ئەحمەدی حەمە مەلا) و (عومەری مام عەولا) و(ساڵحی ڕیخەڵۆک) و چەندینی تر لە ماڵی کاک عومەر و لە زۆر شوێنی دی کۆدەبوونەوە و دەیانخواردەوە و مەقام و گۆرانییان دەگوت، یەکێک لەو گۆرانییانەی وەبیرمە (ئەی خەنەبەندان) بوو. جگە لەوان (میرزا محەمەدەمین) و (ئەحمەد بەگی کوڕی) و (سولەیمانی حاجی عەبدولڕەحیمی) و (فەتحوڵڵای کشتەکان) و (حەویزی مام یەحیا) و هی دی هەر شەوە لە ماڵێک کۆدەبوونەوە و ئینجا میرزا محەمەدەمین حەکایەتی ئەسحابە و کافرەکانی دەکرد، کە لە کۆیە و دۆڵی ئەسحابان شەڕیان کردووە، هانی دانیشتوانی ئەدا بەرد بارانی کافرەکان بکەن، نەشیدەزانی ئەوانەی ناوی کافرمان لێناون، باپیرە گەورەی خۆمانن! هەروەها یاری (کۆنکان) و خواردن و خواردنەوە بوو، بەم جۆرە کاتیان بەسەر دەبرد. تاقمێکی دیکەیش هەبوون لە نزیک شاری لە سەر گردێک، یان بن دارێک دادەنیشتن و دەیانخواردەوە و گۆرانی و مەقامیان دەگوت، دەنگخۆشەکەیان (جەلەی قالە بزن)ی بوو، (غەفوورە) و (حەمە عەلی مام یەحیا) و (عومەری حاجی کاکەمین) و هەندێ جار (فارووقی جەنابی مەلا)ی و هی تریش بوون. کاتێکیش لە جەژنی نەورۆزان لە لایەن (عەلی عەبدوڵڵا) و (باوکت) و (سەمەد مەنجەڵ) و هی دیکەیش بەم بۆنە خۆشەوە دەستکرا بە ئاگر کردنەوە، هەندێ مەلا و ساویلکە دەیانگوت: ئاگر کردنەوە کاری مەجووس و ئاگرپەرستانە و حەرامە!

* بە بیرت دێت کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کۆیە هاتبن و دەنگخۆشیان تێدا بووبێت؟

– دوای لە ناوبردنی (کۆماری مەهاباد)، دەیان لەو نیشتمانپەروەرانەی تۆمەتبار کرابوون، بە قاچاغی بۆ کۆیە هاتن، ئەوەی ناویم لەبیر ماوە، کەسێک بوو بە ناوی (میرزا شێرزاد)، سرووەدی:

**(خوایە وەتەن ئاواکەی چەند دڵگیر و شیرینە**
**دەشتی خۆش و ڕەنگینە**
**ئاوی کەوسەرە خاکی گەوهەرە**
**چەن دڵگیر وشیرینە)**

یەکەم جار ئەوان بوون لە کۆیە ئەمەیان گوت!

کاک ئەحمەدی کاکەسوەدی درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی: لە نزیک ماڵمان لە گەڕەکی قەڵات قولەتێنێکی ئاو بە ناوی (قولەتێنی سیسەی) هەبوو، ژن دەهاتن لەوێ نوێژیان دەکرد. لە بیرمە ئێمە لە ماڵی خۆمان (حەوز)ی ئاومان هەبوو، لە هەر گەڕەکەی چەند ماڵێک هەیانبوو، بۆ نموونە: ماڵی (حاجی تایەری مام خدر)یش هەیانبوو، بەڵام هەندێ لەوانەی ئەوکاتە حەوزی ئاویان هەبوو، حەزیان نەدەکرد هەژارەکان بێن و بە (پەقرەج) ئاو ببەن! بەڵام باوکم هەمیشە دەرگەی حەوشەی لەسەر پشت بوو. کاک ئەحمەد دیسان گوتی: وێنەیەکی ڕاووشکاری کۆیەم ماوە، گەر بیدۆزمەوە بۆتی دێنم: ئەمە هی ساڵی (١٩٤٦)ە، لەو وێنەیەدا بابم و دکتۆر (نەجیب) و (زابت مەحموود) و (مەلا هەینی) و هی دیکەیش دیارن، ئەوانە بە پێیان بۆ ڕاو دەچوون، هەروەها نەورۆزی (تاتووکان)م، لە بیرە شانۆگەری (گوڵی خوێناوی) نیشان درا، کەسێک هەبوو بە ناوی (عارف) ڕۆڵی ژنی دەبینی، وێنەی (ڕەز)ێکیان لەسەر قوماش کێشا بوو، لە پشت (شانۆ)کەوە هەڵیانواسیبوو.

شایانی باس کردنە کاک ئەحمەد هونەرمەندێکی دەست ڕەنگینی بواری سازکردنی (پەیکەر)ە، لە دار و تا ئەمڕۆ زیاد لە پیشانگەیەکی کردۆتەوە.

**تێبینی: ئەم چاوپێکەوتنە لە بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری کورد، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٠/١/١٣) ئەنجام دراوە.**

# مووسا شازادەی میسر

هاشم سەڕاج

«مووسا شازادەی میسر» ناوونیشانی ڕۆمانێکی مێژووییە و لە نووسینی ڕۆماننووسی ئەمریکی [هاوارد فاست] و وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی [ئەبو بەکر سالّح ئیسماعیل]ە، ئەم ڕۆمانە بە هەردوو بەرگە قەبارە گەورەکەی کۆی ٨٩٦ لاپەڕەی لەخۆ گرتووە، هاوارد فاست لەم ڕۆمانە دووبەرگییەدا کاری لەسەر سەرچاوەگەلێکی مێژوویی کردووە. هاوکات چەمکی زانیارییە مێژووییەکان لە ڕێگەی ڕەگەزی گێڕانەوە و بەکاربردنی تەکنیکی دیالۆگەوە خراوەتەڕوو، نووسەر لەم کارە ئەدەبییەدا زۆرتر جەختی لەسەر سەرچاوە مێژووییەکان کردووە و بەڕادەیەکی زۆر کەم ئاوڕی لەسەرچاوە ئایینی و ئایینزایی و لاهووتییەکان داوەتەوە، یان بەشێوەیەکی تر دەقی «مووسا شازادەی میسر» کارکردنە لەسەر ئاسەواری ژیارێک کە خۆی لە قەرەی دەورانی مێژوویەک دەدات نزیکەی [٣٠٠٠] ساڵ پێش مێژووی ئەمڕۆمانە.

ئەو زانیارییانەش کە بەردەستی نووسەر کەوتوون، زۆرتر لەو سەرچاوە دێرینانە وەرگیراون کە بەختی، یان شێوەی نیگارین نووسراون، دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە کۆمەڵێک ڕاوسەرنج و تێبینیم لەلا گەڵاڵە بوو، هەست دەکەم کردەی نووسین هەڵگری بنیادێکی نیگەرانە، بنیادێک لەنێوان چەمکی مێژوویی و چەمکی ئەفسانەییدا گیری خواردووە، سەرەتا هاوارد فاست ویستوویەتی قۆناغەکانی تەمەنی مووسا بەشێوەیەکی سروشتی و دوور لە توخمە پەرجووئامێز و لاهووتییەکان بخاتە ڕوو، چونکە مەبەستی ئەو خستنەڕووی خەسڵەتی کەسایەتی مووسایە بەرلەوەی بگاتە ئاست و پلەی پەیامبەرێتی و نیگاو سرووشی بۆ دابەزێت، ئەم حاڵەتەش هەردوو وەرگێڕی فارسی و کوردی جەختی لەسەر دەکەنەوە، کەچی وەک لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت دوای ئەوەی «مووسا» لەگەڵ «نوون» دەگەنە سەرزەوینی «میدیان»، کە لەسەرجەم کتێبە ئایینییەکاندا بە «مەدیەن» نێوزەد دەکرێت، مووسا لەوێ لە ڕێگەی ئاگرەکەوە دەنگی یاهوو- یهوە- خوداوەند دەبیستێت، دواتر لەسەردەمی



حوکمڕانی «مەنفتە»ی فیرعەون چەندین پەرجوو ئەنجام دەدات، لەوانە هەڵدانی گۆچانەکەیەتی کە دەبێتە مار و درەوشانەوەی دەستی کاتێک دەیخاتە نێو باخەڵی و دەری دێنێت، یان ئەو دەمەی ڕووباری نیل دەکاتە خوێن، هەروەها بەرپابوونی بەڵای بۆق و کولله، بەڵام هاوارد فاست پەرینەوەی مووسا و بەنی ئیسرائیل لە کەنداوی سوێسەوە پابەندی هەڵسان و نیشتنەوەی ئاو و زەین و عەقڵ و ئەزموون و شارەزایی مووسا دەکات و لایەنی پەرچووی لێ دادەماڵێت، هەروەها دوای پەرینەوەش یاهوو بە دەنگییەوە نایەت و داخوازییەکانی جێبەجێ ناکات، بۆیە دەتوانم بڵێم پرۆسەی نووسین لەم تێکستەدا نیگەرانە و هەمیشە بنیادە قووڵەکەی لەنێوان چەمکی عەقڵگەرایی و چەمکی لاهووتی و ئەفسانەییدا دەخولێتەوە و لە قۆناغەکانی گەشەو پێگەیاندنی مووسا دەدوێت، مووسا واتە «منداڵی پێدراو» عیبرییە کۆنەکان ئەم ناوەیان بە «موشێ» دەخوێندەوە، ئەوەی گوێی لە ناوی مووسا ببوایە هەستی دەکرد ئەم ناوە ناوێکی ناتەواوە، ئەم جۆرە ناوە ناتەواوە لە داڕشتنی هەندێ زماندا پێویستی بە پاشگرێک، یان پێشگرێک هەیە، یان پێویستە چوون ناوێکی لێکدراو دەربکەوێت، بۆ نموونە ئاتوون مووسا، ئامون مووسا، هەروەها ئەم شێوە داڕشتنە لە زمانی کوردیدا لە ناوی خوداداد و خوادا، خوادە، خودادا... دەبینرێت، یان چەمکی پەرست و پیرۆزی خوداوەند لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، مووسا ناوی ئەو مەلۆتکەیەیە کە لە ئاوی نیل دەیگرنەوە و «ئەنخاس ئاموون»ی هاوسەری نەزۆکی ڕامسیسی دووەمی فیرعەونی میسر وەک کوڕی خۆی پەروەردەی دەکات، مووسا کاتێک دەگاتە تەمەنی دە ساڵی، ڕامسیسی دووەم، لە کۆشکی فیرعەونیدا داوای ئامادە بوونی دەکات، مووسا کوڕێکی قۆز بوو، خاوەن لووتێکی گەورە و کاکۆڵێکی ڕەش بوو، ئەوەی مووسای لە شازدەکانی میسر جیا دەکردەوە، شێوەی لووتەکەی بوو، چونکە لووتی مووسا لە لووتی خەڵکانی میسری باکووری دەکرد، بەتایبەتی دانیشتووانی شارە گەورەکانی وەک تبس و کەرنەک، چونکە ڕامسیسی دووەم هاوسەر و کەنیزگەلێکی زۆری هەبوو، لەو ژنانە خاوەنی ١٧٠ منداڵ بوو، کە ١١١ منداڵیان کوڕ بوون، کچ و کوڕانی ڕامسیس لە نێو کۆشک و تەلاری فیرعەونیدا گەورە دەبوون و هاوکات فێری زۆر جۆرە زانست و تیرەندازی دەکران، من لەم نووسینە کورتەدا حەز ناکەم سەرلەبەری ڕووداو و بەسەرهاتەکان بگێڕمەوە، ئەمەیان بۆ خوێنەری زرنگ جێ دەهێڵم، ئەو دەتوانێت لەنێو بابەتگەلێکی جۆراوجۆری ڕۆمانەکەدا قووڵ بێتەوە و سوود لە لایەنە مێژوویی و لاهووتی و ئەفسانەییەکان وەربگێرت، جا هەوڵ دەدەم تۆزێ لە بارودۆخ و کەشوهەوای دنیای کۆشک و تەلاری فیرعەون و چەمک و مانای ناو و هێماکان بدوێم و پیشە و پێگەی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە بخەمە ڕوو، بۆ نموونە.. مووسا= پێدراو، فیرعەون= ماڵی گەورە، دنیای ڕۆئاوا= مردن، ئاموون تپ= کاهینی گەورەی کۆشکی فیرعەون.

ئەو دەمەی کوڕانی فیرعەون لە باخچە و گۆڕەپانی کۆشکی فرعەوندا مەشق و تیرەندازی ئەنجام دەدەن، کچانی فیرعەون لە باڵکۆنەکان دەوەستن بەدەم ترێ و هەنجیر و نارگیلی گەییو خواردنەوە سەیری چالاکییەکانی ئەوان دەکەن، ستی هوپ= ڕاهێنەری جەنگی کوڕانی فیرعەون، ستی= پزیشکی تایبەتی دایکی مووسا، پیاوێکی کورتە باڵابوو، ڕامسیس ستی= کوڕی فیرعەون و برای مووسا، یەکێک بوو لە بەهێزترین بەربەرەکانی مووسا لە بواری شمشێربازی و تیرەندازیدا، مووسا هەر کە خۆی ناسی و هەستی بە بوونی خۆی کرد، وەک مرۆڤێکی ڕاستگۆ و حەقپەروەر و چاونەترس هەڵکەوت، بۆ نموونە لەکاتی مەشق و مەشقکاریدا توانی لە پێناو پاراستنی گیانی غولامزادەیەک، ڕامسیس ستی کوڕی فیرعەون لەکاتی تیرهاوێژیدا بێخێت، ئەم هەڵوێستەش گەورەترین کێشەی بۆ نایەوە، چونکە مووسا هەر کە هەستی بەخۆی کرد زانی ئەو کوڕی فیرعەون نییە و ئەنخاس ئاموونیش دایکی ئەو نییە، پاشان ئاموت تپی کاهینی گەورەی کۆشکی فیرعەون، مووسای زۆر خۆش دەویست، هەمیشە زانیاریگەلێکی جۆراوجۆری لاهووتی فێر دەکرد، ئاموون تپ لە بنەڕەتدا مرۆڤێکی ئاتوونپەروەر بوو، بەڵام نەدەوێرا خۆی ئاشکرا بکات، ئەنخاس ئاموونی دایکی مووساش بڕوای تەواوی بە ئاتوون هەبوو، ئەویش خۆی ئاشکرا نەدەکرد، چونکە

ڕامسیسی دووەم هەر بیزانییایە کەسێک بۆنی ئاتوون پەرستی لێ دێت، یەکسەر بە کوشتی دەدا، مەرگی ئامۆون تپ کە دواجار سەری لە لەشی جیادەکرێتەوە و کەللەسەرەکەشی لەنێو مەنجەڵێک بۆ مووسا دەنێردرێت، هەمان مەرگی «یۆحننای مەعمەدان»مان بیردەخاتەوە، کاتێک سەری لە لەشی جیادەکەنەوە و لە زەماوەندێکدا کەللەسەرەکەی لەسەر سینییەک، یان خوانچەیەک دادەنرێت و لە زەماوەندەکەدا دەگێردرێت، دواجار «نف»ی نەخشەساز و سەرۆکی تەلارسازانی فیرعەونیش، کاتێک فیرعەون هەست دەکا دۆستایەتی مووسا دەکات و بۆنی ئاتوونپەرستیشی لێ دێت، پیاوانی فیرعەون دەیکوژن و تەرمەکەی هەڵدەدەنە نێو ماڵەکەی مووسا، ئەو دەمەی مووسا و نوون لە خانوویەکدان و خانووەکەش بە کۆمەڵێک سەربازی فیرعەون گەمارۆ دراوە، هەر ئەو شەوە مووسا و نوون بە شەڕ و شمشێربازی لەو خانووە دەردەچن و خۆیان دەگەیەننە ڕووباری نیل و لەگەڵ نوون ڕووەو بیابانی سینا سەرهەڵدەگرن، هەڵبەتە ئەم ڕووداوە دوای گەڕانەوەی مووسایە لەو شاڵاو و هێرشەی کە بۆ سەر زەوینی «کۆش» دەکرێت، مووسا مرۆڤێکی جوانپەرست بوو، چێژی لە دیمەنی جوان وەردەگرت، ئەم هەستەشی لە ئەنخاس ئامۆونی دایکییەوە وەرگرتبوو، تەماشای شێوەی مانگی دەکرد و تا وێنەی مانگ لە ڕووی ڕووباری نیلدا ببینێ، لەگەڵ «ئامۆون تپ» زۆرجار باسی یەکتاپەرستی دەکرد، یان ئەو هێزە شاراوەیەی کەوا لە خۆر «ئاتوون» دەکات تیشکی زێڕینی ڕووەو جیهان بدرەوشێنێتەوە، مووسا بڕوای بە خودایەک هەبوو نە شێوەی هەیە و نە بەدەن، بەڵام ئامۆونپەرستەکان پەیکەر، یان کۆتەڵی ئامۆونیان دەپەرست و فیرعەونانی میسر خۆیان، یان خودی خۆیان بە خوداوەند دەزانی و کاهینەکان بەشەو زەبووریان دەخوێند و میسری کۆن مانگیان بە «ئیزیس» دەزانی... ئیزیس= مانگ و خۆر= ئاتوون، فیرعەون ئامۆون هوتپی چوارەم ناوی خوای گەورەی میسری لەسەر خۆی هەڵگرت و نازناوی «ئەخناتوون»ی بۆ خۆی دانا، ژنی فیرعەون ئەخناتوون ناوی نفرتی تی بوو نفر= واتا جوان، تیتی= ڕوخسار واتە شاژنی ڕوخسار جوان، ئەخنا= دۆست..

شای کوڕی ئاتوون مانای چارەنووسە، چارەنووس لەنێو بەدەندا تواوەیە، بەڵام بەرلەوەی لە بازاڕی کۆیلەفرۆشان بدوێم، دەتوانم بڵێم ڕۆمانی مووسا شازادەی میسر، لەسەر کۆمەڵێک تەوەری جۆراوجۆر کاری کردووە، لەوانە مووسا کاتێک دەزانێت کە کوڕی ڕاستەقینەی ڕامسیسی دووەم نییە، بەڵکو ئەو یەکێکە لە کوڕانی بەنی ئیسرائیل، یان کوڕی یەکێکە لەو کۆیلانەی سەرزەوینی کۆش، ئیتر تا دێ هەوڵدەدات نەژادی خۆی لە ڕەوشی کۆیلایەتی دەرباز بکات و ئەوان لە میسرەوە بەرەو سەرزەوینی کەنعان بەرێت، تەوەرێکی تر لەم ڕۆمانەدا کاری لەسەر هێرش و پەلامارەکانی فیرعەونەکان کردووە، فیرعەونەکانی میسر بەتایبەتی ڕامسیسی دووەم هەمیشە هەوڵی داوە هێرش بەرێتە سەر وڵاتانی دەوروبەری میسر، ئامانجی سەرەکیشی تاڵان و دەسبەسەرداگرتنی زۆرترین بڕی زێڕ و زەمبەر بووە، ڕامسیس خاوەندی لەشکرێکی بەهێز بوو، جەنگاوەرەکانی ئەو بریتیبوون لە کرێگرتەکانی فینیقی و هاتی و بابلی و لیبی.. سەرەڕای گالیسکە ئاژوان و سەربازانی میسری، هەروەها زۆرترین خەڵکی میسر بڕوایان بە مۆمیاکاری هەبوو، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا زۆرترین زێڕ و زیویان بۆ مۆمیاکردنی تەرمی خۆیان پاشەکەوت دەکرد، چەندین کەسی پسپۆڕ کاریان لە خانەی مۆمیاکاری دەکرد، لەسەردەمی ئەخناتووندا ئەم خانەیە داخراو بڕیاری دا کە تەرمەکان بنێژرێن، بەڵام ئەمەیان لە بەرژەوەندی کاهینانی ئامۆون نەبوو، چونکە ئەوان بەهۆی پەرستگای ئامۆون زێڕ و زیوێکی زۆریان لە خەڵکی وەردەگرت، کاهینەکان دەسەڵاتی دووەمی پاش ڕامسیس بوون، تەوەرێکی تر لە شاری «بۆتۆ» دەدوێت، کە بە شاری سۆزانییان نێوزەد دەکرا، لەوێ ژنی ڕووت و پیاوی مەست دەهاتنە بەرچاو، ژنە لەشفرۆشەکانی شاری بۆتۆ لە خانەی گشتیشدا لەگەڵ پیاوان ڕایان دەبوارد و بەرانبەر بەمەش ئەڵقەی زێڕ و زیویان وەردەگرت، بەڵام مووسا نە بیرەی دەخواردەوە و نە داوێن پیسی دەکرد، تەوەرێکی تری ڕۆمانەکە لە خانەی ژیان دەدوێت، لەوێ پزیشکەکان لە کاتی نەشتەرگەریدا گیای خەشخاشیان وەک بەنج بەکاردەبرد و زۆرجاریش

دەقی زەبوور لەکاتی نەشتەرگەریدا بە ڕیتمێکی تایبەتی دەخوێندرایەوە ڕکوفار= سەرۆکی پزیشکان بوو، دایکی مووسا ئەنخاس ئاموون هەر لەم خانەیە لەژێر نەشتەرگەریدا دەمرێت، مووسا زۆر بۆ دایکی دەگری و چەند هەفتەیەک دووچاری خەمۆکی دێت، ئاخر ئەنخاس ئاموون دەیویست مووسا شوێنی ڕامسیس بگرێتەوە، هەڵبەتە ڕامسیس ئەنخاس ئاموون بە کوشت دەدات، بە پەلپ و بیانووی ئەوەی ژانەسەری هەیە و کاسەی سەری هەڵدەدەنەوە تا هەڵمەکە بێتە دەرێ، مووسا جارێکی تریش گریا، ئەو دەمەی لەگەڵ نوونی غولام و برای سەردانی کۆیلەکانی بەنی ئیسرائیلی کرد لەسەرزەوینی کۆش، چونکە ڕامسیسی دووەم ئەوانی بەکۆیلە لە قەڵەم دابوو، بە بێگاری و بە خۆڕایی کاریان لە سەنگتاشی و دروستکردنی پەرستگاکاندا دەکرد، مووسا لەنێو ماڵی کۆیلەکان- میریام-ی خوشکی دۆزییەوە، میریام قەت بڕوای نەدەکرد کوڕە شازادەیەکی وەک مووسا برای ڕاستەقینەی ئەوبێت، بۆیە لەگەڵ نوون گەڕانەوە لەنێو بەلەمەکەدا تێر گریا و دووچاری جۆرێک لە خەمۆکی هات و بۆ ماوەیەکی زۆر تاقە وشەیەکی لە زار نەهاتەدەر، مووسا دووجار تووشی خۆشەویستی بوو، جاری یەکەم بەر لەوەی وەک سەرۆکی گالیسکەوانانی جەنگی بگاتە سەر زەوینی کۆش و هێرش بەرنە سەر ڕەشپێستەکان و قەتڵوعامیان بکەن و «ئێرگەباین»ی پودیای، یان پاشای وڵاتی کۆش و دوو کوڕەکەی بکوژن و هەرچی زێڕ و زەمبەری ئەم وڵاتەیە بەتاڵان بەرن، لەگەڵ «ستی کف»ی فەرماندەی سوپای ڕەوانە کراوی میسر لادەدەنە ماڵی ئاتوون مووسای پزیشکی گۆشەنشین و مووسا لەوێ چاوی بە (مریت ئاتوون)ی کچی دکتۆر دەکەوێت و خۆشی دەوێ و هەر هەمان ڕۆژ مریت بە ڕەزامەندی خۆی و باوکی دەبێتە دەسگیرانی مووسا، بڕیار دەدرێت کاتێک مووسا لە شەڕ گەڕایەوە بیگوازێتەوە، کەچی دوای ئەوەی لە شەڕی کۆش دەگەڕێنەوە، مووسا و نوون سەردانی ماڵە سپییەکەی دکتۆر دەکەن و دەبینن سەرلەبەری خانەوادەکە قەتڵوعام کراون و تەرمەکانیان لەو گۆڕە کەوتووە، مووسا خەرجی ناشتن و مۆمیاکردنی تەرمەکان لە ئەستۆی خۆی دەگرێت، داوا لە «نف»ی تەلارسازیش دەکات قسنێکی هەندەسی بۆ گۆڕەکانیان دروست بکات، ئیتر مووسا هەمدیس بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دووچاری خەمۆکی دێت و تاقە وشەیەک چییە لە دەمی نایەتە دەرێ، مووسا جارێکی تر بەخۆیدا دەچێتەوە و دەتوانێت لەسەرزەوینی- میدیان- سەفوورە-ی کچی -جرو-ی خۆش بوێ و لەوێ لە هەمان ناوچە سەفوورە دەخوازێ و دەبن بە ژن و مێرد و لە هەمان ناوچە لەگەڵ نوونی برای نیشتەجێ دەبن و چەند سەر مەڕوماڵاتێک دەکڕن و خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ دەبن، «نوون» ڕۆژی شایی و گواستنەوەی سەفوورە چەند حەیوانێک دەکوژێتەوە و دانیشتوانی میدیان داوەت دەکات.

«نوون» کێیە، نوون ئەو کۆیلە سەرسەخت و ملهوڕەیە کە مووسا لە بازاڕی کۆیلەفرۆشان دەیکڕێ و دەیکاتە گالیسکەئاژۆی خۆی، مووسا وای دەزانی «نوون» لە سارانشینەکانی دەوروبەری شاری میسرە، دواتر بۆی دەرکەوت «نوون» سەر بە نەژادی بەنی ئیسرائیل و لە تیرەی «لاوی»یە، لێرەوە پێوەندییە نەژادی و مەزهەبییەکەی نێوان مووسا و نوون دەست پێ دەکات، هەندێ لە لێکۆڵەرەوان «نوون» بە کەسایەتی «هاروون» لە قەڵەم دەدەن، مووسا، نوونی فێری خوێندنەوە و نووسین کرد و ئەویش کۆمەڵێک زانیاری مەزهەبی و ئایینی فێری مووسا کرد، «هاوارد فاست» لەم ڕۆمانەدا کاری لەسەر کۆمەڵێک زانیاری ئایینی و مێژوویی و ڕووەکناسی کردووە، جوانییەکانی کەناری ڕووباری نیل لەم دەقەدا پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە، کە بە ڕووەکی پاپیرۆس داپۆشراوە، میسرییەکان لەوێ و لە ڕووباری نیل بە بەلەمی بچووک بچووک ڕاوەماسی و ڕاوەمراوی کێوییان دەکرد، بەڵام لەسەردەمی حوکمڕانی هەردوو فیرعەوندا ڕامسیسی دووەم و مەنەفتەدا، بەنی ئیسرائیل بەکۆیلەیی دەچەوسانەوە، نەخاسمە لەسەردەمی مەنەفتەدا هەتا ژن و منداڵەکانیش لە کەناری ڕووباری نیل ئاردی گەنمە کێوییان کۆ دەکردەوە، ئەوان سەرەتا لە خاکی کەنعان و سینا دەژیان لەبەر قاتوقڕی ڕوویان لەسەر زەوینی میسر کرد و لە کۆش دامەزران، ڕامسیسی دووەم بە کۆیلەیی کردن و بۆ بنیادنانی کۆشک و تەلارەکانی خۆی بەکاری هێنان، لە خاکی میسر، ئەوەی دیلی شەڕ

بووایە، دەکرا بە کۆیلە، یان ئەوەی قەرزار بووایە خاوەن قەرز مافی ئەوەی هەبوو، کابرای قەرزار بباتە بازاڕی کۆیلەفرۆشان و بیفرۆشێ، زۆرجار مرۆڤیان لە کەناری نیل دەگرت و بە تایبەتی مرۆڤی غەریب و غەوارە ئەگەر بەلەمەکەی تێکشکابایە وەک ئەوەی ئاژەڵێکی کێوییان ڕاوکردبێت دەیانبردە بازاڕی کۆیلەفرۆشان و دەیانفرۆشت، هاوار فاست لەم تێکستەدا بە شێوازێکی ئاسایی و دوور لە بەکاربردنی تەکنیکگەلێکی هونەری لەنێو کولتووری توندوتیژی فیرعەونیدا کاردەکات و ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکان لە ڕێگەی گێڕانەوەی ئاسایی و دیالۆگەوە بەخوێنەر دەگەیەنێت، کولتوورێک لێوانلێوە لە کوشتوبڕ و سەربڕی و سووکایەتی و ستەم و چەوسانەوە و تاڵان و بڕۆ... «ستی کف»ی فەرماندەی گالیسکەوانانی جەنگی.. دەیگوت پیاوی جەنگاوەر هەموو ڕۆژێک گیانی لەنێو لەپی دەستیدایە، «ستی کف» هێندە لە میرانی وڵاتانی دراوسێی کوشتبوو، بە دەستی خۆی ورگی میری فینیقیای هەڵدڕی و میری هاتی بە گالیسکەوە کرد و ڕایکێشا، مووساش وەک کوڕە شازادەیەک لە کەشوهەوای کۆشک و تەلاری فیرعەونیدا بەهەمان کولتووری توندوتیژی پەروەردە کرابوو، ئەو لە هێرشەکەی سەرزەوینی کۆش بڕوای بە شەڕوشۆڕ و قەتڵوعام کردنی ڕەشپێستەکان نەبوو، پێی باش بوو دەست و دیارییەکە لە «ئێرگە باین»ی پودیای وڵاتی کۆش وەربگرن.. کە بریتیبوو لە بڕێکی زۆر لە زێڕوزیو و مرواری و شتگەلێکی گرانبەها، کەچی «ستی کف» ڕازی نەبوو، چونکە ڕامسیس بڕیاری دابوو کە وڵاتی کۆش تاڵان و بڕۆ بکرێت، کاتێک ئێرگە باین و کوڕەکانی کوژران مووسا خەفەتبار بوو، بیری لە بێ دڵی و هەڵسوکەوتە توندوتیژەکانی «ستی کف» دەکردەوە، کەچی دواجار کاتێک مووسا کە سەرنج دەدا پاسەوانێکی میسری کۆیلەیەکی بەردکێشی ئیسرائیلی لەژێر لێداندا دەکوژێت ئیتر بەخۆی ناوەستێ و مستێک بەدەمی کابرای میسریدا دەکێشێ و یەکڕاست دەیکوژێ..

هاوارد فاست لە تەوەرێکی تردا هێمای ناوی خوداوەندەکانی سەردەمی فیرعەونی شی دەکاتەوە. هەمیشە لە میسر هەرەمی گەورە بۆ «ئامون» دروست دەکرا، کۆیلەگەلێکی بێ شومار لە بنیادنانی هەرەمەکاندا کاریان دەکرد، ئامون= خوای خوایانی میسری، بەڵام ئاتوون= خۆر، ئاتوون پەرستان بڕوایان بە ئاتوونی ڕاستەقینە هەبوو، واتە ئەوەی کە خۆری دروست کردووە، چونکە ئاتوون جیهان گەرم و ڕووناک دەکاتەوە، «نف»ی سەرۆکی تەلارسازان بە مووسای گوت گومانم لە بوونی ئاتوون نییە، کە خودای یەکتاو نەبینراوە، بەڵام زۆربەی فیرعەونەکان خۆیان بەکوڕی ئامون دەزانی، [ئامون خوای خواکانی ئێوە خۆرە، فیرعەون کوڕی خۆرە، کەواتە ئەو کوڕی خۆرە] ناوی خوداوەندەکانی میسر بریتیبوون لە... ئۆزیس، ئۆزیریس، ست، ڕە، ئامون، شاری «ئوم ئەکەد» لە لێواری ڕووباری نیل خواوەندی بەروبوومی تێدا بوو بەنێوی «مووت»، ئوزیریس خوداوەندی مەرگ، بەڵام دانیشتوانی سەرزەوینی کەنعان «مار»یان دەپەرست، سەرەتا «نوون»ی کۆیلە و غوڵامی مووساش ماری دەپەرست، بەڵام مووسا توانی هێدی هێدی لەم خورافە پەرستییە ڕزگاری بکات، ئەو دەمەی مووسا بە لەشکرێکی زۆرەرەوە ڕووی لە «شاری زێڕین» کرد، ئاخر بەپێی فرمانی ڕامسیسی دووەم دەبوایە مووسا ئەم هێرشە ئەنجام بدات، ڕامسیس دەیویست مووسا لە جەنگدا بکوژێت و دووبارە نەگەڕێتەوە پایتەخت، لە ڕێگادا مار بە قاچی مووسای وەدا، نوون ژەهری مارەکەی لە قاچی شازادەی خۆی هەڵمژی و لەمردن ڕزگاری کرد، وەلێ مووسا لەسەرزەوینی میدیان شارەزاییەکی زۆری لەبارەی مار و جۆرەکانی مار پەیدا کرد، لەوانە ماری دەریایی، ماری وشکانی، ماری کەبچە، هێلکەی مار و جۆری ژەهرەکەی، سەرەڕای ئەوەی ڕووباری نیل مارگەلێکی زۆری لێ بوو، مووسا لە خاکی میدیان بەهۆی «جرو»ی کاهین و «هباب»ی کوڕی فێری دنیای مار و گیا و گوڵەکانی خاکی میدیان بوو، نەخاسمە ئەو گیا و گوڵانەی کە لە بواری دەرمانسازیدا بەکاردەبران، لەوانە گیای گوڵەپایزە و قوڵنجان کە بۆ نەخۆشی ڕۆماتیزم و ئارسریت و ژانی جومگەکان بەکاردەهێنران، پاشان مووسا و نوون بەهۆی ئەم گیایانەوە هەوڵ دەدەن نەخۆشییەکەی مەنەفتەی فیرعەون چارەسەر بکەن، هەڵبەتە بێزارکەرترین و درێژدادڕترین بەشی

ئەم ڕۆمانە مێژووییە ئەو بەشەیە کە مووسا لە مەجلیسی مەنەفتەدا چەند پەرجوویەک دەنوێنێ و مەنەفتەی فیرعەون بەهیچ شێوەیەک ناگاتە ئەو قەناعەتە کە بڕیار بدات کۆیلەکانی قەومی ئیسرائیل لە خاکی میسر دەربچن، بەڵام لە ترسی مووسا و نەوەک دووچاری نەخۆشییەکی کوشندەی بکات، مەنەفتە بڕیار دەدات کۆیلەکانی بەنی ئیسرائیل بێگارییان لەسەر هەڵبگیرێت و سەرجەم شارەکانی میسر جێ بێڵن و لە پایتەخت و لە نزیک ڕووباری نیل نیشتەجێ بکرێن، چونکە کۆیلەکان لە شارەکانی میسر لە برسان هێرشیان دەبردە سەر دوکان و نانەواخانەکان، بەڵام دوای ئەوەی مووسا لەگەڵ نوون ڕوو لەسەرزەوینی سینا دەکەن و لەگەڵ یاهوو دەدوێت، دەزانێت فیرعەون بەنیازە لەشکرکێشییان بەسەردا بکات و لە ماوەیەکی کورتدا قەتڵوعام بکرێن، بۆیە بە زووترین کات خۆی دەگەیەنێتە پایتەخت و ڕابەرایەتی قەومەکەی دەکات و بە نهێنی لە ڕووباری نیل دەپەڕنەوە، وەک لە سەرەتادا ئاماژەم بە شێوەی دەربازبوونی ئەوان دا، کە چۆن لەشکری فیرعەون نغرۆی ڕووباری نیل بوون، هەروەها مووسا لە «شاری زێڕین» کە لە بنەڕەتدا شارێکی ئەفسانەییە، بەو پێیەی کە پێشبینی دەکرا گوایە دەرگە و دیوارەکانی ئەو شارە لە زێڕ دروست کراون، بەڵام کاتێک مووسا و لەشکرەکەی گەیشتنە ئەو شارە، لە دەروازەی شارەکەدا چاویان بە پیرەمێردێکی ڕەش پێست کەوت لەژێر سێبەری دیوارێک دانیشتبوو، ئەو پیرەمێردە ناوی «دوگانا» بوو و زمانی میسری دەزانی، ئەو دەورانێک لە وڵاتی میسر کۆیلە بووە، دوگانا مرۆڤێکی دانا و دەرمانساز و گیاناس بوو، ئەو پاشای شاری زێڕین بوو، شاری زێڕین دەتگوت خاکی «دلمون»ە، لەلای ئەوان درۆ و دزی و ڕووبینی و ئیرەیی بوونی نەبوو، ئەوان نە ساڵنامەیان هەبوو، نە خەمی بژێوی سبەینێ، خەڵکی ئەو شارە هەمیشە شاد و بەختەوەر بوون، بۆ باران بارین و ڕاوەماسی جۆرە سەمایەکیان دەکرد و هەر شتێکی گرانبەهاشیان هەبووایە لای «دوگانا»یان دادەنا، سەرچاوەی ڕووباری نیل لەو ناوچەیە بوو، چیاکانی حەبەشە، کۆتەڵی «بەعل» و کوڕەکانی لەسەر ترۆپکی ئەو چیایانە بەدی دەکرا، مووسا لە دەورانی گەنجییەوە چێژی لە دیمەنە جوانەکانی سروشت وەردەگرت، چۆن لە کاتی خۆرکەوتن و ئێوارە وەختانی درەنگ لە ڕووباری نیل ڕادەما و چێژی لە تیشک و پڕشنگە ڕەنگاوڕەنگەکانی خۆر وەردەگرت، لێرەش لە شاری زێڕین لە بەردە سپییەکان ورد دەبووەوە کاتێک لەشکری مووسا ئەو ناوچەیەی بەجێ هێشت خەڵکی خەفەت دایگرتن و بە چاوی فرمێسکاوی لەشکرەکەیان بەڕێ کرد، ئەم ڕۆمانە مێژووییە زانیارییەکی زۆری لەخۆ گرتووە، ناکرێ سەرلەبەری زانیاری و خەسڵەتی کەسایەتییەکان لە نووسینێکی وادا کورت بکرێنەوە، هەروەها بابەتگەلێکی هەمەجۆری وروژاندووە، ئەو دەمەی جەنگاوەر و کرێگرتەکانی لەشکری میسری ناوچە و دەڤەرێکیان داگیر دەکرد، سەربازەکان لە تاڵان و پاتاڵ و دەسکەوتەکان پشکیان هەبوو، ئەو زێڕ و زیوەی کە دەستیان دەکەوت لە شارەکان بەخواردن و شەرابیان دەدا و زۆرتریش بیرەیان دەخواردەوە و مەست دەبوون و لەماڵە سۆزانییەکان ڕایان دەبوارد، جەنگاوەر و کرێگرتەکان کە دەچوونە ڕیزی لەشکرەوە دڵیان بەمە خۆش بوو، بەڵام بابەتی سەرەکی ئەم تێکستە کارکردنە لەسەر «سیفری دەرچوون»ی کۆیلەکانی بەنی ئیسرائیل لە وڵاتی میسر بۆ سەرزەوینی کەنعان، دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین، کاتێک مووسا و نوون دەگەنە خاکی میدیان و بە (جرو)ی کاهین دەڵێن کە بەنیازن ڕوو لە خاکی کەنعان بکەن، جروی کاهین پێیان دەڵێ: خاکی کەنعان سەرزەوینێکی پانوپۆڕە و خاکێکی بە پیتوبەرەکەتی هەیە و فەلەستینییەکان لەوێ دەژین، ئەگەر ئێوە ڕوو لەوێ بکەن دەکوژرێن، خاکی بەرایی کەنعانیش سارایەکی وشک و برنگە، بۆیە مووسا لە خاکی میدیان دەمێنێتەوە و سەفوورەی کچی جرو دەخوازێ، بەڵام لێرەدا سەبارەت بەهەندێ دەربڕینی «نوون»ی غوڵامی مووسا هەست بە جۆرێک لە نێودژی دەکرێت، وەک گوتمان نوون لە سەرەتاوە مرۆڤێکی خورافە پەرست بوو، کەچی ڕەچەڵەکی خۆی دەباتە سەر ئورام= ئیبراهیم، نوون گوتی زێدگای من دەشتێکی بەرفراوانە کە هەمووان بەناوی «کەنعان» ناوی دەبەن، نوون گوتی باپیرە گەورەی مە ئیبراهیم «ئورام»ە، پاشان سەرۆکی بۆ

ئیسحاق و دواتر بۆ یاکوب «یەعقوب» جێ هێشت، پاشان بەسەرهاتی یووسفی کوڕی یاکوب دەگێڕێتەوە، بەپێی ئەم ڕۆمانە مووساش مانەندی نوون لە تیرەی «لاوی»، یان «لوی»یە، باوکی مووسا ناوی «ئوم رام»ە، واتە «عومرام» پاشان بۆتە عومران، ناوی دایکی مووسا «جوش بد»، یان «یوکابد» بووە و دایکی مووسا لە مێردی یەکەمی کە کۆچی دوایی کردووە، دوو منداڵی هەبووە کوڕێک بەنێوی هاروون «ئاروان» و کچێک بەنێوی میریام... کەواتە بە پێی ڕوانینی ئەم ڕۆمانە وادەردەکەوێت، کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل بۆ دێرزەمانێکی کۆن دەگەڕێتەوە، ئێستەش کاتی ئەوە هاتووە ڕۆشنفکرانی هەردوولا لە کۆمەڵگەیەکی ڕەنگاوڕەنگدا بیر لە پێکەوە ژیان بکەنەوە و کێشە مەزهەبییەکان وەلانێن، ڕۆمانی «مووسا شازادەی میسر» لە بیابانی سینادا ئاماژە بە دەرکەوتنی «سامری» دەدات، ئەوکاتەی مووسا و نوون ڕووەو خاکی کەنعان هەنگاو دەنێن تووشی ئەفسوونکارێک دێن سواری کەرێک بووە و دەیەوێ پەیکەرگەلێکی چکۆلەیان پێ بفرۆشێت، لەوانە پەیکەری پشیلە و هی تریش، بەڵام دەق بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بە کەسایەتی «هاروون» نادات کە وەک براو یاوەرێک یارمەتی مووسای دەدا، چونکە مووسا لە کاتی پەیڤین و لێدواندا زمانی دەگرت، دوور نییە لێرە و لەم نووسینەدا «نوون» شوێنی هاروونی گرتبێتەوە، ئەم ڕۆمانە زانیارییەکی زۆری لەخۆ گرتووە و هاوکات کەسایەتییەکی زۆری تێدایە، ناکرێ لە ڕەوش و خەسڵەتی سەرجەم کارەکتەرەکان بدوێم لەوانە ستی، ئاموون تپ، ڕامسیس ستی، فیرعەون ئاموون هوتپی چوارەم کە ناوی خۆی، نا ئاخن ئاتوون- ئەخناتوون، نفرتی تی، نف، هەروەها کاری= ناوی ئەسپەکەی مووسا بوو، کا= بە زمانی میسری کۆن واتە ڕوح، رکوفار= سەرۆکی پزیشکان، ئەنخاس ئاموون، ڕم ئوپیت= کەنیززادە، ستی هوپ، ستی کف، وڵاتی هاتی= تورکیای ئێستایە، شاری تانیس= مەڵبەندی بازرگانی میسر بوو، نوون= ناوی ئەو غوڵامە کۆیلە گەنجە میسرییە بیابانییەیە کە مووسا لە بازاڕی کۆیلەفرۆشان دەیکڕێ، گوتوفار= دەلاڵی بازاڕی کۆیلەفرۆشان، ستی مووسات سەرۆکی تاپۆی موڵکەکان، شاری کەرنەک دەکەوێتە سەرووی میسر، هوست= یەکەی سەربازی ١٠٠ نەفەر، مووسا ئەو ڕۆژەی کە لە تانیسەوە لەگەڵ سوپای میسری بەڕێکەوت تا بەرەو سەرزەوینی کۆش بڕوا، فەرماندەیی ٢٤٠٠ گالیسکەی دەکرد، سوکر مووسا= ئەفسەری پایەبەرز و ئاژۆی گالیسکەی ستی کف، ئاتوون مووسا= پزیشک، ستپ ئاتوون= هاوسەری دکتۆر ئاتوون مووسا، مریت ئاتوون= کچی دکتۆر، گشتیان لە ماڵە سپییەکەیاندا قەتڵوعام دەکرێن، مکا= بەهای مرۆڤایەتی، ئەو شتگەلەی لە بەرژەوەندی قەومێک بێت، مووسا مریت ئاتوونی زۆر خۆش دەویست، ئەنخاس ئاموون= یەهودییەکان دەڵێن ئەم شازادەیە بەناوی «بتیە»یان «بەسیە» ناسراوە ئێرگەباین= پاشای وڵاتی کۆش، پودیا= پاشا، باوک، ئیرگا= کچی پاشای کۆش، هەوڵدەدات مووسا بکوژێت، هتپ ڕە= ئیرگای کوشت، سوکر مووسا= بە فرمانی فیرعەون مووسا بۆ شاری ئەفسانەیی دووردەخاتەوە، نوون= هتب ڕە دەکوژێ، نهۆشین= ڕوحی مارەکان دوگانا= ناوی ئەو پیرەمێردەیە، یان ئەو پزیشکەیە کە لە شاری زێڕین زمانی میسری دەزانی. بە مووسا دەڵێ نە تەمەنی من ئەوەندەی بە بەرەوە ماوە جارێکی تر ڕێگای میسر بگرمە بەر و تۆ لەوێ ببینمەوە، نە تۆش جارێکی تر ئەم ڕێگایە تەی دەکەی و بەرەو ئێرە دێیتەوە ، دوگانا زۆر هەوڵی لەگەڵ مووسادا کچێک لە قەومەکەی ئەو بخوازێت ماڵی سپی= ماڵی پزیشکی گۆشەنشین، کێوی قاف= چیاکانی قەوقاز، پرومتە= خواوەندی وڵاتی قاف، شپ تت= سەرۆکی بەردتاشان، کە تورە= بخوور، دەنگی ئوزیریس= دەنگدانەوەی گوێ، گوێچکە، ئاماژەیە کە مرۆڤ لە مەرگ نزیک بۆتەوە، هیکسۆس= نا شوانکارەیی، ڕێگر، کوڕی یەکەمی مووسا لە سەفوورە ناوی بەندەی یاهوو بوو، کوڕی دووەمی ناوی «گەرشوم» واتە گەڕانەوە بۆ وڵات، ئالاس= شارێکە لە باکووری دەریای قلزوم، ئەخناتوون= لەلایەن ئاموون پەروەرانەوە ژەهر خواردوو کرا، کوراه= ناوی ئەو پیرەمێردە ئیسرائیلییەیە کە مشتومڕی لەگەڵ مووسا کرد، شاری میسر ئاموون و ٤٠ چل خوداوەندی تری پلە یەکی

هەبوو، دواتر ژمارە چل لای یەهودییەکان بە ژمارەیەکی پیرۆز ناوزەد دەکرێت، کوم= لە شاری «کوم» لە میسر کۆیلە ئیسرائیلییەکان هێرشیان بردە سەر ماڵی خەڵک و ئازووقەیان دزی، خاچ= نیشانەی ئاتوونە، قۆچ، یان شاخ= دوایین نیشانەی ئاموتە، مەمفسە= فەرمانڕەوای پایتەخت، ئەم بابەتانەی کە ئێستە لێیان دەدوێین و پێوەندییان بە مووسا و سەردەمی فیرعەونەکانەوە هەیە، سێ هەزار ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵای کوللە و بۆق و خوێناوی بوونی ئاوی ڕووباری نیل و هەڵکەندنی بیرو مردنی مەڕوماڵاتێکی زۆر، کێوی سینا جۆرە گیایەکی لێ بوو پێیان دەگوت «مر» ئەم گیایە بۆ خواردن بەکار دەهات، هەزار ساڵ دوای مووسا، تا سەردەمی عیسا بەشی باکووری بیابانی کەنعان سەرزەوینێکی سەوز بوو، واتە پڕ بوو لە مێرگ و لێڕەوار و ئاو و سەوزایی، «ئەریحا» جریشوو= یەکێکە لە شارەکانی فەلەستین، جێگای دانیشتوانی کەنعانییەکان [ئەو خەڵکەی لە وڵاتی کەنعان مانای فەلەستین و فینیقییە دەژیان] ئەریحا لەلایەن یشوعی کوڕی نوون داگیرکرا، قەومی ئیسرائیل دوای ئەوەی لە میسر دەرچوون خۆیان گەیاندە سەرزەوینی کەنعان، دوای مردنی مووسا یوشع شوێنی وی گرتەوە و بڕیاری دا خاکی ئەریحا داگیر بکات، هاوارد فاست لەم ڕۆمانەدا هەندێک لە زانیارییەکانی لەو سەرچاوانە وەرگرتووە کە سوودیان لە بەکاربردن و پراکتیزەکردنی «کاربۆن ١٤»

کردووە، واتە ئەو کاربۆنەی لە ڕێگەی تیشک و تیشکدانەوە زانیاری پێش ١٤،٠٠٠ چواردە هەزار ساڵت پێ دەگەیەنێت، هەڵبەتە دوای پەڕینەوەی قەومی ئیسرائیل لە ڕووباری نیل و نغرۆ بوونی لەشکری فیرعەون، کۆیلەکان نەوەستان و بەردەوام سەرزەنشتی مووسایان دەکرد و داوایان لێ دەکرد لەگەڵ یاهوو قسە بکات و داوای خوردوخواردنیان بۆ بکات، بە تایبەتی سەوزە و پاقلە و خەیار و... مەڕ مالات، مووسا دەیگوت دەبێ بچمە سەر کێوی سینا، لێرە یاهوو وەڵامم ناداتەوە، بەڵام ئەوان لەسەر قسەی خۆیان مکوڕ بوون، دەیانگوت لێرە و لەسەر ئەو زوورگانە لەگەڵ یاهوو بدوێ، بەڵکو خوردوخۆراکمان بۆ دەنێرێ.. مووسا کاتێک بە کێوەکاندا هەڵگەڕا خەڵکی دەوروبەر وایان زەن دەکرد ئەمە زاهیدێکە و ڕووی لە خەڵوەت کردووە. هاوارد فاست بەشێوەیەک کۆتایی بە ڕۆمانەکەی دێنێت کە یاهوو فریای مووسا ناکەوێت و داخوازییەکانی جێبەجێ ناکات، کەچی لە زۆربەی سەرچاوە ئایینی و مەزهەبییەکاندا هاتووە کە گەزۆیان بەسەردا دەبارێت و تەیری - سلوی- شیلاقە-ش بە ڕەوە ڕوویان تێ دەکەن.

دوای خوێندنەوەی هەردوو بەرگی ڕۆمانەکە، وام بە باشزانی بەشێواز و داڕشتنێکی تر، زانیاریگەلێکی مێژوویی بۆ خوێنەری کورد بگوازمەوە، ئەگەرچی ڕووداو و بەسەرهاتەکانم بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ و تێکەڵاو گێڕاوەتەوە، بەڵام هەوڵم داوە تاڕادەیەک بابەتە سەرەکییەکانی کتێبەکە بخەمەڕوو و چەند سەرنج و تێبینی و بیروبۆچوونێکی خۆشم تۆمار بکەم.

**مووسا شازادەی میسر**

**نووسینی= هاوارد فاست**

**وەرگێڕانی بۆ فارسی: زەبیحوڵڵای مەنسووری**

**وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل**

**چاپ: یەکەم= بەرگی یەکەم + بەرگی دووەم ٢٠٠٩**

**چاپخانە: چاپخانەی خانی «دهۆک»**

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

# مۆزەخانەی پاکیزەیی

**جەبار سابیر**
**(سلێمانی)**




ئەم ماوەیە دوو ڕۆمانی (ئۆرهان پامۆک)م یەک دوای یەک خوێندەوە. لە دوای وەرگرتنی نۆبڵی ئەدەبی ٢٠٠٧ لە لایەن (پامۆک)ەوە هەمیشە خوێنەرێکی تامەزرۆی کارەکانی ئەو بووم. ئەمەش یەکەم: لەبەر ئەزموونگەری ئەو ڕۆماننووسە، دووەمیش لەبەر بیرۆکە و بابەتی ڕۆمانەکانی. هیچ ڕۆمانێکی نییە لە ڕۆمانێکی تری بچێت و ئەمەیش وای کردووە ئەو ڕۆماننووسە بکاتە ڕۆماننووسێکی جیهانی، چونکە من پێم وایە تا بابەت خۆماڵی بێت، ڕۆمانەکە جیهانیتر دەبێت. ئەمەیش لە ئەزموونی زۆر لە ڕۆماننووسە گەورەکانی دنیاوە هەڵدەهێنجرێت. گەر ئاوڕ بۆ دۆنکیخۆتەی سێرڤانتس بدەینەوە، دەبینین ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە لە گۆشەیەکی زۆر بچووکی وڵاتی ئیسپانیادا ڕوودەدەن، بەڵام ئێستا بە هەرچی زمانی دنیایە دەخوێندرێتەوە، مەگەر بۆ میللەتێک کە چاپ و چاپەمەنییان نەبێت. ڕووداوی ڕۆمانەکانی پامۆکیش هەر هەمووی لە تورکیادا ڕوودەدەن و ئەمەیشە سیحری ناوبانگی ئەو پیاوە. ئەو وای کرد تورکیا لەبەردەم دنیای دەرەوەدا خۆی ڕووت بکاتەوەو جەستەی پیشانی خەڵکی تر بدات. هەمیشە دیکتاتۆر و دەوڵەتە داپڵۆسێنەر و داخراوەکان، لە هەوڵی شاردنەوەی جەستەو سیمای وڵاتەکەیاندان، بۆ ئەوەی لەبەردەم خەڵکی بیانیدا ئابڕوویان نەچێت و ناشیرین نەبینرێن، بەڵام ڕۆماننووسان پێچەوانەی ئەوان، هەوڵی سەرەکییان پیشاندانی جەستەی وڵاتەکەیانە بە ڕووتوقووتی، پیشاندانێک کە وەک شووشە ئەم دیواو ئەو دیوی ببینرێت. نزیکەی هەشتا ساڵ زیاتر دەوڵەتی تازەی تورک نکوڵی لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان کرد، کەچی پامۆک لە ڕۆمان و دیدارەکانیدا ئەو نکوڵیکردنەی بە درۆخستەوەو وتی بەڵێ ئێمە دەستمان بە خوێنی ئەرمەن سوورە. جگە لەوەش ڕۆمان ئاوێنەیەکی ڕوونە بۆ پێشاندانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیش، پامۆک لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانەوە نزیکەی بیست ساڵ

ژیانی کۆمەڵگەی تورکی بۆ وێنە گرتووین و ئەو بیست ساڵەیش ساڵانی کاریگەربوون لە مێژووی تورکیادا. دەکرێ لە بواری سینەماوە سەیر بکەین، لەم ڕۆمانەدا بارودۆخی سینەماو هونەری سینەما تەواو ڕوون کراوەتەوە کە ئەو کاتە لە تورکیا ئەکتەری ژن، یان کچ نەبووە ڕۆڵە هەستیارەکان ببینێ، یان کچێک دەست نەکەوتووە ڕیکلام بۆ کۆمپانیایەک بکات و لە ئەڵمانیاوە (ئینگە) دەهێنن ڕیکلام بۆ کۆمپانیای ئاومیوەی مەڵتەم بکات. هەر لێرەدا ئاوڕ لە ژیانی خەڵک دراوەتەوەو ئەوەمان پیشان دەدات کە دەوڵەمەندەکان چۆن خۆیان لە خەڵکی هەژارو نەدار جیاکردۆتەوە، بەوەی دابونەریتی تایبەت بە خۆیان دروست کردووەو هەژارەکانیان لە خۆیان جیاکردۆتەوە.

پامۆک نموونەی نووسەرێکی هەوڵدەر و کارکەرەو ئەمەیش بە ڕۆمانەکانییەوە دیارەو لێرەیشەوە زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری (دۆستۆیڤسکی و گۆستاف فلۆبێر)ەوە. ئەوانیش بەو جۆرەو بە دانیشتنی چەند کاتژمێری لەسەر مێز کاریان کردووە. پامۆک خۆی لە دیدارێکیدا دەڵێ ڕۆژانە نزیکەی دە کاتژمێر کار دەکەم و دواتر پاکنووس دەکەم. ئەو دەڵێ ئەگەر لە بەشێک بێزار بووم و نەمتوانی بنووسم، دەچمە بەشێکی تر. سروشتی ڕۆمانەکانیشی ئەم شوێن گۆڕکێیەی بۆ فەراهەم دەکات. هەر ڕۆماننووسەو شێوازێکی هەیە بۆ نووسین و ئەو شێوازەیش دەیکاتە ڕۆماننووسێکی ناسراو، وەک وتمان پامۆک بە کاری بەردەوام و دانیشتنی دە کاتژمیر لەسەر مێز کاردەکات و پێشوەخت بڕیادەدات چی بنووسێت و چۆن بینووسێت. لای پامۆک سرووش درۆیەکی گەورەیەو ئەوە هەوڵی نووسەرە وادەکات ڕۆمانێکی قەبارە گەورەی وەک ناوم سوورەیە، یان بەفر بنووسێت. پامۆک لەو نووسەرانەیە کە خۆی پەروەردە دەکات و لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەردەوامەوە ڕۆمان دەنووسێت، نەک سرووش و بۆ هاتن.

ڕۆمانی (مۆزەخانەی پاکیزەیی)ش وەک ڕۆمانەکانی تری بەش بەشی کورتە، بەڵام ئەوەی کە لە هەموو کارەکانی تری جیادەکاتەوە ئەمەیە، کە ئەم ڕۆمانە تەواو ڕۆمانێکی ڕۆمانسیانەیە و چیرۆکەکەی چیرۆکی عەشقێکی ناکامە، عەشقێک کە نەدەستپێکەکەی دیارەو نە کۆتاییەکەی. کەمال بەگی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، کوڕی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندەو پێم وایە هەر خودی ئۆرهان پامۆکە. کۆمپانیایەکیان هەیە بە ناوی ساتسات و کەمالیش لەو کۆمپانیایە کار دەکات. لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا کەمال دەزگیرانی دەستنیشان کردووەو بڕیارە زەماوەند بکات، بەڵام ڕووداوێک هەموو شتەکان تێکدەدات و ئەمەیش تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە. کەمال ڕۆژێک دەچێت لە (بووتیکی شانزیلیزێ) جانتایەک بۆ سیبەلی دەزگیرانی بکڕێ، لەوێ فۆیسۆنی کچی پوورە نەسیبە دەبینێ، کە کۆن دراوسێ بوون و بەرگدرووی دایکی بووە. فۆیسۆن لەو بووتیکە کاردەکات و کەمال دەناسێتەوە، ئەم یەکتر بینینەی فۆیسۆن و کەمال دوای چەند ساڵێک دێت، ئەوان کاتێک یەکتریان بینیوەو پێکەوە گەمەیان کردووە، کە زۆر منداڵ بوون. ئێستا کەمال نزیکەی سی ساڵەو فۆیسۆنیش هەژدە ساڵییەتی. سیبەلیش کچی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و ناسراوەو چەند ساڵێک لە پاریس ژیاوەو خوێندنی تەواو کردووە. ئەمەیش وادەکات سیبەل جانتاکەی بە دڵ نەبێت و بە ساختەی بزانێت. ئیتر ئەمە دەبێتە سەرەتای نەگبەتییەکانی کەمال و دواتر سیبەل و ئینجا فۆیسۆنیش. کەمال جانتاکە دەباتەوەو لێرەوە کەمال و فۆیسۆن زیاتر ئاشنا دەبن و ژووانێک دادەنێن و شوێنی ژووانەکەیش باڵەخانەی مەرحەمەتە، کە لە ڕۆمانەکەدا زۆر تیشکی خراوەتەسەر، بەجۆرێک ڕووداوەکان لەوێ و لە گەڕەکی چوکورجۆما، کە دواتر ماڵی فۆیسۆن دەگوازنەوە بۆ ئەوێ، ڕوودەدەن. دوای ئاهەنگی نیشانەکردنی کەمال و سیبەل، کە فۆیسۆنیش یەکێک لە میوانەکانە، نێوانی کەمال و فۆیسۆن تەواو تێکدەچێت و دایک و باوکی فۆیسۆنیش بەم نێوانە دەزانن و ئیتر ماڵ دەگوازنەوە گەڕەکی چوکورجۆماو کەمال لە فۆیسۆن دادەبڕن و دواتریش دەردەکەوێ بە پەلەپڕوزێ فۆیسۆن دەدەن بە فەرەیدوون ناوێک، کە خەریکی کاری سینەمایە. ئەم ماڵ گواستنەوەیەی

بنەماڵەی کەسکین، وەک پەیامێکە بۆ کەمال کە ئیتر دەست لە کچەکەمان هەڵگرە و دوای ژیانی خۆت بکەوە. بەڵام کەمال کۆڵ نادات تا ماڵی فۆیسۆن دەدۆزێتەوە. دوای ئەوەی کە ماڵی فۆیسۆن دەدۆزێتەوەو دەزانێ فۆیسۆن وەک تۆڵەیەک لەو شووی بە فەرەیدوون کردووە، ئیتر ئاگری عەشق زیاتر لە دەروونی کەمالدا کڵپە دەکات و ماڵی فۆیسۆن دەکاتە ڕێگەی کانی و هەموو ئێواران خۆی پێدا دەکات و تا دوازدەی شەو دادەنیشێ و عەرەق لەگەڵ بنەماڵەی کەسکین دەخواتەوەو پێکەوە سەیری تیڤی دەکەن.

کەمال هەشت ساڵی ڕەبەق سەردانی ماڵی فۆیسۆن دەکات و لەو هەشت ساڵەشدا هەموو ڕێگەیەک دەگرێتە بەر تا فۆیسۆن لە فەرەیدوون دابڕێت و لە ئەنجامیشدا فەرەیدوون واز لە فۆیسۆن دەهێنێ بەو مەرجەی کەمال واز لەو کۆمپانیای لیمۆن فیلمە بهێنێ کە پێکەوە دایان مەزراندبوو و بڕیار بوو فۆیسۆن بکەنە ئەستێرەی سینەما. لێرەدا دەکرێ سەرنج لەم حاڵەتە بدەین پیاوێک هەشت ساڵ دەچێتە ماڵی کچێک و بەردەوام لەگەڵ دایک و باوکیدا دادەنیشێ و تا نیوەشەو دەخۆنەوەو باس و خواس دەکەن. نووسینی ڕۆمان پێوەندییەکی بنەمایی هەیە بە ئازادی تاک و کۆی کۆمەڵگەیشەوە. هەمیشە ڕۆمانی گەورە، بە تایبەت ئەو ڕۆمانانەی عەشق مۆتیڤی سەرەکییانە لە کۆمەڵگە ئازادەکاندا پێدەگەن. ئەگەر سەیری ئەم کۆمەڵگەیەی خۆمان بکەین و پرسیاری ئەوە بکەین بۆچی ڕۆمانی گەورەمان نییە؟ بێ گومان وەڵامەکەی ئەوەیە کە لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا ئازادییەکانی تاک نەگەیشتوونەتە ئاستێک تا کوڕ و کچ عەشقێکی لەو جۆرەی کەمال و فۆیسۆن بکەن و بتوانن بەو ئازادییە درێژە بەو عەشقەیان بدەن. لە لایەکی ترەوە، یەکێک لە لایەنە جوانەکانی ئەم ڕۆمانە سەفەرە، سەفەر هاوشانی عەشق لەم ڕۆمانەدا ڕێ دەکات و کەمالی پاڵەوان زۆربەی وڵاتانی دنیا دەگەڕێت و هەرچی موزەخانەی گرنگ و ناوداری دنیایە دەگەڕێت تەنیا بە خاتری ئەوەی بتوانێ موزەخانەی پاکیزەیی دروست بکات و لەو ڕێگەیەوە قەرەبووی لە دەستچوونی فۆیسۆن بکاتەوە. ئێمە دەزانین دوای مردنی فۆیسۆن بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل کە خودی فۆیسۆن بە ئۆتۆمبیلەکەی کەمال، لە کاتێکدا کە بەرەو ئەورووپا بەڕێ دەکەون لە بەرەبەیانێکدا و دوای ئەوەی دوا کردەی سێکسی لەگەڵ کەمالدا دەکات، ئۆتۆمبیلەکە لە کەمال وەردەگرێت و خۆی دەکێشێت بە دارێکدا و کۆتایی بە ژیانی دەهێنێ.

مەرگی فۆیسۆن بەو شێوە تراژیکە، یەک خوێندنەوە هەڵدەگرێت، مەرگی فۆیسۆن لەو ساتەدا بۆ هێشتنەوەو کۆتایی پێهێنانی ئەو عەشقە گەورەیەیە. بۆ ڕاگرتن و پاک هێشتنەوەی ئەو عەشقەیە، فۆیسۆن هەستی بەوە کردووە کە عەشقی لەگەڵ هەر ئەوەندە جوانەو ئەگەر پێ بنێتە قۆناغی هاوسەرگیری و پێکەوە ژیانەوە ئیتر ئالوودە دەبێت و پاکیزەیی لە دەست دەدات. لێرەدا تێدەگەین ئەمە دەست هاویشتنە لە ژیانی کارەکتەرەکان، بە تایبەت کارەکتەرێکی سەرەکی وەک فۆیسۆن. ئەم دنیا بینییەی ڕۆمانووس دنیابینییەکی ڕۆژهەڵاتییانەیەو هەر ئەم دنیابینییەش وای کرد نۆبڵ وەربگرێت. ئەم دنیابینییە عەشق لە ناکامیدا دەبینێتەوە. هەموو چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی ڕۆژهەڵات سەرەتاکەیان عەشقێکی گەرموگوڕەو کۆتاییەکەیان ناکامییەکی تراژیک. حیکایەتەکانی شیرین و فەرهاد و لەیل و مەجنوون و زۆری تریش کۆتاییەکەیان ناکامی و لێکدابڕان و مردنەو هەر ئەوەیشە ڕازی مانەوەو گەیشتنیان بە ئێمە. ڕەنگە هەزاران چیرۆکی تری عەشق هەبووبن و هەزاران فەرهاد و شیرینیش هەبووبن عاشقیش بوون پێکیش گەیشتبن، بەڵام بە ئێمە نەگەیشتوون، چون سەرئەنجامی عەشقەکەیان پێکگەیشتن بووەو عەشقیش لەوێدا کۆتایی پێدێت. عەشق تا ئەو شوێنە عەشقە، کە یەکتر ببینن و بەرکەوتنی جەستەیی کەم بێت، یان هەر نەبێت لە کوێ ئەو دوو شتە بوونە دەرکەوتەیەکی ڕۆژانەو نەریتی، ئیتر عەشق کۆتایی پێدێت و قۆناغێکی تری ژیان دەست پێدەکات، کە قۆناغی هاوسەرگیری و پێکەوە ژیانە. پامۆکیش کە ئەم کۆتاییەی بۆ ئەو عەشقە گەورەیەی دوو پاڵەوانەکەی هەڵبژاردووە، لەو دنیا بینییە ڕۆژهەڵاتییەوە هەڵیبژاردووەو

وای بینیوە گەر ئەو دووانە بە یەک بگەیەنێت و بیانترنجێنێتە ژوورێکەوە، ئیتر تەواوی ڕۆمانەکەی دەکوژێت و ئەو عەشقەیش یەکسان دەکاتەوە بە سفر.

ڕۆمانەکانی پامۆک بە گشتی لەو شێوازە ڕۆمانانەن کە چارەنووسی پاڵەوانەکانیان ونە، ئەمەیش دیسان دەمانباتەوە بۆ لای دیستۆیفسکی و گۆستاف فلۆبێر. لای ئەوانیش چارەنووسی پاڵەوان بە جۆرێک لە جۆرەکان ونە، ئیتر، یان دەمرێ، یان حوکم دەدرێ، یان ون دەبێ. لە ڕۆمانەکانی ناوم سوورەیەو قەڵای سپی و ژیانی نوێ و بەفر و لەم ڕۆمانەیشدا پاڵەوان، یان کارەکتەری سەرەکی، یان دەمرێ، یان ون دەبێ، وەک لە قەڵای سپیدا دەیبینین، یان بە دەردێکەوە گیرۆدە دەبێ و تا مردن پێوەی دەناڵێ، وەک کەمالی پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە. ڕەنگە ئەم چارەنووس دیاریکردنە بۆ پاڵەوان، یان ئەم خواستنی پاڵەوانە لەم دنیا تێکچڕژاو و جەنجاڵەی ئەمڕۆ وەرگیرابێ، ئەی ناڵێن ئەدەب ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی.

دەکرێ لە دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی (مۆزەخانەی پاکیزەیی)ەوە، ئاورێک لە ڕۆمانی (خۆشەویستی لە زەمانی کۆلێرا)ی گابرێل گارسیا مارکیز بدەینەوە. لەوێدا فلۆرۆنتینۆ ئەریزا پەنجا ساڵ چاوەڕێ دەبێت تا فێرمینا دازا بێوەژن دەکەوێت و لە شەوی یەکەمی پرسەکەیدا، کە هێشتا تەرمی مێردەکەی نە نێژراوە، پێشنیاری هاوسەرگیری دەخاتە بەردەم فێرمینا. کەمال بەگی پاڵەوانی ڕۆمانی مۆزەخانەی پاکیزەییش دوای هەشت ساڵ، ئینجا دەتوانێ ببێتە هاوسەری فۆبسۆن، بەڵام ئیتر کات درەنگ بووەو ڕووداوەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو فۆبسۆنیان تووشی بارودۆخێکی دەروونی خراپ کردووەو وا دەکات بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت. لای مارکیز و لای پامۆکیش، وێنەی پیاوێک کێشراوە کە عەشق تووشی بارودۆخێکی دەروونی خراپی کردووە و لە هیچ کوێیەک ئۆقرە ناگرێت و تەواو لە ژیانی دادەبڕێت، بەڵام لێرەدا جیاوازی هەردوو پاڵەوانەکەی مارکیز و پامۆک لەوەدایە، کە عەشق، پاڵەوانەکەی پامۆک لە ژنانی تر دوور دەخاتەوە، لە کاتێکدا پاڵەوانەکەی مارکیز لە دوای ناکامی لە عەشقی فێرمینا دازا، نەوسنتر دەبێت و چەندین مەعشوقەی تر دەگرێت و سێکس لەگەڵ زۆر کچ و ژنی تردا دەکات، تەنیا بە خاتری ئەوەی فێرمینای بیرچێتەوە، بەڵام هەر بیری ناچێتەوە.

**تێبینی:**

**ئەم ڕۆمانە وەرگێڕی بە توانا بەکر شوانی لە تورکییەوە کردوویەتییە کوردی و کتێبخانەی ئەندێشە لە سلێمانی چاپی کردووە.**

# تاوانبار و پەروەردەی تاوان لە ڕۆمانی خوێنەردا

**باهۆز مستەفا**

ئەم ڕۆمانە هی نووسەری ئەڵمانی (بێرنارد شلینک)ە، تا ئێستا وەرگێڕدراوەتە سەر سی و نۆ زمانی جیهانی، لەساڵی ٢٠٠٨ وەک فیلم نمایش کراوە. ئەوە یەکەم ڕۆمانی ئەڵمانییە لە نیویۆرک تایمز لە لیستی داواکراوەکاندا یەکەم بێت.

ڕۆمانی خوێنەر کە لەلایەن دەرهێنەری بەریتانی (شتێفان داڵدری)ی کراوەتە فیلم بۆ ئەم خوێندنەوەیە سوودی زۆری لێ بینراوە و وای کردووە بەدوای ڕۆمانەکەدا بگەڕێین و زۆر لە وردەکارییەکانی کە لەنێو فیلمەکەدا جێگای نەبۆتەوە، لە ناوەرۆکی ڕۆمانەکەدا بدۆزرێتەوە. ئەم فیلمە، یان ئەم ڕۆمانە لە ڕێگای ئەو پێوەندییە سێکسی و دواتر خۆشەویستییەی نێوان (میشائێل بێرگ)ی پازدە ساڵان و (هانا شمیتس)ی سی و شەش ساڵان دەمانگەڕێنێتەوە نێو کێشەیەکی مرۆیی کە چۆن مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ تاوانباران بکات لەو حاڵەتەی مرۆڤەکە وا پەروەردە کراوە، هەروەها ئەم ڕۆمانە باسی کێشەی نەوەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەکات بەرانبەر (هۆلۆکۆست)، هەروەها کاریگەریی هانا لەسەر گەنجێکی وەکو میشائێل و تێکەڵاوبوونی هەست و سۆزی میشائیل لەنێوان بکوژێک و مرۆڤێک لەنێوان دوو نەوە و دوو سیستمی جیاواز.




لە دەستپێکدا میشائێل لە ڕۆژێکی سارد و باراناوی لە کاتی گەڕانەوەی لە قوتابخانە بە نەخۆشی تووشی ڕشانەوە دەبێت و دەچێتە ژێر هەیوانی شوقەیەک و تەندروستی زۆر خراپ دەبێت، لەم کاتەدا ژنێک لە کار دەگەڕێتەوە کە دواتر بە (هانا) دەناسرێت یارمەتی دەدات و دەیباتەوە ماڵەکەی خۆی، بەبێ ئەوەی بیر لە تووشبوونی بە هەمان نەخۆشی بکاتەوە.

میشائێل ئەم یارمەتییەی هانا لە یاد ناکات و دوای چاکبوونەوەی لە بەرانبەر ئەم چاکەیە چەپکێک گوڵ بە دیاری بۆ هانا دەباتەوە، لە کاتی ماڵئاوایی میشائێل، هانا داوای لێ دەکات چاوەڕێ بکات تا جلەکانی دەگۆڕێت بۆ ئەوەی بەیەکەوە بڕۆنە دەرەوە، لەم بەینەدا میشائێل لەشی هانا دەبینێت لە

ساتی خۆ گۆڕیندا، هاناش هەست بەمە دەکات، میشائێل لە شەرمان ڕادەکات، بەڵام ئەمە دەبێتە یەکەم ساتی چێژ وەرگرتنی سێکسی و تەواوی کاتەکانی لە ماڵەوە و لە قوتابخانە بەم فەنتازیایە بەسەر دەبات.

هانا ژنێکی لەسەرخۆ و کەمدووە، لەنێو ترام و میترۆکان وەک پشکێنەری تیکت کاردەکات. میشائێل لەو ڕۆژەوە خەون بە لەشولاری هاناوە دەبینێت و گیرۆدەی دەبێت، بۆیە ڕۆژی دواتر دەگەڕێتەوە بەردەم ماڵی هانا، کاتێ هانا ئەمە دەبینێت بەبێ گرنگی پێدان پێی دەڵێت: برۆ دوو سەتڵ ڕەژوو لە ژێرزەمینەکە بێنە سەرەوە. میشائێل بێ سڵەمینەوە گوێڕایەڵ دەبێت و دوای کەمێک بە دوو سەتڵ ڕەژووەوە دێتە ژوورەوە، کەچی هەموو لەشی تۆزی ڕەژووەکەیە، هانا ناچار دەبێت حەمامێکی بۆ بکات و پاشان لە کاتی وشککردنەوەی لەشی میشائێل ڕووبەڕووی حەزی سێکسی دەبنەوە. ئەم دەرگاکردنەوەیە سێکسییە لەو تەمەنە ئەوەیە، کە ئیتر میشائێل زۆرکەم دەچێتە قوتابخانە و حەزدەکات زۆرترین کات لەگەڵ هانا بەسەر بەرێت، بەڵام هانا بەمە دەزانێت، داوای لێ دەکات گرنگی بە خوێندنی بدات، هەروەها لەگەڵ میشائێل مەرج بۆ ژوانەکانی دادەنێت، کە هەر جارێک بێتە لای پێش سێکس کردن دەبێ باسی وانەکانی بۆ بکات و بەشێکی بۆ بخوێنێتەوە، تا وای لێدێت کتێبی تریشی بۆ بخوێنێتەوە لە هەموو ژانرەکان ئەلیادەی هۆمیرۆس و چیرۆکەکانی چیخەف و تۆلستۆی...

ماوەیەک خەریکی سێکس و کتێب خوێندنەوە دەبن، تا میشائێل دۆستایەتی لەگەڵ کچێکی هاوڕێی قوتابخانەی بەناوی (سۆفی) دروست دەکات و ناپاکی لە هانا دەکات، لەناکاو هانا میشائێل و سۆفی لە مەلەوانگە بەیەکەوە دەبینێت، بەڵام میشائێل کاردانەوەی نابێت، ڕۆژی دواتر میشائێل دەگەڕێتەوە ماڵی هانا، کەچی خانووەکەی چۆڵ و هۆڵە و هانا باری کردووە.

تا ئێرە نووسەر جگە لە چیرۆکی خۆشەویستی و سێکسی نێوان میشائێل و هانا زیاترمان پێ ناڵێت، سەرەڕای جوانی هانا و حەزی گوێگرتنی لەو کتێبانەی میشائێل بۆی دەخوێندەوە بەرانبەر جارێک بەیەکەوە خەوتن و هەڵسوکەوتی لەو پێوەندییە و لە پرنسیپەکانی لانادات.

لە بەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا، کە حەوت ساڵ دواتر دەست پێدەکات میشائێل قوتابی زانکۆیە لە بەشی یاسا لەگەڵ قوتابییەکان و مامۆستاکەی سەردانی دانیشتنی دادگای تاوانبارانی جەنگ دەکەن، دژی ئێشکگرەکانی سەربازگەی (ئاوشڤیتس) شوێنی سووتاندنی جوولەکەکان بە تاوانی بەندکردنی کۆمەڵێک خەڵک لە کڵێسە و دەرگا نەکردنەوە لەو کاتەی کڵێسەکە ئاگری گرتووە و بۆتە هۆی مردنی خەڵکەکە لە جەنگی دووەمی جیهانی، یەکێک لەو تاوانبارانە هانا شمیتس بوو، ئەمە بۆ میشائێل شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، بەڵام هەوڵی دا لە هەموو دانیشتنەکان ئامادە بێت و خۆی لە هانا دوور ڕابگرێت، میشائێل بیری لەوە دەکردەوە کە نەوەی نوێ چۆن مامەڵە لەگەڵ هۆلۆکۆست دەکەن، هاناش یەکێکە لە تاوانباران و بەشداربووانی هۆلۆکۆست.

لەنێو ئەوانەی لە کڵێسەکە سووتابوون، دایک و کچێک ڕزگاریان ببوو لە مردن و ئامادەی دانیشتنەکە بوون بۆ شاهێدیدان، لە یادیان بوو کە هانا پێش ناردنی گیراوەکان بۆ نێو کوورەکە، خواردنی پێدەدان و کتێبی پێدەخوێندنەوە، ئینجا بەرەو مردن بەڕێی دەکردن. پاشان تاوانبارەکانی تر فەرمانێکیان دا بە دادوەر کە گوایە هانا ئەمر و فەرمانی پێکردوون دەرگای کڵێسەکە نەکەنەوە، دادوەریش بۆ دڵنیابوون وەرقە و قەڵەمێکی دایە هانا بۆ ئەوەی بەراوردی دەستوخەتی هانای پێ بکات، بەڵام هانا هیچی نەنووسی و دانی بە تاوانەکەی دانا کە ئەو ئەمری پێکردوون، لەم حاڵەتەدا میشائێل وروژا، چونکە بیری کەوتەوە کە هانا خوێندەواری نییە، ئیدی چۆن ئەمری دەرکردووە؟ هانا بەم دانانەی سزای بەندکردنی تەواوی ژیانی بەسەر سەپێنرا کە دەکاتە بیست ساڵ زیندانی، ئەوانی تریش چوار ساڵ و پێنج ساڵ زیندانی کران.

هەر چەند پێوەندی نێوان میشائێل و هانا زیاتر سێکسی و فەنتازیایەکی ئیرۆتیکی بوو، هەروەها حاڵەتێکی سەردەمی گەنجی بوو، لە سەرەوە ئەم پێوەندییە بوونی

نەمابوو، بەڵام لە ڕاستی و واقیعدا وەک خۆشەویستێکی ژیانی تێکەڵی ببوو.

دوای ئەوەی میشائێل ژنی هێناو کچێکی بوو، بەڵام زۆری نەخایەند لێک جیابوونەوە و وەکو هەموو ئەو پێوەندییانەی لەگەڵ ژنەکانی تر سەری نەدەگرت، چونکە بەردەوام پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو پێوەندییەی کە لەگەڵ هانا هەیبوو بەراورد دەکرد لە ( بۆن و چێژ و دەست لێدان) و ئەو کاریگەرییەی بەسەرییەوەی جێ هێشتووە، لەنێو ئەو نیگەرانی و دوودڵییە میشائێل گەیشتە ئەوەی بڕیاردەدات، کە کتێب بە دەنگ بخوێنێتەوە و تۆماری بکات و بە کاسێت بۆ هانا ڕەوانەی گرتووخانەی بکات، دووبارە مونافەسەی خوێندنەوە لەنێوانیان دەست پێدەکاتەوە و میشائێل چی کتێبی کتێبخانەکەی هەیە بەدەنگ دەیخوێنێتەوە و بۆ هانای دەنێرێت، هاناش جارێکی تر ئومێدی دێتەوە بەر، کە کەسێک هەیە پێوەندی پێوەبکات، چونکە جگە لە میشائێل هیچ کەسی تری نەبوو، بەردەوام دەچووە لای ئێشکگرەکان پۆستەکەی بە حەزەوە وەردەگرت و کاسێتەکانی پێدەکرد و گوێی لە یەکە بە یەکەی کتێبەکان دەگرت و یادگارییەکانی بە بیر دەهاتەوە، لەم ماوەیەشدا لە ڕێگای دەنگەکان و وشەی سەر کتێبەکان هەوڵیدا فێری خوێندنەوە و نووسین بێت، تا بتوانێت بە ڕستەیەک سڵاو بنێرێت و سوپاسی میشائێل بکات، یەکەم نامەی بە یەک ڕستە بۆ میشائێل نارد، کە نووسرابوو (زۆر سوپاس) ئەمە زۆر کاری لە میشائێل کرد و خستییە حاڵەتێکی سۆزاوی قورس، بەڵام وەڵامی نەدایەوە.

لە کاتی نزیکبوونەوەی ئازادکردنی هانا، نامەیەک لەلایەن بەڕێوەبەری گرتووخانە بۆ میشائێل دێت، کە هانا جگە لەو کەسی تری نییە یارمەتی بدات ئەگەر بتوانێت لە لای خۆی، یان هەر جێگایەک شوێنێکی حەوانەوەی بۆ پەیدا بکات، میشائێل هەفتەیەک پێش ئازادبوونی هانا سەردانی دەکات، بەڵام سەیردەکات هانای جاران نەماوە و ئەو بۆنیشی کە لە هەموو کات هەستی پێدەکرد گۆڕاوە، هەستی کرد بەرانبەر پیرەژنێک وەستاوە، بۆیە خۆی دوور دەگرێت، هانا بە ئاشکرا هەستی بەم دوورەپەرێزییەی میشائێل کرد، لەگەڵ ئەوەش سوپاسی کرد بۆ ئەو کاسێتانە کە لە ڕێگایانەوە وەکو موعجیزەیەک فێری خوێندنەوە و نووسین بوو، هەروەها میشائێل پێی ڕاگەیاند کە هەموو شتێکی بۆ ئامادە کردووە.

لە ڕۆژی ئازادبوونی هانا بەڕێوەبەری گرتووخانەکە بە میشائێلی ڕاگەیاند، کە هانا خۆی لە سێدارەداوە و ئەو کتێبانەش کە لەسەر هۆلۆکۆست نووسراون لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیەی وێنەی ئەوی لەسەرە لە ژێر پێیەکانی داناوە لە جیاتی کورسی ئینجا خۆی کوشتووە، نامەیەک و هەندێک پارە کە لە زیندان کۆی کردبووەوە بۆ میشائێلی جێ هێشتبوو، کە بیدا بە کەسوکاری قوربانییانی هۆلۆکۆست.

بێرنارد شلینک بە شێوەی تاوان و سزای دیستۆفسکی کە چۆن کار لەسەر کێشەی دەروونی ڕاسکۆلینکۆف دەکات و کار و کردەوە توندوتیژەکانی بە تاوان نازانێت، بەڵکو بۆ سایکۆلۆژیەتی کارەکتەرەکە دەیگەڕێنێتەوە، بەڵام بێرنارد لەم ڕۆمانەدا کێشەیەکی تر دەورووژێنێت ئەویش پەروەردەی مرۆڤەکانە لەنێو سیستمێکی دیکتاتۆری پڕ لە شەڕ و توندوتیژیدا، کە کەمترین مۆراڵی مرۆڤانەی تێدا نادۆزێتەوە. بێرنارد لەنێو کارەکتەری کەسیەتی هانا ترادیسیۆن و پرینسیپەکانی پەروەردەی دەسەڵاتی نازییەکانمان پێ دەڵێت، کە پڕ بووە لە شەڕ و گرتن و کوشتن، مرۆڤەکانیش بێ بیرکردنەوە لەسەر ئەم ڕێبازەی ئەوان ڕۆیشتوون و شەرعیەتیان بە تاوانەکان داوە، وەک چۆن هانا لە دادگا زۆر بە ئاسایی دەڵێت: ئەگەر دەرگەی ئەو کڵێسەی ئاگری گرتبوو کردبامانەوە ئەوە بەندەکان ڕایان دەکرد و پشێوی دروست دەبوو، ئێمەش بەرپرس بووین لە پاراستنی گرتووخانە و بەندەکان، هەروەها هەمان پرسیار لە دادوەر دەکات: ئایا ئەگەر ئێوە ئەو کات لەوێ پاسەوان بوونایە چیتان دەکرد؟ دادوەر وەڵامی پێ نییە بۆی.

ئەگەر ئێمەش سەیری مێژووی چل ساڵی ڕابردووی ئەو وڵاتە بکەین، کە خۆمان تێیدا دەژین، دەبینین هەمان پەروەردە دووبارە بۆتەوە، بەڵام لە شوێنێکی تر و سەردەمێکی تر و نەتەوەیەکی تر، ئێمە ئەنفالمان هەیە و خەڵکی خۆشمان تێیدا بەشدار بوونە، نیوەی

ئۆپەراسیۆنەکان بگرە زیاتریش کورد خۆی کردوویەتی و ڕاستەخۆ تێیدا بەشدار بووە، بەڵام نەتوانراوە ئەمە بەشێوەیەکی ورد و داهێنەرانە کاری لەسەر بکرێت و بکرێتە کەرستەیەکی ئەدەب و سەرنجی خوێنەران ڕابکێشێت، ڕەنگە هەوڵدرابێت، بۆ نموونە بەختیار عەلی لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان کاری لەسەر ئەمە کردووە، هەرچەندە بەختیار عەلی نووسەرێکی بە توانا و خاوەن ئەزموونە، بەڵام نەیتوانیوە بە زمانێکی وا سەرنجی کەمترین خوێنەر ڕابکێشێت، ئەو ڕیکلامەی کە بۆشی کرا پێوەندی بە مۆدەی ئەو کاتەوە هەبوو. زمانی گێڕانەوە گرنگترین بنەمایە لەم جۆرە ڕۆمانانەدا، کە بتوانێت فەلسەفەکەی خۆیت پێبگەیەنێت. وەکو ئەوەی پامۆک و یوستن و پاولۆ کۆیلۆ و هێرتا مولەر.... تاد پێی دەنووسن. خوێنەر زۆر بە چێژەوە ڕۆمانی ئێمبەرتۆ ئێکۆ و پاتریک زوزکیند و دۆن دێلیلۆ... دەخوێنێتەوە و بەبێ ماندووبوون و بێزاری سەرلەبەریشی تێدەگات، کەچی ئێمە ناتوانین ڕۆمانێک بە چێژەوە بخوێنینەوە، کە کاری لەسەر بابەتێک، یان چیرۆکێکی تراژیدی واقیع کردووە، کە ڕۆژانە بەدوای ڕستەیەکی تازەی ئەم چیرۆکەدا دەگەڕێین، بەڵام ناتوانی ئەم ڕستەیە لەم ڕۆمانانەدا بدۆزیتەوە.

**بێرنارد شلینک**

لە ٦ تەمووزی ١٩٤٤ لە گرۆسەدۆرنبێرگ لە بیلیفیلد لە دایک بووە، پرۆفیسۆری زانستی یاسا و فەلسەفەی مافە.

لە منداڵییەوە لەگەڵ دایک و باوکی لە شاری هایدلبێرگ دەژیت، باوکی (ئیدموند شلینک) لە هایدلبێرگ پرۆفیسۆری لاهووت بووە، باپیری (ویلیام شلینک) پرۆفیسۆری میکانیک بووە، براکەی (ویلیام شلینک) پرۆفیسۆری مێژووی هونەرە لە زانکۆی فرایبورگ.

بێرنارد شلینک کۆلێژی یاسای لە زانکۆی هایدلبێرگ و زانکۆی ئازادی بەرلین خوێندووە. وەکو زانستناسی یارمەتیدەر لە زانکۆی دارمشتاد و بیلیفیلد و فرایبورگ کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٧٥قوتابی دکتۆرا بووە، لە ساڵی ١٩٨١ بڕوانامەی دکتۆرای لە یاسا لە فرایبورگ وەرگرتووە.

لەساڵی ١٩٨٢ تا ساڵی ١٩٩١ لە زانکۆی بۆن پرۆفیسۆری ماف بووە، لە ساڵی ١٩٩١ تا ساڵی ١٩٩٢ لە زانکۆی گیۆتە لە فرانکفۆرت ئەم ماین پرۆفیسۆری ماف و فەلسەفەی ماف بووە. لە ساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٩ لە زانکۆی هومبۆلدت لە بەرلین پرۆفیسۆری ماف بووە، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٧ تا ٢٠٠٦ لە دادگای دەستووری هەرێمی نۆردراین فێستفالن لە مونستەر دادوەر بووە. شلینک ئێستا لە نیویۆرک و بەرلین دەژیێت.

بێرنارد شلینک یەکەم ڕۆمانی لە ساڵی ١٩٨٧ بە ناوی یەکسانی خۆی، ڕۆمانی دووەمی لە ساڵی ١٩٨٨ بازنەی گرێیەیەکی مەزن، ڕۆمانی سێیەمی ساڵی ١٩٩٢ فێڵ خۆی، ساڵی ١٩٩٥ خوێنەر، ساڵی ٢٠٠٠ هەڵاتنی خۆشەویستی، ٢٠٠١ خۆکوژ، ٢٠٠٦ گەڕانەوە بۆ نیشتیمان، ٢٠٠٨ کۆتای هەفتە، ٢٠١٠ درۆی هاوینی نووسیوە.

بێرنارد شلینک خاوەن چەندین خەڵاتی ئەدەبییە، لەوانە خەڵاتی ئەدەبی ڕۆژنامەی (دی ڤێلت)ی ئەڵمانی، خەڵاتی گرینتسانە کاڤۆر لە ئیتاڵیا، خەڵاتی لاورا بەتالیۆن، خەڵاتی ئیڤەنگێلی بۆ کتێب، خەڵاتی ئێفا جۆنپێلتۆ لە فینلەند..

**سەرچاوە:**


**Bernhard Schlink**
**(Roman) Der Vorleser**
**Diognenes Verlag AG**
**Zürich**
**2008 The Reader -Der Vorleser (Film)2-**

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# شانۆی نوێ – Nouveau Theatre

شانۆی نوێ لەلایەن چەند نووسەرێکی شانۆگەری کە بەزمانی فەرەنسی دەیاننووسی دامەزراوە، ئەمانە هەر لە سەرەتای سالآنی پەنجاکان ۱۹۵۰ دژایەتی شانۆی کۆن، یان شانۆی پێش خۆیان دەکرد.

ئەم شانۆنووسانە بە پێچەوانەی نووسەرانی بزووتنەوەی «ڕۆمانی نوێ» قەت وەک گرووپێک، یان ئەڵقەیەکی ئەدەبی و هونەری دەرنەکەوتوون، تەنیا ئۆژین یۆنێسکۆ نەبێ سالّی ۱۹۵٦ کتێبێکی تیۆری لە بارەی شانۆی نوێ دەرکرد بەناوی: تێبینی و دژە تێبینی– Notes et Contre-Notes زۆربەی نووسەرانی شانۆی نوێ، یان شانۆنووسانی نوێ کە بە فرەنسییان دەنووسی بێگانە بوون: وەک ئۆژین یۆنێسکۆ– Ionesco (کە بە نەژاد ڕۆمانییە) سامویل بێکێت– Beckette (ئیرلەندی) ئارتور ئەدامۆڤ– Adamove (ڕووس و ئەرمەنی) جۆرج شەحادە– Schahade (لوبنانی). بەشی هەرە زۆری ئەم نووسەرانە پێشتر وەک ڕۆماننووس ناسرابوون، درەنگ هاتنە ناو بواری شانۆ. گەورە دەرهێنەرەکانی شانۆی فرەنسی وەک: بارۆ– Barrault، بلا– Blin، مۆکلێر– Mauclair، سێرۆ– Ser-reau،...تاد. شانۆگەری ئەم شانۆنووسانەیان خستۆتە سەر شانۆ و زۆر کاریگەرییان لەسەر دراما و شانۆی فرەنسی و جیهانیدا بەجێ هێشتووە.

ئەم شانۆنووسانە خۆیان بە درێژەپێدەرانی سوریالیزم و شانۆی ئەلفرێد دو ژاری– A. Jarry دادەنا. بێهوودەیی– Absurde، تا ڕادەی بێ مانایی و شێتی و وڕێنەیان دەخستە سەر شانۆ، لەلای ئەوان پیشاندانی هەقیقەت و واقیع بەناو فەنتازم و فەنتاستیک و خەیالّی بێهوودەیی تێدەپەڕی. دژایەتی شانۆی مولتەزیم و واقیعییان دەکرد و پێیان وابوو لە ڕوانینێکی زۆر عەقلانی– Ra-tionnel–یەوە دێ. هەولّیان دەدا لەسەر ئاستی زمان و شێوازیش لێکترازان– Incoberence بخەنە ناو وەزیفەی پێوەندی و ئاخاوتنی شانۆییەوە. لەم ڕووەوە شانۆگەری: ژنە گۆرانیبێژە سەر ڕووتەکە– La Can-tatrice Chauve)ی ئۆژین یۆنێسکۆ کە لە سالّی ۱۹۵۰ خراوەتە سەر شانۆ، نموونەیەکی بەرجەستکاری نایابی ئەم ڕوانینەی سەرەوەیە. ئەوان سوودیان لە فرۆید– freud و فینۆمینۆلۆگەکان وەردەگرت بۆ خستنەسەر شانۆی مرۆڤێکی تەواو لێکترازاو و دابەشبوو، مرۆڤێک ئاوارە لەناو زەمەن و شوێن، مرۆڤێک بە زەحمەت بتوانێ لەناو ژیان و لەناو واقیع شوێنی خۆی دیاری بکا، ئەمەش گوایە مرۆڤ بوونەوەرێکە ئاوارەیە لەناو گەردوون، تەنیا بێهوودەیی و

وڕێنە دەتوانێ ئەم بزربوونە پیشان بدا. هەر یەکێک لەم شانۆنووسانە سەرەڕای ئەوەی هەندێ ڕوانینی هاوبەش وەک بێهوودەیی کۆی دەکردنەوە، لەگەڵ ئەمەش هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەبوو، ئەوەی ئۆژین یۆنێسکۆ لە ئاستی خەیاڵ و زمان لەسەر شانۆ پیشانی دەدا، لەلای بێکێت زمان و لەش و خەیاڵ کەرستەی سەرەکی بوون لە شانۆی ئەو، لەش لەلای بێکێت زمانێکی سەربەخۆیە، لە ڕێگای لەشەوە دەتوانرێ هەمان ڕوانینی لێکترازان و بزربوونی سەرەوە پیشان بدرێ، یەکێک لەو لایەنانەی کە شانۆی بێکێت پێی ناسراوە، ئەویش بوونی تارایەکی میتافیزیکییە لە شانۆگەرییەکانی، زۆرجار دەگوترێ بێکێت شانۆنووسێکی بێهوودەی میتافیزیکییە- Absurde Metaphsique

**ڕۆمانی ڕەش - Roman Noir**

ڕۆمانی ڕەش جۆرە ڕۆمانێکی ئەڤانتوری (مغامرە) تایبەتییە، بابەت و کەرستەی سەرەکی ترس و تۆقین و ڕووداوی خەیاڵی و فەنتاستیکی تا ڕادەی ناماقووڵ و باوەڕنەکردنی وەک فانتۆم- تارمایی- شەبەنگ (شبح) پیشان دەدا. ئەم جۆرە ڕۆمانە لە سەدەی هەژدەدا لە ئینگلستان سەرهەڵدەدا، بنچینەی سەرەکی لە پێکهاتن و چینینی ئەندێشەیەکە تەواو پێچەوانەی واقیع بێت. ڕۆمانی ڕەش هەردەم کەسێکی سادە و ساکار و بێ تاوان و پاک دەکاتە ئامانجی هەموو جۆرە ڕووداو و پێشهاتێکی تۆقێنەر و ترسێنەر و ئامانجی بکوژ و تاوانبارەکان.

ئەو شوێنانەی کە ڕووداوی ڕۆمانی ڕەشی لێ ڕوودەدا بریتین لە شوێنە ترسناکەکان، گۆڕستانەکان، کۆشکە کۆن و داڕزاوەکان، یان کۆشکە جوان و گەورە و نایابەکان کە تێیدا سام و فانتۆم و ئەجندە و بوونەوەری سەرەوەی سروشتی هاموشۆی دەکەن، شوێنە چۆڵ و بیابانەکان،...تاد. ڕۆمانی ڕەش ئەمڕۆ کەرستەیەکی نایابی «فیلمی تۆقێنەر»ە کە برەوێکی زۆری لە هونەری سینەمادا هەیە.

نووسەرە ناسراوەکانی ڕۆمانی ڕەش بریتین لە هۆراس وۆلپۆل- H. Walpole بە ڕۆمانی «کۆشکی ئۆترانت- le Chateau d' Otrante» نووسەر کلارا ریڤ- C. Reeve بە ڕۆمانی «پیرە بارۆنی ئینگلیزی- Le vieux Baron Anglais» نووسەر ئان ڕادکلیف- A. Rad-cliffe بە ڕۆمانی «نهێنی ئۆدۆلف- Le Mysteres d'Udolphe» هەرچی لە فەرانسایە، ڕۆمانی ڕەش وێڕای بوونی لەلای هەندێ نووسەر وەک: دوکرێ دومینی- Ducray- Duminil بە ڕۆمانی «ڤیکتۆر، یان منداڵی دارستان- Victore, on l'enfant de la foret» و زۆری تر، ڕۆمانی ڕەش زۆر کاریگەری لە نووسەرە ناسراوەکانی فەڕەنسی کردووە: وەک ساد- Sade و بۆدلێر- Baudelaire و هوگۆ- Hugoو بەلزاک- Bal-zac. ڕۆمانی ڕەش دوای ئەوەی بەکاریگەری جۆر بەجۆر لە سەدەی نۆزدەدا، بەتایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەرەو پووکانەوە دەچێ، لەگەڵ ئەمەشدا دەبینین دواتر بە جۆرێکی تر و بە شێوازێکی تر، لەناو ڕۆمانی میللی بەتایبەتی «ڕۆمان بەزنجیرە»- Roman feuilleton، سەر هەڵدەداتەوە.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی پازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# گۆڤاری ڕامان لە دیدی نووسەر و هونەرمەندە هۆرامییەکانەوە

**دارا محەمەد عوسمان هۆرامانی**
**(بەڵخە - هۆرامان)**

لەو ساتەی گۆڤاری ڕامان لە زێدزادەی خۆیەوە، بە پەیامێکی ڕاستەقینەوە، وەک مەشخەڵێک چەخماخەی مۆمی لە هەموو دەڤەرەکانی کوردستاندا داگیرساند، پازدە ساڵ بەر لە ئێستا فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری هۆرامان لە ئامێزی ئەو گۆڤارە ئازیزەدا ئۆقرەی گرت، هەناسەی قووڵی هەڵکێشا، تاکە گۆڤارێک، کە ئاوڕی لەو دەڤەرە دابێتەوە، ئەوە گۆڤاری ڕامانە، چونکە ڕامان سەرقافڵەی ئەو گۆڤارانەیە کە بە شێوازێکی یەکسان و نەتەوەیی، هەموو تەوەرەکانی فەرهەنگ و هونەر بڵاو دەکاتەوە. ئەفراندن و نوێکاری لە گۆشەنیگای ڕامانەوە ڕۆڵی ژیاری شارستانییەتی هەموو ئەدەبی بە جیهان ناساند، ئەو دەقە کۆنانەی لە قەرانپووە کۆنەکانەوە تۆزی لەسەر لابردن، تەتەڵەی هەموو دەقەکانی ئاڤێستای کرد، هەموو پەنجەرە و ماڵە دیوەخانەکانی ئەوسای ئەرشیڤ، بەشێوەی نوێ و ڕەوان هێنایە مەیدانی نووسین، سنبۆلی ڕازاوەی چیای شاهۆ و دالانی و هەوارە بەرزەی، وەک مێزەرەی کۆسەی هەجیج بە سیاچەمانەی ئای ئای لالۆ عوسمان کێمنەیی ئاواز و گۆرانی نەخشاند. دەنگی [بامشاد و نەکیساو بارەبوود]ی سەردەمی دەوڵەتی (ماد)ی بە هونەری (گۆسانەکان) لەسەر زنوێر بەشێوە زارەکانی تری وڵات ناساند، ئەو نووسەرانەی کە نووسینیان بڵاونەدەبۆوە، کەوتبوونە تاریکاییەوە، ڕامان پیتی تایبەتی بۆ ڕەخساندن، هانی دەدان ڕۆژ بەڕۆژ مێژوو و دیرۆکی ئاریانڤاچەکان، بنووسنەوە، بە خامەی ڕەنگینیان سروودەکانی یارسان تۆمار بکەنەوە. ئێمەی نووسەر و هونەرمەندان هەر هەموومان، هەر لە کۆساڵانەوە بە مەنزڵگەی (صەیدی) هەورامی و بێسارانییەوە چەپکە گوڵی سوورە هەراڵە و بۆژانە و بەرزەلنگ دەکەین بە یەخەی ستافی ڕامانەوە. ساڵ بە ساڵیش یادی بەرز و بەنرخ ڕادەگرین، ئەوە ئەدەبی مەولەوی شای شاعیران بە شیعری زەریفی، بە مورید و دەروێشانەوە، بە دەف و شمشاڵ، بە گۆرانی عیرفانییەوە، بە عیشقی تەریقەتی نەقشبەندییەوە، بەپیر ڕۆستەمی عەودالان، بە پیرشالیار و ماریفەتی، هەر هەموویان دەست بە دوعان بۆ ساڵیادی نوێ بوونەوەی ڕامان.

کاتێک ڕامان هەر لە یەکەم ژمارەیەوە کەوتە بەر دیدەی ڕۆشنبیر و هونەرمەند و نووسەرانەوە، ئا لەو کاتەدا برەوی هونەری هۆرامان پەرەی سەند، چەند گفتوگۆی ئەدەبی و هونەری لەگەڵ ئەو کەڵە نووسەر و هونەرمەندانە سازداوە، هەر لە (د. هەورامانییەوە)، وەک ئاوێنەی ڕوو تەخت نیشان دا. پرسیارێ دێتە نرخاندنی گۆڤاری ڕامانەوە ئەویش ئەوەیە: ئەرێ پێش ئەم گۆڤارە، گۆڤاری تر هەبوون فەرهەنگ و کولتووری هۆرامان بڵاوبکەنەوە؟ تاک و تەرا لێرە و لەوێ جار جارێ وەک دەقنەی فەقێ، وەک خێر بە هۆرامان بکەن، نووسین و هونەریان بڵاودەکرایەوە، بەڵام کە ڕامان مۆمی داگیرسا، دەیان نووسەر هەر لە شیعری پەنجە و پەخشانە شیعر و هەموو ئەدەبی هۆرامانی بە پەنجەی (تایپێستەکان) بێ گوێدانە ماندووبوون، شەونخوونیان بۆ ئاشنایی بوونی هونەری هۆرامان بەرز نرخاند.

هەروەها ئەو بابەتانەی کە ڕامان بڵاویان دەکاتەوە، بەشێوەی ئەکادیمی و بەخاڵبەندی و بە شێوازێکی نووسین کە مۆرکی ڕامانی پێوە دیارە، زۆر بە زەریفی، بە ڕێنووسێکی یەکگرتوو پەخشیان دەکات. ئەو هەموو بوارانەی کە لەلای نووسەرانی کورد نامۆ بوون، ڕامان هەمووی ئاشکرا کردن، بە تایبەتی دەڤەری هۆرامان هەروەک ئاماژەم پێ دا هەر قەرانپووە کۆنەکان بوو، بەڵام ڕامان بە بەرگێکی مۆدێرنەوە خزمەتی بەو فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبیاتە کرد، من یەکێکم لەو نووسەرانەی کە خامەکەم بۆ یەکەم جار هەر لە ژمارە (١٦- ١٦٢) لەو گۆڤارەدا دەرکەوت، تائێستا (٤٢) نووسینی خۆم لە بارەی ئاواز و گۆرانی هۆرامان لەو گۆڤارەدا بڵاوکردووەتەوە کە پێشتر من وەک سەربازێکی ونبووی ئەدەب و هونەر بابەتم دیار نەدەبوو، بەڵام ڕامان بۆ من بوو بە قوتابخانەیەک و منی فێری نووسینی ئەکادیمی کرد. ئەمە بێجگە لە نووسەرەکانی هۆرامانی ئەودیو وەک: ڕەوف محەمەد پوور، عادل محەدپوور، حەمەڕەشیدی ئەمینی، جەلیلی عەباسی، کەلسووم عوسمانپوور، لەم دیویش محەمەد ڕەشید هۆرامی، حەمەکەریمی هۆرامی، عوسمان هۆرامی خامەی بەپێزیان تەرخان کردووە بۆ فەرهەنگ و ئەدەبی هۆرامان، هەر لە گۆڤاری ڕاماندا بابەتەکانیان دەخوێنمەوە. هەر لەو بوارەدا چەندین چاوپێکەوتنی لەگەڵ هونەرمەندانی بەناوبانگی هۆرامان کردووە، هەر لە لالۆ عوسمان کێمنەییەوە بۆ هونەرمەندان حەمە حسێن کێمنەیی، جەمیل نەوسوودی، فەتحوڵڵای ئەمینی، جیهانبەخشی تۆفیق دزاوەری، شەفیع کێمنەیی، چەندین هونەرمەندی لاوی تری دەڤەرەکەی بەسەر کردووەتەوە، کەواتە ئەم گۆڤارە باڵیۆزی هۆرامانە، ئەو هونەرمەند و نووسەرانەش دەوری گۆڤاری ڕامانیان وەک ترازوویەکی یەکسان، بە لەنگەرسازییەکی ڕاست و دروست، هەرگیزاوهەرگیز لەو خزمەتەی گۆڤاری ڕامانیان لەبیر ناچێتەوە. مەبەستیشمە ئەو سەرنج و تێبینییانەم بخەمە بەر دیدی گۆڤارەکانی تر کە لە کوردستاندا دەردەچن، بۆ ئەوەی ئەو گۆڤارانە، چاو لە گۆڤاری ڕامان بکەن، چونکە هونەر و ئەدەبیاتی هۆرامان سەرچاوەی پاکژی وڵاتە، ئەگەر ڕامان نەبوایە کێ بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری ڕامان ژمارە (٥٠)ی دا نووسەرێکی وەک ئەحمەدی نەزیری دەناسی، کە چۆن باسی ژیرلا و مەرێ دەکات؟ کە ئەوژیرلایە پێش (٢٧٠٠) ساڵ لەمەوبەر لە هۆراماندا هەڵبژاردن بە ئازادانە کراوە، یان کێ نەوە دوو نوپیرەی هۆرامانی وابەزەریفی باس دەکرد؟ یان شیعری گاتەکان، کە بەشێکی گرنگی کتێبی پیرۆزی ئاڤێستان و زۆر بە جوانی ئەو دەقانەی بڵاو کردووەتەوە؟ ئیدی منی نووسەر و هونەرمەندی هۆرامان بۆچی ساباتێکی بۆ نەکەم لەسەر لووتکەی شامی شاهۆ و هاوینەهەواری ئاوێسەر و تەوەنێ و وەزکێڵ و وەزەنێ، بۆ ئەوەی هەردەم نووسەر و هونەرمەندان بە خامەی ڕەنگینیان دەست بۆ گۆڤاری ڕامان درێژ نەکەن، چونکە ماڵی دووەمی، یان نووسینگەی دووەمی دەڤەری هۆرامانە، لە بارەی بیناسازییەوە، هەر ئەم گۆڤارە بوو باسی هونەری تەلارسازی هۆرامانی کرد، هەر ئەم گۆڤارەیە بەخەرجییەکی کەم و بە نەفەسێکی درێژ لە هەولێرەوە هەموو ژمارەکانی گەیاندە هەر چوار پارچەی کوردستان.

# نامەیەک

**خالید دلێر**
**مدیرییەتی تەقاعودی سلێمانی**

**برای خۆشەویست و بەڕێزم کاک وریا ئەحمەد**
**ڕۆژ باش**



هیوام لەش ساغی و خۆشی و سەرکەوتنتانە
کاکە گیان: کاک عەباس دەیەوێ گۆرانییەکانی من هەمە، هەموو لەلای ئێوە تۆمار بکات لەسەر شەریتێک.
جا ئەم پرۆژەیە بەلای منەوە پەسندە و خزمەت کردنێکی باشی هونەری نەتەوەکەمانە. ئەگەر ئێوە بتوانن و سەلیقەتان هەبێت ئاوازەکان بژار بکەن و پێشەکی مۆسیقییان بۆ دابنێن و دابەشکردنێکی باش و تازە دابەشی بکەن، سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ تیپەکەتان و من بە هەموو جۆرێک هاوکاریتان لەگەڵدا دەکەم و چی یارمەتییەکم لێ داوا بکەن ئامادەم و یارمەتیتان دەدەم.
تکام وایە لەگەڵ کاک عەباسدا پرۆژەکە بە چاکی باس بکەن، ئەگەر پەسندتان کرد ئاگادارم بکەن، منیش گۆرانییەکان لێرە لەسەر تیپێک تۆمار دەکەم وەکو خۆیان و بۆتانی دەنێرم، پاش ئەوەش ئەگەر پێویست هەبوو خۆشم دێم بۆ هەولێر. شیعرەکانیشتان لەگەڵ تیپەکەدا بۆ دەنێرم.
سەلام لە برادەرانی تیپەکەتان دەکەم و هەر بژین و سەرکەون.

خاڵت
خالد دلێر
٢/٢٢

**ئا: ڕامان**




# فەرهەنگ نووسین

عەزیزی مەلای ڕەش



به بۆچوونی من خۆ له قەرەدانی «فەرهەنگ نووسین» گۆتره نییه و ڕۆڵەی گەرەکه مل لەبەر ملی بنێت.

فەرهەنگنووس وێڕای زانینی شێوەزارەکانی میللەتی خۆی، دەبێ دەستێکی باڵای لەزمانی عەرەبی و فارسی و تورکیشدا ببێت. ئەوجا پاش هەوڵ و تەقەللا و شەکەتییەکی یەکجار زۆر دەتوانێت فەرهەنگێکی پڕ به پێست وەبەرهەم بێنێت. ئەو تەرزه نووسەرەش، له کوردستان هێشتا چاوی هەڵنەهێناوه.

هەوڵێکی زۆر لەلایەن چەند نووسەرێکەوه دراوه و کتێبخانەی فەرهەنگیان دەوڵەمەند کردووه. گەورەترینیان «هەمبانه بۆرینه»ی مامۆستا هەژاره و پەلی بۆ زۆر لایەن هاوێشتووه، کەچی بەداخەوه شێوەزاری دەشتی هەولێر، له سەدا شەست، تاکو حەفتاوپێنجی لێ بێ بەشه.

فەرهەنگی «کوردستان» لەم ڕووەوه زۆر هەموارتره، هەرچۆنێک بێت ئەوانه خزمەتێکی زۆری زمانی خۆیان کردووه و شایەنی سوپاس و ستایشن، کەچی بەداخەوه لەم ساڵانەی دواییدا چەند گەنجێک پێنج سەد وشه، تاکو دوو سێ هەزار وشەیان، له نامیلکەی بچووک، بچووکدا بڵاوکردەوه. هەندێکیان له سەدا سی تاکو پەنجایان هەڵەی زەقی وابوو منداڵیش پێدەحسیا هەڵەیه. برەوی نامیلکەکان لەو ساتەدا بوو تازه ڕێزلێنانی نووسەران بڕابووەوه، هەرکه ڕێزلێنانەکه درۆ دەرچوو، ئەوانیش جموجووڵیان بڕا.

باپیرانمان لەم بارەیەوه فەرموویانه: «هەتا گندۆر گندۆر بوو- خزمی مه گەلێ زۆر بوو- گندۆر هاته بڕانێ- خزم هاتنه قڕانێ» ، من ئەو نامیلکانه به کابووسی فەرهەنگی کوردییان له قەڵەم دەدەم و به گەورەترین زەڕبەی دەخەملێنم. بۆ ئاوخواردنەوەی دڵی دوو دڵان لەم ڕوانگەیەوه: - پاش چل، پەنجا ساڵی تر، گریمان هەوڵی فەرهەنگنووسین بدرێت، نووسەرەکه ئەوسا ، لەبێ خەبەرییەوه، به شانازییەوه وشه به هەڵه ڕاڤەکراوەکانیش، ئەگەر ئەمڕۆ چارەیان نەکرێت دەخاته نێو فەرهەنگی ڕاستەقینەوه، بۆیه من به پێویستی سەرشانی (ئەکادیمیا ) کۆڕی زانیاریی ئەمڕۆی دەزانم، به زووترین کات بەرپەرچی ئەو کاره دزێوه بداتەوه و له کتێبێکی تایبەتدا وێنەی ئەو چەشنه نامیلکانەی تێدا بڵاوبکاتەوه و بنووسێت: «هەرگیز دروست نییه ئەو تەرحه نامیلکانه به فەرهەنگی کوردی له قەڵەم بدرێن» .

لێرەدا من ئەرکی سەرشانی خۆم ئەدا کرد و کەڵەکەی ویژدانم گەیانده عەردی و تاوانیش تەنیا له ئەستۆی بەرپرسانی کۆڕی زانیارییه و بەس.